دیوانی

# میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دیوانی

# میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی

## ١٨٧٨-١٩٢٣ی ز.

لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی

**هەردەوێڵ کاکەیی**

پێشەکی

**فەلەکەدین کاکەیی**

**بەرگی یەکەم**

شیعر بە کوردی



کتێب: دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی ١٨٧٨ - ١٩٢٣ی ز. - بەرگی یەکەم
لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەوێڵ کاکەیی
پێشەکی: فەلەکەدین کاکەیی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٤١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# بوانان کوردان

## پێشەکییەکی کورت بۆ دیوانی مەلا خەلیل منەووەر

نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی

١

بوانان کوردان، واتە: بخوێنن کوردان. وانا، بەزاری گۆران، واتە: خوێندی، یا خوێندن. زاراوەی (وانە) لەوێوە هاتووە.

دیارە مەلا خەلیل خەمی خوێندنی کوردیشی، خواردووە. لە چوارینەکانیدا، بەزاری ماچۆ، دەڵێت:

فرێ نویسنام شعر وەکوردی
کەردەنم بەیان ئەحواڵ ڕابوردی
نە دمای مەرگم بمانۆ یادگار
بوانان کوردان نە ڕووی ڕۆزگار

واتە:

زۆرم نووسیوە شیعر بەکوردی
بارودۆخی ڕابردووم بەیان کردووە
تا دوای مەرگم بەیادگاریی بمێنێتەوە
بخوێنن کوردان لە ڕووی ڕۆژگارا

مەلا خەلیل کێیە و لەکوێ و کەی سەری لەم جیهانەدا داوە و، کەی بەئەو دیوا ئاوا بووە، بابەتێکە ناگەڕێمەوە سەری، چونکە لە دوو جێگە بەتێر و تەسەلی باسی هاتووە، چ لە وشەکەی کاک هەردەوێڵ کاکەیی لەم چاپەدا، یا لە پێشەکی چاپی یەکەمی بەشێک لە بەرهەمەکانی شاعیر، لە ئامادەکردنی شادڕەوان مستەفا نەریمان و کاک هەردەوێڵ، ساڵی ١٩٨٤.

لەو دوو بابەتەدا شتێکی وەها بۆ من نەماوەتەوە تا دەربارەی ژیاننامەی مەلا خەلیل بدوێم، ئەوە نەبێ کە لە منداڵییەوە گوێم لە ئاوازەی ناوی بووە و، شیعرەکانی بەرگوێم کەوتوون و، دەسخەتە جوانەکەی بەر لە پەنجا و چەند ساڵ، لە توێی چەندین دەسخەتی



دیکە بەمن پیشان دەدرا و، دەیانگوت: ئاوەها فێر بە، بەو جۆرە بنووسە. شادڕەوان مەلا عەباس (کە لە چەندین جێگە لەم کتێبەدا ناوی هاتووە و، شاگردێکی مەلا خەلیل بووە)، هەروەها شادڕەوانی بابم، هانیان دەدام تا وەکو مەلا خەلیل بنووسم. ئەوەندەش شیعرەکانیم دەخوێندەوە، ئیتر خەریک بوو لە شیعریشدا لاسایی بکەمەوە.

چەند ساڵی هەرەتی گەنجێتیم کەوتمە داوی هۆنینەوەی شیعری کلاسیکی کوردی و، تەنانەت چەندین پارچە شیعرم بڵاوکردەوە. بەڵام خۆشبەختانە زوو تێگەیشتم کە من شاعیر نیم و، ناتوانم ببم بەشاعیر، و گورج وازم لە شیعردانان هێنا.

مەبەستم ئەوەیە کە شیعر و داستان و پەند و باس و خواسی مەلا خەلیل بەناخی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریمانا چووبوو. ئێمەی خەڵکی کاکەیی، لە هەر کوێ بباین، کەم و زۆر ئاشنایی شیعر و پەندەکانی بووین، دەمانخوێندەوە و، دەمانگێڕایەوە. لە ماڵان و کۆڕ و کۆمەڵەی ئاواییەکانی کاکەیی و ئەوانەی ناو شارەکانیش، لە کاتێکدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نەبووە، هەندێ شەوگاریان بەگێڕانەوەی داستان و مەتەڵ و شانامەی (زاری گۆران/ هەورامی)، یا شیعر و پەندی کەسانێکی وەکو مەلا خەلیل، بەسەر دەبرد.

لە پەنجا ساڵ بەملاوە ئەو دابو نەریتە نەدەما و، مەلا خەلیل خەریک بوو لە یاد بچێتەوە، بەتایبەتی کە بەرهەمەکانی کۆ نەکرابوونەوە و لە چاپ نەدرابوون.

هەوڵ و کۆششی کاک هەردەوێڵ کاکەیی و، هاوکاریی بەپێزی شادڕەوان مستەفا نەریمان، یادی مەلا خەلیلی ژیاندەوە. بەم چاپە تازەیە، هەردەوێڵ، خزمەتەکەی بەدوا ئەنجام دەگەیەنێت، ئەوەتا لەم کتێبەی کە لەبەردەستدایە، شاکارێکی جوان دەخاتە سەر گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردستان و، چەندین پارچە شیعری دیکەی مەلا خەلیل، دوای ماندوو بوون و ڕەنجی زیاد، دەدۆزێتەوە و، بۆ یەکەمین جار بڵاودەکاتەوە.

ئەم بەرهەمە نوێیەی هەردەوێڵ و، چاپکراوەکانی دیکەی دەربارەی فۆلکلۆری کوردی و ناوداران و، بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی و چالاکییەکانی، بەگشتی، جۆگەلەیەکە دەڕژێتە ناو دەریای کەلەپوور و ئەدەبیاتی نەتەوەی کوردەوە، جێگەی ڕێز و ستایشە.

## ٢

جگە لەوەی کە تائێستا لەسەر ژیان و شیعری مەلا خەلیل نووسراوە، هێشتاش بیر و بۆچوون و شێوازی دەربڕینی شاعیر لێکۆڵینەوەی فراوانتر، هەڵدەگرێت.

ئەز، لێرەدا، بواری ئەوەم نییە تا لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە بخەمە بەردەست. ئەوەی هەیە (هەر ئەوەندەش ماوەم هەیە) چەند سەر دێڕێک، بەسەر پێیی، دەرببڕم. تکام وەهایە لەوە زیاتر تەماشای ئەم چەند دێڕە نەکرێت، کە لەمە بەدواوە، دێ.

هەندێ جار دەبیستم کە ئایا بەر لە **١٩٥٨** لە کەرکووکدا شاعیری کورد هەڵکەوتووە؟! مەلا خەلیل منەووەر (١٨٧٨-١٩٢٣) لە گەڕەکی (چای) کەرکووک لە دایک بووە، کە ئەو سەردەمە زۆربەی جێنشینانی گەڕەکەکە کاکەیی و کورد بوونە و کۆمەڵێک جوولەکەش تێیدا ژیاون، سەرەڕای تورکمان. هەرچەندە، لەبەر باری کۆمەڵایەتی، مەلا خەلیل چەندین جار لە کەرکووکەوە بۆ دێهات یا شاری کفری و تاوغ و دووز و هی تر، چووە، بەڵام هەمیشە گەڕاوەتەوە ناو شاری کەرکووک. لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

(خلیل) جانشین ماوای کەرکووکەن
گیرۆدەی زوڵفی یاری نەو بووکەن

لە چەندین جێگە، بەدرێژی، باسی ژیانی خۆی و باری کۆمەڵایەتی کورد و تورکمان و خەڵکی دیکەی کەرکووکی ئەو سەردەمە دەکات.

کەوایە، بەلای منەوە، جگە لە نازناوەکانی دیکەی، دەشێ بەمەلا خەلیل بڵێین: شاعیری کەرکووک. ئەو، لە هۆنراوەکانیدا، وشە و ڕستەی تورکمانییش، دێنێتەوە، سەرەڕای عەرەبی. کەسیش لە هەجووی شاعیر ڕزگاری نەبووە، نەکورد، نەتورکمان، نەعەرەب، نەعوسمانلی، نەئینگلیز (دوای داگیرکردنی عێراق)...

بەشێوەی هەجوو ڕەخنەی توندی لە باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە، گرتووە. لایەنگری هەژار و ستەمدیدە و زۆرلێکراوان بووە، توانج و ڕەخنەی توندی لە دەستەڵاتداران و چاوتەنگ و فێڵکارانی گرتووە.

لە شیعری کوردیا کەم کەس ئەوەندەی مەلا خەلیل بەگژی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانلی و، زۆرداری و ستەمی ئەو دەوڵەتە دەرهەقی ڕەشوڕووت و چەوساوەکانی میللەتی کورد، چووە. (عیسا ئەفەنی)ی، کە کارمەندێکی عوسمانلی بووە، کردووە بەسومبلی ستەمکاری و خوێن مژین.



هەروەها هیچ شاعیرێکی کورد نابینم وەکو ئەم شاعیرە هەجووی هەندێ ڕەفتار و دابونەریتی عەرەب بکات. زۆریان لێ بێزار بووە.

دانوولەی لەگەڵ عەرەبدا نەکولاوە. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، بەر لە زیاتر لە هەشتا ساڵ، شاعیر هەجووی ئینگلیز و «ئەعزای مەجلیس» دەکات، کە بەمانای ڕەخنەیە لەسەر زاڵبوونی دەسەلاتی عەرەبی! لەبارەی (چای) و (قاوە) و هەندێ دابونەریتی ئەو سەردەمە دیسان ڕەخنە لە کۆمەڵگای عەرەبی دەگرێت.

ئەو ڕەگەز پەرست نەبووە، دژی عەرەب نەبووە لەبەر ئەوەی عەرەبن، بەڵکو لە ناخیا دژی دەسەلاتی زۆرداری و دابونەریتی ناشیرین بووە.

لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە سینگ فراوان و ئازادیخواز و لایەنگری هاوژیانی ئاشتییانە بووە. لە وەسفی هەندێ بەزم و شایی ناو کەرکووکدا باسی تێکەلاویی کورد و تورکمان و خەڵکی دی دەکات، تەنانەت باسی (ئیسقێل)ی جوولەکە دێنێتەوە، کە بەشداربی شایی کوردان بووە.

## ٣

مەلا خەلیل ڕەخنەی لە دووبەرەکی و چەند بەرەکیی میللەتی کورد گرتووە، دەڵێت دەبێ هەوڵ بدەین قەومی کورد یەک بخەین. ئەو، سێ کەس: خۆی و جووتیار و کورد) لە بەدبەختەکان و زۆرلێکراوان دەزانێت.

چەند بەرەکی کورد خەمی گەورەی مەلا خەلیل بووە. دەڵێت:

(فرقة الاكراد گشت چەنام یەکا
بیەن وە دوژمن گشت دەس وە چەکا)

واتە: کۆمەڵی کورد، هەموو لەناویەکا دوژمنی یەکترن و، چەکیان لەیەکدی ڕاکێشاوە.

کەس لە ڕەخنەی دەرباز نابێ، ناوی (کاکەیی)یش (دەبا) لە کاتێکدا خۆی کاکەیی بووە.
واتە: ڕەخنەگرێکی بەئینساف بووە.

لێرەدا نەخشەیی کوردستان تا چیای (حەمرین) دەکێشێ و دەڵێ:

(ئا دمای عەشرەت گەرمیان تا سەرین
گردین نە جەنگەن تا جەوەڵ حەمرین)

ئەمجا داوا دەکات لە کورد تا واز لەو هەڵومەرجە بهێنن، دەڵێت:

کوشندەی یەکتر دەبا وەس بۆ وەس
بورازدێ وەیەک بودێ هانا رەس
خەلیل مونەووەر چە داخ ئی کارە
دڵش هوناوەن چە حاڵ بێزارە
پەرێشان ماچۆ ئەشعار پڕ بەند
بێ هۆش و نەزان، نمەکۆش پەسەند

ئەو، ڕوودەکاتە خەڵکی کورد و دەڵێ کە یەکتر کوشتن بەسە، هەستن دەست لە مل بکەن و، پشتی یەکتر بگرن. بەڵام مەلا خەلیل بێزارە و هەناوی پڕ لە خوێنە، چونکە هەرچەندە پەند و ئامۆژگارییان دەکات، سوودی نییە، هەموو «بێ هۆشن/ ناهۆشیارن»...

ئەوە لە کاتێکدایە کە شاعیر، لە چەندین جێگەی تر، باس لە ستەم و زۆرداریی عوسمانلی دەکات:

لە دەست عوسمانلی گشت پەریشانین
گشت سەر بەقوڕ و چاو بەگریانین

وەکو پێشووتر گوتم: شاعیر، (عیسا ئەفەندی) کارمەندێکی عوسمانلی لە تاوغ (داقوق)، بەڕەمزی ستەمی عوسمانلی داناوە، تا ڕادەیەک دەڵێت:

(عیسا ئەفەنی) بەد زا تەن بە دفەڕ
چە زوڵم و زۆرش عالەم بیەن کەڕ
جارێ مەستانۆ چە خەڵک (سەرانە)
جارێ (خەرج) و (باج) جارێ (کەرانە)

شاعیر، هەردوو دیوی بارودۆخەکە دەبینێت، لەسەرێکەوە ناکۆکی و چەند بەرەکیی نێوان میللەتی کورد، لەسەرێکی دیکەوە ستەم و زۆرداریی دەسەڵاتی داگیرکەران. باس لە (شای کوردان) دەکات کە بەدەستی شای ئێران و شای تورکەوە، زەلیل بووە. دەڵێت:

ئەر شای ئێرانەن ئەر شای تۆرانەن
هەر دۆش زەواڵی شاهی کوردانەن

مەلا خەلیل، لێرەدا، ئاماژە بەدابەشکردنی کوردستان لە نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی و ئیرانی دەکات.



لە ڕوویەکی دیکەوە، شاعیر، ڕەخنە لە باری کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی ئەو سەردەمە دەگرێت کە چۆن زۆرداران «بەجۆشن» بۆ کوشتنی هەژاران، و دەپرسێت ئاخۆ تاکەی ئەو خەڵکە «هەراسان» بن و، دەڵێ:

من (میرزا خەلیل) شعرەن سەرمایەم
بۆ قەوم عادیان لە ڕا لانایەم

***

بەختێ چە ئەزەڵ سیا چارە بۆ
لەعنەت بکەر لێش با ئاوارە بۆ

***

پەی شێخ و ئاغە مەبە وەنۆکەر
چە باتی ئوجرەت مەپاچۆت جگەر

***

چەنی نەزانان مەبەر وەهام لۆش
نەکا چە ئاخر تاڵاو بکەی نۆش

شاعیر، لێرەدا، بەڵێن دەدا لە ڕێگەی خۆی لانەدات کە پشتگیریی خەڵکە، (قەوم عادیان)، خەڵکی ڕەش و ڕووت و بێ پەنا و، ئامۆژگارییان دەکات تا نەبن بە «نۆکەر»ی زۆرداران، چونکە لە جیاتی دەسخرد جەرگیان دەردێنن.

مەلا خەلیل، وەکو بڵێی، بەئاگادارییەوە، پەیامی ئازادیخوازی و هۆشیارکردنەوە و بەرخۆدانی (بەشێوەی خۆی) گرتووەتە ئەستۆ. لەم پەیامەدا ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕزگاری کۆمەڵایەتی کردووە بەیەک. لەسەرێکەوە ئاماژە بەزەلیلبوونی (شای کوردان) بەدەستی (شای ئێران) و (شای تۆران/ تورک) دەکات، لەسەرێکی دیکەوە بەگژی داگیرکەرانا دەڕوا، لە لایەنی سێهەمەوە خەمی ناکۆکی نێو کورد دەخوا و هەوڵ دەدات یەکیان بخات و، هەژار و چەوساوەکان بەئاگا دێنێ، مەبادا ببن بە(نۆکەر)ی زۆردارانی ناوخۆ.

ئەگەر داستانە شیعرییەکانی بخوێنینەوە دەبینین، شاعیر، هەمیشە لایەنگری ڕەنجدیدە و بەشخوراو بووە، وەکو داستانی (چاوشەکان).

لێرەدا ئاماژە بەتایبەتمەندییەکی دیکەی مەلا خەلیل دەکەم، ئەویش بەهرە و توانایەتی لە وێنەکێشانی دیمەنی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە. وەکو بڵێی بەکامیرا

وێنەی دەکێشێ، بەڵام لە جیاتی زۆمی کامیرا، وشە و ڕستە بەکاردێنێ.

هەندێ داستانی، بەزمانی ڕۆژنامەگەریی ئیمڕۆ، ڕیپۆرتاژی جوان و پوخت و پڕ لە مانا و هێمان، وەکو لەم بەرهەمانەدا هاتووە:

(میرزا و چاوشەکان، داستانی کوخا حەسەن گلابادی، داستانی گورگە هارەکە، داستانی سەفەربەر، داستانی جەنگی نێوان داودە و تاڵەبانی و هیتر...)

لە وەسفی ژیانی خۆی و پیشەکانیشیدا، بەهەمان جوانی، وێنەی سەردەمی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کێشاوە، وەکو لەم بەرهەمانە: (هەجووی دێی عەرەبکۆیی، دەمەتەقێی نێوان چایی و قاوە، گلەیی لە قەوم و خوێش، پارەی پەتیارە و... هیتر).

ئەمما (داستانی کوشتنی سەید ئەحمەد بەرزنجە) لێکۆڵینەوەی تایبەتیی دەوێ، لە شێوەی بۆچوون و بیروڕای مەلا خەلیل لەمەڕ باری کۆمەڵایەتیی شاری (سلێمانی) لەو سەردەمەدا و، هەڵوێستی هەندێ چین و توێژی خەڵک و، نەخشە و پیلانی دەسەڵاتداران لەو کارەساتەدا.

شاعیر، ڕێزی تایبەتیی بۆ شاری سلێمانی هەبووە، لە چوارینەکانیدا دەڵێت:

شاری سلێمانی شاری شێرانەن
جاگەی ئەکراد و شاری شێخانەن
نە موڵکی غەیرە و نەهێن عوسمانلی
شاری پیران و پاشای بابانەن
ئارۆ زەمانەی دەور ئینگلیزەن
نێکان وەبێزەن نانێک عەزیزەن

واتە: لە سەردەمی ئینگلیزدا دەوری پیاوچاکان نەماو، ڕۆڵی ناپاکان هاتە پێش.

لە بارەی داڕۆخانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆن و، هاتنە کایەوەی دەورانێکی دیکە، شاعیر لە هۆنراوەی (پارەی پەتیار)ەدا بەتیژبینی و هۆشیاری دەبینێ کە سیستەمی پارە لە ئابووریدا بەئیجگاری جێگەی (مقايضة) دەگرێتەوە، ئیتر لە مامەڵەی بازاڕدا لە جیاتی (سەر بەسەر) و گۆڕینەوەی ئەم کاڵابە ئەو کاڵا، وردە وردە (پارە) بەکاردێنن. ئەوەی کە بڕێک پارە، یا (سەرمایە) بنێتەوەیەک، دەسەڵاتی کۆمەڵ دەگرێتە دەست، مەلا خەلیل هەجووی (پارە) دەکا کە «مەرد بەنامەرد کەر و نامەردان وەمەرد کەرە»، واتە: بارو بەها کۆمەڵایەتییە کۆنەکان ژێر و بان و سەرەو قولانج بوونە.



شاعیر ئاگاداری دەوروبەر و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی بووە. لە هاتنە ناوەوەی (چای) کە خواردنەوەی، لەگەڵ هاتنی ئینگلیز لەم وڵاتانەدا بوو بەنەریت، بەوردی دەگێڕێتەوە، کە چۆن (چای) خەریکە جێگەی (قاوە) بگرێتەوە، یا هیچ نەبێ ببێ بەهاوتای لە کۆڕ و کۆمەڵدا. لە چەند پارچە شیعردا، چۆنیەتی لێنانی (چای) و کوڵاندنی و داب و نەریتی خواردنەوەی، بەجوانی وێنە دەکێشێت.

قەڵەمی شاعیر، وەکو زۆمی کامیرا، کون و قوژبنە نادیارەکانی کۆمەڵ ڕوون دەکاتەوە و بۆ ئیمڕۆی بەجێ دێڵێت.

گاڵتە بەمەجلیسی ئەو سەردەمەی عێراق دەکا و دەڵیت:

ئەعزای مەجلسمان گشت پشقل فرۆش
هیچ نمەزانان مەخوران بەجۆش

شاعیر، هەجووی نەزانی و دواکەوتوویی کردووە و، هانی خوێندن و فێربوون و زانستی داوە. جارێکیان زیز دەبێ و، ئاغای گوند داوای لێ دەکات بچێتە لای تا لە گرفتەکەی تێ بگات... مەلا خەلیل ناچێت، بەڵکو بەشیعر وەڵامی دەداتەوە و، دەڵێ کە بۆیە ناچێت بۆ لای ئاغە چونکە لە جیاتی ئەوەی (خەڵات)ی بکات، دەیکات بە(نۆکەر)ی خۆی. وەختێک ئاغە دووبارە لە شاعیر دەپرسێت:

چیی دەوێ؟! شاعیر یەکسەر داوای کردنەوەی مەکتەبی لێ دەکات. دەڵێت: «ئەگەر بتەوێ دەوران بڕانی، گەورە خانوویەک بۆم بینا بکە، تا بیکەم بە مەکتەب (قوتابخانە) بۆ منداڵان، بەڕەوانی فێریان بکەم»

## ٤

شاعیر، ئاگاداری هەلومەرجی ئەو سەردەمەی کەرکووک تا تاوغ (داقووق)، خورماتوو، قادر کەرەم، سلێمانی و بەغدا و دوورتر بووە، جگە لە ئاگاداریی گشتیی بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) و دوای جەنگ و کاردانەوەی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری. هەموو ئەوانە لە هۆنراوەکانی ڕەنگ دەدەنەوە.

لە پیشەکانیدا ڕەنجی کێشاوە، بەهۆیانەوە گەڕاوە و خەڵکی دیوە و، چاکتر ناسیوینی و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە لا کۆ بووەتەوە. شارەزای پیشەکانی خۆی بووە: هەللاجی، فیشەک هەڵسن (تفەنگ سازی)، چەرخەچی، گۆزەگەری و هی تر. لەبەر باری ژیانی

ناچار بووە، ناو بەناو، پیشە بگۆڕێت. لە پیشەکانی دیکەش شارەزا بووە و دەستی تێوەرداون. جارێکیان کابرایەک سکاڵای بۆ دێنێ کە (کڵاش چن) بەڵێنی خۆی نەبردۆتە سەر و، کڵاشەکەی بۆ نەدووریوەتەوە. مەلا خەلیل دەبێتە (واسیتە) و دەچیتە لای کابرای کڵاش چن و داوای لێ دەکات تا زووترین کات کڵاشەکە بدوورێتەوە و، مۆڵەتی بۆ دادەنێ! لەو سەردەمەش (واسیتە واسیتەکاری) هەبووە!

هەندێ باسی نەتەوەپەروەریی شاعیرمان کرد، پێویستیش ناکات، لێرەدا، باسی خواپەرستی و دینداری بکەین، چونکە لە شیعرەکەیدا بەچاکی ڕەنگ دەداتەوە. مەلا خەلیل پەیڕەوی ڕێبازێکی سۆفیگەری و عیرفانی کردووە.

لەوەسفی سروشت و بۆچوونی تەسەوف و عیرفاندا، شاعیر لە شیعری جەلالەدین ڕوومی (مەولەوی) و، سەید عەبدولڕەحیم (مەولەوی تاوەگۆزی)یەوە، خۆی بەنزیک زانیوە. بەر لە سەد و چەند ساڵ، بەجوانی وەسفی جەژنی نەورۆز دەکات و، داوا لە کورد دەکات یادی بکەنەوە.

دۆستایەتی لەگەڵ شادڕەوان شێخ حەسەنی قەرەچیوار، لە سەرچاوەی ڕێبازە سۆفیگەرییەکەیەوە هەڵدەقوڵێت.

شاعیر، دۆستایەتی و پەیوەندیی نزیکی بەگەورەپیاوانی ئەو ناوچانەی کەرکووک و دەوروبەر هەبووە، وەکو گەورەکانی هەمەوەند، بەتایبەتی شادڕەوان فەقێ قادری هەمەوەندی شاعیر، هەروەها گەورەکانی ئەو سەردەمەی زەنگنە و داودە و بنەماڵەی شێخی خانەقای کەرکووک و کەسایەتیی دیکە.

هەمیشە ڕووی لە خەڵکی کوردستان کردووە تا یەک بگرن و، یەکتر نەشکێنن. بەزمانی خۆی دەڵێ: «یەکتر مەشکندێ»، واتە: یەکدی مەشکێنن. دەمێنێتەوە دوو لایەنی گرنگی شاعیر، ئەویش:

١- ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا هەڵکەوتووە و، خاوەنی شێوازی تایبەتمەندیی خۆیەتی.

٢- شێوازی هەجوو (داشۆرین)، کە شێوازێکی تایبەتمەندە بەمەلا خەلیل، تێدا لاسایی کەسی نەکردۆتەوە و، کەس تا ئێستا لاسایی پێ ناکرێتەوە.

تایبەتمەندیی هەجوو لەوەدایە کە هەتا هەتایە بەمۆرکی کەسایەتیی شاعیر دەمێنێتەوە.

لە ئەدەبی کوردیدا سێ شاعیری هەجوو هەڵکەوتوونە، بەپێی زنجیرەی مێژوویی ژیانیان:



١- شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٥-١٩١٠)، کە زۆر بایەخی پێ دراوە و، لەسەری نووسراوە و، دیوانەکەی چەندین جار چاپ کراوەتەوە.

٢- مەلا خەلیلی مونەووەر (١٨٧٨-١٩٢٣) کە ئێجگار کەم باسی کراوە، یەکەم جارساڵی ١٩٨٤ هەندێ پارچە شیعری لە دیوانێکدا چاپ کراوە، ئەوا ئێستا سەرجەمی بەرهەمەکانی لە کۆی ئەم کتێبەدا بەچاپ دەگات.

٣- ئەحمەدی ناڵبەند (١٨٩١-١٩٦٣)، لە ناوچەی ئامێدی و دهۆک ژیاوە، ئەمیش زۆر کەم باس کراوە، سەرجەمی بەرهەمەکانی ساڵی ١٩٩٨ی ز. لە دهۆک لە پێنج بەرگدا چاپ کران و، یەکەم بەرگی دیوانەکەی لە بارەی ستایشی ئایینی و خواپەرستی و، نیشتمانپەروەری و وەسفی سروشتە، دوا بەرگی بەتەواوی جیاوازە، کە هەجوونامەیەکی خەست و توندە، هەندێ پارچەی دەچێتەوە خانەی (ئەدەبی ڕووت)، واتە: سێکسییە، هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد ناگاتە پلە و پایەی لەو بوارەدا.

هەندێ شاعیری کلاسیکی دیکە، ناو بەناو شیعری هەجووئامێزیان داناوە، بەڵام شێوازی هەجوو بەسەر بەرهەمەکانیانا زاڵ نەبووە و، نەیانکردووە بەئاماژەی سەرەکی، وەکو ئەو سێ شاعیرە گەورەیە کردوویانە.

شێخ ڕەزا و، مەلا خەلیل و، ئەحمەدی ناڵبەند، هەریەکە شێوازی تایبەتمەندیی خۆی لە هەجوو (داشۆرین)دا هەیە، بەتەواوی لەیەک جیاوازن، ئەویش بە سێ زاری کوردی: سۆرانی، ماچۆ، بادینی. هەرسێکیانیش لەوەدا هاوبەشن کە: هەجووی کوردییان بەئاستێکی بەرز گەیاندووە.

لێرەدا ماوەی بەراوردم لە نێوانیانا نییە، ئەوەندە دەڵێم کە مەلا خەلیل و ئەحمەدی ناڵبەند بێ بەشن لە بایەخ پێدان و لێکۆڵینەوە، بەئومێدی ئەوەی کە لێکۆڵەرێکی هێژا پەیدا ببێ و، قوتابخانەی هەجوو (داشۆرین)ی ئەو سێ شاعیرە بکات بەبابەتێکی بەپێزی ئەدەبی. وا دەبینم کە خەریکە دڵنیا بم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو زانایە پەیدا دەبێت. بۆ من تەنیا ئەم ئاماژەیە دەمێنێتەوە.

# سەرەتایەک

دەڤەری گەرمیان کە دەکەوێتە باشووری کوردستانەوە بەدەیان زانا و سوارچاک و کەڵەمێرد و پیاو ماقووڵ و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی کوردی تێدا هەڵکەوتووە، هەریەکە لەمانە بەپێی توانا خزمەتی گەل و نیشتمانیان کردووە، بەشێ لەمانە لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی ناودارانی نەتەوەکەماندا تۆمار کراون و مێژوویش شایەتییان بۆ دەدا، بەڵام زۆربەی زۆریان ناویان لە ڕیزی ناودارانا نادیارن، ئەمە جگە لە کەمتەرخەمی و خەم نەخواردن و نەخوێندەواری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەکە لە ڕووی ئابوورییەوە دەوڵەمەندە و زەویوزارەکەشی بەبرشت و بەپیت و بەرەکەتە، بۆیە ناحەزان و دوژمنانی کورد چاویان لێ بڕیوە و دڕندانە هێرشیان کردۆتە سەر و لە پاش شەڕوشۆڕ و کوشتارێکی زۆر داگیریان کردوون، گوند و ماڵەکانیان کاول کردووە و دار و بەردیان بەسەر یەکەوە نەهێشتووە، هەرچی مەڕومالات و دارایییشیان هەبووبێ تالانیان کردووە، تەنانەت بێستان و مەزراکانیشیان سووتاندووە، خەڵکەکەشیان ئاوارە و دەربەدەر کردووە، جا لەگەڵ ئەم ماڵوێرانی و کوێرەوەرییەدا گەلێ ئاسەواری مێژوویی و کەلتوور و سامان و کەشکۆڵی بەنرخمان بەر نەمان کەوتووە و ناوی ئەو شۆڕە سوارانەش کە دانەر و خاوەنی ئەو بەرهەمانەن لەگەڵیاندا شوێنەواریان لەناوچووە، ئەم زەرەر و زیانەش بووەتە سەرباری ئەو هەموو ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە.

جا ئەگەر هەوڵ بدرێ و کۆشش بکرێ و لەم و لەو پرسیار بکرێ و کون و کەلێن بپشکنرێ، بێ گومان ئەم ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، لەوانەیشە زۆر لە بەرهەمی شاعیرانی نەناسراویشمان بەرچنگ کەوێ. ئێمە بەپشتیوانی خوا و بەهیممەتی پیاوچاکانی ئەدەبدۆستەوە توانیمان بەشێکی کۆک لە بەرهەمی شاعیرێکی چەوساوەی ونبووی ئەم دەڤەرە کۆ بکەینەوە و لە تاق و سەنووقە کۆنە ڕزیوەکاندا ڕزگاریان بکەین ئەویش شاعیری چەوساوەکان خەلیل منەووەری کاکەییە، جا لە پاش گەلاڵە و تاوتوێکردنیان وا بەچاپمان گەیاند و خستمانە بەردەستی خوێنەرانی ئازیزەوە، لە پێناوی زیندووکردنەوە و گەشەکردنی کەلتووری نەتەوەییمان.

ئومێدەوارین بەم کۆششەمان توانیبێتمان کەلێنێک لە ئەدەب و کەلەپووری کوردیمان پێ پڕ کردبێتەوە.

لە هەر هەڵە و ناتەباییەک داوای لێبووردن دەکەین.

هەردەوێڵ کاکەیی



# چۆن بەرهەمەکانی شاعیرمان بەدەست هێنا...؟

* لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کەوتینە خولیای کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی شاعیر چونکە لەوەوپێش لە زاری دیدە ساڵەکانی ئاواییەکەماندا (تۆپزاوە) ناوە ناوە ناو و بەرهەمی شاعیرمان بەرگوێ دەکەوت و خولیای بەرهەمەکانی بووین، بۆیە بەئاواییەکانی خۆمان لە سنووری (داقووق)دا بۆ ئەم مەبەستە گەشتێکمان ساز کرد و چەند پارچە شیعرێکی شاعیرمان لە دیدە ساڵە وریا و ئەدەبدۆستەکان بەدەست هێنا و هەندێ شارەزاییشمان لە سەرگوزەشتەی پەیدا کرد... هەروەها چەند کەشکۆڵ و دەستنووسێکیشمان دۆزییەوە کە بەرهەمی شاعیریان لە ئامێزدایە.

* لە ساڵانی (١٩٧٧ – ١٩٧٨ی.ز)دا چەند پارچە شیعرێکی شاعیرمان لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا بڵاو کردەوە... خوالێخۆشبوو مامۆستا مستەفا نەریمان کە ئەم شیعرانەی بەرگوێ دەکەوێ، دەکەوێتە سۆراغمان، تومەز ئەویش لە ڕێگای مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلەوە دەستنووسێکی شاعیری بەدەست هێناوە، لە ڕۆژی (١٩٧٨/٧/٣١ی.ز) لە ماڵی ئێمەدا لە شاری کەرکووک بەئامادەبوونی چیرۆکنووس فەهمی کاکەیی هەوڵ و کۆششەکەمان کرد بەیەک و لە ساڵی (١٩٨٤ی.ز) بۆ یەکەمجار بەدووقۆڵی بەرهەمەکانیمان بەناوی (شاعیری چەوساوەکان)ەوە بەچاپ گەیاند، بەڵام مخابن گەلێ هەڵەی هەمەجۆری تێدا کەوتووە، چونکە بەندە لەو سەردەمەدا سەرباز بووم و لە ماڵ و شارەکەم دوورکەوتبوومەوە، جا مامۆستا نەریمان نووسینی پێشەکییەکەی و ساغکردنەوەی شیعرەکان و سەرپەرشتی لە چاپدانی گرتە ئەستۆی خۆی، وا دەردەکەوێ کاک نەریمان لە شێوە زاری ماچۆ (گۆران) شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبووە کە بتوانێت هەموو وشەکان بخاتە سەر ڕێنووسی کوردی و ساغیان بکاتەوە، بۆیە وەکو خۆی لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە ناچار بووە پەنا بەرێتە بەر بەڕێزان: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کاک فاتیح و کاک محەمەدی مەلا کەریم بۆ ساغکردنەوەی هەندێ لە بەرهەمەکانی شاعیر... جا لەکاتی ڕوونووسکردن و لە چاپدانیدا گەلێ هەڵە و کەموکوڕی لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەوێ.

* شایانی وتنە لە پاش چاپکردنی دیوانەکەی خۆشبەختانە چەند کەشکۆڵ و دەستنووسێکی تری کۆنمان بەدەست هێنا کە بەرهەمی بڵاونەکراوەی شاعیریان لە ئامێزدا گرتووە و خۆی لە (٢٠٠٠) خشت دەدات، بۆیە ئەوەمان بەچاک زانی سەرجەم ئەم

شیعرانە و ئەوانەی لە چاپدراون پێیاندا بچینەوە و لە پاش گەڵاڵە و تاوتوێکردنیان سەرلەنوێ بەشێوەیەکی پوختتر لە چاپیان بدەینەوە و بیانخەینە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز، لە پێناوی بووژانەوە و بزووتنەوەی کەلتووری نەتەوەکەمان... بێ گومان ئەمەش هەر هەموو بەرهەمەکانی شاعیر نین، دەتوانین بڵێین هێشتا زۆر لە شیعرەکانی ماون و بەردەستی ئێمە نەکەوتوون و چاوەڕوانی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەن، جا ئەو بەرهەمانە یان: لە کون و قوژبن و سەندووقە ڕزیوەکاندا کەوتوون و دیلن، یان: بەهۆی شەڕوشۆڕ و داگیرکردنی کوردستان لە لایەن بێگانە و دوژمنانەوە تەفروتوونا بوون و بەر نەمان کەوتوون.

**ئەو دەستنووسانەی کە بەدەستمان هێناون ئەمانەن:**

* دەفتەری ژمارە یەک: ئەم دەستنووسە (کەشکۆڵە) دەسخەتی شاعیرمان (خەلیل منەووەر)ە، قەوارەکەی (١٣×١٩سم)ە و بریتییە لە ٢٤٤ لاپەڕەی بچووک و بە قەڵەم مەرەکەبی ڕەش و مۆر و سوور لەسەر کاغەزی زەردی حکوومەتی لە شاری (کفری) لە مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٣٢٦ی.ک نووسراوە، دەستنووسەکە ئەم شیعرانەی لە ئامێزدا گرتووە: (داستانی کۆخا حەسەن، یاخیر الحافظین، پارەی پەتیارە، داستانی چاوەشەکان و کۆخا عەبدولڕەحمانی دەلۆیی، موناجات، دەروێش مەنشووری، لە فیشەکهەڵوەس، داستانی شەهیدبوونی سەیید ئەحمەدی بەرزنجی)، جگە لەم بەرهەمانەی شاعیر بەرهەمی شاعیرانی تریشی تێدایە وەکو: (سەما و زەمین، تەڵقین کاکەیی، کاغەز بۆ فەقێ ئەحمەدی شاعیر عەجەم)، هەروەها شیعری شاعیریشمانی تێدایە بەتورکی وەکو: (داستانی کۆخا حەسەن، تورکی کیتابی، سلاحیة ڕەدیف یوز باشیلکە)، ئەمە ئەو کەشکۆڵەیە کە مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دابووی بەمامۆستا مستەفا نەریمان.

* دەفتەری ژمارە دوو: بریتی بووە لە (١٠١) لاپەڕە وەکو شاعیر خۆی دەڵێ:

ئەر تەعەدداد کەران وەرەق کیتاب
سەد و یەک پەڕەن شمارە و حیساب

بەڵام بیست و پێنج پەڕەی لێ ون بووە و ڕزاوە، تەنیا ٧٦ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، قەوارەکەی (١٨×١٣سم)ە، لە ساڵی ١٣١٣ی.ک لە کفریدا شاعیر بەدەستی خۆی نووسیویەتی وەکو دەڵێت:



تاریخ کیتاب (مجموع الأشعار)
چە سەنەی سێزدە و سێسەد و هەزار
ڕۆژ پەنج شەممە نە وەخت ئێوار
بیست و هەفت ماه (ذی الحجە)ی نازدار
(کاتب الحروف) کەمینەی کەمتەر
خەلیلەن ئیبن خدر منەووەر
هەر کەس نەزانۆ نام و نیشانم
ساکن بەلەد کفری مەکانم

ناوی دەفتەرەکەی ناوە (مجموع الأشعار) چونکە هەڵبژاردەی سی و پێنج شاعیری تێدا کۆکردۆتەوە، هەر خۆی بەشیعر پێشەکی و پاشەکی بۆ نووسیوە و دەڵێت:

چە لەفظ دوڕ سەنج سی و پەنج شاعیر
نویسنانم نەفەرد نوسخەی نەوادیر
وە چەهار ئەلفاظ قیرائەت کەران
فارس و عەرەب کرمانج و گۆران
بەحس ئەشعارش چون گوڵستانەن
پەی موتاڵەعەی دەست دۆستانەن
تەرجەمەش کەرۆم پەرێ ڕۆژگار
ئیسم شەریفش (مجموع الأشعار)

ئەم دەستنووسە لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس پارێزراوە، ئەویش لە کاک نەجمەدین فەتاحی هەمەوەندی بەدەستی هێناوە، لە ١٩٧٨/٨/٢٧ی.ز خوالێخۆشبوو مامۆستا فاتیحی مەلا عەبدولکەریم هەر هەموو شیعرەکانی مەلا خەلیلی بەرێنووسی کوردی تۆمار کردووە و پێش ئەوەی دیوانەکەی لە چاپ بدرێت ناردوویە بۆ مامۆستا مستەفا نەریمان، لە پاش کۆچکردنی دەستنووسەکەی کاک فاتیح کەوتە لای مامۆستا ئازاد دەلۆ، ئێمەش لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١/٢٢ی.ز دا لەمان وەرگرت و هەنووکە لای ئێمە پێچراوەتەوە.

دەسنووسەکەی شاعیر بەرهەمی ئەم (٣٥) شاعیرەی تێدایە: (شەمس تەبریزی، نیعمەتوڵڵا فارس، شێخ نیزامی، خانای قوبادی، مەلا وەڵەدخان، فەقێ عەبدولقادر،

عەبدالّ، غولاّم ڕەزا، حەکاک، مەلا پیرە، شەم، حەریقی، مەحاک، عارف، فەتحی، ئەحمەد ئاغا، ویسال، سیاو، سەید فەتاح، نالی، نەزیری، کەمتەرین، حەسەن کەنۆش، مەلا فەنائی، ڕەنجووری، محەمەد ئاغا، غەمناکی، ئەسرینی، داود، شێخ عەتار، زەن شای ئێران، مەلا ئەحمەدی کۆر، شێخ سەعدی، حافز، کاتب الحروف خەلیل منەووەر).

* دەفتەری ژمارە سێ- بە دەست و قەڵەمی شاعیر مەلا سەیید عەباس حیلمی (١٨٨٢- ١٩٦٦ی ز) نووسراوە، قەوارەکەی (١٦×٩,٥سم)ە، لەپێشەوە هەندێ پەڕەی لێ ون بووە، (٦٥) لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، مێژووی پێوە دیار نییە، لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/١ی.ز کاک فەرەیدوون مەحموود عەزیزی کاکەیی پێشکەشی کردین، ئەم بەرهەمانەی شاعیری تێدایە: (شاعیر سکاڵای خۆی لای ئاغە ڕۆستەمی کاکەیی دەکا و دەردە دڵی خۆیی لەلا هەڵدەڕێژێ، داستانی ڕەشبگیر، داستانی گورگە هارەکە، یا خَیْرَ الحافظین).

* دەفتەری چوارەم: هەمیسان دەسخەتی مەلا سەید عەباسی حلیمییە، قەوارەکەی (١٥×١٢,٥سم)ە، لە پێش و پاشەوەی بەر فەوتان کەوتووە، تەنیا ١٨ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، بەحبری ڕەش و سوور نووسراوەتەوە، هەمان بەرهەمی تێدایە کە لە دەستنووسی ژمارە سێدا هاتووە.

* دەفتەری ژمارە پێنج: دەسخەتی شاعیری میللی سەید وەهاب (١٩٢٨ی.ز) کوڕی سەید فەتاحی کاکەیییە، شەوی دووشەممە ٧ی شوبات ساڵی ١٩٥٤ی.ز بەحبری سەوز تۆماری کردووە، قەوارەکەی (٣١×٢١سم)ە و ١٩ لاپەڕەیە، ئەم بەرهەمانەی تێدایە: (شاعیر سکاڵای خۆی لای ئاغە ڕۆستەمی کاکەیی دەکا...، یا خیر الحافظین، پارەی پەتیارە، داستانی ڕەشبگیر، داستانی نێرە گورگە هارەکە)، لە ساڵی ١٩٧٨ی.ز ئافرەتێکی ئەدەبدۆستی کاکەیی بەدیاری بۆی هێنایین.

* دەفتەری ژمارە شەش: ئەم دەفتەرە هەمیسان دەسخەتی سەید وەهابی کاکەیییە، مێژووی نووسینەوەی پێوە نەماوە، وەکو خۆی پێی وتین لە دەوروبەری ساڵی ١٩٤٠ی.ز.دا تۆماری کردووە، دەستنووسەکە زۆر شڕ و پەرپووتە، لە پێش و پاشەوەی زۆری لێ ون بووە، قەوارەکەی (١٩,٥×١٥,٥سم)ە، تەنیا ١٦ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، هەر ئەو بەرهەمانەی تێدایە کە لە ژمارەی پێنجدا هاتوون، سەید وەهاب خۆی لە ساڵی ١٩٧٧ی.ز.دا ئەم دەستنووسەی بەدیاری پێدایین.



* دەفتەری ژمارە حەوت: ئەمیان (کەشکۆڵە)، قەوارەکەی (١٨×١١سم)ە، تەنیا ٢٤ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، هەر لاپەڕەیەکی ١٤ خشتی گرتۆتە ئامێز، لە ساڵی ١٣١٩ی.ک بەرامبەر بە١٨٨٩ی.ز بەخەتێکی خۆش و ڕەوان نووسراوە، ناوی نووسەرەکەی پێوەی دیار نییە، ئەم بەرهەمانەی شاعیری تێدایە: (نامەی شاعیر بۆ شێخ حەسەنی قەرەچێوار، نامەی میرزا خەلیل بۆ وەستای کلاشکەر، ئاخر زەمانەن، شەهنشاە سالار علیست، ئەی برادەر حەیف سەنا، نامەیەکی میرزا خەلیل)، هەروەها شیعری ئەم شاعیرانەشی تێدایە: (گریانی، ئەحمەد، شەوقی).

* دەفتەری ژمارە هەشت: ئەمیشیان کەشکۆڵە، قەوارەکەی (١٨×١١,٥سم)ە، تەنیا (٣٥) لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، هەر لاپەڕەی (٩-١٣) خشتی تێدایە، وا دەردەکەوێ کەشکۆڵەکە فرەی لێ ون بووبێ، لە ساڵی ١٣١٧ی.ک بەرامبەر بە١٨٩٧ی.ز تۆمارکراوە، ناوی نووسەرەکەی پێوە دیار نییە، دوور نییە لەگەڵ ئەو لاپەڕانەدا ڕۆیشتووبێ کە فەوتاون، ئەم بەرهەمانەی شاعیری لە ئامێز دایە: (پاشماوەی شیعرەکەی فارس بەقاڵ، پاشماوەی شیعرێک بۆ مەلا فەرەج بەتورکی نووسراوە، یوسف پاشانن حەقنە - بەتورکییە، سکاڵا بۆ یوسف پاشا بەتورکییە، نەفس تەسویرە نەزەر قلیدم بەتورکییە، نامەی مەلا خەلیل بۆ عەزیز ئاغا، مامەی غەمخوارم، بۆ کۆخائی من ئامام بەجۆش)، هەروەها بەرهەمی ئەم شاعیرانەشی بەخۆوە گرتووە: (شێخ ڕەزا، حافزی شیرازی، گریانی، مەولەوی، ئەمین مەحاکی داودی).

* دەفتەری ژمارە نۆ: هەمیسان (کەشکۆڵە) قەوارەکەی (١٨×١١,٥سم)ە، ١١٠ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، هەر لاپەڕەیەکی بریتییە لە ١٤ خشت، دوو پەڕەی تریشی تێدایە لەگەڵ ڕەنگ و قەوارەی پەڕەکانی ئەم کەشکۆڵەدا جیاوازە، وا دەردەکەوێ هی کەشکۆڵێکی تر بێ و لەناوچووبێ، بەهەر حاڵ ئەم کەشکۆڵەمان لە ساڵانی ١٣١٦-١٣١٩ی.ک تۆمارکراوە، ناوی نووسەرەکەی پێوە دیار نییە، ئەم بەرهەمانەی شاعیری تێدایە: (پارچە شیعرێکی دوور و درێژە بەتورکی باسی تاوانێک دەکات لە کاتی خۆیدا لە شاری کەرکوک ڕووی داوە، سەروەرم میرم ئەفەندم - بەتورکییە، بۆ خزمەتی ئوستاد ساڵح خرە، چیرۆکە شیعرێکی فۆلکلۆرییە - بەتورکی داڕێژراوە، سەیدم چۆقدەن بەنی یاد ئێتمیورسەن نە عەجەب!؟ - بەتورکییە، ئیستەدم شوهرەتن سەلمان ئاغانن سنحاوتلە - بەتورکییە، ئەی برادەر بەن ئەفعالی ئێتدم قبوول - بەتورکییە، داستانی جەنگی نێوان داودە و تاڵەبانی، سێ چامە شیعر بەتورکی، مەعلووم بۆ چەلات کۆخا ئیبراهیم، زبان

کۆتاهم، مەعلووم بۆ چەلات ئاغەی زەمانە، میرم دیاری، پارچە شیعرێکی تورکی، شێخ پڕ کەمال، پێنج پارچە شیعر بەزمانی تورکی، دوو چامە شیعری فارسی، حاتەم سیفاتم، قیل نەزەر ئەی تالب دین بو فەنا دنیانی کۆر)، هەروەها بەرهەمی ئەم شاعیرانەشی تێدایە: (گریانی، شەوقی (سەید ئەمین)، میرزا ئەفەندی، ساڵح دەردوونی، عەلی، شێخ ڕەزا).

* دەفتەری ژمارە دە: ئەم دەسخەتە قەوارەکەی (١٢×٩سم)ە، ٢٦ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، هەر لاپەڕەی ١٤ خشتە شیعری لە ئامێز دایە، ئەمیشیان زۆری لێ ون بووە، بەدەستی شاعیر خەلیل منەووەر لە ساڵی ١٣٣٣ی.ک نووسراوە، ئەم بەرهەمانەی شاعیری تێدایە: (یارەب بەرحەق، سەیدان دین- بۆ سەید وەڵەد ئەفەندی، پارچە شیعرێکی تورکی، کەرۆن شکایەت پەرێ هامفەردان، کارگەچی ئوستاد، قەومەل براگەل گۆشدەن وە دەنگم).

* دەفتەری ژمارە یانزە: ئەم دەستنووسە قەوارەکەی (١١,٥×٩سم)ە، تەنیا ١٠ لاپەڕەی بەر نەمان نەکەوتووە، هەر لاپەڕەیەکی ٧ خشتی لێ تۆمار کراوە، لە ساڵی ١٣٣٥ی.ک بەدەست و قەڵەمی مەلا خەلیل تۆمار کراوە، تەنیا ئەم شیعرانەی لە داوێندایە: (یا دەست وە دامان مەردێ دۆم بییام، ئوستادی دوڕشوناس).

* دەفتەری ژمارە دوانزە: ئەم دەستخەتە قەوارەکەی (١٣×٨,٥سم)ە، تەنیا ٢٠ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، هەر لاپەڕەیەکی نزیکەی ١٤ خشتی لێ نووسراوە، زۆر پەرپووت و هەژارە، مێژووی تۆمارکردنی نادیارە، بەقەڵەمی شاعیر میرزا خەلیل نووسراوە، بەداخەوە دەستنووسەکە زۆری لێ ون بووە، تەنیا داستانە شیعرێکی لێ ماوەتەوە، بریتییە لە ٢٧٨ خشتە شیعر، باسی جەنگی جیهانی یەکەم دەکا، ئەم دەفتەرە و ئەوانەی ژمارە ٧ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ لە کاک محەمەد ساڵح کوڕی عەبدوڵڵا فەتحوونی کاکەیی بەدەستمان هێناون.

* دەستنووسی ژمارە سیانزە: ئەم دەفتەرە کەشکۆڵە قەوارەکەی (١٨ × ١١سم)ە، بریتییە لە ١٦ لاپەڕە، چەند پارچە شیعرێکی میرزا خەلیل و ئەم شاعیرانەی تێدایە: (مەلا فەتۆش، شێخ ڕەزا، مەلا زەینەڵ، یەسوساوک)، لە بەرواری ٥ی موحەڕەم ١٣٤٧ی.ک بەقەڵەمی شاعیر محەمەد چۆبانی کەساس لە شاری کەرکووک نووسراوەتەوە و پێشکەش بەمەجید سەمین باشچاوەش کراوە، ئێمەش لە ساڵی ١٩٧١ی.ز دا لە سەید



بورهان ١٩١١ - ١٩٧٦ی.ز کوڕی سەید ڕەشید سەید حوسێن ئیبراهیمی بەدەستمان هێنا.

* دەفتەری ژمارە چواردە: مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە گۆڤاری (نەوشەفەق)ی ژمارە ٤ی تەمووزی ٢٠٠٣ی.ز بابەتێکی پوخت و بەپێزی دەربارەی ئەم کەشکۆڵە بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ چەند نموونەیەک لە بەرهەمی هەندێ لەو شاعیرانەی کە لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون و ناویشی لێناوە (کەشکۆڵی گەرمیان) قەوارەکەی (١٧×١١سم)ە، جگە لەوەی زۆری لێ کەوتووە نزیکەی ٢٦٠ لاپەڕەی لێ ماوەتەوە، بەرهەمی ئەم شاعیرە گەرمیانییانەی لەخۆ گرتووە. بۆیە ئەو ناوەی لێناوە: (میرزا خەلیل، شێخ ڕەزا، گریانی، شەوقی/ سەید ئەمین)، کەشکۆڵەکە هەنووکە لای خۆی پێچراوەتەوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەم دەسخەتە زۆر لە دەسخەتی ژمارە ٩ دەچێ و دوور نییە هەردووکیان دەسخەتی یەک نووسەر بن لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١/١٠ی.ز چوومە خزمەتی مامۆستا محەمەد و ئەو پەڕانەی بۆ کۆپی کردین کە ئەم بەرهەمانەی خەلیل منەووەری لە ئامێزدایە: (یا غەوس گەیلان، یا شاه مەردان، خەندانم زوبێد، دوو هەفتە ساڵان، برای ئەییامم، لەیل بێ وەفا، شیرین ئەرمەن، شیرین جەماڵت، یاران وەبێ غەم، سەید بەنامەن، پرسەنامە، خەندانم جەمە). بۆیە زۆر سوپاسی دەکەین و داوای لەش ساغی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

* لای سەید قودرەت کوڕی مەلا عەباسی حیلمی دانیشتووی ئاوایی (تۆپزاوە) دەستنووسێکی باوکی لە لایە ئەو داستانانەی شاعیری تێدایە کە لە دەسنووسی ژمارە ٣دا هاتوون، جگە لەم بەرهەمانە، شانامەی حەوت لەشکریشی تێدایە، بەزمانی کوردی بەشێوە زاری ماچۆ (گۆران) داڕێژراوە، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو نووسراوەتەوە و پێشکەش بە مام عەبی مەلا حوسێن کراوە، زیاتر لە جارێک داوام لێ کردن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانەی لای خۆمان بەراورد و تاوتوێیان بکەین بەڵام مخابن ئارەزووەکەمانی بەجێ نەهێنا، بەهەر حاڵ سوپاسی دەکەین.

* هەروەها لەملا و لەولا هەندێ پارچە کاغەزی پەراگەندەیشمان بەدەست هێناوە، کە بەرهەمی شاعیریان تێدا تۆمار کراوە، ئەمانەش سوودی تایبەتی خۆیان هەبوو.

## چی دەربارەی خەلیل منەووەر بڵاوکراوەتەوە؟

* خوالێخۆشبوو مامۆستا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) – ژمارە ١٣ی ساڵی ٣ – ڕێکەوتی ١٩٤٦/١/٢٨ی ز. دا – لەژێر ناونیشانی (لە بوێژەکانی داودە مەلا خەلیل پیرەمەوەنی)دا – دەڵێت: (خەلیل کوڕی محەمەد منەووەر)ە، خەڵکی دێی (پیرەمەوەنی) ناو داودەیە بە(خەلیل منەووەر) بەناوبانگە، بەڵام سەید عەباسی کاکەیی پێی وتم، ئەم شاعیرە لە هۆزی کاکەییە، ئەمەش مۆرەکەیەتی:

شاعیر ئافاق (محەمەد خەلیل)
مونتەزیر ڕەحمەت زات (رَبّ الجليل)

ئەم بوێژە بەتورکی، فارسی، عەرەبی، کوردی هەڵبەستی هەیە، زۆربەی ژیانی لە (کفری) ڕابردووە، لە پاشا چووەتە (خانەقین) و لەوێ لە ساڵی ١٣١٧ی.ک دا ئەمری خوای کردووە، ئەمەش پارچە شیعرێکی شاعیرە:

شیرین شیریندا... شیرین شیریندا
شیرین سەرتاپای شێوەی شیریندا

ئەمەش دوا خشتی شیعرەکەیە:

خوسرەو سەرنگین فەرهاد ئەویندا
(عەودالّ) وەی نەکۆس جان شیریندا

ئەمە یەکەم سەرچاوەیە کە دەربارەی شاعیر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەم هەڵانەی تێدایە:

* میرزا خەلیل – لە هۆزی داودە نییە و کاکەییە.

* مێژووی کۆچکردنی ١٣١٧ی.ک نییە کە بەرامبەر ١٨٩٧ی.ز، بەڵکو لە ساڵی ١٩٢٣ی ز دا مردووە.

* پارچە شیعرەکەش هی شاعیر عەودالّی داودەیە. نەک خەلیل منەووەر.

* خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەدین سەججادی دەڵێ: مەلا خەلیل کوڕی محەمەد منەووەری داودەیە لە ساڵی ١٨٩٧ی.ز دا مردووە – بڕوانە (مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرگی/٢، ساڵی ١٩٧١ی.ز، ل ٥٩٠، وا دەردەکەوێ لە سەرچاوەی پێشوو کەڵکی وەرگرتووە بۆیە لە ناوی باوکی شاعیر و مێژووی کۆچ کردنی و هۆزەکەی کەوتۆتە هەڵەوە.



* لە دوو ژمارەی ٥، ٦ی گۆڤاری (قرداشلق – الاخاء)ی عەرەبی و تورکمانی ساڵی ١٩٧١ی.ز دا – خوالێخۆشبوو مامۆستا (مووسا زەکی مستەفا) بەتورکمانی بەناونیشانی (لە شاعیرە ونبووەکانمان) باسێکی دوور و درێژی دەربارەی شاعیرمان نووسیوە و چەند پارچە شیعرێکی تورکمانی شاعیری بڵاوکردۆتەوە، جێی سەیرە نووسەر بیرای بیر ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە ئەم شاعیرە کوردێکی کاکەییە و بەرهەمی بەکوردیش هەیە، لە ساڵی ١٩٧٧ی.ز دا بەندە و نووسەر کاک هاشم عاسی کاکەیی چووینە خزمەتی ئەم نووسەرە تورکمانە کە خەڵکی (کفری) بوو، لە کەرکوک لە پشت (بەهوو)ی ئێستا دادەنیشت، ڕوانیمان لە سەرجێگا کەوتووە و زۆر ناساغە، بەهەرحاڵ لە پاش سڵاو و چۆن و چاکی هەواڵی ئەو دەستنووسەمان لێ پرسی کە ئەو وەکو سەرچاوە لە بابەتەکەیدا کەڵکی لێ وەرگرتوون، لە وەڵامدا فەرمووی کە لە لای نەماوە و ون بووە.

* خوالێخۆشبوو مامۆستا مستەفا نەریمان لە ژمارە ١٦ی گۆڤاری بەیان/ ١٩٧٤ی.ز بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (شاعیری دەشتی گەرمیان خەلیل منەووەر)، لەگەڵ چەند نموونەیەک لە بەرهەمەکانی شاعیر، ئەمیش بەهەڵەدا چووە کە وتوویەتی، شاعیر لە هۆزی (داودە)یە.

* مامۆستا (موحسن بەهجەت شاکر) لە کتێبی (چەند نموونەیەک لە ئەدەبی تورکمانەکانی عێراق) کە لە ساڵی ١٩٧٧ی.ز دا لە چاپی داوە، تیایدا بەتورکمانی بابەتێکی لە بڕگەی (شاعیری جەماوەر)دا دەربارەی خەلیل منەووەر نووسیوە و پشتی بەسەرچاوە تورکمانییەکەی پێشوو بەستووە و زانیارییەکی نوێی لەسەر نەنووسیوە.

* ئێمەش کە ئەم بابەتانەمان بەرچاو کەوت ئەوەمان بەچاک زانی لە ساڵانی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ی.ز دا چەند چامە شیعرێکی شاعیر لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا ڕەوانە بکەین، ئەوانیش پیاوانە بۆ چەند جارێک بەناوی خۆمانەوە پەخشیان کرد.

* مامۆستا (محەمەد ئەمین هەورامانی) لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٤٢٥ی ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٨ی.ز بەناوی (خەلیل منەووەر)ەوە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لە پاش ئەوەی نووسەری ئەم پێشەکییە، کورتەیە لە ژیان و چەند پارچە شیعرێکی شاعیری لە ئێزگەی کوردی بەغدا پەخش کرد، نووسەری ناوبراو لەو سەردەمەدا لە ئێزگەدا بەرنامەی هەبوو، جا نووسەر لە نێوان ئەو نامانەی ئێمە و بابەتەکەی مستەفا نەریماندا کە لە گۆڤاری بەیان بڵاوی کردبووەوە کەوتۆتە گومانەوە (ئایا ئەم دوو خەلیل منەووەرە هەر یەکن یا دووانن) داوای ئەوەشی کردووە کە لەم باسە بکۆڵرێتەوە.

* دوای ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ی.ز لەگەڵ مامۆستا مستەفا نەریماندا ئاشنابیمان پەیدا کرد لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٤٢٥ی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٨/٥/١٩٧٨ی.ز بەدووقۆڵی (لە دوو خەلیل منەووەر دۆستەوە بانگەوازێک)مان بڵاوکردەوە و داوامان لە خوێنەران کرد ئەوەی شتێک دەربارەی شاعیر دەزانێ یان: بەرهەمی لە لایە بۆمانی رەوانە بکات، بەڵام هیچمان بەدەست نەگەیشت.

* مامۆستا نەریمان دوو کۆڕی دەربارەی خەلیل منەووەر گێڕاوە یەکەمیان لە رۆژی ٢٨/٣/١٩٧٨ی.ز لە بارەگای کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە بەغدا، دووەمیشیان لە ٣١/٣/١٩٧٨ی.ز لە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی، لەم دوو کۆڕەدا وتووێژ و قسەیەکی زۆری لەسەر کرا و لە رۆژنامەی (العراق) ژمارە ٦٣٩ی رۆژی ٨/٥/١٩٧٨ی.ز لەسەریان نووسراو بەدڵی بیسەر و خوێنەران بوون.

* لە پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ لە بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەمان لە ساڵی ١٩٨٤ی.ز دا بەناونیشانی (شاعیری چەوساوەکان)، لە لایەن نووسەرانەوە چەند رەخنە و بابەتێک دەربارەی شاعیر لە گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە لەوانە:

* مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی - لە ژمارەی ٧٤٣، ٧٤٤، ٧٤٥ی رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٤ی.ز لە بابەتەکانیدا رەخنەی لە کتێبەکە گرتووە و هەوڵی ئەوەی داوە چەند وشە و رستەیەکی هەڵە راست بکاتەوە.

* مامۆستا فەرەیدون پێنجوێنی لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١١٧٥) ساڵی ١٩٩٠ی ز بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (چۆن باوەڕ بکەین خەلیل منەووەر لە ساڵی ١٨٧٨ی ز هاتۆتە دنیاوە؟)، نووسەر لە بابەتەکەیدا گومانی لە مێژووی لە دایک بوونی شاعیر هەیە، ئومێدەوارین لێرەدا توانیبێتمان نووسەر لەو دڵە راوکێ و گومانەدا رزگار کردبێت.

* لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا نووسەر مامۆستا عوسمان هەورامی کورتە بابەتێکی دەربارەی ژیانی شاعیر لە رۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکردۆتەوە، بەداخەوە ژمارەکەیمان لانەماوە تا دەستنیشانی ژمارە و مێژووەکەی بکەین.

* دکتور حوسێن محەمەد عەزیز - لە گۆڤاری (ئێستا) ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٩٩ی.ز، بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (سەرنجێ دەربارەی ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی خەلیل منەووەر)، نووسەر لە بابەتەکەیدا گومانی لەوە دایە گوایە شاعیر لە هۆزی داودەیە و بەئاینیش کاکەیی.



* کاک هاشم عاسی کاکەیی - لە رۆژنامەی (کەرکوکی ئەمڕۆ)دا - ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٣ی.ز بابەتێکی بەناونیشانی (میرزا خەلیل منەووەری کەرکوکی)یەوە بڵاوکردۆتەوە و را و سەرنجی خۆیشی دەربارەی بابەتەکەی (د. حوسێن محەمەد عەزیز) دەربڕیوە و وتوویەتی کاکەییە نەک داودە.

* مامۆستا هەیاس مەحموود کاکەیی لە گۆڤاری (رامان) ژمارە ٣١ی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٩٩ی.ز بابەتێکی بەناونیشانی (خەلیل منەووەر شاعیری زیندووی گەرمیان)ەوە بڵاوکردۆتەوە، نووسەر بەزۆری سوودی لە دیوانە چاپکراوەکەی بینیوە و لە شیعرەکانی کۆڵیوەتەوە.

* مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی - لە گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٣ی ز دوو چامە شیعری بڵاونەکراوەی بوێژی بڵاوکردۆتەوە.

* نووسەری ئەم بابەتەش ناوە ناوە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بەرهەمی شاعیری بڵاوکردۆتەوە لەوانە:

- گۆڤاری کاروان ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٩ی.ز.
- کتێبی شاعیران و ناودارانی کاکەیی/ ١٩٩٠ی.ز- هەولێر.
- رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٨٥٣ لە ١٣/١٢/١٩٩٣ی.ز.
- گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە ١١ی شوباتی ٢٠٠٤ی.ز.
- گۆڤاری بانەڕۆژ ژمارە ١٦ی ئازاری ٢٠٠٥ی.ز.
- رۆژنامەی باسەرە ژمارە ٩٤ی ١٦ی ئاداری ٢٠٠٥ی.ز.

* هەروەها چەند نووسەرێکی تریش لێرە و لەوێ شتیان دەربارەی شاعیر بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو سەرچاوانەمان لە بەردەستدا نییە.

* لە رۆژی ١٠/٩/٢٠٠٤ی.ز لە لایەن رۆشنبیرانی کاکەییەوە کۆڕێکیان بۆ ساڵڕۆژی شاعیر لە ئاوایی (عەلیسەرا)دا بەست، لە کۆڕەکەدا چەند بابەتێکی جۆراوجۆر دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر لە لایەن چەند نووسەر و رۆشنبیرێکەوە خوێنرایەوە لەوانە جگە لە بەندە: (هاشم کاکەیی، نەوزاد حەمەخورشید، سامی رفعەت) و چەند کەسێکی تریش، هونەرمەندی دەنگخۆش هیلال نازم سەلیم وارانی بەچەند گۆرانییەک کۆڕەکەی زیاتر رازاندەوە، رۆژنامەی باسەرە لە ژمارە ٧٠ی رۆژی ١٥/٩/٢٠٠٤ی.ز دا بابەتێکی دەربارەی کۆڕەکە بڵاوکردەوە.

* سدیق سەفی زادەی بۆرەکەیی لە نامەی سەرەنجامدا بەرگی/٢، کە لە ساڵی ١٩٩٧ی.ز لە تەهران بەچاپی گەیاندووە، کورتەیەک لە ژیان و چەند بەرهەمێکی شاعیری بڵاوکردۆتەوە گوایە لە دەسنووسێکی کۆندا بەدەستی هێناوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە کتێبی شاعیر و ناودارانی کاکەیی وەری گرتووە کە لە ساڵی ١٩٩٠ی.ز لە هەولێر لە چاپمان داون، بەڵگەیشمان ئەوەیە کە تەنیا وشەیەک زانیاری نوێی نەخستۆتە ڕوو، یان هیچ نەبێ بۆ نموونە چامە شیعرێک یان تەنیا خشتێکی لە بەرهەمەکانی بوێژی بڵاو نەکردۆتەوە کە لای ئێمەدا بڵاونەکرابێتەوە، هەروەها سەیر لە وێیە ناوی شاعیری بە(پیر خەلیل) هێناوە، وای زانیوە کاکەیی ئێستاش هەروەکو سەدەی هەشتەمی کۆچی و دەوروبەری وشەی (پیر) بۆ ڕێزلێنان بۆ هەر ناودارێک بەکاردەهێنن، ئێمە ئەوە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێین لەگەڵ ڕێزمان بۆ کاک سدیق.

* لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٦ی.ز دا لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر – ناوەندێ ڕۆشنبیری بەناوی (خەلیل منەووەر)ەوە لە ئاوایی تۆپزاوە کرایەوە.

## سەرگوزەشتەی شاعیر

شاعیرمان ناوی (محەمەد خەلیل) کوڕی خدر منەووەرە، ناوی دایکیشی خانزاد خانمە، منەووەر ناوی دایکی باوکییەتی، واتە: دایە گەورەیەتی باوکی شاعیر بە (خدر منەووەر) ناسراوە، چونکە خاتوو منەووەر بە بێوەژن کۆشی و هەتیوی بەخێوی کردووە، لە پاشاندا منەووەر بووەتە نازناوی بنەماڵەکەیان بۆیە شاعیر شانازی پێوە کردووە و کردوویە بەنازناوی خۆی، دوو برایشی هەبووە (جەلیل و ئەلیاس)، زووتر لە کوردەواریدا ئەم ناوە دووقۆڵییانە باوبووە وەکو (محەمەد ئەمین، محەمەد ساڵح، محەمەد عەلی، محەمەد فەرەج)... هتد دەبا ئینجا بزانین شاعیر خۆی دەربارەی ناوەکەی چی دەڵێ؟

زار مەحجووبم چە لای خاس و عام

(محەمەد خەلیل) مەنشوور بەنەغام

واتە:( بەلای خەڵکییەوە پەرێشان و بەحەیا و شەرمنم، ناویشم (محەمەد خەلیل)ە و بەنەفامیش ناسراوم)، لێرەدا شاعیر وەکو سۆفییەکان خۆی شکاندۆتەوە و لە زانایی و خۆ بەزل زانین دوور خستۆتەوە.

یان دەڵێ:



(کاتب الحروف) کەمینەی کەمتەر

(خەلیل)ەن ئیبن خدر منەووەر

واتە: (نووسەری ئەم شیعرە خەلیل کوڕی خدر منەووەرە، کەوا لە خوارووی گشت کەمینەیەکەوەیە).

هەروەها شاعیر لە خوا دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

ببەخشە گونای ئی بەندەی ئەحقەر

(خەلیل) مەخدووم (خدر منەووەر)

واتە: (خوایە لە گوناهی ئەم کەمینەیە (خەلیل خدر منەووەر)ی خزمەتگوزار ببەخشە.

یان:

ڕۆژێ بی مەسعوود موبارەک ئەختەر

فەرِ وەستی وە ماڵ (خدر منەووەر)

واتە: ڕۆژێکی بەختەوەر بوو کە چارەنووسم کەوتە ماڵی (خدر منەووەر).

دەربارەی لە دایکبوونی شاعیر مامۆستا مووسا زەکی مستەفا کە نووسەرێکی تورکمانە لە گۆڤاری (قەرداشلق – الاخاء)ی عەرەبی و تورکمانی ژمارە ٥، ٦ی ساڵی ١٩٧١ی.ز دا بابەتێکی بەتورکمانی دەربارەی شاعیر بڵاوکردۆتەوە و تیایدا وتوویەتی لە ساڵی ١٨٦٣ی.ز لە دایک بووە، بەبێ ئەوەی دەستنیشانی هیچ سەرچاوەیەک بکات، جا مامۆستا مستەفا نەریمان پشتی بەو سەرچاوەیە بەستووە و لە پێشەکی دیوانەکەیدا هەمان مێژووی بۆ لە دایکبوونی بەپەسەند زانیوە.

مام حەمەی دەروێش عەلی ١٩١٢ – ١٩٨١ی.ز، کە یەکێکە لە زانا ئاینییەکانی کاکەیی کەرکووک، زۆر جار بەشەوانی زستان لە کۆڕی شەونشینی و دیوەخانەکاندا شیعر و شانامە و داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکانی بەئاوازەوە دەخوێندەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ی.ز دا لە دیدارێکدا پێی وتین: (وەکو لە دیدە ساڵەکان گوێم لێ بووە خەلیل منەووەر لە ١٩٢٣ی.ز لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە)، واتە: لە ساڵی ١٨٨٥ی.ز لە دایک بووە. بەپێی دەستنووس و بەرهەمەکانی شاعیر وا دەردەکەوێ بوێژمان لە ساڵی ١٨٧٨ی.ز دا لە کەرکووک لە گەڕەکی (چای)دا هاتۆتە دنیا، ئەوەتا لە ساڵی ١٣٢٦ی.ک بەرامبەر بە١٩٠٨ی.ز لە داستانە شیعرەکەی کۆخا حەسەن گەڵابادیدا دەربارەی تەمەنی خۆی دەڵێ:

بەزات بێچوون (حَيّ ذوالجلال)
تەئریخ عومرم یاوان وە سی ساڵ

واتە: (شاعیر قەستەم بەخوای بێ نەزیر و مەزن دەخوا و دەڵێ: (تەمەنم گەیشتۆتە ٣٠ ساڵ).

هەروەها شاعیر جارێکی دی لە ساڵی ١٣٣٦ی ک. بەرامبەر بەساڵی ١٩١٨ی.ز دەربارەی مێژووی لە دایکبوونی بەڕاشکاوییەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و دەڵێ:

تەئریخ عومرت یاوان وە چل ساڵ
دیت وە دیدەی وێت دوو ژەن و دوو ماڵ

واتە: (مێژووی تەمەنم گەیشتۆتە چل ساڵ، لەو ماوەیەدا دوو ژن و دوو ماڵم بەچاوی خۆم بینیوە).

لێرەدا وا بۆمان دەردەکەوێت شاعیرمان لە ساڵی ١٨٧٨ی ز. دا لە دایک بووە نەک ١٨٦٣ی ز. یان: ١٨٨٥ی ز. لە بەدبەختی و چارە کلۆڵی شاعیر هێشتا منداڵ بووە باوکی ئەمری خوا دەکات، خاتوو خانزادی دایکی بەبێوەژنکۆشی بەخێوی دەکات، لەسەر نەریتی ئەو ڕۆژگارە لە شاری کەرکووکدا نراوەتە بەرخوێندن بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێندن و زانیاریدا ئاشنا بێت، لە تەمەنی ٨ ساڵیدا دایکیشی دەمرێ و خۆی و جەلیل و ئەلیاسی برای بێ کەس و باوان دەمێننەوە، بۆیە لە ساڵی ١٨٨٦ی ز. دا ڕوو دەکەنە شاری مووسڵ و لە ئاوایی (وەردەک)[1] دەگیرسێنەوە، جا شاعیر لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا ئەو ڕۆژە ڕەشانەی ژیانی خۆی دێتەوە یاد و دەڵێ:

ئەوەڵ مەحرووم بیم چە سایەی (تاتە)[2]
پەی دایەم کیانای یاس وە خەڵاتە
دووهەم مەئیووس بیم چە خزمەت دایە
بێ باوان مەندم هەر ڕۆ چە لایە

واتە: (لە ڕەحم و بەزەیی باوکم بێ بەش بووم و ناخۆشی و پرسەش بوو بەنسیبی دایکم، ئینجا دایکیشم مرد و لە سۆز و خۆشەویستی و پەروەردەی دایک دوور کەوتمەوە، هەر ڕۆژێ لە شوێنێکدا بێ کەس دەمانەوە).

خەلیل منەووەر لە پاش سێ ساڵ خۆی و براکانی هەمیسان ماڵ دەگوێزنەوە بۆ شاری کەرکووک و لە گەڕەکی چای جێگیر دەبن و دەچنە خزمەتی خوالێخۆشبوو (مەلا سەمەدی



پیرەوەیس)[3]، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و وانەی ئاینی، لە ساڵی ١٨٩١ی.ز دا لە کەرکووک نەماوە و کۆچی کردۆتە شارۆچکەی کفری لەوێ چووەتە نزیک ماڵی (باوە ئەحمەد)ی[4] کاکەیی و نیشتەجێ بووە.

شاعیرمان گەلێ وێژەی جۆراوجۆری لە پاش بەجێ ماوە وەکو خۆی لەم کۆپلە شیعرەدا وتوویەتی:

فرێ نویسنانم شیعر وە کوردی
کەردەنم بەیان ئەحواڵ ڕابوردی
نەدمای مەرگم بمانۆ یادگار
بوانان کوردان نەرووی ڕۆزگار

واتە: (فرە شیعرم بەکوردی هۆنیوەتەوە و تیایاندا ژیان و گوزەرانی ڕابردووی کۆمەڵم خستووەتە ڕوو، با لە پاش مەرگم بۆ یادگاری بمێنێتەوە و نەتەوەی کوردیشمان بەدرێژایی ڕۆژگار بیخوێننەوە).

جگە لە زمانەکەی خۆی تورکی و فارسیشی بەچاکی بەنووسین و ئاخافتن زانیوە و شیعریشی بەو زمانانە وتووە، بەرهەمەکانیشی بەم نازناوانەوە داناوە: (خەلیل منەووەر، خەلیل، میرزا خەلیل، مەڵڵا خەلیل، میرزا) وەکو لەم شیعرانەدا بەرچاو دەکەوێ:

(خەلیل) هەم وەی ئەشک دوو دیدەی ئەسرین
وەی حەسرەت کەشی وەی دڵەی غەمین

***

(خەلیل) خەیاڵت پڕ خەوف و بیمەن
خدێدەر نە سەبر خودا کەریمەن

***

(خەلیل) جانشین ماوای کەرکووکەن
گیرۆدەی زوڵفی یاری نەوبووکەن

***

(کاتب الحروف) میرزا خەلیلم
پەی غەدر چاوەش یەکجار زەلیلم

***

یە (میرزا) واتەن پەی حەمە گاوان
تا وێش دوور گێرۆ چە ڕای خەراوان

***

(خەلیل منەووەر) چە داخ ئی کارە
دڵش هوناوەن خەیلێ بێزارە

***

یە گفتەی بەندەی فەقر زەلیلەن
کاتب الحروف (مەڵلا خەلیل)ەن

***

من (میرزا خەلیل) دێوانەی دەلیم
دوعاگۆی دەوڵەت بابۆی سەی عەلیم

***

خەلیل منەووەر لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە (مەنیجەی کچی ئەحمەد یەسوو، نارنج کچی تەڵعەت کاکەیی، حەنیف خان)، لە تافی لاوێتیدا دەکەوێتە ئەوینی (مەنیجەی کچی عەبدولی سەوزالی)یەوە، بەڵام ئەم خانمەی بەنسیب نابێ ئینجا کچێکی تری خۆش ویستووە ناوی (گوڵناز) بووە لە چارە کلۆڵی شاعیر ئەمیشی بەنسیب نەبووە، جا لە شیعرێکدا بەقەد و باڵایدا هەڵدەدا و دەڵێ:

لەیلێ گوڵنازەن... لەیلێ گوڵنازەن
ئیسم شەریفش ماچان گوڵنازەن
سەدای چون بولبول سوب خۆشئاوازەن
پەی سەیران گوڵ هەر چە پەروازەن
... هتد.

لە ئەنجامدا لەگەڵ (مەنیجەی کچی ئەحمەد یەسوودا) زەماوەندی گێڕاوە، جا کە مەنیجە خانی بەبووکێ بۆ دێ لە شیعرێکی دوور و درێژی تەڕ و پاراودا زۆر بەجوانی ستایشی دەکا و دەڵێ:

مەنیجە خانی... مەنیجە خانی
مەعلوومەن نەعام مەنیجە خانی



عاقڵ و دانا هەم خۆش زبانی
تەشریف ئاوەردی وەلای عەبداڵت
مەڵلا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
... هتد

بەرهەمی ئەم ژنهێنانەی دوو کوڕ و کچێک بووە، یەکێ لە کوڕەکانی ناوی (نووری) بووە، ئەوی تریشیان هەر بەزکماکی ئیفلیج بووە و ناویشیمان بۆ ڕوون نەبووەوە، وەکو دەڵێ:

وەئەمر قودرەت حەیی بێ زەواڵ
زەنان فەوت مەوت مەندەن سە منداڵ

ئینجا دەربارەی سۆز و خۆشەویستی جگەرگۆشەکانی لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و دەڵێت:

سەرمایەی عومرت ئی سە ئەولادەن
زەڕڕەی خاترت وە ئەوشان شادەن
یەکێشان ئیمان یەکێ دینتەن
یەکێشان قیبلەی سەرزەمینتەن

لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٤ی.ز دا ئەم ژنەی لە شاری کفریدا فەرمانی خوا بەجێ دەهێنێ، مردنی ئەم ژنەی زۆر کاری تێ کردووە، چونکە سێ کۆرپەی لە پاش بەجێ مابوو کە یەکێکیان شیرخۆر بووە، بۆیە دەچێتە سەر گڵکۆکەی و شین و شەپۆڕێکی بەتینی بۆ ساز دەکات و دەڵێ:

باڵا بەرزم ڕۆ... باڵا بەرزم ڕۆ
یاری چەم سیا باڵا بەرزم ڕۆ
ئەبرۆ وەک کەوان (مەنیج) نامم ڕۆ
چەم دیدەی ئاهوو خۆش کەلامم ڕۆ
گلێنەی چاوان نەوجوانم ڕۆ
دایەی هەتیمان سە ئەتفالم ڕۆ

هەروەها لەسەر شینەکەی دەڕوا و بەفرمێسکی گەش و عەتری بۆنخۆش گۆڕەکەی ئاوڕشێن دەکا و دەڵێ:

ئەسرین دوو دیدە پەی مەزار بەردم
مەزار یارم ئاورشێن کەردم
وە گزک کەردم مووژەی هەردۆ چەم
مالاّم گلّکۆی یار بەبێ زیاد و کەم
خاک مەزارش وە گولاّو بۆ وەش
کەردم موعەتتەر گردین وە بێ غەش

شاعیر لە ئەنجامدا ئەوە بەچاک دەزانێت لە شاری کفری بگوێزێتەوە و بگەڕێتەوە ناو خزم و خوێشکەی خۆی وەکو لە لاواندنەوەی ژنەکەیدا دەڵێت:

بێکەس خەدەنگێ پەی یانەم شانا
بڕیش جەرگ حەریم منش هاست تەنها
حەریم کۆچش کەرد کۆچ یەکجاری
چەمم کەرد لێلاّو هوناو بی جاری

هەروەها دەڵێ:

چە ماوای (کفری) هیچ کەسێم نییا
بە یۆ وەفەریاد بکەرۆم ئەحیا
ئانە خاسترەن نی شار کۆچ کەری
پەی نام (کاکەیی)یان زود هانا بەری
چونکە قەوم و خۆیش نە ڕووی تەنگانە
پەرێ لێ قەومان برا و باوانە

بەڵێ شاعیرمان دەگەڕێتەوە ناو خزم و کەسوکارەکەی و لە ئاوایی (عەرەبکۆیی) دەگیرسێتەوە، لەوێ خاتوو (نارنجی کچی تەڵعەت کاکەیی) دەدەنێ و دەبێتە هاوسەر و هاوژیانی، بەداخەوە باری نەگبەتی لە کۆڵی نابێتەوە لە پاش چەندساڵێک ئەمیشیان دەمرێ، بۆیە وتوویەتی:

تەئریخ عومرت یاوا وە چل ساڵ
دیت وە دیدەی وێت دوو ژەن و دوو ماڵ

لە پاش مردنی ئەم ژنەی هەمین کچی مام ئەحمەد وەلکە عاشقی مەلا خەلیل دەبێ و



خۆشی دەوێ، بەڵام ئەم نەیخواستووە لەبەرئەوەی لە تەمەندا لە خەلیل گەلێ گەورەتر بووە، جا دەربارەی ئەم ئافرەتەش دەڵێ:

گیای بەخت من بییەن سە پەلکە
مەعشووقم هەمین مام ئەحمەد وەلکە

یان:

چەند مەعشووق هەنی پەی من زەروورەن
بەعزێ چە نزدیک بەعزێ چە دوورەن

هەروەها ژنێکی بێوەژن هەبووە بەناوی (پەری کچی جاسم) ناوێک بووە، خاوەنی سێ منداڵ بووە، خەلیل منەووەریش سێ منداڵی هەبووە، ویستوویانە ئەم ژنەی لێ مارەکەن، بەڵام ئەم لەبەرئەوەی سێ منداڵی بووە پێی ڕازی نەبووە بۆیە لە داستانێکا کە بۆ سەید ڕۆستەم ئاغای کاکەیی نووسیویە تیایدا وتوویەتی:

پەی شەخسێ هەنی بیم وە موشتەری
چە (عەلیسەرا) ئامۆژن (پەری)
بالاّ چون بەیداغ سوورەت لەنگەری
سە ئایل دارۆ پەی ڕەنج بێوەری
وارسش نییەن سە تفلّ زەلیل
وە ناخێر پەری دریا وە خەلیل
ئی چوار ئا چوار جەمعەن مە بۆ هەشت
دەک خەلیل ئیقباڵ بەختت بۆ بەرگەشت
مەگەر (سەی ڕۆستەم) نیمەی ئەملاکش
وە داڵیە و خەرمان وە ئاب و خاکش
ببەخشۆ وەنەت تەمامی یەکسەر
پەرێ نەفەقەی نان هەشت نەفەر

واتە: لە دێی (عەلیسەرا)دا بووم بەداخوازیکەری ئامۆژن پەری کە ژنێکی کەڵەگەت و بالاّ بەرزە، بۆ نەگبەتی و ڕەنج بێوەری سێ منداڵی هەیە و لەبەر بێ کەسی زەلیل بوون، بەناخێر پەری درا بەخەلیل، ئێمە چوار و ئەوانیش چوار دەبین بەهەشت، دەک خەلیل یاخوا بێ بەخت بی، مەگەر سەید ڕۆستەم ئاغا نیوەی موڵکەکەی بەبێستان و خەرمان و

ئاو و خاکییەوە پێت ببەخشێ بۆ نان و نەفەقەی ئەم هەشت کەسە مەگەر ئەوسا بەشیان بکات.

لە ئەنجامدا ژنێکی بێوەژنی تورکمان دەخوازێ بەناوی (حەنیف خان)، ئەم ژنەش کچێکی نەخۆش و دەغەزاری هەبووە، بەداخەوە باری نەگبەتی و بەدبەختی لە کۆڵی نابێتەوە و لە پاش ساڵێک ئەم ژنەشی کۆچ دەکات، شاعیر بەپێچەوانەوە بەمردنی دڵخۆش بووە و شیعرێکی دوور و درێژی بۆ نووسیوە و تیایدا بەتەوسەوە بەکوڵ بۆی دەگری و دەیلاوێنێتەوە، لە شیعرەکەدا وا دەردەکەوێ ئەم ژنەی زۆر تەمبەڵ و نەکارا و بخۆر بووە وەکو دەڵێ:

تورکمان تەڕاڵ ئیش پارێزم ڕۆ
خەفۆک خاوێر خەفت و خێزم ڕۆ
خەیاتی نەزان تەون بێزارم ڕۆ
گوزەران سەخت ژار مارم ڕۆ

یان:

چەوساوە (حەنیف) کەردەنش وەفات
ڕەوشەن بییەن لێم سەحرا و سەربیسات

هەروەها دەڵێ:

هامسەران ئۆخەی چەی بەخت زەریف
یە چۆن خەڵاس بیم چە دەست (حەنیف)

شاعیر لەسەر شیعرەکەی دەڕوا و دەڵێ:

خاس خۆشیم دی من چە سایەی تۆ
لەعنەت چە بابۆ هەم چە دایەی تۆ
دەردێ دای وە نەم (حەنە) ژەن گیانە
منت کەرد وە پەن قەوم و بێگانە

دارودەستەی ڕژێمی عوسمانی هەمیشە خەریکی زوڵم و زۆر و بەرتیل خواردن و خەرج و باج و سەرانە وەرگرتن و گێچەڵکردن و ستەمکاری بوون، لەولایشە خۆیان بەچاکترین موسڵمان و بەجێگری پێغەمبەر و خەلیفەکان داناوە، بۆیە خەلیل منەووەر زۆرجار هێرشیان دەکاتە سەر و دەیانشۆرێتەوە و داوای مافی هەژاران و چەوساوەکانیان لێ



دەکات وەکو لەم شیعرانەدا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ:

وەسیەتم ئێدەن چە لای خاس و عام
کەس وە (فێس قرمز[٥]) نەواچۆ ئیسلام
نە حەرف[٦] ئینساف نە مەیل مروەت
نییەن چە لاشان سیلەی مەرحەمەت

واتە: (وەسیەتم ئەمەیە بۆ دۆست و پیاوچاکان کەس بەتورکە عوسمانییەکان نەڵێن موسڵمان، چونکە نە قسەی ڕاستیان ها بەلاوە نەیش ڕەحم و ئینسافیان هەیە).

یان:

زومرەی زابتان ساحێب شمشێرن
چە نام بازاڕدا وە فەقیر فێرن
غەنیم فەللاح بێ دەسەڵاتەن
زیکر و فیکرشان هەر باقیاتەن
خۆ باقییاتشان نمە بۆ تەمام
دەک ڕووسیا بان چە (یوم القیام)
داد چە زابتان سەرمەست ڕەشوەت
خائینان دین دەوڵەت و میللەت

واتە: (ئەفسەرەکانی عوسمانی خاوەنی هێز و شمشێرن، لە ناو بازاڕدا زوڵم و زۆر لە هەژارەکان دەکەن، چینی جووتیارەکان زۆر بێ دەسەڵاتن، هەر خەریکی زیکر و ویردن، بیر و هزریان هەر لای خوایە، داد لە دەستی ئەفسەرە سەرخۆشە بەرتیلخۆرەکان کە خیانەت لە ئاین و دەوڵەت و میللەت دەکەن، لە خوام دەویست ڕووڕەش و شەرمەزاری قیامەت بن).

دیسان دەڵێ:

لە دەست عوسمانلی گشت پەریشانین
گشت سەر بەقوڕ و چەم بەگریانین
زەبتییەی عەسکەر ئەوەند غەددارەن
پەی تاڵانی خەڵک دایم نە کارەن

واتە: (لە دەستی عوسمانییەکان هەموو سەر بەقوڕ و چاو بەگریان و پەرێشانین، ئەفسەرەکانیان زۆر زاڵم و نالەبارن، هەمیشە بۆ تاڵانیکردن لە کاردان).

یان:

(عیسا ئەفەنی)[٧] بەد زاتەن بەد فەڕ
چە زوڵم و زۆرش عالەم بییەن کەڕ
جارێ مەستانۆ چە خەڵک سەرانە
جارێ خەرج و باج جارێ کەرانە

واتە: (عیسا ئەفەنی ئەوەندە بێ فەڕ و خراپە، خەڵکی لە زوڵم و زۆی کەڕ بوون، جارێ سەرانە و باج، جارێ خەرج و کەرانە لەم و لەو دەسێنێ).

هەروەها لە بەرەبەیانی جەنگی جیهانی یەکەمدا کە لە ساڵی ١٩١٤ی.ز ڕووی داوە، سوپای عوسمانییەکان بەرامبەر بەهێزەکانی ئینگلیز شکستیان هێنا و شکان، ناچار هەرکەسێکیان بگرتایە کە مووی ڕیش و سەری ڕەش بوایە دەیانکرد بەسەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگیان دەکرد، بۆیە ناویان ناوە ڕەشبگیر، ئەمە لە کاتی سەفەربەردا، جا هەر کەسێک بەرتیلی بدایە بەرەڵڵا دەکرا، ئەوەش پارەی نەدایە گورج ڕەوانەی سەربازی دەکرا، بۆیە شاعیرمان لەم بارەیەوە بەتورکی وتوویەتی:

پارە وێرانلەر جوملە عاف ئۆڵسون
پارە وێرمیان قورعە قاف ئۆڵسون

واتە: (ئەو کەسەی پارە بەبەرتیل بدات لە سەربازی عاف دەکرێ، ئەوەش بەرتیل نەدات ڕەوانەی سەربازی دەکرێ).

شاعیر لە سەردەمی عوسمانییەکان لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ڕۆژێ ڕێی دەکەوێتە گۆڕستانێک و دەچێتە سەر گۆڕێک و ڕووی دەمی دەکاتە مردووەکە و دەردە دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ و دەڵێ:

چە شەڕ و خەتەر تەمام بێباکی
خۆزگەم وە حاڵت ئەسیر خاکی
لەحاف گڵکۆت کێشانی وە سەر
وە هیچ مەزانی والی و[٨] عەسکەر
مەشریق تا مەغریب جیهان بی وە نار
سوزیان وە لەهەب سیغار و کیبار



خەڵکان پەشێو حاڵ چەمەری و کۆسەن
میللەت ئینتیزار ئەمیرێ دۆسەن

مردووەکەش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

ئەنکیر و مونکیر[٩] گوناهم نویسا
ئێستام خاسترەن چە حوکم عیسا

واتە: (خۆزگەم بەخۆت کە لە شەڕ و مەترسی بێ باکی، پێخەفی گڵێنەت کێشاوە بەسەردا و بێ پەروای لە پارێزگار و سەربازەکان، وا سەرتاسەری جیهان لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرنشین، گەورە و بچووک بەکڵپەی ئاگر سووتاون، خەڵکی پەشێو حاڵ و کۆس کەوتوون، میللەت چاوەڕوانی میرێکن تا بەفریایان کەوێ و لە نەهامەتی و کوێرەوەری و ماڵوێرانی و ئاوارەیی ڕزگاریان بکات، جا مردووەکەش لە وەڵامدا وتوویەتی: (ئەنکیر و مونکیر گوناهەکانمیان تۆمار کرد، بەڵام ئێستام لە حوکمی عیسا بەلاوە چاکترە).

یان دەڵێ:

خۆ حوکم ڕۆمی نە عام دییارەن
مەغدووران پامال دەور غەددارەن

واتە: (بۆ خەڵکی ڕوون و ئاشکرایە کە تورکە عوسمانییەکان زۆر زاڵم و ستەمکارن، هەمیشە مافی هەژارەکانیان پێشێل کردووە).

شاعیر نەک تەنیا دژ بەڕژێمی عوسمانی بووە بەڵکو دژ بەئینگلیز و لایەنگری چەوساوە و ئاوارە و هەژاران بووە و بەرگری لێ کردوون، هەر لەبەرئەمەیە نازناوی (شاعیری چەوساوەکان)مان پێ بەخشیوە، ئەم شیعرانەی خوارەوە بەڕوون و ئاشکرا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەچەسپێنن:

ئەر شای ئێرانەن، ئەر شای تورانەن
هەر دۆش زەواڵی شاهی کوردانەن
چە لای شای تورکان ئینساف نەمەندەن
خوداوەند ناموس غیرەتش سەندەن

واتە: (پاشای ئێران و پاشای توران (تورکیا)، هەردووکیان دژ بەمیرەکانی کوردن و دەیانەوێ لە ناویانبەرن، لە لای پاشای تورکیا ئینساف و بەزەیی نەماوە، خوا غیرەت و ناموسی بۆ نەهێشتووە).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بەدرێژایی مێژوو رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران و تورکیا هەمیشە خەریکی پیلانگێڕی بوون دژ بەمیللەتی کورد.

یان دەڵێ:

زەمانەی زەندیق دەور ئینگلیزەن
پارە لە پەدەر یەکجار عەزیزەن

ئەم شیعرەی لە سەردەمی ئینگلیزەکاندا وتووە، واتە: (هەنووکە سەردەمی ئینگلیزە بێ باوەڕەکانە، بۆیە پارە و پوول گەلێ لە باوک ئازیزترە).

یان:

ئارۆ زەمانەی دەور ئینگلیزەن
نێکان وە بێزەن، نانێک عەزیزەن
دە جار داد چە دەس تایفەی شەریر
زوڵم و تەعەددا ئەکەن وە فەقیر

واتە: (ئەمرۆ ڕۆژی ئینگلیزەکانە بۆیە تاقمی خراپەکان هان لە ڕیزی پێشەوە و خۆشەویستن، دەستەی چاکەکانیش پشتگوێ خراون و کەس هەواڵیان لێ ناپرسێ، دە جار داد، لە دەست دەستەی شەڕخوازەکان، زوڵم و زۆر لە هەژارەکان دەکەن).

یان:

پەرێ ستەمکار مەبەر بەنۆکەر
چە باتی ئوجرەت مەپاچۆت جگەر

واتە: (مەبە بەنۆکەری پیاوی زاڵم و ستەمکار، چونکە لەجیاتی پاداشت خوێنت دەمژێ).

یان:

بێ عەدل و عادل یەکسەر مونافیق
سەرداران بەخیل سەرجەردەی سابیق

واتە: (هەر هەموو سەردارەکانمان چاوچنۆک و ئاغای جەردە و ناڕاست و دوو ڕوون).

یان:

خەلیل چە ڕاستی گەر قیمەشکەران
گوفتەی ڕاست ماچۆ نەزد ئەغیاران



واتە: (ئەگەر خەلیل لە پێناوی هەق و ڕاستیدا پارچە پارچەش بکرێ، ملکەچی بێگانە نابێ و هەمیشە بەتوندی دژیان ڕادەوەستێ).

جا بۆیە شاعیر هەمیشە بەدەستی چەوسێنەر و بکوژ و ستەمکار و زاڵم و بەدڕەوشتەکان ئاوارە و دەربەدەر کراوە و نان بڕاو بووە و لە دۆست و خزم و کەسوکاری خۆی دوورخراوەتەوە و زیاتر لە جارێکیش بەند کراوە وەکو لەم کۆپلە شیعرەدا ڕووی دەمی دەکاتە یەزدان و دەڵێ:

هەتا کەی بەدەست فیرقەی ئەغیاران
مەبۆم بەکۆچەر مەحرووم نەیاران؟
تا کەی بەگوفتەی گرۆی ستەمکار
ببۆم ئاوارە نەسارا و کۆسار؟
تا کەی بەدەست ناکەس نا بەچە
نان بڕیا ببۆم بێ سفرە و خوانچە؟
یا ڕەب هەتا کەی ئی ڕەنجەڕۆیی
مەوینیم لایق پەی برا ڕۆیی؟

واتە: (خوایە هەتا کەی بەپیلانی دوژمنان ببم بەکۆچەر و لە دیدەنی دۆست و یاران بێ بەش بم؟ ئەی هەتا کەی بەقسەی دەستەی ستەمکاران ئاوارەی دەشت و کێو بم؟، بەدەستی ناکەس بەچەش نان بڕاو و بێ خوان و خوانچە بم، خوایە هەتا کەی ڕەنجەڕۆیی و براڕۆییم پێ ڕەوا دەبینی)؟

یان دەڵێ:

یا ڕەب کەس وێنەم پشت شکیا نەبۆ
وە دەس زاڵمان دەس بەستیا نەبۆ

واتە: (خوایە کەس بەوێنەی من بەدەستی زاڵم دەست بەستیا و پشت شکیا نەبێ).

خەلیل منەووەر مرۆڤی چاوتێر و دڵاوای خۆش ویستووە بۆیە وتوویەتی:

(میرزا) تامەندەن نی ڕووی ڕۆژگارە
پەی مەرد سەخی خزمەتگوزارە

واتە: (تا میرزا لەم ڕۆژگارەدا دەژی، بۆ پیاوی چاوتێر خزمەتگوزارە). لە هەمان کاتیشدا دژ بەچاوچنۆک و داوێن پیس و دز و درۆزن و پیاو خراپ و هەتیوچە بووە، بۆیە

هەمیشە لە ڕێگای شیعرەکانیەوە ئامۆژگاری خەڵکی کردووە تا لەو نەریتە خراپ و پڕوپووچانە دوور بکەونەوە وەکو لەم شیعرانەیدا ئەم هەقیقەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

یاران هیچ کەسێ بەکام نە یاوان
وە چەفتی و درۆغ دزدی ڕای کاروان
یە کردار پیشەی پیاو ڕاستگۆ نییەن
هەر چەند لای دزدان وە خاس باو بییەن

واتە: (ئازیزانم هیچ کەسێک بەکردەوەی خراپ و درۆ و دزی و ڕێگەگرتن لە کاروان نەگەیشتۆتە ئاوات و ئاکامی خۆی هەرچەندە ئەم کردەوانە بەلای ڕێگرانەوە باوە و بەچاکیشی دەزانن، بەڵام پیشەی مرۆڤی خاوێن و ڕاستگۆ و هەقپەروەر نییە).

یان:

هەر کەسێ بەد وات خار مەیۆ نەڕاش
هەر کەسێ خاس وات یار مەیۆ نەڕاش

واتە: (هەر کەسێک خراپە بڵێت، خراپەی دێتە ڕێ، چاکیش بڵێت چاکەی دێتە ڕێ)، ئەمە لەم پەندە فارسییەوە وەرگیراوە: (نیک کونی با خود کونی - بەد کونی با خود کونی).

یان:

ئینسان چە ڕای ڕاست مەبۆ چالاک بۆ
هەمیشە پاک و هەم دامان پاک بۆ

واتە: (دەبێ مرۆڤ لە پێناوی چاکە و ڕاستیدا هەمیشە ملکەچ و خاوێن و داوێن پاک بێ).

یان دەڵێ:

گەر چەمێ پیس بۆ پەی کۆری خاسەن
گەر زوانێ بەد بۆ قابیل مەقاسەن

واتە: (ئەگەر چاوێ پیس بوو بۆ کوێری چاکە، زمانیش بۆ خراپە وتن بەکار هات شایستەی بڕینە).

شاعیرمان ئامۆژگاری نەوەی ئەو ڕۆژگارە و ئەمڕۆمان دەکا بۆ ئەوەی نەبنە داردەستی بێگانە و دوژمنی سەرسەخت و نەبنە ناحەزی یەک وەکو دەڵێ:



یەکتر مەشکنێ پەرێ ئەغیاران
نەک کەرۆتان پەند پەی واتەی سالان

واتە: (بۆ خاتری بێگانە پشت لە یەکتر مەکەن و مەبنە ناحەزی یەکتر، ئەگینا شەرمەزار و ڕیسوا دەبن).

شاعیر دەربارەی ڕێزلێنان لە دراوسێ وتوویەتی:

چەنی هامسایان نەکەی کینە و جەنگ
فەردا مەوانات ناکەس کەچ لەنگ

واتە: (لەگەڵ دراوسێدا بەربەرەکانی و شەڕ نەکەی، ئەگینا لەناو کۆمەڵدا ناوت بەخراپە دەردەچێ).

شاعیر میرزا خەلیل هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری بەهێز بووە، ئەوەتا لە چامە شیعرێکدا داوا لە هۆز و تیرەکانی کوردەواری سەرتاسەری کوردستان دەکا تا بەدڵ و بەگیان دەست لەناو دەست بن بەیەک و هاریکاری و دەستباری یەک بدەن و لە ڕۆژی تەنگانەشدا فریای یەکتر بکەون، هەروەها لەو ڕۆژگارەدا بەشێوەیەکی هونەری دەستنیشانی سنووری باشووری کوردستانیشمان بۆ دەکات کە چیای حەمرینە وەکو دەڵێ:

ئا دمای عەشرەت گەرمیان تا سەرین
گردین نە جەنگەن تا (جەوەڵ حەمرین)
خەدەنگ مەشانان وە ڕووی یەکترین
هەم بەیەک ماچان قسەی تاڵترین
کوشتەی یەکترین دەبا وەس بۆ وەس
بورازدێ وە یەک بودێ هانارەس

واتە: (ئەو دوایی هۆزەکانی گەرمیان و کوێستان هەر هەموویان تا (چیای حەمرین) قسەی خراپ بەیەکتری دەڵێن و لەگەڵ یەکدا دەجەنگێن، ئیتر با شەڕ بەس بێ، بەدڵ و بەگیان پشتی یەکتری بگرن و لە کاتی تەنگانەشدا فریای یەک بکەون).

هەروەها لەسەر کوێرەوەری و ماڵوێرانی و ئاوارەیی خۆی و تێکڕای کورد ڕووی دەمی دەکاتە بارەگای پەروەردگار و دەڵێ:

خوایە هەتا کەی مەویم هەراسان
دەربەدەر شاران وە دەس ناکەسان؟

یا ڕەب هەتا کەی دەروونمان خوون بۆ
گرۆی خاسانت دیل و زەبوون بۆ؟

واتە: (خوایە هەتا کەی بەپیلانی ناکەسان بەدڵی پڕ لە خوێناوییەوە دەربەدەر و ئاوارەی شاران بین و دەستەی چاکانیشت دیل و زەبوون بن؟).

یان دەڵێ:

شاری سلێمانی شاری شێرانەن
جاگەی ئەکراد و شاری شێخانەن
نە مولکی غەیرە و نە هین عوسمانی
شاری پیران و پاتشای بابانی

بۆ بەهار و جەژنی نەورۆزیش شیعرێکی زۆر جوانی داناوە، ئەمەش چەند خشتێکە لەو شیعرە:

کۆچ کەرد زمستان، ئانە وەهارەن
فەسڵ گوڵزار و هەم میر غوزارەن
یادی نەورۆز و جەژنی قوربانەن
عید کاوەی نەبەرد قەومی کوردانەن
یادی فەرەیدوون مەردێ نەهەنگەن
یادی سواران شێرانی جەنگەن
جەژنی مەل و قوش درەخت باخانەن
ڕۆی ساز و سەمتوور دیدە مەستانەن
هەر مەلێ نەغمێ مەواچۆ پەی وێش
زام زامداران سارێژ مۆ نە ئێش.

واتە: (وا بەهار تەشریفی هێنا و زستانیش بەفر و سەرما و سۆڵەی خۆی پێچایەوە و کۆچی کرد، وەرزی گوڵزار و میرغوزار هاتە پێشەوە، بیرەوەری جەژنی نەورۆزە کە بەخەبات و قوربانی هاتۆتە کایەوە، جەژنی کاوەی نەبەرد و نەتەوەی کوردە، یادی فەرەیدوون و جەنگاوەرانی نەبەردە، جەژنی پەلەوەر و درەخت و دار و دەوەنە، ڕۆژی خۆشی و ژەنینی ساز و سەمتووری چاومەستانە، لە خۆشیدا هەر مەلێ ئاوازێ بۆ خۆی دەڵێ، برینی برینداڕانی پێ سارێژ دەبێ).



شاعیر لە بەرهەمەکانیدا کەڵکی لە پەندی پێشینانیش وەرگرتووە ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو پەندانە:

* نە گەورە باخان بکەری وە جاخ
نە ناوەجاخان بکەری چراخ
– واتە: پیاوی زاڵم بەدۆست نابێ و هیواش لە مرۆڤی هیچپووچ ناخوازرێ.
* حەرفێ کافییەن ئەر کەسێ کەس بۆ
– واتە: بۆ مرۆڤی ژیر و زانا تەنیا وشەیەک بەسە، بۆ نەزانیش هەر بلێ.
* هەنی کافییەن (خەلیل) نەوانۆ
قەدر زەڕ خاس زەڕگەر مەزانۆ
– واتە: خەلیل ئیتر بەسە و هیچ مەڵێ، قەدری زێڕی چاک ها بەلای زێڕینگەرەوە.
* هەدیەی فەقیر خورمای بێ چنچک
ئەجر ئەبێ جووجک داڵدە وە بنجک
– ئەم پەندە یەکێکی هەژار بەکاری دێنێ کە بڕواتە لای گەورەیەکی خۆی و داوای کارێک، یان شتێکی لێ بکات.
* بێباکی لە لەوم هەم تیروتانە
کردەی عالەمە بردەی ئەمانە
– واتە: خەڵکی دەیکا و ئەوان دەیخۆن، ئەمە بەیەکێکی دەڵێن نەکارا و حازری خۆر بێ.
* هیچ گەوهەر وێت مەدەرە لە سەنگ
چاوش لە حەشرا ناسێنێ تفەنگ
– واتە: قسەی خۆت بەفیڕۆ مەدە.

شاعیر لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دوو جار گیراوە و فڕێدراوەتە گرتووخانەوە یەکەم جار لە ٢٤ی شەوال ساڵی ١٣١٢ی.ک بەرامبەر بە١٨٩٤ی.ز بەپیلانی چەند ناحەز و پیاوخراپێک شەو و ڕۆژێک لە شارۆچکەی کفریدا بەند کراوە، لە بەندیخانەدا شیعرێکی زۆر جوان و ڕازاوەی بەناونیشانی (غەمبارەن ئیمشەو)ەوە هۆنیوەتەوە، ئەمەش چەند خشتێکە لەو شیعرە:

غەمبارەن ئیمشەو... غەمبارەن ئیمشەو
مورغ دڵ بێ عەیش غەمبارەن ئیمشەو

ڕەوشـەنی چەشـمم غـوبارەن ئیـمـشـەو
عیشرەتم سەر تەوق زەننارەن ئیمشەو
تەن مەحبووس بەند دیشوارەن ئیمشەو
مـەسکەنم حوجرەی پڕ نارەن ئیـمـشـەو
مەر (خەلیل) خوین و فەوارەن ئیمشەو
وەی تەور زەلـیل و زگـارەن ئیـمـشـەو

واتە: ئەمشەو خەمبار و دڵتەنگم بەرچاوەکانیشم لێڵە و خۆشیشم لێ هەراسان بووە، خۆم لە ژووری بەندیخانەی ئاگریندا دەبینم، خەلیل بەم جۆرە خوێنی دەجۆشێ و خەمبار و زویرە).

ئینجا دەڵێ:

وە کەردەی ئەلەست جەببارەن ئیمشەو
بەواسیـتـەی قەوم بەدکارەن ئیـمـشـەو
وە دەسـتی موفتی غـەددارەن ئیـمشـەو
مـەزڵووم بێکەس و بێ یارەن ئیـمـشـەو

واتە: (بەفەرمانی خوا و بەهۆی بەدکار و بەدەستی موفتی غەددارەوە وا ئەمشەو بێ کەس و مەزڵووم، بێ یار و یاوەر لە بەندیخانەدا سەقامگیر بووم).

تا دەڵێ:

تەئریخ شەووال بیست و چارەن ئیمشەو
دوازدە و سێسەد و هەزارەن ئیـمـشـەو

واتە: ئەو شەوەی لە بەندیخانەدا بووە لە بەرواری ٢٤ی شەوال ساڵی ١٣١٢ی ک. بووە. جارێکی تریش لە کاتی (سەفەربەر)دا لە دێی (عەرەبکۆیی) گیراوە و ڕەوانەی بەندیخانەی (داقووق) کراوە بەو نیازەوە بیکەن بەسەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی بکەن، لە پاش شەو و ڕۆژێک ئازاد کراوە، لە داستانەکەی (سەفەربەر)دا ئەم ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەمەش چەند خشتێکە لەو شیعرە:

چە (عەرەبکۆیی) پەیدا بی مەحشەر
ئایل و ژەنان خاک مەکەرد وە سەر



ریشـوەت و ڕەجـا هیچ نامـا وە کـار
بەغـەیر چە ڕۆ ڕۆی فـەریاد و هاوار
زایەڵەی مـەحبـووس پەشێـوی خەراو
کێشیـا شـەربە و کوننە و جام و ئاو

تا دەڵێ:

من هەم پەریشـان ئەحـواڵ مـوکـەڕەر
بێـداد بێ ئیـمـدا بێ چارەی ئەفـقـەر
عـیـسـا ئەفـەندی بەرلواچە قـار
مـیـرزا خـەلیلش چە بەند کـەرد قـورتار

واتە: (لە عەرەبکۆییدا بوو بەڕۆژی حەشر، ژن و منال خاکیان دەکرد بەسەرا، جگە لە هاوار و گریان نە ڕیشوە و نەیش ڕەجا بەکەڵک نەدەهات، حاڵ و گوزەرانی بەندییەکان زۆر خراپ و دژوار بوو، خەڵکی بەکوندە و جام ئاویان بۆ دەبردن، بەندەی بێ کەس و هەژاری بێ چارەش لەگەڵیاندا حاڵ پەشێو بووم، عیسا ئەفەنی لە ئەسپی قین دابەزی و لە بەندیخانە ڕزگاری کردم).

شاعیر بەشێوە زاری (ماچۆ/ گۆران) شیعری نووسیوە و سوودی لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانیش وەرگرتووە و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە، هەروەها لە هەندێ شوێندا بۆ ڕازانەوەی بەرهەمەکانی شیعری تورکی یان عەرەبی تێهەڵکێش کردوون، ئێمە بەپێی توانا ئەو شیعرانەمان لە پەراوێزدا شی کردۆتەوە، زۆربەی بەرهەمەکانی لە بابەت: «کۆمەڵایەتی، داشۆرین (هەجو) دولگە، دڵداری، نەتەوایەتی، نزا و موناجات، داستانە شیعر، مێژوو، پەند، دوور بینی و پێشبینی و تێبینی) دەخولێنەوە. لە ڕوانگەی ژیان و پەروەردەیشەوە بایەخی داوە بەخووڕەوشتی پاک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەکو لەم شیعرانەدا ئامۆژگاری خەڵکی دەکات تا لە نەریت و ڕەوشتی خراپ دوور بکەونەوە و دەڵێ:

مـاڵ دنیـا پیـچەن گەوج نەودێ پەرێش
نەکـەردێ پەرێش دڵ یەکـتـرین ڕێش
دوور بەر چە بوهتان یەکار وە تۆ چێش؟
مەکەر گیزە گیز پەی پیسی وەک مێش

وێت وه هامڕاز قومارباز نەکەی
یانە و ئایلت وه بێ ناز نەکەی
مارزه کناچەت تەمەن دراز بۆ
زوو بدەش وەشوو با سەرفراز بۆ
چەنی کەچ بینان مەوەر وه ڕاویار
مەدۆت وه دەم گورگ وێش مەدۆ پێوار

ئەمەش بەکورتی واتای شیعرەکانە: (ماڵی دنیا هیچوپووچە لە پێناویدا دڵی کەس ئازار مەدە و لە بوختانیش دوورکەوە، چونکە ڕەوشتێکی ناشیرین و ناڵەبارە، پەیمانی دۆستایەتیش لەگەڵ مرۆڤی قوماربازدا مەبەستە، چونکە نەریتێکی خراپە و ماڵ و منداڵت دەخاتە سەر ساجی عەلی، ئەگەر کچی عازەبیشت هەبوو کە داخوازیکەری هات بیدەرە شوو، لەگەڵ پەیمانشکێنیش ئۆغر مەکە، دوور نییە لە ڕێگاوباندا گورگانخواردت بکا).

میرزا دەربارەی بێ قیمەتی و پارە زۆری (تَضَخُمْ) لەم کۆپلە شیعرەدا وتوویەتی:

پارە وێنەی سەنگ تەمام بسیارەن
فەقیر و زەنگین تالیب وه پارەن
ئێستا هەرکەسێ یەکجار هەژارە
وه هەزار لیره نماچۆ پارە

واتە: (پارە هەروەکو چەو و زیخ زۆرە، فەقیر و هەژار لە هەڵپەی پارەدان، ئەوەی ئەمڕۆ زۆر هەژار بێ بەهەزار لیرە ناڵێ پارە).

بەڵام میرزا خەلیل خۆی هەرگیز بەدوای پارە و پوولدا نەگەڕاوە و بەچاوێکی سووکیشەوە لێی ڕوانیوە وەکو دەڵێ:

سازندەی سەگسار سفلەی بێ وەفا
شەرت بۆ پەی تۆ نەدەرۆم جەفا

واتە: (ئەوەی تۆی هێناوەتە کایەوە سەگسار و سپڵە و بێ وەفایە، مەرج بێ لە پێناوت جەفا نەکێشم و خۆم ماندوو نەکەم).

یان:



من چە ئەوانەم نامشان دییارە
ئەسڵەن موحتاج نیم وه ئاقچە و[١٠] پارە

واتە: (من لە ڕیزی ئەو کەسانەم کە ناودارن، هیچ پێویستیم بەپارە و دراو نییە).

یان: ڕووی دەمی دەکاتە پارە و پوول و دەڵێ:

تفو لە چارەی ئیجاد کەرت بۆ
کیمیازەن دایم ڕەنجبێوەرت بۆ

واتە: (تفو لەو کەسەی کە تۆی دروست کرد، دەک ڕەنجبێوەربێ).

شاعیر پیاوێکی بەئاین و لە خواترس بووە، بۆیە زۆر جار بەدەم دوعا و نزاوە لە خوا دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

ئیمانم هەنەن خوداوەند یەکەن
محەمەد ڕەسوول بێ ڕەیب و[١١] شەککەن
(ختم المرسلین) گشت پێغەمبەرەن
(شافع الأمة) ڕۆژ مەحشەرەن
خولاسه چە نوور (رسول الأمین)
خەلق بی (ذی ڕوح) سەما تا زەمین
حەق بەوێش واتەن (لولاک لولاک)
(یا رسول الله ما خلقت الأفلاک)

واتە: (ئیمانم هەیە خوا یەکە، بێ گومان محەمەد پێغەمبەریش دوا پێغەمبەرە، لە دوا ڕۆژیشدا هەر خۆی ڕەجاچی سەرجەم موسڵمانانە، خوا لە نووری خۆی گیانلەبەران و ئاسمان و زەوی دروست کردووە، هەر خوا خۆی فەرموویەتی: محەمەد ئەگەر لەبەر خاتری تۆ نەبوایە ئاسمانەکانم نەدەهێنایە کایەوە).

شاعیر لە شیعرێکدا حەزرەتی عەلی و ئیمامی عومەری کردووە بەهاوتای یەک و دەڵێ:

یا (حەق)، یا (عومەر) پەرێ عەدل و داد
یا (عەلی) پەی دەفع عەدو کەر ئیجاد
یا (مەهدی) و (مەسیح) زوود بکەر ئیزهار
ڕەواجدەن وه دین نەبیی موختار

واته: (خودایه حەزرەتی عومەر بۆ عەدالەت و عەلیش بۆ ڕاونانی دوژمن بێنە کایەوە، یان مەهدی و مەسیح زوو ئاشکرا بکە تا ڕەواج بدەنە ئاینی پێغەمبەری هەڵبژاردە).

شاعیر پیاوێکی هەژار و دەستنەڕۆ بووە، هەمیشە بەکاسبکاری و ڕەنجبەری و گۆزەکاری و چەخماخسازی و کتێب و شانامە خوێندن گوزەرانی کردووە و منداڵەکانی بەخێو کردووە، وەکو خۆی لەم شیعرانەدا وتوویەتی:

مەواچان میرزا بێ ماڵەن هەژار
ئانە هەژارەن نەزان و بەدکار

– واته: (دەڵێن میرزا خەلیل نەدارا و هەژارە، هەژار و بێ نەوا ئەو کەسەیە کە نەزان و خرابکارە).

یان:

برا من فەقیر کاسب و ڕەنجبەر
خەریک وە تاقم فیشەک پڕکەر

زووتر چەخماخسازەکان بەگوندەکانا دەگەڕان بۆ پڕکردنی فیشەک و چاککردنەوەی چەکی جۆراوجۆر، بۆیە لەو شیعرەدا دەڵێ: (براینە بەندە هەژار و کاسب و ڕەنجبەرم، پیشەیشم چەخماخسازییە).

تا دەڵێ:

چەند ڕۆژەن بەندە غەمبار و خەستەن
کەردەنم سەفەر فیشەک هوربەستەن

واته: (وا چەند ڕۆژێکە خەمبار و نەخۆشم، بۆ فیشەک پڕکردن ئۆغرم کردووە).

لە چامە شیعرێکی تورکمانیشدا دەڵێت:

بەنیدم بیر کاسب ساحب عەیال
سنعەتم فیشەکچیلق ئیدی حەلال
هەمدەخی (موللا) ئیدم ساحب قەڵەم
ئاشنای عەرەب و ڕۆم و عەجەم
حوسن خەتمواریدی میقدار حاڵ
(قسە خوان) ئیدم جیهانده ماهو ساڵ



هەر عەشایردە گیزەردم دەمبەدەم
قەبز ئیدەردم نەقد و ئەرزاق و درەم
سێواریدی بەنی هەر ساحب کەرەم
ئۆڵمش ئیدم عالم ئیچرە موحتەرەم
ڕەزم ڕۆستەم ئۆقیوردم نازئیلە
هەفت لەشکر جەنگنی ئاوازئیلە
جوملە عالەم سەیر ئێدەردی یوزمە
یەغلیوردی خەلق بەنم ئاوازمە
(قرة العین) عەشایر ئۆڵدم ئەوەڵ
جەمع ئەموال زەخایر ئۆڵدم ئەوەڵ
شوهرەتم ئافاقە دوشدی بێ دەلیل
بارک الله ئافەرین ئەی (میرزا خەلیل)

واته: (من کاسبکارێکی خاوەن ماڵ و منداڵ بووم، پیشەیشم بەحەڵاڵی چەخماخسازیم دەکرد، مەلایەکی قەڵەم بەدەست بووم، ئاشناییم لەگەڵ عەرەب و عەجەم و تورکدا هەبوو، دەسخەتیشم خۆش بوو، بەشەوان هەمیشە کتێبم بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، جار بەجار دەچووم بەسەر هۆزەکاندا دەگەڕام و پارە و بژێوم کۆ دەکردەوە، هەموو کەسێک منی خۆش دەویست و لەناو خەڵکیدا ڕێزم هەبوو، بەسۆزەوە شەڕوشۆڕی ڕۆستەمی زاڵم دەخوێندەوە و بەدەنگ و ئاوازیشەوە شانامەی شەڕەکانی حەوت لەشکرم دەگێڕایەوە، خەڵکی دەهاتن و دەبوونە تەماشاکەرم، بەدەموچاو و ڕوخسارما دەڕوانین و دەگریان، ببوومە بیلبیلەی چاوی هۆزەکان و پارە و پوولێکی زۆرم کۆکردەوە، ناوبانگم لە جیهاندا بڵاوبۆوە و دەیانوت یاخوا هەر بژی و خوا بتپارێزێ ئەی میرزا خەلیل).

لە ناوەڕۆکی چامە شیعرێکی تردا وا دەردەکەوێ شاعیر لە پیشەی تفەنگسازی و فیشەک هەڵوەسی بێزار بووە، چونکە گوللە دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ... بۆیە بۆ یەکجاری دەستی لێ هەڵگرتووە، ئەمەش چەند خشتێکە لەو شیعرە:

لە فیشەکهەڵوەس... لە فیشەکهەڵوەس
یاران تەوبە بۆ لە فیشەکهەڵوەس

یان:

کەرەسەم گرد کەرد تەڵخەک و تەرمەس
لە عـەشـایـردا مـەگـێـڵام وە قـەس
خەڵک لە خزمەتم دەس وە بانی دەس
ئاوازەی کـارم بەرز بی چون جـەرەس

واتە: (ئیـتـر تەوبە بێ فیـشـەک هەڵنەوەستم، کـەرەسـتـەکـانم تەڵخـەک و تەرمـەسم کۆکردەوە و بەسەر هۆزەکاندا دەسووڕامەوە، خەڵکی لە خزمەتما ڕاوەستا بوون، ناوبانگی خۆم و پیشەکەم وەکو زەنگ زڕایەوە).

شاعیر دەربارەی ڕەنجبەری و کشتوکاڵیش وتوویەتی:

وە بێ نـان و ئـاب... وە بـێ نـان و ئـاب
ڕەنج دوازدە مـــاهـ وە بێ نـان و ئـاب
پاک درەو کــەردم چە تەمــووز و ئـاب
چە تاو گـەرما سـووچیـام وەک کـەباب
قرچەم کۆمـەڵ کەرد وە سەد ئاخ و داخ
بەردم وە خـەرمـان وە شـەغـرە و ولاخ
قـرچەم گـێـرە کـەرد وە پاگـێـرە و چان
شـەنکەردم پاخـوا بێ سـەبر و وچان

واتە: (ڕەنجی سـاڵێکم بەبێ نان و ئاو لە مـانگی تەمـووز و ئابدا دروونە کـرد، لە تاو گەرما بووم بەکەباب، بەسەد ئاخ و داخ قرشەم کۆکردەوە و بەهۆی شەغرە و ولاخ گوێزامەوە سەر خەرمان، بە چان و پاگێرە قرشەم گێرە کرد و بەبێ وچان پاخوام شەن کرد).

یان دەڵێ:

زمـسـتـان شـووم... زمـسـتـان شـووم
ڕاش چە نەمـان بەست زمـسـتـان شـووم
هێـمـانێ تۆمم نەکـەردەن وە شـۆم
نە یەو نە گـەنم مـشـتـێ نەدارۆم
نمەز وە لای کێ دەخـالەت بـەرۆم
پەنج قـزناخ گـەندم قـەندەهار بارۆم؟



پەیدام کـەرد گـەندم پڕ کیـسـەیە جـاو
چە لای مام سـەلیم بێ پارە و حەسا و
بلێ وە لای کێ بـاری جـفـتێ گـاو
تـا تـۆمـــشـکـەری نـەزمـی بـەراو؟

واتە: (وا زمسـتانی بێ فەڕ ڕێی لێ بەستین، خۆ هێشتا نە ئەرزم کێڵاوە و نەیش تۆوم کـردووە، مـشـتێ گـەنم و جـۆیشم نـیـیـە، نازانم پەنا بەرمە لای کێ تا قـسناخێ گـەنمی قەندەهاریم بداتێ؟، ئەوە لای مـامە سـەلیم پڕ بەتوورەکـەیەکی جاو گەنمم بەدەست هێنا، ئەی بڕۆمە لای کێ بۆ جووتێ گا تا لە زەوییەکی بەراو تۆوی کەم)؟

وا دەردەکـەوێ شـاعـیـرمـان لە پاش جـووتکردن و دروونە و گـێـرە و شـەنکردن چەند پیاوێکی چەکداری ئاغا هەڵدەکوتنە سەر جێزە گەنمەکەی و لە پاش فەردەشکردنی زۆربەی گەنمە پاککراوەکە بۆ خۆیان دەبەن، بۆیە ئەمیش پەست دەبێ و بەڕاشکاوییەوە دەڵێ:

کـاتێکم زانـا ئـامـایە چەند کـەس
شـەحنەی خۆ پەسـەن، فـەڕاش چەک وە دەس
چەند خـادەم زک شـۆڕ چەندێ مل قـەوی
هەر کـەس وە قـوربان ئاغـای وێش مـەوی
دەور گـەندم داشـان وێنەی قـەلەرەش
خـولە و حـوسـە کـۆر چەنی وەلە ڕەش
چارتەی سـەغـیـرم کـەردشـان بەش بەش
پەی وێشـان بەردشـان مـەردان پڕ غـەش
دیتـر چۆن نەبۆم بەکـۆچەر شـاران
چۆن نـەبۆم هـەژار بەدەس بـەدکـاران

واتە: (کـاتێکم زانی چەند کـەسێک لە شـەحنە و نۆکـەر و چەکـداری سک شـۆڕ و مل قەوی لە لام ئامادە بوون هەریەکەیان دەست بەسینگەوە دەبوونە قوربانی ئاغـای خۆیان، خولە و حوسە کوێر و وەلە ڕەش لە چەشنی قـەلەڕەش دەورەی گەنمیـان دا، ئەو فێـڵبـازانە شکارتە بچکۆلانەکەمیان دابەش کردەوە و بۆ خۆیانیـان بردو ئیتر چۆن بەدەستی بەدکاران بەکۆچەر و ئاوارەی شاران و هەژار نەبم)؟

شاعیر لە شیعری دووربینی و پێشبینیدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆ نموونە هەندێ شت

و کەرەستە و ئامێری پێشکەوتوو کە لەو رۆژگارەدا نەبووە و کەس بیریشی بەلایانا نەچووە، ئەو ژیرانە دەسنیشانیان دەکات کە هەندێ لەوانە ئەمڕۆ بەرچاو دەکەون و بەکاریان دێنن، یان: باسی هەندێ رووداوی داهاتووی کردووە کە خەڵکی ئەو رۆژگارە گەمەیان پێ هاتووە و بەلایانەوە ڕەواجی نەبووە، تەنانەت بەکفریشیان زانیوە، وەکو لەم شیعرانەدا وتوویەتی:

مزگەفت بێ مەلا ویرانە مەبۆ
پەرێ بەیانقوش وە لانە مەبۆ

واتە: (مزگەوتەکان بەبێ مەلا و وێرانە دەبن و دەبنە شوێن و هێلانەی کوندەبوو).

بەڵێ ئێمە بینیمان بەعسییەکان لە کوردستاندا بەهەزاران گوند و مزگەوت و تەکیە و پەرستگا و گومەزی پیاوچاکانیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرد، جا نەک تەنیا بوون بەهێلانەی کوندەبوو بەڵکو بوون بەهێلانەی مار و موور و جانەوەریش.

یان دەڵێ:

دائیرەی شاهان وە هەرڕاج مەبۆ
تەلای بوزرگان وە تاراج مەبۆ

واتە: (تەخت و فەرمانگەی شاکان هەرڕاج و زێڕی گەورە پیاوانیش تالان دەکرێ)، جا نەک تەنیا خۆیان و فەرمانگەکانیان نەمان، بەڵکو ناوی شایش لەسەر زمان نەما و کەس بەکاری ناهێنێ و ناوی تر شوێنی گرتەوە وەکو: سەرکردە، سەرۆک، سەردار، سەرگەورە، هەروەها لەم ئاخروئۆخرەدا بینیمان لە عێراقدا نەک تەنیا ماڵ و سەروەت و زێڕ و پارە و پوولی گەورە پیاوان تالان کرا بەڵکو هی هەزاران کەس تالان کرا و بەفیڕۆ ڕۆیشت، تەنانەت ئەو تالان و برۆیە بانک و فەرمانگەکانیشی گرتەوە.

یان دەڵێ:

تۆپ و تەییارە تفەنگ زۆر مەبۆ
پەرێ مەوت مەرگ بێ قسوور مەبۆ

واتە: (تۆپ و فڕۆکە زۆر دەبن و بۆ کوشتن و برین بێ نەنگ دەبن).

یان:

کوڕە و کناچە وە مەلا مەبۆ
هەردۆ لا زانا وە یەکلا مەبۆ



واتە: (کوڕ و کچ دەبنە خوێندەوار و زانیاری بەدەس دێنن و لە بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتا دەبنە یەک).

هەروەها دەڵێ:

ئا وەختە دەوری عارفان مەبۆ
دەوری سنعات و عاقڵان مەبۆ
نەزان پڕ جەفا بێ شوهرەت مەبۆ
زانا نەشادی نەڕاحەت مەبۆ
وا نیاری لای عام بەڕەوا مەبۆ
سەدای خەبەرات وەک هەوا مەبۆ
نەقلش پەی شاران وە ئاسان مەبۆ
قاسدان پەرێش وە ڕەهوان مەبۆ
ئەسپ و مادییان گشت وەبێز مەبۆ
پەرێ ڕاویاران گشت بێهێز مەبۆ
ئەسپ ئاهەنی خەیلێ باو مەبۆ
نەگەرما و سەرما وە بێ خاو مەبۆ

واتە: (ڕۆژگارێ دێ دانایی و زانایی و پیشەسازی باوی دەبێ و خەڵکی لە خۆشی و پشوودانا دەبن، گرووپی نەزانان بێ ناو و هەمیشە لە ناڕەحەتی و ماندووبوونا دەبن، خوێندەواری بەلای هەموو خەڵکییەوە ڕەواجی دەبێ، دەنگی ڕاگەیاندنی هەواڵەکان چەشنی با بەخێرایی دەگەن و گوێزانەوەشیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر زۆر ئاسان دەبێ و پۆستەچییەکانیش بەخێرایی دەیگەیەنن، ئەسپ و ماین بێ هێز دەبێ و ڕێبوارەکان بێزیان لێ دەبێتەوە و بەکاریان ناهێنن، ئەسپی ئاسنین دێتە مەیدان و لە سەرما و گەرما باکی نابێ و بەلای مرۆڤەوە ڕەواجی دەبێ).

یان دەڵێ:

نرخ واردەنی فرێ بەرز مەبۆ
چە لای مەردمان شەراو فەرز مەبۆ

واتە: (نرخی خواردەمەنی گەلێ بەرز دەبێ، خواردنەوەی شەرابیش بەلای خەڵکییەوە زۆر ئاسایی دەبێ)، کە خواردنەوەی بەلای کاکەیی و تێکڕای موسڵمانەوە ناڕەوایە.

زووتر لەناو کـوردەواریدا قـژ بڕین بەلای ئافـرەتانەوە مـۆدە نەبـووە و زۆریش نەنگ و شوورەیی بووە، پیاوانیش هەرگیز بەسەر پەتی لە ماڵەوە دەرنەدەچوون، جا شاعـیر لەم بارەیەوە دەڵێ:

ژنان وە بێ پرچ قـاچاش بـاو مـەبۆ
مێردان بێ (مێزەر) بێ (کلاو) مەبۆ

واتە: (بەلای ژنانەوە قژ هێشتنەوە باوی نامێنێ و پیاوەکانیش بەبێ کلاو و سەروپێچ، بەسەر پەتی دەسووڕێنەوە).

پیرەمێردی نەمر[١٢] ١٨٦٧-١٩٥٠ی ز لەم بارەیەوە شایەتی دەدا و دەڵێ:

جـــاران ئـەیانـوت وا وا لـێکراوە
لەسـەر لێـقـەومـان پرچی براوە
ئێـسـتـا لە باتی ئەو بەند و باوە
بەبێ شـــوورەیی پرچ بڕین باوە

خەلیل منەووەر بەم خشتە کۆتایی بەشیعرەکەی دەهێنێ و دەڵێ:

واتەنی (خـەلیل) وە یادگـار مـەبۆ
ڕۆیەک مۆ یەک یەک گشت ئاشکار مەبۆ

واتە: (ڕۆژێک دێ فـەرمـایشـەکـانی خـەلیل یەک لەدوای یەک هەر هەمـوویان ئاشکرا دەبن و بەیادگاریش دەمێننەوە).

شـایانی وتنە گـەلێ لە شـاعـیـرانی تریشـمـان هەن پێش مـیرزا خـەلیل پێـشبـینی و نوقلانەیان لە داهاتوو داوەتەوە لەوانە:

ئێڵ بەگی جاف[١٣] ١٤٩٣-١٥٥٤ی.ز تێبینی دەکا و دەڵێ:

گـــەلێ دڵم بەتەنگ دەبێ
سەدای تۆپ و تفـەنگ دەبێ
شەڕی سەرباز بەشـەنگ دەبێ
هـەروا بـووە و هـەروا دەبـێ
دەور دەوری ڕەزا دەبـــــێ
لە دوای ڕەزا غـــەزا دەبێ



لە دوای غـــەزا قـــەزا دەبێ
مـــــەردم دەست بەنزا دەبێ
هـەر وا بـووە و هـەر وا دەبـێ

حاجی قادری کۆیی[١٤] ١٨١٥ - ١٨٩٢ی.ز لەم بارەیەوە وتوویەتی:

خـاکی جـزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کـوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان
وا ڕێگەتان دەبەسرێ عـێلاتی جـاف و بڵباس
گەر مردوون لە گەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستان

هەروەها دەڵێ:

وەڵڵاهی ثومە بیللا، تەڵڵاهی ئەم بەڵایە
هەر هێندی پێدەزانن ئیقلیمی کردە تۆفان
تۆفانی ئاو نییە هیچ، دەرچێ لە کێوی جوودی
بەحری تفەنگ و تۆپە، ئینسانە بەحری عوممان

دیسان دەڵێ:

ئەم قیسسەیەی کە کردم ناگاتە چەند ساڵی تر
ئەم حـاڵەتە دەبینن یەک یەک بەچاوی خـۆتان
حاڵ ئێستێکە وەهایە مەگەر خودا بەسووکی
تێکیان بدا وە ئیللا دوورە لە عـەقڵی ئینسان

مەلا عەباس حیلمی کاکەیی[١٥] ١٨٨٢ - ١٩٦٦ی.ز کە یەکێکە لە قوتابیانی میرزا خەلیل، نزیکەی چل ساڵێ پێش بەرپابوونی جەنگە پڕ خوێناوییە درێژخایانەکەی نێوانی عێراق و ئێران لە پارچە شیعرێکدا پێشبینی ئەو شەڕەی کردووە و دەڵێ:

داخل مۆ وە یەک عەجەم و ئەعراب
سەیل خوون ڕاهی مەبۆ وێنەی ئاب
گوفتـارم لەذیذ ئەنگوور و ڕوتاب
مەزەن پەی دەماخ یاران خۆشناب

هەروەها لە بەرواری ١٩٥٣/٥/١٣ی.ز دا - دەڵێ:

حازرەن داوای عەجەم و عەرەو
لەشکر ئامادەن بەدەوان و دەو

شاعیر لە مەیدانی ئەڤینی و دڵداریدا ئەسپی خۆی تاوداوە و چەند پارچە شیعرێکی جوانی بەسەر ئازیزەکەیدا هەڵداوە و ستایشی کردووە وەکو لەم شیعرانەدا وتوویەتی:

لەیلێ گوڵنازەن... لەیلێ گوڵنازەن
ئیسم شەریفش ماچان گوڵنازەن
سەداش چوون بولبول سوب خۆش ئاوازەن
پەی سەیران گوڵ هەر چە پەروازەن
کالای کراسش چیت نازنازەن
توحفەی قافڵەی شار شیرازەن
ڕەوشت و لەنجەش وە غەمزە و نازەن
شۆخەن سەرکەشەن وێنەی شەهبازەن

یان:

ئێران تا توران ڕۆمات سەراسەر
فیدای باڵات بۆ سەوڵ نازپەروەر
های نەو شەعشەعەی پیرۆزەی خاڵت
مەڵلا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
یان لە شیعرێکی تردا وتوویەتی:
چە کوردە ماڵان... چە کوردە ماڵان
میرزام ڕەندێ دیم چە کوردە ماڵان
شەخسێ زەڕ جەمین زەڕ ستوون باڵان
غەزالەی خۆتەن پیرۆزە خاڵان

یان دەڵێ:

کناچە کوردەن خاوەن خەت خاڵەن
دەم نوقڵ و نەبات دوو لیمۆش کاڵەن
پەروەردەی سارای نام کوردستانەن
پەپولەی ڕەنگین نام گوڵزارانەن



پرچش لوول و خام چەنی زوڵفانش
پەخش وەردەن چون حەی وەبان مەمانش

هەروەها دەڵێ:

دەخیلەن ئەی یار بەندەت وە یادکەر
وە یەک ئیلتیفات دەروونم شادکەر
نمەز پەرێ چێش پەوسە بێ مەیلی
بێ مەیلیت وەس بۆ کنا هۆ لەیلی؟

مەلا خەلیل لەبەرئەوەی هەمیشە لایەنگری هەژاران و پیاوچاکان بووە و ئارەزووی لە چاکە و پیاوەتی بووە و قسەیشی لە کەس قبووڵ نەکردووە و هەر کارێکی ناڕەوا و چەوتیشی ببینیبێ دەستبەجێ بەشیعرەوە هێرشی کردۆتە سەر و هەجوی کردووە، جا هەندێ لە بەدڕەوشت و نالەبارەکانی لای سەید ڕۆستەم ئاغا لە دێی (عەرەبکۆیی) دژ بەخەلیل منەووەر وەستاون، گوایە هانی جووتیارەکانی داوە دژ بەئاغای ناوبراو، ئاغایش کە ئەمە دەبیستێ یەکێ لە پیاوەکانی دەنێرێ بەدوایا تا لە پێشیدا ئامادە بێت، بەڵام شاعیری نەفس بەرز و دەروون پاکی بەجەرگمان مەلا خەلیل ڕازی نابێت و بەتوندوتیژی وەڵامی ئەو نۆکەرە دەداتەوە و دەڵێ:

گەر نمەناسیم ها پەنەت واچی
مەلا خەلیلم پەی من چێش ماچی؟
داخم لە جیاتی کەری خەڵاتم
مەکەریم ئەبلە چونکە چە لاتم

واتە: (ئەگەر نامناسیت وا پێت دەڵێم، من مەلا خەلیلم ئەوە تۆ چی دەڵێی؟، لە جیاتی ئەوەی خەڵاتم بکەی دەتەوێ بمکەی بەنۆکەری خۆت چونکە لە لاتم).

کابرای نۆکەر دەگەڕێتەوە لای ئاغا و وەڵامی شاعیری پێ ڕادەگەیەنێ، ئەویش دووبارە دەنێرێ بەدوایا، کە ئامادە دەبێت و لێی دەپرسێ شاعیر ئەوانە بەدرۆ دەخاتەوە و کتوپڕ بەتووڕەیییەوە بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

گەر وە تەمانی دەوران بڕانی
پەرێم بیناکەر یەک گەورە خانی

کەریش وە مەکتەب پەریٚ ئەتفاڵان
دەرۆم تەعلیمشان فریٚ وە ڕەوان
گەر نمەتاوی ئاغا سەی ڕۆستەم
واز چەنەم باوەر مەژنەوە بەستەم

– واتە: (ئەگەر دەتەویٚ دەوران بڕانی، خانوویەکی گەورەم بۆ ئامادەکە تا بیکەم بەقوتابخانە و منداڵانی تێدا ئاشنای خوێندەواری و زانیاری بکەم، ئەگەر ناتوانی ئاغا سەید ڕۆستەم ئەوە بەرۆکم بەردە و گویٚ لە قسە و شیعرم مەگرە).

وا دەگێڕنەوە ئاغا سەید ڕۆستەم داخوازییەکەی بەجیٚ دەهێنیٚ، ئەویش وانە بەمنداڵانی گوندی (عەرەبکۆیی) دەڵێتەوە، ئەم قوتابخانەیە بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بووە، مەلا خەلیل وا هەست دەکات دۆستایەتی و پەیوەندی نێوان خۆی و ئاغا ڕۆستەم بەرە بەرە بەرەو کاڵبوونەوە دەچیٚ و ئیش و گوزەرانی بەگوێرەی دڵی ناسووڕیٚ بۆیە لە چامە شیعرەکەی (شەحنە و نۆکەرانی ئاغا)دا وتوویەتی:

فرزەند (منەوەر) نی عان و دەوران
نمەبۆ ملکەچ گرۆی زۆرداران
(خەلیل) نی مەنزل ئانە کۆچش کەرد
پەی (تۆپزئاوا)[١٦] بوخچە و پێخەف بەرد

لە ناوەڕۆکی ئەو چامە شیعرەی سەرەوەدا وا دەردەکەوێت شاعیرمان مەلا خەلیل لە ئاغا و گزیر و نۆکەرەکانی فرە پەست و زویر بووە گوایە شکارتەکەیان فەردەش کردووە و زۆربەشیان بۆ خۆیان بردووە، ئەوەی ڕاستی بیٚ ئاغا ڕۆستەم پیاوێکی پیاوانە و سەر ڕاست و چاوتێر بووە، شاعیر بۆ ماوەی سیٚ ساڵ لای ماوەتەوە و زۆریش ڕێزی لیٚ گرتووە و خۆشی ویستووە، لە ئیشوکاری ڕۆژانە و هەر کێشەیەکیشدا ڕای وەرگرتووە و ڕاوێژی پیٚ کردووە، بەڵام چاوچنۆک و شۆرباخۆرانی دەوروبەری هەمیشە بۆی پیلانیان گێڕاوە، تا لە ئاغا دووری بخەنەوە تەنانەت فەردەشی جێزە گەنمەکەشی هەر فڕوفێڵ و بیانوو بووە تا زوێری بکەن و لە گوندەکەدا نەمێنیٚ، چونکە ئەم فڕوفێڵ و هیچ کردەوەیەکی ناڕەوای لێیان قبووڵ نەکردووە، ئەو تاقمە کەڵەکبازانە مەبەستیان ئەوە بووە، ئەم لە ئاغا دوور بخەنەوە، تا بەئارەزووی خۆیان لە پشت پەردەوە هەڵسوکەوت بکەن و لە ماڵی ئاغا بخۆن، جا شاعیر لە پاش کۆچکردنی بۆ دێی تۆپزاوە لە چامە شیعرێکدا بەڕاشکاوییەوە دەڵیٚ:



سە ساڵ من کاتب ئاغا ڕۆستەم بیم
زەخیرە و ئەرزاق یەکجار بیٚ غەم بیم
چون حونطە یاوا وە پای هەشت و هەفت
تاڵعم چە لای ئاغا ڕۆستەم خەفت
مەیلش ساوغ[١٧] بی چەی بەندەی زەلیل
ناچار کۆچم کەرد وە لای (سەی خەلیل)
یەک ساڵ و نیمەن هام لە خزمەتش
مەمنوون ئیحسان لوتف و هیممەتش

واتە: (سیٚ ساڵ نووسەری ئاغا ڕۆستەم بووم، لە لایەن زەخیرە و ئازووقەوە بیٚ خەم بووم، کە نرخی گەنم بەرزبۆوە و قسناخی گەیشتە حەوت و هەشت، بەختم لە لای نوست، مەیلی لە بەندەی داماو سارد بووەوە، ناچار کۆچم کرد بۆ لای سەید خەلیل لە ئاوایی تۆپزاوەدا، وا ساڵ و نیوێکیشە لە خزمەتیدام، زۆر سوپاسی چاکە و لوتف و هیممەتی دەکەم).

شاعیر شیعری لەسەر بابەتی (تەرجیع بەند)یش نووسیوە وەکو لە دیوانەکەیدا لەم شیعرانە بەرچاو دەکەویٚ: (شاعیر و مەنیجە خانی دڵداری، مەلا خەلیل هەر بۆ گەپ هەجوی ژنان دەکات، داستانی چاوەشەکان و کۆخا ئەوڕەحمانی دەلۆیی، نامەی میرزا خەلیل بۆ بەندکراو عەلی ئاغای تەرجیلی لە بەندیخانەی کەرکووک، داستانی کۆخا حەسەن سلێمان غەفوور گەلاٚبادی، هەجوی حەکیم محەمەد نووری) و چەند شیعرێکی تریش.

وەکو دەزانین زووتر ئامێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت نەبووە و زانیاری تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن نەهاتبووە گۆڕیٚ، جا بەشەوان پیاوەکان هەموو شەویٚ لە دیوەخاندا کۆ دەبوونەوە و چرایشیان لەمپایەک یان: قوتیلەیەکی نەوتین بووە، دانیشتوان باسی کشتوکاڵ و مەڕوماڵات و زەویوزار و فرۆشتن و کڕینی دانەوێڵە و ئاژەڵ و میوەیان کردووە، هەر کێشە و گیروگرفتێکیشیان هەبوایە بەدەم چا یان قاوە خواردنەوە باسیان کردووە و چارەیان بۆ دەدۆزییەوە، لە پاشاندا حیکایەتخوان حیکایەتی دەگێڕایەوە، دەنگخۆش دەستی دەنایە بناگوێی و مەقامی دەخوێند، شاعیر شیعر یان شانامەی دەخوێند... هتد.

جا میرزا خەلیل وەکو لە پێشا ئاماژەمان بۆ کرد لە بواری شیعر و شانامە خوێندن لە دیوەخانە کوردییەکانی دەڤەری گەرمیاندا دەورێکی بالاّی بینیوە، هەمیشە بووەتە گوڵی ناو دیوەخـان و بەلای سەرەک هۆزەکان و خەڵکییەوە فرە خۆشەویست بووە و زۆریش ڕێزیان لێناوە، لە گەرمیاندا کەم دیوەخان هەیە میرزا خەلیل منەووەر سەری پێدا نەکردبێ و بەدەنگە پڕ جۆشەکەی شیعر، یان شانامەی فیردەوسی بەشێوەزاری ماچۆی (گۆران)ی تێدا نەخوێندبێتەوە، بەدەم شیعر خوێندنەوەیشەوە تەمبوور (تەمیرە)شی ژەنیوە، بۆ ئەوەی زیاتر زەوق و شەوق بەدانیشتوان بدات و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، زۆر جار شێخ و ئاغا و کۆخا دێیەکان لە پاداشتی ئەو ماندووبوونەی خەلاّتیان کردووە، لە ئەنجامدا هەستی کردووە کەوا ئەو داستان و چیرۆکە ئەفسانـاوییانە بەلای خەڵکییەوە سواون و ڕەواجیان نەماوە، بۆیە وتوویەتی:

شـەرت بۆ لەی دمـا تا وە ڕۆژ مـەرگ
(شـەهنامـە) خوانی مـن بکەرۆن تەرک

واتە: (مەرج بێ لەمەوپاش تا ئەو ڕۆژەی دەمرم دەبێ جارێکی تر شانامە نەخوێنم).

یان دەڵێ:

تـەوبـەی نـەســـــــووحی بـاوەرۆن وە دەم
هەنی تەرک کەرۆن (شەهنامەی ڕۆستەم)

واتە: (دەبێ لەمەو دوا تەوبەی نەسووحی بکەم و ئیتر شانامەی ڕۆستەم نەخوێنم).

هەر ئەو حیکایەت و چیرۆکانە بۆ شاعیر بوونەتە هەوێنی بەهرە و پاڵی پێوە ناون تا شارەزاییەکی چاکی لە دارشتنی چیرۆکە شیعر (داستان) پەیدا بکات و ڕێگایەکی تر بدۆزێتەوە تا جەماوەرەکەی کە گوێ بیست و چەشەی ئاواز و خوێندنەوەی شانامەکانی ببوون ڕازییان بکات و لێی نەتۆرێن وەکو وتمان خەڵکی لە بیستنی شانامە و چیرۆکە ئەفسانەکاندا بێزار و وەڕس ببوون، بۆیە شاعیر زیرەکانە برێ چیرۆکە شیعر بەناوی (داستانە)وە تۆمار دەکات، بەلاّم داستانەکانی ئەم هیچیان ئەفسانە نەبوونە بەڵکو ڕووداوگەلێکی ڕاستەقینە بوون، یان ئەوەتا خۆی تیایاندا ژیاوە و کاریان تێ کردووە، جا وەکو پەیامنێر بە خەڵکی ڕایگەیاندووە و تیایاندا هێرش دەباتە سەر زاڵم و ستەمکار و خوێنرێژ و خۆفرۆش، خۆشبەختانە لەم بەرهەمانەی چەند داستانێکمان لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکاندا بەدەستهێناوە لەوانە: «داستانی شەهید بوونی سەید ئەحمەدی بەرزنجی،



داستانی جەنگنامەی سەفەربەر (چیرۆکی شەڕی جیهانی یەکەم)، داستانی ڕەشبگیر (سەفەربەر)، داستانی جەنگی نێوان داودە و تاڵەبانی، داستانی گورگە هارەکە، داستانی چاوەشەکان و کۆخا عەبدولڕەحمانی دەلۆیی، داستانی کۆخا حەسەن سلێمان غەفووری گەلاّبادی، میرزا لە داستانە شیعرێکدا سکالاّی خۆی لای ئاغا ڕۆستەمی کاکەیی دەکا و دەردە دڵی خۆی لەلا هەڵدەڕێژێ»، جا سەرجەم ئەم داستانە شیعرانە لە ڕووی مێژوویی و وێژەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی و کەلتووری و زمانەوانییەوە گەلێ سوودبەخشن، بەتایبەتی لە بواری مێژوودا، شاعیر لە ڕێگای ئەم چیرۆکە شیعرانەوە فرە شتی شاراوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لاپەڕە بێگەردەکانی مێژووی نەتەوەکەمان لێی بێ بەشن وەکو ئەو باسانەی لەم داستانانەدا هاتووە: (داستانی جەنگی سەفەربەر، داستانی ڕەشبگیر، داستانی شەهیدبوونی سەید ئەحمەدی بەرزنجی لە ساڵی ۱۹۰۸ی.ز دا.

ئینجا شاعیر داستانە شیعرەکانی خۆی لە دیوەخانەکاندا بۆ دانیشتوان بەشێوەیەکی کاریگەر بەسۆزەوە خوێندووەتەوە و بەتەواوی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی و داستانەکانی ڕاکێشاوە، ئەمەش زیرەکی و هوشیاری شاعیر دەگەیەنێ لە بواری بەهرە و داهێنان و دارشتنی چیرۆکە شیعردا، دەتوانین بڵێین لە شاعیرەکانی کەرکووک ئەمیان زیاتر بایەخی بەلایەنی مێژوو و باری کۆمەلاّیەتی داوە.

شاعیر کە دێتە سەر باسی پارە، یەک یەک ئەو پارە و پوولانەمان بۆ دەژمێرێت کە لەو سەردەمەدا ڕەواجیان هەبووە وەک: (قەمەری، قڕان، لیرە، مەجیدی، تارانی، غروش، بێچو، جفتە، چەرخی، ڕوبع مەجیدی، مەتالیک، ئاقچە، پەنجپارە، مەنقوور).

هەروەها جۆری چەکەکانی ئەو ڕۆژگارەیشمان بۆ دەژمێرێت وەک: (ئینگلیزی، فەهیر، مەسقۆف، مارتیلی، ماوزەڕ، پێنجتیر، یەکتیر، سێتیر، هورتمان، مەعدەل، حوسکە، مەکەنزی، قەپاغلی، عرووسی، وەڕوەڕ، بەگلق، شمشێر، خەنجەر).

شاعیر لەگەڵ زۆربەی بوێژانی دەڤەری گەرمیانی ئەو سەردەمەدا دۆستایەتی هەبووە، یان شیعریان ئاڵوگۆڕ کردووە، بەتایبەتی ئەم شاعیرانە: (فەقێ قادری هەمەوەند، ساڵح دەردوونی، گریانی، مەلا عەباسی حیلمی، مەلا زەینەڵ، مەلا فەتۆش، محەمەد چۆبانی کەساس، سەید ئەمین شەوقی)... هتد.

میرزا خەلیل دیوانە شیعرێکی بەزمانی تورکی هەیە و لە لامان پێچراوەتەوە، خوا یار و یاوەر بێ ئەگەر تەمەن بواری دا و بۆمان لوا ئەوە لە داهاتوودا لە بەرگی دووەم بەچاپیان دەگەیەنین.

شاعیرمان له ١٠/٩/١٩٢٣ی.ز دا له شارۆچکەی خانەقین کۆچی دوایی کردووە و لە مەزارگەی پاشا کۆپری سپاردەی گڵ کراوە، خوا لە گوناهی خۆش بێت و بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات.

**چۆن شیعرەکانمان ڕێکخست...؟**

لە دیوانەکەدا شیعرەکانمان بەپێی بابەت ڕیز کرد، واتە بابەتی ئاینی بەجیا و هی دڵداری بەجیا و داستانە شیعریش بەجیا... هتد.

بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا هەر شیعرێکی بوێ بەئاسانی بیدۆزێتەوە، پارچە شیعری وایش هەیە بۆ دوو لا، یان زیاتر دەگونجێ، بەپێویستیشمان نەزانی لە هەر بابەتێکدا پەیڕەوی هیجا بکەین چونکە هەر چامەیەک ناونیشانی بۆ دانراوە.

هەردەوێڵ کاکەیی

پەراوێزەکان:

(١) وەردەک: گوندێکی کاکەیی نشینە، سەر بەشارۆچکەی (نەمردوود)ە لە دەڤەری (مووسڵ)، دەکەوێتە سەر ڕۆخی ئاوی غازر، لە جێگایەکی خۆش و دڵگیردایە.

(٢) تاتە: باوک.

(٣) مەلا سەمەد ١٨٣٩ – ١٩١٥ی.ز کوڕی پیر وەیس خوبیلە زادەیە، یەکێکە لە زانا ئاینییە پایەبەرزەکانی ئەو ڕۆژگارەی کاکەیی.

(٤) باوە ئەحمەدی کاکەیی، دانیشتووی شاری کفری بووە، پیاوێکی پیاوانە و بەئاین، خاوەنی تەکیە و وەجاخ بووە، لە دەرمانگەری میللی کوردەواریدا دەستێکی باڵای هەبووە، یەکێکە لە پیاو ماقووڵانی کفری، لە شۆڕشەکەی ئیبراهیم خانی دەلۆدا بەشداری کردووە، تا هەنووکە نەوەکانی لەوێدا ماون.

(٥) فێس قرمز: تەقیلەی درێژی سوور لە بەرەگنی ساویا و، تەقیلەی تورکان.

(٦) حەرف: لێرەدا مەبەست لە وشەیە.

(٧) عیسا ئەفەندی ئەفسەرێکی عوسمانییەکان بووە، کابرایەکی زاڵم و چەوسێنەر بووە، زۆر غەدری لە خەڵکی کردووە، بەتایبەتی لە سنووری (داقووق)دا، بۆیە شاعیر لە بەرهەمەکانیدا زۆر هێرشی کردۆتە سەر.

(٨) والی: پارێزگار.

(٩) ئەنکیر و مونکیر (نەکیر و مونکەر): دوو فریشتەن لەسەر گۆڕی مردوو ئامادە دەبن و پرسیار لە مردووەکە دەکەن و لە کار و کردەوەی سەر دنیای دەپرسن.

(١٠) ئاقچە: سککە، دراو، پارەی وردە لە ئاسن.



(١١) ڕەیب: گومان.

(١٢) دیوانی پیرەمێرد – محەمەد ڕەسووڵ هاوار – چاپخانەی (ئەلعانی) – بەغدا – ١٩٧٠ی.ز (ل/٢٥٩).

(١٣) دیوانی ئێڵ بەگی جاف – کۆکردنەوە و شیکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە) – تاران/ ١٣٦٠ی خورشیدی بەرامبەر ١٩٨١ی.ز.

(١٤) دیوانی حاجی قادری کۆیی – لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا – پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد – هەولێر/ ١٩٨٦ی.ز.

(١٥) کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی کاکەیی – هەردەوێڵ کاکەیی – کۆی کردۆتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە – بەغدا/ ١٩٨٤ی.ز (ل/ ١٧٣، ٢٧٣).

(١٦) تۆپز – ئاوا (تۆپزاوە): ئاواییەکی کاکەیی نشینە، سەر بەقەزای (داقووق)ە، لە ساڵی ١٩٠٣ی.ز بەزەبری تۆبز دروست کراوە.

(١٧) ساوخ: سارد.

شیعرەکانی شاعیر

# ئەویـنداری

# چە کوردە ماڵان

چە کوردە ماڵان... چە کوردە ماڵان
میرزام ڕەندێ دیم چە کوردە ماڵان
شەخسێ زەڕ جەمین زەڕستوون باڵان
غەزالەی ختوتەن پیرۆزە خاڵان
سەر و کڵافچەی تورمەی زەڕین تاب
پێشانیش وێنەی پڕ بەرق ئافتاب
گۆش و گۆشوارەی تەڵای لەعل ناب
مەر تاوس وە تاج (شای ئەفراسیاب)(*)
کەتفەین بەو گیسووی قەترانی زەڕکەش
مەر کەمەند وە کەتف بازووی (سیاوەخش)
نیمچە ئەگریجان میقراز پڕ نەخش
وە بان گۆنای گوڵگوون بیەن پەخش
جەماڵ بەو جیلوەی جان ستانەوە
ئەبرۆوان وە قەوس قەهرەمانەوە
باڵ برژانگان وە عەینانەوە
مەگەر بادەی بەزم کەیانیانەوە
ئەنف قەڵەمکەش ئوستاد یەزدان
دەم دورج سەدەف گەوهەری نیشان
دوو لە بان سورخ چون لەعل ڕومان
زنج گوڵ تۆپ ڕەنگ خونچەی ئەرخەوان
ساق گەردنش شاهان کەرد بێ هۆش
(بەهرام) لە بەهرش بی وەنمەد پۆش

(*) تاوس: پەلەوەرێکی ڕەنگامەی ئێسک سووکە، کڵاوێکی قووتی جوانی ها بەسەرەوە و بۆی بووەتە (تاج)، شاعیر لێرەدا گوارەکانی ئازیزەکەی شوبهاندووە بەتاجی ئەو پەلەوەرە و ئافراسیاب شا، ئەم شایە لە سەردەمی کەیانییەکانی ئێراندا پاشای (توران) بووە.



چاه غەبغەبش چون میسک مەدا سووش
بلووری نیسبەت دوو باڵ باهووش
کەف حەنای قرمز سینە سیم ساف
بەیان نەجم ئاسا شەوق مەدۆ شەففاف
کەمەربەند باریک شکەم نەرم و ساف
خاڵان هالەدان نەدەوران ناف
گەنج عیسمەتش ڕشتەی کردگار
زرانیان چون پشت سەمەک نەبیحار
نەیجەی پاو دەست چون دانەی ئەنار
وە حەنای گوڵ ڕەنگ ناخوون چون گوڵنار
خولاسە نازدار یەک نازک بەدەن
وە ڕەنگ چون (شیرین) شەهزادەی ئەرمەن
وە شێوەی لەیلای، عامری مەسکەن
وە باڵا وێنەی (زولەیخای یەمەن)
(خەرامان چین) خەجەل چەلاشەن
(گوڵئەندام) کەنیز پابۆس پاشەن
(سنەوبەر) حەیران شوعلەی باڵاشەن
(گوڵشاد) ئاسان بەرگ واڵاشەن
(شاخنەبات) شاگرد لەنجە و لارشەن
(هومەیلا) وە دین پڕ خومارشەن
(تەهمینە) حەسرەت ئینتیزارشەن
(گوڵچیهرە) سەرمەست وە ڕەفتارشەن
عاشقان پەی دین ئەو ئەڵوەداشەن
سەییادان پەرێش هەر واوەیلاشەن
عالەم گشت حەیران زوڵف سیاشەن
(خەلیل) تا مردن هەر لە سەوداشەن

***

## بۆ کچە کوردێک

کناچە کوردەن خاوەن خەت خاڵەن
دەم نوقڵ و نەبات دوو لیمۆش کاڵەن
پەروەردەی سارای نام کوردستانەن
پەپوولەی ڕەنگین نام گوڵزارانەن
پرچش لوول و خام چەنی زوڵفانش
پەخش وەردەن چون حەی وە بان مەمانش
دگان مرواری باڵاش چون چنار
خۆ لەبش ناسک گۆناش گوڵ هەنار
ڕووی سینەش تازە دوو مێوە دارۆ
ڕەهڕەوان دین چە دین برمارۆ
گۆشوارەی شیرین بەند کەردەن نەگۆش
عاشق نەشەوقش بادەی مەرگ کەرد نۆش
وەختێ چە یانە بەرمەشۆ وە دەر
شوولەی ئافتاو کز مەبۆ نە سەر
گەر دڵش تەنگ بۆ بلۆ وە گوڵزار
بێ مەی سەرخۆش مۆ هەزار وە هەزار
گەر بەیۆ بلۆ وەنام زەماوەن
دڵ هەزاران مەدۆ نە پاوەن
هەنی من چەنی نەبۆم سەرنیگوون
نە عەشقش چەنی دڵ نەبۆ بەهوون؟
یاران من چەنی بە(مەجنوون) نەبۆم
وێڵ و ئەراگێڵ زوخ دەروون نەبۆم؟
یاران من چەنی جەرگ بیمار نەبۆم
بێ دەوا و دار و دڵ ئازار نەبۆم؟
(خەلیل) تا زندەن چە رووی ڕۆزگار
مەکەرۆ خزمەت پەپوولەی نازدار

***



## میرزا بەسەر ئازیزەکەیدا هەڵدەدا

دوو هەفتە سالآن... دوو هەفتە سالآن
زوبێد نە تەئریخ دوو هەفتە سالآن
غونچەی نەوڕەسەن زەڕستوون بالآن
غەزالەی خۆتەن پیرۆزە خالآن
سەر وەکلآفچەی تورمەی زەڕین تاب
پێشانیش وێنەی بەرق ئافتاب
گۆش وە گۆشوارەی تەلآی لەعل ناب
مەگەر مەنیجەی شایی ئەفراسیاب
کەتفەین بەو کلآف قەترانی زەڕکەش
مەر کەمەند وە کەتف بازووی سیاوەخش
نیمچە ئەگریجان میقرازی پڕ نەخش
وە بان گۆنای گوڵگوون بیەن پەخش
جەماڵ بەجیلوەی جان ستانەوە
ئەبرۆوان وە قەوس قەهرەمانەوە
خەدەنگ موژگانان وە عەینانەوە
مەر تیر نەتەرکەش کەیانیانەوە
ئەنف قەڵەم کەش ئوستاد یەزدان
دەم دورج سەدەف گەوهەری نیشان
دوو لەب حەمراتر چە غونچەی ڕومان
زنج تۆپ گوڵ تۆپ لەعل ئەرغەوان
ساق گەردنش چوون مینای بەللوور
کارخانەی ئوستاد نەقاشی فەغفوور
عەتر چای غەبغەب چوون میسک کافوور
رایحەش ماما شای شیرین دەستوور
سینەی سیم ساف ئالآی زەڕ نیگار
دوو بەیان کاڵ ڕەژیدەی جەببار

(ظفر أبیض) پەنجە قەڵەمکار
کەف حەننای قرمز ئاڵای سفید تار
خاڵان مونەقەقەش شکەم نەرم و ساف
گرتەن دایرە چە دەوران ناف
لە تەشبیە چون قورس قەمەردان شەفاف
شوورەتش مەنشوور چە قاف تا وەقاف
کەمەربەند باریک سیمین ئالەتەن
گەنج عیسمەتش ڕشتەی قودرەتەن
تەلەسیم حیکمەت سفید چوون بەتەن
زانووان چوون پشت ماهی نەشەتەن
رجلەین مقەووەس زیبای زەڕستوون
پەنجە زەرد و وەنگ چوون تۆک لەیموون
ناخوون ڕەنگ بەستە وە حەننای گوڵگوون
چەند کەس چوون مەجنوون وێڵ کەرد وە هاموون
خولاسە نازدار یەک نازک بەدەن
وە ڕەنگ چوون شیرین شەهزادەی ئەرمەن
وە شێوەی لەیلێ عامری مەسکەن
وە باڵا وێنەی زلێخای یەمەن
خەرامان چین خەجڵ چە لاشەن
گوڵەندام کەنیز پابۆس پاشەن
سنۆبەر حەیران شوعلەی باڵاشەن
گوڵشاد هەراسان بەرگ واڵاشەن
مەنیجە حەسرەت وە دیدارشەن
گوڵچیهرە سەرمەست وە ڕەفتارشەن
عموم عالەم ئینتیزارشەن
(خەلیل) تا مەردەن ڕۆ ڕۆی یارشەن

***



## شاعیر و مەنیجە خانی دڵداری

مەنیجە خانی... مەنیجە خانی[1]
مەعلوومەن نە عام مەنیجە خانی
عاقڵ و دانا هەم خۆش زبانی
سەنگین و سالار هەم سام گرانی
تەشریف ئاوەردی وە لای عەبداڵت
مەڵڵا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
ڕۆژێ بی مەسعوود موبارەک ئەختەر
فەڕ وەستی وە ماڵ (خدر منەووەر)
(ئێران) تا (تووران) ڕۆمات سەراسەر
فیدای باڵات بۆ سەوڵ نازپەروەر
های نەو شەعشەعەی پیرۆزەی خاڵت
مەڵڵا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
(ئێران) تا (تووران)، (حەلەب) تا (عەجەم)
جیهان گەڕدی کەم من وە خاتر غەم
گشت ڕوبع مەسکوون بدەم لە قەڵەم
هەمتای حوسن تۆ نمەوینم وە چەم
سەد تەحسین لە عەقڵ فیکر و کەماڵت
مەڵڵا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
(ئەستەموڵ) وەی تەخت سەر تەخت باڵات
(تەهران) وەی بەیان قەندیل واڵات

---

(١) شاعیر ئەم شیعرەی لەسەر بابەتی (تەرجیع بەند) نووسیوە.
جا ئاخۆ مەنیجە خانی میرزا خەلیل چەندێ جوان و شۆخوشەنگ بووبێ وا ئەوەندە شار و شارۆچکە و گوند و لادێی جوانکیلەی بەرامبەری خستووەتە تای ترازووەوە، جا بڵێی وابێ...؟، بەهەر حاڵ زۆر بەشارەزایی شیعرەکەی داڕێژاوە، وا دەردەکەوێ لە ناو و شوێنی شار و شارۆچکە و گوندەکانی وڵات و دەرەوەی وڵات شارەزایی هەبووە ئەمەش زیرەکی و وریایی شاعیر دەنوێنێ.

(مووسڵ) وەی عەینان سورمەی توور ماڵات
(کرماشان) وەی بەرگ زەرِبافت ئاڵات
(میسر) فیدای ڕەنگ، پرِ شەوق لاڵت
مەڵلا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
(یەمەن) وەی ئەدەب ڕێزەی ڕێز باریت
(عەفەج) وەی دندان ڕێزەی مرواریت
(دەغارا) وەی نام نە عام دیاریت
(بەغداد) وەی لەنجە شیرین نیگاریت
(هەولێر) وەی تەئریخ دوو هەفتە ساڵت
مەڵلا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
(کەرکووک) وەی ماران گێسووی کەمەندت
(شارەزویل) وەی شەدەی شاهان پەسەندت
(ئەسفەهان) وەی قەند سەر قەمچ بەندت
(بەسرە) وە فیدای گوڵخونچەی ڕەندت
(بەدرە) وەی هەیکەل ئاوێزای باڵت
مەڵلا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
(مەندەلی) وەی تاق نەو تاق دیدەت
(سلێمانی) وەی برۆی قەڵەم کەشیدەت
(چەمچەماڵ) وەی زوڵف سیا چەمیدەت
(کفری) وەی نەو توول تازە ڕەسیدەت
(بازیان) وە قوربان دوو لیمۆی کاڵت
مەڵلا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
(بەرزنجە) وەی بەرز بەرزی دەماخت
(تاوغ) وەی گۆنای شەم شەوچراخت
(خورماتوو) وە فیدای باڵای قازاخت
(حەلەب) وە قوربان سیلسیلەی چاخت



(شەمسە) وە زرنگەی زەببو زەڵاڵت
مەڵلا بی حەیران شوعلەی جەماڵت
(حیللە) و (مەرکەز)، (مونتەفک) و (شام)
(بوخارا) و (شیراز) تا (بَیْتَ الحَرام)
(بەڵخ) و (هیندوستان)، (قەندەهار) مەقام
قیمەت باڵای تۆ نمەکۆ[٢] تەمام
عالەم گشت مەلوول پەریَ ویساڵت
(خەلیل) بی حەیران شوعلەی جەماڵت

***

(٢) نمەکۆ: لە دەسنووسێکدا نووسراوە (ناکا) کە هەمان واتا دەبەخشێ.

## شیرین ئەرمەن دیم

شیرین ئەرمەن دیم... شیرین ئەرمەن دیم
شیرین شەهباز شۆخ ئەرمەن دیم
شاهێن شەشدانگ سەوڵ سەمەن دیم
نازدار نازکێش ناسک بەدەن دیم
تەووار تەڕلان گیسو کەمەن دیم
جەیران جەلد خێز کەرکووک مەسکەن دیم
جەمین شوعلەی شەوق زلێخا یەمەن دیم
کوشندەی مەجنوون دوجەیل وەتەن دیم
پێشانی چوون نەجم سوب چە سەحەر دیم
باڵا بەوێنەی توول عەرعەر دیم
ئەبرۆوان چوون قەوس هەفتەی هیلال دیم
ناسک خەرامان خاس خەت و خاڵ دیم
عەین نموونەی عەین حۆر جەننەت دیم
وە ناز چەرخنای وە سەد مننەت دیم
مژان تیر تیژ فیتنە ئەنگیز(۱) دیم
باعیس وە کوشتەی شاه پەروێز دیم
ئەنف ئەلفوار(۲) قەڵەم نیسبەت دیم
کەشیدەی ئوستاد ڕشتەی قودرەت دیم
دەم قووتی مەعجوون دەوای دەردان دیم
سەییاد سەیدگیر نە سەر هەردان دیم
دندان مرواری ڕێزەی سەدەف دیم
چوون دوڕ بارگەی شاه نەجەف دیم

(۱) فیتنە ئەنگیز: ئاژاوەچی.
(۲) ئەنف ئەلفوار: لووتی درێژی ڕێکوپێک.



لەب پەڕڕەی قاقم مەرجانی ڕەنگ دیم
زنج خاڵ نە شکل نەقش فەڕەنگ دیم
چای غەبغەب نەتەرز داللەی(۳) سەحەر دیم
گەردن چوون شیشەی بەللوور زەڕ دیم
جفتێ بەی چە تەرز لیمۆی ئەسفەر دیم
هەم زەرد هەم سفید لەعل ئەحمەر دیم
سەدر (ابیض)ی چوون نوقتەی عاج دیم
خەزێنەی خەیاڵ کەردە تاراج دیم
کەف حەننای قرمز هەم سپی تار دیم
سەر پەنجەش نە تەرح سورخی گوڵنار دیم
پەنجەی دەس و پا قەڵەم کەشید دیم
باڵاش سەوڵ ساف عالەم نە دید دیم
خاڵان پڕ نەقش شکەمش ساف دیم
زەمرووتی ئەلوان داییرەی ناف دیم
تەلیسم گەنجش غونچەی نەرگس دیم
رجلەین زەڕ ستوون هەم مقەوەس دیم
زانووان نە تەرح بەت شەتان دیم
خیتام ئیلهام خاڵ و خەتان دیم
سەرتاپا بێ عەیب حۆری ئەندام دیم
میرزام وات شەخسێ چوون گوڵەندام دیم
ئەسپەردەی بارگەی ئیمام ڕەزا(٤) بۆ
مەحفووز چە ئافات جوملەی قەزا بۆ

(۳) داللە: ڕابەر.
(٤) ئیمام ڕەزا: ئەم زاتە ناوی عەلی کوڕی مووسای کازمە ۷۷۰ – ۸۱۸ی.ز هەشتەمین ئیمامی شیعەیە، ئارامگاکەی لە شاری (مەشهەد)ە کە پایتەختی خوراسانە لە ئێران، بۆیە بەئیمام ڕەزای خوراسان ناسراوە.

تا خەیلێ ئەییام وەی تەور نازدار بۆ
سالم چە ئەنفاس فەرق بەدکار بۆ
عمووم عالەم پەرێش بریان بۆ
سەرمەشق دەفتەر حەبس زیندان بۆ
یا شا ئی نەمام شۆخ شا پەسەند
وە شەوق بمانۆ تا هەزارو هەند
شەرت بۆ تا (میرزا)ی زار زبان بام
مەدداح ئەوساف سەوڵ زەمان بام

***



## شیرین جەماڵت

شیرین جەماڵت... شیرین جەماڵت
ماشائەڵڵا چە شەوق شیرین جەماڵت
ئافەرین چە نەزم کۆی نوختەی خاڵت
دوو شوعلەی شوعاع لە بان لاڵت
پێشانی چوون بەدر چەرخ هەفتەمین
یا نوور قودرەت (رب العالمین)
ئەبرۆوان چوون قەوس فیتنەگای ئەییام
یان کاف کەمەند گورگین بەهرام
مژانان وە نێش مەودای جگەربڕ
یا تیغ بڕان کۆگای دەروون دڕ
عەینەین چوون جەیران سەر دەلیلەی ڕەم
یا زات ئەلکەریم سولالەی مریەم
بێ نێش ساختەی سونع بێ هەمتا
کەشیدەن چوون مەد حەرف بیسمیللا
لەب لەعل یاقووت ڕوممان ئەحمەر
کیشوەر چە مەعدەن بەخشا وە قەیسەر
سینە سفید ساف سافتر چە سەدەف
ئەبیەضتر چە دوڕ بارگەی شای نەجەف
زبان پەڕەی گوڵ خاتوونانەی کۆ
چە ڕێزەی ڕازش قەند مەبۆ کۆکۆ
زەنەق تەڵای تۆپ شاهان پەسەندەن
جای زەنەق هارووت، مارووت تێش وەندەن
گەردن شیشەی زەڕ مائلوەرد ساف
مەملوون چە عەتر ڕایحەی کڵاف

ورشەی سینەی ساف تورفەی لیمۆی زەرد
شەوق سەبز خاڵ نیلی لاجیوەرد
باغەبان چە باغ نەدارۆ خەبەر
دوو تازە توففاح چەنۆ گرتەن بەر
کەس نمەزانۆ شێوەش چ کارەن
سێفەن، شەمامەن یان دەست ئەفشارەن
کەمەربەند باریک شکەم سیم و ساف
چەنی عەتر ناف یاوان بەمەساف
تەن وە تۆی خەفتان شاهەنشاهەوە
موستەغرق وە نوور ماشائەڵڵاوە
کولاه کەچ نییان وە ڕووی فەرقەوە
مەنقووشەن وە بەرق ڕزق و بەرقەوە
قامەت وێنەی سروو عەرعەر توول بێزان
قیامش قووەی قیامەت خێزان
لەمعەی نوور چە شەوق چارەش مەوارۆ
(بَیْنَ اللّه) شیرین پەرییان دارۆ
ناف، ناف جەیران جەردەی پای هەرد
مەملوون چە عەتر حوقەی مائلوەرد
حەمرایی ڕجلەین وە حەننای شاران
زیاتر چە حومر غونچەی بەهاران
سەرتاپا بێ عەیب وەی تەور مەخلووقەن
رەسید زومرەی کۆی (لایَذووق)ەن
یا ڕەب بەحورمەت بێ هەمتایی وێت
بەفەزڵ و کەرەم ڕەهنەمایی وێت
چونکە ئەو حورمە شۆخەن دڵبەرەن
هەر عیوضێ چە عیوض ئەعزاش خاستەرەن



ئەسپەردەی ئایەی ئین یەکادو(*) بۆ
مەحفووز چە ساحر سیحر و جادوو بۆ
باشقەی مەحبووبان سلێمانی بۆ
نازدار عەزیز قەیس (ثانی) بۆ
غەمناکم غەمبار لێوبای لێوە
لێوەی شێوەی شەوق شای شیرین شێوە

***

(*) ئین یەکادو: دەسنیشانە بۆ ئایەتی (وان یكادُ الذين كفروا ليزلقُونكَكَ بأبصارهم لما سَمِعوا الذكر ويقولون أنه لَمجنون) ئایەتی (٥١) سوورەتی القلم. خەڵکی ئەم ئایەتە بۆ چاوەزار و ئیرەیی بەکاردێنن.

## میرزا و شاعیرێکی تر بۆ ژنێک شیعر دەنووسن

شاعیرێکی دەوروبەری کفری بەناوی عەلی شیعرێکی بۆ خاتوو جەمە ناوێک داناوە بەبۆنەی کۆچکردنی هاوسەرەکەی، لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا وا دەردەکەوێت ئەم خانمە فرە خان و مان و شۆخوشەنگ بووە، بۆیە لە شیعرەکەدا ستایشی دەکات و لە جوانی و ناسکیشدا بەهاوتای خاتوو مەریەمی عەزرای داناوە، وێڕای ئەمەش خۆی بەهاوبەشی خەم و پەژارەی زانیوە و بۆی دڵتەنگ بووە، کە شیعرەکە دەکەوێتە بەرچاوی میرزا خەلیلی ئاشنایەوە ئەویش لەسەر هەمان کێش و سەروا چامە شیعرێکی ڕەنگین بۆ ئەو خانمە دەهۆنێتەوە، وا دیارە ئەو ژنە نەرمونیانە زۆر سەرنجی ئەم دوو شاعیرەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بۆیە بەو جۆرە مشووری بۆ دەخۆن و شیعری بەسەردا هەڵدەدەن، دەبا پێکەوە چاوێ بەو دوو بەرهەمەدا بگێڕین و بزانین چۆن هەست و نەستی خۆیان بەرامبەر ئەو ژنە کۆسکەوتووە دەردەبڕن.

ئەمە دەقی شیعرەکەی عەلییە کە لە دەستنووسەکەدا بەهەڵە دراوەتە پاڵ میرزا خەلیل:

### چەی شوعلەی شەمە

چەی شوعلەی شەمە... چەی شوعلەی شەمە
تەبارەکەڵڵا چەی شوعلەی شەمە
شوعلەی پڕ مونیر بەدر چاردەمە
چەی شوعلەی پڕ شەوق ماه دوو هەفتەمە
چەی ئاهووی قەتار دەلیلەی ڕەمە
چەی ئیسم شەریف مەنشوور وە (جەمە)
لا تەشبیە وێنەی دایە مەریەمە
هەرچەند کەریش مەدح هێمان پێش کەمە
گیروەردەی قەزای ڕەبلعالەمە
سەردارش مەردەن دەروون ماتەمە
جودایی ڕەفیق یەکجار ستەمە
ئازیەتبارەن خدێ وە غەمە



یە (عەلی) واتەن پەروانەی شەمە
تەعزییە دارەن بەتەر لە (جەمە)

ئەمەش دەقی شیعرەکەی میرزا خەلیل منەووەرە:

### خەندانم جەمە

خەندانم جەمە... خەندانم جەمە
گوڵ غونچەی گوڵ باغ خەندانم جەمە
سەرتیپ سەردار ڕەندانم جەمە
فەرەح بەخش کۆی زیندانم جەمە
ئەی خاس خاسان خاڵخاسم جەمە
ئەی گەوهەر دوڕ ئەڵماسم جەمە
بانووی پڕ کەماڵ پەروێزم جەمە
شیرین ساحێب شەودێزم جەمە
لەیلێی عامری لەیلاخم جەمە
سەرتاپا لیباس قەڵاخم جەمە
گوڵەندام چین پڕ سامم جەمە
ئمەدپۆش دەور بەهرامم جەمە
زلێخای یەمەن زوڵف عەمبەر جەمە
گفتوگۆی کەلام چوون شەککەر جەمە
نازدار ناسک نازەنین جەمە
شەهزادەی شەشدانگ شای ئەرسین جەمە
شوعلەی ستارەی سیوەیلم جەمە
قاتل مەجنوون دوجەیلم جەمە
سەوزەی واشە چەم ئەسمەرم جەمە
ئەگریجەی... ... ڕم جەمە(*)

(*) ئەو شوێنەی نوختەمان داناوە لە دەسنووسەکەدا سواوە و ناخوێنرێتەوە.

پێشانی چوون نەجم سەحەرم جەمە
ئەبرۆ ڕشتەی سونع ئەکبەرم جەمە
برژانگان قەوس خەتەرم جەمە
عەینان غەزال ئەختەرم جەمە
دەهەن سەر حوقەی گەوهەرم جەمە
دندان سەدەفکار ئەنوەرم جەمە
ئەنف قەڵەم کێش ئەحمەرم جەمە
زنج پڕ خاڵ سورخ ئەسفەرم جەمە
چای غەبغەب پڕ مسک عەنبەرم جەمە
گەردن چوون شیشەی گەوهەرم جەمە
سەدر ساحێب مەم سەمەرم جەمە
شکەم ئاهووی جەرد تەتەرم جەمە
ناف خانەی پڕ عوود مەجمەرم جەمە
رجلەین مقەوەس دڵبەرم جەمە
سەوزە هەم باڵا عەرعەرەن جەمە
دوو ئەبرۆش نووک تیژ خەنجەرەن جەمە
مەعلوومەن (میرزا) پەروانەی شەمە
هەر شەم شەمشەن نەداخ (جەمە)

***



## لەیل بێ وەفا[1]

لەیل بێ وەفا... لەیل بێ وەفا
لەیل بێ بەینەت بێ مەیل و وەفا
پڕ خەشم و پڕ قار پڕ جەور و جەفا
کەس دوو ڕۆژ نەکەرد لە سایەت سەفا
یاشا کۆس کەفۆ وە ناو باوانت
ڕۆڵە نەوینێ خێر لە داوانت
شەربەت شەهدت وەدایم شۆر بۆ
هەفت ساڵ چوون یەک ڕۆژ دوو چاوت کۆر بۆ
زویخاوان جاری بان بەرگت بۆ
مەرگ من شاتر دمای مەرگت بۆ
زبانت لاڵ بۆ دەس و پات ڕەق بۆ
قەزا پەی مەرگت نازڵ چە حەق بۆ[2]

(١) شاعیر ناونیشانی شیعرەکەی بەفارسی وا داڕێژاوە: (هجُو نفرین کردن میرزا صاحب جمال را)
واتە: میرزا هەجووی ئەویندارەکەی دەکا.
(٢) بەداخەوە دەسنووسەکە لێرە بەدواوە لێی ون بووە، لەگەڵیدا پاشماوەی شیعرەکەش بەر نەمان کەوتووە، وا دەردەکەوێ ئەویندارەکەی پەیمان شکێن بووە، بۆیە بەو جۆرە هەجوی دەکا.

## خۆشەویستی

یاری ئازیزم دیدە قەترانی
وەچی وێت چەمن دادەن پەنهانی؟
مەپۆشی کالا هەر ڕۆ چە یەک ڕەنگ
خەناو شادیتەن ئەی قامەت قەشەنگ
بەندەت نە یاد شی یا مەیلت نەمەند
یا قەوم و خێشت خار نە ڕاگەت شەند؟
خۆ زامم پڕ ئێش هوونەن ناسوورەن
پەرێ بالای تۆ عەینم بێ نوورەن
(سەن گێل عەزیزم مەن بیمارم چۆق
مەڵحەم ئەیلە جان مەن تیمارم یۆق)[1]
(ئۆڵمە وەفاسز یارم هەر سەنسەن
سەندەن ئیراق کیمسە گۆرمەرەم مەن مەن)[2]
هەنی با وەس بۆ یاری نەو نەمان
با ببۆت مروەت تۆ بدەر شیفام
ماچ گۆناکەت یان: لێوی ئاڵت
پەرێم دەواهەن قەستەم بەخاڵت
(خەلیل) جانشین ماوای (کەرکووکەن)
گێرۆدەی زوڵفی یاری نەوبووکەن

***

(١، ٢) ئەم دوو خشتەی بەتورکی داڕێژاوە و دەفەرمێ: (ئازیز بێ وەفا مەبە هەر تۆ یاری دڵگرمی و لە تۆ زیاتر کەسم خۆش ناوێ، دە وەرە بەداو و دەرمان گەلە برینەکانم سارێژکە).



## بۆ گوڵنازی دڵخوازی لە (سەڵاحیە)[*]

لەیلێ گوڵنازەن... لەیلێ گوڵنازەن
ئیسم شەریفش ماچان گوڵنازەن
سەداش چون بولبول سوب خۆش ئاوازەن
پەی سەیران گوڵ هەر چە پەروازەن
کالای کراسش چیت نازنازەن
توحفەی قافڵەی شار شیرازەن
ڕەوشت و لەنجەش وە غەمزە و نازەن
شۆخەن سەرکەشەن وێنەی شاهبازەن
سفیدی ئەندام چون پەڕ قازەن
مەر بانووی بێ عەیب شار (بەنغازەن)
چون نەخل و شمشاد بالاش درازەن
مەر جیهانئەفرووز یا (قەمەرناز)ەن
نیمچە ئەگریجان قەطع میقرازەن
مەر تووڕەی نیشان بازووی قەیتازەن
ئەبرۆوان قەوس شۆخ تیر ئەندازەن
زەوج موژگانان ڕیشەی دڵ گازەن
ئیشارەی عەینەین تیر وەقگازەن
کاریگەر چە دڵ هەم بێ ئیجازەن
خاڵانش پڕ نەقش عەجایب سازەن
مەر بانووی تەعریف خان و نیازەن
خولاسە نازدار یەک پەری ڕازەن
رازش لە سەمتوور فەوج سەروازەن

(*) سەڵاحیە (صلاحیە): ناوی مەرکەزی شاری کفرییە لە سەردەمی ڕژێمی عوسمانییەکاندا.

مەحبووبەی حەنین نازک دڵوازەن
سەرتاپا بێ عەیب حۆری مەجازەن
(خەلیل) دێوانەی شۆخ سەرئەفرازەن
پەی مەدح دڵبەر هەر لە پێشوازەن

***



## نامەی شاعیر بۆ یارەکەی

دەخیلەن ئەی یار بەندەت وەیاد کەر
وە یەک ئیلتیفات دەروونم شاد کەر
ئەمز پەرێ چێش پەوسە بێ مەیلی
بێ مەیلیت وەس بۆ کنا هۆ لەیلی؟
ناز و لەنجەکەت فرێ شیرینەن
ها ئەجزا و دەرمان زام و برینەن
توخوا بەلەنجە یاخود نازەکەت
یاخود بەقاژ و دیدە بازەکەت
یاخود بەسۆز و قسە و ڕازەکەت
یاخود بەدوو حەی بێ ئیجازەکەت
یاخود بەچین چین پرچە خاوەکەت
یا بەکەمەرە و زەڕ کڵاوەکەت
ساکنی بدەر وە ئێش پڕ جۆش
تاکە زامانم ببانێ خامۆش
دڵم چە خوونەن مەکەرەم لۆمە
چە عەشق تووەن قامەتم کۆمە
گەر چەمم کەفۆ وە دوو چەم تۆ
یاخود بەکوڵم و لێو و دەم تۆ
یاخود بەسینە و جووتە مەم تۆ
مەبۆم چواردە ساڵ زو بەزوو چەنۆ
(خەلیل) ساکن بەر ئیلحاح خەسارە
یارت وێش مەیۆ ئارۆ یان سارە

***

## وە سەر سەراویٚ(*)

ئارۆ ڕاگەم کەفت وە سەر سەراویٚ
دیم نەونەمامیٚ باوان خەراویٚ
دیدە پڕ سورمە قەتران سیاویٚ
مەمان چون هەنار باڵا لاولاویٚ
خۆ خاڵی گۆناش شیرین بی ئەوەند
مەواتت نەقشش کیٚشان خوداوەند
دەهەن چون قوتی لووت کیٚشیای قەڵەم
قامەت چون شمشاد شرینەن پەرچەم
دەستش نەرم و شل باهوو پڕ خرخاڵ
دگان مرواری گەردن پڕ لە خاڵ

(*) ئەم چامە شیعرەمان لە ڕۆژی ١٩٧٤/٧/١٣ی.ز لە پووریٚ کافیەی کچی حەمە ئاغای خوبیلەی کاکەیی لە شاری سلیٚمانی بەدەس هیٚنا، هەروەها لە ١٩٨٥/٩/٢٥ی.ز دا هەمان شیعرمان لە خاڵە ڕەحیم مەنەی پینەدۆزیش وەرگرت کە خەڵکی دێی عەرەبکۆیی بوو، کەمیٚ جیاوازی لە نیٚوانیاندا هەبوو... کامیانمان بەلاوە پەسەندتر بوو ئەوەمان لیٚرەدا تۆمار کردووە.
شیعریٚکی فۆلکلۆریش بەم ناونیشانەوە هەیە مەقامبیٚژە میللییەکانی دەڤەری گەرمیان لە تەک ئاوازی ئاییی - ئاییدا دەیلیٚینەوە کە بەم جۆرە دەستپیٚدەکات:

میرزام سەراویٚ... میرزام سەراویٚ
ئارۆ ڕاگەم کەفت وەسەر سەراویٚ
دیم کە نیشتەوی تەرک تەراویٚ
کونەش پڕ مەکەرد باوان خەراویٚ
کونەش پڕ مەکەرد چە دەریای بیٚ پەی
پەنجە چون شمشاڵ قامەت ویٚنەی نەی
پەنجەی شمشاڵی مەکەرد وە ئاودا
مەداش وە زوڵفان خەیاتەی خاودا

... هتد. بڕوانە ل/٤٨ی هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان - بەرگ/١. هـ. کاکەیی ١٩٨٥ بەغدا.



بەویٚنەی ئاهوو ناسک بەدەن بی
خاوەن ناموس و ناز و دەم خەن بی
ئاشنانە دەستوور پەریٚ لاش لوام
وە ڕەسم ئەدەب پەنەش دام سەلام
جەوابدا دەردەم سەلام وە بان چەم
یەکسەر فارغ بیٚ دڵ چە ئیٚش و خەم
واتم: ئەی پەری وە سەر گەردت بام
فیدای دوو دیدە و لیمۆی زەردت بام
تۆ سەرەی کاکەت مەرحەمەتیٚ کەر
وە تەنها ماچیٚ ڕزگارم بکەر
یاخود باوەرە خەنجەریٚ نوک تیٚز
جەرگم پارە کەر وە گشت توانا و هیٚز
دۆستانە ئاسا ئاما وە کەرەم
واتش فەرمانت وە بان سەرەم
من یار تووەنان مەگیٚرە خەتام
خوا یار بۆ هەردوو مەیاویم وە کام
دیدە و دەم و مەم سینەی مەڕمەڕم
سۆقاتەن پەریٚت هەم خشڵ و زەڕم
هیلالی چواردەم ڕۆحی شیرینم
پیٚشکەش وەتووەن یاری دیٚرینم
گیس و ئەگریجە پەرچەمی خاوم
گرد پەریٚ تووەن جەرگ و هەناوم
چەی گفتوگۆدا بەئەمر خودا
بەدکاریٚ ئاما ئیٚمە کەرد جودا
خۆزگە بەدکاران چە ئەزەڵ وەرین
وە سەرشان ماما بەد چە بەدتەرین

چونکە بەد توخم بەدی مەشانۆ
هەنی وەسەن خوا با بەد نەمانۆ
(کاتب الحروف) میرزا خەلیلم
پەرێ ئا شۆخە فرێ زەلیلم

***



## دووربینی و پێشبینی

میرزا خەلیل – بەم جۆرە پێشبینی لە ئایندە دەکا کە دەڵێت:

ڕۆیەک مۆ مەردان وەناخاس مەبۆ
چەلاشان ئەدیان وە پەڵاس مەبۆ
مزگەفت بێ مەلا وێرانە مەبۆ
پەرێ بەیانقوش وە لانە مەبۆ
چە لای دەروێشان دەف بێناز مەبۆ
سۆفی نەڕای دین وە ئیغماز مەبۆ
سەیید سەر سەوز وە جامباز مەبۆ
وە بێ کەرامات بێ ئیعجاز مەبۆ
حاکم و ملووک وە هاشا مەبۆ
فەقیر هەژاران بەپاشا مەبۆ
خانەدان چە ڕاهـ بەد ئەتوار مەبۆ
گرۆی یار و دۆست وە ئەغیار مەبۆ
دائیرەی شاهان وە هەڕاج مەبۆ
تەڵای بوزورگان وە تاراج مەبۆ
خاوەن دیوەخان تار و مار مەبۆ
بەختش فرەوان سیا تار مەبۆ
مەردم چە ڕای حەق بێ باوەڕ مەبۆ
دز و درۆزن بەیاوەر مەبۆ
تۆپ و تەییارە تفەنگ زۆر مەبۆ
پەرێ مەوت مەرگ بێ قسوور مەبۆ
کوڕە و کناچە وە مەلا مەبۆ
هەردۆلا زانا وە یەک لا مەبۆ
کوڕە و کناچە وە هامدەم مەبۆ
بێ خەوف نە ڕاگەی شای بێ غەم مەبۆ

ئا وەختە دەوری عارفان مەبۆ
دەوری سنعات و عاقڵان مەبۆ
نەزان پڕ جەفا بێ شوهرەت مەبۆ
زانا نە شادی نە ڕاحەت مەبۆ
وا نیاری لای عام بە ڕەوا مەبۆ
سەدای خەبەرات وەک هەوا مەبۆ
نەقڵش پەی شاران وە ئاسان مەبۆ
قاسدان پەرێش وە ڕەهوان مەبۆ
ئەسپ و مادییان گشت وە بێز مەبۆ
پەرێ ڕاویاران گشت بێ هێز مەبۆ
ئەسپ ئاهەنی خەیلێ باو مەبۆ
نە گەرما و سەرما وە بێ خاو مەبۆ
هەم وەش دەماغ و هەم تێژ باڵ مەبۆ
وە بێ وەردەنی پەی ڕا زاڵ مەبۆ
نرخ وەردەنی فرێ بەرز مەبۆ
چە لای مەردمان شەرا و فەرز مەبۆ
زینا وە بەر پا فرەوان مەبۆ
بێ شەرم و حیجاب وەک حەیوان مەبۆ
ژەنان وە بێ پرچ قاچاش باو مەبۆ
مێردان بێ مێزەر بێ کڵاو مەبۆ
ئەختیاران عەبڵە گشت بێ نام مەبۆ
بەچە هەم ژیر و هەم پڕ فام مەبۆ
واتەنی خەلیل) وە یادگار مەبۆ
ڕۆیەک مۆ یەک یەک گشت ئاشکار مەبۆ.

***



## دولگە

### پرسەنامە(*)

عەبدات غەمین... عەبدات غەمین
عەبدات عەزیز برای دڵ غەمین
مەحزوون مەحرووم سنف ماتەمین
فرزەند نازدار ئەو سۆفی ئەمین
وەنەت مەعلووم بۆ جۆشیا جەرگم
سەرواز کەرد زیخا و وە بان بەرگم
فەوت پدەرت جەرگم شکاوا
هەناسەی سەردم وە فەلەک یاوا
ئەر سەدکە بەعەین چە لات تەریک بیم
وە پەژارەی غەم زاتت شەریک بیم
چە تۆ زیاتر من خەفەتبار بیم
چە تۆ زیاتر تەعزیەدار بیم
دنیای بێ وەفا... دنیای بێ وەفا
فەریادم چە دەست دنیای بێ وەفا
زەوقش زەققوومەن مەتاعش جەفا
کەس تا سەر نەکەرد چە سایەش سەفا
یەک دەمێ زوڵمات دەمێ پڕ نوورەن
یەک دەمێ وێران دەمێ مەعموورەن
گاهێ چە خەندە گاهێ گریانەن
گاهێ پۆشیدە گاهێ عوریانەن

(*) شاعیر سەردەستەی شیعرەکەی بەفارسی وا نووسیوە: «تَعزیَت نامۀ جناب مرحوم صوفی أمین خردز» ، واتە تازیەنامەی خوالێخۆشبوو جەنابی سۆفی ئەمین کەر دز» .
شاعیر ئەم نامە شیعرەی بۆ یەکێ لە کوڕەکانی سۆفی ئەمین ناردووە.

گاهێ سۆزەی بەرز زمستان مەبۆ
خاتر شکستەی دەست بەستان مەبۆ
گاهێ کیل بەزم گوڵستان مەبۆ
گاهێ تەکیەگای کۆی مەستان مەبۆ
گاه تاڵع نە بورج ئەسعەد مەنمانۆ
گاه دوو شەش وە بەخت حاتەم مەشانۆ
گاهێ چە شادیش عەد و مەمنوونەن
گاهێ دۆستانش فەوت و نیگوونەن
گاه چراغ چەشم گشت عالەمینەن
گاهێ نەفرەتگای ڕووی سەر زەمینەن
گاه (کامل القلب) زومرەی خاسانەن
گاه ناشی و نەفام خود نەناسانەن
گاهێ ئەهل دین شەرع شەریفەن
گاهێ ئەلحەنناس حەربولحەریفەن
چەند شاهان نە تەخت سەرنیگوون کەردەن
چەند نامداران توون وە توون بەردەن
لازمەن شینێ بکەرین پەرێش
چونکە چە غوربەت بییەن جگەر ڕێش
خاس و عامم ڕۆ... خاس و عامم ڕۆ
با بۆی مەعلوومی خاس و عامم ڕۆ
ساحێب دیرایەت پڕ فەهامم ڕۆ
تەدبیر تەفسیر ڕووی ئەییامم ڕۆ
پیران پڕ هۆش توور مەقامم ڕۆ
زاڵ کەیانی نەوەی سامم ڕۆ
غەمین غەمناک پەریشانم ڕۆ
مەحرووم مەکان کرماشانم ڕۆ



ئەفلاتوون فەهم سەرئەنجامم ڕۆ
ئەرستۆی ئافاق لوقمان نامم ڕۆ
دەبیر دەوران مەعنا سەنجم ڕۆ
ڕەممالْ ڕمووز کۆگای گەنجم ڕۆ
بەحر مەعریفەت پڕ خیساڵم ڕۆ
ساحێب ئەدەب و پڕ کەماڵم ڕۆ
مەحرووم دیدار گشت خوێشانم ڕۆ
مەرحووم مەکان کرماشانم ڕۆ
زینەت مەجلیس کیبارانم ڕۆ
هامنشین بەزم بوزرگانم ڕۆ
مەعلووم مەنشوور کفری شارم ڕۆ
جای مەلجا و ئومێد ئیفتیخارم ڕۆ
لەفز دوڕ ئاسار شەککەر ڕێزم ڕۆ
سۆفی سەومەعەی سەحەر خێزم ڕۆ
نەزع نەزرگەی گیان کێشانم ڕۆ
مەدفوون مەکان کرماشانم ڕۆ
خەوف خوداوەند نە دڵ زیکرم ڕۆ
پەی ڕۆژ مەحشەر هەر نەفیکرم ڕۆ
غەریب شاران دوور وڵاتم ڕۆ
وە بێکەس مەردەی بێ دەسەڵاتم ڕۆ
خڕید و فروخت ساحێب دوکان ڕۆ
مەرحووم مەغفوور جەننەت مەکان ڕۆ
بێ قەوم و بێ خوێش بێ یاسینم ڕۆ
عارف دەوران سەر زەمینم ڕۆ
جنازەی مەدفوون بێ ئەغرازم ڕۆ
حەرەم و تیفڵان وە بێ نازم ڕۆ

چێش کەرۆن بابۆ ستارەت چەفتەن
لاشەی شیرینت وە بێ نازکەفتەن
ساقی جام مەرگ گرتە بی وە دەس
چونکە مەینۆش بیت نەکێشات نەفەس
خوداوەند چە سڕ کییانا ئەجەل
وەی تەور نەوییان چە ڕۆز ئەزەڵ
تەمام سەر زەمین نەگێلای وە کام
ئاخر لە عەجەم عومرت بێ تەمام
بەڵێ ئەی یاران ساحێب عەقڵ و هۆش
مەجلیس نشینان گۆشداران گۆش
هیچ مەبن وە تەنگ دنیای مەکرژەن
شادی مەبن پێش پەنج و دوو ڕۆژەن
هەرکەسێ کە وەی، دنیا دڵشادەن
ئاخر پەشیمان ڕەنجش وە بادەن
کەس زەوق دنیاش نەکەردەن تەمام
عاقیبەت مەرگەن ئاخر سەرئەنجام
(کاتب الحروف) بەندەی ئەسیلەن
شاعیر دەوران (میرزا خەلیل)ەن

***



## پرسە و کۆچکردنی شاعیری نەمر
## فەقێ قادری[1] هەمەوەندی

دنیای بێ وەفا... دنیای بێ وەفا
فەریادم چە دەست دنیای بێ وەفا
زەوقش زەققومەن مەتاعش جەفا
کەس تا سەر نەکەرد چە سایەش سەفا
چەند مەشایخان ساحێب موعجیزات
چەند مورشید عیلم ئەهل ئیطاعات
وەکۆ شی یاران یەکسەر پەیا پەی؟
(شەدداد) و (نەمروود) هەم (حاتەم تەی)
وە کۆ شی (مەجنوون) لێوەی پۆست وە دۆش
بەرگ غەم چە داخ عەشق (لەیلا) پۆش
هەر ماما و مەشی وە هەردەی چۆڵدا
وە ئازار مەدا دەست وە کاپۆڵدا
(فەرهاد) شەهزادەی بوڵەند ئیقباڵ بی
پەی خاڵ (شیرین) زەوقش ئیبطاڵ بی
بەرئاوەرد چە بێخ کۆهـ گرانش
قوڵەنگ وێش بی وە هوونی گیانش

(١) شاعیر لە پێشەکی شیعرەکەیدا نووسیویە: (دَر بَیان عَزای فقی قادر) – واتە: دەربارەی ماتەمینی فەقێ قادر، ئەم زاتە شاعیرێکی ناسراوە ناوی عەبدولقادر کوڕی ڕەسووڵ کوڕی جوامێری هەمەوەندییە، لە ساڵانی ١٢٤٦ – ١٢٤٧ی.ک لە دایک بووە و لە ساڵانی ١٣٠٧ – ١٣٠٨ی.ک مردووە، بەرهەمە شیعرییەکانی بەشێوە زاری ماچۆ (گۆران) داڕشتووە، دیوانەکەی لە لایەن مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد لە ساڵی (١٩٨٠ی.ز) لە چاپ دراوە، ئەم شاعیرە لەگەڵ میرزا خەلیلدا دۆستایەتی هەبووە.

نمەز کۆن (بەهرام) نمەدپۆشی کەرد
(گوڵەندانم) نە چین وە زۆرش ئاوەرد؟
کۆن (سینوود) کە ملووک وە تام ئەو دی
(گەڵاّبی) پەرێ چەند ......؟[٢]
کوا (سەنعان) بەو تەوق بەو زینهارەوە
بەو بەستەی زننار دۆست بێزارەوە؟
(جانی) و (جالینۆس)، (جاماس) و (لوقمان)
(ئەرستۆ) حەکیم پڕ حیلم و حاڵزان
چە کۆن (ئەفلاتوون) دیدە پڕ ئەندۆ
مەگرەوا چە داخ ناڵەی ستەمکۆ
(موهەندیس)[٣] چەنی (یاسفی کامیل)[٤]
دەستوور نێک بەخت تەی کەردەی مەنزیل
وەزیران پاک شاهان مەنشوور
(أبو ذوالجمین)[٥] شاپوور گەنجوور
سا کۆن عارفان ئاگا بین چە کار
(میر نەوین ڕەنگ)[٦]، (شەوڕەنگ عەییار)[٧]
چە کۆن ئەسحابان بێگەرد چون مینا
(ریزوان) و (عەتار)، بو عەلی سینا)
چە کۆن شوعەراهان خاس کۆیی خیردمەند
(فیردەوسی)، (حافز)، (نیزامی) نەزم بەند

(٢) ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەدا هەندێکی لێ سواوە بۆیە بۆمان نەخوێندرایەوە و نوختەمان داناوە.
(٣) موهەندیس: ئەم ناوەمان بۆ ساخ نەکرایەوە.
(٤) یاسفی: هەمیسان بۆمان ساخ نەکرایەوە.
(٥) أبو ذوالجمین: نازناوی شاپوورە کە وێنەگری شیرین و خوسرەو بووە.
(٦) میر نەوین: نازناوی خوسرەوی پەروێزە.
(٧) شەوڕەنگ: شەودێز، ناوی ئەسپەکەی خوسرەو شایە، دەڵێن گوایە بەشەوی تاریک نەدەبینرا، شیرینی ئەرمەن شەوێک بەدزی خوسرەوەوە بەسواری ئەو ئەسپە بۆ دیدەنی چووەتە لای فەرهاد لە کێوی بێستووندا.



(قائائی) مەنشوور، (شەمس) و (نەسیمی)
سڕ وەرزان سڕ ئایەی قەدیمی
(عورفی) و (جەللابی)، (کیتابی)[٨] و (مەیلی)[٩]
سەنا گۆی (شیرین)، (زولەیخا) و (لەیلی)
فامدار و بێ فام چوار قوڕنەی جیهان
تیفلان شیرخۆر عاقڵ و نادان
گەدا و پادشا، ماڵدار و بێ ماڵ
پادشا و دەروێش پیر قامەت داڵ
نە دەور ئادەم تا وەی ئەوقاتە
نوقم بین نە خاک ڕەفتەی نەهاتە
خسوسەن سەرمەشق نوسخەی نەوادار
فیردەوسی ئەلفاظ (فەقێ عەبدولقادر)
... بەدیدارش بی
(وساڵ) و (سەعدی) ئینتیزارش بی[١٠]
... (حافز) شاگرد لەفظش
(ئەرستۆ) حەیران... ...[١١]
... هەراسان فیکرەت فامش
نە ڕوبع مەسکوون مەشهوور بی فامش[١٢]
... بێ ئیدراک شوهرەت ئەشعاری[١٣]
بەو لەفز دوڕ سەنج بەو نامداری
رۆژێ نی دنیای دەنی نەبی شاد
خەرمەنەی خەمان هیچ نەدا وە باد
(یوسف) وار نەقەید زیندان گرفتار
(بێژەن) وار نەبەند تورکان بەدکار

(٨) کیتابی: ئەم ناوەمان بۆ ساخ نەکرایەوە.
(٩) مەیلی: بۆمان ساخ نەکرایەوە.
(١٠، ١١، ١٢، ١٣) ئەو شوێنانەی خاڵ دانراون لە دەسخەتەکەدا کوێر بوونەتەوە و بۆمان ساخ نەکرایەوە.

ئاخر وەفات کەرد ئەو عالی جەناب
ئەو سۆفی مەرحووم (مؤلف الكتاب)
رۆح پڕ فتووح شوعەرای زەمان
پەرواز کەرد پەرێ دەروازەی جینان
ئی دەور غەددار بێ شەرت و وەفا
وە هیچ (ذی) ڕۆحێ نەکەردەن بەقا
بەحوکم ئایەی تەفسیر قورئان
مەعلومەن (كُلُ مَنْ عَلَيهَا فَان)[١٤]
یەعنی فانییەن (ذی روح) زەمان
(وَيَبقى وجهُ رَبُّكَ الرَّحمان)[١٥]
بەروح مەغفوور (فەقێ)ی ڕەحمەتی
(فأدخلي في عِبادي، وأدخُلي جَنَتي)[١٦]
نەو کەردەی خاسان (ئەهل سالحون)
(لا خوفٌ عَليهم وَلا هُمْ يَحزَنون)[١٧]
تەعداد بۆ نەو جەمع سولەحای لەتیف
نازڵ بی پەیشان ئی ئایەی شەریف
(عَفى الله عَنْهُ مِنْ يَوْمْ القيام
يَشفَعُ لهُ سَيِّدُ الأنام)[١٨]
نە (يَوْمَ السؤال) مەحشەر و میزان
عەفو بۆ چە دەرگاه ڕەحیم و ڕەحمان

***

(١٤) ئەمە ئایەتی قورئانە، بڕوانە سورة الرحمن - ئایەتی/ ٢٦.

(١٥) ئەمە دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە قورئانە: (وَيَبقى وَجهُ رَبُّكَ ذوالجلال والاكرام) سورة الرحمن - ئایەتی/ ٢٧.

(١٦) ئەمە ئایەتی قورئانە - بڕوانە سورة الفتح - ئایەتی/ ٢٩ و ٣٠.

(١٧) ئەمەش ئایەتی قورئانە - بڕوانە سورة البقرة - ئایەتی ٣٩ و ٢٦٢.

(١٨) بێ گومان هەر کەسێک لە ڕۆژی ئاخیرەتدا بەشەفاعەتی سەیدلئەنام (محەمەد -د.خ-) بکەوێ ئەوە خوای مەزن بەبەهەشتی شاد دەکات، لە قورئانی پیرۆزدا لە چەند ئایەتێکدا باسی ئەمەی کردووە کە هەر کەسێ بەر ڕەحم و بەزەیی پێغەمبەر نەکەوێ هەرگیز اوهەرگیز بەهەشت نابینێ.



## لاواندنەوەی شاعیر
## بۆ مەنیجەی ژنی لە شارۆچکەی کفریدا(*)

بێکەس خەدەنگێ پەی یانەم شانا
بڕیش جەرگ حەریم منش هاست تەنها
حەریم کۆچش کەرد کۆچ یەکجاری
چەمم کەرد لێلاو هوناو بی جاری
یاران بەیدێوە بوینێ ئەحواڵ
پەرێ من هاستەن کۆرپە سە ئەتفاڵ
شەو هەتا سەبا، سەبا تا ئێوار
هەر سە ئایلم مەگرەوان وەزار
چە ماوای (کفری) هیچ کەسێم نییا
بەیۆ وە فەریاد بکەرۆم ئەحیا
ئانە خاستەرەن نی شار کۆچ کەری
پەی نام (کاکەیی)یان زود هانا بەری
چونکە قەوم و خێش نەڕۆی تەنگانە
پەرێ لێقەومان برا و باوانە
یاخوا کەس وێنەم دڵ برین نەبۆ
یانەش وەک یانەم پڕ گرین نەبۆ
یاخوا کەس وێنەم بێ وەتەن نەبۆ
بێ دۆست و مەحبووب وە بێ ژەن نەبۆ

(*) شاعیر ئەم شیعرەی لە کاتێکدا وتووە مەنیجە خانی ژنی لە کفریدا دەمرێ، جا ئەوە بەپەسەند دەزانێ بگەڕێتەوە ناو هۆزەکەی (کاکەیی) تا خزم و قەوم و قیلەی بەفریای بکەون و دەستی یارمەتی و بەزەیی بۆ درێژ بکەن و ژنێکی بۆ بخوازن بۆ خزمەتکردنی خۆی و پەروەردەکردنی هەر سێ جگەرگۆشەکەی.

بەبۆچوونی ئێمە ئەم شیعرەی لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٣ی.ز دا وتووە، چونکە لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٤ی.ز دا لە دێی (عەرەبکۆیی) لە دەڤەری (داقووق) لە ناو هۆزەکەی نیشتەجێ بووە.

یاخوا کەس وێنەم مات مەلوول نەبۆ
مەحزوون و حەزین وە بێ پوول نەبۆ
یارەب کەس وێنەم بێ دەستبار نەبۆ
دەربەدەر شاران دەس بەدکار نەبۆ
یارەب کەس وێنەم پشت شکیا نەبۆ
وە دەس زاڵمان دەس بەستیا نەبۆ
یاران بەختەکەم تا کەی لار مەبۆ
هەتا کەی چە نام زرێبار مەبۆ؟
داخۆ بەختەکەم تاکەی تار مەبۆ
بێزار چە خانە نە کۆسار مەبۆ؟
تا کەی تاڵعم مەیل وە خار مەبۆ
وێڵ و ئەراگێڵ دوور نەیار مەبۆ؟
(خەلیل) هەتا کەی بەرگ قەڵاخ مەبۆ؟
بەش و نەسیبش داخ و ئاخ مەبۆ؟

***



## جارێکی تر شیوەن

## بۆ مردنی مەنیجەی ژنی لە کفریدا(*)

باڵا بەرزم ڕۆ... باڵا بەرزم ڕۆ
یاری چەم سیا باڵا بەرزم ڕۆ
ئەبرۆ وەک کەوان (مەنیج) نامم ڕۆ
چەم دیدەی ئاهوو خۆش کەلامم ڕۆ
یاری قسەزان وەش دەماخم ڕۆ
یاری گیس زێڕین گوڵی باخم ڕۆ
ساحێب ئەگریجە و لەنجەولارم ڕۆ
بولبول وەش ئاواز نام گوڵزارم ڕۆ
گلێنەی چاوان نەوجوانم ڕۆ
حەڵاڵ و هامسەر شیرین زوانم ڕۆ
دایەی هەتیمان سە ئەتفاڵم ڕۆ
بێ باوە و دایە هەم بێ باڵم ڕۆ
ئاهووی خوتەنی نام کاوانم ڕۆ
بێ خاڵۆ و مامە بێ باوانم ڕۆ
نە سەر گڵکۆی یار وە سەدایە بەرز
هەرەس مەوارنۆم چە سەد هەزار تەرز
ئەسرین دوو دیدە پەی مەزار بەردم
مەزار یارم ئاوڕشێن کەردم
وە گزک کەردم مووژەی هەردۆ چەم
ماڵام گڵکۆی یار بەبێ زیاد و کەم
خاک مەزارش وە گوڵاو بۆ وەش
کەردم موعەتتەر گردین وە بێ غەش

(*) ئەم شیعرەی لەسەر ئارامگای مەنیج خانی ژنی هۆنیوەتەوە.

دی وەسەن ئازیز وێت مەکەر پاوەن
سەرت ورداره چ وەعدەی خاوەن؟
وە بێ تۆ شادیم تورشەن تاڵاوەن
کاڵای پۆشاگم گشتش سیاوەن
وەرده و وەردەنیم چون زەهر مارەن
نە دوریت فرێ دڵ بێقەرارەن
جەرگ و هەناوم سەد زام چە تۆشەن
بەدەنم پەی تۆ زووخا و فرۆشەن
زووخ زام وێم مەکەری نۆشم
بێ هازەنان چمان سەرخۆشم
ئازیز یەک دەفعە سەرت ورداره
بەتیغ دەبان جەرگم کەر پاره
یاخود چە مەزار خاو بەتاڵ مەکەی
بەلارولەنجە ڕوو چە ماڵ مەکەی
بەڵک و یانەکەم پڕ خەندان مەکەی
سینەی تاریکم ئاوەدان مەکەی
من (میرزا خەلیل) شوعەرای زەمانم
بێکەس و هەژار قامەت خەمانم
ئینە دە ساڵەن هام نە (کفری) شار
شادیم نەدییەن وە سایەی ئەغیار

***



## بۆ پیشەساز خورشیدی
## کارگەچی و شیوەنی حەنیفی ژنی(١)

کارگەچی ئوستاد... کارگەچی ئوستاد
ئەی ئوستاد (خورشید)(٢) کارگەچی ئوستاد
(سَلامُ عَلیك) مەعریفەت زیاد
مەنشوور مەعلووم (کەرکووک) تا (بەغداد)
باشقەی ئوستادان مەرد پڕ غیرەت
ساحێب ناموس هیممەت و سیرەت
وەفا و سەفادار نەوەی خانەدان
سەنعەتت مەشهوور نە جوملەی جیهان
ساحێب حورمەت گفتوگۆ ڕەواج
جەمع عەشایر وە تووەن ئیحتیاج
سەخی تەبیعەت دانای پڕ کەماڵ
سەرڕاف سوخەن ڕۆژ و ماه و ساڵ
مەرغووب مەقبوول (هەیاس دورناس)
پەسەن دیدەکار دەزگا و دوکان خاس

(١) لە پێشەکی هۆنراوەکەدا شاعیر بە تورکی نووسیویە: (زەنقرِدە کارگەچی ئوستاد خورشید)، واتە: بۆ وەستا خورشیدی کارگەچی لە ئاوایی زەنقرِ، ئەم ئاواییيە دەکەوێتە ڕۆژئاوای داقووقەوە بە(١٥کم)ە.، کارگەچی: لە ناوچەی گەرمیاندا بۆ پیشەی هەڵلاجی بەکار دێ کە هەڵلاجەکان فەرەنجی و پەستەک و سەرکڵاو و لباد لە بەرەگن ئامادە دەکەن، ئینجا شاعیر بەوردی لە گۆشەی کاغەزەکەوە ئەم دوو خشتەی تۆمار کردووە:

ئوستاد مەحموود... ئوستاد مەحموود
(سلام علیک) یا ئوستاد مەحموود
مەحفوظ بای (حفظ) پادشای مەعبوود
هەر تا ڕۆح نە قەلب زاتت بەوجوود

(٢) خورشید کارگەچی و سنعەتکار مەحموود لە ئاوایی (زەنقرِ) دادەنیشتن و لە پیشەی هەڵلاجیدا دەستێکی باڵایان هەبووە، دۆستی گیانی بەگیانی خەلیل منەووەر بوونە.

نیازم ئێدەن چە (رَّبْ المُعین)
بمانی بەشاد نە ڕووی سەر زەمین
عومرت بەشاد و فەرح و طەویل بۆ
دۆستانت دڵشادی عەدوت زەلیل بۆ
باڵ جبرائیل سایەبانت بۆ
نوفووس پیران وە قەڵغانت بۆ
(یَوْماً فَیَوْماً) ڕەجات ڕەوان بۆ
موحتاج دەرگات جوملەی جیهان بۆ
مەقبوول مەجلیس جەمع میران بای
مەحفووز نوفووس پیر پیران بای
تا خەیلێ زەمان عومرت زیاد بۆ
دوشمنت وە بەرق بەڵا بەرباد بۆ
نەوینی زەرەر چەی دنیای فانی
بڕانی دەوران وە کامەرانی
ڕزقت بۆ واسع کەسبت موباح بۆ
هیممەت پیران وە نەت سفتاح بۆ
دوعای ئی بەندە وە ئامین ئامین
قبووڵ بۆ چە باب (رَّبْ العالمین)
مەعلووم بۆ چە لات ئوستاد ئەسیل
گۆشدەر بەکردار ئی بەندەت (خەلیل)
مەپرسە ئەحواڵ عەبد ناعیلاج
تەنم بەخەدەنگ نەگبەتەن ئاماج
ناو ماڵم فروخت سەڵت مام چون (حەجاج)[3]
نەوا تفلانم بێ خەرجی بان ئاج

(٣) حەجاج: کابرایەکی سەڵتی دەسنەڕۆی عەرەب بووە، لە ئاوایی (زەنقڕ) لە دیوەخانەکەی سەید وەڵەد محەمەد ئاغای کاکەیی قاوەچی بووە، دێی ناوبراو لەگەڵ گوندە عەرەب نشینەکان هاوسنوورە.



ئەحوال و ئەشیام وە زەرەر تاراج
یانەی وێم کەردەن وە کارگەی هەللاج
بەتەقدیر حەق گەردوون گەردان
حەرەمم فەوت بی مەندم سەرگەردان
هەر ساڵێ ژەنێم مەکەرۆ وەفات
مەمانۆم زەلیل مات بێ دەسەڵات
ئینە سە ماهەن غەم شادیم مالاّن
هەم تەشت و سفرەم کەفت وە دەر مالاّن
فریشتەم وتەن سوورەت وێنەی ساج
ڕۆژم ڕەنگ بەستەن چون دەیجوور داج
ئەختیار کەفتم چون خالۆ (عەجاج)[4]
وەختەن سوجدە دەم وە (کلیسا) و (خاج)
حەیا و عیسمەتم لوا وە تالاّن
موحتاج قاری قەڵتاخ سالاّن
کافر بوینۆم وەی حاڵ حەزین
ئیمان ئیسلام مەکەرۆ تەلقین
ساڵی یەک دەفعە بەئەمر سوبحان
(عزرائیل) قاپیم مەکەرۆ زەمان
خەزێنەی (خوسرەو) پێم مەبەرۆ شک
وێنەی قومارچی موحتاجم وە (جک)
چەنی سە ئایل مەندەنم بێکەس
بەغەیر چە خودا نییەن فەریاد ڕەس

(٤) عەجاج: کابرایەکی پیری پەککەوتووی عەرەب بووە، دانیشتووی دێی (زەنقڕ) بووە، واتە: منیش وەکو یابا عەجاج پیر و کەنەف بووم.

واجبەن شینیٚ بکەرۆن پەی تۆ
حەرەم نازدار نەونەمامم ڕۆ[٥]
وە سوورەت جوان داڵ کۆنم ڕۆ
عاشق وە پڵاو خورما و ڕۆنم ڕۆ
باڵا چون کەنوی نەزانکەرم ڕۆ
چە عەقڵ و ئەدەب بیٚ خەبەرم ڕۆ
بیٚ شەرت و ئەرکان بیٚ حورمەتم ڕۆ
بیٚ شەرم و شعوور بەد سوورەتم ڕۆ
سۆفی سەرلەقیٚن نماو ڕۆزەم ڕۆ
خەریک ئیبریق جەڕەو گۆزەم ڕۆ
لۆتی لۆتکە خۆر (تاوغ) شارم ڕۆ
قاری قومارباز زۆر بیٚعارم ڕۆ
مەعریفەت قەلیل فام خەفیفم ڕۆ
مەنشوور وە شیٚتی میم (حەنیفم) ڕۆ
بیٚ عەقڵ و کەم زەین بیٚ کەماڵم ڕۆ
فیتنەی شەڕ ئاشووب ماڵ وە ماڵم ڕۆ
شیٚت بیٚ شعوور کەللە شەقم ڕۆ
ناپوختەی ناچیز هەم مەفرەقم ڕۆ
نانی ناپلیار هەم ناکەسم ڕۆ
فریشتەی نەگبەت عەسای دەسم ڕۆ
عاشق وە مونجخ بۆینباغم ڕۆ
بووک بەدنەزەر بەد بۆیاغم ڕۆ
وە خواردن خیٚرا بیٚ کردارم ڕۆ
ئەحمەق دڵڕەق نا بەکارم ڕۆ

(٥) شاعیر لێرەوە بەشێوەیەکی کۆمیدی هەر بۆ گەمەوگەپ لە ڕێگای شین و شەپۆڕەوە هەجوی حەنیفی ژنی دەکا و تیایدا وا ڕوونی دەکاتەوە ژنەکەی تەمبەڵ و بیٚ کارە بووە بۆیە بەمردنی شاد و دڵخۆش بووە.



پیر پەنیر خۆر پەنجاساڵم ڕۆ
ساحیٚب مشکی و هەم دەسماڵم ڕۆ
بەد خووی بەد کردار بەد ئەجناسم ڕۆ
عاشق وە خورما و سیر و ماسم ڕۆ
جەنگانەی جلفڕ هەم جەربەزم ڕۆ
لیباس تەڕپۆش زۆر کەرەزم ڕۆ
سازندەی سالاّن سەگ میللەتم ڕۆ
دەللی دیٚوانەی دیٚو سیفەتم ڕۆ
چڵیٚس چڵماس هەڵەوەڕم ڕۆ
مایل وە ئاشووب دەعوا و شەڕم ڕۆ
موشتاق یۆرغان هەم دۆشەگم ڕۆ
نا دان و نا جنس چون ئەشەگم ڕۆ
تورکمان تەڕاڵ ئیش پاریٚزم ڕۆ
خەفۆک و خاویٚر خەفت و خیٚزم ڕۆ
خەیاتی نەزان تەون بیٚزارم ڕۆ
گوزەران سەخت ژارمارم ڕۆ
ساحیٚب ئەو کل و کریٚشانم ڕۆ
بیٚکار و کردار پەریٚشانم ڕۆ
ڕەقاس (رفباز) سوخەن تیرم ڕۆ
کەلب دڕندەی نیهانگیرم ڕۆ
خاتوون خەو خۆش خەو قنیاتم ڕۆ
قەزای سەر و ماڵ عەلاماتم ڕۆ
چەوساوە (حەنیف) کەردەنش وەفات
ڕەوشەن بییەن لیٚم سەحرا و سەر بیسات
چەو ڕۆژ نەعرەتەش نەگۆشم بڕیان
چمان کە موژدەی بەهەشت پیٚم دریان

نوقتەی نەسیحەت نەگۆشم زڕیان
پەی ژەن نەواستن گجی پەیم وڕیان
چمان نە سەیران (کفرلی)[٦] شارم
گەشت چایخانە و ناو بازاڕم
ئەر ژەن دنیا بۆ وە (حورُ العًیْن)
گشت چون حەنیفەن وە ئیمام حوسەین
تۆبەم بۆ هەنی ئەر بواچۆن ئاخ
یا هەنی پەی ژەن من بکێشۆن داخ
پێشینان واتەن پەی پەند پەرداخ
عەجەب فەردێوەن پەی ساخ و ناساخ
نە گەورە باخان بکەری وە باخ
نە نا وەجاخان بکەری چراخ[٧]
هامسەران ئۆخەی چەی بەخت زەریف
یە چۆن خەڵاس بیم چە دەست (حەنیف)
(حەنیف) ئەرواحت ئالوودەی پۆخ بۆ
نامت هەر وەی تەور چە نامان یۆخ بۆ
روو زەرد دیوان ڕۆژ مەحشەر بای
جا نە زەمهەریر نار سەقەر بای
دایەت دومڵکژەن قاپی سەعیر بۆ
با بۆت نە مەئوای (بئس المصیر) بۆ
خاس خۆشیم نەدی من چە سایەی تۆ
لەعنەت چە بابۆ هەم چە دایەی تۆ

(٦) کفرلی: مەبەست لە شارۆچکەی (کفری)یە.
(٧) ئەم پەندە بەم جۆرەش وتراوە: (نە کۆنە کانی بەباخ کە... نە لە دوای چوون ئاخ کە ... نە هەتیوچە چراخ کە) - بڕوانە پەندی پێشینان - محەمەدی خاڵ - چاپی دووەم، چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی/ ١٩٧١ی.ز.
(٨) حەنە: کورتکراوەی ناوی (حەنیف)ە.



دەردێ دای وەنەم (حەنە)[٨] ژەن گیانە
منت کەرد وە پەن قەوم و بێگانە
ئی فەردە نویسنام پەرێ زەمانە
بوانیش چە نام گشت دیوەخانە
یە (خەلیل) واتەن دەروون کەبابەن
تۆبەچی سەردەست ژەن خەرابەن

***

# ستايش و نەورۆز

## میرزا موژدەی بەهار و نەورۆز بەخەڵکی ڕادەگەیەنێ:

کۆچ کەرد زمستان، ئانە وەهارەن
فەسڵ گوڵزار و هەم میر غوزارەن
یادی نەورۆز و جەژنی قوربانەن
(عید) کاوەی(*) نەبەرد قەومی کوردانەن
یادی (فەرەیدوون) مەردێ نەهەنگەن
یادی سواران شێرانی جەنگەن
جەژنی مەل و قوش درەخت باخانەن
رۆی ساز و سەمتوور دیدە مەستانەن
هەر مەلێ نەغمێ مەواچۆ پەی وێش
زام زامداران سارێژ مۆ نەئێش
هەر گوڵێ ڕەنگێ مەدەرۆ نیشان
عاشق چە ڕەنگش مەبۆ پەریشان
کەیف وەشەن دڵواز وە ڕەنگا و ڕەنگش
ئازادەن چە خەم دڵ سیا تەنگش
توخوا شۆخوشەنگ قامەت عەرعەری
سینە مەڕمەڕی ئەبرۆ قەمەری
باوەرە وە کار یەک زەڕە وەفا
برارەم نە چنگ ئی دەرد و جەفا

(*) کاوە: لە ئەفسانەدا هاتووە کە کاوەی ئاسنگەری شۆڕشگێڕ زوحاکی خوێنڕێژی کوشت و ستەمکاری لەناو برد و ئازادی بەرپا کرد، نەتەوەی کورد لە هەموو ڕووی سەر زەوی لە یەکی مانگی نەورۆزدا بەرامبەر بە٢١ی ئازار یادی ئەو شۆڕشە مەزنە دەکەنەوە و بەسەری ساڵ و جەژنی نەتەوایەتی خۆیانی دەزانن، ئاهەنگی جۆراوجۆر دەگێڕن و لەگەڵ یەکدا جەژنە پیرۆزەش دەکەن، شاعیریش بەم پارچە شیعرە ستایشی ئەو ڕۆژە مەزنە دەکا و دەڵێ نەک هەر کورد بەڵکو هەموو ئەویندارن و پەلەوەرە دەنگ خۆشەکان و گوڵە ڕەنگاوڕەنگە بۆنخۆشەکان و دار و درەختەکانیش بەجەژنی خۆیانی دەزانن و لەو ڕۆژەدا گەش دەبنەوە، گرنگیش ئەوەیە کە شاعیر لەو سەردەمەدا وەکو ئەمڕۆ یادی نەرزۆزی کردۆتەوە و، بەجوانی باسی ڕیشەی نەتەوەیی دەکات، کە نیشانەی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی شاعیرە. نەورۆزی وەکو جەژنی نەتەوەیی و جەژنی بەهار وەسف کردووە.



هەرد و بابلمێ وە سارا و کۆسار
پەرێ سەیرانگای سەوزایی و گوڵزار
با شادی و خەنا باوەرمێ وە یاد
غەم ئی دنیا بدەریم وە باد
ئازیز ئەسیری خاڵ و نەقشی تۆم
چە عەشقت تاویا بەندەت پاسای مۆم
من (میرزا خەلیل) عاشق بەیارم
چە دیدار غار خەیلێ بێزارم

***

## ستایشی چایی[1]

وەفای گیزەت بام گیزەت چەند وەشەن
هەر کەس نەنۆشۆت ئانە سەرووەشەن
وەفای گیزەت بام گیزەت وە کارەن
فەقیر دەولەمەند چە پات هەژارەن
سەماوەر دەم بۆ قۆری چە بانی
مێمان عەزیز نوور دیدە و گیانی
قۆری سەنگ سوور بان سەماوەر
خۆ منش کوشتەن دوو دیدەی خاوەر
یە (میرزا) واتش چە ڕووی لەتیفە
وەش و شیرینەن چای دەس زەریفە[2]

***

(١) لە ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١ی.ز، ئەم شیعرەمان لە سەید حەیدەر سەفەر دانیشتووی دێی تۆپزاوە بەدەست هێنا.

(٢) ئاخۆ ئەم زەریفە خانمە چەند شۆخ و شیرین بووبێ وا میرزا خەلیل بەئاواتەوە بووە چایی بۆ لێنێ و تەنیا پیاڵە چایەکی پێشکەش بکات؟



## میرزا خەلیل ستایشی تووتنەکەی دەکات

ئاغا[1] بتوونم... ئاغا بتوونم
بەسەرت قەسەم مەردێ بتوونم
من برای سوڵحم ماچە چەتوونم
ئیمجار بزانە چوونەن تووتنم
یەکجار موعەتتەر خۆراک هەوەس
شاگردەن چەلاش (شاور) و[2] (تەوەس)[3]
(بالیسان)[4] چە لاش نییەن دیاری
خزمەتکارشەن (خۆشناو) و[5] (لاری)[6]
(ساچاخ)[7] مووسڵ، (گوڵگیری[8] عەجەم)
وێنەی (پەڕەکان)[9] لەززەتش نە دەم

(١) میرزا لە شیعرەکەیدا ناوی ئەو ئاغایەی نەهێناوە کە ئەم شیعرەی بۆ نووسیوە، تیایدا ناوی جۆرەکانی تووتن دەهێنێ، لە ناویانا تەنیا ئەوەی خۆی پەسەند دەکا. شایانی وتنە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ شاعیرمان ئاشنایی هەبووە لە جۆرەکانی تووتن و ئەو شوێنانەی لێی دەچێن.

(٢) شاور (شاورێ): گوندێکە لە ناوچەی (خەلیفان) سەر بەشاری هەولێرە، تووتنی چاکی لێ دەڕوێ، تووتنەکەیان هەربەناوی ئەو گوندەوە ناو دەبرێ.

(٣) تەوەس: جۆرە تووتنێکی ڕەنک زەردی ئێرانییە.

(٤) بالیسان: ناوی دۆڵێکە و ناوی گوندێکە لە هەمان دۆڵ لە ناوچەی (خەلیفان)، تووتنەکەی بەناوی گوندەکەوە ناسراوە.

(٥) خۆشناو: ناوی هۆزێکی کوردە لە دەڤەری (شەقلاوە) ناوچەکەیان بەچاندنی تووتن بەناوبانگە.

(٦) لاری: جۆرە تووتنێکی خراپ و بێ نرخە.

(٧) ساچاخ: ڕیشووی زین و مشکی و بۆیەمە، ناوی جۆرە تووتنێکە جوتیارەکان گەڵاکەی بەباریکی لە چەشنی ڕیشووی مشکی دەبڕن، ئینجا بۆنێ خۆشی لێ دەدەن و پێی دەڵێن: (ساچاخ)، زووتر بەزۆری لە مووسڵ ئامادە دەکرا.

(٨) گوڵگیری عەجەم (گوڵگیری): جووتیارەکان ئەوانەی بەکشتوکاڵی تووتنەوە خەریکن دەزانن لە هەر بنجێک لە تووتنەکەدا کام گەڵایان لەوانی تر چاکترە، ئەوە بەجیا دەبڕن و پێی دەڵێن (گوڵگیری)، جا ئەوە بەجیا بەنرخێکی بەرزتر دەفرۆشن، ئەمە بەزۆری لە ئێران ئەنجام دەدرێ.

(٩) پەڕەکان: کۆی (پەڕە)یە، گەڵا، واتە تووتنەکە گەڵا گەڵا دەبڕن و دەیکەن بە(ساچاخ)، جگەرەکێشەکان بەپەسەند و چاکی دەزانن.

نیەن نا پەیدان ئەمسالش قاتە
هامجینسش نییەن لە دەور (بێتواتە)(١٠)
توتن (ئیێران) و (توران) دەلیل بان
زەحمەت چون تووتن (میرزا خەلیل) بان

***

(١٠) بێتواتە: گوندێکی هاوینەهەواری زۆر جوانە، هەروەها مەڵبەندی شارۆچکەیەکە سەر بەقەزای (ڕانیە) لە پارێزگای سلێمانی.



## ستایشی کۆخا ڕەمەزان(١) ١٨٥٧ - ١٩١٩ی ز.

دەک یانەت ئاوا (کۆخا ڕەمەزان)
پەیم کیانای حونتە(٢) خەیلێ وە هەرزان
نە (عەرەب ئاوا)(٣) یەک خانەیە خاس
پەیم عەتا کەردی وەبێ قسە و باس
(حەلانێ خورما)(٤) پەیم کەردی ڕەوان
چەنی (رهۆنا)(٥) خەیلێ وە دەوان
میقدارێ (ساوەر) هەم (قەرە خەرمان)
بەبێ موقابیل کیانای پەرێمان
یا ڕەب ئەمسالت(٦) کەم نۆ چە دەوران
چونکە پەی فەقیر تووەنی باوان
چە لای(سەی ڕۆستەم)(٧) منت زۆر لاوان
ئەویش داش پەنەم چە ماڵ فرەوان
دوعای ئی بەندە وە ئامین ئامین
قبووڵ بۆ چە باب (رب العالمین)
هەر چەندە (میرزا) فەقیر هەژارەن
پەی ئەهل قەریە خزمەتگوزارەن
چونکی چە نامەرد خەیلێ بێزارەن
وە شەب و وە ڕۆ خەریک کارەن

(١) کۆخا ڕەمەزان: لەو شیعرەدا کە هەجوی خانووەکەی دەکا لە دێی (عەرەبکۆیی)، باسی ئەم زاتەمان کردووە.
(٢) حونتە(حُنطة): گەنم
(٣) عەرەب ئاوا: مەبەستی ئاوایی (عەرەبکۆیی)یە کە گوندێکی کوردنشینی کاکەییە لە دەڤەری (داقووق)، شاعیر ویستوویەتی ناوەکەی بکا بەکوردی چونکە وشەی (کۆیی) تورکییە.
(٤) حەلانێ خورما: پووشێ خورما.
(٥) ڕهۆن: ڕۆن.
(٦) ئەمسال (ئەمثال)، نموونە.
(٧) سەی ڕۆستەم، دەربارەی ئەم زاتە دواوین لەو شیعرەی کە هەجوی خانووەکەی دەکا لە دێی (عەرەبکۆیی)دا.

## ڕۆیشتنی میرزا خەلیل
## بۆ خزمەتی خەلیل کارگەچی[١]

ئوستای دورِ شوناس... ئوستای دورِ شوناس
ئەی (ئوستا خەلیل) دانای دورِ شوناس
مەرغووب مەقبوول دەزگا و دوکان خاس
مەشهووری چە لەفز گشت عەووام و ناس
باشقەی ئوستادان تفاق پڕ ئەساس
مەرد حەق پەرست دەروێشی لیباس
دنیا چوون بەحرەن جەنابت غەوواس
بێڕاز و غەیبەت مەرد ڕاگەی ڕاس
لەفزت جەواهێر دانەی دورِ ئەڵماس
سەخی تەبیعەت بێ میسل و قیاس
پارێزبای نە خەشم بەدو (ئەلخەنناس)
ئاگاهدارت بۆ زات (خدر ئەلیاس)
دۆستت چە شادی دوشمنت چە یاس
وێت وێنەی شێر بای، بەدکارت ڕوواس[٢]
دوعایی ئامین ئی بەندەی کەساس
نەجات بەخشۆ پێت، شاهـ جن و ناس
دارۆن نە خزمەت یەک ئەحواڵ و باس
یەک ڕەجا داری ڕەفیقی ئیفلاس

(١) شاعیر ناونیشانی شیعرەکەی بەفارسی بەم جۆرە داڕێژاوە: (در بیان رِفتن میرزا خلیل بخدمت أستا خلیل کارکچی برجایی ولی پسر عباس زنقری)، واتە: ئاشکراکردنی ڕۆیشتنی میرزا خەلیل بۆ خزمەتی پیشەساز خەلیلی کارگەچی بۆ ڕەجاکردنی وەلی کوڕی عەباس زەنقڕی).
(٢) ڕوواس: ڕێوی، لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (ڕوو ڕەش) بێ گومان ئەمیان هەڵەیە و سەروای شیعرەکەش لەنگ دەکا.



نامش مەعلوومەن (وەلی بن عەباس)
من چە دەست ئەو بکەرە خەڵاس
دەبا ئەحواڵ ئەو بکەم وە ژاناس
وێنەی (قەزاتە)، (قۆچان) و (ئەنشاس)[٣]

***

(٣) لێرەوە بەیازەکە چەند لاپەڕەیەکی بەر فەوتان کەوتووە و لەگەڵیدا شیعرەکەش زۆری لێ ون بووە.

## میرزا خەلیل ستایشی پیشەسازەکان دەکا[١]

نام حەق بارن غیرەت کەن وە یاد
کەفتەنیم نەگێژ ڕۆخانەی (ڕەشاد)[٢]
وسلّە بولاّون وە ئاو و ساوین
پایز پەیدا بی فیرار بی هاوین
باوەم بەقوربان دەست و بوردتان
هجووم هەڵمەت کار کوردتان
جەنگ ڕزق بکەن وە جەخت و تەلاّش
پەرێ ئایلتان پەیدا کەن مەعاش
چە سنعەتکاری وێتان مەکەن سیس
روهۆن وە دوازدەن گەندم بی وەبیس
ئەویش چون جیوە ها لە کەنوی و بیر
خوون هندییەن بیر[٣] قسناخ شەعیر
سا حەولێ بدەن کار شێرانە
بوڕدێ مەچەک دۆست و بێگانە[٤]
لە دەست درێژی هیچ مەکەن تەقسیر
ئەهل موستەحەق باوەردێ وە گیر[٥]

(١) ئەم شیعرە لە سەرەتاوە زۆری لێ بزر بووە، لە دەسنووسێکدا هەر ئەوەندەی لێماوەتەوە کە لێرەدا تۆمار کراوە، شیعرەکە لە ساڵی ١٣٣٥ی ک. بەرامبەر بە١٩١٧ی ز. لە ئاوایی (تۆپزاوە)ی سەر بەقەزای (داقووق) وتراوە.
(٢) ڕەشاد: سوڵتان ڕەشاد (٣٥)ەمین شای وڵاتی تورکیا بووە، لە ساڵی ١٩٠٨ی.ز لە پاش سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر تەختی شایی دانیشتووە.
(٣) بیر: وشەیەکی تورکییە، واتە: یەک، ژمارەی (١).
(٤، ٥، ٦) شاعیر کە بەخەڵکی دەڵێ: تا دەتوانن کۆشش بکەن و دەستی دۆست و بێگانە ببڕنەوە – واتە: دزی و تالاّنی بکەن لە پێناوی خۆشگوزەرانی و مانەوەی ژیانتان بەلاّم لە ماڵی کابرایەکی موستەحەق بەدەستی بێنن – واتە: لە ماڵی کابرایەکی دەوڵەمەندی چاوچنۆک... شاعیر ئۆباڵی ئەو کارە ناڕەوایەی خستۆتە ئەستۆی خۆی... ئەمەی تەنیا لە ڕێگەی تەوسەوە بەگوێی دەسەلاّتدارانی =



چە دەست درێژی ئەرزاق تەکمیل بۆ
گوناهش وە مل (میرزا خەلیل) بۆ[٦]
چەوساوە (ڕەشاد) نیشتەن نەڕووی تەخت
ئیدارەی فەقیر ڕۆژ ڕۆژ مەبۆ سەخت
پەیدا بی نەهات پەی نەگبەت فەقیر
سەنعەت فەوتیان نان بی وە زەهیر
ئەر تۆ برسی و ڕووت دڵت بۆ پڕ غەم
چ باکش هەنەن (ئاغات سەی ڕۆستەم)[٧]
ئەر تۆ پەریشان حاڵت بۆ ڕەزیل
چ باکش هەنەن (ئاغات سەی خەلیل)[٨]
ئەر بلی بەمولّک (بەمبۆ) و[٩] (دلێمان)[١٠]
چ پەروا دارۆ (ئاغات سلێمان)[١١]
ئەر تۆ شەب و ڕۆژ بکێشی جەفا
خەبەر نەدارۆ (ئاغات مستەفا)[١٢]

= عوسمانییەکاندا چرپاندووە کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی گەیشتووەتە ڕادەیەکی زۆر سەخت و دژوار... بۆ ئەوەی داروەدەستەی ئەو ڕژێمە بۆگەنە لایە لە هەژاران و بێ نەوایانی ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە بکەنەوە، ئەگینا خەلیل منەووەر هەمیشە دژی زاڵم و زۆردار و جەردە و تالاّنچی بووە و لە ڕوویان بەتوندی وەستاوە.
(٧) ئاغا سەید ڕۆستەم ١٨٥٧ – ١٩١٩ی ز. کوڕی سەید محەمەد کوڕی سەید ئیبراهیم ئاغای کاکەیییە، یەکێکە لە سەرەک هۆزە ناسراوەکانی کاکەیی، لە دێی (عەرەبکۆیی) دادەنیشت.
(٨) ئاغا سەید خەلیل ١٨٥٦ – ١٩٣٢ی ز. کوڕی سەید محەمەد کوڕی سەید ئیبراهیم ئاغای کاکەیییە، سەرەک هۆزی کاکەیی بووە لە سەرانسەری عێراقدا، لە ئاوایی (تۆپزاوە) دادەنیشت.
(٩) بەمبۆ: (بەمۆ)، ناوی چیایەکە لە دەڤەری گەرمەسێردا.
(١٠) دلێم: هۆزێکی عەرەبە لە دەوروبەری شاری (ڕەمادی) نیشتەجێن.
(١١) ئاغا سەید سلێمان ١٨٧٧ – ١٩٤٧ی ز. یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی کاکەیی لە ئاوایی (عەلیسەرای) دادەنیشت لە دەڤەری (داقووق).
(١٢) ئاغا سەید مستەفا ١٩٠٠ – ١٩٣٧ی.ز ئەم زاتەش یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی کاکەیی ئەو ڕۆژگارە، لە ئاوایی (دەللسی گەورە)، ئەم دێیە سەر بەقەزای (داقووق)ی کەرکووکە، دەکەوێتە باشووری کوردستان نزیک بەچیای حەمرین (جەوەڵ حەمرین)، ئێستا بەدەستی عەرەبی هاوردەوەیە.

ئیسلامی فەوتەن شەریعەت بەتاڵ
نەمەندەن ئسووڵ حەرام و حەڵاڵ
ئەرکان ئایین موسڵمان سوودەن
سۆفی حەڵاڵ خۆر چە ئاورا مەردەن
ئەر ئینساف چە قەلب پادشا مەوی
بەخت کافران چەواشا مەوی
ئەوەڵ جەنگ فەتح و تەماشا مەوی
کەی میللەت چەنەش گشت حاشا مەوی!
کەی سەر عەسکەرشان (ئەلیشا)(١٣) مەوی
کەی پەردەی ناموس تلیشا مەوی!
کەی دەست مە سوزیا چون ماشا مەوی
نە هەر جا ئاواز (چۆق یاشا)(١٤) مەوی!
هەنی کافییەن نەسیحەت بەس بۆ
حەرفێ کافییەن ئەر کەسێ کەس بۆ(١٥)
عەقڵ و مەعریفەت نمەکۆ پارە
(العارفون تکفیهم الاشارە)(١٦)
یاران ماجەرای (خەلیل) بی تەمام
بەر (محەمەد) بۆ (صَلَواتُ سَلام)
یە (خلیل) واتەن مات و غەمینەن
ساکن ئەقلیم (کەرکووک) زەمینەن

***

(١٣) ئەلیشا: دەسەڵاتدارێکی سەربازی عوسمانی بووە بەنەتەوە (جوو) بووە.
(١٤) چۆق یاشا: بەتورکی یانی: هەر بژی، زۆر بژی.
(١٥) ئەمە پەندێکی پێشینانە، شاعیر زیاتر لە جارێک لە شیعرەکانیدا دووپاتی کردووەتەوە، واتە:
زانا بەیەک وشە لێت ئەگا، بەڵام مرۆڤی نەزان و گەلحۆ هەر بۆی بلێ...
(١٦) ئەمەش پەندێکی عەرەبییە، شاعیر لە چەند شوێنێکی تریشدا بۆ ئامۆژگاری هێناویەتییەوە، واتە: ئەوەی زانا بێ تەنیا ئیشارەتێکی بەسە.



## ستایشی عەزیز(١) و قادر(٢) ڕەنجبەر

زمستان شووم... زمستان شووم
راش چە نەمان بەست زمستان شووم
هێمانێ تۆمم نە کەردەن وە شۆم
نە یەو نە گەنم مشتێ نەدارۆم
نمەز وە لای کێ دەخاڵەت بەرۆم
پەنج قسناخ گەندم قەندەهار بارۆم؟
پەیدام کەرد گەندم پڕ کیسەیە جاو
چە لای(مام سەلیم)(٣) بێ پارە و حەساو
بلی وە لای کێ باری جفتێ گاو
تا تۆمش کەری نە زمی بەراو؟
چەی خەیاڵە بیم پڕ دەروونم دەرد
ئاما وە گۆشم دەنگ مێردێ نەبەرد
چەند جار وە دەنگ بەرز منش سەدا کەرد
وەختێ لوانا دیم مێردێ هامفەرد
مدران نە قاپی (عەزیز) وە دەوان
وە واتەی شیرین ئاما وە زوان
واتش: ڕەنجبەرم کاک (قادر) سەرقیت
چەنی جفت قاتر بەرەش پەرێ هیت

(١) عەزیز: کوڕی ڕەمەزان کوڕی یادگارە (١٩٠٥–١٩٤٧)، پیاوێکی پیاوانە و قسەزان و چاوتێر بووە، یەکێکە لە قوتابییەکانی میرزا خەلیل و پەیوەندی لەگەڵدا بەهێز بووە و یەکتریان خۆش ویستووە، لە ئاوایی (عەرەبکۆیی) دادەنیشت، بەڕێز مامۆستا هیمەت کاکەیی (ڕۆژنامەنووس) کوڕی ئەم زاتەیە.
(٢) قادر ڕەنجبەر: بەڕەگەز داودە بووە، جووتیاری عەزیز ڕەمەزان بووە.
(٣) مام سەلیم (١٨٣٥–١٩٦٢ی ز.) کوڕی قۆچاغلی کوڕی خەمەیە، پیاوێکی ناندەر و دڵ و دەروون گەورە بووە، بەئازایی و جوامێری ناوی دەرکردووە، دەستەی ڕۆشنبیران و خوێنەرانی خۆش ویستووە و دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردوون، بەکۆخا سەلیم ناسراوە.

واتم: ئەی (فەقێ) دەک یانەت ئاوا
گەندمی تۆمم یەک کیسە جاوا
گشت قزناخێ یا دوو قزناخەن
ئینە کەی تۆمی هێستر ولاخەن؟
گەر مروەت کەری دڵ باری وە هەم[٤]
سە قزناخ گەندم بدەری پەنەم
منیش تا مەندەن ڕۆح چە دەروونم
خاسیت مەوانۆم وەی دەنگ زەبوونم
وە گوفتار ئاما ئا مێرد حیلمین
واتش: بەو بەرە مەبەر دڵ غەمین
وەختێکم زانا (کاک قادر ڕەنجدەر)
ئاما وە دەرگا چون پڵنگ ئەژدەر[٥]
وات (میرزا خەلیل) زمیت نە چ جان؟
زود بگێرە ڕا وەنەم دەر نیشان
دەک (عەزیز) یانەت بۆ ئاوا سەد جار
نیگەهەدارت بۆ پاتشای کەرەمدار
(میرزا) تا مەندەن نی ڕووی ڕۆزگارە
پەی مەرد سەخی خزمەتگوزارە

***

(٤) دڵ باری وەهەم: واتە – ئەگەر دڵت نەرم بێت و بەزەییت پێمدا بێتەوە.

(٥) ئەژدەر: ئەژدیها بەعەرەبی (تەنین)ی پێ دەڵێن، مارێکی خەیاڵییە گوایە ئاگر لە دەمی دەردەچێ...! واتە: وەکو پڵنگێک لە چەشنی ئەژدیها لە زاریدا ئاگر بهاوێژێ.

# نزا و شیعری ئاینی

## موناجات بەدەرگاهی (قاضي الحاجات)[1]

(رحمان الرحيم... ڕحمان الرحيم)
بەنام یەزدان (رحمان الرحيم)
(قادر) و (قەهھار)، (وەهھاب) و (عەلیم)[2]
(واجید) و (ماجید)، (حەکیم) و (حەلیم)
(سەبوور) و (سەتتار) عالیم غەیبەن
خەڵقندەی (ذی ڕوح) بێ شەک و ڕەیبەن
(ساتر العیوب) خاس و عەوامەن
ڕازق دەهەندەی کوفر و ئیسلامەن
زینەت بەخش نوور وە هەفت ئاسمانەن
(حی لایموت) هەم لا مەکانەن
نیگهەدارندەی ماهی و بەقەرەن[3]
ڕەونەق نومای ئەوج چەرخ ئەخزەرەن
خودای لامەکان حەیی خەللاقەن
ئەووەڵ و ئاخر موعطی ڕەززاقەن
خەڵق کەرد خەللاق (شدید العقاب)[4]
(محەممەد) چە نوور ئادەم جە توراب
جە شەرافەتی نەبیی مورسەل
سازا تەیر و جن ئینسان و جەبەل
ئەمر کەرد وە عام مەعبوود ئیللاه
پەی (أشهدُ أن لا الاهـ الاّ اللّه)

(١) قاضي الحاجات: ئەوەی ئاوات و ئامانجی خەڵکی بەجێ دێنێ، واتە خوای بەخشندە و میهرەبان.
(٢) ئەم ناوانە کە یادکراون لە ناوە جوانەکانی خوای مەزنە.
(٣) ماهی و بەقەر: ماهی: ماسی، بەقەر: مانگا، دەسنیشانە بۆ (گا و ماهی)، کە گوایە ئەرز بەندە لەسەر شاخی گایەک و گایەکەش لەسەر پشتی ماسییەک ڕاوەستاوە.
(٤) شدید العقاب: دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە (أعلموا ان الله شَدید العقاب وان اللّه غفورٌ الرَّحیم) سورة المائدة الآیة ٩٨.



پەی شاهێدی شان فەخر ئەنبیا
(محمد عَبدُ وَرَسولُ اللّه)
ئیمانم هەنەن خوداوەند یەکەن
محەممەد ڕەسووڵ بێ ڕەیب و شەککەن
(ختم المرسلین) گشت پێغەمبەرەن
(شافع الأمه) ڕۆژ مەحشەرەن
لە شەریفی نوور ڕەسوول مەننان
ئەنگوشتەر ئاما پەرێ (سولەیمان)
چە نوور ئەو بی حەزرەت (عیسا)
مەردەی سەد ساڵە ئەو مەکەرد ئیحیا
چە نوورش ئاما پەی (کەلیم) تەورات
نازڵ بی پەرێش عەسای موعجیزات
چە نوور ئەو بی (یووسف کەنعان)
خەڵاس بێ چە ڕەنج میحنەت زیندان
چە شەریفی نوور حەبیب ڕەحمان
خەڵاس بی (ئەییووب) چە ڕەنج کرمان
چە نوور مەحبووب (رحمان الرحيم)
بی وە گوڵستان نار پەی (ئیبراهیم)
چە شەریفی نوور سەیید سەروەر
ڕەوشەن بی دوو چەشم (یەعقووب پێغەمبەر)
خولاسە چە نوور (رسول الأمین)
خەلق بی (ذی ڕوح) سەما تا زەمین
حەق بەوێش واتەن (لولاک لولاک)
یا ڕسول الله ما خلقت الأفلاک)[5]

(٥) واتە: ئەگەر محەمەد پێغەمبەر (د.خ) نەبوایە ئەرز و ئاسمان و ئەستێرەکان نەدەبوون، ئەم وتارە نە فەرمایشی خوایە و نەیش هی پێغەمبەرانە، گوناهی لە ئەستۆی وتیاری کە بەناوی خواوە وتوویەتی.

دنیا فانییەن نەدارۆ بەقا
فائیدەش نەوی وە (رسول الله)
وەفات کەرد، ڕەوزەش چە ئەرز دا قەرار
ئەهل و بەیتش بی ئەسیر کوففار
هەر زەمان وە ڕۆح (احمد المختار)
درود و سەڵەوات بێ حەدد و شومار
یا ڕەببی بەحەق شای (خیر الأنام)
بەحەق ئادەم (علیە السلام)
بە مەلائیکان پایەی عەرش مەقام
بە کەڕڕ و بەیان فریشتەی عیظام
بە وەحیی پەیغام ئەخی جبرائیل
بە حەق نەفخەی سوور ئیسرافیل
بە مووەکیلی ڕۆح عیزرائیل چە عام
بە عەشق (میکائیل)، (علیە السلام)
یا ڕەب بەحاجەت چار یار نەبی
(عومەر) و (عوسمان)، (بوبەکر) و (عەلی)
یا ڕەببی بەحەق جەمیع ئەنبیا
بەشەرافەتی سیلک ئەتقیا
بە ویرد و تەوحید زومرەی ئەسفیا
بەسیدق و ئیخلاس گرۆی ئەولیا
بەشەرافەتی (حەسەن) و (حوسەین)
بە جەنگ و غەزای (ئوحد) و (حونەین)
بەئەشک دیدەی (فاتیمەی زەهرا)
بەسادق سیدق (خەدیجەی کوبرا)
یا ڕەب بەحاجەت ئەولادەی ڕەسوول
هەفتاد و دوو تەن شەهید مەقتوول
یا ڕەب بەحاجەت ئەو (غەوس گەیلان)
یا ڕەب بەحاجەت سی جزمەی قورئان



یا ڕەب بەحاجەت قیبلەگای لەتیف
بەشەرافەتی (قودوس) شەریف
یا ڕەب بەحاجەت مەشریق و مەغریب
بە شەرافەتی ئیسان و یەسریب
بە قیبلەی جەنووب جاگەی پڕ ویساڵ
بە شەرافەتی، بایی دەو شەماڵ
بە دوازدە بورج بەسەبعەی سەییار
بە عەشق ئیمامان نام هەشت و چوار
بە (بیت المعمور) بەحەق (کورسی)[٦]
بەر مووەککیلان حیجاب قودسی
بە تەحت زەمین بەعەزیمی عەرش
بە حەق خاک و باد هەم ئاب و ئاتەش
بە حەق حەدیس ئەقدەس مەلفوظ
بە حەق قەڵەم[٧] بە(لوح المحفوظ)[٨]
بە حەق بیست و هەشت نەبیی مورسەل
بە ماه ڕەجەب (ربیع الأول)
بە فیرقەی شێخان هەر گرۆ و هەر سەف
بەشەرافەتی هەفت ئەسحاب کەهف
بە ڕۆز جومعەی ماه ڕەمەزان
بە حەق ئایەت تەفسیر قورئان
بە کەففەی میزان ڕۆژ عەرەسات
بەناڵەی جەزووع خاسان دەرگات

(٦) کورسی: دەسنیشانە بۆ (آية الكرسي) سورة البقرة الآية ٢٥٤.
(٧) قەڵەم: دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە قورئانە: (الذي عَلَّمَ بالقَلَمْ) سورة العلق الآية (٤).
(٨) لوح المحفوظ: (اللوح المحفوظ): قورئان، کینایەیە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە: (وكتبنا لهُ في الألواح من كُلِّ شيء موعظة وتفضيلاً لكل شيء فَخُذها بقوة وآمرُ قومَك يأخذوا بأحسانها سأوريكم دارَ الفاسقين) سورة الاعراف الآية ١٤٥.

به ویرد و تەسبیح[٩] زیندەدار خەو[١٠]
به تەئریخ ساڵ مانگ و ڕۆژ و شەو
بەقەترەی ئەسرین تیفلان مەعسووم[١١]
بەگریە و ناڵەی ئەسیر مەزڵووم
یا ڕەب بەحاجەت فەرز پەنج ئەوقات
به (خدر ئەلیاس) زیندەی سەر بیسات
به چەرخ سەما و شوعلەی ستاران
بەسیدق ئیخلاس تاعەتگوزاران
به حاجەی سەیید شەرافەتداران
به (الله اکبر) سوبح و ئێواران
به شوعلەی خورشید بەزوڵمات شەو
به حەق زاتت (لا موت) و بێ خەو
یا ڕەب بەعەدەد ڕەحمەتت تەمام
درود بەر (محەممەد) شای (خیر الانام)
ببەخشە گونای ئی بەندەی ئەحقەر
(خەلیل) مەخدووم (خدر منەووەر)

***

(٩) تەسبیح: زیکری (لا اله الا الله وسبحان الله)... هتد
(١٠) زیندەدار خەو: ئەوانەی کە بەشەوان بێدارن و ناخەون، مەبەستی شاعیر لەو سۆفیانەیە کە بەدرێژایی شەو خەریکی زیکر و ویرد خوێندنن.
(١١) تیفلان مەعسووم، منداڵانی بێ گوناه.



## میرزا بۆ حاڵی خۆی لە خوا دەپاڕێتەوە

ئیمجار موناجات پەرێ حاڵ وێم
خوداوەند بەلوتف ڕەحمێ کەرۆ لێم
زار و مەحجووبم چە لای خاس و عام
(محەممەد خەلیل)[١] مەنشوور بەنەغام
یا ڕەب بەحورمەت سەیید موختار
مەحفوزم کەری چە شەرارەی نار
بەشق (ئەبوبەکر)، (عومەر بن خەتاب)
ببەخشی گونای (کاتب الکتاب)
هەم بەحاجەجتی (عوسمان) و (حەیدەر)
نەجاتم دەری چە نار سەقەر
ئومێدم ئێدەن پادشای غەفوور
(أسقني من ماء شَراباً طهور)[٢]
نەکەری مەحرووم بەندەی ڕووسیاه
(ولا تقنطوا من رحمة الله)[٣]
به زاتت قەسەم پادشای بێچوون
هیچ خاسیم نییەن نە ڕووی دەهر دوون
ئەگەر لوتف تۆم نەبۆ وە دەستگیر
جاگەم سازیان چە (بئس المصیر)

(١) محەمەد خەلیل: وەکو لە پێشا باسمان کرد ناوە ڕاستییەکەی شاعیرە، ئەم ناوە دووقۆڵییانە لە کوردەواریدا باوە وەکو: محەمەد عەلی، محەمەد ئەمین، محەمەد ساڵح، محەمەد فەرەج... هتد، جا بەدرێژایی ڕۆژگار محەمەدەکەی سواوە و تەنیا (خەلیل)ەکەی بۆ ماوەتەوە.
(٢، ٣) شاعیر وەکو سۆفییەکی دڵگەرم لە خوای مەزن دەپاڕێتەوە تا لە دواڕۆژدا ڕۆژی ئاخیرەت لە ڕەحم و بەزەیی خۆی بێ بەشی نەکات و شەرابی ئەنتەهوور، شەرابی پاک و خاوێنی خوایی (مەعنەوی) نۆش بکات بۆ ئەوەی بەسەربەستی بەرەو بەهەشتی پانوبەرین بڕوات، (ولا تَقنطوا من رَحمة الله)، ئەمە دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە: (قل یا عبادي الذین اسْرَفوا علی أنفُسِهِمْ لَا تَقنطِوا من رحمة اللّه ان اللّه یَغفِرُ جمیعاً إنهُ هو الغفور الرحیم. سورة (الزُمّرَة) ئایەتی ٥٣.

بەعەشق لیوای سولّتان سەرمەد
(تاها) و (محەممەد)، (یاسین) و ئەحمەد[٤]
بەسەر مەزهەبان دین (محەممەد)
(شافیعی) و(نوعمان)، (مالیک)و(ئەحمەد)[٥]
چە دنیا و عوقبا بدەر تەوفیقم
لوتف وێت بکەر وە هام ڕەفیقم
هەر چە ڕۆی ئەزەڵ تا ئەبەد تەمام
شەوان تا بەرۆژ، ڕۆژان تا وەشام
هەر ڕۆژ بەمیقدار (عِلم لَمْ یَزَلْ)
سەڵەوات بەدیدار گوزیدەی ئەفزەل
یەعنی (محمد فخر الکائنات)[٦]
پەنای عاسیان (یَومَ العَرصات)[٧]
بە حورمەتی ئال[٨] ئەولاد[٩] و ئەسحاب[١٠]
ببەخشی گونای خەستەی ماڵ خەراب
بە عەشق تابیعین ئەولیا بەنام
خالق ببەخشۆ عیسیانی نە غام
هەرکەس ئی کیتاب جارێ بوانۆ
فاتیحە بەرۆح ڕەسووڵ بکیانۆ
هەزاران درووود هەزاران سەلام
زەما بەر محەممەد (علیە السلام)

(٤) ئەم ناوانە لە ناوە جوانەکانی محەممەد پێغەمبەرن (د.خ).
(٥) ئەم چوارە سەرەک مەزهەبەکانی موسڵمانی سونین کە ئەمانەن: (شافیعی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیدریس،نوعمان کوڕی سابیتە بە(ئەبو حەنیفە)ناسراوە،مالیک کوڕی ئەنەسە،ئەحمەد کوڕی حەنبەلە).
(٦) واتە: محەممەد پێغەمبەر (د.خ) جێی شانازییە بۆ هەموو بوونێک.
(٧) یَوْم العرصات: مەیانی حەشر، ڕۆژی ئاخیرەت، دوارۆژ.
(٨) ئال: خێزان، مەبەست لە خێزانی محەممەد پێغەمبەرە (د.خ).
(٩) ئەولاد – کۆی (وەلەد)ە: منالّ، ڕۆڵە، مەبەست لە نەوەی محەممەد پێغەمبەرە (د.خ).
(١٠) ئەسحاب (أصحاب) – کۆی (ساحێب)ە، خاوەن، یار، دۆست، مەبەست لە دۆست و یار و یاوەرانی محەممەد پێغەمبەرە (د.خ).



## ستایشی حەزرەت ئیمامی عەلی (د.خ)

(عەلی) کە داماد (رَّسولَ اللّە) بوو
وەسی ڕەسوول و (وَلي اللّە) بوو
(أبن عَمْ) پاک زات ڕەسوول بوو
هەم شێر خوداوەند (حي البَتول) بوو
خەلیفەی ڕەسوول هەم لە چوار یار[١] بوو
وەی ڕوتبەی سابق چە عام (أظهار) بوو
یە چ تەور تیغش نمەبۆ بڕان
پەرێ غەزای دین قەتل کافران
هەرکەس چە بابەت (مستەفا)و[٢] (حەیدەر)[٣]
شەککێ باوەرۆ جاش ها نە سەقەر
هەرکەس وە ئیخلاس گێرۆ دینشان
نە بەهەشت مەبۆ هامقەرینشان
هەرکەس وەی گوفتار ئەر نەبۆ قانع
ڕەحمەت چە دارەین لێش مەبۆ مانع
مەعلووم کە مورتەد ڕووی سەر زەمینەن
(خَسِرَ الدنیا والآخرینەن)

***

(١) چوار یار: مەبەست لە چوار خەلیفەی ڕاشیدینە.
(٢) مستەفا: مەبەست لە محەممەد پێغەمبەرە (د.خ).
(٣) حەیدەر: نازناوی ئیمامی عەلییە.

## میرزا نامەیەک بەناوی خانمێکەوە بۆ شێخێکی تەریقەت دەنووسێ...[1]

شێخ پڕ کەماڵ... شێخ پڕ کەماڵ
خەلیفەی خاسان زات پڕ کەماڵ
لەفز دوڕ ئاسا هەم نوورین جەماڵ
موخلیس دەرگای بینای (ذوالجلال)
ئەدا کەردەی ئەمر فەتوای پێغەمبەر
نەواهی بەخەلق چە فیعل مونکەر
شەمع شەوچراغ ڕەونەق بەخش عام
مورشید مەنشوور (مەککە) و (مسر) و (شام)
فەم و فەهم فیکر خوداوەندەوە
زبان زیکر زەوق دڵ پەسەندەوە
ڕۆح نە تەمەننای سەیر سەماوە
زەمیر نە زاری ئوممەت ڕەجاوە
قامەت بەقیام خەمسە فەرزەوە
نەفس نە وەلوەلەی ترس و لەرزەوە
گۆش نە سەمع سەوت زیکر یەزدانی
دیدە ئینتیزار ئەمر ڕەببانی
ساحێب کەرامات بێ شوبهەی عەیبی
غازی غەزاجۆی غەزاکەی غەیبی
(أبو المَساكين) لوتف و عینایەت
چراغ عالەم نوور هیدایەت

(١) ئەم خانمە ناوی (مەلەک) کچی جادر ناوێک بووە، شیعرەکە تەنیا لە کەشکۆڵێکدا هاتووە کە لە ساڵانی (١٣١٦-١٣١٩ی ک.) نووسراوەتەوە، لە شیعرەکەدا وا دەردەکەوێ مەلەک خان ژنی محەمەد ناوێکە، داوای لە شێخ کردووە دوعای خێری بۆ بکات تا خوای مەزن منداڵێکی پێ ببەخشێ.



شەریعەت ئەرکان تەریقەت تەڵەب
حەقیقەت پەزێر پڕ عیلم و نەسەب
(عُلَماء الأسرار) نوکتە گۆی مەسەل
دانای دوازدە عیلم[2] ئاخر و ئەوەڵ
تەعلیم تەفسیر ئایەی قورئانی
وەکیل موتڵەق (غەوس گەیلانی)[3]
(مَجْمَعْ البَحرَین)[4] عیلم عەدالەت
بەری چە ئەفعال زوڵم و زەلالەت
سوجادە نشین جای دەروێشانی
ئومێد ئیمداد گشت دڵڕێشانی
بەخشندەی ئەرزاق ئەعما و زەلیلی
دڵسۆز دادخواه دوعا دەلیلی
ئاگاه چە ئەحواڵ بێکەسانەنی
شەفیق موشفیق کەم وەسانەنی
چەند گومڕای تاغی ئاوەردی وە دین
شەوقت وەست وە ڕووی هەفت[5] پەردەی زەمین
موزەییەن سازای جیهان وێنەی جام
تەرتیب دای تەریق وە دین ئیسلام
دەستم دامانت شێخ نوور جەمین
بزانە بەحاڵ زەعیفەی حەزین
چەند دەفعە ئامام وە خاک پایەت
سەر وە سوجدەی سڕ ساوام وە سایەت

(٢) دوازدە عیلم: بەو زانا ئاینیانە دەڵێن کە خوێندنی ئاینییان تەواو کردبێ.
(٣) غەوس گەیلانی (١٠٧٧-١١٦٥ی ز.) شێخ عەبدولقادری گەیلانی، سۆفییەکی پایەبەرزی سەردەمی خۆیەتی، نازناوی (غەوسی گەیلانی)یە، ڕێبازی (قادری) بەناوی ئەم زاتەوەیە.
(٤) مَجْمَعْ البَحرَین: ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە مووسا پێغەمبەر و خدری ئەلیاس (خدری زندە) بەدیداری یەک شاد بوون.
(٥) هەفت پەردەی زەمین: حەوت تەبەقەی زەمین.

دەست وە ڕووی دامان کەمەرگیرت[٦] بۆم
نەویرم نەکەی هەر لە ویرت بۆم
من واتم دایاخ ئیمدادم مەبی
جای مەلجا و ئومێد فەریادم مەبی
ئاگای گوزەران ڕۆژ تەنگیم بای
با خەبەر چە حاڵ چاک و نێکیم بای
مەعلووم بۆ چە لات سەیید سەرمەد
دادمەن چە دەست زەوجم (محەممەد)[٧]
ڕۆژ ڕەوشەنیم شەوەزەنگ کەردەن
عەیش و نۆش من یەکجار تەنگ کەردەن
وە زەجر و دشنام تەعەددای بسیار
ئازارم مەدۆ وە لەیل و نەهار
گاه تەفریق چە ماڵ گاه تەفریق غەم
هەر ڕۆژ بەنەوعێ دەعوا مەکۆ گەرم
کافر بوینۆم وەی جەستەی حەزین
ئیمان ئیسلام مەکەرۆ تەلقین[٨]
نە وە ڕۆژ ئارام نە شەو خاومەن
وێنەی مارانگاز گلاراومەن
غەیر لە شین و زار نیەن دەسڵاتم
قەریب قەیران (يَوْمَ المَماتم)[٩]

(٦) کەمەرگیر: زووتر نەریت وا بووە کەسێکی هەژار لێی بقەومایە دەڕۆیشتە لای گەورەیەکی خۆی یان دەسەڵاتدارێک و دەستی دەکرد بەپشتێنەکەیدا تا کارەکەی بۆ ڕاپەڕێنێ، ئەویش بۆی دەکرد.
(٧) محەمەد: وا دەردەکەوێ ئەمە مێردی مەلەک جادر بووبێ.
(٨) ئەم خشتە شیعرە لەو شیعرەیشدا هاتووە کە شاعیر سکاڵا و دەردە دڵی خۆی بۆ ئاغا سەید ڕۆستەمی کاکەیی هەڵدەڕێژێ.
(٩) ئەم خشتەش لەو نامەیەدا هاتووە کە بۆ شێخ حەسەنی قەرەچێواری نووسیوە.



ڕازی بیەنم وە مەوت مەزار
نمەز وە کاملا بکەرۆن فیرار
ئیلتیجام ئێدەن عیلاج کەی دەردم
سەنگ مەتاونۆ هەناسەی سەردم
عالەم وە تەریق نەکەردای مەراق
یەختەسار مەبی گشت موڵک ئێراق
زەلزەلەی فەساد مەخێزا چە عام
فەوت مەبی ئاسار ئیمان چە ئیسلام
برا وە برا مەکەرد خیانەت
حەک مەبی ئەرکان ئەمن و ئەمانەت
پڕ غەزەب مەبی خودا چە بەشەر
نمایان مەبی چە مەیدان مەحشەر
ها عەرزت کەردم مەقسوودم تەمام
ئەختیار بەتووەن شێخ ساحێب فام
مورشید موخلیس نە دەرگای قادر
بیاوە وە داد (مەلەک جادر)

***

## وەڵامی شێخ

## بۆ خاتوون "مەلەک جادر"

موحیببەی[1] موخڵیس دەرگای خانەدان
حاڵ زەلیلیت کەردەبیت ڕەوان
کیانایی نامەی پەشێو ئەحواڵیت
ئیزهار سفتەی دەروون زوخاڵیت
یاوا وە تەحقیق وە ڕوتبەی قبووڵ
پەسەند بی چە لای ئەولادەی ڕەسووڵ
ئەمما چ فایدە ئەرێ بێ خەبەر
کاشکە نە ڕای دین بنویسات دەفتەر
پەی چێش پەی ئیمان نییەنی وە تەنگ؟
پەی جیفەی دنیا وێت کەردەن وە سەنگ
نە تەنخوای گرتەی دامان پیران
کەردی زاری و شین وێنەی ئەسیران
پەی بەدبەختی بەخت هەم بار عوسیان
پەی شەرمەندەگی دیوان سوبحان
پەی نا فەرمانی و نادانی و غەفڵەت
پەی تەرک تەوبەی نەسوحی کەردەت
مەر ئایەی کەلام حەق نمەزانی
ئەموال و ئەولاد بەفیتنەش وانی[2]
خودا چە ئەعمال مەپەرسۆ چەنەت
ئەولاد هیچ نەفعێ نمەدۆ پەنەت

(١) موحیببە: دۆستدار.
(٢) ئەم نیو باڵە دەسنیشانە بۆ ئەو ئایەتە کە دەفەرمێ: (یاأیُها الذین آمنوا إن مِن أزواجکُم وأولادکم عدواً لَکم فأحذروهم. وان تعفوا وتصفحوا وتغفروا فإن الله غفورٌ رَّحیم)سورة التغابُن الآیة (١٤).



تاڵب بەر بەدین ئەولاد هیچ نییەن
ئامان و بییەن چە دەست بەرشییەن
واجبات دین لازمەن واجب
غەیر چە دین بادەن بەدنیا تاڵب
حەق پەرستی کەر حەق فەریاد ڕەسەن
غوسسە پەی ئەولاد ڕەنج و عەبەسەن
دڵ ماوەر وە تەنگ پەی بێ ئەولادی
ئەجرش زیادەن چە ڕۆی ئازادی
دایم شاکر بەر پەی تەقدیر حەق
بەل خودا تفلێ پێت کەرۆ لایەق[3]
مەنیشە غەمگین وێنەی خاسیران
حەق (بَعْدَ عُسرٍ یُسر)ش[4] فەرماوان
ئێدش فەرماوان حەزرەت نەبی
(المؤمنون بَلَويٌ بَلوی)[5]
نە پەی تۆ ئی کار ئارۆ جارییەن
فرێ کەس چون تۆ دەردش کارییەن
ئەمما حەدیسەن چە لای قارییان
(الصَبْرُ مفتاح)[6] فەرەج واچیان
هەر کەس چە دەرگای خودا کەرۆ سەبر
یەک بدە خالق پێش مەدەرۆ ئەجر

(٣) لایەق: لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (لاحیق) بەم جۆرە سەروای خشتەکە لەنگ دەبێ.
(٤) ئەمە دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە (فإن مع العُسر یسرا ان مع العُسرِ یُسرا) سورة الأنشراح الآیة(٥، ٦).
(٥) فەرمایشەکەی حەزرەتی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) لە بناخەدا وایە (أکثر الناس أبتلاءً الأنبیاء ثم الأمثل والأمثل)، واتە پیاوچاکانی خوا زیاتر تووشی دەردەسەری و بەڵا و مسیبەت دێن، هەروەها فەرموویەتی: (المؤمن بَلَویٌ).
(٦) الصَبْرُ مفتاح الفرج: واتە ئارامی و خۆڕاگری کلیلی دەرگای خۆشی و بەختەوەرییە، فەرمایشی محەمەد پێغەمبەرە (د.خ).

(ئەیووب) سەبرش کەرد بەو شەرەف یاوا
ئێستا لیقای حەق کەردەن بەماوا
یەک یەک ئەنبیا هەتا ئەولیا
گشت هەر سابر بێن سوفلا و عەلەویا
حەیفەن تۆ پەرێ ئەولاد مەجنوونی
خانەتەن وێران هەم دڵ مەحزوونی
ئەرێ هەی نادان بێ خەبەر چە دین
بڕێزە بەزار ئەسرین هونین
بنیشە غەمگێن هەم وێت کەر زویر
پەی کەردەی گونا نییەنت تەقسیر
دایم نە هەوا و هەوەس و سروور
غافڵ و کاهێڵ غروور و مەسروور
مەر خودا پەرێ ئەولاد تۆش سازان
بەیتەور مەکەری بێ هودە ڕازان
مەر نەشتەفتەنت تۆ ئایەی قورئان
(وَما خَلَقْتُ الجِنَّ والأنسان)[٧]
پەی (لِیَعبدون) گشت ئیجاد کەردەن
ئەمما تۆ پەی تفل ئیمانت هەردەن
خودا تۆش سازان پەی تاعەت وێش
تۆ بەجات ناوەرد نە کەم و نە بێش
جوابت چێشەن چە فەردای حیساب؟
پەی بێ تاعەتیت چێش مەدەی جەواب؟
ڕەنگ زەرد و زایف خوار و نا تەمام
چە هەردوو دنیا نمەیاوی وە کام
زوڵمەت قلووبت کەردەن وە دەیجوور
قەسوەت دەروونت دوور کەردەن چە نوور

(٧) دەقی ئایەتەکە وایە: (وَما خَلَقتُ الجنَّ والأنسَ إلا ليعبدون) سورة الذاريات الآية ٥٦.



گەدای چە ئەنوار پادشای ڕەحمان
غەنای چە ئەتوار ئەفعال شەیتان
بێ تۆشە پەی ڕاه وە ڕاز مەکۆشی
بێ وادە پەی جام دەمساز مەجۆشی
چە (کُل) فیرار کەر مەشغووڵ خاری
پەی حوب دنیا زار و زگاری
بەرگ مەعریفەت چە وێت دوور کەردی
فیعل شەیتانت وە دەروون بەردی
کەی پەی حاڵ زار وێت کەردی زاری؟
کەی جۆش دای بەدڵ چە بێ قەراری؟
کەی تەوبەی نەسوح بەجا ئاوەردی؟
تەفەککور نەزات خودائی کەردی
کەی سیامت گرت دوو ماهو سە ماه؟
وێت سەبووکبار کەرد چە بار گوناه
کەی شەو بێدار بیت تا بەو سوب سەحەر؟
گرەوای بەسۆز نە دەرگای داوەر
کەی وێت هوشیار کەرد چە زیکر تەسبیح؟[٨]
کەی کەردی پڕ هێز چە فیعل قەبیح؟
کەی قاپی ڕەحمەت تۆ کەردی فتووح؟
کەی بەجات ئاوەرد (تَوبَة النَسوح)؟
کەی شەرت و ئەرکان نماز و تاعەت
بەتەمام زانای نە ڕای عیبادەت؟
کەی بەسدق دڵ ئیخلاس کامل
حزوور خشووع تۆ کەردی حاسڵ؟
کەی نە ڕاگەی حەق تۆ کەردی تەدبیر؟
کەی بەخشای ئیحسان بەگەدا و فەقیر؟

(٨) زیکر تەسبیح: زیکری (لا اله إلا اللّه وسبحان اللّه)... هتد.

کەی فەرع و ئسوول حەقیق ئەنجامی[٩]
کەی شرووت شەرت دین ئیسلامی؟
کەی سوجدەی ڕکووع قیام و تەکبیر[١٠]
بە تەمام ئاداش کەردی بێ تەقسیر؟
کەی دوعای وافر وانای سە سەڵەوات
کەی ئەدا کەردی سەرفترە و[١١] زەکات؟[١٢]
کەی دەلائیل و[١٣] هەم خەتم قورئان
کەردی وە هەدیە پەی دەفع عوسیان؟
کەی (صائم الدهر[١٤] قیام اللیل[١٥]) بیت
کەی سفتەی ئاهیر عەشق ڕای لەیل[١٦] بیت؟
کەی ڕۆحت فیدای ڕاگەی خاسان[١٧] کەرد
کەی پەنات وە لای حەق شوناسان بەرد؟
کەی سە شەب و ڕۆز تەرکت کەرد تەعام[١٨]
چە وێت بێزار کەرد کەلام و مەنام
موحیببەی موخلیس چینە زیاد تەر
کافییەن کافی های ئیکتیفا کەر

(٩) فەرع و ئسوولّ: دەسنیشانە بۆ ئەرکانی ئاین...
(١٠) ئەم نیو باڵە دەسنیشانە بۆ پێنج فەرزەی نوێژ.
(١١) سەرفترە: باجی ئاینی لە گەنم یا دانەوێڵە یا پارە بەرامبەر بەهەر سەرێک.
(١٢) زەکات: بەشی خودا لە داراییدا.
(١٣) دەلائیل: دەسنیشانە بۆ کتێبی (دلائل الخیرات) سەڵەوات بەدیداری محەمەد پێغەمبەر (د.خ).
(١٤) سائم الدهر: ئەو کەسەیە کە هەموو ڕۆژانی ساڵ بەڕۆژووە تەنیا ڕۆژانی جەژنەکان نەبێ.
(١٥) قیام اللیل: ئەو کەسانەیە کە بەدرێژایی شەو نوێژ دەکەن تا بانگی بەرەبەیان.
(١٦) ڕای لەیل: سۆفییەکان بەشەو دڵیان خۆش دەبێ چونکە لە بەرامبەر خودای خۆیان ڕادەوەستن و زیکر و عیبادەت دەکەن.
(١٧) ڕاگەی خاسان: ڕێگەی پیاوچاکان.
(١٨) ئەم سێ ڕۆژە دەسنیشانە بۆ ئەو (٣) ڕۆژەی کە سەر لە ئێواران حەزرەتی عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین و کارەکەرەکەیان نانەکانی خۆیان دەبەخشییە هەژار و هەتیو و دیلەکان و خۆیان بێ نان دەمانەوە، جا بڕیاریان دەدا بەڕۆژوو بن.



وێت مەشغووڵ بکەر ببەر مەئجوور دین
پەنا بەر وە زات پادشای موعین
ئاداب ڕسووم شەرع و[١٩] تەریقەت[٢٠]
بزانەش پەی وێت چەنی حەقیقەت[٢١]
بیخسوس ئەوراد[٢٢] هەم تەهلیلە و[٢٣] زیکر
تەسبیح و[٢٤] تەحمید[٢٥] شەو بێداری و فیکر
قاعیدەی قانوون یاد سوبحانی
هەم تەریقەی غەوس[٢٦] شاه گەیلانی
بکەرەش قبووڵ باوەرەش وە جا
پەرێ فیوضات[٢٧] بکەر ئیلتیجا
هەر کەس وێش وانۆ چەی دوو دەمانە
ئیمانش نەسیب ئاخر بزانە
هەر کەس گورێز کەرد وێش نەکەرد تابیع
ڕەحمەت چە دارەین لێش مەبۆ مانیع
تەریقەی حەزرەت پیری دەستەگیر[٢٨]
نەجاتەن پەرێ وامەندەی فەقیر

(١٩، ٢٠، ٢١) شەرع و تەریقەت و حەقیقەت: محەمەد پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (الأسلام والأیمان والأحسان)، ئیسلام پەیوەندە بەشەریعەتەوە، ئیمان بەتەریقەت، ئیحسان بەهەقیقەت.
(٢٢) ئەوراد: کۆی (وەرد): گوڵ، بریتییە لە چەند زیکرێکی خوای مەزن، شێخی تەریقەت دەیدا بەدەروێش، ئەوراد مەعنای دوعا و نزاش دەدا.
(٢٣) تەهلیلە: بریتییە لە (لا اله الا الله)، لە پاش نوێژ و ئایەتی کورسی (٣٣) جار دەخوێندرێت.
(٢٤) تەسبیح: واتە (سبحان الله)، لە پاش نوێژ و خوێندنی ئایەتی کورسی (٣٣) جار دەخوێندرێت.
(٢٥) تەحمید: واتە (الحمد لله) لە پاش نوێژ و خوێندنی ئایەتی کورسی (٣٣) جار دەخوێندرێت.
(٢٦) تەریقەی غەوس: ڕێبازی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە ناسراوە بەغەوس (غەوث).
(٢٧) فیوضات: (ئـ): (الفیوضات الربانیة) ناوی کتێبێکی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە کە بەدەیان جار لە چاپ دراوە، بەزۆری ئەوانە دەیخوێننەوە کە لەسەر ڕێبازی سۆفیگەرین.
(ب)- دڵجۆش هاوردن بەرەو لای خوا.
(٢٨) پیری دەستەگیر: پیری تەریقەت.

حوصن حەصینەن پەی مەئوای تاریک
تەریق واسیعەن پەی ڕاگەی باریک
سڕ دەستوورەن پەی گەرمای مەحشەر
کەیف و سروورەن چە نۆشای کەوسەر
پییالآن پەریٚ (شَراباً طهور)[٢٩]
دەلیلەن پەی قورب قەصیرەن چە دوور
پەردەی نەجاتەن چە شەرارەی نار
شیفای هەر دەردەن پەریٚ گشت بیمار
نەجات دەهندەی عەزابی قەبرەن
فەریاد ڕەسەندەی حیساب و حەشرەن
ئاهەنگ بیسات (جَنة المأوان)[٣٠]
نە سایەی تەریق نەجاتمان مەدان
هەرکۆ پەی تەریق وێش کەرۆ مەشغووڵ
چە دەرگانەی حەق مەکەراش قبووڵ
چە هەردۆ دنیا مەبۆ سەرفراز
مەواناش نە جەمع زومرەی شاهباز
ئەمما ئادابش بزانە پەی وێت
عاقڵ بەر عارف وێت مەوانە شێت
شرووتش ئێدەن یەک یەک پەیت واچۆن
راستەن و تەحقیق هەرچی من ماچۆن
ئەوەڵ ئیجتیناب چە موحەڕڕەمات
هەم کفر و غەیبەت نەهی و مەکروهات
ئەدای کەلیمەی یاهوو یا ئەڵڵا
هەم (لا الە بِحَقْ ألا اللّە)

(٢٩) شَراباً طهور: شەرابی پاک و خاوێن، شەرابی مەعنەوی، ئەو شەرابە بێ گەردەیە کە لە بەهەشتدا بەبەهەشتییەکان دەدرێ.
(٣٠) جَنة المأوی: یەکێکە لە بەهەشتەکانی خوای گەورە.



هەم (شهادَتین)[٣١] بەمەعنا و بەدڵ
یەک یەک بەئیخلاس بەسیدق کامل
دووەم ڕیازەت[٣٢] بەنیشتەی خەڵوەت
تەبەڕڕی[٣٣] نە خەلق پەی دەفع قەسوەت
هەم تەرک کەلام، تەعام و مەنام
بکەری نە وێت تا یاوی وە کام
خەتمەی جەلالە هەشتاد هەزارەن
نە تەریقەی غەوس بەو تەور دییارەن
بە زەرب قلووب مەدۆ ڕەفع صەوت
تا زومرەی لەعین نە وێت کەری فەوت
بەحزوور دڵ بێ ڕیا و بێ عەیب
هەم بەتەشدید و ئەدای مەعنای غەیب
نەفی سوباتش[٣٤] تەمام بزانی
(لا إله) کەس بەحەق نەوانی
(الا الا اللە واحد الأحد)[٣٥]
پادشای بێ عەیب (اللّە الصَمَدْ)[٣٦]
(لَمْ یَلدْ ولَمْ یولَدْ)[٣٧] هەر ئەوەن
(ولَمْ یَكُن لَهُ كفواً أحد)ەن[٣٨]
یەکتای بێ (مثال)، (رَّحمن الرَّحیم)
(قَهارٌ جبار غفورٌ کریم)[٣٩]

(٣١) شهادَتَین: واتە (أشهَدُ أن لا اله الا اللە وأشهدُ ان محمداً رٗسول اللە).
(٣٢) ڕیازەت: ئەوانەی کە لە خەڵوەتا تەنیا گژوگیا و میوە دەخۆن، هەیە بۆ ماوەی (٤٠) ڕۆژ لە خەڵوەتا دەمێنێتەوە هەیشە (١٠) ڕۆژ لە (٢٠)ی ڕەمەزانەوە دەستی پێ دەکات.
(٣٣) تەبەڕڕی: هاشاکردن.
(٣٤) نەفی سوبات: ئەسڵەکەی نەفی (ئیسپات)ە.
(٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨) بڕوانە بۆ ئایەتە پیرۆزەکانی سورة الأخلاس (١، ٢، ٣).
(٣٩) ئەم ناوانە، ناوە جوانەکانی خوان.

دانای (كُلُّ حال)، مەحرووم ڕازەن
چە مەخلووق وێش ئەو بێ نیازەن
سەبتەن چە كەلام سی جزمەی مەجید
(نَحنُ أقربُ من حَبْل الوَریدْ)[٤٠]
سووەم چە دمای پەنج فەرزەی نماز
پەرێ سەڵەوات بكەرە ئاغاز
سە تەسبیح سەڵەوات پەرێ مستەفا[٤١]
هەم سەد فاتیحە بەسیدق و سەفا
سنوونات وتر[٤٢] هەم ڕەواتیبات[٤٣]
ئیشراق و[٤٤] ئەووابین[٤٥] سەبعەی مونجیات[٤٦]
سەد (قل هو الله)، هەفتاد ئیستیغفار
تەركش نەكەری زینهار سەد زینهار
(خَمیس) و (أثنیَن) بكەر بەعادەت
بگێرە ڕۆژە پەرێ سەعادەت
زیكر دائیمی بكەرە (وافر)
تا ببۆت نەجات چە نەفس كافر

(٤٠) بڕوانە سوورەتی (ق) الآیة (١٦) كە دەفەرمووێ: (وَلَقدْ خَلَقنا الأنسَنَ ونعلمُ ما توسوسُ بهِ نَفسُهُ وَنَحْنُ أقربُ الیه مِنْ حَبْلِ الوَرید).

(٤١) مستەفا: نازناوی محەمەد پێغەمبەرە (د.خ).

(٤٢) سنوونات وتر: (سُنَن الصَلاة) لە پاش نوێژ سوننەتی وتر هەیە یا ڕوكعاتێكە یا سێ، شەونوێژی پێ مۆر دەكرێ.

(٤٣) ڕەواتیبات: واتە سوننەتی نوێژ وەكو هی نوێژكردن، بەیانی دوو ڕوكعاتی لە پێش هەیە و نیوەڕۆش چواری لە پێشدا هەیە و دوویش لە پاش، مەغریب و عیشایش هەریەكەیان (٢)ی لە پاش هەیە و پێی دەڵێن (مؤكدة).

(٤٤) ئیشراق: لە پاش دەرچوونی خۆر دوو ڕوكعات نوێژ دەكرێ و پێی دەڵێن: سنة الأشراق.

(٤٥) ئەوابین: لە پاش نوێژی مەغریب و لە پێش نوێژی عیشا (٦) تا (٢٠) ڕوكعات نوێژ دەكرێ و پێی دەڵێن: (ئەوابین).

(٤٦) سەبعەی مونجیات: بریتییە لە (٧) سوورەتی قورئان (الأخلاص، الفاتحة، قل أعوذُ برب الفلق، قل أعوذُ برب الناس، آیة الكرسي، سورة النصر، قل یا أیها الكافرون (سورة الكافرون).



نەسایح و پەند چە حەد ئەو دەرەن
ئەر ببۆش بەیان طوولش نەسەرەن
ئەمما بەو پیران تۆ دابیت سەوگەند
تا تەڵەب كەردیم چە لای خوداوەند
بە شەرافەتی ئی ماه مەولوود
یاونۆت بەمەقسوود پادشای مەعبوود
بەو شەرتە تەوبە بكەی چە ڕای حەق
نەكەری ئەفعال كەردەی ما سەبەق
تەرك بكەی نەزەر غەیبەت و فەساد
عومر عافیەت نەدەری وە باد
ئیجتیناب بكەی چە (النمیمان)[٤٧]
تا شاد بی بەفەیز ساحێب مەنزەران
بكەری پەرهێز نەشوبهەی حەرام
هەرگز نەكەری بێ هوودە كەلام
لوقمەی حەرام هەر كەس مووەرۆ
عیبادەت ئەو چل ڕۆ مەبەرۆ
بەرگ فاخیرە هەرگز نەكەری
هەم (خِلاف الشَرعْ) وە جا ناوەری
نەزەر و غەیبەت هەم (كذب) درۆ
(وضوء) هەم ڕۆژەش پێ بەتاڵ مەبۆ
ئەعمال ئەحسەن مەكەرۆ تەبدیل[٤٨]
خێرش نمەیاوۆ كەثیر یا قەلیل
گەر هەنی تاڵب وێت كەری مەوسووف
باوەرە وە جا ئەمر بیمەعرووف

(٤٧) النمیمان: كۆی (نەمیمە)یە، بوختان بەدەمەوە هەڵبەستن.

(٤٨) ئەم خشتە دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە: (وأقِم الصَلَواةَ طَرَفَي النهار وَزُلفاً من اللیل أن الحسنات یَذهَبنَ السیئات ذلِكَ ذِكری للذاكرینَ) - سورة هود - الآیة ١٦.

هەم بکەرە نەهی چە نەهی مونکەر[٤٩]
تا شاد بی بەلوتف خودا و پێغەمبەر
دایم بدەر گۆش وە ئایە و حەدیس
وێت بەری بکەر نە فیعل خەبیس
هەر فیعلێ خوداش پێش بشۆ چە یاد
بزان حەرامەن ڕەنجش هەن وە باد
نە هەر جا ئەلواط یاخود مونافیق
نیشتەن تۆ نەو جا وێت مەکەر لاحیق
خوورات بەد ماوەرە وە دڵ
بە شوغل دنیا وێت مەکەر خەجڵ
چە یاد خودا غافڵ مەنیشە
ئەوراد و ئەزکار بکەر وە پیشە
بێ پەرحە هەرگز مەشۆ وە بازاڕ
تا نەبی مەلعوون دەرگای کردگار
یەقین هەر کەسێ بێ پەرحە پۆشەن
ئاهیر دۆزەخ پەرێش وە جۆشەن
بەگرمەی شەیتان نەوەری فەریب
تا چە ڕەحم حەق نەبی بێ نەسیب
مەکەر وەسوەسەی دڵ ئازاری خەلق
بنیشە عوزلەت هەم بپۆشە دە لق
فەرماواش حەبیب حەیی داوەری
پەی ئەسحابانش (الفَقرُ فَخری)
(مَنْ تَمَسَّك بِسُنتي زيد
فَلَهُ أجرُ مائةُ شَهيد)[٥٠]

(٤٩) ئەم خشتە شیعرە دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە: (ولِتَكن مِنكُمْ أُمَّةٌ يَدعونَ الى الخَيْر ويأمرون بالمعروف ويَنهونَ عَنِ المنكرِ وأولئك هَمُ المُفلحون)- سورة آل عمران - الآية ١٠٤.
(٥٠) ئەمە فەرمایشی محەمەد پێغەمبەرە (د.خ) کە فەرموویەتی: (مَنْ تَمَسَكَ بِسُنَّتي عِند فساد =



ئەگەر گەرەکتەن نەزرت بۆ قبوول
وێت کەر وە تابیع ئەولادەی ڕەسوول
قەول و فیعلشان باوەرە وە جا
تا نە دەرگای حەق پەرێت کەن ڕەجا
دوعا قبوولەن چە لای لامەکان
پەی ئەو کەس گێرۆ دەسشان بەدامان
دامانشان گێرۆ گەدا یا دارا
مەواناش نە جەمع (فاتیمەی زەهرا)
یا چون (رابیعەی عەدوویە)ی دانا
ئیستیقبال کەرد لێش یەک سات (بَيْتَ اللّه)
دامان پیران هەر کەس گرت نە مشت
خەڵاسیش مەبۆ چە مەینەتان گشت

***

=أُمَّتي فَلَه أجر مائةُ شهيد).
واتە: هەر کەسێ لە کاتی بڵاوبوونەوەی خراپەکاری لە نێوانی موسڵمانانندا بەتەواوی پێرەوی سوننەتی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) بکات ئەجری ئەوەندەی سەد شەهیدی بۆ هەیە.

# کۆمەڵایەتی

## وەسیەتنامە و ئامۆژگاری شاعیر

یاران گۆش بدەن واچی وەسیەتم
واچی پەرێتان پەند و نەسحەتم
بواندێ دەفتەر شیرینی قەندم
تا کەس نەواتەن من چە خێڵ مەندم
هەر چەند بێ ماڵم درازەن دەستم
چە خار دۆستم فرەوان پەستم
بۆیە داو مەنان بکەران قەستم
هەم فوو بکەران نە شەم و هەستم
ئاوری شەمم وە هازەن گڕەن
گڕیش مەسوزنۆ هەرکە بەدفەڕەن
کەس حەد نەدارۆ بڵێسەش بەرزەن
ڕۆشنائیش پەی دۆست چە هەزار تەرزەن
یەکتر مەشکندێ پەرێ ئەغیاران
نەک کەرۆتان پەند پەی واتەی شاران
هەرگز مەنشدێ غافڵ چە غارتان
نەک بکەرۆ قەست چە ماڵ و حاڵتان
ماڵ دنیا پیچەن گەوج نەودێ پەرێش
نەکەردێ پەرێش دڵ یەکترین ڕێش
دوور بەر چە بوهتان یە کار وە تۆ چێش؟
مەکەر گیزە گیز پەی پیسی وەک مێش
هەرگز پەی دۆستت نە شانی خەدەنگ
فەردا چە نامشان جاگەت مەبۆ تەنگ
چەنی هامسایان نەکەی کینە و جەنگ
فەردا مەوانات ناکەس کە چ لەنگ
واناى مورشیدان ئامان سەد ئامان
نەکەی فەرامۆش دەستم وە دامان



وێت وە هامڕاز قومارباز نەکەی
یانە و ئایلت وە بێ ناز نەکەی
چەنی زناکار وێت هامدوس مەکەر
وێت بێ شەرەف و بێ ناموس مەکەر
تەمبەڵ و کەسلان وە پیشە مەکەر
چە حوجرەی مەلا ئەندێشە بکەر
مارزە کناچەت تەمەن دراز بۆ
زوو بدەش وە شوو با سەرفراز بۆ
نەک کەرۆت وە پەن بەواتەیساڵ بۆ
عەرز و نامووست چە سووری کاڵ بۆ
مەسان فرەوان چە زێڕ و تومەن
وە گشت ڕاگەیە ڕەنج شفت حەرامەن
مەواچ فەقیرم پەرێم حەڵاڵەن
حەق نییەن زەهرەن وە ڕاستی تاڵەن
مەدەش وە ئاڵتوون چە تەماح دووربەر
با بێماڵ ببۆ وە پیاوش بدەر
وێت وە نەزان و هەم بێ گۆش مەکەر
یانەی کناچەت وە خامۆش مەکەر
چەنی کەچ بینان مەوەر وە ڕاویار
مەدۆت وە دەم گورگ وێش مەدۆ پێوار
هەتا مەتاوی دەس چە نام دەس
پەرێ یەکترین بودێ فەریادڕەس
ماڕزدێ دوژمنتان یارتان کەرۆ قەس
نەک کەرۆ قەستان یەک یەک وە هەوەس
کەچ بین کەچ شەرت بارتان مەکەن لار
هەم گەز مەکەران، وێنەی زەردەمار
وەختێکتان زانا (خەلیل) بی ڕاویار
تەنها ڕاگەش گرت پەرێ نام مەزار
مەرکێشان پەرێش گشت دۆستان یار
هەناسان سەرد سیغار تا کیبار

## گلەیی لە خزم و خوێش

یا ڕەب پیاو مەرد ڕوو زەرد نەکەری
مێرد مەرد موحتاج نامەرد نەکەری
نامەرد، نامەردەن نمەبۆ وە مەرد
مەردان وە دەسشان نەکەری ڕوو زەرد
یاران هیچ کەسێ بەکام نە یاوان
وە چەفتی و دروغ دزدی ڕای کاروان
یە کردار پیشەی پیاو ڕاستگۆ نییەن
هەر چەند لای دزدان وە خاس باو بییەن
ڕۆیە مۆ دزدی وەبێ ناز مەبۆ
گرۆی دروغزەن ئینقراز مەبۆ
هەر کەسێ بەد وات خار مەیۆ نە ڕاش
هەر کەسێ خاس وات یار مەیۆ نە ڕاش
دۆستان حەرف (خەلیل) خەیاڵ مەزانە
چوار فەرد گرفتار داو ئەغیارانە[١]
یەکەم گرۆی (کورد) چە یەکتر بێزار
دوهەم گرۆی (یار) سێهەم (فەلاکار)
چوارەم (مام خەلیل) بەخت سیاتار
جەرگش بییەن زام وە قەپ سەگسار
(فِرقَةُ الأکراد) گشت چە نام یەکا
بییەن وە دوژمن گشت دەس وە چەکا[٢]

(١) خەلیل منەووەر لێرەدا دەڵێ: لەم سەردەمەدا چوار دەستە گیرۆدەی دەستی ستەمکارانە: (کورد، پیاوی چاک، جووتیار، میرزا خەلیل).

(٢) دوژمنانی کورد ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی یەک لە دوای یەکی ڕابردووی عێراق دژی کورد بوونە و هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە هۆزەکانی کورد بدەن بەگژ یەکا تا بیر لە یەکگرتن و مافی ڕەوای خۆیان نەکەنەوە، بۆیە شاعیر بەهەناسە ساردییەوە ئەم شیعرەی وتووە.



(داوده)ی[٣] دەمان عەدووی (تاڵەبان)[٤]
تاڵەبان عەدووی (کاکەیی)[٥] زبان
کاکەیی هەردەم وە غەزەو جۆشان
پەی جەنگ و داوا نە ڕووی هەردۆشان
ئا دمای عەشرەت گەرمیان تا سەرین
گردین نە جەنگەن تا (جەوەڵ حەمرین)[٦]
خەدەنگ مەشانان وە ڕووی یەکترین
هەم بەیەک ماچان قسەی تاڵترین
کوشتەی یەکترین دەبا وەس بۆ وەس
بورازدێ وە یەک بودێ هانارەس
(خەلیل منەووەر) چە داخ ئی کارە
دڵش هوناوەن خەیلێ بێزارە
پەرێشان ماچۆ ئەشعار پڕ پەند
بێ هۆش و نەزان نمەکۆش پەسەند

***

(٣، ٤، ٥) داوده و تاڵەبانی و کاکەیی، ئەم سێ هۆزە کوردن، ساڵەهای ساڵە وەکو برا لە دەوروبەری (داقووق) دەژین و هاوسنووری یەکن، جار بەجاریش لەسەر زەویوزار دوژمنانی کورد داویانیە بەگژ یەکا.

(٦) جەوەڵ حەمرین: کێوی حەمرین، دەکەوێتە باشووری کوردستان لە دەڤەری گەرمیاندا، خەڵکی گەرمیان پێیی ئێژن (جەوەڵ حەمرین) نەک کێوی حەمرین، شاعیر لێرەدا بەشێوەیەکی هونەری، یان ڕەمزی دەسنیشانی سنووری باشووری کوردستانی کردووە کە (جەوەڵ حەمرین)ە.

## شاعیر گلەیی لە بەختی خۆی دەکا(١)

یا ڕەب هەتا کـەی ئی بەندەی بەدبەخت
تاڵعش غــەرق بۆ چە قــوڕاو ســەخت؟
هەتا کـەی بەدەست فـیـرقـەی ئەغـیـاران
مــەبۆم بەکـۆچەر مـەحــرووم نە یاران؟
تا کـەی بەگـوفـتـەی گـرۆی سـتـەمکار
ببــــۆم ئاوارە نە ســــاراو کــــۆســــار؟
تا کــــەی بەدەست ناکـــــەس نا بەچە
نان بڕیا ببــۆم بێ ســفــرە و خــوانچــە؟
یا ڕەب هەتا کــــەی ئی ڕەنجــــەڕۆیی
مــــــــــەوینـیـم لایـق پـەی بـرا ڕۆیـی؟
سـە ژەن سـە ئایل بەردی وە چێـر خـاک
پەی غـــەم و ئازار منت هاست وە تاک
چـرای ڕۆشـنـائـیـت چـە یـانـەم بـڕی
حـــــالم بـەرباد بێ بەرگم بێ شــــڕی
ئەوەڵ مــەحــرووم بیم چە ســایەی تاتە(٢)
پەی دایەم کــیــانای یاس وە خــەڵاتە
دووهەم مـەئیـوس بیم چە خـزمـەت دایە
بێ بـاوان مـــــــەندم هەر ڕۆ چە لایـە
سێهەم مەحرووم بیم من چە سە ئەتفال
چە ناز و نیـعـمـەت شـادی سە عـیـیـال(٣)

(١) لە ڕۆژی ٢٢ی ئازاری ساڵی ١٩٧١ی.ز ئەم شیـعـرەمـان لە قـەیرەژنێک بەدەست هێنا، تکای لێ کردین ناوی یاد نەکەین.

(٢) تاتە: باوک: باب، لە هەندێ جێگە، خوشکی بچووک بەخوشکی گەورە دەڵێت: تاتە.

(٣) عییال: ژن و منداڵ، لە کاتی سەفەربەردا گەلێ کەس لە برساندا گیانی لە دەس دا لەوانە هەرسێ منداڵەکانی (میرزا خەلیل)یشی گرتەوە.



خــــــودا بـا وەس بـۆ بـادەی تاڵای تـاڵ
هەر ڕۆ پەی (خـەلـیل) مـەکـیـانە زەواڵ.

***

## مەبەر بەنۆکەر(*)

پەرێ ســتــەمکار مــەبەر بەنۆکــەر
چە باتی ئوجـرەت مـەپاچۆت جگەر
چەنی نەزانـان مـــەبەر وە هاملۆش
نـەکــا چە ئاخــر تاڵاو بکەی نۆش
چە ڕووی یەکترین مەکەردێ خرۆش
تاکە وا وەیلات نەژنەفتەن وەگۆش

***

(*) شاعیر لە شیعرەکەیدا داوا لە جەماوەر دەکا هەمیشە یەکگرتووبن و نەبنە نۆکەری پیاوی زاڵم و ستەمکار، دۆستایەتیش لەگەڵ مرۆڤی نەزان و گەمژە نەبەستن، تا دوژمن زەفەریان پێ نەبا.

## دەمەتەقێی شاعیر لەگەڵ مردوویەکدا[١]

لە ڕۆژانی جەنگی جیهانی یەکەم کە لە ساڵی (١٩١٤ی.ز) بەرپا بووەو خەڵکی بەهۆیەوە تووشی گەلێ دەردە سەری و ئێش و ئازار بووە، جا خەلیل منەووەر ئەو ستەم و ماڵوێرانییەی بەدڵ نەبووە بۆیە دەچێتە گۆڕستانێک و ڕووی دەمی دەکاتە گۆڕی مردوویەک و دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ و دەفەرمووێ:

چە شەڕ و خەتەر تەمام بێ باکی
خۆزگەم وە حاڵت ئەسیر خاکی
لە حاف گڵکۆ کێشانی وە سەر
وە هیچ مەزانی والی و عەسکەر
مەشریق تا مەغریب جیهان بی وە نار
سوزیان وە لەهەب سیغار و کیبار
خەڵکان پەشێو حاڵ چەمەری و کۆسەن
میللەت ئینتیزار ئەمیرێ دۆسەن

مردووەکەش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

(ئەنکیر) و (مونکیر) گوناهم نویسا
ئێستام خاستەرەن چە حوکم (عیسا)[٢]

***

(١) لە ڕۆژی ١٩٧٨/٢/١٦ی ز. لە خاڵە ڕەحیم مەنەی کاکەییمان وەرگرت و فەرمووی (ئەم شیعرە هێشتا ماویەتی، من هەر ئەوەندەیم لەبیر ماوەتەوە).

(٢) عیسا (عیسا ئەفەنی): ئەفسەرێکی تورکی زاڵم بووە، لە ناوچەی (داقووق) کاربەدەست بووە، خەڵکی ئەو دەڤەرەی زۆر چەوساندووەتەوە.



## میرزا خەلیل ڕۆن دەکڕێ[١]

مەکەر بەهانە... مەکەر بەهانە
حەڵاڵ[٢] وات پەرێم مەکەر بەهانە
چەمچەیە ڕەوغەن نییەن چە یانە
بخێزە وە دەو بلە بستانە
ئەگەر ناوەری وەردە نمۆری
مەبۆ بنیشیم چون قاز کۆری
منیش وە سورعەت چە یانگە خێزام
وە هەڵەداوان پەی (رهۆن) گێڵام
(لیرە) چە دەستم بەوێنەی لەتە
لوام وە دیوان ئەو (مەحموود[٣] لەتە)
مەحموی من کیانا وە لای یەک عەرەب
سەلام دام پەنەش وە ڕەسم ئەدەب
عەمی وە ئەهلەن عەلەیکش داوە
(تفضل أجلس) لەسەر ئەم چاوە
واتم یا (عَمي أشتَري دهن)
ورێز بکێشە نیم هۆقە پەی من
عەرەب دا جەواب:
(یا عَمي کراد أنت ما تَدري
ما عدنە حوگە عیارەن[٤] جدري)؟

(١) لە ١٩٧٨/٢/١٦ی.ز لە دێی (عەرەبکۆیی) لە خاڵە ڕەحیم مەنەی پینەدۆزم وەرگرت.

(٢) حەڵاڵ: مەبەست لە ژنەکەیەتی، کە داوای لە شاعیر کردووە ڕۆن بکڕێت.

(٣) مەحموود: کوڕی عەزیز لەتەی کاکەییە، دانیشتووی ئاوایی (ئەلبو محەمەد)، پیاوێکی پیاوانە و سەر ڕاست و نانبدەو خاوەن دیوەخان بووە، لە دێی ناوبراو بڕێ خێزانی عەرەب لە هۆزی (ئەلعەززە) لەتەک کاکەییەکاندا تیایدا نیشتەجێن، هەمیشە هەردوو لایان لە خێر و شەڕی یەکتردا هاوبەش بوون.

(٤) عیار: واتە هۆقەمان نییە، مەنجەڵەکە پێوەرە.

## یاران وە بێ غەم[١]

یاران وە بێ غەم... یاران وە بێ غەم
کەی ڕۆژێ نیشتم وە بێ غوسسەی غەم؟
کەی پدەرێم بی مانەند ڕۆستەم
پڕ عیلم و پڕ حیلم عارف و ئەعلەم؟
کەی موفتەخر بیم نە سای خاڵۆ و عەم
کەی ڕۆژێ نییام وە شادی قەدەم؟
کێ دی نەپۆشام لیباس ماتەم
کەی ئیزهار کەردم خەندەی شەوق نە دەم؟
کەی نەبیم وە باڵ پەروانەی پای شەم
کەی ڕۆژێ ڕازم نە دام لە قەڵەم؟
کەی کێشام پەرێ عەرسەی عەیش عەلەم
ستارەم سییان نە چەرخ هەفتەم؟
شەراب شەهدم لێم بییەن وە سەم
شەوق ئایینەی عەینم بییەن کەم
سەیل ئەسرینان دیدەی پڕ چە نەم
شەوق و زەوق و بەزم ڕەزمم کەردەن ڕەم
نە چێر دەردان پشتم بییەن خەم
لووام بەمەقام مەفقوود و عەدەم
نە دەور ئادەم تا وە جەمشید جەم
کێ چون من دییەن ئی زوڵم و ستەم؟
یا ڕەب تۆ بەعەشق عیسای بن مەریەم
... ... . .... ... ... ... .... ... م
... ... ... نە دەرگای ڕەحیم ئەرحەم
... ... ... ... ... ... ... ... ... م[٢]

---

(١) شاعیر ناوونیشانی شیعرەکەی بەزمانی تورکی وا داناوە: (میرزا خلیل أفندی لساننددن غزل)،
واتە: ئەم شیعرە هی میرزا خەلیل ئەفەنییە.
(٢) ئەو شوێنانەی نوختەمان داناون لە دەسنووسەکەدا کوێر بووەتەوە.



## نامەی میرزا خەلیل بۆ سەیید سەمین...

سەیید بەنامەن... سەیید بەنامەن
سەی سەمین ئیسمت، سەیید بەنامەن
بەقاڵ بازاڕ وەنەت غولامەن
وەڵڵا وە بێ تۆ سەودا حەرامەن
عەقڵت پڕ هۆشەن شوهرەت کەلامەن
عەشایر عمووم وە نرخت ڕامەن
چونکە ساحێب عەقڵ تەمام پڕ فامی
سەد حەیف کە شەریک (مستەفا) نامی
ماچان مستەفا وە نەت ئۆرتاغەن
باوجوود وەڵڵا ئەو پیاوێ ساغەن
چونکە فەقیرەن حیساب سەرسامەن
خوتوەی خوتوور خەیاڵش خامەن
گاه لە قازانجەن گاهێ لە زەرەر
لە عالەم وایە مەکەرۆ خەتەر
چە بەیع و فروخت نەدارۆ خەبەر
وەکەڵەک ئەشیا مەدۆ نە دەفتەر
چونکە لە ئەزەڵ هەر کۆر حەساوەن
هەرچی بدەی پێش، ماچۆ خەراوەن
ئەو ڕۆژ سەندم لێش یەک واقیە شەککەر
بزانە کێمان کەردەنیم خەتەر
شەکەر کێشا پەیم بەمیزان زەڕ
منیش لە خەیاڵ نەبیم با خەبەر
تاک تەهرانی لە کیسەی ئەحمەر
سپەردم وەنەش واتم باقیم دەر

واتش عەزیزم با فکرێ بکەم
پارەی واقییە[1] کەی،چوار پەنجپارە[2] کەم؟
منیش چەو دەمدا شەربەتم شۆر بی
روبای ڕەفیقم لیباسش بۆر بی
خەیاڵم خەراو زامم ناسۆر بی
لە دەست چەپم (شامار)ە کۆر بی
مستەفا دەست بەرد بۆ باقی پارە
گێژ حەساو بی وە بێ ئیشارە
منیش سەرمەست بیم چە بادەی ساقی
ئەویش درەنگدا قرووش باقی
شامار وات خاڵۆ بۆ بێ خەبەری
تۆ یەک پەنجپارەت مایە لە سەری
منیش خۆ حیساب نەکەردم تازە
عەجەلەی چاپووک وەک شۆن جنازە
مستەفا واتش حیساب بی قەرار
منیش وە تەعجیل بەرشیم چە بازاڕ
ئێستە پەی حیساب عەقڵم مەکەم جەم
ها لە زیمەتش سە پەنجپارە کەم
سەیید سەڵەوات پەرێ شەریکت
شەریک بێ هۆش لە فام تەریکت
حیساب بێ جۆش وەی تەور گرانەن
دۆستیش دەور دەور چەرخی و قڕانەن
خولەی مەجیدی برعەی کەوەسەر
مەگەر نیم لیرە بدۆ نە دەفتەر

(١) واقیە: هەر شتێک لە شێوازی قاپێکی قووڵ، یا پاتیلە کە بۆ پێوان بەکار بێ.
(٢) پەنجپارە: جۆرە پارەیەکی ئەو ڕۆژگارە بووە.



فرەنسە فیرار لە فیکر و فامش
جار جار بۆ ڕوپیە ئەر بۆ دەوامش
حیسابچی تەمام سەڕڕاف ئەزبەر
برنجی بەقاڵ تەمام حیسابگەر
دەخیلەن چە لاش، مەکەرە گوزەر
بنیش لە دوکان ئەخشام و سەحەر
سفتاح سەباح یەک واقیە شەکەر
حیساب مەعلووم بووەز نە دەفتەر

***

## میرزا خەلیل داوای قەرە خەرمان دەکات[١]

فراوان سەلام بەدیدە و بەگیان
بەخزمەت پاک (کۆخا سلێمان)[٢]
نەوەی(عەلی حوسێن) چە(فەککە) مەکان
دەرد حاڵ من چە لات بۆ عەیان
لە سایەی خودا هەنەن فیراقم
کۆکەن پەی زستان ماڵ و تفاقم
پەرێ زمستان کۆکەن زەخیرەم
نیسک و نۆک، مێوژ، دۆشاب و جیرەم
نمەک و سماق یاغ چەنی سۆغان
برنج و لۆبیا سابوونی چۆغان
هەڵۆژە و هورتومان ترخێنە و ساوەر
گشت موکەمەلەن پێم بکەر باوەڕ
تفاق و تاقم زەخیرەم جەمەن
داخی گرانم یەک چیزم کەمەن
چە مەراقی ئەو چاوم لە خەوەن
هام لە پەژارە ڕۆژم چون شەوەن
لە عەشایردا ئیسمش عەیانەن
ئیسم شەریفش قەرە خەرمانەن
لە گەنم ئیجاد فەقەت جۆ نەبۆ
هەرکێ بخواتی ڕەنجەڕۆ نەبۆ
گەنم ڕوو کرا پڕ مرۆر نەبۆ
لازم بۆ بە ئاش، ئاشش تاڵ نەبۆ

(١) ئەم شیعرە لە لایەن مامۆستا کەمال مەعرووفەوە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە ٤٣٢ی ١٩٧٨/٧/١٧ی.زدا بڵاوکراوەتەوە، ئەویش لە کەشکۆڵێکی کۆندا بەدەستی هێناوە.

(٢) کۆخا سلێمان کوڕی عەلی کوڕی حوسێنە دانیشتووی شارۆچکەی (فەککە) بووە لە دەڤەری شاری (عیمارە)دا، ئەو شارۆچکەیە شوێن و جێگای برا کوردە فەیلییەکانی خۆمانە.



سەوز قەرسیلی تەوەق تەکیا بۆ
چون دانەی برنج دە جار شکیا بۆ
نەک (قەرە خەرمان) نەزان کەردە بۆ
تورکان تەمبەڵ پەرێش مەردە بۆ
سەر و قون سیا ساحێب ژەنگ نەبۆ
هەرکێ بخواتی دڵش تەنگ نەبۆ
لە برنج پاکتر دانە دانە بۆ
بەڵێ بەشەرتێ پڕ هەمانە بۆ
لازمەن خاتر (خەلیل) فەرز بکەی
ئەگەر شک نەبەی گەرێ قەرز بکەی
من (میرزا خەلیل) کفری مەکانم
دوعا گۆی دەوڵەت ئەو خانەدانم

***

## گلەیی و هاواری میرزا لە دەست خانووەکەی[1]

سەیید سەروەر... سەیید سەروەر
سیلسیلەی سادات (رەسول) سەروەر
نەتیجەی لەقەب (حوسەین حەیدەر)
(کەیکاوس کەی، شاهـ ئەسکەندەر)
(جەمشید جەم جام، فەرەیدوون فەڕ)
ساحێب گورز و ڕەخش نەوەی (زاڵ زەڕ)
(ئەرستۆ) ئیدراک (حەکیم لوقمان) بی
مەنشوور مەعلووم وە خانەدان بی
(حاتەم) دەوران (ئەرستۆ) عقوول
جای مەلجا و پەنای مسکین و مەلوول
مەرد موجاهید مەیدان مەساف
مەعرووف مەذکوور چە قاف تا وەقاف
بابۆی مەزڵومان غەمخوار عەشیرەت
شێر پڕ نەزەر پڕ سام و هەیبەت[2]
مرازم ئێدەن چە (رَّب المُعین)
بمانی بەشاد نە ڕووی سەر زەمین
عومرت وە شادی و فەرح و طەویل بۆ
دۆستانت دڵشاد عەدوت زەلیل بۆ

(١) وەختێک شاعیر بەکۆس کەوتوویی لە کفرییەوە دەگەڕێتەوە ناو هۆز و قەوم و خێشەکەی، ئەو ڕۆژە ئاغا سەید ڕۆستەم کە یەکێک بووە لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی کاکەیی لە ماڵ نابێت، عەلی ئاغای کوڕی بەکوێخا ڕەمەزان دەسپێرێ خانوویەکی بدەنێ، ئەمیش کە تێی دەچێ زۆر ناڕەحەت دەبێ و ئەم پارچە شیعرەی لەسەر دەنووسێت و تیایدا هێرشێ خەست و خۆڵ دەکاتە سەر خانووە پەرپووتەکەی و گلەیی لە ئاغا عەلی و کوێخا ڕەمەزان دەکا کە ئەو خانووە پەرپووت و بێ حەوشەیان پێ بەخشیوە، باسی ئەم سێ زاتەمان (سەید ڕۆستەم، عەلی ئاغا، کوێخا ڕەمەزان) لە پەراوێزی شیعرێکی تردا کردووە.

(٢) واتە: تۆ لە شێری ئازا و پڕندە دەچی، ئەوەی بتبینێ پڕ بەدڵ لێت سڵ دەکات.



چەی (قەریەکۆیی)[3] ئەسیل و ئەساس
نەکەفت بەدەستم یەک خانەیە خاس
چەند نەفەر بار کەرد یانەش بەرد وە چۆڵ
هیچ نەسیب نەوی وەی بەندەی کڵۆڵ
وە ئەمر (سەی عەلی) گفتەی (رەمەزان)
هام چە قۆناغێ قوولەن چون قازان
خانەی سرسڕ و عەقرەب و مارەن
عەنکەبووت چە نەش چە ئیستخفارەن
موشان موناجات چەنەش مەوانان
وە مولک قەدیم بابۆشان زانان
دیوار چە قیام ئامان وە قعوود
دیرەگ پەی زەمین مەکەرۆ سجوود
تەمەڵش باریک وێنەی یاڵ خەر
وە یەک مشت مە بۆ گشت زێر و زەبەر
خانەیەم گەرەک چەهار شانە بۆ
هەوای خۆش لەتیف دەروێشانە بۆ
خانەیە چەند کەس چە پرسیارش بۆ
لەتیفە خانە زۆر کردارش بۆ
بنیشین تێدا وە بێ دەرد و غەم
دوعای خێر کەرۆن پەی (ئاغا ڕۆستەم)
ئومێدم ئێدەن ئەی زات ئەسیل
خانەیە وەی تەور ببەخش وە (خەلیل)
باعیس چە ئێدەن جگەر کەبابم
ئێستا من هامسای (سەیید زۆرابم)[4]

(٣) قەریەکۆیی: دێی (عەرەبکۆیی)، کە میرزا خەلیل ماڵی گوێزاوەتەوە ناوی.

(٤) سەید زۆراب: یەکێک بووە لە دانیشتوانی دێی عەرەبکۆیی.

هەر سوب تا ئێوار بەوێنەی نازر
خەریکم چەنی هەفت تیپ مامر
قامیشێ دراز گرتەنم وە دەس
وێنەی پاسەبان نە پێش و نە پەس
وە زەرب قامیش مەنع مەکەم مامر
فایدەش نییەن بەخت ها لە چامر
چە دەست مامر نەدارۆن دەرمان
چمان حەوش من بییەن وە خەرمان
بیم وە دێوانە نەدەست دەجاج
هەفت تیپ وە تەمام چون مەبۆ عیلاج
تیپێ پەڕ و باڵ سفید وێنەی هەور
مەردە وە مینقار برماران چە قەور
تیپێ بولبولی تیپێ پڵەنگی
تیپێ سیاوەن چون عەبد زەنگی
تیپێ زەرد و زاق، زەواڵ پەی (خەلیل)
چە زەرب ریقنە ئاواتم زەلیل
تیپێ بۆر بەد وێنەی مار شڵ
تیپێ سورخ چە دەس جنسێ مەدا زڵ
مەیان پەرێ قەسد ئی بەندەی کەمتر
چون موحارەبەی، ڕەزم (هەفت لەشکر)
وە ڕۆ ئی هەفت تیپ تا وەعد ئێوار
ئیحاطە مەدان سیغار و کیبار
وە هەی کش هەی کش هەتا ئێوارە
فایدەش نییەن نەدارۆ چارە
چون مەرەزە پاس یاکە قوشچی باخ
تا وەخت مەغریب هام چە ئاخ و داخ



وەختێ شەو پۆشا بەرگ سیازاغ
مەیۆ وە گیانم ... ... ... ئوتلاغ[٥]
... ... ... ... ... ... ... ... ...
ئەدغەم و ئەرقەم بەوێنەی ماین[٦]
بولبول... ... ... ... ... ....
بەرگمان زەڕ پوول لایق وە سوورە
چە دمای ئەوان دوو گا و جفتی
مەیان وە سەرمان بێ ئەمر حەقی
یەکێشان مادە یەکێشان نێرە
چون قرچە لاشەم مەکەران گێرە
گێرە مەکەران پاو ئویز و دەس
تەمام هەراسان چە گیان بیم وەڕەس
چە دەست مورغان بییەنم مەلوول
ئاغا ئی کارە چۆن مەبۆ قبوول
مەنع ئەوانیش مەکەرۆن وەشەو
پەرێ ئیسراحەت چەم مەنی لە خەو
مەخڕۆن چە وەرم وە تەعجیل و تاو
وە هەی کڵچ هەی کڵچ پەرێ تاجی گاو
وە زەرب قامیش چە شەب دەیجوور
شەڕ ئەوانیش چە وێم مەکەم دوور
چە دمای ئەوان سە کەلب سفید
مەیان پەرێ گیان بەندەی نائومید
مەڵومۆی سوقان مەکەن بەهانە
یانەی من بییەن وە قەساوخانە

(٥، ٦) شیعرەکە لە دەسنووسێکی شاعیر مەلا سەید عەباس حیلمی (١٨٨٢ - ١٩٦٦ی ز.) وەرگیراوە، بەقەڵەمی ڕەش تۆمار کراوە، جا ئەو شوێنانەی کە نوختەمان بۆ داناوە لە دەسنووسەکەیدا بەیەکجاری کوێر بوونەتەوە و بۆمان نەخوێنرایەوە.

وەختێ کە نەدین نە نان نە سوقان
ئەوسا چەو دما ئەو هەرسە کەلبان
میز مەکەن وە بان یاتاخ (خەلیل)
ئاغا ئی عوزرە چۆن مەبۆ قەویل
ئینە وە ڕەویەی دارایی نییەن
قاعیدەی قەدیم کەیانی نییەن
قاعیدەی (ئێران)، (توران) ئێد نییەن
مەرد تەور گرتە بێ حورمەت نییەن
قافڵەی قاسیدان نەداران زەواڵ
وە عەهد و پەیمان وەرینان ساڵ
مەبۆ ئی سە کەس دوور چە زەرەر بۆ
ساحێب حورمەت و هەم موعتەبەر بۆ
ئومێدم ئێدەن ئاغای حەق شوناس
چەی غوسسەی قورسە من بکەی خەلاس
تاقەتم نییەن مەرەزە پاس کەم
گشت شەوێ نەخاب شیرین هەراس کەم
قامیشێ قەوی مەگێرۆن وە دەس
وێنەی پاسەبان چە گیان بیم وەڕەس
مێمان نەوازی کار ئادەم نییەن
فیشتەرش لایق سەری ڕۆستەم نییەن
نەجیبی چە زات خانەدان پەیدان
تەواضع چە لوتف هیممەت هووەیدان
هەزاران وێنەم ئامان وەی سایە
وە بێ ئیسترجا یاوان وە پایە
ئومێدم ئێدەن زات پڕ ئەسیل
عیلاجێ بکەر پەی (میرزا خەلیل)



شایع بۆ شوهرەت پەی دەنگ دلێران
بۆ وە داستان (توران) و (ئێران)
بواچان سەردار ئی کارە کەردەن
دەستێ بشکێو چەلەن وە گەردەن
لوتفت فرەوان ڕەحمەت پڕ دەوام
(الأمر منكُم باقي والسلام)
من (میرزا خەلیل) دێوانەی دەلیم
دوعاگۆی دەوڵەت بابۆی (سەی عەلیم)

***

## میرزا داوای خەڵات دەکا...[1]

(حاتەم) سیفاتم... (حاتەم) سیفاتم
میر سەرحەد گیر (حاتەم) سیفاتم
سالار سەفدڕ ڕووی سەر بیساتم
بەفەرموودەی وێت کوانی خەڵاتم؟
من بەندەی کەم فام دەروون زوڵماتم
مەنزوور ئیحسان کەنەف عەتاتم
توحفەی تەدارەک بەزم بەهاتم
(الكريمُ أذا وَعَدَ) وەفاتم
بێ زەوق و بێ شەوق من بێ نەشاتم[2]
(ذي ڕُّوح) بێ ڕۆح چون تەسویراتم
ئەساس نەگبەت ڕاگەی نەهاتم
عەبد فەرمانبەر نە خاک و پاتم
سزاوار جای مووچە و بەراتم
بەفەرموودەی وێت کوانی خەڵاتم؟
نە هەر خسوسێ پڕ تەقسیراتم
بێ مەئمووریەت بێ واریداتم
نە بەر باش کاتیب چە تەحریراتم
نە فەللاح کشت و ساحێب ئێلاتم[3]
هەمیشە مەشغووڵ مەدح و سەناتم
بەفەرموودەی وێت کوانی خەڵاتم؟
بەندە حەڵقە گۆش هەم جان فیداتم
مەزموون ساز فەرد نەزم ئەداتم

(١) شاعیر لە شیعرەکەیدا ناوی ئەو ناودارەی دەستنیشان نەکردووە کە داوای خەڵاتی لێ کردووە.
(٢) نەشات (نەشاط): چالاک و گورج و گۆڵ، کەیف و شادی.
(٣) ئەم خشتە لەو شیعرەشدا هاتووە کە بۆ عەلی ئاغای داودی نووسیوە.



فەرڕاش فەرمان فەرموودەی ڕاتم
غەیر چە یەک دوعا نییەن دەسڵاتم
شەرت بۆ تا نە دەور قووەی حەیاتم
دوعاگۆی دەوڵەت ئەو عالی زاتم
من (میرزا خەلیل) بێ دەنگ و ماتم
مەبۆ قبووڵ بۆ هەرچی کە واتم.

***

## بۆ ئەوانەی دانا و هۆشیارن[(١)]

(داود) پێغەمبەر (علیه السلام)
وات: وە (سولەیمان) نەبیی کیرام
سوئالێ دارۆم وەنەمکەر بەیان
زەن فرەن یا مەرد نە وڵکەی جیهان؟
ئاما وە جەواب نەبیی سالار
نە دورج دەهەن گەوهەر کەرد نیسار
واتش: یا پدەر نوور دوو چەمان
زەن چە مەرد فرەن نە وڵکەی زەمان!
پدەر وات: چ تەور فرزەند دڵبەر؟
پەرێم بەیانکەر چە پا تا وە سەر
(سولەیمان) واتش: ئەی(دورِ عەدەن)[(٢)]
بسیار مەرد نەییام[(٣)] ها لە ئەمر زەن
هەر مەردێ وە ئەمر زەن کەمەر بەندەن
ئانە هەم زەنەن تا وە ڕۆی مەردەن!
پەرێ فیکر و ڕای مونەججیمەن زەن!
بەڵێ وە ئەمرش هیچ کەمەر مەبەن
نە دڵ وە شاهان بدەری قەرار
ئەگەر کە ببان وە ئاهەن حەسار
دووهەم بێگانە مەوانە وە خوێش
سیرِ وە زەن ماچە، بکەرە ئەندێش!

---

(١) شاعیر بۆ شیعرەکەی ئەم ناونیشانەی داناوە:
(نصیحت أهل عاقلان)، واتە: ئامۆژگاری خاوەنی ئەقڵ هۆشان.
(٢) دورِ عەدەن: دورِ: مرواری، عەدەن: دەسنیشانە بۆ بەهەشت (جنة عَدَن)، واتە: داود پێغەمبەری بەمرواریبیەکی پیرۆزی پڕ شەوقی ناو بەهەشت داناوە.
(٣) نەییام: نوستوو، خەوتوو.



دائیم چەی سە چیز بکەرە حەزەر
ئەگەر نەکەری مەوینی زەرەر!
کەردش تەبەسسوم (داود) پێغەمبەر
تەحسین کەرد وە عەقڵ وە ئیدراک پیسەر
یە واتەی بەندەی زەعیف ئەحقەر
(خەلیلەن ئیبن خدر منەوەر)

***

## پیرۆزی ڕۆژەکانی هەفتە[1]

(جومعە) جەمجەمەی جەمع ئیسلامە
ڕۆژ جومعە نە تەرز (یوم القیامە)
ڕۆژ(شەنبە)هەر کەس، دنیاری پەی وێش
دنیا گشت وە دەست شاە بێ ئەندێش
(یەکشەنبە) واحید ئەحەد دەستەگیر
دنیا گشت وە دەست فەرد بێ نەزیر
ڕۆژ (دووشەنبە) هەم تەدارەکەن
پەی سەفەر دوور هەم موبارەکەن
ڕۆژ (سەشەنبە) ئانە تەحقیقەن
زات حەق بەوێش ڕەززاق ڕیزقەن
ڕۆژ (چوارشەنبە) مەشۆ نە ڕای دوور
چوار مەلەک نە عەرش دائیم پڕ چە نوور
ڕۆژ (پەنج شەنبە) پەنج فەرزە خوو خاس
ڕۆژ پەنج شەنبە بوڕان لیباس
چەی هەفت ڕۆژەدا دنیا دی وە جەخت
چەی هەفت ڕۆژەدا مەبۆ ئاخر وەخت
یە گفتەی بەندەی فەقر زەلیلەن
(کاتب الحروف)[2] مەلّا (خەلیلەن)

***

(١) شاعیر لێرەدا بەپێی دابونەریتی کوردەواری پیرۆزی ڕۆژەکانی هەفتەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە، ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی بۆ زیکر و نوێژ تەرخان کردووە، شەممە و یەک شەممە و دووشەممە و سێ شەممەیشی بۆ مامەڵە و سەودا و بازرگانی داناوە، ئۆغری ڕۆژی چوارشەممەشی بەپەسەند نەزانیوە.

(٢) حروف: کۆی (حەرف)ە: پیت، لێرەدا مەبەستی شاعیر لە وشە و خشتە شیعرەکانییەتی، جا نەک تەنیا میرزا خەلیل ئەمەی کردووبێ بەڵکو زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکانی تریشمان زۆر جار لە جیاتی (وشە) حەرفیان بەکارهێناوە، تەنانەت لە بەرهەمی فۆلکلۆری سەرزاریشدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێ وەکو لەم پەندەدا هاتووە کە لای ئێمەی کاکەیی باوە: (پەی زانا حەرفێ بگوو، پەی نەزان هەر بگوو).



## لە فیشەک هەڵوەس[1]

لە فیشەک هەڵوەس... لە فیشەک هەڵوەس
یاران تەوبە بۆ لە فیشەک هەڵوەس
تەوبە چە سەر دەست پیران ئەقدەس
تەوبەی نەسوحی یا فەرد فەریادڕەس
هەنی پەی فیعلش نەکێشۆن نەفەس
ئەگەر مەیلم بۆ ببۆم وە قەقنەس
ئەوەڵ مەغروور بیم مەکەردم هەوەس
پەی جەمع پارە تەمام بیم سەرمەس
یە (شەیتان) کەرد پێم یانەم بێ دەروەس
سەر وە خۆم بێ باک بێ تەدبیر کەس
کەرەستەم گرد کەرد (تەڵخەک) و (تەرمەس)[2]
لە عەشایردا مەگێلام وە قەس
خەڵک لە خزمەتم دەس وە بان دەس
ئاوازەی کارم بەرز بی چون جەرەس.

***

(١) لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا وا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا شاعیر ماوەیەک خۆی بەکاری فیشەک هەڵوەسی، یان لە پیشەی (چەخماخچێتی)دا خەریک کردووە، وا دەردەکەوێ شاعیر (فیشەک هەڵوەس)ی بەکارێ خراپ زانیبێ لەو ڕووەوە کە خەڵک بەگوللە دەکوژرێن بۆیە بۆ یەکجاری دەستی لێ هەڵگرتووە.

(٢) تەڵخەک و تەرمەس: ناوی دوو کەرەستەی فیشەک هەڵوەسن.

## چوار خشتەکییەکان

وە زات ئەو کەس، بێکەسەن بێکەس
بەندە بێکەسەن کەس نەدارۆ کەس
مەگەر هەر بێکەس بەیۆم فەریادڕەس
بکەرۆم ئازاد چە دەست ناکەس.

***

بەندە هەژارەن بێ ماڵ و عیال
هەنەنم هەتیم سە ساوای ئەتفال
هەنگوین کویستان چە لام بییەن تاڵ
گەر هامسا نەبۆ کوورەم مۆ بەتاڵ.

***

یا ڕەب ئاوا کەر یانەی هامسایان
هیچ نەوان موحتاج وە دەس نامەردان
نەوانێ خەمگین هەردەم دڵشاد بان
نە ئاخ و نە ئۆف هەرگز نەواچان.

***

فرێ نویسنانم شیعر وە کوردی
کەردەنم بەیان ئەحواڵ ڕابوردی
نە دمای مەرگم بمانۆ یادگار
بوانان کوردان نە ڕووی ڕۆزگار.

***

هەتا مەتاوی مەکەر خەراپە
بەپیاوی خەراپ ماچان سەگبابە
ئینسان چە ڕای ڕاست مەبۆ چالاک بۆ
هەمیشە پاک و هەم دامان پاک بۆ.

***



گەر چەمێ پیس بۆ پەی کۆری خاسەن
گەر زوانێ بەد بۆ قابیل مەقاسەن
هەرگز پیاوی مەرد خەیاڵ خاو نمۆ
کەردەی بەدکاران وە بێ داو نمۆ.

***

بێ ئایل خاسەن نە ئایل بەدناو
بێ ژەنی خاسەن نە ژەن خەراو
بێکەسی خاسەن نە خۆێش ناکەس
دۆست ڕمووزن خوا نەدۆ وەکەس.

***

(خەلیل) چە ڕاستی گەر قیمەش کەران
گوفتەی ڕاست ماچۆ نە زد ئەغیاران
با زاڵم واچۆ گوفتەی هەرزە لاف
شیعر و ویر و فام بەرزەن وەک کۆی قاف.

***

دەسیسە و دروغ بەدبەختی ئادەم
گشتش پەی حەزرەت جەناب شکەم
تەمام مەئکولات پەرێش کەری جەم
فەردا مەواچۆ نەدیەنم وە چەم

***

لەعنەتنامە بۆ پەرێ پشتەڵپشت[١]
هەنی کیتابت نەگێرۆن وە مشت
جە داخ ئی کیتاب ئەتۆ منت کوشت
چەنیم مەکەردی هەم گوفتار زیشت.

***

(١) شاعیر کتێبێکی بەئامانەت لە کابرایەک وەرگرتووە، کابرا هەموو ڕۆژێ زیاتر لە جارێک یەخەی گرتووە و داوای کتێبەکەی لێ کردووە، ناچار بۆی دەگێڕێتەوە و لە داخانا ئەم شیعرەی بۆ دەنووسێ.

مەلا (فەتۆش)(٢) ساحێب عیرفانەن
ساحێب قەڵەم و دورڕ و مەرجانەن
ئارۆ داخەکەم ئەختیار سالاّنەن
زەعیف و بێهاز بەدەن کەوانەن

***

تەوفیق گاوان(٣)، تەوفیق گاوان
دەک وە خێر نامای تەوفیق گاوان
خرێنەی پشتت وە یەک نەیاوان
بیت وە هامشەریک ڕزق ئایلەکان.

***

له دەست عوسمانلی گشت پەریشانین
گشت سەر بەقوڕ و چەم بەگریانین
زەبتیەی عەسکەر ئەوەند غەدارەن
پەی تالاّنی خەڵک دایم نەکارەن

***

(عیسا ئەفەندی)(٤) بەد زاتەن بێفەڕ
چە زوڵم و زۆرش عالەم بیەن کەڕ

(٢) مەلا فەتۆش کوڕی حەوێش کاکەییبە (١٨٦٣ - ١٩١٩ی.ز) گەلێ شیعری بەشێوەزاری ماچۆ داناوە لە یەکێ لە شیعرەکانیدا دەفەرمێ.

موترب ئەز فیدای ساز و سەمتوورت
فیدای شمشاڵ و کۆکی تەمبوورت
هانا موغەننی بەنەغمەی وەش وەش
پەروانەی دەروون بکەرە سەروەش

(٣) تۆفیق کوڕی ئەحمەد باخەوانە، لە دێی عەرەبکۆبی دادەنیشت، گاوانی گوندەکە بووە، وا دەردەکەوێ میرزا خەلیل لەبەر دەستکورتی بۆ ماوەیەک یەکێ لە کوڕەکانی بووەتە گاوانی گوند، تۆفیق گاوانیش هاتووە لە گاوانییەکەدا شەریکی بووەتەوە.

(٤) عیسا ئەفەنی: ئەفسەرێکی تورکی زاڵم بووە، لە چەندین شوێنی تر ناوی هاتووە.



جارێ مەستانۆ چە خەڵک سەرانە
جارێ (خەرج) و (باج) جارێ (کەرانە)

***

دادمان چە دەست (عیسا ئەفەنی)
ئاوەرد وە سەرمان ماجەرا و پەنی
ئەفەندی مەئمور کۆنە بارگیرەن
هەر خەریک تالاّن بگیر بگیرەن

***

ئەر شای ئێرانەن، ئەر شای تورانەن
هەردۆش زەواڵی شاهی کوردانەن
چە لای شای تورکان ئینساف نەمەندەن
خوداوەند ناموس غیرەتش سەندەن.

***

شاری (سلێمانی) شاری شێرانەن
جاگەی ئەکراد و شاری شێخانەن
نەموڵکی غەیرە و نە هین عوسمانی
شاری پیران و پاتشای بابانی.

***

## شاعیر لە بەندیخانەدا[١]

غەمبارەن ئیمشەو... غەمبارەن ئیمشەو
مورغ دڵ بێ عەیش غەمبارەن ئیمشەو
ڕەوشەنی چەشمم غوبارەن ئیمشەو
عیشرەتم سەر تەوق زەننارەن ئیمشەو
تەن مەحبووس بەند دیشوارەن ئیمشەو
مەسکەنم حوجرەی پڕ نارەن ئیمشەو
مەر (خەلیل) خوین و فەوارەن ئیمشەو
وەی تەور زەلیل و زگارەن ئیمشەو
تەعام نە دەهەن چون ژارەن ئیمشەو
تەحقیق لە حەیات بێزارەن ئیمشەو
درەخت مەقسود بێبارەن ئیمشەو
نیشانەی نەگبەت ئیزهارەن ئیمشەو
یە کەی شادی و زەوق ڕۆزگارەن ئیمشەو؟
عەزاب عەزیم مەزارەن ئیمشەو
فریشتەی فرسەت پێوارەن ئیمشەو
بلێسەی دڵبەرق بەهارەن ئیمشەو
مەدح مەزڵوومیم پڕ شارەن ئیمشەو
زەمزەمەی تەفریح ئەغیارەن ئیمشەو

(١) شاعیر لە دەسنووسەکەیدا لە سەرەتای شیعرەکە بەزمانی فارسی وتوویەتی: (محبوس شدن ملا خلیل دو ڕۆز و شب بلا جنحە در شهر کفری أین شعر راگفتە).

واتە: بەندکردنی مەلا خەلیل بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک لە بەندیخانەی شاری (کفری)دا ئەم شیعرەشی هەر لەوێ وتووە. ساڵی ١٣١٢ی ک. بەرامبەر بە١٨٩٤ی ز. بەپیلانی چەند ستەمکارێک شەو و ڕۆژێک لە بەندیخانەی شاری کفریدا بەندکراوە. جا دژ بەڕژێمی ئەو ڕۆژگارە کە عوسمانییەکان بووە و تاقمی بەدکاران ئەم پارچە شیعرەی هۆنیوەتەوە، هۆی بەندکردنەکەشی تەنیا ئەوە بووە هەمیشە لایەنگری دەستەی چەوساوە و بێ نەوا و هەژاران بووە.



زەمیرم زەبوون پڕ خارەن ئیمشەو
کەشتیم نوقم بەحر پەژارەن ئیمشەو
وە کەردەی (ئەلەست)[٢] جەببارەن[٣] ئیمشەو
بەواسیتەی قەوم بەدکارەن ئیمشەو
وە دەستی موفتی[٤] غەددارەن ئیمشەو
مەزڵووم بێکەس و بێ یارەن ئیمشەو
قیساسشان وەند زۆردارەن ئیمشەو
ئینتیقام چەی عەبد بێچارەن ئیمشەو
تاڵعم نە بورج شەڕاڕەن ئیمشەو
نەجمم نەحسی چەرخ دەوارەن ئیمشەو
بێ خاب و ڕاحەت قەرارەن ئیمشەو
ئەلەم نە جەستەم وە بارەن ئیمشەو
نەغمەی جەنگنامەم سەد تارەن ئیمشەو
سامیعان ماچان بێ عارەن ئیمشەو
ماچان موستەحەق مەککارەن ئیمشەو
(جانی شیرازی) جادوگارەن ئیمشەو
(حاجی مەجید بەگ)[٥] سەردارەن ئیمشەو
ڕۆژ یەکشەنبە قورتارەن ئیمشەو
غەیر لە میر باقی سەگسارەن ئیمشەو
ملوکان دوونی و بێکارەن ئیمشەو
تەئریخ شەووال بیست چارەن ئیمشەو
دوازدە و سێسەد و هەزارەن ئیمشەو[٦]

***

(٢) ئەلەست(ألست):دەسنیشانە بۆ ڕۆژی ئەزەڵ کە خوا بەفریشتەکانی فەرموو(ألست بربکم، قالوا بلا).
(٣) جەببار: یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوا.
(٤) موفتی: فەتوادەر، ئەو کەسەی فەتوا دەدا.
(٥) حاجی مەجید بەگ: کاربەدەستێکی ئەو سەردەمە بووە، ئەو شەوەی کە خەلیل منەووەر بەندکراوە ئەو بەرپرسی بەندیخانەکە بووە.
(٦) واتە (٢٤ی شەووالی ساڵی ١٣١٢ی ک).

**میرزا خەلیل کەشکۆڵێک بەناوی کۆمەڵە هۆنراوەوە پێشکەش بە ئەمین ئاغای شەریف فەرەنگێزی هەمەوەنی دەکات:**[(١)]

(١) میرزا خەلیل لە ٢٧ی ذی الحجەی ساڵی ١٣١٣ی ک. بەرامبەر بە ١٨٩٥ی ز. لە کەشکۆڵێکی ١٠١ لاپەڕەییدا کە ناوی لێناوە (مجموع الأشعار) واتە: کۆمەڵێ هۆنراوە، چەند پارچە شیعرێکی هەڵبژاردەی جۆراوجۆری ٣٥ شاعیری کورد و عەرەب و فارسی تێدا تۆمار کردووە، ئێمە لێرەدا لەسەر یەک سێ چامە شیعری ئەو بەیازە بڵاو دەکەینەوە، یەکەمیان پێشەکییە - کە ناوی لێناوە (هذا بیان شاعیرهای کتاب) - واتە: ئەمە دەربارەی شاعیرەکانی کتێبەکەیە، دووەمیان بەناونیشانی (هذا کتاب مجموع الأشعار) واتە: ئەمە کتێبی کۆمەڵەیە شیعرە، سێیەمیان دوا پارچە شیعری دەستنووسەکەیە و ناوی لێناوە (در بیان خاتمەی کتاب گوید) - واتە: دەربارەی کۆتایی پێ هێنانی کتێبەکە)، لە ئەنجامدا ئەو کەشکۆڵە دەستنووسەیەی پێشکەش بە(ئەمین ئاغای شەریف فەرەنگێزی هەمەوەندی) کردووە کە دۆست و یاوەرێکی خۆشەویستی بووە.

ئەم ئەمین ئاغایە لە ساڵی ١٨٥٤ی ز. لە دێی (چاڵگە)ی سەر بەقەزای (چەمچەماڵ) هاتووەتە جیهان. یەکێکە لە بەگزادە و سەرەک هۆزە ناودارەکانی هۆزی هەمەوەند، سوارێکی ئازا و جوامێر و بەجەرگ بووە، نان بدە و چاوتێر، خاوەنی دیوەخان و قۆناخ بووە، ئارەزووی لە پیاوەتی و چاکە بووە، مرۆڤی چاونەترس و دەستەی ڕۆشنبیر و هەژاران و چەوساوەی خۆش ویستووە و دەستی یارمەتی و بەزەییشی بۆ درێژ کردوون، بۆیە میرزا خەلیل منەووەر لەگەڵیدا دۆستایەتی خۆش و بەتین بووە.

لە ساڵی ١٨٨٩ی ز .بەپیلانی ڕژێمی عوسمانی لەگەڵ سەدان خێزانی هۆزەکەیدا لە نیشتمان دوورخراونەتەوە و ڕەهەنەی وڵاتی (لیبیا) کراون و لە شاری (بنغازي) دەستبەسەر کراون، لە ساڵی ١٨٩٦ی ز. هەر هەموویان بەخاوخێزانەوە بەپیادە گەڕاونەتەوە باوەشی وڵاتەکەیان.

شەریف فەرەنگێزی باوکی شاعیر بووە و بەرهەمیشی لەپاش بەجێ ماوە، پیاوێکی ناسراوی ڕۆژگاری خۆی بووە، ئامۆزای شاعیر فەقێ قادری هەمەوەندییە.

* ئەمین ئاغا چوار کوڕی هەبووە: (عەزیز ئاغا، حەمە شەریف ئاغا، داود ئاغا، سلێمان ئاغا)، ئەمانیش بەشبەحاڵی خۆیان دەم سپێتی و برا گەورەیی هۆزەکەیان کردووە، نەوەی ئەم کوڕانەی ئێستا لە چەمچەماڵ و بازیان نیشتەجێن.
* لە ساڵی ١٩١٤ی ز. کە جەنگی جیهانی یەکەم بەرپابووە، ئەمین ئاغا لەتەک دەیان سوارچاکی هۆزەکەی چووەتە شەڕی شعێبەوە لە ناوچەی (بەسرە) دژ بەئینگلیزی داگیرکەر ڕاوەستان، لە ١٩١٥/٤/١٨ی ز. لەوێ شەهید کرا و هەر لەوێش سپاردەی گڵ کراوە، ئەم شەڕە لە ١٩١٥/٤/١٥ی ز. ڕوویداوە. سوپاس بۆ مامۆستا قادر حەمە شەریفی کوڕەزای ئەمین ئاغا بۆ ئەوەی بڕێ زانیاری دەربارەی باپیرەی پێشکەش کردین لەگەڵ وێنەیەکی فۆتۆی ئەمین ئاغا کە لە ساڵی ١٩١٤ی ز. لە شاری مووسڵ گیراوە.



**یەکەم: دەربارەی شاعیرەکانی کتێبەکە:**

ئەر سوئال کەران ئی جەڵد عەزیم
فەرد چەند شاعیر جێش بییەن موقیم؟
جەواب دەرگوفتەی سی و پەنج شاعیر
نویسیان چەنەش وێنەی جەواهیر
پەی قاری کیتاب نەبۆ دەردەسەر
با نام ئێشان بدیم چە دەفتەر
(شەمس تەبریزی) و (نیعمەتوڵڵا)ی فارس
(شێخ نیزامی) دانای دوڕ شوناس
(خانای قوبادی) و (مەلا وەڵەدخان)
(فەقێ عەبدولقادر) شوعەرای زەمان
(عەبداڵ) پڕ فەهم (غولام ڕەزا) و (حەکاک)[(٢)]
(مەلا پیرە) و (شەم)، (حەریقی) و (مەحاک)
(عارف) و (فەتحی)، (ئەحمەد ئاغا) و (وساڵ)
(سیا) و[(٣)] (سەی فەتاح)، (نالی) پڕ کەماڵ
(نەزیری) و(کەمترین)[(٤)]، هەم(حەسەن کەنۆش)
(مەلا فەنائی) و[(٥)] (ڕەنجووری) سەرخۆش
(محەمەد ئاغا) و (غەمناکی) هەژار
(ئەسرینی) و[(٦)] (داود)[(٧)] چەنی (شێخ عەتار)
(زەن شا)ی ئێران، (مەلا ئەحمەد کۆر)
(شێخ سەعدی شیراز)، هەم (حافز) مەشهوور
(کاتب الحروف) خەلیل منەووەر
ئینە سی و پەنج بەوەجە دەفتەر
میزان کەردم دەرک وە عەین زاهیر
مەزموون فەردان سی و پەنج شاعیر

(٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧ ) سەرگوزەشتەی ئەم شاعیرانەمان بۆ ساخ نەبووەوە (حەکاک، سیا، کەمترین، مەلا فەنائی، ئەسرینی، داود).

یەک یەک نا مەوزوون نوسخەهای نادر
ئەبۆ هەمتای فەرد (فەقێ عەبدولقادر)
فەریادم پەرێ شوعەرای زەمان
هاوارم پەرێ بەگزادەی وەنان
بێدادم پەرێ ساحێب تەئلیف
فەغانم پەی مەرگ ئوستاد تەسنیف
سیوای شوغل خەیر موضەڕەر نەبی
حەرف کەلیمش موکەڕەڕ نەبی
هەر وە یەک ئەلفاظ موقەڕەڕ نەبی
(شێخ سەعدی) چون ئەو موحەڕیر نەبی
یا ڕەبی ڕەحمەت بێ حەدد و حیساب
عەتا کەر بەرۆح (تألیف الکتاب)
یادگاریش مەند بەعد ئەز خود ئەییام
بەر محەممەد بۆ سەڵات و سەلام

**دووەم - ئەمە کتێبی کۆمەڵەیە شیعرە:**

ئیبتیدا بەنام (قادر قەییووم)
باریم وە قەڵەم ئەشعار مەنزووم
چە لەفظ دوڕ سەنج سی و پەنج شاعیر
نویسنانم نە فەرد نوسخەی نەوادیر
وە چەهار ئەلفاظ قیرائەت کەران
(فارسی)و(عەرەب)،(کرمانج) و(گۆران)
بەحس ئەشعارش چون گوڵستانەن
پەی موتاڵەعەی دەست دۆستانەن
تەرجەمەش کەردم پەرێ ڕۆزگار
ئیسم شەریفش (مجموع الأشعار)
ئومێد هەن چە لای فیرقەی سەروەران
چە نەقس و قسوور، کاتب عاف کەران



چونکە فەهم و فیکر ئەو بییەن لێوە
دوچارەن وەگیر دۆلاب[٨] بێوە[٩]
یا مەبۆ نیگوون بەحر ئادەم خوار
یا غوتە مەدۆ لەنگەر پەی کەنار
بێزیان وە نەش عەیش شادی و کەیف
هەرکەس عاقڵەن مەواچۆ سەد حەیف
قامەت ئەلفش تەقدیم بی وە داڵ[١٠]
خەریک نەگەرداب غەمخانەی خەیاڵ
(خەلیل) خەیاڵت پڕ خەوف و بیمەن
خدێ دەر نەسەبر خودا کەریمەن
چە کار گەردوون مەگێرە حەرەج
(الصَبْرُ خَیرُ مفتاح الفرج)
یە کردارشەن دەوران بێ پۆ
یەکێ شاد کەرۆ[١١]، یەکێ ڕەنجەڕۆ
وە یەکێ مەدۆ زەڕ و ماڵ و گەنج
وە یەکێ مەدۆ غەم و دەرد و ڕەنج
گاه گاه وە شاهان مەدۆ تەخت و تاج
گاه گاه وە نانێ مەکەرۆ موحتاج!
وە شەخسێ مەدۆ مەرتەبەی شاهی
وە شەخسێ مەدۆ فەقر و گەداهی
وە شەخسێ مەدۆ کناچەی بیکر
وە شەخسێ مەدۆ فیراق و فیکر

(٨) دۆلاب: چەرخ، خەرەک، کەڵەکباز.
(٩) بێوە: بێوەژن، مەبەست لە چەرخی گەردوونە (ڕۆژگار).
(١٠) واتە پشتی کۆم بووەوە.
(١١) کەرۆ: دەکا، لە دەسنووسێکدا نووسراوە (مەکۆ) کە هەمان واتا دەدا.

(ئەرستۆ) فامان مەکەرۆ لێوە
وە شەخسێ چون من مەدەرۆ بێوە
هەر یەک وە ڕەنگێ مەکۆ گرفتار
داییم خدێشەن دەوران غەددار
(خەلیل) چە دەوران مەکەرە گوفتار
قانیع بەر بەحەق بکەر ئیستیغفار
کۆتا کەر چە لەفز گوزەشتەی کەلام
بەر محەممەد بۆ هەزاران سەلام.

**سێیەم - کۆتایی پێهێنانی کتێبەکە:**

بە تەوفیق (حەق)[١٢]،(عەلیم) و[١٣](جەببار)[١٤]
یاوا بەئەنجام (مجموع الأشعار)
بەعیززەت وێت یەگانەی مەعبوود
دەرج کەر نە کیتاب جاذیبەی درووود
چون عەبد ئەحقەر سائیل دەرگام
سەواب بێحەد وەنەم کەر ئینعام
هەم بەر سامیعان (قارئ الکتاب)
عەتا کەر پێشان ئەجر بێ حیساب
هەم پەی موئەللیف نوسخەی خۆش هەنجار
عەتاکەر یا ڕەب ڕەحمەت بێ شومار
تەئریخ کیتاب (مجموع الأشعار)
چە سەنەی سێزدە و سێسەد و هەزار[١٥]
ڕۆژ پەنجشەممە نە وەخت ئێوار
بیست و هەفت ماه (ذي الحجة)ی نازدار

(١٢، ١٣، ١٤) حەق، عەلیم، جەببار: لە ناوە جوانەکانی خوای بەخشندەن.

(١٥) واتە: ڕۆژی پێنج شەممە (٢٧ی ذی الحجەی ساڵی ١٣١٣ی.ک بەرامبەر بەساڵی ١٨٩٥ی ز. لە تۆمارکردنی کەشکۆڵەکە بووەتەوە.



(کاتب الحروف) کەمینەی کەمتەر
(خەلیلەن ئیبن خدر منەووەر)
هەر کەس نەزانۆ نام و نیشانم
ساکین بەلەد (کفری) مەکانم
تەمام بی کیتاب کریا عەتر ئامێز[١٦]
پەی (ئەمین ئاغای شەریف فەرەنگێز)
ئەسڵش حەرف (هێ و میم و واو و نوون)[١٧]
مەزانۆ کونیەش ئەهل عارفوون
یا ڕەب تا وە سەر نە سایەی دەوڵەت
قەرار دادەش کەی پەی فەتح و نەسرەت
ئەعداش سەرنیگوون دۆستانش دڵشاد
کیتاب مەذکوور موبارەکش باد
تەمەننای بەندەی موذنیب و حەزین
قبوول بۆ چە لای (رب العالمین).

***

(١٦) عەترئامێز: گولاو پێداکراو.

(١٧) هێ و میم و واو و نوون: واتە (هەمەوەن).

## میرزا خەلیل لە دەستی ڕۆژگار سکاڵا دەکا

ئاخر زەمانەن... ئاخر زەمانەن
(طایف الملوک) دەور زەمانەن
نیزاع عەشرەت جوملەی جیهانەن
ڕەستاخیز سەخت (ڕۆم) و (ئێرانەن)
هاوسێ وە هاوسێ مەکۆ خیانەت
نەمەندەن ئەرکان ئەمن و ئەمانەت
فرزەند وە بابۆ بێ موراعەتەن
ڕەعیە وە سەردار بێ ئیتاعەتەن
شێخان بێ شعوور مەڵڵا موقلاجی
دەروێش کەم زیکرەن وە ناعیلاجی
بێ فەرقەن چوون[١] یەک بەین ژەن و مەرد
ئەر مەرد باچۆ گیان ژەن مەواچۆ دەرد
یا حەق یا (عومەر) پەرێ عەدل و داد
یا (عەلی) پەی جەنگ دوشمن کەر ئیجاد
وەرنە دین باتڵ ئیسلام پامالەن
نیشانەی (سوفیان) چەرخ (دەججالەن)
ئەمساڵ بەتەقدیر شای بێ خورد و خەو
لووام بە(مووسل) من چەنی (خوسرەو)[٢]
هەم پەی دیدەنی (عەباس بەشارەت)[٣]
هەم پەی زیارەت هەم پەی توجارەت
واتش... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...[٤]
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

(١) چوون: لە یەکێ لە دەسنووسەکاندا نووسراوە (چو) کە کورتکراوەی (چوون)ە، واتە: وەک، وەکو.
(٢، ٣) خوسرەو، عەباس بەشارەت ئەم دوو زاتە دۆست و یاوەری شاعیر بوونە.
(٤) دەسنووسەکە لێرەوە بڕێ پەڕەی لێ بزربووە و لە گەڵیا پاشماوەی شیعرەکەش لە ناوچووە، جا مەگەر خوا بزانێ چەندی لێ فەوتاوە.



## جەنگنامەی عەلی تیت[١] و عەلی خدرە لەک[٢] لەسەر کۆخایی ئاوایی (تەلمەغار)[٣]...[٤]

عەلی تیت دەڵێ:

پەرێ کۆخایی من ئامام بەجۆش
(هەر) لوا پەی شاخ زەرەر کەرد چەگۆش...![٥]
چێش کەرۆن چە دەست بەخت قەحپەی حیز
دادمەن چە دەست ئەو (خدر عەزیز)[٦]
ماچی ماڵ وەکیل شەحنەی خەرمانە
تازە برا پشت کۆخا خەمانە[٧]
نازانن ئێشان چ کار کەردەن پێم
جێ لەقم کەردەن چە مەکان وێم
من کۆخا نە دێی (محەمەد عەلی)[٨] بیم
پشت تایفەییم نە عام بەلی بیم

(١) عەلی تیت: کوڕی ئەحمەد کوڕی محێدین کاکەیییە، لە بەرەی (ئەحمەوە کوێر)ە، ئەم بنەماڵەیە بەڕەچەڵەک دەچنەوە سەر هۆزی (زەنگنە)، زۆربەیان لە کەرکووک دادەنیشن.
(٢) عەلی خدرە لەک، کابرایەکی کاکەیی بووە لە دانیشتوانی ئاوایی(تەلمەغار)، بەتیرە (لەک) بووە.
(٣) تەلمەغار: ئاواییەکە دەکەوێتە خوارووی شارۆچکەی (تازە خورماتوو)ەوە لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووک بە(٦-٧کم)ە، لە نێوان دێی (عوزێر) و (جودەیدە)یە، لە ساڵی **١٩٦٣**ی ز. دا عەرەبەکان داگیریان کرد، تا هەنووکە بەدەستی ئەوانەوەیە.
(٤) سەردەستەی شیعرەکە فەوتاوە، چونکە بەیازەکە گەلێ پەڕەی لێ ون بووە.
(٥) ئەمە پەندە واتە: کەر چوو بۆ خۆی شاخ دروست بکات، هەردوو گوێی نایە بانی.
(٦) خدر عەزیز سەیفەڵی کاکەییە و بەتیرە (لەک)ە هەر لەمێژا باوباپیری بوونە بەکاکەیی، نەوەکانی لە کەرکووک و دەوروبەری نیشتەجێن.
(٧) کۆخا خەمان: ناوی محێدین زەنگنەیە، لە تافی لاوێتییەوە بووەتە کاکەیی و ئیتر لە ناویانا ماوەتەوە، نەوەکانی بەناوی (ئەحمەوە کوێر)ی کوڕییەوە ناسراون، بەرەبابەکەیان لە کەرکووک و دەوروبەری داقوق نیشتەجێن.
(٨) محەمەد عەلی: ناوی گوندێکی تاڵەبانییە، سەر بەقەزای (داقووق)ە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چۆڵ کرا.

دەماغم وە بورج هەفتەم یاوا بی
نە تەشریف من ئەو دێ ئاوا بی
جاگەی غەریبان موسافر کەش بیم
چە شوومی خەمان من تاڵع ڕەش بیم
ئەو بی وە باعیس نام و نیشانم
ئەو بڕی تەرتیب ناو دیوەخانم
نام کۆخاییم تەرک بی نە زەمین
بیم وە پووش برنج چە لای (عیزەددین)[9]
ئەر ڕۆژێ چە دەور دنیا بمانم
شەرت بۆ کۆخایی چە نەش بستانم
دایم ئی فیکرە مەکەرد وە دڵ غەم
پێچ مەوارد وە دەرد چون مار ئەرقەم
ئاخر (عەلەتیت) خوا غەزەب گرت لێش
فیتنە کەرد وە پا وە دڵەی تەشویش
شادیش شێویا غەزەب کەرد خەیاڵ
چە پشت یانەی ئەو (محە)[10] بەقاڵ
لۆدەی دروست کرد وە قوڕ و کەسەک
ئیمجار بێین وە سەر (عەلەی خدرە لەک)
ئاما بەگوفتار مەرد بێ هەمتا
واتش: (عەلەتیت) شووم پڕ خەتا
کێ واتەن وە نەت فیتنە کەی وە پا
چە پشت یانەم کەری لۆدەی کا ؟
باوەر وە خەیاڵ تۆ ئەقریبایی
دەنگم دەرنەچێ لە ناو ئاوایی

(۹) عیزەدین: کوڕی شێخ قادری تاڵەبانییە، ئاغای دێی تەلمەغار بووە.
(۱۰) محە: کورتکراوەی (محەمەد)ە، کوڕی خدر مەحموودە، یەکێکە لە دانیشتوانی دێی (تەلمەغار)، ناسراوە بە(محە بەقاڵ).



پیاو خاس بەر مەرد بێ ڕەزا
مەکەرە وە پا ئی فیتنە و قەزا
وەرنە وە یەزدان پادشای یەک ڕەنگ
عاقڵت ئەکەم وە حوسکەی تفەنگ
(عەلەتیت) واتش تەقسیر مەکەرە
وەسەن من کاس بیم چەنە مەدەرە
(عەلی) ئێد شنەفت دەسدا وە تفەنگ
چەنی (عەلی تیت) نییا بینای جەنگ
خرۆشا وە قار چوون مار ئەرقەم
حەملەدا پەرێ تفەنگ ماردەم
(عەلەتیت) چون دی تەرسا فراوان
لەرزیا چون بید نە ڕووی سەراوان
پڕ تاف پادا نەکەردش دریغ
تفەنگ حوسکە دەرکەرد نە تۆی چیغ
قیمەت تفەنگ پەنجا تومەن بی
ئالەت نامش یەکسەر ڕووبەن بی
بێ شیش و بادام قایش بڕیا بی
خەزێنە و دۆڵش تەمام دڕیا بی
پاش ماشە نارێک چە یەک ژەنیا بی
قۆناغش وە زەرب سیرم چنیا بی
ڕۆغەنش دڕیان بەیاتە و بەز بی
گشت شۆن جەڕش چە مێخ گەز بی
بۆیاغ هەفت دێ سازندە و ئەحمەق
هەروەخت شەرفرۆش تووڕە و کەللەڕەق
بەست نە ڕووی کەمەر ئاورزەن فیشەگ
ئاما پەرێ جەنگ ئەو مەرد وە تفەنگ

چە یەکلا (عەلە)[١١] وەقار خرۆشا
حەملەدا پەرێ فیتنەی (تەلمەغار)
بی وە چکا چاک نە مەیدان جەنگ
هەر یەک چە یەکلا دەستدان وە تفەنگ
لە بگیر بگیر چریکەی هاوار
مەخلووق جەم ئاوەر چە بان دیوار
سەیر کەردن وەی جەنگ شاهێن و بازە
ناگاه چە یەکلا ئەو (وەلە نازە)[١٢]
خرۆشا وە قەهر شادی کەرد بەتاڵ
تاودا وە (نایلە)ی[١٣] ساحێب زوڵف و خاڵ
فاش نا جایز ئاوەردش وە کار
بی وە زەلزەلە نە دێی (تەلمەغار)
لە فیزاع ژەن چریکەی هاوار
نە شەقەقەی تفەنگ شڵپەشڵپ دار
چە (قەڵای خەمان)[١٤] بی وە زەلزەلە
(خدر) و (بەخشی)[١٥] هاتن عەجەلە
(خدر) سەیر کەردش شی نە ڕووی غەزەب
چە قەهر غیرەت دندان گرت وە لەب
تاودا وێنەی باد ئەو مەرد ڕووی جەنگ
حەڵق (عەلی تیت) فیشارا وە چەنگ

(١١) عەلە: کورتکراوەی (عەلی)یە، مەبەست لە عەلی تیتە.
(١٢) وەلە نازە: (وەلی نازە)، کوڕی عەلی لەکە، ناوی دایکی (نازە)یە بۆیە وا ناسراوە، یەکێکە لە دانیشتوانی تەلمەغار، نەوەکانی لە ئاوایی تۆپزاوە و عەلیسەرا و عەرەبکۆیی و خۆرز نیشتەجێن لە دەڤەری (داقووق)دا.
(١٣) نایلە: ژنێکە لە دانیشتوانی ئاوایی تەلمەغار.
(١٤) قەڵای خەمان (قەڵای خەمە) شوێنەوارێکی سەربازی کۆنە ها بەسەر گردێکەوە، دەکەوێتە خوارووی دێی تەلمەغار لە ناوچەی (تازە خورماتوو)دا.
(١٥) بەخشی برای (خدر)ە و کوڕی عەزیز فەیسەڵی کاکەیییە.



خرۆشا چون شێر دەسدا وە خەنجەر
وات: وە (عەلەتیت) یەهوودی خەیبەر[١٦]
وە سایەی (ئسقیل)[١٧] پارەی بێ شومار
چۆن دەمت ڕاس بی نە دێی (تەلمەغار)
بەرشی چە یادت ڕەنج زەمانی
وەحە وەحەی دەشت نان گاوانی
کێ چە گاوانی بی وە ئاغە و بەگ
وێت مەکەی(گونڕەش)[١٨]وە سەر ئێمەی (لەک)
نا لایق پەی تۆ ڕەویەیی کۆخا
دەم بوزرگی واردەنش پۆخا
ساکە ئێدش وات نەکێشا نەفەس
ریش (عەلی تیت) پێچنا وە دەس
دەسدا وە خەنجەر نییا لە ڕیشش
نەو دەم (عەلی تیت) خراب بی ئیشش
خەنجەر سونگی جاران مەکەرد سەر
ئەو ڕۆژ پەرێ بەخت چەواشەی چەمەر
هەرچەندێ قووەت مەدا وە خەنجەر
بی وە گرێی دڵ نە کەردش بەجەر
هەر چەند مەسائیش شەشدانگ شاتر
لحیەتش ڕەق بی، نەگرتش خاتر

(١٦) یەهوودی خەیبەر: دەسنیشانە بۆ شەڕی قەڵای خەیبەر کە لە ساڵی ٧ی کۆچی لە نێوان موسڵمانان و جووەکاندا ڕووی داوە، لە ئەنجامدا موسڵمانەکان بەسەرۆکایەتی ئیمامی عەلی (د.خ) سەرکەوتوون و قەڵای خەیبەریان داگیر کردووە.
(١٧) ئسقیل: بابایەکی جوو بووە.
(١٨) گونڕەش: ئەمە ڕەوانبێژییەکی کوردییە (خۆی لێمان کردووە بەگونڕەش)، بەیەکێکی دەڵێن سینگ ڕاپەڕێنێ و خۆی بەزل بزانێ و فیشاڵ بکا.

چوون تووک تەگە زۆر زبر و ڕەق بی
مەواتت تەلیسم (دێو ئەزرەق)[١٩] بی
چەو دەمدا (خدر) لوا وە گژی
چەند ژن چاپووک هات وە ناوبژی
کەردشان ڕەجا پەی شووم خەبیس
چە ژێر چنگش (عەلی) بوی سیس
(خدر) گرتەبیش بەوێنەی (شەوە)[٢٠]
سەندن چە دەستش فیتنەی (چاوکەوە)–[٢١]
چون چە ڕیش بڕین ئەو نەدی زەرەر
بەڵێ نۆشش کەرد چەند قەبزە خەنجەر
بی بەواوەیلا بەسەد زاری و شین
حەرەم سەراش شی وە لای (عیزەددین)
یەکا یەک وە شین سەر وە خاکەوە
بە بانگ فەریاد ستەمناکەوە
واتشان یا شێخ هانا سەد هانا
داد بڕەس فەریاد نەمەند توانا

(١٩) دێو ئەزرەق (دێوی شین): لە نەریتی کوردەواریدا وا دەزانن ئەهریمەن (شەیتان) و دێو و درنج و جنۆکە شەڕانییەکان ڕەنگ و بەرگیان شینە بۆیە وتوویانە (شەیتانە شینە).

(٢٠) شەوە: فریشتەی ئەهریمەن و شەڕخواز، لە کوردەواریدا ئەفسانەیەک هەبووە گوایە (شەوە) خۆی بەشێوەی ژنێکی دراوسێ دەگۆڕێ و دێ منداڵی ساوای تازە لە دایکبوو دەخنکێنی و بێ گیانی دەکات، جا هەر ژنێک منداڵی بوایە خزم و کەسوکاری لە دەوری کۆ دەبوونەوە و وتووێژیان لەگەڵدا دەکرد و تەشیشیان دەدایە دەست و خورییان پێ دەڕست، ئەمە پێیان دەوت (ئێشکگرتن) تا حەوت شەو و ڕۆژ وایان دەکرد بۆ ئەوەی ژنە زەیستانەکە خەوی لێ نەکەوێ نەک نەخوازەڵڵا (شەوە) زەفەری پێ بەرێ و کۆرپەکەی بخنکێنێ.

(٢١) چاو کەوە = (چاو شین): زووتر لە کوردەواریدا نەریت وابوو هەر مرۆڤێکی چاو شینی پێست شڵێ کۆسەیان بەشووم و خراپ دەزانی، جا حەزیان نەدەکرد لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا هەڵسوکەوت و مامەڵە و سەودا بکەن تەنانەت حەزیشیان نەدەکرد لە ڕێوبانیشدا بێن بەتووشیانەوە.



ئەو (خدر عەزیز) چوون (ڕۆستەم)[٢٢] خوڕی
ڕیش (عەلەتیت) وە خەنجەر بڕی
ناموس بی پامال نەدێی (تەلمەغار)
با ئەو دانشێ ئێمە مەکەین بار
ساکە ئێد شنەفت ئەو شێخ زەمان
وات: شۆربا خۆران تەکیەی (تاڵەبان)
چەند مەرد مەنشوور هورێزن وە کار
تێیان هەڵبدەن تا وە (تەلمەغار)
من شکات پرس نیم بۆ نا عیلاجی
تێیان هەڵبدەن شەق کرمانجی
بە سەد ڕەزالەت تایفەی ئەحمەق
طەردشان کەردن وە دشنام و شەق
وە زەجر و دشنام تەعەددای زەلیل
چە دێی (تەلمەغار) کەردشان ڕەزیل
یە (خەلیل) واتەن شوعەرای ڕۆزگار
پەرێ (عەلەتیت) کۆخای (تەلمەغار)

***

(٢٢) ڕۆستەم: کوڕی زاڵ کوڕی سام کوڕی نەریمانە، لە شانامەی فیردەوسیدا بەپاڵەوانێکی ئازا و کەڵەمێرد ناوی هاتووە.

## نامەی میرزا خەلیل بۆ سەید حەسەنی[1] قەرەچێوار...

* شاعیر لە پاش ئەوەی یەکێ لە منداڵەکانی دەمرێ و ژنەکەی بۆ جگەرگۆشەکەی گەلێ خەمبار و نارەحەت دەبێ، ئەوەی بەچاک زانیوە شیعرێک بۆ شێخ حەسەن بنووسێ و تیایدا داوای لێ بکات لە خوای مەزن بۆیان بپارێتەوە تا سەبووری و ئارامی بەخۆی و خێزانەکەی ببەخشێ و خەمیان برەوێنێتەوە، بەداخەوە شیعرەکە لە پێشەوەی هەندێکی لێ ون بووە، ئەمەش دەقی پاشماوەی شیعرەکەیە:

ساحێب کەرامات (مَحْرَم الأسرار)
موخلّیس سادق نە دەرگای جەببار
خەوف حەق نە ویر زیکر حەق زبان
وارس خاسان خەلیفەی زەمان
دەستم دامانت قوتب ڕووی دنیا
بزانە بەحاڵ عەبد ڕووسیا
زەعیفەی مەزڵووم مەغدوور بەندەم
فەلەکزەدەی دەهر دڵ پەراگەندەم
غەمین و غەمناک بێ شەوق و زەوقم
چون مورغ مەحبووس گەردن چە تەوقم
تەن زەخم زوخاڵ زەدەی زەلیلم
چون گومکەردەی ڕاھ نییەن دەلیلم

(١) سەید حەسەن قەرەچێواری کوڕی شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی کوڕی شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ حوسێن قازانقایە کوڕی شێخ مەحموودی کلیسە کوڕی شێخ ئیسماعیل ولیانییە کە ناسراوە بەغەوسی دووەم، ناوی دایکی فاتمە خانی کچی شێخ عەبدولقادری قەرە حەسەنییە.
شێخ حەسەن لە ساڵی ١٢٦٤ی ک. بەرامبەر بە١٨٤٧ی ز. لە شاری کەرکووکدا ھاتووەتە جیھان.
سۆفییەکی بەناوبانگی کوردی دەڤەری گەرمیانی کەرکووکە، مرۆڤێکی لە خواترس و ڕاستگۆ و ھەقپەروەر بووە، لە ڕێگای ئاینەوە گەلێ خزمەتی کۆمەڵی کردووە، لە ساڵی ١٣٢٤ی ک. بەرامبەر بە ١٩٠٦ی ز. لە قەزای (قادرکەرەم) لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و ھەر لەوێش سپاردەی گڵ کراوە.



ھەر سوب تا ئێوار شین و زاریمەن
واوەیلا و ڕۆڕۆی بێ قەراریمەن
یەک فەردێ نە دیم نە دەورەی زەمان
زیبا بەوێنەی (یوسف کەنعان)
چونکە فەرموودەی خوداش لەسەر بی
مەقتوول مەغدوور سنف بەشەر بی
نەوساوە فرزەند کەردەنش وەفات
تاریک بییەن لێم سارا و سەر بیسات
غەیر لە شین و زار نییەن دەسڵاتم
(قَریب قَیْران یَوْمَ المَماتم)
فەھم و عەقڵ و ھۆش چە لام کەردەن ڕەم
زەین زایەڵەی دەرکم بییەن کەم
عالەم بێزار بی چە شەو ناڵینم
خاکستەر نشین سەنگ چە باڵینم
ئومێدم ئێدەن بەتاک یەکتەن
دووھەم بەجەناب زات (شێخ حەسەن)
یا شێخ بۆ بەعەشق (غەوس گەیلانی)
بەحاجەتی زات شێخ ولیانی[2]
بە ئایەی کەلام جوزء قورئانی
بەعەشق سوورەت (سَبعُ المثاني)[3]
چونکە ئەولادەی (رَّسولَ اللّە) ھی
چە قاپی خودا ڕەجا ڕەواھی
بە عەشق ڕەسووڵ حەبیب سوبحان
ڕەجا کەر نە باب پادشای یەزدان

(٢) شێخ وەلیانی: ناوی شێخ ئیسماعیل ولیانییە، باپیرە گەورەی شێخ حەسەنی قەرەچێوارە، ناسراوە بەشێخ ولیانی و غەوسی دووەم.
(٣) سَبعَ المثاني: دەسنیشانە بۆ سوورەتی (الفاتیحة) کە بریتییە لە ٧ ئایەت.

(زەعیفە)ی مەزڵووم ببۆ دڵگوشاد
هەم نەجات غەم هەم حاسڵ مراد
یە (خەلیل واتەن مات و غەمبارەن
دوعا گۆی مورشید (قەرەچێوارەن)[4]

***

(٤) قەرەچێوار: ئاوایییەکە بەبەری چەپی (ڕۆخانە)وە، بەلای خۆرئاوای شارۆچکەی (قادرکەرەم) لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا.



## نامەی مەلا خەلیل

## بۆ سەید وەڵەد ئاغای[1] کاکەیی - لە ئاوایی زەنقرٍ

سەییدان دین... سەییدان دین
ساحێب نەسەبان دانایان دین
ئەولادەی (عەلی) مەردان مەتین
کۆگای شەرەفناک پڕ سیدق و یەقین
ئەسڵ و نەسەب پاک چون شەمس ئەنوەر
(صَحیح النَسَبْ) ئەولاد (حەیدەر)
مەنشوور مەعلووم نەسەب قەدیمان
خانەدان زادان زات نەجیبان
ساحێب شەرت و شۆن ئەرکان کۆهەن
مەعرووف و مەذکوور تا هەزار و هەن
نیازم ئێدەن چە (رَّب المُعین)
بمانن بەشاد نەڕووی سەر زەمین
عومرتان بەشاد، فەرح و طەویل بۆ
دۆستتان دڵشاد عەد و زەلیل بۆ
باڵ جبرائیل سایەبانتان بۆ
نوفووس مەردان وە قەڵخانتان بۆ

(١) سەید وەڵەد ١٨٥٠-١٩١٧ی ز. کوڕی سەید محەمەد کوڕی سەید ئیبراهیم ئاغایە، یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی ئەو سەردەمەی کاکەیی لە کەرکووک و دەوروبەری، لە ئاوایی زەنقرٍ دادەنیشت، پیاوێکی بەئاین و لە خواترس بووە، وریا و گورجوگۆڵ، ئازا و چاونەترس بووە، لە جیهادی موقەدەس کە لە ساڵی ١٩١٥ی ز. لە شعێبە ڕووی دا بەشداری کردووە، ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانی بە پلەی (نەقیب).
سەید وەڵەد خوێندەوارییەکی زۆر چاکی هەبووە، جگە لە زمانەکەی خۆی عەرەبی و تورکی و فارسی زۆر بەچاکی زانیوە، ئارەزووی لە خوێندنەوەی کتێب و دیوانی شاعیرەکان کردووە بەتایبەتی (مەولەوی، خواجە حافز و سەعدی شیرازی) بۆیە دەستەی ڕۆشنبیران و ئەدەبدۆستانی خۆش ویستووە و لەگەڵ خەلیل منەووەری شاعیریشدا دۆستایەتییەکی بەتینی هەبووە.

هەم ڕزق و هەم عومر جوملەت زیاد بۆ
عەدوتان وە بەرق بەلا بەرباد بۆ
نەوینۆن زەرەر چەی دنیای فانی
برانن دەوران وە کامەرانی
دوعای ئی بەندە وە ئامین ئامین
قبوولْ بۆ چە باب (رَّب العالمین)
(بَعْدَهُ) ئێدەن ئیستیدعای زەلیل
گۆش دەن بەگوفتار بەندەتان (خەلیل)
سە ساڵ من کاتیب[٢](ئاغا ڕۆستەم)[٣] بیم
زەخیرە و ئەرزاق یەکجار بێ غەم بیم
حەزرەت حونطە یەکجار گران بی
قسناغ زاتش وە سە قڕان بی
شەریفی شەعیر شەش قەمەری بی
فەللاح نە فەریاد جای چەمەری بی
چون حونطە یاوا وە پای هەشت و هەفت
تالْعم چە لای (ئاغا ڕۆستەم) خەفت
مەیلش ساوغ[٤] بی چەی بەندەی زەلیل
ناچار کۆچم کەرد وە لای (سەی خەلیل)[٥]

(٢) کاتیب: نویسندە.

(٣) سەید ڕۆستەم ئاغا: ١٨٥٧-١٩١٩ی ز. کوڕی سەید محەمەد کوڕی سەید ئیبراهیمە، برای سەید وەڵەدە بەیەکێ لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی کاکەیی ئەو ڕۆژگارە دەژمێردرێت، لە ئاوایی (عەرەبکۆیی) کە سەر بەشارۆچکەی (داقووق)ە دادەنیشت، خەلیل منەووەر بۆ ماوەی سێ ساڵ لە گوندی ناوبراودا نیشتەجێ بووە.

(٤) ساوغ: وشەیەکی تورکییە، واتە: سارد.

(٥) سەی خەلیل ١٨٥٦-١٩٣٢ی ز. کوڕی سەید محەمەد کوڕی ئیبراهیم ئاغایە، برای سەید وەڵەد و سەید ڕۆستەمە، سەرەک هۆزی کاکەیی بووە لە سەرتاسەری وڵاتی عێراقدا، لە ئاوایی (تۆپزاوە) دادەنیشت، ئەم ئاواییە سەر بەقەزای داقووقە، لەپاش خۆی فەتاح ئاغای کوڕی جێگای گرتەوە.



یەک ساڵ و نیمەن هام نە خزمەتش
مەمنوون ئیحسان لوتف و هیممەتش
چون حونطە یاوا وە نرخ گرانی
بەختم نیشت نە قوڕ تا وە زرانی
شەفەقەت[٦]، هیممەت ئاغا لێم بی سەرد
نە ئیحسانش مەند نە هیممەت نە قەرد[٧]
ئەموال و ئەشیام فروخت چون تاراج
یانەی وێم کەردەن وە کارگەی هەللاج
تا وە (غَیْرَ الدین) نەبۆم ئیحتیاج
نەوا تیفلانم بێ خەرجی بان ئاج[٨]
چەند ماه وە ئەموال وێم کەرد ئیدارە
وە سەد فەلاکەت وە ئیستیخارە
ئاخر هیچ جایێ من شەک نەوەردم
وە سایە و پەنای ئێوە ڕوو کەردم
با نەبۆم ڕەفیق ئەهل بێگانە
با نەبۆن وە پەن دەور زەمانە
چەنی سە ئایل مەندەنم بێکەس
بەغەیر چە خودا نییەن فەریاد ڕەس
مۆ سایەی فەقیر وێش بوینۆ وە چەم
ڕەحم و شەفەقەت پەرێش مەبۆ جەم
ژەن و زەخیرە ئەموال و ئەشیا
یەکایەک پەرێش مەکەن موهەییا
پەی واتەی شوهرەت دەور ڕۆزگار
مەکەراش چراغ قەوم غەیرەتدار

(٦) شەفەقە: بەزەیی، دڵسۆزی، بەتەنگەوە هاتن.

(٧) قەرد: قەرز.

(٨) ئاج: وشەیەکی تورکییە، واتە: (برسی).

چه ڕەفاهییەت وێنەی (ئەسکەندەر)
ببەخشی ئەرزاق گەنج و سیم و زەڕ
چە لای دانایان هیچ نییەن هونەر
مەتاوۆ ئەو ڕۆ گاوان و ڕەنجبەر
بکەرۆ ئیحسان نە ڕاگەی یەزدان
وە جەمیع فەقیر موحتاج و عوریان
ئیمڕۆ هونەرەن سقڵەتی کارەن
خەیر یەک درهەم دووسەد هەزارەن
ئیمڕۆ هونەرەن پەی خەیر و ئیحسان
ئەر کەسێ غیرەت نەکەرۆ نوقسان
ئینە گرانی (سەفەر بەلکەن)
عوسمانلی چەنی ڕەعیە وە ڕکەن
ئینە گرانی جیهاد و[9] شەڕەن
کێیە گرانی حەیی ئەکبەرەن[10]
کێیە گرانی (ئیبن کەنعانەن)[11]
گرانی بەشەر ئەهل توغیانەن
بەعزێ فەللاح هەن دیم وە دیدەی وێم
باوەڕ بکەر پێم (واللّه العَظیم)
زەخیرەی هەفت ساڵ چە یانەش جەمەن
شین و زاریشەن ماچۆ یە کەمەن
طەمع جۆشیان چون بەحر قولزوم[12]
ئەرکان ئیمان ئیسلام کەردەن گوم

(۹) جیهاد: کۆشش، جەنگکردن لە پێناوی ئاین.
(۱۰) واتە: ئیرادەی خوای لەسەرە.
(۱۱) ئیبن کەنعان: دەسنیشانە بۆ ئەو گرانییەی کە حەوت ساڵی خایاند لە سەردەمی حەزرەتی یوسف پێغەمبەر و عەزیزی میسردا.
(۱۲) قولزوم: ناوی دەریای سوورە.



طەمع ئیسلامش کەردەن خوارزار
طەمع مەرکەزش بەخشا بەکوفار
حیرس و نەفس وەی تەور دڵش کەردسییا
چە ڕەحم و شەفەقەت ئەو بییەن جییا
وە نەوعێ طەمع کەردەنش ئەغوا
نە پەی ئەڵڵا هەن نە (عَبادَ اللّه)
نە خەوف خالق، نە ترس مەردەن
هیچش نە دنیا وە دڵ ناوەردەن
ئومێدم ئێدەن یاران ئەسیل
غیرەتێ کەران پەی (میرزا خەلیل)
هیممەت و شەفەقەت باوەردێ وە کار
کارێ بکەران پەرێ ڕۆزگار
چە بەین عالەم ببۆ شوهرەتدار
بمانۆ داستان پەرێ یادگار
واچان سەییدان ئی کارە کەردەن
دەستێ بشکێ و چەلەن وە گەردەن
هەر کەس بگێرۆ دەست فەقیران
سەر بولەند مەبۆ چە قاپی پیران
حاڵدار و بێ حاڵ زیاد بۆ ئەر نوقسان
هەر کەس بەمیقدار وێش کەرۆ ئیحسان
مەسطوورەن ئایەت وە ئیعلام موبین
(لا یَضیع اللّه أجرُ المُحسنین)[13]
پەرێ فەقیران ببی ڕەهنما
ضایع نمەبۆ نە ڕاگەی خودا

(۱۳) ئەم نیو باڵە دەسنیشانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە: (قالوا أ ءنَّكَ لأنتَ يُوسُفُ قالَ أنا يُوسُفُ وَهذا أخي قد مَنَّ اللّهُ علينا إنَهُ من يَتَّقِ ويَصبِر فإِنَ اللّهَ لايضيعُ أجرَ المحسنين) سورة يوسف - الآية ۹۰.

حەرف مطەووەل هەزار هەزارە
(العارفون یکفیهم الأشارە)
عەرضەی زەلیلم وەی تەور بی تەمام
مروەت مەند پەیتان (باقي والسلام)

***



## نامەی مەلا خەلیل
## بۆ جەنابی ئەمین ئاغای هەمەوەندی[1]

ئیبتیدا بەنام یەکتای (ذوالجلال)
بێچوون بێباک حەیی (لایەزال)
نامەی مەهجووری خەستەیی خەجڵان
بەخزمەت پاک سەرکردەی وەننان
یەعنی جەنابی (ئەمین ئاغای وەن)[2]
(زاڵ) زەڕ عقوول (ئەرستۆ) سوخەن
(پیلەتەن) هونەر (لوقمان) مەعریفەت
تاج نە فەرق سەر (وَلِيّ النعمَة)
ئاغای عالیجاه قەدیم خانەدان
(عَظیم الشأن) هەم عالی مەکان
نەتیجەی نەسەب بەگزادەی وەننان
زات ئەکابر مەنشوور زەمان
ساحێب عەشرەت هەم دیوەخانەن
چوار فەسڵە نە فیکر تەرتیب خوانەن
(ئەسکەندەر) ئەتوار (نەوشیروان) عەدوول
جای مەلجا و ئومێد مسکین و مەلوول
ساحێب دەس و برد چابووک سوارەن
رەسم بوزورگیش نە عام دیارەن

(١) شاعیر لە ناوونیشانی شیعرەکەدا بەفارسی نووسیویەتی (نامە نویشتن ملا خلیل بخدمت أمین آغای هموندی)، واتە: نامەی مەلا خەلیل بۆ خزمەتی ئەمین ئاغای هەمەوەندی.
ئەمین ئاغا کوڕی شەریف فەرەنگێزە ١٨٥٤-١٩١٥ی ز. یەکێکە لە بەگزادە و سەرەک هۆزەکانی هەمەوەند لە دەڤەری چەمچەماڵدا، لە شوێنێکی تر باسمان لێوە کردووە، لە شیعرەکەدا وا دەردەکەوێت شاعیر گەلێ نامە شیعری بۆ ئەم زاتە نووسیوە، بەڵام ئێمە تەنیا ئەم نامەیەمان بەدەسهێناوە.
(٢) وەن: کورتکراوەی ناوی (هەمەوەند)ە.

چون (حاتەم تەی) سەخاوەت دارەن
ئەر میهمان یەکێ ئەگەر هەزارەن
فەرق نییەن چە لای ئاغای بێ ئەندێش
چ پادشا بۆ، چ گەدا و دەروێش
مەشغوولەن وە کەیف زەوق و سەفاوە
وە لاقرتێ و سەیر وە بێ جەفاوە
بۆ قاوە و قلیان جغارە و چاهی
چون بەزم دیوان کەیخوسرەو شاهی
نە یەک لا ساقی پیپالە وە کەف
هەی بنۆش بنۆش چە مابەین سەف!
سەدای نەغمە خوان[٣] سەمتوور و ڕەباب
ئاواز ئاهەنگ جەرگ مەکۆ کەباب!!
نە چەند جا شوعلەی فەنەر و فانووس
جەنگی سواران مدران وە جاسووس
مارتلی وە دەستان دەست وە بان دەست
گەردن کەچ حزوور ئاغای زەبەر دەست
یا ڕەب تا وە سەر عومرش طەویل کەی
دۆستانش دڵشاد عەدوش زەلیل کەی
(یَوماً فیوماً)[٤] ڕوتبەش کەبیر بۆ
بەندەی ئاستانەش میر و وەزیر بۆ
تا دەور ئەییام نامش دیار بۆ
فریشتەش نە خاب غەفڵەت بێدار بۆ
دوعای (گەنجەلعەرەش) پێش نیگەهدار بۆ
شەوکەتش مەحفوظ دیدەی بەدکار بۆ[٥]

---

(٣) نەغمەخوان: گۆرانیبێژ، دەنگخۆش.
(٤) یَوماً فیوماً: ڕۆژ لە پاش ڕۆژ.
(٥) واتە: پلەوپایەت بێ چاوی بێ.



یا ڕەب وە حاجەت ڕەسوول سەروەر
(قاضي الحاجات) ڕۆی دەشت مەحشەر
تا ئەرز قەرارەن وە پشت ماهی
پایەش بوڵەند کەی وە پادشاهی
مەستوور بەیداغ غەوس گەیلان بۆ
مەحفوظ نوفووس شاه مەردان بۆ
تا خەیلێ ئەییام حوکمش ڕەواج بۆ
شاهان عالەم وەنەش موحتاج بۆ
(بَعْدَهُ) ئێدەن ئیرادەی مەقال
وە باب عوظماش نویسام عەرز و حاڵ
وێنەی بەندەگان قەدیمی غوڵام
(من غَیر حَدّ) کیانانم سەلام
نە دار دنیا هاتاکە زیندەم
من دەست بۆس تۆم نە هەر جایێ هەم
ئاغا بەحورمەت (تاها) و (یاسین)
بمانی بەشاد نە ڕووی سەر زەمین
هەر چەو ڕۆژەوە ئاغای عالیشان[٦]
تەشریفت بەرشی لە (کفری) مەکان
نار ئیفتیراق دڵ کەردەن بوریان
دایم مەشغوولم وە غوسسەی گریان
پەرێ مولاقات دیدەنی دیدار
ئینتیزارەنان وە لەیل و نەهار
چەند دەفعە کاغەز بەندەی دڵ کەباب
مەکیانۆ پەرێت نمەیۆ جەواب
چونکە من جەواب نامەم بییەن کەم
مەپێچم وە غەم چون پێچ ئەرقەم

---

(٦) عالیشان: پایەبەرز.

سەبەب چێش قەتعەن جەواب کاغز؟
ئەڵبەت چەنی من بییەنی عاجز
یا قەطع بییەن مەحەبەت جاران
یا مەڵڵا نییەن نە گۆشەی شاران[7]
کاروانچی بڕیان پەرێ شوومی بەخت
پۆستە هەڵگیریان وە ئەمر دەوڵەت
تەئمین[8] بە، ئێمە نمەیین عاجز
دایم مەکیانین پەی ئاغا کاغز
ئاغا چە ئێمە کەرد سەرف نەزەر[9]
ئێمە بێ عارین مەپرسین خەبەر
ئینە خاس شوهرەت نێکنامی نییەن
قانوون خواجا و غولامی نییەن
یا هەر کەس بشۆ وە جاگەی بەعید
چە خزمەتکارش مەبڕۆ ئومید
وە (عەزیز ئاغا)[10] مەخسوس بۆ سەلام
بەر[11] ئەهل قەومان یەکایەک تەمام
جەواب کاغەز وە جەخت و دەوان
وە باڵ تەیر بۆ بکیانە پەیمان.

***

(٧) خشتە شیعرێکی فۆلکلۆری هەیە لە مانای ئەم خشتەوە زۆر نزیکە ئەمەش دەقەکەیەتی:
یا قاقەز قاتەن یا مەڵڵا مەردەن
یا چە من خاستر وە دەستت کەفتەن
(٨) تەئمین: دڵنیا، لە دەسنووسێکدا نووسراوە: تەحسین.
(٩) سەرف نەزەر: پشتگوێ خستن، لە یادبردن، بەجێ هێڵان.
(١٠) عەزیز ئاغا: کوڕی ئەمین ئاغای شەریف فەرەنگێزی هەمەوەندییە.
(١١) بەر: بۆ.



## نامەی میرزا خەلیل بۆ بەندکراو
## (عەلی ئاغای تەرجیلی) لە بەندیخانەی کەرکووک[1]

عید قوربانەن... عید قوربانەن
میرزام! زەلزەلەی عید قوربانەن
زەمزەمەی تەسبیح کەڕڕ و بەیانەن
وە ئەمر فەرمان حەیی سوبحانەن
عوشرەت عامەن شاهی جلووسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن
لە شەهر (کەرکووک) جۆش سەیرانەن
زەمزەمەی (ذي رُّوح) عالەم عەیانەن
جامبازەی ئەسپان عەرسەی مەیدانەن
عالەم پەرێ سەیر (کەرکووک) حەیرانەن
زیڕەی مۆزیقە و سەدای خورووسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن

(١) ناونیشانی شیعرەکە بەفارسی وا نووسراوە: (نامە نوشتن ملا خليل بَرسَر علي آغاي ترَجيلى بمحبوسخانهء کرکوک در عيد قوربان).
واتە: نامەی مەلا خەلیل بۆ عەلی ئاغای تەرجیلی لە بەندیخانەی کەرکووک لە ڕۆژی جەژنی قورباندا. عەلی ئاغا کوڕی نامیق ئاغا کوڕی عومەر ئاغای تەرجیلییە، لە ساڵی ١٨٩٠ی ز. لە دێی (تەرجیل)ی سەر بەشاری کەرکووک لە دایک بووە.
عەلی ئاغا کوڕێکی پیاوانە و ئازا و چاوتێر بووە، ئارەزووی لە سواری ئەسپ و ڕەمبازیکردن و کەیف و سەفا بووە، دەستەی هونەرمەندان و شاعیرانی خۆش ویستووە، دۆستی گیانی بەگیانی میرزا خەلیل بووە، خۆی و عومەر ئاغای برای ١٨٨٨-١٩٥٤ی.ز هەمیشە لایەنگری شێخ مەحموودی حەفید و دژ بەرژێمی عوسمانی و ئینگلیز بوونە، لە ساڵی ١٣٣٥ی ک. بەرامبەر ١٩١٦ی ز. کوژراوە.
عومەری برای چەپکێ شیعری بەتورکی لە پاش بەجێ ماوە لە ساڵی ١٩٩٧ی ز. لە لایەن مامۆستا ئەحمەد قوشچی ئۆغلووەوە لە کەرکووک لە چاپ دراوە.
سوپاس بۆ یونس حەسەن ئاغای تەرجیلی کە ئەم زانیارییانەی پێداین.

مەیدان مەساف (موسەڵلا)ی قەدیم[٢]
عالەم مەجۆشۆ وە بێ ترس و بیم
زەلزەلەی ئاشووب غەلغەلەی عەزیم
بریقەی بەرڕاق شوعلەی زەڕ و سیم
مەواچی شوعلەی شەمع و فانووسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن
لە مەحەللەی (چای)[٣] تا (قەلعەی ئەسغەر)[٤]
عالەم مەجۆشۆ چون ڕۆژ مەحشەر
کەنیز و زەنان ماشەئەڵڵا وەسەر
عەرعەر قامەتان شۆخ لەب شەککەر
جۆش خاڵ خاسان ئەتلەس[٥] مەلبووسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن
مەحەللەی (قۆریە)[٦] سەر تا وە قەدەم
تورکمان و عەرەب یەهوددی و عەجەم
سەغیر و کەبیر مەجۆشۆ وە هەم
ڕەستاخێز مەبۆ بە بێ زیاد و کەم
(لا تشبیە) ماچی مولک عەرووسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن

(٢) موسەڵڵای قەدیم: موسەڵڵای کۆن، گەڕەکێک بووە لە شاری کەرکووک، بەر شەقام و گۆڕەپان کەوتووە، دەکەوێتە ژووری گۆڕستانەکەی موسەڵڵاوە، موسەڵڵای ئەمڕۆ کەوتووەتە ژووری ئەو شوێن و ئاسەوارەوە.

(٣) مەحەللەی چای: گەڕەکی چای، گەڕەکێکی کۆنە لە شاری کەرکووک، بناخەی ئەم گەڕەکە لە کاتی خۆیدا کاکەیی دایمەزراندووە و لەوێ و لە دەوروبەری ئیمام ئەحمەد (خان ئەحمەد)ی کاکەیی نیشتەجێ بوونە.

(٤) قەلعەی ئەسغەر: قوللەیەکە دەکەوێتە باشووری کەرکووک بەچەند کیلۆمەترێک لەسەر ڕۆخی شەقامی کەرکووک-بەغدا، پێم وایە لەکاتی عوسمانییەکاندا وەکو سەنگەرێک بۆ سەربازەکان ئامادە کراوە.

(٥) ئەتلەس: ناوی جۆرە قوماشێکە.

(٦) قۆریە: ناوی گەڕەکێکە لە شاری کەرکووک.



دەبدەبەی دەهۆڵ زوڕنای سەد ئاواز
(تەمیرە) و(قانوون)، (سەمتوور) چەنی (ساز)[٧]
نەغمەی خۆشخوانان ڕەقسان ڕەققاز
جۆق جۆق نازداران، پۆل پۆل بازی باز
دەستوور سوپایی شای کەیکاوسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن
ئەسپاب ئەساس سورخ و دێز و زەرد
زومرەی مەحبووبان نوختەی خاڵ بێگەرد
باڵا عەرعەر توول، جەمین لاجیوەرد
عاشقان پەرێش مەدان[٨] ئاه سەرد
ئیسلام و یەهوود گەبر و مەجووسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن
ئاڵائی و[٩] نیزام[١٠] تفەنگ وە دەستان
چە دەور قشڵە تابوور مەبەستان
تەوق بەیداغان ڕەنگ ڕەنگ ئاراستان
تەعلیم عەسکەر هۆ هۆی سەرمەستان
سەدای گرمەی تۆپ کەڕەنا و کووسەن[١١]
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن
جۆق جۆق جاهیلان هەلەی[١٢] ڕەشبەڵەک
زرڕەی پۆیلەی ژەن مەشۆ وە فەلەک

(٧) تەمیرە، قانوون، سەمتوور، ساز: هەر چواریان ئامێری مۆسیقان.

(٨) مەدان: دەدەن، هەڵکێشان، لە دەسنووسێکدا نووسراوە: مەدۆ.

(٩) ئاڵائی: ئاڵایی، بەشێک لە لەشکری تورکان.

(١٠) نیزام (نیظام): دەسنیشانە بۆ سوپا و لەشکری بەڕێوەبەرانی دەوڵەت، (ڕژێم).

(١١) کەڕەنا و کووس: ناوی دوو ئامێری مۆسیقان.

(١٢) هەلە: شایی.

زرمەی تفەنگان مەشۆ وە سەمەک[١٣]
نە عەرش عەزیم سەیر مەکۆ مەلەک!
زومرەی بەندییان ماتو مەئیووسەن
(عەلی) چەی شادی قەید مەحبووسەن
(خەلیل) هەم وەی ئەشک دوو دیدەی ئەسرین
وەی حەسرەت کەشی وەی دڵەی غەمین
بێ سەیر و سەیران لە (کفری) زەمین
دوور لە ئەقریبا و گۆشەی غەم نشین
(عەلی ئاغای تەرجیل) فەهمش قاموسەن
حەیفەن چەی شادی قەید مەحبووسەن.

***

(١٣) سەمەک: ماسی، واتە: زرمەی تفەنگ دەگاتە گا و ماهی.



## نامەی میرزا خەلیل بۆ عەزیز عەلی ئاغا[١]

ئاغای (حاتەم) وار... ئاغای (حاتەم) وار
رەئیس عەشرەت خان (حاتەم) وار[٢]
(ئەفلاتوون) دەور (لوقمان) فامدار
مەنشوور مەعلووم دەور ڕۆزگار
مەرد شوجاعەت دانای بێ نەزیر
هامنشین بەزم والی و هەم ئەمیر
(حاتەم ثانی) ڕەئیس زەڕ بەخش
ڕۆستەم داستان ساحێب گورز و ڕەخش
پشت و پەنای قەوم نە جاگەی تەنگی
سەردار سەفدەڕ سالار جەنگی
ئەژدیهای دەوران پڕ ئەسڵ و ئسوول
جای مەلجاو ئومێد مسکین و مەلوول
عالەم دوعاگۆی سفرە و خوانتەن
(باب العشایر) دیوەخانتەن
جوانمەرد جەمع جوملەی جیهانی
مەعلووم ئافاق ڕووم و ئێرانی
(عەرەب) چەنی (تورک)،(کورد)و(تاڵەبان)
(مُشْبَعْ)[٣] چە ڕزق زاد سفرە و خوان
یا ڕەب ئی شەوکەت دایم تا سەر بۆ
(عەلی ئاغا زادە) دوور لە زەرەر بۆ

(١) عەزیز کوڕی عەلی ئاغا کوڕی عەباس ئاغا کوڕی ناسر ئاغای داودییە، برایەکی هەبووە بەناوی (کەریم ئاغا)وە، لە ئاوایی (زندانە)ی سەر بەقەزای کفری دانیشتووە، وا دەگێڕنەوە زۆر ئارەزووی لە شیعر و شانامە بووە، بۆیە دۆستایەتی لەگەڵ شاعیردا بەتین بووە.
(٢) خان: ماڵ، دیوەخان، واتە شاعیر عەزیز ئاغای لە ڕووی بەخشین و چاوتێربییەوە بەرامبەر بەحاتەمی تەی داوە لە قەڵەم.
(٣) مُشْبَعْ: تێر، تێرخواردن.

چە پشت (عەلی)، (عەزیز) ئیجاد بی
(عەزیز) چە (عەلی) قەدرش زیاد بی
ئومێد ئیمداد هەی بۆن وە هیممەت
(أبو المساكين) مەرد پڕ غیرەت
(يَوماً فَيوماً) ڕوتبەت کەبیر بۆ
بەندەی ئاستانەت میر و وەزیر بۆ
باڵ جبرائیل سایەبانت بۆ
(أنا فتَحْنا)[٤] وە قەڵخانت بۆ
بەشادومانی عومرت طەویل بۆ
دۆستانت دڵشاد عەدوت زەلیل بۆ
نەوینی زەرەر چەی دنیای فانی
بڕانی دەوران وە کامەرانی
وەنەت مەعلووم بۆ ئاغای کەرەمدار
گۆش دەر بەکردار ئی بەندەی غەمبار
پادشای شاهان بەردەن مەزاقم
فەلەک دان وە باد ڕزق و تفاقم[٥]
ئەمساڵ زمستان نییەن زەخیرەم
ترخێنە و ساوەر ئەرزاق و جیرەم[٦]
نە (یاغ) نە (سۆغان) نە (دووز) نە سمماق
گومانم نییەن بنەی وە بەر فاق[٧]
ساحێب کولفەت ئەهل و عەیالم
یەک (حَبَّة أرزاق) نییەن چە ماڵم

(٤) أنا فتَحْنا: دەسنیشانە بۆ ئەو ئایەتەی کە دەفەرمێ: (أنا فتَحْنا لَكَ فَتْحاً مُبيناً) – سورة الفتح الآية ١.

(٥، ٦، ٧) لەو نامەیەی کە بۆ سەعید ئاغای نووسیوە ئەم سێ خشتە هەن، مانەوەیانمان بەپەسەند زانی بۆیە لە هەردوو چامەکەدا وەکو خۆی هێشتمانەوە.



لە کەسب مایە بێ دەسەڵاتم
نە فەللاح کشت و[٨] ساحێب[٩] ئێڵاتم[١٠]
نە بەر باش کاتیب چە تەحریراتم
وێڵ سەرگەردان بێ واریداتم
هەمیشە مەشغووڵ مەدح و سەناتم
مەنظوور ئیحسان هەدیە و خەڵاتم
چەند ڕۆژەن بەندە غەمبار و خەستەن
کەردەنم سەفەر فیشەک هوربەستەن
بەڵکەم چە مایەش وە دەوان دەو
مەجمەع بکەرۆن بەعزێ حونتە و جەو
مەبۆ چە خزمەت ڕوخسەتم دەری
شەرت (حاتەمی) بەجا باوەری
تۆیش وێنەی حاتەم کەرەم با شومار
بکەری خەڵات ئی بەندەی غەمبار
منیش تا زیندەم هەر های لە ویرم
چە مەدح کەردەت نییەن تەقسیرم
لە گشت دیوەخان ئاغە و سەروەران
نە جەمع مەجلیس میر و بەگلەران
ئیسمت بەوێنەی شەهنامەی ڕۆستەم
بکەرۆن بەفەرد بوانۆن وە دەم
من (میرزا خەلیل) سوخەن لەزیزم
عەبد دوعاگۆی (عبدالعزیز)م

***

(٨، ٩) کشت: چاندن، تۆو وەشاندن (کشتوکاڵ)، ئێڵات: ڕەوەند، ئەوانەی دەچنە بانەمەڕ.

(١٠) ئەم خشتە لەو نامەیەی کە لە ناودارێک داوای خەڵات دەکا هەمیسان هاتووە هێشتنەوەیمان بە پەسەند زانی.

## نامەی میرزا خەلیل بۆ بەندکراو سەعید[1] ئاغای داودە لە بەندیخانەی (کفری)دا

مەعلووم بۆ چە لات ئاغەی زەمانە
مەنشوور مەعلووم قەوم و بێگانە
چالاک عەرسەی ڕۆژ مەیدانی
شکەست شوهرەت شای (تاڵەبانی)
مەرد سەف شکەن مەنشوور ئەییام
(فلامەرز) یەل نەسڵ (زاڵ) و (سام)
سەخی چون (حاتەم) دانا چون (لوقمان)
هامنشین بەزم والی و بوزرگان
نیازم ئێدەن چە (رَّب المُعین)
بمانی بەشاد نە ڕووی سەر زەمین
ئینە چەندساڵەن شنەفتم نامت
دوشمن مەلەرزۆ چە زۆر و سامت
ئیسم سەخائیت دەنگدا وە هۆشم
فەتحت وێنەی زەنگ زڕیا نە گۆشم
واتم دریغا کەی مەبۆ (جاری)؟
ئەر وە سەردادەن ئەو وە ڕاویاری
بشۆم بەخزمەت ئاغای زەمانی
چەند ڕۆژ وە تەرتیب شەرت مەهمانی
بزانۆم چ تەور چ نامداریوەن؟
چە نەسڵ کامین شەهریاریوەن؟

---

(١) سەعید ئاغا ١٩٠٨-١٩٧٥ی ز. کوڕی محەمەد کوڕی خورشید داودەیە، ناوی هەقیقی (حەمە سەعید)ە، لە ئاوایی (دوڕاجی) دانیشتووە، پیاوێکی ئازا و کەڵەمێرد، کوردپەروەر بووە، هۆی بەندەکەشی بەهۆی ئەوەوە بووە چونکە لایەنگری شۆڕشە مەزنەکەی شێخ مەحموودی حەفید بووە.



(دایم المدام) یە خەیاڵم بی
یە فیکر و خەیاڵ مانگ و ساڵم بی
ئاخر کەرەمدار بینای کەرەمکەر
لوتف کەرەم کەرد (اللّٰهُ أکبر)
شوکر سەلامەت وە دینت شاد بیم
چە غەم و غوسسەی قەدیم ئازاد بیم
فەقەت حەیف ئێدەن ئاغای سوخەندان
کاشکە تۆم نە دیا لە بەند زیندان
کەسێ چە (کفری) قەید مەحبووسەن
(دایم المدام) چە زەوق مەئیووسەن
گاهێ نە ئەفکار ئەهل و عەیالەن
ڕۆژش چون هەفتە ماهش چون ساڵەن
گاهێ نە خەیاڵ خەلاسی وێشەن
گاهێ نە شادی گاه دەروون ڕێشەن
ئەر ماچی درەنگ ئامام بەخزمەت
کەمەر نەبەندم بەوێنەی بەندەت
بەخزمەت ئامات واجبەن فەرزەن
شەرت غولامی وە دەینم قەرزەن
چونکە وە گشت کەس نییەنی قیاس
گەوهەر شوناسی چون (هەیاس خاس)
ڕەویەی ئی دنیا وە پا کەردەنی
گرەو چە (حاتەم، ثانی) بەردەنی
کەسێ عارف بۆ مەعلووم عاقڵەن
چ لازم وە شەرح گوفتار و نەقڵەن
ناو بێ ناوک چە تاڵع سیام
چە ماڵ بابۆم، دوو ساڵەن جیام

پادشای شاهان بەردەن مەزاقم
فەلەک دان وە باد ماڵ و تفاقم[٢]
چەی زمستانە نەبی زەخیرەم
ترخێنە و ساوەر تفاق و جیرەم[٣]
نە(یاغ) نە(سۆغان) نە(دووز) نە سمباق
گومانم نەبی بنەم وەبەر فاق[٤]
لەی جەژن شەریف لەی عید ئەکبەر
تفاقم نەبی پێم بکە باوەڕ
نە کولیچەی خاس پڕ شەککەرم بی
نە خەیار نە تورشی پڕ بیبەرم بی
نە ناوک شامی نە لەبلەبیم بی
نە قۆز نە خورمای محەللەبیم بی
نە خۆ ملەببەس نۆک برشیام بی
نە باسدوقەی سەوز ڕۆن تورشیام بی
نە چەرەز ڕۆژ وە نە شەوم بی
وێنەی قەرزداران وەخت ڕەوم بی
یەکجار نەهی دەست لە گیان بێزار بیم
پەوکە لە خزمەت زاتت فیرار بیم
پەوکە لە خزمەت زاتت بەعید بیم
مەحرووم دیدار (ئاغا سەعید) بیم
هەر چی بکەرۆن پەی شێر جەنگی
ضایع نمەبۆ لە ڕۆژ تەنگی
سەر فیدا نەبۆ پەی (سەعید ئاغا)
یاشا ئەو سەرە بشۆ وە زاغا

(٢ ، ٣ ، ٤) لەو نامەیەی کە بۆ عەزیز عەلی ئاغای ناردووە ئەم سێ خشتە شیعرە لەوێشدا بەرچاو دەکەون مانەوەیمان بەچاک زانی.



یا ڕەب ئی شەوکەت دایم تا سەر بۆ
ئاغای خانەدان دوور لە زەرەر بۆ
چونکە سەرداری لە عالەم دیاری
جای هانا و هاوار گشت کەفتەکاری
منیش تا زندەم ناچی لە ویرم
لە مەدح و سەنات نییەن تەقسیرم
بەو شەرت مەدحت کەم شێر شێرانگیر
وەختێ بەر لوای من نەکەی لە ویر
یە (خەلیل) واتەن ساحێب عەقڵ و فام
ئەختیار بەتووەن ئاغایی نێکنام

***

## نامەی میرزا خەلیل بۆ کۆخا ئیبراهیم[1]

مەعلووم بۆ چە لات کۆخا (ئیبراهیم)
من عەبد تووەنم گشت وەخت و دائیم
دەستت مەبۆسۆم مەکەرۆم سەلام
هەر چە یادمی (دایم المدام)
ئەر خاتر تۆم نە کەردا پەسەن
ئیشێ خرابم ئەکرد وە (حەسەن)[2]
بەڵێ چێش کەرۆن کەمێ پڕ هۆشم
خاسی تۆ حەڵقەن نە هەردوو گۆشم
بەختەکەی (حەسەن) یەکجار بتوون بی
ئەندامی لایق ئاو توتوون بی
خۆشاو دارک سائیم لە گیانی[3]
هاتەوە سەر خۆی ئەو بەختەی دانی
ئەگەر دەربچێ لەم زمستانە
لایق بەران بۆ چەی تاوستانە
(محەممەد ساڵح)[4] میر (شاتری)
پیاوی ناردوی چەنی قاتری

(١) کۆخا ئیبراهیم (١٨٩١- ١٩٩١ی ز.) کوڕی سلێمان غەفوورە، لە هۆزی داودەیە لە ئاوایی (قەواڵی) کە سەر بەشارۆچکەی (کفری)یە دانیشتووە کە هاوسنووری هۆزی جافە، ئەم زاتە پیاوێکی پیاوانە و خاوەن دیوەخان بووە، یەکێکە لە یاوەرەکانی میرزا خەلیل، پێنج کوڕی هەبووە (هیدایەت، فرود، فایق، فازڵ، حەسەن)، ئێستا هیدایەتیان لە هەمان گوند دادەنیشێ.

(٢) حەسەن: کوڕی کۆخا ئیبراهیمە، ڕۆژێک میرزا خەلیل بۆ دیدەنی دەچێتە خزمەتی کۆخا ئیبراهیم بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە کۆخا لە ماڵەوە نابێ، حەسەنی کوڕی بەساردییەکەوە پێشوازی لێ دەکات، ڕۆژی داهاتوو کە خەلیل منەووەر ئۆغر دەکا، کاک حەسەن بەختەیە لەڕ و لاوازی پێدەبەخشێ بۆیە لە شیعرەکەدا بەتوندی گلەیی لێ دەکات.

(٣) زووتر لە کوردەواریدا هەر گیاندارێک تووشی نەخۆشی گەڕی ببوایە، بۆ چارەسەرکردنی دارکی تووتنیان دەکوڵاند و بەدۆشاوەکەی چەند جارێک لەشیان چەور دەکرد.

(٤) محەممەد ساڵح: یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی (جاف) بەتیرە (شاتری) بووە.



یەک وەزنە ڕەوغەن کیاستەن وە بەرتیل
ئەو بەختەی دانی بنێرێ (خەلیل)
لایقە بەمن شەکی مانگا قن
وە ڕووی مەسڵەحەت بفرۆشێ وە من
ئەگەر نەیفرۆشێ مەیلی بکا کەم
ئێڵ (شاتری)[5] من بۆی ئەکەم جەم
(ڕۆغزایی)[6] چەنی (یۆسوە جانی)[7]
(هاروونی)[8] چەنی، تیپ (تەرخانی)[9]
ئیلجاری ئەکەم وە ڕووی (کفری) شار
سەراسەر (کفری) ئەکەم یەختەسار
قۆخا نازانم لەم قەول و قەرار
پەرێ کام ئەقلیم من بکەم فیرار
ئەر تۆ تەدبیرێ نەکەری وە ڕاس
لە دەست (شاتری) نمەبۆم خەلاس

***

(٥، ٦، ٧، ٨، ٩) شاتری، ڕۆغزایی، یۆسوەجانی، هاروونی، تەرخانی: ئەمانە هەریەکەیان تیرەیەکن لە هۆزی (جاف).

## نامەی خەلیل منەووەر بۆ عەلی ئاغا(١)

چە شەهر کەرکووک ئەی عالی نەسەب
چە خانەی لەکەی ئیسماعیل(٢) لەقەب
کاغەزێ پەرێم کەردەبیت ڕەوان
بەحس بێ وەفایی (مەلّلا ئینجی خان)(٣)
وە هەم نوویسنابیت وە چەشم جادوو
سەیرکەر بەڕوخسار نەونەمان نوو
بزان چ تەورەن حوسن و جەمالّش
چ وەزنەن میزان عەقلّ و کەمالّش
من وێنەی صەیاد صەیدگیر ئاهوو
پەرێ دیدەنش کەردم جستجوو
وە لەیل و نەهار پارێز مەبەردم
تەماشای ڕوخسار (ئینجی) مەکەردم
وە ڕۆژ چە حوجرەی یەک مەکتەبخانە(٤)
بەوێنەی بەیغوش هەر مەگرت لانە
یەک پەشتەمالّێ ئەحمەر نەوەردا
مەپۆشا وە بان ڕوخسار و سەردا
غەیر چە شاگردان میرزا نەدی ڕووش
نەزانام چونەن شوعلەی ڕەنگ و بۆش

(١) عەلی ئاغا کوڕی عەباس کوڕی ناسر ئاغای داودییە، دانیشتووی ئاوایی (زندانە) بووە، کە سەر بەقەزای (کفری)یە، دوو کوڕی هەبووە (عەزیز، کەریم).
سەردەستەی شیعرەکە وا دەست پێ دەکا (فَرمودَن میرزا محمد خلیل شاعیر/ سنه ١٣٠٢)، ئەم چامە شیعرە لە لایەن مامۆستا (شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی)یەوە بلاّوکراوەتەوە، بڕوانە گۆڤاری نەوشەفەق – ژمارە ٤ی تەمموزی ٢٠٠٣ی ز.
(٢، ٣، ٤، ٥) عەلی ئاغا نیازی وابووە (مەلا ئنجی خان) بخوازێ، جا نامەی بۆ خەلیل منەووەر ناردووە کە ئەو ڕۆژە لە شاری کەرکووک لە مالّی (ئیسماعیل لەکی) میوان دەبێ تا تەماشای بۆ =



ئەو ڕۆژ کە سەفەر پەرێ کفری شار
کەردم تەدارەک زاناشان ئیزهار
واتم: (زوورەخان)(٥) شای سۆسەن خالاّن
هەمشیرەی(٦) عەزیز(٧) ساحێب کەمالاّن
(عەلی ئاغا) نوویسنان کاغەز پەرێ من
کیانانش وە دەو بەی زێد و زامن
واتەن ئامانەت بوین (ئینجی خان)
ئەی گەوهەر شوناس حەکیم حالّزان
من چۆن (ئینجی خان) بوینۆم دەخیل
تەدبیرێ بکەر پەی (میرزا خەلیل)
بزانۆن چوونەن چ تەور غەزالەن
تەئریخ عومرش چەند هەفتە سالّەن
قانوون ئەدەب چ تەور مەزانۆ
وێش وە کام مەعشووق وەرین مەوانۆ
وە عەقلّ و حیلەی ئیختیفای پڕ هۆش
واچە چە تەبەق بەردارۆ سەرپۆش
چونکە من ئیمشەو نی جاگەم ئیزهار
سەحەر بەرمەشۆن پەرێ کفری شار(٨)
بادا بوینۆن دیدار دلّبەر
نەبۆ وە عوقدە چە بەند جگەر
بەلّکەم مەدحش کەم ڕۆژ و ماهو سالّ
پەی (عەلی ئاغا) وەسفش کەم ئیرسال

=بکات و بزانێ ئایا جوان و خان و مان و سەلار و ڕەوشت بەرزە یان نا، خەلیل منەووەر لە ڕێگای (زوورە) خانی ئاشنایەوە دیدەنی ئەو خانمەی کردووە کە لە کەرکووکدا قوتابخانەی هەبووە، ئنجا ئەم شیعرەی بۆ عەلی ئاغا نووسیوە و تیایدا ستایشی مەلا ئینجی خانی بۆ دەکات.
(٦) هەمشیرە: برا، یان خوشکی شیری، ئەوەی شیری ژنێک بخوات، لەگەلّ منداڵی ئەو ژنە دەبنە برا.
(٧) عەزیز: ئازیز، واتە: زوورەخان خوشکی شیری میرزا خەلیل بووە.
(٨) واتە: من هەر ئیمشەو لێرەم، سبەینێ بەرەبەیان بۆ (کفری) ئۆغر دەکەم.

(زورەخان) شنەفت وێنەی (تەهمینە)
دەر لەحزە فەرما بەو نازەنینە
(قەرداشن ئێودە یۆقدر ئینجی خان)
نییەن بشۆرۆ کەس دەست میهمان[٩]
(مەغریبدر گێجدر، سۆفی سەڵەوات)
(ئیبریقی قاڵدر پێشتمالی ئات)[١٠]
(موسافرمزن تویک ئالنە سو)
ساکە ئێد شنەفت نەونەمام نۆ[١١]
(طَوعاً وكُرهاً) شای سیمین بەدەن
گرت وە دەستەوە مەسینە و لەگەن
قەدەم لەنجان کەرد بێ پەردە و حیجاب
دەستم غوسڵدا وە سابوون و ئاب
وێنەی ماهتاب بەر ئاما وە بەر
سەرکێشا نە بورج خورشید خاوەر
من کە دیم وە چەم جەماڵ دڵبەر
شەوق شەعشەعەش عالەم گرت نەوەر
سەد سەڵڵی عەلام چە دەم کەرد جاری
ئافەرین بۆ پەیت ئەی جەماڵداری
نییەن چە کەرکووک (میثل و ئەمثالش)
وە عەقڵ و ئەدەب حوسن و جەمالش
دڵبەر دینبەر چە حوسنش ماتەن
شەمع شاهپەسەند شاخ نەباتەن
(رەحمە)[١٢] کەردەن کەچ پای زەنج زەردش
(زورەخان) شەیدای لیمۆی بێگەردش

(٩، ١٠، ١١) واتە: کە خەلیل منەووەر و زوورەخان دەچنە ماڵی ئینجی خان، برایەکەی لە ماڵەوە نابێ، زوورەخان پێی دەڵێ وەرە پێشەوە درەنگە ئەمە ماڵی خۆتە مەسینە و دەستشۆرەکە بێنە و ئاو بکە بەدەستی میوانەکەیا، ئەویش بەگوێی زوورەخانی کردووە.

(١٢) ڕەحمە: یەکێکە لە دراوسێکانی ئینجی خان.



حوسنی حەسەد خوار گرفتارشەن
گوڵی لێوی لەنج قین و قارشەن
ئینجی هەمشیرەت کەمترینشەن
تالە[١٣] ئارەزووی دیدەی دینشەن
سۆفی سەومیعەی خەڵوەکێشێوەن
پڕ عیلم و ئەدەب یەک دەروێشێوەن
تەریقەت پەزێر سەوڵ سیاچەم
مەحرووممەن چە ڕووی مەرد نامەحرەم
ئەسپەردەی بارگەی دوڵدوڵ سوار بۆ
پارێز چە نەفەس فیتنەی بەدکار بۆ
عوموم عالەم پەرێش بریان بۆ
سەرمەشق دەفتەر (عەلی گریان)[١٤] بۆ
شەرت بۆ تا زیندەی دەور زەمان بام
سەناگۆی عیسمەت ئەو (ئینجی خان) بام

***

(١٣) تالە: کورتکراوەی ناوی (تالیب)ە، یەکێکە لە دانیشتوانی کەرکووک، دراوسێی ئیسماعیل لەکی بووە.

(١٤) عەلی گریان: شاعیرێکی چەوساوەی دەڤەری گەرمیانە بەداخەوە تا ئەمڕۆ شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی نەزانراوە، مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە ٤دا وا بۆی چووە گوایە کوڕی یوسف ناوێکە.

## نامەی میرزا خەلیل بۆ سمایل[١] ئاغای داودەیی لە دێی ئەلبوسەباح

میرم دییاری... میرم دییاری
وە ڕوتبەی بوزرگ لە عام دییاری
سەر لەوح صەدرەی شاهو خونکاری
تۆ چە (خەلیل بەگ)[٢] یەک و هەزاری
چە (محەمەد باقر)[٣] تا وە(عەلی ئاغا)[٤]
کەس نام عەشرەت نەکەرد وە زاخا
ئەوەڵ جەنابت وە ناعیلاجی
دووهەم (محەمەد)[٥] میر (دوڕاجی)

(١) سمایل ئاغا: کوڕی ئیبراهیم بەگ کوڕی سمایل بەگی داودەیە، ماوەیەک لە ئاوایی (تەپە چەرمگ)ی سەر بەقەزای (خورماتوو) دانیشتووە، لە پاشاندا چووەتە ئاوایی (ئەلبوسەباح)، یەکێکە لە سەرەک هۆزە ناودارەکانی هۆزی (داودە) لە دەڤەری گەرمەسێردا، ناوی لە داستانەکەی جەنگی نێوان داودە و تاڵەبانیشدا هاتووە، لە پاش خۆی ڕفعەت بەگی کوڕی جێگای گرتەوە، سمایل ئاغا زۆر خەلیل منەووەری خۆش ویستووە، مۆڵەتی ئەوەی داوەتێ هەجوی هەر کەسێک بکات قەدەخە نەکرێ و کەسیش لێی زوێر نەبێ تەنانەت ئەگەر ئەو هەجوە لەسەر خۆیشی بێ.

(٢) خەلیل بەگ ١٩١٠-١٩٦٩ی ز. کوڕی محەمەد کوڕی عەباس ئاغای داودەیە، ئاغای دێی (تووکن) بووە، لە ناوچەی گەرمیاندا، پیاوێکی پیاوانە و چاونەترس و کوردپەروەر بووە، لایەنگری شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر بووە، دوو برای هەبووە: (حاجی ساڵح، فەتاح).

(٣) محەمەد باقر: یەکێکە لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی (داودە) لە دەڤەری گەرمیاندا، باپیرە گەورەی (حەمە ئاغای دوڕاجییە).

(٤) عەلی ئاغا: کوڕی عەباس کوڕی ناسر ئاغای داودییە، دانیشتووی ئاوایی (زندانە) بووە.

(٥) محەمەد: کوڕی خورشید کوڕی محەمەد باقری داودییە، لە ساڵی ١٨٧٦ی ز. لە دایک بووە، لە ئاوایی (دوڕاجی) لە ناوچەی (کفری) دانیشتووە، پیاوێکی زیرەک و وریا و ڕووناکبیر و شاعیر بووە، گەلێ جار دژ بەدەوڵەتی عوسمانی بەجەنگ هاتووە، بۆیە عوسمانییەکان هێرشیان کردۆتە سەر و قەڵاکەیان لە دوڕاجیدا داوەتە بەر تۆپ، ئەویش ناچار هەڵدێ و خۆی و جەنگاوەرەکانی لە چیای (بەمۆ) خۆیان هاشار دەدەن. شاعیر لە شیعرەکەیدا هێرشێ توندوتیژ دەکاتە سەر ئەم و خەلیل =



شەرع پێغەمبەر نە گرتن نە گۆش
تەعەددا کەردن لە جاجک فرۆش
ماڵ جوولەکە و بەقاڵ و عەجەم
بەوێنەی حەلوا مەوەردن وە دەم
راگەی قافیلە مەبەردن وە پەس
ئەوەڵ زەعیفە ماوەردن وە دەس
ماڵێ کە وە غەسب ئەخذ کەی چە عام
کێ دی حەڵاڵ بۆ حەرام پەی ئیسلام؟
میرم کێ دییە ئی بەد ڕائییە
ئی بێ ئەمری شەرع ئی ڕیسوائییە؟
ماڵ فەقیران باوەری چون گورگ
کەرەم بەخشان کەی لە ئاغە و بوزرگ
یەعنی (سمایل، حاتەم ثانی)
ئیمڕۆ خوریایە یەک (وەزنە) نانی
نیم وەزنە برنج شەش (باتمان) ساوەر
یە گشت خوریایە کێ ناکا باوەڕ
نازانن خێری وەک دار پەڵکە
زیافەتی زوڵمە گشت ماڵ خەڵکە
میرم مەنشووریت ئەگەر وەها بۆ
ئیسم بوزرگیت حەیفەن وە پا بۆ
ئەر خێرێ چە ڕەنج پای ئەسپەشێ بۆ
ئی خێرە سەد جار کۆی کەوڵت تێ بۆ[٦]

= بەگ و سمایل بەگ لەبەرئەوەی بەزۆر باجیان لە دێوەرە و ڕێبوار و کاروانچییەکان سەندووە و بەو دەسکەوتەشیان داوەتی دۆست و پیاو ماقووڵانیان کردووە، لە ساڵی ١٩٢٥ی ز. دا مردووە.

(٦) واتە: ئەو کەسەی بەماڵ و دەسکەوتی حەرام و ناڕەوا خێر و چاکە دەکا، لە خوام دەویست بۆی سەدجار بەخراپە تۆمار بکرێت.

ئیمسالْ بەتەقدیر (اللّهُ أکبر)
لە (طوزخورماتو) ئەو قەمەر پەروەر[٧]
دیش چەنی فرزەند هەردو بییا بین
چون یەختەی جانی هەردوو خییابین
ئاغای (خورماتوو)، (محەمەد باقر)
کاغەزێ نوویسنا وە ڕەجاو خاتر
وسولْش پەرێ (سەیید حوسێن نام[٨])
نەوەی (سەی ئەحمەد)[٩] ئەو عالی مەقام
(خاتر مەخصوص ئاغای زەمانی
بزە لازمدر جەلیل گولانی[١٠]
سەریعەن گوێندر قوش قەنادیلە
میمی خەزانی (کذالک) بیلە[١١]
(ئەگەر گیەلەسە چارەمز یۆقدر
هیچ قۆرقمەسون پارەمز چۆقدر)[١٢]
ئەمر (سەیید حوسێن) بەگۆش شنەفتین
هەردوو هورێزاین وە ڕاگە کەفتین

(٧) قەمەر پەروەر: یەکێکە لە دانیشتوانی شارۆچکەی (خورماتوو)، دۆست و یاوەری خەلیل منەووەر بووە.

(٨) سەید حوسێن: کوڕی سەید عەبدولقادری سوور کوڕی شێخ ئەحمەدی سەرداره، باوکی سەید ئەحمەدی خانەقایە، لە شاری کەرکووکدا، خاوەنی تەکیە و خانەقا بووە، بەناودارێکی پایەبەرزی سۆفیگەری کوردی شاری کەرکووک دەژمێردرێت.

(٩) سەید ئەحمەد ١٨٧٠-١٩٥٢ی ز. کوڕی سەید حوسێن کوڕی سەیید عەبدولقادری سوور کوڕی شێخ ئەحمەدی سەرداره، لە بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجییە، لە کەرکووک خانەقای هەبووە کە تا ئەمڕۆ ئەو خانەقایە ماوە بۆیە ناسراوە بەسەید ئەحمەدی خانەقا لەگەڵ خەلیل منەووەردا ئاشنایەتی هەبووە، پیاوێکی پیاوانە و سەر ڕاست و خزمەتگوزار، چاوتێر و نیشتمانپەروەر بووە.

(١٠، ١١، ١٢) ئەم سێ خشتە بەتورکییە، واتە: (ئێمە پێویستیمان بەجەلیل گولانی و پورێ خەزان هەیە، لە پارە مەترسن، بەزووترین کات بەباڵی پەلەوەردا بۆمانیان ڕەوانە بکەن!، چار نییە دەبێ هەر بێن).



تەشریفمان یاوا وە (خورماتوو) شار
(قەمەر) و فرزەند جە غەم بین قورتار
ئادەمێت کیاست لەو درەنگ وەختە
(فەتاح بەگ)[١٣] من بییەن وە یەختە
نووسنابیت وە لای (محەمەد باقر)
وە ڕووی ئیلتیجا و مننەت و خاتر
ئەوەڵ پەی خاتر (ئیمام عەلی)
سەلام بەو (باقر)[١٤] ئەو (مەڵلا وەلی)[١٥]
(علی العجلە) مالم فیسیایە
(جەلیل)[١٦] بنێرن (فەتاح بیایە
(سریعاً) دەردەست لازم بنێری
عیلاجێ بکەن بۆ دەوای کێری
وە ڕەجای ئەوان مننەت و ئیلحاح
ئەو شەو سوار بین پەی (ئەلبوسەباح)
(فەتاح) چەو دەردە کەردەبین ڕەها
(جەلیل) وات میرم خەلاتم کووا؟
وە تەدبیر تۆ (فەتاح) چەکمە دەڵب
دە جفتە ئیکرام جفتەیەکیش قەڵب
دووانی قولفدار یەکێ بێ مۆدە
بەدەست و کەرەم (فەتاحە) کۆدە

(١٣) فەتاح بەگ: ١٩٠٨-١٩٧٢ی ز. کوڕی محەمەد کوڕی عەباس ئاغایە زیاتر ناسراوە بە(فەتاح ئاغا) یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی داوده، لە دێی (زندانە) دادەنیشت.

(١٤) باقر: باوکی محەمەد باقری داودییە، یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی داودەی ژوور لە دەڤەری گەرمیاندا.

(١٥) مەڵلا وەلی: مەلای گوندی زندانە بووە.

(١٦) جەلیل: برای میرزا خەلیلە، وا دیارە ناردوویانە بەدوای فەتاحا بۆ ئەوەی ژنی بۆ مارە بکەن و مەلا وەلیش مارەیان بۆ ببڕێت.

جاریّ با بووسیّ ئی نیّک نامی
جوولەکەی خەیات (قلنج ئیسلامی)(١٧)
ساختە موسلّمان هەر لە مالّتانە
خەییات خامەک چۆخە و شالّتانە
(عەززە)(١٨)جوولەکە کەردەوی وە (قالە)
چەنی ئەو (ئەلیاس)(١٩) تفلّ سە سالّە
دوشنامی داوی وە قەور بابم
یەکجار چەی سەبەب جگەر کەبابم
(جەلیل) نەو دەمدا دلّش بوی تەنگ
چەنی جوولەکە نییا بینای جەنگ
حەرەمت (خەجە)ی(٢٠) خان مالّ وەکیل
دژمانیّ فرە دابی وە (جەلیل)
ئافەرین خاتوون فۆتە پوولەکە
غیرەت کیّش جەنگ پشت جوولەکە
یە (عەزە) خەیات کەی بی وە خویّشت؟
کەی بی وە ئیسلام تەکیەی دەرویّشت؟
یە (عەزە) خەیات چ بەختی بەرزە
چە (ئەلبوسەباح) لە ئیسلام فەرزە

(١٧) قلنج ئیسلامی: قلنج: وشەیەکی تورکییە (شمشێر)، قلنج ئیسلامی: ئەوانەی بەزەبری شیر بوونەتە موسلّمان.

(١٨) عەزە: کابرایەکی جوو بووە، لە دێی (ئەلبوسەباح) دانیشتووە لە شیعرەکەدا وا دەردەکەویّ ئەم عەزەیە لەگەلّ ئەلیاسی برای (میرزا خەلیل)دا کە تەمەنی سیّ سالاّن بووە بەجەنگ هاتووە و جنێوێکی فرەی بەخۆی و باوباپیری داوە، بۆیە جەلیلی برایشیان لە سەری هاتووەتە وەلاّم و بەگژی کابرای جووا چووە، خەجەخانی ژنی سمایل ئاغا پشتی جووەکەی گرتووە و گەلیّ جنێویشی بەجەلیل داوە، جا شاعیر لە شیعرەکەیدا بەتوندی گلەیی لەم خانمە دەکات.

(١٩) ئەلیاس: برای جەلیل و خەلیل منەووەرە.

(٢٠) خەجە خان: ژنی سمایل ئاغای داودییە.



من کفرم نەکرد بیم وە مەهمانت
کەچ کەردم کەوچک لوقمەیی نانت
یا ڕەسمتانەن دوشمن وە میّمان!
یاکە سەندن لیّم ئوجرەیی حەق نان!
بیّزار لە مەکان (ئەلبوسەباحم)
تا مردن لە زەم بابۆی (فەتاحم(٢١))

***

(٢١) بابۆی فەتاح: مەبەست لە محەمەدی کوڕی عەباس ئاغای داودییە.

## میرزا خەلیل

## نامەیەک بەناوی حوسێن ناوێکەوە دەنووسێ(١)

مامەی غەمخوارم... مامەی غەمخوارم
داد پرس ئەحواڵ خان غەمخوارم
نازکێش ئومێد ڕووی ڕۆژگارم
نە جاگەی پەدەر تۆی یار کارم
مەقبوول مەجلیس جەمع بەگلەران
هامنشین بەزم تیپ سەروەران
مەرد هونەرمەند ساحێب عەقڵ و فام
دانای دوڕ پەسەند غەواس ئەییام
پیران پڕ فام (ئەفلاتون) عەقوول
(لوقمان) مەعریفەت مەرغووب مەقبوول
نیازم ئێدەن چە (رَّب المُعین)
بمانی بەشاد نە ڕووی سەرزەمین
عومرت وە شادی و فەرح و تەویل بۆ
دۆستانت دڵشاد عەدوت زەلیل بۆ
باڵ جبرائیل سایەبانت بۆ
(إنا فَتَحْنا)(٢) وە قەڵخانت بۆ
نەوینی زەرەر چە دنیای فانی
برانی دەوران وە کامەرانی
ئومێدم ئێدەن حەقم بسێنی
چونکە تۆ غەمخوار کاکە حوسێنی

(١) لە ناوەڕۆکی هەڵبەستەکەدا وا دەردەکەوێ حوسێن شکات دەباتە لای مامی کە گوایە (فاتە)ی کچی لێی داوە.
(٢) إنا فَتَحْنا: دەسنیشانە بۆ ئایەتی (إنا فَتَحْنا لَكَ فَتحاً مُبيناً) سوورەتی (الفتح) ئایەتی ١.



بە فەرموودەی وێت خودا بۆت پارێز
دوو بار قامیش ناردم وە (کارێز)
سەربار و بن بار بەستەبیم قاییم
چەنی ئامۆزام ئەو کاک براییم
ڕەوانە کەردم وە (کارێز) دیار
(فاتە)ی دوختەرت چەنەم شی بەقار
واتش (حوسە کۆر) سەرسەری سەگسار
ورچ مەیموون ڕەنگ موڵک ئێران شار
پەی چێش نمەشی چەنی قامیش بار؟
نەواکە بابۆم چەنیت ببۆش کار
واتم: نمەلۆم کەی زەماوەنەن؟
خۆ ماڵ عەمۆم زۆر بێ خاوەنەن
ساحێب دوشمنن لەسەر چوار ڕێگە
ماڵ وە بێ خاوەن نایلم وە جێگە
دووبارە واتش کناچەت فاتە
ماشائەڵڵا ئەمسال حوسە کۆر قاتە
شێر هونەرمەند ساحێب تفەنگن
دوشمن شکێنن مەرد ڕۆی جەنگن
عومرت نەمێنێ کۆر ناقۆڵا
دوو چاو بازک مل مەکۆی جۆڵا
ئافەرینت بۆ مەرد زەمانە
دایک باوەردا تۆ وە دوانە
هەزار ماشەئەڵڵا وەی عەقڵ و فامە
مەرد غیرەت کێش تفاق مامە
عالەم لە زەرەر ئەو مەبۆ پارێز
حەیف نییە ئێستا بچێ وە (کارێز)

فەقیانە چەرموو فەرەجی بۆرە
هیچ عەیبی نییە کەمێ شەوکۆرە
لایقت جاگەی (خۆر نەوەزانە)
تۆ خودا بمرە تا جاو هەرزانە
ئافەرین حوسە پەرێ کەماڵت
لە (سمایل بەکر) نییە ئەمسالت
کێ هەیە باچۆ حوسە کۆر کامە؟
بی وە پاسەبان تفاق مامە
عارە کەی عالەم چاو چەرخی بایی
ژێر چەپۆکەی ژن ناو ئاوایی
مامە توخوا کەی، ئەمە قسەیە؟
ئەمە حیکایەت فاتە و حوسەیە
لەناو ئاوایی وە قەشمەرمی کرد
سەرمی تاشی سوار کەرمی کرد[3]
منیش لە داخا گیانم نشتە لەرز
کوتەگێ بەڕوو کەفتەوی لە ئەرز
واتم: قسەی تۆ پەی من خەڵاتە
تەنیا کوتەگێ ماڵیم وە فاتە
خۆ کفرم نەکرد وتم بترسێ
ئیتر چەی دما لە من نەپرسێ
جغارەم پڕ کرد نیشتم لە سێوەر
دیم کە خێزیا (فزاع الاکبر)
فاتە وە فیزاع کێشا هەڵهەڵە
گاڕانی نەدیەوە دەسدا وە چەڵە

(٣) ئەم نیو باڵە ڕەوانبێژییەکی فۆلکلۆرییە، ئەمە یەکێک بەکەسێکی دەڵێ کە گاڵتەی پێ بکات و حەیای بەرێ.



دەرچوو لە ناو ماڵ وەک ژنی تورکمان
بەبێ ناوژیکەر بێ داد و ئامان
چمان پەی قەتڵم سەندەبی فەرمان
یا چون کۆزەر کوت خەریک چە خەرمان
حاکم دەستووری ماڵا وە گیانم
گاه وە تەوق سەر گاه وە ناو شانم
دەردێ دایە پێم فاتە زەنگیانە
کەردەبم وە پەن قەوم و بێگانە
حەتا لە باڵی ماوی حەرەکەت
ماڵا وە لاشەم تێڵا وە قووەت
مادام من چە لای تۆ نیم سەرفراز
سەرم هەڵئەگرم ئەچم وە (بنغاز)
چەی ئاخر عومرە با دەربەدەر بم
لە داخ فاتە هەر قوڕ وەسەر بم
ئەمە وە مەزهەب کام کەس دروستە؟
فاتە قەشمەری بکا وە حوسە
ئومێدم ئێدەن ئەی عەمۆی گیانی
حەقم لە فاتەی زاڵم بستانی
ئەگەر نەستانی حەقم تەق[4] ئەوەم
تەحقیق چون هەنار شرین شەق ئەوەم
ها واتم وە تۆ مامەی سەردارم
ڕۆژ تەنگمەن بێ وە هاوارم
یە حوسێن واتەن دەروون زوڵماتە
یە شکاتشەن چە دەست فاتە

***

(٤) تەق ئەوەم: شەق دەبەم.

## نامەی مەلا خەلیل
## بۆ وەستای کەڵاشکەر لە کفری

مەخسووس سەلام بۆ وە بێ ئەندازە
ئاما وە لای من ئەو (قاله نازە)[1]
خەیلێ شکایەت کەردش وە تەڵاش
چە گلەیی تۆ چە غەدر کەڵاش
ئینە یەک ماهەن بەڵکەم زیاتەر
مەعتەڵەن فەقیر بەگوفتەی سەروەر
ئیزهار نمەکەی دەستکار خاست
پەی (قاله نازە)ی سییا لیباست
هەردەم دەست مەنی تۆ وە بان چەم
پەی کار کەردەش مەواچی نەعەم
ئینە وەفا و شەرت کیباران نیيەن
یە مەیل وەرین چە یاران نیيەن
چە لایێ هامسا، چە لایێ دۆستەن
چە لایێ دەروێش کەشکۆڵ و[2] پۆستەن[3]

(١) قاله نازە: یەکێک بووە لە دانیشتوانی شارۆچکەی کفری لە شیعرەکەدا وا دەردەکەوێ وەستای کەڵاشکەر، کەڵاشەکەی ئەمی دواخستووە بۆیە شکاتی هێناوەتە لای مەلا خەلیل، مەلاش بەم چامە شیعرە داوای لە وەستاکە کردووە تا بەخێرایی کڵاشێکی زۆر چاک و پوختەی بۆ بچنێ و بەزووترین کاتیش پێی پسپێرێ چونکە قاله بەپێ خاوسی ماوەتەوە.

(٢) کەشکۆڵ: توێکڵی گوێزی هیندە، ناوەکەی لە دوو وشە پێکهاتووە (کەش) یان (کێشتن)، (کۆڵ)یش واتە: (شان) دەگەیەنێ، درەختەکە لە وڵاتی هیندستاندا زۆرە، سنعەتکاری خۆی هەیە، بەتەڕی بەئامرازێکی نووک تیژ ناوەکەی هەڵدەکۆڵێ و تەنیا توێکڵەکەی دەمێنێتەوە کە ڕەق و ئەستوورە ئینجا بەڕەنگی ڕەش بۆیەی دەکات و لە قایش دەسکێ درێژیشی بۆ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بکرێتە شانەوە، جاران تا ساڵەکانی چلی سەدەی ڕابردوو سۆفی و دەروێش و هەژارەکان لە کۆڵیان کردووە و لە جیاتی قاپ و کاسە بۆ خواردن و خواردنەوە بەکاریان هێناوە.

(٣) پۆست = پێست: زووتر سۆفی و دەروێشەکان پێستی ئاژەڵی خۆشەکراویان هەمیشە بەکۆڵەوە بووە لە جیاتی ڕایەخ و بەرماڵ بەکاریان هێناوە.



چە یەک لا فەقیر بێ چارەی هەژار
فەقیر عەزیزەن چە لای کردگار
هەم سەوابتەن فەقیر تەسەڵڵا
ئەجر ئەکبەرەن چە قاپی ئەڵڵا
هەدیەی فەقیر خورمای بێ چنجک
ئەجر ئەبێ (جووجک داڵدە وە بنجک)[4]
چونکە پەناگاش (میرزا خەلیلەن)
بەندە چەی کارە موتڵەق کەفیلەن
بە شەرع شەریف کەفیل خەسارم
مەبۆ بکەری عیلاج کارم
کەڵاشێ کەری وێنەی پۆتین بۆ
ئەر دوو ڕۆژ چە نام وەحل و[5]طیین[6] بۆ
چون جزمەی (مووسڵ) بمانۆ سەساڵ
ناڵبەند چە بانی فەرەس بکا ناڵ
قبووڵم نیيەن کارت چەتوون بۆ
مەحکەم مورەببەع بەرق بتوون بۆ
تیرەش وێنەی تار زوڵفان کەتوون بۆ
هەم شاگردانش شاور توتوون بۆ
ئەمجار مەعلووم بۆ کەڵاش دەست کرد
کەڵاش پەنج تیر نە پان و نە گرد
بەڵێ بەشەرتێ ئاو نەدۆ وە ناو
چە شار (کفری) بۆ بەمەدح و چاو
سیرم بەقەر فەتیل وەک بالە
جاوێ جەدید بۆ پەرێ کاک (قالە)

(٤) ئەمە پەندە و بەم شێوازەش وتراوە: (جووجک پەلامار وە بنجک).
(٥) وەحل: قوڕ و قوڕاو، قوڕ و چڵپاو.
(٦) طین: قوڕ.

پەڕۆش سفید بۆ تازەی تازە ساو
بنپەرگ مەرەز سیرم چەرم گاو
لایق بۆ وە پای (میر بەیاتی)[7]
یا (غەوس گەیلان) بۆش وە میراتی
چەرم (سلێمانی) چە لاش مێشین بۆ
بەڵێ بەشەرتێ حەقش پێشین بۆ
دەروێش (مینا) فەتح، فەتوای کارش بۆ
دەروێش (سمایل) نە دییارش بۆ
(سەکینە خاتوون) پەڕۆش کەرۆ قەد
(قادر) بکوتۆش وە مشتەی دووسەد
(مەڵلا ئیبراهیم) سەنا خوانش بۆ
ئوستاد[8] یەک دەست نیگەهبانش[9] بۆ
(سوڵطانە) بن پەرگ پەرێش برێسۆ
جەنابت سیرم پەرێش بکێشۆ
وە شەعر مەرەز بسازە بن پەرگ
بەڵکەم لە خۆشی ئەو کەوش بکا تەرک
(حەمە) حەیرانمەند تیرە و پەرگش بۆ
(سەفەر) بوینۆش کزەی جەرگش بۆ
(غولام) بوینۆش ببۆ سەرگەردان
(بەڕک) بوینۆش غەرق بۆ نە دەردان
ئەر ببۆ فەردا تا وە نیمەڕۆ
نەکەری کەلاش ئوستاد خۆش خۆ
شەرت (میرزا) بۆ پەرێ حیسابت
تا دوما هوینم نەنویسۆم کیتابت

(٧) بەیات: هۆزێکی عەرەبە، بەشێکیان لە سلێمان بەگ و کفری و خورماتوو نیشتەجێن و بەتورکمانیش ئاخافتن دەکەن.

(٨) ئوستاد یەک دەست: دەسنیشانە بۆ وەستایەکی تری کەلاشکەر کە شارەزا و دەس ڕەنگین بووە لە پیشەی چنینی کەلاشدا.

(٩) نیگەهبان: پاسەوان.



پیرە گەلەوان پەرێ قەلاشی
وە لای کاروانچی تووتن فەڕاشی
خەوزڕ (عەلی)یەن وە باشقەی باشی
بێخ بن دڕک پەیکوڵی تاشی
قوللابەی دڕک (تەپەی بینباشی)[10]
(قالە) زەلیل کەرد وەک کەلب ناشی
بەوێنەی تیفلێ بگێرۆ وڕک
عاجز بی لە دەست پەیکوڵ و دڕک
هەردۆ قەدەمش گرت وە هەواوە
مەواتت چە نام ئەسکڵ سوتاوە
ها واتم وە تۆ عەرز ئیستیدعام
ئەختیار بەتووەن (باقي والسلام)
من (میرزا خەلیل) شوعەرای زەمانم
دوعاگۆی ئوستاد (کفری) مەکانم

***

## تاکە شیعرێک

ئەوساکە بزان (خەلیل) نەهاتە
سووری بڕاوە لە ڕووی تەماتە(*)

***

(١٠) تەپەی بینباشی: گردێکە لە دەڤەری شارۆچکەی کفریدا، پەیکوڵ و دڕکی زۆرە.

(*) لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٣٠ خوالێخۆشبوو سمایل کۆخا سەلیم قۆچاغلی کە پیاوێکی ڕیش سپی و قسەزان بوو بۆی گێڕامەوە و وتی: ڕۆژێ لە ڕۆژان خەلیل منەووەر لەتەک ئاغە ڕۆستەمی کاکەییدا لە ئاوایی (عەرەبکۆیی)یەوە دەچنە سەر دالّیە (بێستان)، ئاغە بەبیستانەوانەکە دەڵێ: کوڕم هەندێ تەماتە بۆ مەلا خەلیل بچنە، ئەویش هەندێ بەناو بێستانەکەدا دەگەڕێ و بەدەست بەتاڵی دێتەوە و دەڵێ: قوربان بڕواتان هەبێ دانەیە تەماتەی سوورم بەرچاو نەکەوت... داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، جا خەلیل منەووەر دەستبەجێ ئەو تاکە شیعرە دەڵێ، ئاغە ڕۆستەم لە پاداشتی ئەو خشتە شیعرەدا عاباکەی سەر شانی خۆی دەکا بەخەڵات و پێشکەش بەمەلا خەلیلی دەکات.

# داشۆرین (هەجو)

## هەجوکردن

* شاعیرمان بەبێ سڵکردنەوە گەلێ شیعری لە بواری هەجودا داناوە و تیایاندا بەتوندوتیژی هێرشی کردۆتە سەر کاربەدەستان و ئاغا و دەرەبەگ و کوێخا دێکانی ئەو ڕۆژگارە، جا ئەگەر دۆست و ئاشنایی خۆیشی هەڵە و کاری نادروستی کردووبێ ئەم بەبێ سێ و دوو بەشیعر هێرشی کردۆتە سەرو داوای لێ کردووە لەو کردەوە خراپە دەست هەڵبگرێت، جا لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی ژیر و وریا و زانا بووە بۆیە جێی باوەڕ و متمانەی ناوداران و گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە بووە و زۆر جاریش لە هەندێ کێشە و بەرەیشدا راوێژیان پێ کردووە و ڕێزیان لێ گرتووە، هەروەها مۆڵەتی ئەوەشیان داوەتێ بەئارەزووی خۆی ڕەخنە بگرێ و هەجوی هەر کەسێک بکات ڕێی لێ نەگیرێ و کەسیش لێی زویر نەبێ، تەنانەت هەجوی کاکەییشی کردووە، مادامێ ئەوان بەدڵێکی فرەوانەوە ئەو هەجوەیان پێ خۆش بووە و قبووڵیان لێ کردووە، دەبێ ئێمەش پێی قایل بین و بە ئەمانەتەوە ئەو شیعرانە دەقاودەق وەکو خۆیان بڵاویان بکەینەوە، هەروەها دەبێ نەوەو خزم و کەسوکاری هەریەکێ لەوانەی هەجو کراون لێمان دڵگیر نەبن و پێیان ناخۆش نەبێ، چونکە ئەم جۆرە شیعرانە لە ڕووی وێژەیی و ڕۆشنبیری و مێژووەوە فرە سوودیان هەیە و هونەر و لێهاتوویی شاعیریشی تێدا دەردەکەوێ و ناوی ئەوانیش لە لاپەڕە بێ گەردەکانی مێژووی ناودارانی نەتەوەکەماندا تۆمار دەکرێت و بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.



### هەجوی دانیشتوانی دێی (عەرەبکۆیی)[1]

(عەرەبکۆیی) نام جاگەی سەرحەدەن
فەقەت پەی (خەلیل) قەبرو ئەلحەدەن
ئەهلش پەی فیتنە بییەن وە بولبول
ئالک نمەدان یەک شەو وە (دوڵدوڵ)
پەرێ کۆرنانی چە عالەم بەلی
داڵدە نمەدان وە (ئیمام عەلی)
گەر (ئیمام حوسێن) ئاوراش بۆ وە دەو
نمەدان پەنەش کوتێ نانی یەو
ئەحمەق ئەحمەقی ڕەزیل مەردو ژەن
وە (بنت الرسول) نمەدان یەک چەن
یەک قەمەری وە قەرز وەسیدق و ئیخلاس
نمەدان وە دەس (حضرة العباس)
زەهدی چە لاشان وێنەی نوور عەین
دانەیێ نمەدان وە ئیمام حوسەین
پەی یەک کاسە ئارد بەیان وەی مەکان
بێ قەدرو قیمەت مەحرووم مەمانان
مەکانێ وەی تەور ئەهلش وەکار بۆ
بەجاگەی غەزەب دوڵدوڵ سوار بۆ
دووچار بۆ وە قەهر پاتشای کەرمەدار
بخێزو نە جاش گۆل زرێبار

(١) لە ڕۆژی (١٦/٢/١٩٧٨)ی ز. ئەم پارچە شیعرەمان لە خوالێخۆشبوو خاڵە ڕەحیم مەنەی پینەدۆز بەدەستمان هێناوە. شاعیر ئەم شیعرەی لە داخ ئەوە هۆنیوەتەوە چونکە کەسێ لە دانیشتوانی ئاوایی (عەرەبکۆیی) ڕێزیان نەگرتووە و گوێ درێژێکیان پێ نەداوە تا بارە ئاشەکەی بۆ ئاش بەرێ کە لە ئاوایی (عەلیسەرا)دا بووە.

(سەیید) و (باوە) لێش بێ زەرەر بۆ
ماباقی نیگوون زێر و زەبەر بۆ
بەحس چە ئێدەن وە نەت بۆ عەیان
دە میللەت چەنەش گرتەنش مەکان
تیپێ (کەوەڵە) تیپێ قەوم (لەک)
تیپێ (تورکمان) یا (عەرەب) بەدرەگ
تیپێ (قەرەسەن)، تیپێ (چۆڵمەکی)
تیپێ (ساڵەیی)، تیپێ (خێڵەکی)
تیپێ (ئێرانی) وە ڕۆ دەربەدەر
تیپێ (کاولی) دۆم کەلاشکەر
ڕەسیدەی نامە وە تەعجیل و تاو
تەشریفت بشۆ تا وە ئاسیاو
ئەو بار طەحین باوەر وەی مەئوا
غەیرەت بگیرۆت پەی ڕۆژ دەعودا
شەش قزناخ حونطە پەرێ ئیرادە
حەق ئاشەوانم لە پێشین دادە
پارەم تەسلیم کەرد وە عەلەی خەمان[۲]
ئی جومعەی وەرین خۆش وەخت زەمان
(عەلی) ئەمرش کەرد دوو ڕۆ بۆ مۆڵەت
مەهاڕیش پەرێت یەک شەو وە هەڵمەت
من تۆم چە قەومان وەعێلان زانا
فەریاد و هانام وەلای تۆ کیانا
گشتتش مەشانی وە چنگ سەپان
ببان وە فیدای محەممەد چۆبان[۳]

(۲) عەلی خەمان: عەلی کوڕی خەمە کوڕی غەیبوڵڵای قەرەسەنییە (۱۸٤٥ - ۱۹۱٦ی ز.).
(۳) محەمەد چۆبان: محەمەد کوڕی چۆبان کوڕی مەحموودە (۱۸۹۰ - ۱۹۳٥ی ز.) دەستی شیعر نووسینی هەبووە، دژ بەڕژێمی پاشایەتی بووە، دەزگایەکی ئاسیاوی لە گوندی (عەلیسەرای) =



من (میرزا خەلیل) شاعیری زەمانم
ڕەحمەت خوان ڕۆح ئوستا (چۆبان)م
***

= دروست کردووە و خۆیشی بووەتە ئاشەوانی، لە شیعرێکدا ستایشی ئاسیاوەکەی دەکا و داوایش لە خەڵکی دەکا تا بارە ئاشەکانیان بەرنە ئاسیاوەکەی .

ئاسیاوی ئاردم بێ عەیبەن پاکتاو
حازرەن دۆستان پەرێ بارەسیاو
مەتڵەبم ئێدەن چە ئاشناو یاران
بارەسیاو وێشان وەلامان باران

ئەم زاتە دۆستی گیانی بەگیانی میرزا خەلیل بووە.

## هەجوی شەحنە و نۆکەرانی ئاغا[1]

وەبێ نان و ئاب... وەبێ نان و ئاب
رەنج دوازدە ماه وە بێ نان و ئاب
پاک درەو کەردم چە تەمووز و ئاب
چە تاو گەرما سوچیام وەک کەباب
قرچەم کۆمەڵ کەرد وەسەد ئاخ و داخ
بەردم وە خەرمان وە شەغرە و ولاخ
قرچەم گێرە کەرد وە پاگێرە و[2] چان[3]
شەن کەردم پاخوا بێ سەبرو وچان
کاتێکم زانا ئامایە چەند کەس
شەحنەی خۆپەسەن، فەڕاش چەک وە دەس
چەند خادم زک شۆڕ چەندێ مل قەوی
هەرکەس وە قوربان ئاغای وێش مەوی
دەور گەندم داشان وێنەی قەلەرەش
(خولە) و (حوسەکۆر)، چەنی (وەلە ڕەش)
چارتەی سەغیرم کەردشان بەش بەش
پەی وێشان بەردن مەردان پڕ غەش

---

(١) لە ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٣ ی ز. لە حاجی مەجید ڕەمەزان یادگار وەرگیراوە، شاعیر لە شیعرەکەیدا بەسەختی هێرش دەکاتە سەر شەحنە و پیاو و نۆکەرەکانی ئاغای ئاوایی وەکو: (خولە و حوسە و وەلە) کە شکارتەکەیان دابەش کردووە و زیاتر لە نیوەیان بۆ ئاغا بردووە.

(٢) (٣) پاگێرەوچان: زووتر جووتیارەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەسنەڕۆ بوون و نەیاندەتوانی ئامرازی جەنجەڕ بکڕن و خەرمانی پێگێرە بکەن، ناچار بەپاگێرە، یان: چان قرشەکەیان دەکوتا.

* پاگێرە – برێ ولاخیان ڕس دەکردو بەسەر قرشەکەدا دەیان سووڕاندن تا بەهۆی سمەکانیانەوە قرشەکە دەکوتراو دەبووە پاخوا، ئەمە ماوەیەکی زۆری دەوێ تا بکوترێ.

* چان: چەند باوەشێ گیای (مارگیر)یان (کونار)یان دەهێناو بەچاکی دەیانپەستەکاند بەسەریەکاو بەگوریس مەحکەم دەیانبەست ئینجا بەهۆی دوو ولاخەوە لە شێوەی جەنجەڕ بەسەر قرشەی خەرمانەکەدا دەیانسووڕاند تا قرشەکە بەجوانی دەکوتراو دەبووە پاخوا.



دیتر چۆن نەبۆم بەکۆچەر شاران
چۆن نەبۆم هەژار بەدەس بەدکاران؟
چۆن نەبۆم تووڕە چە گرۆی بەدان
چۆن نەکۆم دەعوا ئارۆ نە مەیدان؟
مەواچان (میرزا) بێ ماڵەن هەژار
ئانە هەژارەن نەزان و بەدکار
فرزەند (منەوەر) نی عان و دەوران
نمەبۆ ملکەچ گرۆی زۆرداران
(خەلیل) نی مەنزڵ ئانە کۆچش کەرد
پەی (تۆپز – ئاوا) بوخچە و پێخەف بەرد

***

## هەجوی خاڵۆ مستەفای نەوتچی(*)

نامەی نا ڕەواج پڕ جەور و جەفا
وە نەزد نەفتچی خاڵۆ مستەفا
ئەرێ هەی ئەختیار شەرت و قەسەم چەفت
بەد زات و بەد تەور بەد عەقڵ و بەد ڕەفت
خاڵۆ ئیقباڵت چە تۆی قوڕاو کەفت
یاخود فریشتەت چە خومخانە خەفت
وە قووەی قەستەم موشتەریت کەرد زەفت
چون جاجک فرۆش وەهای نەفت های نەفت
خاڵۆ تۆ ئەختیار بڕیان گ ڕیشت
فەرج خەرە ڕەش جلد قامیشت
تۆ کە ئەختیار دەور زەمانی
دەستبڕ دەور پیرەژنانی
یاخوا چە دۆمێ کەمتر بۆ پایەت
سەگان پەی سەیران بەیان وە سایەت
وەی نەفتە چەور کەر زەکەرو خایەت
یاخود بڕێژنەش وە قەور دایەت
هەرچەندێ کەردم نەفتت نە سوزیا
وە ئاور لە مپا دوو پەنجەم چزیا
چقڵە ڕیش چرکن ڕیش بەڵم چەڵتووک
مەیمونچی (مووسل) حەلواچی (کەرکووک)
سازندەی سالان موغز سوقان پووک
هەنی مەورەشە تۆ نەفت چرووک
حەرام بەوێنەی نان و حەلوا وەر
حازر بەر پەرێ (خەلیل منەووەر)

(*) لە ١٩٧٨/٢/١٦ی ز. لە خاڵۆ ڕەحیم مەنەی پینەدۆزمان وەرگرت لە دێی (عەرەبکۆیی). لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٧ی ز. بۆ چەند دیدە ساڵێکی تر لە هەمان دێدا خوێندمانەوە و سوودمان لێیان بینی.



## دەمەتەقێی نێوان چایی و قاوە(١)

یاران چاییەن ... یاران چاییەن
سەیر گفتوگۆی قاوە و چاییەن
بەزم مەقدەمەی کۆی گومڕاییەن
مەعرەکەی مەساف بەد هەواییەن
ئیبتدا قاوەی سیای پڕ ناموس
واتش: مەرحەبا ئەی چایی عەرووس
(دائم الاوقات) شەوان تا وەڕۆ
جەرگم مەسزۆ من پەی حاڵی تۆ
بێ قەدر و قیمەت مزەی مەستەنی
نەفرین زبان خاس و گەستەنی
زندەگی (باطل) بێهوودە و یاری
نەفرین زبان گشت هەرزەکاری
خەرقەی سەد نەوعە دای وەشان خەڵک
هیچ خێرت نییەن وێنەی دار پەڵک
پارچەیی پیاڵەت لە تۆی زەمبیلە
ژەنان بەئاوت مەکەران مەلە
قۆری و پیاڵەکەت ئەوەن وە باخان
زەبوونن نە دەست کۆنە قەڵتاخان
ئەر ڕۆژێ دووجار چایی نەکەن نۆش
بێ زبان مەبان بێ دەنگ و بێ هۆش
نەزڵەی هەفت ساڵەش مەیۆ نە خرۆش
کێ ئیجادش کەرد لەعنەت وە بابۆش

(١) لە ڕۆژی ١٩٧٨/٢/١٦ی ز.دا لە خوالێخۆشبوو خاڵە ڕەحیم مەنەی پینەدۆزمان وەرگرت.

گەلا چایی ڕوبعش هەڤدە قرووش بۆ
یاخودا خۆراکش وە مەرگە مووش بۆ
خەشم خەلیفەی ئاخر زەمانە
یەک هۆقە شەکر وەهەفت قرانە
ها واتم وە تۆ ئەحوالان تەمام
جوابم بدەر (باقي والسلام)

**وەڵامدانەوەی چایی بۆ قاوە:**

چایی چۆن ژنەفت وەجەخت و وە جۆش
چون خەر (خالس) ئاما وە خرۆش
واتش، گوڵخونچەی نام باخان منم
خاپووری خەرمان ئاڵتونان منم
(مشروب العافي) سوب ئێوار منم
قاوەی قەلب قیر دەستت وە گونم
چەند سەد کەللەقەند ئاوێزان دارۆم
هەزاران وەک تۆ غولامان دارۆم
قەترەیە زەهر ئەبەخشی وە خەڵک
ئەوەندە تاڵە یاغی دار پەڵک
تف لەسەر دەللەی سەر باینجانت
میزم کەرد وەنام هەر چوار فنجانت
حوب کۆمەن گشت دانەی قاوەت
پۆخم کەرد وەنام هەم مەستە و تاوەت
ئاتەشت سەهان سەر ئاتەش پووشەن
هەر چوار فنجانت وە دوو قرووشەن
ئەوەند واردەنت شەللاق زەووار
ئەندامت بییەن وەتەختە دەوار



من هام چە تەریق زات (قادری[٢])
یادگاری پیر (شێخ شادری[٣])
عارەبان بەڕ پەرێت مەراقەن
ڕۆژێ نەنۆشۆت (يَوْمَ الفِراقَن)
(نۆب نۆب یگول یا ئەبو زەهوە[٤]
عافیە عەلەیک ئشرب گەهوە)[٥]
دوو کۆم مەکەفان وەک کەلب گەماڵ
ئینتزار مەوان پەرێ قاوەی تاڵ
چە تۆز تۆفان بۆی تس عەرەب
نەمەن چەلاشان ئاساری ئەدەب
ها واتم پەرێت ئەحوالان تەمام
ئەختیار وە تووەن (باقي والسلام)

***

(٢) قادری: دەسنیشانە بۆ حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧ - ١١٦٥ ی ز.) ئارامگاکەی لە شاری بەغدایە، زاتێکی سۆفی بووە و دانەرو پیری ڕێبازی قادرییە، ڕێبازەکەی لە ناو کوردەواری خۆماندا بڵاوە.

(٣) شادری: (شێخ الشاذلی أبو الحسن) کوڕی عەلی کوڕی محەمەدە، لە ساڵی (١٢٥٨ی ز) مردووە، سۆفییەکی مەغربییە، خاوەنی ڕێبازی (الشاذلیە)یە، لە ئاخروئۆخری تەمەنیدا چەوساندوویانەتەوە و چووەتە وڵاتی (میسر) و هەر لەوێیش مردووە.

(٤) زەهوە = (زەهو)، بەیەکێکی فیشاڵکەری خۆ پەسەن دەوترێ.

(٥) ئەم خشتە بەعەرەبی داڕێژراوە، ئەمەش واتاکەیەتی:(جار بەجارێ ئەو فیشاڵبازە دەڵێ ئافەرین بۆ تۆ قاوەکەت نۆشکە).

## شاعیر هەجوی ئینگلیز و بەرگری لە هەژارەکان دەکات[1]

ئارۆ زەمـــــانەی دەور ئـینـگـلـیــــــزەن
نێـکـان وە بێــــزەن نانێـک عـــــەزیزەن
ئەعزای[2] مەجلسمان گشت پشقل فرۆش
هیـچ نمەزانـان مـــــەخـــــوڕان بەجــــۆش
مـە خـوڕان بەجـۆش پەی قـەتل فـەقـیـر
ســەداشـــان ســەڕان بەوێنەی حــەمــیـر
خـــوایە هەتا کـــەی مـــەویم هەراســـان
دەربەدەر شــــاران وە دەس ناکـــەســــان؟
یارەب هەتاکـــەی دەروونمان خـــوون بـۆ
گـــرۆی خـــاســــانت دیـل و زەبوون بـۆ؟
(خەلیل) سەرمایەش شیعرەن یان دەفتەر[3]
بۆیە زەبوونەن ڕۆ چە ڕۆ فـــیـــشــــتــــەر

***

(١) شاعیر لەم شیعرەدا هێرش دەکاتە سەر ڕژێمی پاشایەتی و ئینگلیزی داگیرکەر.
(٢) ئەعزا: کۆی (عضو)ە، ئەندام.
(٣) دەفتەر: مەبەستی شاعیر لە کەشکۆڵ و کتێبی دەسنووسە، واتە (بەیاز) کە لە مانە زیاتر لە ماڵی دنیا هیچی تری شک نەبردووە.



## هەجوی خانووەکەی لە دێی عەرەبکۆیی[1]

پەی بەخت نەگــبــەت پەی ڕەنجـــەڕۆیی
ئەمن بارم کــــەرد وە (عـــــەرەبکۆیی[2])
وە گفت (عەلی ئاغا) و[3] (کۆخا ڕەمەزان)[4]
وە نەم دان کـــەیل قـــوول بێ چون قـــازان
کــەیل چ کــەیل پیـــســـەن هەم (قـــۆتر)!
ئیـــــــرادەم تاڵ کـــــەرد فـــــرێ چە زۆتر
مەر (ئاغا ڕۆستەم)[5] بەیۆ چە (کەرکووک)
ڕزگـــارم کـــەرۆ نی حـــەوشـــەی چرووک

(١) ئەم شیعرەی لە ساڵی (١٩١٤ ی ز.) دا داڕێژاوە، کاتێک شاعیر بەکۆس کەوتوویی و زەبوونی لە شاری (کفری)یەوە دەگەڕێتەوە ناو هۆز و خزم و کەسوکاری خۆی، ئەو ڕۆژە ئاغە (سەید ڕۆستەم) لە ماڵ نابێت (عەلی) ئاغای کوڕی بە(کوێخا ڕەمەزان) دەسپێرێ خانوویەکی بدەنێ، ئەمیش کە دەڕواتە ناوی زۆر ناڕەحەت دەبێ و ئەم پارچە شیعرەی لەسەر دەنووسێت.
(٢) دێی عەرەبکۆیی دەکەوێتە خوارووی داقووقەوە بە(١٥) کیلۆمەترێک، دانیشتوانی کاکەیین.
(٣) عەلی ئاغا کوڕی سەید ڕۆستەم ئاغایە (١٨٨٩ - ١٩٥٩ی ز.) یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی کاکەیی، پیاوێکی سەر ڕاست و لەسەرخۆ و هێمن و بێوەی بووە. حەزی لە ئاژاوە و ناکۆکی و خراپە نەکردووە، لە پاش خۆی حەسامەدین ئاغای کوڕی شوێنی گرتەوە، ئەم زاتە لە ساڵی (١٩٣٤ی ز.) لە دێی عەرەبکۆیی لەدایک بووە، پیاوێکی سەر ڕاست و ڕوو خۆش و بەوەفا و قسەزان و کورد پەروەر، بەیەکێ لە سەرەک هۆزەکانی ئەمڕۆی کاکەیی دەژمێردرێت.
(٤) کۆخا ڕەمەزان (١٨٦٨ - ١٩٢٨ی ز.) کوڕی یادگار کوڕی مستەفایە بەتیرە (قەرەسەنی)یە، لە سەردەمی ڕۆستەم ئاغادا کۆخای دێی عەربکۆی بووە، لە شۆڕشی بیستدا بەشداری کردووە کە لە (١٩٢٠/٦/٣٠ی ز.) ڕووی داوە، پیاوێکی چاوتێر و سەخی تەبیعەت، وریا و زانابووە، زۆر بەئارام و دڵ گەورە بووە، حەزی لە پیاوەتی و چاکە کردن کردووە.
(٥) ئاغا ڕۆستەم (١٨٥٧ - ١٩١٩ی ز.) کوڕی سەید محەمەد کوڕی سەید ئیبراهیمە، بەیەکێ لە سەرەک هۆزە ناودارەکانی کاکەیی حسێب دەکرێت، لە ئاوایی (عەرەبکۆیی) دادەنیشت، هەر خۆیشی لە ساڵی ١٨٨٥ی ز. بناغەی ئەم ئاواییەی بە ناوی (ڕۆستەم ئاوا)وە دامەزراندوە، لە پاشاندا عوسمانییەکان ئەو ناوەیان بۆ هەڵبژارد چونکە گوندێکی (٣ -٤) خێزانی لە پێش ئەمدا بەناوی (عەرەبکۆیی)ییەوە هەبوو بە(٥٠٠) مەترێک لە خوارووی ڕۆستەم ئاواوە بووە، لە پاش چەند ساڵێک ئەوانیش گوێزایانەوە بۆ (ڕۆستەم ئاوا) بەڵام ناوی (عەرەبکۆیی) وەکو قیروزفت لکا پێوە و ئیتر لێی نەبووەوە.

خانی پڕ مارو عەقرەب و مووشەن
شەوان تا سەبا گشت نە خرووشەن
میاو میاو پشیل حەپ حەپ سەگان
پاسەوانەنان وە درازی شەوان
حەوشە کەلاوەن فرێ قەدیمەن
ئەنجام کەیل فرێ وەخیمەن
من (مەلاخەلیل) مەلا بەزێنم
بزانن منیش جووە سوێنم[٦]

***

(٦) جووە سوێن: کابرایەکی جوو بووە لە دێی ناوبراو دادەنیشت، چونکە لەو ڕۆژگارە گەلێ جوو هەبوون لە عێراقدا لە پاشاندا گوێزرانەوە بۆ وڵاتی ئیسرائیل.



## هەجوی حەمە گاوان[١]

دەک (حەمە گاوان) تەن لوخت عوریان بای
پەی لوقمەیێ نان گەدای شاران بای
تینگ تامەزرۆ ڕیسوای جیهان بای
گیرۆدەی دۆرەخ نوقم نیران بای
وە ئانقەست شکنای دەست مانگاو باز
دەک دەس بڕیا بای وەکاردو میقراز
ماڵ ئاوایی تۆ سەر چە وێرەگا
وێنەی بەیانقوش کۆنە هەوارگا
دەنگ نا سازت یانەم وێران کەرد
ئایلم بێ شفت وەبێ عەیران کەرد
گومبەر چە لام بێ هۆش سەر ڕەق
نامەرد لووتی هەتیمچە ئەحمەق
مەلعوون مەردوود حیلەباز زەغەڵ
لوورە لوور چێشتەن بەوێنەی چەقەڵ؟
گۆشت مانگاوم هەی یانە خەراو
ئانە بێ بەش بەش وە دەست (زۆراو)[٢]
هەنی گاوانی وەی تەور نەکەری
یەکێ تر وێنەم پڕ جەور نەکەری
من پەرێ تۆمەن نەک ببای زەبوون
وەک گیای پوژمەردە وە دەم بای سەبوون

(١) میرزا خەلیل ئەم شیعرەی دژ بەحەمە گاوان وتووە لە دێی عەرەبکۆییدا، چونکە کاکی گاوان دەستێ مانگا بازی میرزایی شکاندووە و بووەتە هۆی سەربڕینی و دابەشکردنی گۆشتەکەی بەسەر دانیشتوانی گوندەکەدا.

(٢) زۆراو (زۆراب): بەرەگەز سەید بووە، یەکێکە لە دانیشتوانی گوندی ناوبراو، لە قەسابییدا شارەزایی هەبووە و مانگا قاچ شکاوەکەی بۆ میرزا خەلیل سەر بڕیوە.

نەک خەڵک ئاوایی چەنەت بان بێزار
وەشی و قەهقەهەت بگێڵۆ وە زار
یە (میرزا)واتەن پەی (حەمەگاوان)
تا وێش دوور گێرۆ چە ڕای خەراوان

***



## هەجوی سەید ئەحمەد[1]

هاوارەن چە دەس (ئەحمە)ی بێ ئاین
دوو سپەش هەنەن بەوێنەی ماین
مەڵومۆی سوقان مەکەن بەهانە
یانەی من بییەن وە قەساوخانە[2]
گرتەنم وە دەس یەک قامیش دراز
وە هەی چخ هەی چخ وە چەپ و وەڕاس
هەی داد هەی بێداد نییەنش چارا
مەردە وە دگان چە قەور برمارا

***

(١) سەید ئەحمەد کوڕی سەید عەزیز مەلەوانە، جوتیارێک بووە لە دانیشتوانی ئاوایی عەرەبکۆیی. لە ڕۆژی ١٩٧٥/١/١ی ز. لە حاجی مەجید ڕەمەزان یادگارمان وەرگرت.
(٢) ئەم خشتە شیعرە لە دامێنی ئەو شیعرەدا هەیە کە لەلای ئاغا ڕۆستەم گلەیی و هاوار لە دەست خانووەکەی دەکات.

## هەجوی تفەنگەکەی شاواز[1]

سەیید سەروەر... سەیید سەروەر
سیلسیلەی سادات ڕەسوول سەروەر
نەتیجەی نەسەب (حوسەین حەیدەر)
(کەیکاوس کەی)شاه (ئەسکەندەر)
(جەمشید جەم جام، فەرەیدوون فەڕ)
ساحێب گورز و (ڕەخش) نەوەی (زاڵ زەڕ)
دایاخ داد پرس ئی بەندەی ئەسغەر
جای مەلجاو پەنای مسکین و ئەفقەر
چەنی چوار نەفەر تەمام بیم ڕەفیق
لوام وە دوکان (چەخماخچی تەوفیق)[2]
ئافەرین وە تۆ ئاغای سەرفراز
ئیحسان کەردی پێم تفەنگ (شاواز)[3]
قیمەت تفەنگ یارم (تومەن) بی
ئاڵات نامش یەک ڕوبەن بی

(١) لە ڕۆژی (١٩٧٨/٢/١٦ ی ز.)دا ئەم شیعرەمان لە خوالێخۆشبوو خاڵە ڕەحیم مەنەی پینەدۆز بەدەست هێنا کە دانیشتووی ئاوایی (عەرەبکۆیی) بوو، خاڵە ڕەحیم دەیوت ئەم شیعرەی بۆ سەید مستەفای سەید خەلیل ئاغا (١٩٠٠ -١٩٣٧ی ز.) نووسیوە، گوایە ئەم زاتە تفەنگەکەی خاڵە شاوازی کڕیوە و بەدیاری پێشکەش بە میرزا خەلیلی کردووە، هەروەها خاڵە ڕەحیم فەرمووی دەسنووسێکی شاعیرم لە لابوو ئەم شیعرە و بەدەیان چامە شیعری تریشی تێدا بوو بەداخەوە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەر فەوتان کەوت.

(٢) تەوفیق چەخماخچی: سنعەتکارێکی دەستڕەنگینی کوردی کەرکووکی بووە، بەپیشەی چەخماخچێتییەوە خەریک بووە، چەکی چاک کردۆتەوە و فیشەکیشی هەڵواسیوە.

(٣) شاواز (١٨٩١ - ١٩٥١ی ز.) کوڕی ئەحمەد کوڕی محەمەد کاکەییە، بەتیرە (جەنگی بەگی)یە، ئەم جەنگی بەگە برایەکی هەبووە بەناوی (مزەفەر بەگ) لە کاتی خۆیدا لە دێی (شەمامک)ی هەولێرەوە کەوتوونەتە ناو هۆزی کاکەیی و لە دەڤەری گەرمیانی کەرکوکدا ئیتر ماونەتەوە، ئێستا نەوەیان لە دێی (تۆپزاوە)ی سەر بە(داقووق) نیشتەجێن، لەم بنەماڵەیە (لیوا جوامێر عەتیە شاواز) ناسراوە و ڕۆڵەیەکی کوردپەروەرە.



بێ شیش و قایش لوولەش بڕیا بی
قۆناخش وە زەرب سیرم پێچیا بی
ئی تفەنگ (شاواز) چەن وە دەماخەن
چوار یەکش گوللەن باقی قەباخەن
قیمەت هێستر باڵابانی بی
مەحکەم پەرێ شەڕ (تاڵەبانی) بی
یە (خەلیل) واتەن وە سەد دەرد و داخ
چە دەس ئی تفەنگ هەر مەکێشو ئاخ.

***

## دەمەتەقێی نێوان میرزا خەلیل و پارە

لەپێشا میرزا ڕووی دەمی دەکاتە پارە و دەڵێ:

پارەی پەتیارە.. پارەی پەتیارە
باعیس هەر تووەنی پارەی پەتیارە
شووم شەڕانگیز شادی بێکارە
غەدار غەزەب غەزای هەزارە
ئیتبارت نەکرد لە دنیا وە کەس
وەک[1] مار ئاوی ئەسوورێی لە دەس
مەرد وە نامەرد کەر نامەردان وە مەرد
خەبیس خەر تەبع سککەت بۆ وە بەرد[2]
نوقرەت وە حەدید یا وە ڕەساس بۆ
سککەت پەی کوورەی حەددان خاس بۆ
یاشا نا ڕەواج نام شاران بای
چون حەجەر کەفتەی سەر دییاران بای
کارخانەی قەهھار قەهر (جەیحوون) بۆ
قاڵبت نیگوون گەنج (قاروون) بۆ
کۆر بۆ دوو دیدەی کۆنە ئوستادت
چونکە وەی تەورە نیان بنیادت
ڕەزیل و ڕیسوای ڕوسیای جیهانی
تابع وە بەخیل ناکەس زەمانی
عەدوی جوانمەرد ناسزای بێڕام
تفو لە چارەت هەر سوبح و هەر شام[3]

(١) وەک: لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (چون).
(٢) بەرد: لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نوسراوە (گەرد).
(٣) ئەم نیوە خشتە لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا وا تۆمار کراوە، (تف لە چارەت بۆ هەر سوب تا وەشام)، ئێمە ئەوەی دەسنووسەکەی شاعیرمان وەرگرتووە.



تفو وە چارەی ئیجاد کەرت بۆ
کیمیا زەن دایم ڕەنج بێوەرت بۆ
ئوستادت ڕەزیل سەگ پەدەر بییەن
گەواد دەوران خیز مادەر بییەن
قەباحەت چە قەبل قەدیم ئوستادەن
پەوکە جەنابت وەی تەور قەوادەن
هەر دەم چەکیسەی یەکێ قەراری
هەردەمێ لە دەست یەکێ فیراری
بەخیلان مەغروور چەبێ شوماریت
سەخیان مەقهوور چە بێ قەراریت
سازندەی سەگسار سفڵەی بێ وەفا
شەرت بۆ من پەی تۆ نەدەرۆم جەفا
تا وە ئەمر حەق ( یقسم الأرزاق)
چون مورغ موفلیس نەکەفی وەفاق
بێ مزدە و مننەت نەکەفی وە دام
شەرت بۆ چە تۆ بوڕۆم سەلام

وەڵامدانەوەی پارە بۆ میرزا خەلیل:

پارە ئێد شنەفت ئاما وە کەلام
وات میرزا خەلیل (علیك السلام)
گوفتارت قبووڵ مەسمووع هۆشەن
چون گۆشەوارە ئاوێزەی گۆشەن
بەڵێ عەفوت کەرد بواچۆم سەبەب[4]
گۆشدەر وە گوفتار پارەی بێ ئەدەب[5]

(٤) سەبەب: لای سەید وەهاب نووسراوە (سەدا).
(٥) ئەدەب: لای سەید وەهاب نووووسراوە (نەوا).

بوا چۆن پەرێت[٦] چە پا تا وەسەر
پێم نەدەی سەلام مەکێشی زەرەر
هەرکەس بێ قەدر وانۆم لە جیهان[٧]
ئاخر سەرەنجام مەبۆ پەشیمان
دایما موحتاج مەرد مەدیوونەن
ئەنگوشت نیهادەی[٨] ژێر سەر ستوونەن
خسوس کە ئێستە[٩] دەوران پارەن
بێ پارە شێر بۆ دایم بێکارەن
دەور[١٠] عوسمانلی (ئوچیوز ئۆن ئوچەن)[١١]
بێ پارە موفلیس هەم[١٢] مایە پووچەن
پارە ڕەوشەنی چەشم عالەمەن
بێ پارە بێ قورب[١٣] سەدکە (حاتەمەن)
پارە شەهنشای ڕووی سەر زەمینەن
باعیس قووەی ئیمان و دینەن
نەجای (ئەخ) و (ئوخت)[١٤] فرزەندەن پارە
پەدەرو مادەر دڵبەندەن پارە

(٦) بواچۆن پەرێت: لە دەسخەتەکەی سەید وەهابدا نووسراوە: (پەرێت بواچۆن)
(٧) ئەم نیو باڵە لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا وا تۆمار کراوە: (هەرکەس بێ قەدر من وانۆ نە جیهان)، بەم جۆرە شیعرەکە لەنگ دەبێ.
(٨) نیهادە: دانان، مەبەست لە شیعرەکە ئەوەیە کە یەکێ قەرزار و نەدارا بێ وەکو ئەوەیە هەمیشە دەستی لە ژێر بەردا بێ و هیچی پێ نەکرێ.
(٩) خسوس کە ئێستە: لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە،(ئی دەوران تەمام).
(١٠) دەور: لای سەید وەهاب نووسراوە: (دەوڵەت).
(١١) ئوچیویز ئۆن ئوچەن: واتە: (٣١٣ی ک.) = (١٣١٣ی ک.)
(١٢) هەم: لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (بێ).
(١٣) قورب: نزیک، خزمی نزیک، لای سەید وەهاب نووسراوە (قەدر).
(١٤) ئەخ و ئوخت: لای سەید وەهاب نووسراوە (ئیخوانت).



سوخەن ڕەواجی وەحوکم پارە
با جگیر باجی وە حوکم پارە
نا ئەهلان ئەهلن وە حوکم پارە
موشکیلات سەهلەن وە حوکم پارە
دینار دین بەردەن ئەغوای هەزارە
(ڕۆستەم) وە بێ پوول مەبۆ بێکارە
(لوقمان) بێ فلووس عەقلش مەبۆ کەم
بێ قورب و قەدرەن بێ پارە ئادەم
قازی بێ پارە شەرع نمەکەرۆ
مەلا بێ پارە ئاذان نمەدۆ
سەیید سەر سەوز موشتاق پارەن
عولەمای پڕ عیلم ئیحراق پارەن
هەفت دەوڵەت موحتاج دیدار پارەن
سۆفی بێ پارە نە ئیستخوارەن
حاجی بێ فلووس نمەشۆ وەحەج
بێ پارە پەرێت[١٥] موشکلەن فەرەج
پارە موشکیلان پێش مەبۆ ئاسان
پارە ماوەرۆ تیپ خاڵ خاسان
پارە زیکرو فیکر عەوام و ناسەن
موشتەری بێ باک بایع کەساسەن
پارە قیبلەگای گشت ئەمیرانەن
باعیسی فیتنەی (ڕۆم) و (ئێرانەن)
زەمانەی زەندیق دەور ئینگلیزەن
پارە لە پدەر یەکجار عەزیزەن[١٦]

(١٥) پەرێت: لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (بێ پوول).
(١٦) شاعیر مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بووە بۆیە دژ بەئینگلیزی داگیرکەر بووە.

پاره له فەرزەند شیرینتر بیەن
بێ دینان وە پوول بێ دینتر بیەن
پاره ئیسلامش کەردەن تەمعکار
وە پاره چەند کەس بیەن گرفتار
پاره هەفت تەبەق ئاو مارۆ وەبەر
جودا مەکەرۆ فرزەند چە پدەر
پاره چەند کەسان کەردەن سەرنیگوون
پاره چەند کەسان[17] کەردەن وە مەلعوون
پاره چەند کەسان چە دین کەرد بێوەر
پاره هەزاران کەردەن موسەخەر
پاره هەفت دەوڵەت مەدەرۆ وە شەڕ[18]
پاره ماوەرۆ وە ئیمان زەرەر
پاره ناکەسان مەکەرۆ وە کەس
پاره نازداران ماوەرۆ وە دەس
پاره هەزاران کەرد هەناسە سەرد
مەردان کەرد وە ژەن ژەنان کەرد وە مەرد
پاره چەند کەسان بەری کەرد چە دین
پاره زەهر تاڵ مەکەرۆ شیرین
هەر پاره مەبۆ مراد حاسڵ کەر
تاڵب و مەتڵووب وە یەک واسڵکەر
هەر پاره لەنگەر دین شەیتانەن
باعیس پارەن ناکەس توغیانەن
زەمانەیە مەیۆ بکەن شوماره
عالەم سوێن بخوا وە دیدەی[19] پاره

(١٧) چەند کەسان: له دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە: (هەزاران).
(١٨) ئەم خشتەیە له دەسنووسەکەی سەید وەهابدا تۆمار نەکراوە.
(١٩) دیدەی: لەدەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (سەر).



قەسەم وە جوقەی جەنابی (لێره)
بەو زات قرمز بەو بێ نەزیره
قەسەم بۆ وە مەرگ (مەجیدی) سفید
وە سەر سەردار (تەهرانی) ڕەشید
وە ڕوح ڕوپیە و قەمەری قەسەم
هەنی کافیەن سوێن زیاد و کەم
میللەت ئیسلام کەرد وە نەساره[20]
چون یەک تاڵبەن وە ئاقچە و پاره
چونکە نیشانەی ئاخر زەمانەن
پاره زیکرو فیکر گشت موسڵمانەن
تورک پێشینان واتەنش یەقین
مەندەن یادگار نە ڕووی سەرزەمین
(ئۆڵمەسە قۆیننده پاره ئەی بابا
کەندی ئۆغلن سەنە وێرمەز مەرحەبا)[21]
(یەعنی بۆش تۆربەئیله دوتڵمەز ئات
ئیستەرئیسەن کەندی یوز یەردەن ئات)[22]
ئیستە زەمانەی دەور فلووسەن
چ وەخت غیرەت حەیاو نامووسەن
دەوڵەتیش وە دەست حەیی داوەرەن
وە کەسێش مەدۆ بەختش یاوەرەن
گا وە ناکەسان مەدۆ ماڵ و گەنج
وەخانەدانان مەدۆ دەردو ڕەنج

(٢٠) نەسساره (نەصارا): ئەوەی لەسەر بیروبارەڕی ئاینی مەسیحییە.
(٢١،٢٢) ئەم دوو خشتە بەتورکی وتراوە، واتە: (ئەوەی پاره و سەروەتی نەبێ کوڕی خۆی سڵاوی لێ ناکاو لێی ناپرسێت، ئەسپ بەتوورەکەی بەتاڵ ناگیرێ، حەز دەکەی برۆ خۆت لەسەد شوێنەوە فڕێدە خوارەوە!

قەدیم خانەدان خاتر غەمینەن
زومرەی ئەحمەقان سەدر نشینەن
(ئەبو فیس قرمز) ئەوەڵ بەقاڵ بین
وە سایەی پارە (مودیر مال) بین
لایق وە سەر تەخت زەڕین شاهی
تەمام بین لە عام سوخەن ڕەواهی
سەییدی وە (جید)[23] بوزورگی وە ماڵ
خیزی و ڕویتی[24] وە بەخت و ئیقبال
بییەن وە (لوقمان) تیپ نەفامان
گشت وە زەرب پوول خوێڕی و لەگامان
ڕەزیل و ڕیسوا (ئەبو مەجیدی)
میوان قاو ئەدەن پەی ڕوو سفیدی
گەدا طەرد مەکەن وە نا ئومیدی
بێ نام و نامووس زومرەی حەدیدی
سەگ کۆر مەحرووم چە نان حەرەم
(قاروون) سیفەتان بێ دەست و کەرەم
بێ عەدل و عادل یەکسەر مونافیق
سەرداران بەخیل سەر جەردەی سابیق
مەلا مەچەک بڕ دەروێش تەماعکار
رەئیس موددەعی زاڵمەن غەددار
یەکسەر وە فەلەک مەواچان وەلەک
وە ڕووی لە تیفە عەرز مەکەن وە یەک

(٢٣) جید، کۆشش، ڕاستی و دروستی.

(٢٤) ڕویت (رووت): ڕووت و قووت، ئەمەش واتای نیو خشتەکەیە: حیزی و ڕووت و قووتیش وە بەختە، ئەم پەندە خوالێخۆشبوو محەمەدی خاڵ بەم جۆرە بڵاوی کردۆتەوە: (حیزی وە بەختە)، بڕوانە ل/١٨٤ پەندی پێشینان - محەمەدی خاڵ - چاپی دووەم چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی/ ١٩٧١ی ز



(ئەفەندم ئەگەر بنیادم یۆقدر
عەزیزم ئەگەر غیرەتم یۆقدر)[25]
(گوێزم وە لەوکن گوێتم شلۆقدر
بەس دەگیل قوربان قروشم چۆقدر)[26]
(تەحصیل ئموور بۆیلە یا پەرەم
دەعوا بیتورمەم پارە ئیستەرەم)[27]
پارە وێرانلەر جوملە عاف ئۆلسون
(پارە وێرمیان قورعە قاف ئۆڵسون)[28]
ئەهل عەشایر ساحێب شمشێرەن
ڕۆمی ڕوبا ڕەنگ وە فەقیر فێرەن
دە[29] جار داد چە دەس تایفەی شەریر
زوڵم و تەعەددا ئەکەن وە فەقیر
تایفەی توغیان ساحێب شمشێرەن
چە نام بازاڕ وە فەقیر فێرەن[30]
غەنیم فەللاح بێ دەسەڵاتەن
زیکرو فیکرشان هەر باقیاتەن
باقیاتشان نمەبۆ تەمام
روسیا بیان چە (یوم القیام)
تایفەی جابر ماچان وە کارەن
ئیجرا ئاتشان چە نام شارەن

(٢٥)(٢٦)(٢٧)(٢٨) ئەم خشتانە بەتورکی داڕێژراون و تیایاندا بەناوی بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی ڕژێمی عوسمانییەکانەوە دەدوێ و دەڵێ: (گەورەم هەرچەندە بەد ڕەوشت و بێ غیرەت و بێ بناخەم، ئەی بەس نییە پارە و پوولم فرەیە، من بێ پارە کار ناکەم، ئەوەی پارە نەدا بۆ سەربازی قافی دەکەین).

(٢٩) دە: لای سەید وەهاب نووسراوە (سەد).

(٣٠) ئەم خشتەیە لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نادیارە.

چه ئەتراف شار هەرکەس پەی وێشەن
کەس نمەزانۆ حکوومەت چێشەن
ئەرێ هەی فیرقەی گشت پارە پەرست
روسیا بیان چه (یوم الألست)
(قەمەری) پدەر (قران) براتان
(مەجیدی) له شۆن گشت ئەقریباتان
(کاولی) لەلاتان زۆر وه حەیایە
ئەر وەک (دۆم) بان خێر خودایە[31]
ئەگەر چون (قەرەج) بان کەمێ خاسترەن
وەک بێژەنگ کەر بان بێ وەسواسترەن
هەنی کافیەن حیکایەت بەس بۆ
حەرفێ کافیەن ئەر کەسێ کەس بۆ[32]
(ئەفەندی شاران) هەزار میللەتەن
نه چارەی ئەوشان باران قیللەتەن
ئومێدم هەنەن وه دانای داوەر
رۆژ وه رۆژ ببۆ بەد لە بەد بەتەر
خوداوەند غەزەب بگێرۆ لە عام
دەور (أبن الوقت) سەردان لە ئەییام
قانوون نیزام حوکم لەتیفەن
تەوقیف کەردەی ئەمر شەرع شەریفەن
بەدیدەی پڕ سۆز حوکم موناجات
بەدەرگای کەریم (قاضي الحاجات)

(۳۱) ئەم خشتە لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نییە.
(۳۲) ئەم پەندە بەم جۆرەش وتراوە: (کەسێ کەسە ئەلفێکی بەسە).، فەقێ قادری هەمەوەندیش وتوویەتی:

فەقێ کۆتا کەر حیکایەت وەس بۆ
حەرفێ کافییەن ئەر کەسێ کەس بۆ

– بڕوانە ل/ ۱۲۱ی دیوانەکەی کە لە ساڵی (۱۹۸۰ی ز.) لە چاپدراوە.



یا رەبیی عومەر پەرێ عەدل و داد
یا عەلی پەی جەنگ دوشمن کەر ئیجاد[33]
یا مەهدی و مەسیح زود بکەر ئیزهار
رەواجدەن وه دین (أحمد المختار)[34]
وەرنە دین باتڵ ئیسلام پامالەن
نیشانەی (سوفیان)، چەرخ دەججالەن[35]
تا (میرزا) ساکن (کفری) مەکانەن
دایم نه شەکوای وەخت و زەمانەن
موختەسەر کەریم گفتوگۆی کەلام
بەر محەممەد بۆ سەڵات و سەلام

***

(۳۳)(۳٤)(۳٥) ئەم سێ خشتە فەقێ قادری هەمەوەندیش فەرموویەتی:
(یا حەق یا عومەر پەرێ عەدل و داد
یا عەلی پەی دەفع عەد و کەر ئیجاد)
(یا مەهدی و مەسیح زوو بکەر ئیظهار
رەواج دەن بەدین نەبی موختار)
(وەرنە دین باتڵ، ئیسلام پامالەن
نیشانەی سوفیان چەرخ دەججالەن)
بڕوانە ل/ ۱۱۱ دیوانی فەقێ قادری هەمەوەندی – مەلا عەبدولکەریمی موددەڕیس و فاتیحی کوڕی – چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق – بەغدا/ ۱۹۸۰ی ز.

## شاعیر هێرش دەباتە سەر پارە و ئەوانەی هەڵپە بۆ پارە دەکەن

دادمەن چە دەست (لیرە)ی قرمزی[١]
(مەئیوس ئەیلەدی عالەمدە بزی)[٢]
دادمەن چە دەست زات (مەجیدی)[٣]
سوخەن حاسڵ کەر لێش نا ئومێدی
دادمەن چە دەست فەرەنگە (فەرەنگ)[٤]
چە لای گەوادان ڕەنگش بەستەن ژەنگ
دادمەن چە دەست (روپیە)ی[٥] ئینگلیزی
(مەغروور ئەیلەدی)[٦] هەر پۆشتە و خیزی
دادمەن چە دەست پوول (مەمدووحی)[٧]
سەخی دوشمنی بەخیلەن ڕووحی
دادمەن چە دەست (جفتە)ی[٨] تەهرانی
سککەی شێر لە پشت[٩] توورڕەی ئێرانی[١٠]
دادمەن چە دەست سککەی مەغشووشە[١١]
(خاڵسە گێچەر سەکیز غروشە)[١٢]
دادمەن چە دەست ماباقی فلووس
(خاڵس)و [١٣] (رایج)[١٤] کارخانەی عەرووس
دادمەن چە دەست دەور بێ ناموس
زەمانەی زەن خووی، ڕەزیل و دەیووس

***

(١) لیرە: جۆرە دراوێکی زێڕینی کۆنە.
(٢) ئەم نیو خشتە بەتورکی وتراوە واتە: (ئێمەی لە دنیا نائومێد کرد).
(٣)(٤)(٥) ئەمانەش جۆرە دراوێکی کۆنن.
(٦) مەغروور ئەیلەدی، ئەمە بە تورکییە واتە: (مەغروری کرد)
(٧)(٨)(٩)(١٠)(١١) ئەمانە هەر هەموویان ناوی جۆرە دراوێکی سەردەمی شاعیرن.
(١٢) ئەم خشتە بەتورکییە، واتە: (شاعیر دادیەتی لە دەست دراوی مەغشووشە کە جۆرە پارەیەکی سەردەمی عوسمانییەکانە و بەرامبەر بە هەشت پوول بووە).
(١٣)(١٤) ئەمانەش دوو جۆری پوولی کۆنن.



## هەجوی حاجی جەمیل و عیسا ئەفەندی[١]

هەدیەم پەی ئاما چە حاجی (جەمیل)[٢]
قاولغ و چەخماخ[٣]یەک دانە سەبیل
تووتن شاور زەردگ بێفەڕ
چە شکل وردەی تەرس نێرە خەر
کیسەم بر ئاورد سەبیلم پڕ کەرد
چەخماخم شانا (قاو)[٤] لە بان بەرد
پەی وەنسەی مەجلیس دوو نەفەس کێشام
وەک دووکەڵ کا سینەم کەرد وەزام
سەبیل دام وەدەست (عیسا ئەفەندی)[٥]
ئیمجار وێت بگێر وەنەش نەخەندی
دوو نەفەس کێشا چا دانە و دۆکە[٦]
چەنی وردە تڕ دەس کەرد وەکۆکە
واتم: ئەفەندی پەنەم باچە ڕاست
ترخێنە خاسەن یاخود نان و ماست؟
تووتن هەرزانە ئەگەر پەسەندی
سەیرکەر حیسابت تڕت بەچەندی؟

(١) شەوی ١٦/١٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ ی ز. لە خوالێخۆشبوو شاعیری میللی بەرزۆی ئەحمەد کاکەیی بەدەستمان هێناوە، کە بە(بەرزۆی پەری) ناسراوە.
(٢) وەکو بەرزۆی پەری پێی وتین حاجی جەمیل بەڕەگەز زەنگنە بووە و لە شاری کەرکووکدا دوکانی کڕین و فرۆشتنی تووتنی هەبووە، لەگەڵ خەلیل منەووەردا دۆستایەتی هەبووە و ناوە ناوە تووتنی بەدیاری بۆ ناردووە.
(٣) چەخماخ: ئەستێ و بەردەئەستێ.
(٤) قاو: پوشووی دار، لەتەک ئەستێ و بەردە ئەستێدا بەکاردێ.
(٥) عیسا ئەفەندی: کاربەدەستێکی تورک بووە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کابرایەکی زاڵم و غەددار بووە، شاعیر لە چەند شوێنێکی تریشدا ناوی هێناوە.
(٦) دانە و دۆک: داندۆک، گەنم و دۆ، کەشکی وشکەوە کراو.

واتش: (نیـــدەیم بنیـــادم پۆخـــتـــر)
واتم: (ئەفــەندی ئەمـــســـالو چۆخـــتـــر)[٧]
(ئەرخـــەداش ئەگـــەر بنیـــادم پۆخـــتـــر
عـــەزیزم ئەگـــەر غـــیـــرەتم یۆخـــتـــرە[٨]
وە لەوکن بیـــر ئاز گـــوێتم شـــلـــۆقـــتـــر
بەس دەگـــیـل قـــوربان قـــروشم چۆخـــتـــر[٩]
یە (خـــەلیـل) واتەن نەدارۆ خـــیـــلاف
عـــولەمـــای دەوران کـــەردەن ئیـــعـــتـــراف

***

(٧)(٨)(٩) شاعیر ئەم سێ خشتەیەی بەتورکی بەزمانی عیسا ئەفەنییەوە داناوە ئەمەش واتاکانیەتی: (من چی بڵێم؟ بناخەم ناتەواوە و غیرەتیشم نییە و بێ ڕەوشتم بەڵام بەس نییە پارە و پووڵم زۆرە)، ئەمە لە چەند شوێنێکی تریشدا هاتووە.



## دەمەتەقێی میرزا خەلیل و پیرەژن پەری[١]

- میرزا دەفەرمێ:

ســـینەی ســـیـــاهت چون ســـاجـــەگـــەری[٢]
قـــامـــەتت[٣] چون ورچ ناو گـــەڵ لەنگەری[٤]
ســینەت چون ســاجــەن جــەو لە ناو برشــیــا
دوو مـــەمـــەی زل زل دۆ لە ناو ترشـــیـــا

(١) پەری کچی جاسم بەرزنجییە، بێوەژنێکی بەساڵاچوو بووە، خاوەنی سێ منداڵ بووە، یەکێ لەوانە شاعیری میللی خوالێخۆشبوو (بەرزۆی پەری)یە، ئەم ژنە خەلیل منەوورەی خۆشویستووە بەڵام ئەو بەپێچەوانەوە حەزی لێنەکردووە، دەگێڕنەوە ڕۆژێک میرزا بۆ دیدەنی دەچێتەماڵیان، لەوکاتەدا پەری خان تەشتێکی لە پێش دایە و هەویر دەشێلێ، لە پاش خۆش و بێش و بەخێرهاتن پەری پێی دەڵێ: ئەرێ میرزا تۆ زۆر بەسەر ئەم و ئەودا هەڵدەدەیت حەز دەکەم شیعرێکیش بەسەر مندا هەڵدەی چونکە من تۆم خۆش دەوێ، میرزاش بەم جۆرە هێرشی دەباتە سەرو هەجوی دەکات، پەری خانمیش بەتوورەییەوە وەڵامی دەداتەوە خەریک بووە گونکێ هەویر بدا بەناو چەوانی میرزایا.
(٢) ساجاگەری (ساج): سێڵ.
(٣) قامەت: لەش، باڵا.
(٤) لەنگەری: پان و پۆڕ، قاپی درێژو گەورە، سینی.
دەروێش غەیبوڵڵا سەلیم قۆچاغلی (١٨٩٥ - ١٩٧١ ز) ئەم چامە شیعرەی بەم جۆرە لەبەر کردبوو:

بۆ پیرەژن پەری
باڵات بەوێنەی کـــە نوی گـــڵـــێنە
لووتت بەوێنەی ســـەلکە ترخـــێنە
زوڵفت پێـــچنان چون پێچ گـــورێس
مـــاڵان مـــەگـێـڵـی چون بزەی چڵـێس
سی و دوو دگـــانت چون دەمـــەتەورەن
ســـەدا و ئاوازت چون ســـەڕای خـــەرەن
مـــەمکت دۆدانە دۆ تێـــدا ترشـــاو
سینەت ساجەکوت دان تێشدا بژراو
دەمت بـەوێنـەی ئاخـــــوڕ کـــــەران
مەدح کوێت کەرۆن هەی باوان وێران؟

لووتت ترخێنه زوڵف وێنەی ڕەشکە
پەنجەت مێخ دارین سک وێنەی مەشکە
دەس وێنەی مەترەق دەم وێنەی پاچە
کۆلات شیرینەن (پەری) تۆ واچە؟
ئەر دگان ماچی وێنەی دەمە بێڵ
روومەتت سیان وێنەی ماڵەخێڵ
ئەر چەمت ماچی یەکجار کز کۆرەن
ئاش دەستت تاڵەن نان دەستت شۆرەن
تەمبەڵ و تەڕاڵ بێ هۆش و بێ ویر
هەردەم تورشیایە لە دەستت هەویر
پەرێم واچ (پەری) ماچ تۆ وەچەند
کۆلات شیرینەن من کەرۆش پەسەند؟

- پەری لە وەڵامدا دەڵێ:

(پەری) دا جەواب وات (میرزا خەلیل)
چەمم جوانەن عەقڵت بی قەلیل
من وە عازەوی باڵا بەرزان بیم
شاگوڵی عەشرەت نام ئێلاخان بیم
روومەتم گوڵنار شەوقم وێنەی هۆر
پەرێم عاشق بی گەنجان هەمە جۆر
دگانان ورد ورد مەدرەوشایەوە
تای زوڵف وەک ڕەیحان مەگەشایەوە
مەمان شەکرە سێو سەر گۆنام پڕ خاڵ
دەستم نەرم و شل پەنجە وەک شمشاڵ
سینەم چون بللور بێ عەیب و عاربی
هەزارێ وەک تۆ دڵ پەیش بیمار بی
ئارۆ من پیرم دیدە پڕ نەمم
قامەتم خەمەن تۆ مەکەی زەمم



ئەر ئەوسابییا پەرێم مەویای شێت
وەس بکەر زەمم نمەژنەوی لێت
با یەک گوندک چەی هەویر ڕەق
نەدۆ وە فەرقت مەژگت کەرۆن شەق

- میرزاش لە وەڵامدا دەفەرمێ:

نەترس هەویر پەنەش دام سەلام
واتم. دەخیلەن نەکەریم بەدنام
من چێشم واتەن حورمەی پڕ حورمەت
پەوسە توورە بیت مەیۆ دەنگ گرمەت
هەنی با وەس بۆ گفتوگۆ (پەری)
میرزا هەتا مەرگ تۆشەن لەنگەری.

***

## هەجوی حەکیم محەمەد نووری

دەروێش مەنشووری.. دەروێش مەنشووری
لەی عەسرو عەییام ئوستای مەنشووری
(ئەرستۆ) ئیدراک (لوقمان) دەستووری
لایق بەخزمەت شاه (فەغفووری)
تۆم کەرد وە حەکیم (محەممەد نووری)[١]
نەزانام وەستا تۆیش کۆنە قۆڕی
قابیل وە شاتر (بەهرام گۆری)
خسوس باشحەکیم ئینسانێ قۆڕی
روبای[٢] بەد ئۆغر بەد ڕەنگ و بۆری
بێدەنگ بێدەسلات، هەم تۆ سەر شۆڕی
تۆم کەرد وە حەکیم (محەممەد نووری)
نەزانام وەستا تۆیش کۆنە قۆڕی

(١) محەمەد نووری: ئەم زاتە لە دەڤەری کفریدا بووە، لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا وا دەردەکەوێ لە بواری پزیشکی و نەشتەرگەری میللیدا شارەزایی هەبووە، بەداخەوە سەر گوزەشتەیان بۆ ڕوون نەبووەوە.
(٢) ڕوبا: ڕێوی، لە کوردەواریدا نەریتێکی باو هەیە دەڵێن. ئەگەر لە کاتی ئۆغردا لەسەر ڕێگا ڕێویت بوو بەتووشەوە ئەوە ئوغرەکەت سەر بەخێرە، لێرەدا شاعیر هەجوی دەروێش حەکیم (محەمەد نووری) دەکاو بەڕێوییەکی بەد ئۆغری لە قەڵەم دەدا، چونکە یەکێ لە منداڵەکانی ناساغ دەبێ و دەیباتە خزمەتی ئەم پزیشکە میللییە وەکو دەڵێ:

(وە ئەمر قودرەت حەیی بێ زەواڵ
ژەنان فەوت مەوت مەندەن سە منداڵ
(یەکێشان سەقەت یەکێشان دوختەر
یەکێشان دوو ساڵ تفلێوەن شیروەر)

وا دەردەکەوێ ئەم دوکتۆرە دەرەقەتی دەردی منداڵەکەی نەهاتووە بۆیە لێی پەست بووە و بەشیعرەوە هەجووی دەکات و پێی دەڵێ: (پزیشکی قۆڕ چۆن دەتوانێ قۆڕ چاک بکاتەوە)، وەکو پێشینان وتوویانە: (کەچەڵ تیمارکەر بوایە تیماری سەری خۆی دەکرد).



پەی عالەم شاباز[٣] پەرێ من پۆڕی
بێ حوکم و بێ عەقڵ بێ فام و زۆری
گون وێنەی جەڕە زک وێنەی هۆڕی[٤]
بکوت لە سەد نەوع مەبەرد لە (..ۆڕی)[٥]
وە ڕۆژ کەم بینا وەشەو شەو کۆری
ئوجرەتت کەم بۆ سە ڕۆژ ئەتۆری
ئیسمت نە خانە وەستای گون قۆڕی
خاس قۆڕت خاس کەرد تڕت وەگۆڕی
خۆت کەرد وە حەکیم (محەممەد نووری)
نەزانم وەستا تۆ کۆنە قۆڕی
یە (میرزا) واتەن سات مەهجووری[٦]
موشکلش کەفتەن پەی حەکیم نووری

***

(٣) شاباز: بازی سپی، نازناوە بۆ پیاوی کەڵەمێرد.
(٤) هۆڕ: ئاغەڵ، جۆرە جەواڵێکی گەورەی یەکتاییە.
(٥) ..ۆڕی: ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەدا پیتێکی لێ سواوە و بۆمان ساخ نەکرایەوە.
(٦) مەهجوور: دوورکەوتنەوە، جیابوونەوە.

## میرزا هەجوی سەیدێک دەکا[1]

غوتەی بەحر مەوج.. غوتەی بەحر مەوج
غەواس ئەبحار غوتە خوردەی مەوج
فەزای فەرحەوار سەر فەساد فەوج
ئەوسا ئەختەرت سەعد مدرا نە ئەوج[2]
زەمیرت یەک بی ئێستا بی وە زەوج
پەی سەهو سەلام من مەکەی وە گەوج
گوایا واتەبیت (میرزا) بێ هۆشەن
بەوێنەی ماهی زەهر[3] (سەم)[4] نۆشەن
غایەلەی ختوور ها نە ئەفهامش
پەوکە پەرێ من سەهوەن سەلامش
خێرو شەڕ سەیید وە سەرت قەسەم
بەحەق توربەت ڕەسوول ئەکرەم
من چە هەواو زەوق (الحذرمن)[5]
پەی ئیدارەی نەفس خاک وە سەرمەن
تۆ دەغدەغەی فیکر عەشق مەجازیت
پەی یەک مەجیدی نە ئەب نا ڕازیت
قافڵەی دەروون عەشقت وە حەرا
مەجیدی ئەلقا بەحەوش سەرا
وەختەن نە هیجران عەشق قرمز پۆش
چون بۆتەی زەڕگەر بجۆشی بەجۆش
وەختەن وە قووەی عیلم ساداری
ئیجرا کەرد شروت مورغ باڵداری

(١) بەداخەوە لە شیعرەکەدا ڕوون نەکراوەتەوە ئاخۆ ئەم سەیدە کێ بووبێ وا شاعیر هەجوی دەکا.
(٢) ئەم نیو خشتە ئەمە واتاکەیەتی، (ئەوسا ئەستێرەی بەختەوەریت لە ئاسماندا دەدرەوشایەوە).
(٣)(٤) زەهر، سەم: هەردوو وشەکە مانای ژەهر دەگەیەنن.
(٥) الحذر من: ئاگادارم.



وەختەن وێنەی (قەیس) ستاج هاموون
یا وێنەی (کۆکەن) کوشتەی بێستوون
وەختەن فرنقەی ڕیجلت کەی شکەست
وێنەی (شێخ سەنعان) ترسای بت پەرەست
ئەر نەبۆ طەعنەی واتەی ڕۆژگار
(قاپونی قیروب ئێترسن فیرار)[6]
وێنەی کەبۆتەر پەرواز جانی
تا بەقەدەمگای (زوبێد ثانی)[7]
وێنەی دەروێشان دەهری ببی شێت
یا وێنەی (کەرەم) ئاهیر بشۆ لێت
برا تۆ غازیت کەردەن وە لیرە
زەکەرت پەی زەوق کەردەن تەمیرە
هەرسات چە نەزمێ فیکرت چون(مەجنوون)
مەگێری سەنتوور[8] مەدی لە قانوون
برا من فەقیر کاسب و ڕەنجبەر
خەریک وە تاقم فیشەک پڕ کەر
ئیدارەی تەعییش (مضایق الحال)
خەریکم بەدەرد عەیال و ئەطفال
گاهێ پەی کیسوەت گاهێ پەی مەعاش
ماڵداری ئەمساڵ نمەبۆ بەلاش

(٦) ئەم نیو باڵە بەتورکی داڕێژراوە، ئەمەش واتاکەیەتی: (دەرگاکە دەشکێنێ و هەڵدێ).
(٧) زوبێد ثانی - زوبێد کچی جەعفەرە و هاوسەری خەلیفەی عەبباسی هاروونە ڕەشیدە کە کچی مامیەتی و دایکی ئەمینە، لە ساڵی (٨٣١ ی ز.) مردووە، وا دەگێڕنەوە زۆر نازدار و خان و مان بووە، لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەویندارەکەی ئەو سەیدەی لە جوانیدا بەم زوبێدەی شوبهاندووە، ئەمەش واتای خشتەکەیە: (دەتەوێ بەوێنەی کۆتر بدەی لە شەقەی باڵ و بەرەو لای دڵدارەکەت زوبێد خان بڕۆی)؟
(٨) سەنتوور: سەمتوور، ئامێرێکی مۆسیقایە.

من کە کاسبی تەوق تەختم بۆ
هەنی هەوەس کوا سەنگ وە بەختم بۆ
(میرزا) وەسەنعەت کاسبی ڕام بۆ
هەنی حەقشەن سەهو سەلام بۆ

***



## هەجوی حەمە مەردانی ئاشەوان

## دانشتووی دێی تۆپزاوە[1]

کەرۆن شکایەت پەرێ هامفەردان
چە قەهر فەلەک غەرقم چە دەردان
(سلام علیک) ئەی (حەمە مەردان)
کەیوانۆت بمرێ بای سەرگەردان
داخل بای وە جەمع هەناسە سەردان
ئاورائیت وە نام ئایلم وەردان
چون خودا منش پەی تۆ کەرد زەلیل
پەی عەتای ڕزقم بیەنی وەکیل
با ئنسافت بۆ ئەی ئیبن بەخیل
چوار کەس سە(کاوج)[2] حەق مەکۆ قەبیل؟
شەرت بۆ من یانەت بگێری وە نیل
داد بەرۆن وەلای (ئاغا سەی خەلیل)[3]
چە بەین حزوور(سەیید) و (باوا)[4]
ئیستینطاق ئەوین لە (تۆپز - ئاوا)[5]
چونکە تۆ مانع ڕزق (خەلیل)ی
ئاشەوان باش هەم ماڵ وەکیلی

(١) شاعیر ناونیشانی شیعرەکەی بەزمانی تورکی وا دارێژاوە: (دگیرمانچی حمه مردان حقنه غزلدر)، واتە: ئەم غەزەلە دەرهەقی حەمە مەردانی ئاشەوانە.
(٢) کاوج : قسناخ، جۆرە پیوانێکی دارینە بۆ کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە.
(٣) سەی خەلیل ئاغا (١٨٥٦ - ١٩٣٢ ی ز.) سەرەک هۆزی کاکەیی و دانیشتووی ئاوایی تۆپزاوە بووە، لە شوێنێکی تردا باسمان کردووە.
(٤) باوا (باوە = بابا) بنەماڵەیەکی وەجاخزادەن لەناو کاکەییدا، خاوەنی تەکیەن.
(٥) تۆپزاوە: لە ساڵی ١٩٠٣ی ز. بەسەرۆکایەتی سەید خەلیل ئاغا بیناکراوە، دانیشتوانی کاکەیین، نزیکەی (١٥٠) ماڵێک دەبن، سەر بەشارۆچکەی (داقووق)ە لە دەڤەری کەرکووکدا.

ئەر من حەقدار بیم حەقم کەفت وەکار
شەرتێ مەکەری بەشەرعی ئیقرار
تۆپ و چەقچەقەی دارو ژێر دارت
گشتش مەوڕی چە کونای وارت
تاکە تۆبەت بۆ تا وەرۆی مەحشەر
نەوی وە مانع ڕزق هیچ بەشەر
***



## میرزا گلەیی لە هۆزەکەی و هەجوی ژنەکەی دەکا

یاران بەرحەق.. یاران بەرحەق
دۆستان دیندار یاران بەرحەق
بشنەوان ئەحوالْ ماجەران موغلەق
بەعید بیم چە خەیر وە شەڕ بیم مولحەق
یەک ژەنێم واستەن شێت کەللە شەق
شاگردەن چەلاش (عەوج بن عەنەق)
وە توند و تیژی وێنەی شامی لەق
وەبالْ و باهوو بەوێنەی لەقلەق
وەعەقلْ و کەمالْ تەمامەن ئەحمەق
بەفیکر و بەفام کەر و کەللەڕەق
هەرکەس بوینۆش مەواچۆ سەدەق
دایەی ئالْ و[1] جن دوو دیدەی ئەبلّەق
ئەسلّش شوانەن مەلعوون موتلّەق
وە ڕەنگ فەقیرەن گفتوگۆ نەستەق
شەو چە نەزەرش دلّم کەردەن تەق
نەفس و دلْ مەردەن پەی کار ئیرەق[2]
بالاّش دام نەگەز نەڕای حیلە و فێل
قامیش (نەوجوول) یاخود چون دارتێل[3]
موختەسەر باچی تەعریف خاسش
دوازدە زەرعشا پەرێ کراسش
ئەویش بەرپان بۆ چیت مووسلّی
قایم و قووەت نەقش گولّگولّی

(١) ئالْ : لە کوردەواریدا بەجنۆکەی شەڕخوازی دەزانن، جا هەر ژنێکی زەیستان تووشی نەخۆشی دەروونی ببوایە وایان دەزانی ئالْ لێیداوە، زۆر جار ئەو ژنە لە ترسانا یا شێت دەبوو، یا دەمرد.
(٢) کارئیرەق: مەبەست لەکاری جووت بوونی ژن و پیاوە.
(٣) واتە: بالاّی درێژ بووە.

چە تەعنە و تەعزیر هیچ نییەن باکش
ئیمجار بکەرۆن مەدح خۆراکش
قاوەڵتی سوبحش سە کولێرەی گەرم
خاتوون مووەرۆش بەسەد نازو شەرم
پەی نیمەڕۆژە حورمەی بێ چارە
وە دوو کولێرە مەکۆ ئیدارە
شام ئێوارەش چوار عەدەد خویز
یا چەنی ڕوهۆن یا چەنی دوبز
وە سەڵتی و وشکی نمەکەرۆش نۆش
بۆ وە زەقنەبووت هەم وە مەرگە مووش
دوختەرێ دارۆ وێنەی بەچە ورچ
زک شۆڕو ڕەنگ زەرد چەهرە لۆچ و چرچ
عومرش نە تەئریخ هەشت عەدەدساڵەن[٤]
غەنیم نانەن، خورما زەواڵەن
ئەر یەک دەقیقە نان لێش ببۆ کەم
نرکەش مەیاوۆ وە خاک عەجەم
یە چ ساڵێ بی بەختم نیشت چە هەڕ
یە چۆن بیم دوچار ئی دایە و دوختەر[٥]
بەختێ چە ئەزەڵ سیا چارە بۆ
لەعنەت بکەر لێش با ئاوارە بۆ[٦]

(٤) واتە: تەمەنی کچی ژنەکەی (٨) ساڵان بووە.

(٥) واتە: ئەم ژنەی بێوەژن بووە، چونکە لەشعرەکەدا وا دەردەکەوێ کچێکیشی هەبووە، لە شیعرێکی تردا ڕوونی دەکاتەوە کە ناوی ئەم ژنەی (حەنیف) بووە، بەنەتەوەش تورکمان بووە.

(٦) ئەم خشتە شیعرە لە فۆلکلۆردا بەم جۆرانە هاتووە:

بەختێ نە ئەزەڵ سیا چارە بۆ
دەستی لێمەدە با ئاوارە بۆ

یان:

بەختێ نە ئەزەڵ سیا چارە بۆ
تف لە نوورش بۆ با ئاوارە بۆ



یە گشت نە چارەی (ماچۆ)[٧] زبان بی
(خەلیل) گرفتار ئی دوو جوان بی
دوو ساڵەن وە ئەمر پادشای جەلیل
چە نام عەشرەت بیانێ زەلیل
گشت بان وە فیدای یەک لۆتی عەجەم
یەکێ یەک فلقێ پێم نەکەرد کەرەم
تەرەسی نە چلک چارەشان وارۆ
(خەلیل) وێش خاسەن سە ئایل دارۆ
تەمعشان ئێد بی تائیفەی ڕەزیل
ئایلم پەی فلق ئەوشان کەم زەلیل
نامەردی عەشرەت چە عام دییارەن
پیرشان پوولەن دەلیلشان پارەن
کناچەی وێشان مەورۆشان چون هەر!
وە بەیع بازاڕ وە سی لیرەی زەڕ
فریشتەم وتەن ڕوو لە نەگبەتم
بارو بووم کەفتەن وە سەر عەشرەتم
هەرکەس کە مەرد بۆ چە نوتفەی ئەسیل
بەزەئیش مەیۆ وە حاڵ (خەلیل)
یە (خەلیل) واتەن مات بێ دەسەڵات
واجبەن پەرێش سوورانە و خەڵات

***

(٧) ماجۆ لە دەڤەری گەرمەسێردا بەدیالیکتی (گۆران) دەڵێن (ماچۆ)، شاعیر لێرەدا مەبەستی هۆزەکەیەتی (کاکەیی) کە بەم شێوازە ئاخافتن دەکەن، چونکە لە پاش مردنی ژنەکەی لە (کفری)یەوە دەگەڕێتەوە ناو هۆزەکەی و ژنێکی دەدەنێ، لە پاش ماوەیەک ئەمیشیان دەمرێ، ئینجا بێوەژنێکی تەمبەڵی تورکمان دەهێنێ، کاکەییەکان بۆ جاری دووەم ژنی نادەنێ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خاوەنی سێ منداڵ بووە، بۆیە ئافرەتان پێی ڕازی نەبوون، جا شاعیر لە داخانا بەم جۆرە گلەیی و هەجوی هۆزەکەی و ژنە تورکمانە بێفەڕەکەی دەکات.

## شاعیر گلەیی لە ڕۆژگار و هەجوی هۆزەکەی دەکا[١]

قەومەل براگەل گۆشدەن وە دەنگم
چەی بەردەڵبەردی ستارەی لەنگم
چەنی بەخت وێم نە دەعواو جەنگم
ڕەونەق ڕەمەق بڕیان چە ڕەنگم
گێرۆدەی تەلیسم چاه ئەرژەنگم
بەدبەدخت سەرسەخت چون سیاه سەنگم
فەلەک چەشم چەپ وەنەم واز کەردەن
سینەم چون ئیسپەر تیر ئەنداز کەردەن
هەرساڵێ جارێ مەکەرۆم مەغدوور
خانەم وە غەزەب مەکەرۆ خاپوور
مەکەرۆم زەلیل زار سەرگەردان
موحتاج مەنزوور مەرد و نامەردان
فەلەک داد چە دەست غەدر بسیارت
مەر هەر نا عەدلی بەیەو وە کارت
عەدالەت نە حوکم ئینسافت دوورەن
زەمانەت وێنەی (نفخ في الصورن)
شەعیر بی بەخوون شاه (سیاوەخش)
عالەم پەرێ ڕزق هانە کەشاکەش
گەندم ستارەی سوەیلەن چە بیر
خوون هندییەن (بیر)[٢] کاوج شەعیر
چە غەدر زاڵم مەزڵووم هانە لەرز
خێرو بەرەکەت هورگیریان نە ئەرز

(١) شاعیر لەگەڵ پیشەوەر خورشیدی کارگەچی دەدوێ، ئەم پیشەسازە دەستڕەنگینە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئاوایی (زەنقڕ) کارگەی هەللاجی هەبووە.
(٢) بیر: وشەیەکی تورکییە، واتە: یەک، ژمارە (١)



حەیا نەمەندەن نامووس بی بەرباد
حەیسییەت[٣] پاماڵ چەی دەور بێداد
نەوڕەس جوانان باڵا نیهاڵان
ئەڵڵا دۆست مەکەن چە قاپی ماڵان
مروەت نەمەندەن چە قاف تا وە قاف
ئینساف فیرار بی مەند درۆ و خیلاف
نەمەند ئیعتیبار نە ڕووی سەرزەمین
نە سیلەی ڕەحمەت نە دەین و نە دین
کەرامات نە ڕووی کەلام بییەن کەم
پاکو پیس وە نەش مووەرۆ قەسەم
نەمولک مەشریق تا خوططەی مەغریب
نییەن نا پەیدان یەک زاتێ نەجیب
دین بی وە دینار مەزهەب وە فلووس
سفر بی حەیاو غیرەت و نامووس
زەنگین چە طەمح بییەن وە (قاروون)
فەقیر بێ ساحێب مەندەن سەرنیگوون
خەڵق چە کار خێر مەگوزەرۆ چون تیر
سەواب مەزانان فەسادی و شەریر
(حاشا من حضور) دوور چە (سامعین)
دوور چە (قارئین) دوور چە (حاضرین)
گەووادی ڕەواج ڕووی ڕۆژگارەن
تەرەسی تەرتیب چە عام دییارەن
ئاڵچاغی ڕوتبەی بوزرگ عامەن
ڕەزیلی عادەت ئەهل ئیسلامەن

(٣) حەیسییەت(حیثیت): حەیا، ئابڕوو، شەرەف.

کۆر قەردی ڕەسمەن مەردی زەمانەن
کوسکەشی[٤] مایەی شۆربا خۆرانەن
تەمع تەزبیحات ئونساو موزەککەر
فەسادی زیکرەن چە لەفظ بەشەر
ئەحمەقی تەڵای دەست ئەفشارییەن
دانایان چە دەور نا دیارییەن
قەلیلی ئینساف سنف بەشەرەن
مروەت سەرنیگوون بەحر بێدەرەن
(قەزا) و (ولایەت)، (ناحیە) و دێهات
تەمام چۆڵ بییەن چون مەرگ و ئافات
شاران شێویان بی وە شاگەردان
فەقیر کەفت وە بەحر پەژارەی دەردان
بەشێ ... .... .....[٥]
..... ..... .... ....
مووبارەکت بۆ ئی دەرد و بەڵا
موستەحەققەنی بەینی بەینەڵڵا
(ڕەشاد)[٦] بەجاگەی (حەمید)[٧] مەوانە
قەدر عافیەت ئیمجار بزانە
ئیجمار بێین وە سەر ئەسلیحەی فەڕەنگ
قاتڵ عالەم (قابض)ەن ڕۆی جەنگ

(٤) کوسکەشی (قوزکەشی): مەرایی کردن، ماستاو ساردکردنەوە بۆ ستەمکاران، بەو کەسانە دەوترێ کە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان لای دەستەڵاتداران مافی خەڵکی پێشێل دەکەن.

(٥) لێرەوە دەفتەرەکە پەڕەیەکی لێ ون بووە لەگەڵێدا نزیکەی (٢٨) خشتی لێ فەوتاوە.

(٦) ڕەشاد: سوڵتان ڕەشاد سی و پێنجەمین شای وڵاتی تورکیا بووە، لە ساڵی (١٩٠٨ی ز.) لەپاش سوڵتان عەبدولحەمید دەستەڵاتی پاشایەتی گرتۆتە دەست.

(٧) حەمید: مەبەست لە سوڵتان عەبدولحمیدە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا شای تورکیا بووە تا ساڵی (١٩٠٨ز.).



ئەوەڵ (ئینگلیزی)[٨] دوازدە فیشەکوەر
(فەهیر)و[٩] (مەسقۆف)[١٠]، (مارتیلی)و[١١] (ماوزەڕ)[١٢]
(پەنجتیر)و[١٣] (سەتیر)[١٤]، (یەکتیر)و[١٥] (هورتمان)[١٦]
جاران کێ چە خەو یانە بەرد گومان
بەسایەی جەناب (مەعدەل) و[١٧] (ماوزەڕ)
تفەنگ(حوسکە)[١٨] بییەن وە دەست خەر
(مارتلی) کارخانەی (ماردەمین) شکۆ
نامشان نییان وە (فلّقەمەڕۆ)
مەقبوول مەرغووب دەور (حەمید)ی
یەکێش مەدەریۆ وە پەنج مەجیدی
(مەکەنزی)[١٩] مەرکەز مەقبوول خۆشڕەو
نامشان نییان تفەنگ (تڕحەو)
حوسکە پەریشان ڕەنجش بی بەرباد
بی وە تەقاعود (مووسڵ) و (بەغداد)
چە موڵک ڕۆمی و ئۆلکەی ئێرانی
یەکێش مەدەران وە دە تەهرانی
کەس نام (حوسکە) نمارۆ وە ویر
گشت بی وە لوولەی پاوەند بارگیر
وە سایەی (پەنجتیر) گوللەی دوور ئەنداز
مەقطوع بییەن ڕزق جەمیع تفەنگساز
وەسایەی جەناب (مەعدەل)و (ماوزەڕ)
تیپ (چەخماخچی) بی وە چەقۆکەر

(٨)، (٩)، (١٠)، (١١)، (١٢)، (١٣)، (١٤)، (١٥)، (١٦)، (١٧)، (١٨)، (١٩) ئینگلیزی، فەهیر، مەسقۆف، مارتیلی، ماوزەر، پەنجتیر، سەتیر، یەکتیر، هورتمان، مەعدەل، حوسکە، مەکەنزی): ئەمانە هەر هەموویان ناوی جۆرەکانی تفەنگی جارانن کە هەنووکە لەم ڕۆژگارەدا باویان نەماوە، چونکە چەکی باشترو نوێ هاتە کایەوە.

عەرەب پاپەتی بولّەند چون بەعیر
(تَرَك الحوسکه شائیلون پەنجتیر)
مەعلووم نیشانەی ئاخر زەمانەن
قەتل و کوشتارەن ئادەم قڕانەن
ظهوور فیتنەی (يَوْمَ المحشر)ەن
دەوران ئاخر ئاشووب و شەڕەن
نمەبۆ ئەنجام ئی حەرب و کوشتار
ئیسلام فەنا بی گ سوزیا وە نار
(عَسْكُر الدَوْلة یدورون الموت
يَشْحَذون خُبز يقولون لَهُم فوت)[٢٠]
(كُلَّهُم عُريان مثل العنكبوت
خَرَ بنوصُك کاغز بانقَبوت)[٢١]
عەشایر غەرقەن نە غوسسەی غەمان
نازک جەوانان چەمدان جون کەمان
حاکم غەدر و زولّم کەردەن وە زەمان
(بو گوین ئیسترەم بین کیلۆ سەمان)[٢٢]
جارێ (سەرانە)، جارێ (کەرانە)
جارێ (رەشبگیر) زولّم زەمانە
گاه (موبایەعە) گاهێ (ئەسنافی)
(عوسمانیلرن بودر ئینسافی)[٢٣]
(ئومەرالەرن یۆقدر ئیکرافی
نە شەرتلەری وار وە نە کەلامی)[٢٤]

(٢٠)،(٢١) واتە: (سەربازەکانی دەوڵەت گڕمەرگ دەخۆن، هەر هەموویان وەکو جاڵجاڵۆکە ڕووت و قووتن و سواڵدەکەن)، ئەمەی بەسەربازەکانی عوسمانی وتووە، ئینجا هەڵدەچێ و جنێوێکی خراپ بەکاغەزی بانق دەدا کە مەبەستی لە پارە و پوولە کە هەمیشە خەلیل منەووەر لێی بێبەش بووە.

(٢٢) ئەمە بەتورکییە واتە: (ئەمڕۆ هەزار کیلۆ کام لێت دەوێ)

(٢٣)،(٢٤)،(٢٥)،(٢٦)،(٢٧)،(٢٨) ئەم خشتە شیعرانە بەتورکی داڕێژراون، واتە: «ئەمەیە پیاوەتی و ویژدانی تورکە عوسمانییەکان، سەردارەکانیان چاوچنۆک و بێ شەرت و پەیمانن، ئەگەر=



(ئۆغروندە یاپ فەتح هەزارە
یا بیر ئافەرین یا بیر جغارە)[٢٥]
(بین حاتەم ئۆلّمش هەم ئەبو زەهوە
ئیکرامی نەدر بیر فنجان قەهوە)[٢٦]
(بونلەردەن غەیری یۆقدر ئیکرامی
نە والیسندە نە قائیمقامی)[٢٧]
(بین ئافەرین گوێندر بازاڕە
ئون گوین گێزدرسە و ئێتمەز بیر پارە)[٢٨]
مەگەر مەرحەمەت شای بێکەسانکەس
وەرنە وە زاهر کار شییەن چە دەس
مەعلووم بۆ چەلات ئەی (ئوستاد خورشید)[٢٩]
یەک مەقسودێم هەن وە تۆمەن ئومید
چوار ساڵەن چەی مولّک گرتەنم قەرار
نامام بەخزمەت جەنابت یەکجار
بەقایەی چوار ساڵ مەندەن چە سەرت
مەعلوومت کەردم ببۆ خەبەرت
ئیمڕۆ ئامانم چە (تۆپزئاوا)
مەتلّووبم ئێدەن پەی یەک نماوا
نماوەی درێژ یەک کەسی تەکمیل
تۆ وە ڕووی ئیکرام بدەر وە(خەلیل)
بەرەگن لایق سوورەت نەقشین بۆ
بەوێنەی چۆخەی چین و ماچین بۆ

= بێت و هەزار ئیشیان بۆ ڕاپەڕێنی، یان ئافەرینێکت دەکەن، یان: تاکە جگەرەیەکت پێشکەش دەکەن، لە بەخشندەییدا بەدەم خۆی کردووە بە(حاتەمی تەی) بەکردەوەش فنجانە قاوەیەکت پێدەبەخشێ، لەمانە زیاتر نەپارێزگارو نە قایمقام دەهندەییان لێ نابینی، هەزار ئافەرین بەرە بازاڕ و دە ڕۆژیش گڕیدە یەک پوولێکت بۆ ناکات».

(٢٩) ئوستاد خورشید: پیشەسازێکی لێهاتووی دەستڕەنگین بووە، لە ئاوایی (زەنقڕ) کارگەی هەڵلاجی هەبووە.

سافیش بەوێنەی لەوح بللور بۆ
قایمو قەوی نەواکە شۆڕ بۆ
بەوێنەی دۆشەگ قورنەش قەوی بۆ
پڕ نەقش چون جاجم زاماو وەوی بۆ
مورەببەع نە تەرح سوفرەی فەقیر بۆ
لایق وە نیشتەی(میر) و (وەزیر) بۆ
ڕەنگش سفید بۆ نەقشش سیاو بۆ
قایمو قەوی نەوا بڵاو بۆ
چون لێفەی (کەرکووک) مەتین و گەرم بۆ
چە لۆکە و چۆخە ئەو زیاتر گەرم بۆ
نەوا نماوەی واوڕ ئەنداز بۆ
تەنکیش چە تەرح تۆکڵ پیاز بۆ
ناپوختەی نارێک شاگرد کەردە بۆ
عارەبان بەڕ پەرێش مەردە بۆ
(سەی یوسو)[٣٠] بوینۆش بکێشۆ حەسرەت
(قەمەر)[٣١] بوینۆش بواچۆ ڕەحمەت
(خەلیل)[٣٢] بوینۆش وە دڵگرانی
هەردوو دەست بدۆ وە سەرزرانی
نماوەی مەقبووڵ دۆستانەی جانی
بەوێنەی دەستکار (ئوستاد قوربانی)[٣٣]

(٣٠)،(٣١) سەید یەسوو، قەمەر، ئەم دوو کەسە دانیشتووی ئاوایی (زەنقڕ) بوونە کە ئاوایییەکی کوردنشینی کاکەییییە لە دەڤەری (داقووق)ی (کەرکووک).

(٣٢) خەلیل کوڕی عەباس زەنقڕییە، پیشەوەرێکی هەللاج بووە، لەهەمان ئاواییدا کارگەی هەللاجی هەبووە.

(٣٣) ئوستاد قوربانی: پیشەسازێکی (هەللاج)ی بەناوبانگی دەڤەری گەرمیان بووە.



عاقڵ بوینۆش ببۆ وە لێوە
شەیدای شکلش بۆ ئەو (ئوستاد سێوە)[٣٤]
دوشمن بوینۆش دڵش کەرۆ تەق
دۆست وە ماشائەڵڵا بواچۆ سەدەق
چە موڵک (ئێران) ئەگەر چە (توران)
چە ئاوەدانی ئەگەر چە وێران
هەر کەس بوینۆش قەریب ئەر بەعید
ڕەحمەت بکیانان پەی (ئوستاد خورشید)
وەعدەی دوو ساعەت بکەریش تەکمیل
نماوەی نەقشین پەی (میرزا خلیل)
یا چە دەم کەوان[٣٥] یا لە چنگانە[٣٦]
یا لە ماڵ دۆست یا لە بێگانە
یا دەستدرازی[٣٧] یا ماڵ حەڵاڵ
ئۆمێدەن ڕاگەم نەکەری بەتاڵ
یا ماڵ فەقیر یا لە دەوڵەمەند
بسازی پەرێم نماوەی پەسەند
وە عەقڵ تەدبیر بکەر تیروپشک
نمەبۆ ڕاگەی (مەلا)کەری وشک
ئیدعام ئێدەن بلی وە (ئێران)
ئی موڵک (کەرکووک) بکەری وێران
تفوو نە چارەی زەمانەی چرووک
خێر خاسم دی نە خاک (کەرکووک)

(٣٤) ئوستا سێوە: پیشەسازێکی هەللاجی زۆر شارەزا و دەستڕەنگین بووە لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا.

(٣٥) دەم کەوان: ئەو وردە بەرەگنەیە کە لە دەم کەوانی هەللاج دەمێنێتەوە لەکاتی هەللاجیدا.

(٣٦) چنگانە: واتە – لە بەرەگنی خەڵکی سەرو چنگم بۆ دەرهێنە و لبادێکم بۆ دروست بکە.

(٣٧) دەستدرازی: دەستدرێژی (دزی)، شاعیر ئەم قسانەی تەنیا بۆ گەپ و ڕازاندنەوەی شیعرەکە بووە، ئەگینا هەمیشە دژی ئەو جۆرە ڕەوشتە خراپانە بووە.

رزقم نە تۆپراغ[٣٨] (کەرکووک) بییەن کەم
داد و دەخاڵەت بەموڵک عەجەم
ئەر حەوڵێ نە دەم کارم تەمامەن
ژەن واستن پەی من نیجا حەرامەن
با بلۆن بەموڵک مەئوای ئێرانی
ژەنێ بوازۆن وە بیست تەهرانی
ئەر بێوە ئەر دوخت نەو جا هەرزانەن
گشت دیدە ئاهوو باڵا بەرزانەن
دوو ساڵەن وە ئەمر پادشای جەلیل
چە نام (ماچۆ)[٣٩] مەمانی زەلیل
غیرەت عەشرەت چە عام دییارەن
پیرشان پوولەن دەلیلشان پارەن
یەکسەر بێ هیمەت چون لۆتی عەجەم
یەکێ یەک فلّقێ[٤٠] پێم نەکەرد کەرەم
چەفتی نە تۆی چڵک چارەشان وارۆ
(خەلیل) وێش خاسەن سە ئایل دارۆ
سە ئایل من ها چە تۆی یانە
ناکەسان چەنیم ها چە بەهانە
سەرمایەی عومرم ئی سە ئەولادەن
زەڕڕەی خاترم وە ئەوشان شادەن
طەمعشان ئێدەن تایفەی ڕەزیل
ئایلم پەی فلّق ئەوشان کەم زەلیل
یا خود قاوشان دی من وەبێ دریغ
یاخود هەر سەشان سەر بوڕی وە تیغ

(٣٨) تۆپراغ: وشەیەکی تورکییە، خاک، خۆڵ.
(٣٩) ماچۆ: مەبەست لە هۆزی کاکەییە کە بەماچۆ (گۆران) ئاخافتن دەکەن.
(٤٠) فلّقێ: کینایەیە بۆ ژنی بەتەمەنی پەککەوتوو.



تەئریج عومرم یاوان وە چل ساڵ
دیم وە دیدەی وێم سە ژەن و سە ماڵ
وە ئەمر فەرمان حەیی بێزەواڵ
ژەنگەل فەوت مەوت مەندەن سە منداڵ
خۆزگە من (جەرد)و[٤١] (هەمەدوەن)[٤٢] بییام
لە موڵک قەددووس من بێ ژەن بییام
حوکمەت پەی قەتلم بناڵا بەقەست
دامان (ئیسحاق)[٤٣] بگرتام وە دەست
ئەر سەد کە (جفید)[٤٤] چە دین بێوەر بی
غیرەتش لە قەوم (ماچۆ) خاستەر بی
پەی ناموس وێش غیرەت مەنمانا
وەچل لیرە ژەن پەرێم مەسانا
یادەست وە دامان مەردێ (دۆم) بییام
بێباک چە حوکمەت (والی)[٤٥] ڕۆم بییام
سیلسیلەی دۆمان مەکەرد ئێلجاری
مەرد خاسشان تا کۆنە قاری
گشت دەست وە مشتە میل بە جەنگەوە
نمەهاشتن من دڵ وە تەنگەوە
ماڵی یەک قڕان وەبێ قال و قیل
ژەنی مەواستن پەی (مەلا خەلیل)
مەعلوومەن (ماچۆ) ڕەزیل دەماغەن
چە (دۆم)و (جفید) یەکجار ئاڵچاغەن

(٤١)، (٤٢) جەردو، هەمەدوەن: دوو کابرای جوو بوون لە دەڤەری (داقووق)دا.
(٤٣) ئیسحاق: کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەرە.
(٤٤) جفید: کابرایە جوو بووە لە ناوچەی (داقووق).
(٤٥) والی: وشەیەکی تورکییە، واتە: پارێزگار.

کناچەی وێشان مەورۆشان چون هەر
وە بەیع و بازاڕ وەسی لیرەی زەڕ
کناچەش نازدار خونچە دەهانەن
سەنعەتش هێزم، کۆمەی سەهانەن
بلۆ وە (حاوی دێرەکان)(٤٦) ئارۆ
ئاقەرەی هەرێ کۆڵ هورمەدارۆ(٤٧)
بێ تیق و فاقەن تەمام هەژارەن
پەی بابۆش ڕەنجبەر هەم هیتیارەن
وەیەک دەقیقە هەر لەسەر چنجک
حەوشێ پڕ مەکۆ چە پووش و بنجک
قانیعەن وە بەرگ لانک و هەلاوە
یەعنی هەرێوەن وە چوار پاوە
نە تەون نە تەشی ئەو نەدییەن وەچەم
پەرێ خەیاتی تەمام ها نەشەرم
خودای عالەمیان گیانش بستانۆ
نمەزانۆ چەن چەنی مەشانۆ
چەنام عەشرەت کناچەی برنجی
تاڕانش(٤٨) لووان تلیش گجی
چون هەر سەقا(٤٩) پەرێ ئاو مەلۆ
سەنعاتش هۆڵەن هیتەن هەم مەڵۆ
ئەمسالش نییەن چە ڕۆم و عەجەم
عەقڵ و مەعریفەت چەلاش کەردەن ڕەم

(٤٦) حاوی دێرەکان: دەشتێکی ڕاستییە دەکەوێتە نێوانی ئاوایی (تۆپزاوە) و (عەرەبکۆیی)یەوە لە دەڤەری (داقووق)دا.
(٤٧) ئەم خشتەیە لەو شیعرەشدا هەیە کە شاعیر سکالای خۆی لای ئاغە ڕۆستەمی کاکەیی دەکاو دەردەدڵی خۆی لە لا هەڵدەڕێژێ، مانەوەیان بەپەسند زانی.
(٤٨) ڕانش: لە دەستنووسێکدا نووسراوە (دەنەش).
(٤٩) سەقا: ئاوکێش.



لەعنەت نە چارەت نەونەمام نۆ
تفوو نەو پارە مەدەریۆ وە تۆ
خەزێنەی باوە عەزیز دایە
یاخودا کەس چە سات نەوێنۆ سایە
چون (دۆم)و (قەرەج) ڕەنگت سیاوەن
جا (مەلا خەلیل) هەرت بێ ئاوەن
نە کەماڵدارەن، نە جەماڵدارەن
نە سەنعەتکارەن وە نە ماڵدارەن
بەو ئینە بەرە تۆ وە (کفری) شار
چە بەین عالەم وێت بکەر وە عار
(ئۆغلانی چراغ ئێتمش دائیسی
ئالمش ئۆزیچون بەرداخ ئەییسی)(٥٠)
دەعبایێ وەی تەور لازم نییەن پێم
چە شار (کفری) مەزانان من کێم
بەندە شەخسێ بیم بەوێنەی مەلەک
(قورالدینێ) بیم شامی بێ پەتەک
ئەمسالم نەوی چە (ألبوعلك)(٥١)
وەزات فەلەک مەواتم وە لەک
ئێستە خەریکم چە (تۆپز ئاوا)
سەرسامم چە بەین (سەیید) و (باوا)
چەنی بەخت وێم مەکەری داوا
بزانم نەردم وە کالا یاوا
بێدادم چە دەست چەرخ چەپی گەر
سەر مەکۆ(٥٢) وە پا، پا مەکۆ وەسەر

(٥٠) ئەم خشتەیە بەتورکییە،واتە:کوڕەکە خاڵی لای خۆی کردوویە بەشاگردو بەرداغێ چاکیشی بۆ کڕیوە.
(٥١) ألبو عَلَكَ: تیرەیەکی عەرەبن لە هۆزی (العبید) لە دەوروبەری قەزای داقووق نیشتەجێن.
(٥٢) مەکۆ: دەکا، واتە: ئەم دنیای خوارو خیچە مرۆڤی هیچ و پووچ بەرز دەکاتەوە و خانەدان و پیاو ماقوڵانیش بۆژەو ژێردەس دەکا.

هەرکەس چە عەشرەت (ماچۆ) بۆ مەقەڕ
(نعوذ بالله) حالّش مۆ ئەفقەر
جییا نمەکۆ شەب نە تۆی شەککەر
مەبۆ وە ڕەفیق گاوان و ڕەنجبەر
پەی خەرجی ئایل چە سالّ نەهات
ئەر ژەنێ نەبۆ تەونکەرو خەیات
دەنگ زایەڵەی زەمش بزرێو
وە تیخ دەبان پرچش بورێو
روسیای ڕوتبەی بەزم باوان بۆ
ئیفتیرای بەدکار ڕای سەراوان بۆ
خوا بکا (خەلیل) ئەوە نەوینی
ئەر موسڵمانە حاشا لە دینی
ئانە لایقش تەڵاق و شەقەن
بابۆ کۆی ئاسن دایە مەفرەقەن
با کۆتا ببۆ تەعریف (ماچۆ)
ئەگەر عاقڵی لە موڵکی لاچۆ
کۆتاکەر سوخەن جەنگنامەی ئەوان
خەلیفە و شاگرد هەوادا کەوان
تەمام گۆش بە دەنگ سەدای تۆ شانەن
خەیلێوەن پەی تۆ ئارەزووشانەن
سەبەب فەقیری نمەیان وەلات
بشنەوان کیتاب چون قەند و نەبات
(باقي والسلام) دوو ئوستای ئەسیل
غیرەتێ بکەن پەی سوخرەی (خەلیل)
کیتاب کۆتا بی منیش چوارمشقی
دەم دوشمنتان پڕکەم لە فشقی



یارەب هیچ کەسێ وێنەی من نەبۆ
تاڵەش چە ئەفسوون دێو و جن نەبۆ
بەختش سەرنیگوون چای[٥٣] بێبن نەبۆ
موحتاج کەساس پەرێ ژەن نەبۆ
یا حەق بەحاجەت شای دوڵدوڵ سوار
هەرکەسێ مەکەی دەرماندە و هەژار
بووەزەش غەریب موڵک (مەغریب)شار
چە نام (ماچۆ) نەکەی گرفتار
یاران هامسەران قەوم پڕ غیرەت
بگێڵی دنیا هەفتا و دوو میللەت
ئیقباڵ وە یشووم تاڵع پەرگەندە
نیەن نا پەیدان بە وێنەی بەندە
فریشتەم وتەن ڕوو لە نەگبەتم
باروبووم کەفتەن وە سەر عەشرەتم
هەرکەس کە مەرد بۆ چە نوتفەی ئەسیل
بەزەئیش مەیۆ بەحاڵ (خەلیل)
چەی قەریەی دارا وە هەواو هەوەس
بارو بووم کەفتەن وە سەر چوار کەس
حەق ئەرەجم هەن ساڵ چە ساڵ فیشتەر
یەکێ بابۆمەن ئەو سە برادەر
ئەوەڵ ئیبتیدا چەی قەریە مەوجوود
بابۆی بوزرگم ئەو (ئوستاد مەحموود)[٥٤]

(٥٣) چا:چاڵ.
(٥٤) ئوستاد مەحموود: پیشەسازێکی هەڵلاجی کوردی بەتەمەن بووە، دۆستایەتی لەگەڵ خەلیل منەووەردا بەتین بووە بۆیە شاعیر ئەمی بەباوکی خۆی زانیوە، دانیشتووی دێی «تۆپزاوە» بووە، سەردەمێکیش لەدێی (زەنقڕ) نیشتەجێ بووە.

دووهەم (حەسەن)ەن[٥٥] وە عەین زاهر
سێیەمین برادەر (علی بن ناسر)[٥٦]
چە هارەم (کەریم، بن ئوستاد مەحموود)
پەرێ ئی بەندە حەل مەکەن مەقسوود
ئەر سەد کە زەمان زۆر پەرێشانەن
ئۆمێد بەندە چە لای ئێشانەن
ئیحسان بەندە واجبەن ئیمجار
ئاداش کەران پەیم (وبلاتکرار)
ئیکرام مەردان مەبۆ وە یادگار
شایع مۆ شوهرەت نەرووی ڕۆزگار
دەستێ بشکێ و چەلەن وە گەردەن
مەواچان فلاّن ئی کارە کەردەن
منیش تا زەندەم نمە شۆم چە ویر
چە دوعای خێری نەدارۆن تەقسیر
یەک کاسەیێ ئاو هەرکەس بکەم نۆش
حەق ئەو ئاوە ناکەم فەرامۆش
نە موڵک (عێراق) چەلای سەروەران
نە جوملەی مەجلیس میرو بەگلەران
ئیسمشان وێنەی (شەهنامەی ڕۆستەم)
بکەرۆن بەفەرد بوانۆن وە دەم
هەنی کافیەن شکایەت بەس بۆ
حەرفێ کافیەن ئەر کەسێ کەس بۆ[٥٧]
عەقڵ و مەعریفەت نمەکۆ پارە
(العارفون يُكفيهم الأشارة)[٥٨]

---

(٥٥ ، ٥٦)حەسەن، ناسر: ئەمانە دانیشتووی دێی (زەنقڕ) بوونە.
(٥٧) ئەمە دەستنیشانە بۆ ئەم پەندە: (کەسێ کەسە ئەلفێکی بەسە) - بڕوانە ل/٣٤٨ی پەندی پێشینانی شێخ محەمەدی خاڵ - چاپی دووەم - چاپخانەی کامەران - سلێمانی/١٩٧١ی ز
(٥٨) ئەمە پەندێکی عەرەبییە کە هەمان واتای پەندە کوردییەکەی سەرەوە دەدا.



یاران ماجەرای (خەلیل) بی تەمام
بەر (محەممەد) بۆ (صلوات وسلام)
یە (میرزا) واتەن مات بێ دەسەڵات
واجبەن مەردان بکەراش خەڵات
یە (خەلیل) واتەن ماتو غەمینەن
ئیسکان ئەقلیم (کەرکووک) زەمینەن

***

## سەربەرزی و نەفەس پاکی شاعیر

مەلا خەلیل لەبەر ئەوەی هەمیشە لایەنگری هەژاران و پیاوچاکان بووە و ئارەزووی لە چاکە و پیاوەتی بووە و قسەیشی لەکەس قبووڵ نەکردووە و هەر کارێکی ناڕەواو ناشرینی بەرچاو کەوتبێ دەسبەجێ بەشیعرەوە هێرشی کردۆتە سەرو هەجووی کردووە، جا هەندێ لە بەدڕەوشت و نالەبارەکانی دەوروبەری ئاغا سەید ڕۆستەم (١٨٥٧ - ١٩١٩ی ز.) دژ بەشاعیر وەستاون، گوایە هانی جوتیارەکانی داوە دژ بەئاغای ناوبراو، ئاغایش کە ئەمە دەبیستێ یەکێ لە نۆکەرەکانی دەنێرێ بەدوایا تا لە پێشیدا ئامادە دەبێت، بەڵام شاعیری نەفەس بەرز و دەروون پاکی بەجەرگمان (مەلاخەلیل) ڕازی نابێت و بەتوندو تیژی وەڵامی نۆکەرەکە دەداتەوە و دەڵێ:

وە واردەی گۆشت و برنج ئاشنا نیم
وەقاپی ئاغا من شارەزا نیم
پەرێ نانێ چەور نمەبۆم نەزان
نمەبۆم غوڵام هەم سووک و هەرزان
وێت لاوەر چە لام حیلەباز، ئەفسوون
(هذا مو من شغلي أيها المجنون)
گەر نمەناسیم ها پەنەت واچی
مەلا خەلیلم پەی من چێش ماچێ؟
هەتا مەندەنان نە ڕووی سەر بیسات
نمۆم وە خادەم هەیهاتەن هەیهات
داخم لە جیاتی کەری خەڵاتم
مەکەریم ئەبلە چونکە چەلاتم

* کابرای نۆکەر دەگەڕێتەوە لای ئاغا و وەڵامی شاعیری پێ ڕادەگەیەنێ، ئەویش دووبارە دەنێرێ بەدوایا، کە ئامادە دەبێت لێی دەپرسێ، شاعیر ئەو تاقمە درۆزنانە بەدرۆ دەخاتەوە و کتوپڕ دەستوەیەخە بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە:

گەر وەتەمانی دەوران بڕانی
پەرێم بیناکەر یەک گەورە خانی



کەریش وە مەکتەب پەرێ ئەتفالان
دەرۆم تەعلیمشان فرێ وە ڕەوان
گەر نمەتاوی (ئاغا سەی ڕۆستەم)
واز چەنەم باوەر مەژنەوە بەستەم

***

* وەکو دەگێڕنەوە ئاغا ڕۆستەم خەلیل منەووەری خۆش ویستووە و ڕێزی لێ گرتووە، لە هەر کێشە و بەرەیەکدا ڕاوێژی پێ کردووە، لە دیوەخاندا هەمیشە بەلای دەستی ڕاستی خۆیەوە دایناوە، بۆیە لێی زویر نەبووە و داواکاریەکەشی بۆ بەجێ هێناوە و قوتابخانەی بۆ ئامادە کردووە، ئەویش وانەی بەمێرد منداڵان و لاوانی ئاوایی (عەرەبکۆی) وتۆتەوە، جێی نیگەرانی و داخە تەمەنی ئەو قوتابخانەیە کورت بووە و لە تەنیا ساڵێک تێنەپەڕیوە، لە پاشاندا شاعیرمان لە گزیران و نۆکەرانی ئاغا زویر دەبێ و بۆ ئاوایی (تۆپزاوە) ماڵ دەگوێزێتەوە، وەکو لە شیعری (هەجوی شەحنە و نۆکەرانی ئاغا)دا وتوویەتی:

(خەلیل) نی مەنزڵ ئانە کۆچش کەرد
پەی (تۆپز - ئاوا) بوخچە و پێخەف بەرد

***

## میرزا خەلیل هەر بۆ گەپ هەجووی ژنان دەکات[1]:

ژەن پەنج شەش ڕەنگەن ژەن پەنج شەش ڕەنگەن
ئەی بوسڵمانان ژەن پەنج شەش ڕەنگەن
تیپێ بوسڵمان تیپێ فەڕەنگەن
تیپێ مەجووسی تەبیعەت تەنگەن
ئەر لەوانە بۆ ئەویش وە نانێ
نەبۆ وە نەسیب هیچ بوسڵمانێ
نەک ڕەش چاو زاق تیکە بجایێ
سەرکا لە کولێن نەوا کەس بایێ
سفید بێ عەقڵ حەق فامش سەندەن
لاسەی سە ڕۆژە چە یانە مەندەن
نەک سوور چاو کاڵ گۆنای سغری پان
دێرخێزۆ نە چەم دوشمن مەهمان
نەک دێزەی دەلاڵ زک شۆڕو دەم گرد
گەشتێڵ و خۆڕی سەگ هەویری برد
نەک زەرد و باریک دەم پان و چاوخڕ
تەمبەڵ و تەڕاڵ لە ئیش کاس و وڕ
بەعزێکیان هەیە ئەچن ماڵ وە ماڵ
هەر لەیەک ماڵێ یەک فیتنە و ئەحواڵ
بەعزێکیان هەیە وە هەڵەداوان
هەیتێ خەسووران هەیتێ وە باوان
بەعزێکیان هەیە هەویر تورشیایە
دایم سەر شکیاو تێ هەڵدریایە

(١) شاعیرمان ئەم شیعرەی لەسەر بابەتی (تەرجیع بەند) هەر بۆ گەمە و پێکەنین و زەوقی ناومەجلیس نووسیوە، ئەگینا ڕەنگ و کورتی و درێژی باڵا هیچ لە ئاستی ژنانی هۆشیار و زانا و ڕەوشت جوان کەم ناکاتەوە، کە شاعیر خۆیشی لە شیعرەکەدا ئەمە ئیسپات دەکات لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو ژنان.



بەعزێکیان هەیە خەفۆک و خاوێر
دایم ئەڕمێ وەک کوتە تاوێر
ئەر لەوانە بۆ ئەویش وە نانێ
نەبۆ وە نەسیب هیچ موسڵمانێ
تف لەو کوڵەکان دەست و پاڕیخن
دەم و چاو نەشۆر چون گێسک سیخن[2]
بەعزێکیان هەیە کەوەی[3] کوڵگیرەن
دایەش جاش قاتر بابۆش[4] بارگیرەن
بەعزێکیان هەیە دەم تەڕو گوستاخ
پای موسڵمانان ئەژەنن وە زاخ
بەعزێکیان هەیە فیتنەی هەفت شارە
ساحێب ئیفتیراو عار و عەییارە
ئەر لەوانە بۆ ئەویش وە نانێ
نەبۆ وە نەسیب هیچ بوسلمانێ
بەعزێکیان هەیە ئەبو بەیداخە
وە زاهر حوڕە باتن ناساخە
بەعزێکیان هەیە زۆر کەللەڕەقە
وە سورەت ئاڵتوون سیرەت مەفرەقە
بەعزێکیان هەیە زۆر هەڵەواشە
غەنیم سفرەی سوقان و ئاشە
بەعزێکیان خەریک فیعل نا مەقبوول
وە دەم خۆی ئەکا وە (بنت الرسول)
بەعزێ هەڵەخەن شێتن هەمیشە
هەڵهەڵە و فیزاع کەردەن وە پیشە

(٢) سیخن: لاواز، لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (ریخن) کە بەمە سەرواکەی لەنگ دەبێ.
(٣) کەوە: ڕەنگی شین، لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (کۆنە).
(٤) بابۆ: باوک، لە دەسخەتەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (باوە) کە هەمان مانا دەبەخشێ.

وە بەعزێ ماچان حورمەتلی حورمە[٥]
تەسلیمت مەبۆ وەچەنگێ خورمە
بەعزێکیان هەیە بۆیاغ ڕشێنە
زەلام چۆکدەر و تێلا وەشێنە
بەعزێکیان هەیە مەراق وەتیکە
تەسلیمت مەبۆ هەر وە یەک فیکە
بەعزێ وەک پشی کوورەی وە تاوە
دایم هەر خەریک میاو میاوە
بەعزێکیان هەیە مەراق وە ماڵە
لە هەزار یەکێ ساحێب کەماڵە
بەعزێکیان حوڕە گفتوگۆی تاڵە
بەعزێکیان هەر وەک مائین وەفاڵە[٦]
بەعزێکیان مەغروور عاشق جەماڵە[٧]
خەنە و سورمەسێن خەریک خاڵە
مێردش ناشرین پێش نیەن ڕازی
خۆی پارە ئەدا ئەگەر بیخوازی
بەعزێ تازە بووک کۆنە ڕقازەن
مەراق وە ئاواز تەموورە و سازەن[٨]
هەر سەوزەی بیم زەرد خودا پەسەندەن
مەر خودا بزانۆ قیمەتش چەندەن
ئەر وەک سەوزە بۆ مولک جیهانی
هەر بۆ وەقیسمەت گشت بوسڵمانی
یە (خەلیل) واتەن بەندەی کەمتەرین
هەر کەس بشنەفۆ باچۆ ئافەرین

***

(٥) حورمەتلی حورمە: ڕێزو قەدر، واتە: هەندێ ژن هەن زۆر ڕێزدارن.

(٦)، (٧) ئەم دوو نیو باڵە لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نییە.

(٨) تەموورە و ساز: دوو ئامێری مۆسیقای فۆلکلۆرین، سەرەکانیان خڕ و دەسکەکانیان درێژە.



## ئاخر زەمانەن[١]

ئاخر زەمانەن ... ئاخر زەمانەن
یاران نیشانەی ئاخر زەمانەن
نیزاع عەشرەت جوملەی جیهانەن
(تایف الملوک)، (ڕۆم) و (ئێرانەن)
فرزەند وە بابۆ بێ موراعەتەن
ڕەعیە وە سەردار بێ ئیتاعەتەن
بێ فەرقەن چون یەک بەین ژەن و مەرد
ئەر مەرد باچۆ گیان ژەن مەواچۆ دەرد
شێخ بێ کەرامات مەلا موقلاجی
دەروێش کەم زیکرەن وە ناعیلاجی
شەرع (محەممەد) بییەن سەرنیگوون
ڕەواجەن فەتوای نیزام و قانوون

(١) سەر دەستەی شیعرەکە وا تۆمار کراوە: (یا خیر الحافظین): مەبەست لە خوایە کە یەکێکی تر نییە لەو چاکتر بمانپارێزێت.

شاعیر لە شیعرەکەیدا هێرش دەباتە سەر ڕژێمی عوسمانی و دامودەزگاکانیان و دەڵێ: (ئەم کۆنە پەرستانە ئەمن و ئاسایشیان نە پاراستووە، وەکو فیرعەون و هامان زوڵم و زۆر لە خەڵکی دەکەن، زۆربەی هۆزەکانی وڵاتیشیان داوە بەگژ یەکا، تەنانەت لەناو کۆمەڵدا نەریتی گەورە و بچووکیان پێشێل کردووە، کەسیش بەگوێرەی قورئان و شەرعی محەممەد پێغەمبەر (د.خ) ڕەفتار ناکات و ڕەحم و بەزەییشیان لە دڵ نەماوە، دراوسێ خیانەت لە دراوسێکەی خۆی دەکات، خەڵکی هەمیشە لەگەشت و سەیران و شەوق و زەوقی مەجازیدان، بەجەخت لە هەڵپەی کۆکردنەوەی پارە و پوول و سەروەت و ماڵدان، دزو تالانچی و پیاو خراپ زۆر بوونەتەوە، موسڵمانەکان ڕێی خودایان ون کردووە، لەسەرتاسەری جیهاندا شەڕو شۆڕ بەرپا بووە، لە پاش شام کۆڕی شەونشینی لە ماڵان و دیوەخانەکاندا نامێنێ، عوسمانییەکان باجی سەرانە و کەرانە بەزۆر لە هاووڵاتییان دەسێنن، لاوەکانیش بۆ سەربازی قاف دەکەن، ئاخ بۆ میرێکی چاو نەترس و هەقپەروەر بێتە سەر تەخت و تاقمی پیاو کوژو دز و درۆزنان لە ناو بەرێ و بۆ خەڵکی ئازادی بەرپا بکات و هەژاران لە چنگ کوێرەوەری و ستەمکاری ڕزگار بکات، ئینجا شاعیر پێشبینی دەکا و دەڵێ: ڕۆژێ دێ پیاو دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و فەرمانی ژن، خەڵکیش ئاینیان بەدینار دەفرۆشن ...هتد.

گوم بییەن ئیجرای عەدل و عەدالەت
سەردان لە عالەم زوڵم و زەلالەت
هامسا وە هامسا مەکۆ خیانەت
نەمەندەن ئەرکان ئەمن و ئەمانەت
حەدیس نا مەسمووع گشت سەرفرازەن
عالەم لە سەیران لۆتی و ڕەققازەن
ئەر لە مەجلسێ بوانان قورئان
فیرار مۆ نەوجا مەخلووق زەمان
ڕەحم ئیسلامی نەمەندەن لە دەور
زاڵم وە مەزڵووم مەکۆ زوڵم و جەور
غیرەت مەردی نەمەندەن لە عام
هەرئیسم ڕەسمی مەندەن چە ئیسلام
حەدیس نەبی تەسدیق بی تەمام
فەرمان(٢) لە حەدیس شای (خیر الأنام)
مەیۆ پەی ئومەت یەک دەور و زەمان
فیعلشان چون فیعل (فیرعەون) و (هامان)
زەن وێنەی قیبلە مەکەران تەواف
دینشان دینارەن بێ درۆ و گەزاف
قورئان مەوانان مەکەران نماز
فیعلشان بەدەن تەمام حیلەساز
وە ڕەسمەن ئیسلام مەواچان پێشان
خوداوەند غەزەب مەگێرۆ لێشان
وەختێ وەی تەور بۆ ئومەت پڕ سزا
خوداوەند پێمان مەنمانۆ جەزا
چە فسق و فەساد چە بێ ڕەحمی عام
بەرەکەت لە ئەرز هورگیریان تەمام

(٢) فەرمان: فەرموویەتی.



حەدیس قانوونەن(٣) فەلاحان تاغی
سەلا بوەرین مل کەچان باغی(٤)
قەتل ئیسلامان ئەوەن بسیارەن
لە هەر ئەترافێ(٥) قەتل و کوشتارەن
لەگشت ئەقلیمێ هەر فەتارەتەن
هەر حەرب و زەربەن قەتل و غارەتەن
(زەنگاباد)، (جربە)، (قەرەبلاغ)، (شامار)
(پالانی) و (سنجەر) نە ڕووی ڕۆزگار(٦)
(داودە) و (قارسن)، (زەنگنە) و (زنە شار)
(کفری) لە ناوڕاست قەلای سەوزەوار(٧)
لە خەوف جەردە کەس نییەن وە کەس
ئەتراف شارش(٨): گشت لوان وە بەس
عەشایر دەمار شارستان کەندەن
ناموس و ئیتبار(٩) تورکمان نەمەندەن
شەونشین نییەن چە (بَعْدَ العَشا)
درێغا چە کۆن ئەو (یوسف پاشا)(١٠)
(میرلیوا) چە کۆن غیرەت بنمانۆ؟
حەق مەزڵومان یەک یەک بستانۆ

(٣) حەدیس قانوونەن: واتە – لەو سەردەمەدا تەنیا قسە و قسەڵۆکیان کردووە بەیاسا کە شاعیر پێی ڕازی نەبووە.
(٤) ئەم خشتە شیعرە لە دەسنووسەکانی مەلاعەباس و سەید وەهابدا نییە.
(٥) ئەترافێ: لە دەسخەتەکەی سەید وەهابدا نووسراوە، (ئەقلیمێ)، لەم حاڵەتەدا وشەکە دووبارە دەبێتەوە چونکە لە خشتی دووەمدا هەمیسان هاتووە.
(٦)، (٧) ئەم دوو خشتەیە لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا نییە.
(٨) شارش: لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (شاران).
(٩) ناموس و ئیتبار: لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نووسراوە (ئیتبار و ناموس)
(١٠) یوسف پاشا: سەردارێکی تورکی سەردەمی عوسمانییەکانە.

پەیدا بۆ وێنەی قەزای ڕەببانی
پەی قەتل و غارەت شای (تاڵەبانی)
بەقووەی نیزام هەم ئێستر سوار
وە تۆپ قەڵاشان کەرۆ یەختەسار
کوا (سمایل پاشا)ی[١١] ساحێب عەدالەت
سەرو ماڵشان بەرۆ وە غارەت؟
گشت پشقل فرۆش مەحسووس سوارەن
نیشانەی ئاخر ڕۆی ڕۆژگارەن
ئەتراف عێراق بییەن یەختەسار
عالەم ها چە زوڵم مەکەرۆ فیرار
جارێ (سەرانە)، جارێ (کەرانە)
جارێ ڕەشبگیر زوڵم زەمانە
جارێ (شەخسییە)، جارێ (ئینسافی)
(عوسمانیلەرن بودر ئینسافی)
یاران بزانن ئاخر زەمانەن
عالەم چە تەمع وێنەی شەیتانەن[١٢]
ئایل هەفت ساڵە مەکەرۆ تەلاش
ها چە وەلوەلە کاسبی و مەعاش[١٣]
زاڵمان غەددار مەزڵووم زەلیلەن
بێ پارە سەرسام سەخت سەفیلەن[١٤]
توججار تەمعکار کاسبان موحتاج
پارەدار لە عام حەرفشەن ڕەواج[١٥]

(١١) سمایل پاشا: ناودارێکی تورکی عوسمانییە.
(١٢) ئەم خشتەیە لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا نا دیارە.
(١٣) ئەم خشتەیە لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا پاش و پێش کراوە لەپێش "١٦" خشت تۆمار کراوە، ئێمە بەگوێرەی دەسنووسێکی شاعیر لە جێگای خۆیدا تۆمارمان کردن.
(١٤)،(١٥) ئەم دوو خشتەیە لە دەسخەتەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا تۆمارنەکراوە.



نەجای (ئەخ) و (ئوخت)[١٦] فرزەندەن پارە[١٧]
پدەر و مادەر دڵبەندەن پارە
پارە وێنەی سەنگ تەمام بسیارەن[١٨]
فەقیر و زەنگین تاڵب وە پارەن
جاران چل (چەرخی) بوەردای گومان
مەواتن فلان عەنقان لە جیهان
ئێستە هەرکەسێ یەکجار هەژارە
وە هەزار لیرە[١٩] نماچۆ پارە
ئیمجار بێن وە سەیر عارەبان بەڕ
بێ شەرم و شەواڵ لنگ ڕووت و بێفەڕ
عەرەب پاپەتی ئەوەن وە کارە
(ترك السبيل يشرب جگارە)
هەرکەس لە عەرەب بچێ وە ناو شار
چە دوکانداران چیزێ کۆ بازاڕ
(أني أبو جاسم هم أبو زهوة
أشرب چاي ورق ما أشرب گهوة)[٢٠]

(١٦) ئەخ و ئوخت: لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا نووسراوە (ئیخوانت).
(١٧) ئەم خشتە شیعرە لە چامە شیعرەکەی (پارەی پەتیارە)شدا دووبارە کراوەتەوە.
(١٨) ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا بەم جۆرە دارێژراوە: (پارە نە عالەم ئەوەند بسیارەن).
(١٩) لیرە: لە دەسخەتەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا نووسراوە(قڕان)
(٢٠) شاعیر لێرەدا بەدەم عەرەبێکی لادێی فیشاڵبازەوە بەعەتارێک دەڵێ: (من باوکی جاسمم و ئازاو جوامێرم، چای دەنۆشم و قاوە ناخۆمەوە، گەڵا چایی (دەرمان چایی) چاکم لێت دەوێ، ئەم شەکرە هی (عەرووس) واتە: (رووس) نییە، بۆیە خراپە و پوولێ ناهێنێ، بەرماخێ ئەستەمووڵی کارخانەی چاکم بۆ دابینکە، ئیشی بەغاییم ناوێ، چونکە ئەوەی بیکێشێ حاڵی شڕ دەبێ)، ئینجا شاعیر هەجووی عەرەبەکە دەکات و دەڵێ: (دەک عومرت نەمێنێ عەرەبی لنگ ڕووت) دە بڕۆ قاوە بخۆرەوە، وا ئیرزائیل بەڕێوەیە گیانت بکێشێ، تۆ جاران سواری وشتر دەبووی و ئاوی بیرو نانی جۆت دەخوارد دە بڕۆ ئەی کوڕی هیچ و پووچ سبیلێک و بەرماخێکی کەرکووکی هەڵگرە، زووتر=

(جيب ألي شكر مال أبو فنجان
ورق الخلدار مال أشنو لاجان)
(هذا الشكر مو مال العروس
أني ما أريده مايسوه فلوس)
(جيب ألي عطار كتان البرماغ
شغل الأستانبول كرخانة الساغ)
(ما أريد منك عمل البغداد
منهُ يَشْرَبُ يسير برباد)
عومرت نەمێنێ عارەب لنگ ڕووت
(روح أشرب گهوه جاك ملك الموت)
(أنت چان أول ركبت بعير
شربك ماء البئر هم خبز الشعير)
(أنت شيل) یەک بەرماغ کەرکووک
شيل فرد سبيل أي أبن الچروك)[21]
(شربت الچاي من بول الجاموس
هسع ماتريد شكر العروس)
(أنت أبو أردان ليش هموندي؟
تشرب جگاره مثل أفندي)
(بلچي سنتين يسير دوام
جگاره مو شغلك أي أبن الگام
(عگال راسك ليش سار مِرعزي
زت هل جگاره أشرب منَ تيزي)

= میزی گامێشت لە جیاتی چایی دەخواردەوە، ئێستە بەشەکری ڕووسی ڕازی نیت؟ تۆ خاوەنی دیشداشەی قۆڵداری، خۆ تۆ هەمەوەند نییت تا وەکو ئەفەنی جگەرە بکێشی؟، لە دوو ساڵ زیاتر ناتوانی لەسەری بەردەوام بی، چونکە ئەمە ئیشی تۆ نییە ئەی کوڕی خوێڕی، بۆ عەگالەکەی سەرت لە مووی بزنە؟، ئەم جگەرەیە فڕێدە، وەرە لەکونی خوارەوەی بەندە بخۆرەوە!

(٢١) لەم خشتەیە بەدواوە لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا بڕێ پاش و پێشی تێدا کەوتووە، ئێمە سوودمان لە دەسنووسەکەی شاعیر خۆی بەدەسهێنا.



جاران عارەبان پا پەتی و ڕەزیل
لەقەف قامیش مەسازان سەبیل
تووتن شاور فشقی تەرس خەر
سەبیل بەند مەکەن وە عەگال سەر
چێش کەرۆن نە دەست دەور بێکارە
عەرەب مەواچۆ (أشرب جگارە)
یە گشت وە سەبەب بسیاری پارەن
عەرەب وە مەراق چایی و جگارەن
ئیمجار بێن وە سەر کوردان تەمبەڵ
.......... .......... جەوەڵ
چون خرس کێوی هەر لە جەوەڵن[22]
دایم هەر خەریک مانگا وەکەڵن[23]
وردە شاتری عێڵی پشت ماڵە
ژەن وەبێ مارە پێیان حەلاڵە
سەنیر و پەنیر یەکەن چە لاشان
بێ باوەڕ وە ئەمر شێخ و مەلاشان
شەب چەنی شەکەر چەلاشان یەک فەرق
خۆشاو پشقل نەجای چای وەرەق
شەربەت شەکەر میز مانگا زەرد
مەنۆشان (...) وێنەی بەرف[24] سەرد
ئێستە شەربەتێ نەوێ پڕ گوڵاب
قەحەن نایخواتێ (...) کەر باب

(٢٢) هەر لە جەوەڵن: لای مەلا عەباس و سەید وەهابدا نووسراوە، (هەردەم لە چۆڵن).
(٢٣) وەکەڵن: لای مەلاعەباس و سەید وەهابدا نووسراوە (وە کۆڵن).
(٢٤) بەرف: لای مەلا عەباس و سەید وەهابدا نووسراوە (بەفر) کە هەمان مانا دەبەخشێ.

شەکەری عەرووس ئەبو فنجانی
وەرەق خاڵدار کار (کیرمانی[٢٥])
تاقم کارخانە نەوێ زەڕلی زەڕ
چایی ناخوا پێی قەوم دۆینە خۆر
(حەمە وەیس)[٢٦] قوربان جاران تۆ وە قەرد
کەم کەم ئەخواردت میز مانگا زەرد
خۆشاوی پشقل نە جای چایی بوو
دەماخت مەغروور زۆر هەوایی بوو
ناوی جگارە چی بوو نەتزانی
کەرێ وە کار بووی ورچێ بەڕانی[٢٧]
ئێستە پارە تۆی کردووە کەللەڕەق
فێری وە شەربەت قاوەو چای وەرەق
بەعید بوو لە ڕەسم پیاوەتی و پییا
کێرت لە کوز نێرەکەرت چییا[٢٨]
ئاگرم لە قەور باوکت بەرداوە
ئێوارە چایی وەرەق نەماوە
ئەسڵت مەعلووم بوو عەشرەتت بێ خێر
تایفەی ئەحمەق پەلەکوت وە کێر[٢٩]
تاقم حازر کە وا منیش هاتم
بێنە میسقاڵێ میز دایکە فاتم
لە شۆن وەرەق بیکە وە قۆری
هەڵیقۆڕینە ترت بەگۆری

(٢٥) کیرمان: ناوی ناوچە و شارێکە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئێران، لە دەسنووسەکەی سەید وەهاب بووەتە (گەرمیانی).

(٢٦) حەمەوەیس: یەکێکە لە سەرەک تیرەکانی هۆزی جافی ئەو ڕۆژگارە.

(٢٧) ئەم خشتەیە لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس و سەید وەهابدا تۆمار نەکراوە.

(٢٨) ئەم خشتەیە لە دەسنووسەکەی سەید وەهابدا نەنووسراوە.

(٢٩) ئەم خشتەیە لە دەسخەتەکەی سەید وەهابدا تۆمار نەکراوە.



چارەگێ وردەی تەرس بارگیر بۆز
ورد ورد بیکوتە وە دنگ لە ناو هۆز
بیکە وە قامیش لە شۆن سبیل
تووتن یازوغەن هەر بخۆ زبیل
خاک وە سەر تیپ ئەفەندی سەرا
هەنی بێدەنگ بن نەکەران هەرا
ئەر عارشان بۆ (ئەبو فێس قرمز)[٣٠]
ئیتر جغارە نۆرانێ هەرگز
چونکە مۆرۆش عارەب و جافان
هەنی تەرک بکەن گەزاف و لافان
جغارە و چایی تەمام کەران تەرک
هەنی نەنۆشان تا وە ڕۆژ مەرگ
گاوان و شوان، بەڕی و بەڕانی
جغارە ئەخۆن وەکو عوسمانی

***

(٣٠) ئەبو فێس قرمز: مەبەست لە تورکە، چونکە ئەو جۆرە فێسانە (تەقیلە) هی تورکە.

## هەجووی چەنعان[١] ناوێک

چەنعان بەقوربان جاران تۆ چە هۆز
کەم کەم مەواردت میز خەرە بۆز
میز خەرەبۆزت مەکەرد وە جەزوە
مەدات وە یابا چە باتی گەهوە

***

شاعیر لەم تاکە شیعرەیشدا وتوویەتی...

ئەوساکە زانیم (کفری)کاولە
ئەعزای مەجلیسمان (قۆجە شاولە)[٢]

***

(١) چەنعان: کابرایەکی عەرەب بووە لە دەڤەری داقووق خۆی بەدەم سپی زانیوە، زۆر حەزی لە نۆشکردنی قاوە بووە.

(٢) ئەم قۆجە شاولە (جوو) بووە، کراوەتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کفری، شاعیر ئەمەی پێ ناخۆش بووە، جا بەو تاکە شیعرە نارەزایی خۆی دەربڕیوە. ئەم خشتە شیعرە زۆر کەس لە دانیشتوانی کفری لە بەریانەو لە کاتی پێویستدا وەکو پەند بەکاری دێنن.

شێخ محەمەدی خاڵ بەپەندی پێشینانی زانیوە بۆیە لە کتێبەکەیدا (پەندی پێشینان)کە لە ساڵی ١٩٧١ی ز. دا بڵاوی کردۆتەوە لە لاپەڕە (٥٥) بەم جۆرەی بڵاوکردۆتەوە (ئەو جا بزانە کفری کاولە ... ئازای مەجلیسی قۆجە شاورە).



## دەمەتەقێی خەلیل منەووەر و شێخ ڕەزای تاڵەبانی[١]

* لە ساڵی (١٩٧١ی ز)دا چەند چامە شیعرێکمان لە سەید بورهان[٢] بەدەسهێنا کە بریتین لە دەمەتەقێێ نێوان دوو شاعیری کلاسیکی، لە شیعرەکاندا بەتوندو تیژی هێرش دەکەنە سەر یەک، لە دەسنووسێکی کۆندا تۆمارکراون، بەدەست و خەتی شاعیر محەمەد[٣] چۆبانی کاکەیی لەساڵی ١٣٤٧ی ک. نووسراون، گوایە شیعرەکان هین شێخ ڕەزا و خەلیل منەووەرن، جا ئەگەر بێت و بەوردی لێیان وردبینەوە بەجوانی بۆمان دەردەکەوێ ئەو شیعرانەی کە دراونەتە پاڵ شێخ ڕەزا لە بەرهەمی ئەو ناچن، جا ڕەنگە خەلیل منەووەر، دژ بەشێخ ڕەزا و ورە بەرز کردنەوەی کاکەییەکانی ئەو ڕۆژگارە ئەم کارەی کردبێ، ئەمە لە تۆڵەی ئەو شیعرە نارەوایەی شێخ ڕەزا کە وتوویەتی: (بابان باشندە بیر باتمان یەشیل وار)... هتد.

کە تیایدا کوێرانە هەجووی کاکەیی کردووە و لە دیوانەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمە نەک تەنیا ڕای ئێمەیە بەڵکو ڕای هەندێ لە ڕووناکبیران و شیعر دۆستانی شێخ ڕەزایشە، هەروەها ئەم شیعرانە لە کاتی خۆیدا نەک تەنیا بەدەستی شێخ ڕەزا نەگەیشتوون بەڵکو لەناو چوار چێوەی کاکەیی گەرمیانی کەرکووکدا نەچوونەتە دەرەوە و نەبینراون.

بەهەرحاڵ هین شێخ ڕەزا بن یان یەکێکی تر ئێمە ئەوەمان بەچاک زانی لێرەدا بەئامانەتەوە بڵاویان بکەینەوە چونکە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا سوودی تایبەتی خۆیان هەیە بەتایبەتی لە بواری هەجوودا کە لەم بابەتە شیعرانەمان کەمن.

(١) شێخ ڕەزا (١٨٣٥ - ١٩١٠ی ز.) کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانییە، بەکوردی و تورکی و فارسی شیعری وتووە، زۆربەی بەرهەمەکانی تیر و پەلار هاوێشتنە (هەجوو)، دیوانەکەی بۆ چەندین جار لە چاپدراوە.

(٢) سەید بورهان (١٩١١ - ١٩٧٦ی ز) کوڕی سەید ڕەشید ئاغایە، ناودارێکی ئاینپەروەری کاکەییە، لە شاری کەرکووک دادەنیشت، دۆستایەتی لەگەڵ مەقام و شیعردا هەبووە، لە ساڵانی (١٩٧٤ -١٩٧٥ی ز.) بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا کردووە.

(٣) محەمەد چۆبان (١٨٩٠ - ١٩٣٥ی ز.) ئەم زاتە خۆشنووس و شاعیر بووە، نازناوی (کەساس)ی بۆ شیعر نووسین هەڵبژاردووە، خەڵکی شاری کەرکووکە، شیعری بەشێوەزاری (گۆران) نووسیوە، بڕوانە کتێبی شاعیر و ناودارانی کاکەیی - هەردەوێڵ کاکەیی ١٩٩٠ی ز. بۆ سەرگوزەشتە و بەرهەمی ئەم شاعیرە.

## شێخ ڕەزا لە ڕێگای خەلیل منەووەرەوە

## هەجووی کاکەیی دەکا...

کاک (خەلیل) گوێدەر وەی گفتارانە
بواچی پەرێت شۆن و نیشانە
(کاکەیی) ڕەزیل چۆن بێمە لاتان
چۆن بەپێی خۆم بچمە ناو داوتان؟
هەرکە دەبینم لە زومرەی ئێوە
بێهۆش دەکەوم شێت دەبم لێوە
چونکە سیفاتتان پیسە ناشیرین
هەرکەسێ بگرن دەیژەنن لە خوین
لە یادم ناچێ منیان گرت بەداو
منیان سنک کرد وەک حەیوان بۆ ئاو
تا منیان بردە دیوان (سەی خەلیل)[1]
ئەر تۆ نەبوایەی زۆر دەبووم زەلیل
یەکێ بەتێلا یەکێ بە خەنجەر
یەکێ دەست بەچەک یەکێ بەنیشتەر
یەکێ دەست بەپەت بۆ گەردەنی من
لاچۆ لاچۆ بوو بۆ پاوەنی من
ئیتر چۆن نەکەم من زەم کاکەیی
چۆن دەرنەهێنم دوو چەم کاکەیی
ئیتر چۆن نەکەم غەزای کاکەیی
ئیتر چۆن نەگرم قەلای کاکەیی

(١) سەید خەلیل (١٨٥٦ – ١٩٣٢ی ز.) سەرەک هۆزی کاکەیی بووە لە سەرتاسەری عێراقدا، لە ئاوایی تۆپزاوە دادەنیشت، لە چەند شوێنێکی تریشدا ناوی هاتووە.



خۆ جەنگی مەیدان ئاوایی لاسین[2]
لە یادمان ناچێت گشت دەست بە فاسین
بە باڵتەی دەم پان دەدەین لە سەرەتان
سەر بێ بەدوو کەرت ناهێڵێن کەستان
ئێوە چۆن کردتان شەبەیخوونتان
قەریەی (تاڵەبان)[3] غەزا کردتان
ئێمە دوو قەدجار دەسێنین حەقمان
جەرگتان دەبڕین بەتیر خەدەنگمان
گوندی سەی خەلیل (تۆپزاوە)ی ناوە
خشتی ناهێڵین دەیکەن کەلاوە
چەند کەستەکێ لە، ناتۆپز ئاوا
سەوقی دەکەین بۆ فەندی سەرا[4]
ئەفەندی سەرا سەی وەڵەی ناوە
زۆر درندەیە زوڵمی لا باوە
دەیەوێ بەزۆر هەر بەخۆڕایی
خاکمان داگیرکا بۆ قەوم کاکایی
دەبا بزانێ تا گۆڕو ئەڵحەد
ناگا بەئاکام گەر بێ بەسەرحەد

(٢) لاسین (لاشووم): شوێنەواری شارێکی کۆنی مەسیحیەکانە، دەکەوێتە خۆرئاوای داقوقەوە بە (٨) کیلۆمەتر، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم کاکەییەکان و تاڵەبانییەکان بە دوو قۆڵی ئاوەدانیان کردەوە، لە پاشاندا لە ساڵی (١٩٠٣)ی ز. هەمیسان بووەتەوە کەلاوە، هەنووکە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە.

(٣) قەریەی تاڵەبان: مەبەست لە ئاوایی (لاسین)ە، دانیشتوانی بریتی بوون لە (کاکەیی) و (تاڵەبانی)، لە ساڵی (١٩٠٢)دا لەسەر زەوی و زار هەندێ شەڕو ئاژاوە کەوتە نێوانیانەوە و لە پاشاندا ئاشت بوونەوە.

(٤) فەندی سەرا: مەبەست لە سەید وەڵەد کوڕی سەید محەمەد کاکەییە و برای سەید خەلیل ئاغایە لەچەند شوێنێکی تردا ناوی هاتووە.

مەواچە (رەزا) خەیاڵش خامەن
شیعرو گفتارش قسەش بێ تامەن
خەیلێ قەهرم هەن جەرگم کەواوەن
عەینم پڕئێشەن وێنەی شەتاوەن
ڕۆژێکی مابێ شێخ لەم دنیایە
رەگی کاکەیی لە بن فەوتایە
***



## نامەی میرزا خەلیل بۆ شێخ ڕەزا

رەزای تاڵەبان ... ڕەزای تاڵەبان
هۆش باوەر وەسەر ڕەزای تاڵەبان
مەلە وە مەیدان چەنی نەزانان
وێت مەدەر قەڵەم چەنی ناکەسان
مەوەر وە دوژمن پەی تۆمەن فرزەند
مەوەر وە خاوەن گفتەی ناپەسەند
کاکەیی شیرین، شیرینتر چە قەند
وەچی پەی ڕاستی زوانت کەردەن بەند
دیارەن وێت کەردەن وە پیاو ئەغیار
هەم تانە مەدی چە دۆستان و یار
کێ دییەن (رەزا) عەشرەت سەرانسەر
ببۆ وە خەراو نە ڕاگەی خەتەر؟
تۆ چەمت کۆرەن نییەنت بەسەر
وەبێ دیدەنی مەشانی کەمەر
چەنی (تاڵەبان) وەزات داوەر
براین هەردۆ لا خەیاڵ پیس لاوەر
شێخەنی نۆکەر پەی ماڵ و پارە
پەوکە خیتابت دائیم وە قارە
درۆ و چروکیت وەپیشە کەردەن
پەناهت وەلای ناکەسان بەردەن
کردارت پەی عام وەک هۆر ئاشکارەن
گردین مەواچان ڕەزا بەدکارەن
حەیفەن پەی مەردم پەی جیفەی دنیا
نی دنیای ڕەوشەن وێش کەرۆ ڕوسیا
نەسیحەت(خەلیل) خاس بکەر نۆشت
نەوا کاکەییان بوڕان گۆشت

## نامەی شێخ ڕەزا بۆ خەلیل منەووەر(*)

ئەی هاپۆ خەلیل بژنەوە قسەم
ئەحواڵ کاکەیی بۆت بەیان بکەم
سوێڵیان درێژ ڕدێن تەخت و پان
دەڵێی جنۆکەن هاتوون لە ئاسمان
بێ نوێژ و کافر ئاینیان نییە
باشە و خراپە هیچ لایان نییە
هەقی کاکەیی غەزایە بەخوا
هەموویان فەوتکەی ببن بەریسوا
حوکم (رەزا) بێت گەر لەم سالانە
وابزان کاکەیی هەمووی تالانە
ناهێڵم کەسیان بجووڵێتەوە
زنجیریان دەکەم سڕ بلێتەوە

***

(*) چەند خشتە شیعرێکی ئەم چامە شیعرەمان لێرەدا تۆمار نەکرد لەبەر ئەوەی لەگەڵ دابونەریتی ئەمڕۆدا ناگونجێ.



## وەڵامی خەلیل منەووەر بۆ شێخ ڕەزا(*)

(ڕەزا) نەواچی وە یاران خەراو
نەڕۆژ فەردا ڕووت مەبۆ سیاو
هەنی تۆبەت بۆ (ڕەزا) بەد مەواچ
وە گشت میقرازێ ڕیش وێت مەقاچ
وێت سەنگین بگێر وەک مێرد دوڕناس
نەک ببای غەمگین، زەبوون و کەساس
هەم چەنام دۆستان جاگەت ببۆ لەق
نەک کۆگای خەمان دڵت کەرۆ تەق
قسەی ساغ واچە خاس کەرەش مەوزوون
پاک و بێ لاف بۆ سافتر چە ئاڵتوون
وێت وە هامراز بەد قەوا مەکەر
چەنی فاسقان وێت ڕیسوا مەکەر
چەند دەفعەن ماچی وێت نەزان مەکەر
وێت شێت و شەیدای نام شاران مەکەر
جیهان مەزانۆ کاکەیی مەردەن
گردین دامان پاک جەمین بێگەردەن
کەس وە گفتەی تۆ باوەڕش نییەن
گشت چە ڕەبابەت گۆشش بڕییەن

(*) شاعیر لە شیعرەکەیدا داوا لە شێخ ڕەزا دەکات خۆی نەکا بەهاوڕێی گرۆپی درۆزن و بەدڕەوشت و هەرزەکاران، گوللەش بەتاریکییەوە نەنێت و ئیتر قسەی پڕوپووچیش بەکاکەیی نەڵێت، ئینجا دەڵێ: (ئەگەر دەڵێی خاوەنی سمێڵین بەڵێ وایە، ئەمەش خەڵاتی خوایە داویە بەپیاوان، دە بڕوانە ژنێک سمێڵی هەیە، وا دەردەکەوێ تۆ نامانناسیت، دە وەرە ڕۆژێ ببە بەمیوان و لە نزیکەوە ئاشنامان بە، بڕوانە ئێمە چەند ڕێز لە میوان دەگرین و خزمەتی دەکەین، ئێمە دەزانین خەڵکی بەقسەکانت باوەڕیان نییە و گوێیان لە دەنگی ڕەبابەت بڕیوە، زوڕنات بێ ئاواز و تەپڵیشت لە مەقامەوە دوورە، ئەو دەنگە ناسازانەت جەرگی ئێمە و خەڵکییان بریندار کردووە).

زوڕنات بێ ئاواز تەپڵت بێ مەقام
خەڵکان چە دەنگش جەرگشان مەبۆ زام
گفتارت خامەن خەیاڵت بەتاڵ
کەللەت فاریغەن وەکو زرکی تاڵ
پەی چێش دەماغت پەوسە بەرز بییەن؟
مەیلت پەی بەدی پیشە و فەرز بییەن
ساحێب شواربین خەڵات ئیللان
دانش وە مێردان پەی ڕەمز و نیشان
گەر نمەزانی بلە لای ژەنان
بزان سمێڵش هەنەن کەسێشان؟
کەس حەد نە دارۆ غەزامان کەرۆ
جەنگ و عەداوە چەنیمان کەرۆ
درۆ خاس نییەن زبان وێت بگەز
وێت کەردەن وە لووت پەرێ نارەگەز
ئێمە جەمیعەن یەک دەس و دڵێن
هەم ڕەوشەن دەروون لە وێنەی گوڵێن
ئەگەر نەداری باوەڕ و ئیمان
ڕۆیی چە لامان بوەر وە مێمان
بوینە حورمەت خاس بناسەمان
وەسەن مەشانە دوورە کەمەران
(خەلیل) هەتا کەی تەنبیهت کەرۆ
چە دەم شێران خەڵاست کەرۆ

***



## خەلیل منەووەر جارێکی تر هەجووی شێخ ڕەزا دەکات

چەم زاق لووت پان چناکە دراز
وەچی مەلوولنی وێنەی سپەباز
سپەباز بدی پەنەش خوشکەنان
مەبۆ وە ئاشنا تا بمانۆش گیان
بەڵام تۆ ئەوەند دوور چە وەفانی
پەرێ دۆست وێت پڕ نەجەفانی
نان بدی پەنەت گەر ڕۆیە سە جار
مەکەریش زایە هەم مەدیش هاشار
مەواچی هەرگز نەدییەنم وە چەم
یەک ڕێزە نانت نەلوان وە شکەم
چێشەن مەزەڕنی وێنەی نێرەخەر
دە وەسەن بارە عەقڵ و هۆش وەسەر
زەڕە زەڕ ڕەزا پەی زەڕو پارەن
ڕەزا پەرێ زەڕ نەیار بێزارەن
وەڕۆ مەوانۆ قورئان چە مێراو
وەشەو هان چە تۆی ناکەس ناپیاو
چەنی شەو دزدان یاوەریش خاسەن
پەی حەراموارده خەیلێ کەساسەن
وەڕۆ چە لای عام فرێ خوا ناسەن
بەڵام نە ڕاستی کەردەش پەڵاسەن
وێشو ڕەفیقش پەی نان و کەوا
وێشان بەد کەردەن کەردەی ناڕەوا
ڕەزا عارت بۆ ئی حەرفە وەسەن
حەرف نا دروست پەرێ کەس مەشەن

***

# داستانه شیعر

## داستانی شەهیدبوونی سەید ئەحمەدی بەرزنجی[١]

ئیبتیدا بەنام (پاتشای سەمەد)
بواچۆن داستان قەتل (شێخ ئەحمەد)[٢]
شەممێ چە تەعریف ئەو زات سەروەر
مەبۆ بنویسۆن بەنەزم وە دەفتەر
دادمەن چە دەست گەردوون گەردان
بەعزێ سەرئەفراز، بەعزێ سەرگەردان
بەعزێ مەرد کەردەن وە ڕوباه پیر
بەعزێ زەن کەردەن وە ساحێب شمشێر
بەعزێ غەرق کەردەن وە خەزێنەی ماڵ
بەعزێ پۆشنان ئەو بەخەرقەی شاڵ
بەعزێ چە تەریق ئیسلام مەطروودەن
بەعزێ نە دەعوای (شمر) و (نەمروودەن)
بەعزێ ها چە سەف (شداد بن عاد)
بەعزێ گوم کەردەن ڕاگەی عەدل و داد
بەعزێ هانە زوڵم زەواڵ و زەرەر
بەرشیەن نە زیکر (الله أکبر)
بەعزێ موشتەغیل فیسق و فەسادەن
نە ڕای بێ دینی غەدرش زیادەن

(١) شاعیر ناوونیشانی داستانەکەی وا داناوە: (بیان مقتل سید أحمد برزنجه در شهر موصل)، واته: دەربارەی کوشتنی سەید ئەحمەدی بەرزنجی لە شاری موسڵ دا).

(٢) شێخ ئەحمەد: کوڕی شێخ سەعید کوری شێخ محەمەدی بەرزنجییە، خۆی و باوکی و شێخ مەحموودی حەفید دوای شۆڕشی تورکە لاوەکان لە سلێمانییەوە دوور خراونەتەوە موسڵ لەڕۆژی دووەمی جەژنی قوربان لە ساڵی (١٣٢٦ی ک.)دا بەرامبەر بە(١٩٠٨ی ز.) خۆی و شێخ سەعیدی باوکی و چەند پیاوێکیان بەدەسیسەی کاربەدەستانی تورک لە شاری موسڵ شەهید کراون و شێخ مەحموودی نەمریش دەرباز بووە.



بەعزێ چون (یەزید) نە ڕووی ڕۆزگار
گوزەشتەن چە حەق دین دان وە دینار
تایفەی توغیان (سلێمانی) شار
تووتن فرۆشان، گشت تازە توجاڕ
زبان زەم فشان حەرف بەد کەلام
بێ حوجب و حورمەت بێ ناموس و نام
زیکر زبانشان دوشنام عەرزەن
لەفظ فەحش ئالوود چەلاشان فەرزەن
نیەن چەلاشان حەیا وە ئیمان
سفرن نە سەنەد ئاداب و ئەرکان
نەو ڕۆژ (کاک ئەحمەد) شێخ پڕ سیفات
بەفەرمان حەق کەردەنش وەفات
ڕەونەق نەدارۆ شار (گوڵعەنبەر)
کاشکە بەوێنەی موڵک (شارەزەڕ)
بەقووەی پیران موعجیزەی (حەیدەر)
سەرازێر بییا چە پا تا وە سەر
خەزێنە غایب نە ڕووی ڕۆزگار
نەجای خزێنە قەرار داد بێمار
گوڵ بەرشی نە تۆی باغ (ئیرەم) دار
مەندن بەخاکش دەستەی خەس و خار
کارش وەی تەورەن گەردوون پڕ گەرد
مەیدان مەدەرۆ وە زومرەی نامەرد
نیعمەت مەدەرۆ وە کەلب کیبار
دەوڵەت مەدەرۆ وە جەمع حیمار
ئەهل (گوڵعەنبەر) بێ ڕای بێ ئەتوار
تایفەی توغیان توجاڕان شار

جەم بێن چەند نەفەر بێ ڕەحم و ئینساف
پەی مولک (بەغداد) کێشان تەلغوراف
یەک تەلێ دیگەر بە(مووسڵ) ماوا
تەلکاری کەردن سوب تا خۆراوا
چەند تەلغورافێ پەی (باب عالی)[٣]
پەی (شێخ الأسلام)[٤]،(میرلیوا)و[٥](والی)[٦]
مەعلووم بۆ لێتان ڕوئەسایی ڕۆم[٧]
شار (سلێمانی) تەمام بۆ وە دۆم
دۆمیش لە ئێمە خاستـرەن یەکجار
چە خەرج و خاوەی شێخان زۆردار
یەکسەر تەلەف بوو فەقیر و هەژار
زەلزەلەی ستەم زوڵم نا هەنجار
مەستانان ئەعشار کۆدە دووبارە
سەر کوللی پەسێ پەنج قران پارە
دادمان نە دەست زوڵم (شێخ سەعید)[٨]
نە ڕاگەی ڕاستی حەقیقەت بەعید

(٣) باب عالی: دیوانی سوڵتانی عوسمانی.
(٤) شێخ الأسلام، سەرۆکی هەموو موفتییەکان، سەرناوە بۆ ئەو زانا ئاینییەی کە شەرعی هەموو دانیشتوانی دەوڵەت دەکات.
(٥) میرلیوا: پلەی (لیوا) لە سوپای عوسمانیدا.
(٦) والی: پارێزگار
(٧) ڕۆم: مەبەست لە وڵاتی تورکیایە.
(٨) شێخ سەعید: باوکی شێخ ئەحمەد و شێخ مەحموودی حەفیدە، لە ساڵی (١٩٠٨ی ز.)دا لەگەڵ شێخ ئەحمەدی کوڕی لە شاری موسڵ شەهید کراون، جا لێرەدا تەنیا شاعیر خۆی بەرپرسیارە لەوەی کە ئەو زاتە و شێخ مستەفای نەقیب و شێخ مەعرووفی بەرزنجی بەزۆردار داوە لە قەڵەم و گلەییشیان لە دەست دەکات، جا تکا لە نەوەکانیان و سەرجەم بنەماڵەی سەییدەکانی بەرزنجی دەکەین لێمان نیگەران نەبن چونکە داستانە شیعرەکە نزیکەی (١٠٠) ساڵێک لەمەوبەر وتراوە و لە ڕووی داستان نووسین و داڕشتنی ڕووداوی مێژوویی و هونەری و کەلتوورییەوە گەلێ =



حەیفەن جا نشین قوتب زەمانەن[٩]
دمای (کاک ئەحمەد) دنیا وێرانەن[١٠]
دادمان نە دەست ئەو (شێخ مستەفا)
فەقیر فەنا کەرد وە زوڵم و جەفا
دادمان نە دەست (شێخ مەعرووف کەڕ)[١١]
غەدادرو زاڵم، زوڵم و ستەمگەر
شار (سلێمانی)و ئەترافی یەکسەر
وێران کەرد تەمام چوون باد سەرسەر
(دوکان)و(سورداش) تا وە (شارەزوور)
وە نار غەدرش سووزا بی خاپوور
دایم هانە جۆش چون (شار زەنبوور)[١٢]
ئۆجاخ (کاک ئەحمەد) ئەو کەردەنەش کوور

= سوود بەخشە بۆیە ئێمەش دەقاودەق وەکو خۆی بەئاماناتەوە بڵاویان دەکەینەوە لە پێناوی بووژانەوەی کەلەپووری نەتەوە ئازیزەکەمان، هیوامان سوود بەخشیەتی.
(٩) قوتبی زەمان: دەسنیشانە بۆ کاک ئەحمەدی شێخ (١٢٠٨ - ١٣٠٥ی ک.) کوڕی شێخ مەعرووفی نۆدێیە، ئارامگاکەی لەیەکێ لە ژوورەکانی مزگەوتی گەورەدایە لە سلێمانی.
فەقێ قادری هەمەوەندی دەربارەی ئەم زاتە مەزنە فەرموویەتی:
(مەعلوومەن جەلای زومرەی عەزیزان
کاک ئەحمەدی شێخ ئەو (قُطب الزَمان)
بڕوانە کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەندی - ل/٣٣.
(١٠) شێخ مستەفا کوڕی شێخ محەمەد کوری کاک ئەحمەدی شێخە، لە ساڵی ١٩١٢ی ز. مردووە، لەناو خەڵکیدا بە(شێخ مستەفای نەقیب) ناسراوە.
(١١) شێخ مەعرووف کەڕ: کوڕی شێخ محەمەد کوڕی کاک ئەحمەدی شێخە، باوکی حەبسەخانی نەقیبە، ناسراوە بە(مارفە کەڕ)، لە ساڵی ١٩١٥ی ز کۆچی دوایی کردووە.
(١٢) شارزەنبوور: چەند چاڵە نەوتێکە لە دەڤەری کەرکوک، جەمبوریشی پێدەڵێن، گوندێکیش لە نزیک چاڵە نەوتەکاندا بەم ناوەوە هەیە، بەعەسییەکان وێرانیان کرد، (زەنبوور) بەعەرەبی یانی (زەردەواڵە) سەرگوزشتەیەکی ئەفسانە دەربارەی ناوی ئەم گوندە هەیە، دەڵێن گوایە شێخێکی ئاینی لەوێدا هەبووە هەردوو گوێی بووەتە شارە زەردەواڵە بۆیە ئەو ناوەیان لێناوە.

لە دیوان ڕۆژ مەحشەر وێردەن
فەقیر سەرگەردان وڵاتان کەردەن
عاقیبەت هەیە لە دنیا مردن
کێ شێخی دیوە وە زەمان کردن
نان ئیجارە[١٣] کەی ئەوێ حەڵاڵ
ئیجارە تاعەت دین ئەکا بەتاڵ
هیچ میللەت ناکا ئەم بەدڕاییە
ئەی بێ ئەمری شەرع ئەی ڕیسواییە
(کاک ئەحمەد) شێخ (جنة المکان)
ئەو کەی ئەکردی طەمع وە ئینسان
ئەمان ئەولادەی شێخ کەبیرن
هەر لە وەسواسەی زوڵمی فەقیرن
دەوڵەت ئەم زۆرە کەی ئەکا قبووڵ؟
نە ڕەوای خودان نە شەرعی ڕەسووڵ
زاتی شاهانە ئەر نەکا ئیمداد
شار (گوڵعەنبەر) تەمام بۆ بەرباد
ئێمەش گشتمان مەحزوون و مەئیووس
بەیعەت و تابیع مەکەین وە (عورووس)
چەند دەفعە وەی تەور لایحەی ئەحواڵ
کێشان تەلغوراف نویسان (عەرزو حال)
تا ئاخر فەرمان هات لە (ئەستامبووڵ)
شێخان سەوق ببۆ پەی شار (مووسڵ)
بەئەمر و فەرمان زات شاهانە[١٤]
شێخان پەی (مووسڵ) گشت بین ڕەوانە

(١٣) ئیجارە: کرێ، بەکەسێک دەوترێت زەوی و زارەکەی بەکرێ، یا بەنیوەیی بدا بەکەسێکی دی تا بیکێڵێ.

(١٤) زاتی شاهانە: مەبەست لە خوای مەزنە.



فەرمان (عورووس) کەرین ئیختیار
خەڵاس بین نە دەست شێخان زۆردار
وە (تحت المحفوظ)[١٥] وە ئێستر سوار
تاکە داخل بین بە(مووسڵ) دیار
چەند موددەت نەو جا گرتشان قەرار
نە مورافەعەی مەسئوول ئیخبار
نە ئیستینطاق دین، نە مەحکومییەت
نە جەرح شاهید نە حەپس حوکمەت
سەربەست مەگێڵان گشت وەنیمە عاف
مەنظوور جەواب ئەمر تەلغوراف
ڕۆژێ بەئەفسوون موسڵاوی پەلید
نەتیجەی نوتفەی ناپاک (یەزید)[١٦]
سیلسیلەی سەگسار بێشنجی مەزهەب[١٧]
سەبات[١٨] سوننی بێ دین و ئەدەب
پڕ مەکرو دەست بڕ شوم عەییاران
دوشمن ئایین وە چەهار یاران[١٩]
سازان یەک بوهتان توهمەت و کەذذاب
دەرحەق شێخان سەعادەت مەئاب
بەواسیتەی کیذب دروغ و بوهتان
جۆشان بەکردار ئال (أبو سوفیان)
وێنەی (ئیبن و سەعد)، (شمر) بەدکردار
جۆشیان پەرێ ئەتباع ئەطهار

(١٥) تحت المحفوظ: واتە: بەئاگاداری.

(١٦)یەزید: کوڕی موعاویەیە لەسەر خیلافەت لەگەڵ حەزرەتی حوسێندا بەجەنگ هات و کوشتی.

(١٧) بێشنجی مەزهەب – واتە: مەزهەبی پێنجەم.

(١٨) سەبات (ثبات): خۆڕاگرتن، نەگۆڕین.

(١٩) چەهاریار: مەبەست لە چوار مەزهەبە سەرەکییەکانە: (شافعی، حەنەفی، مالیکی، حەنبەلی).

بەزەرب قورمەی ماوەزەڕ تفەنگ
دنیا وە شێخان ئاوەردن وە تەنگ
کێشان پەی مەساف سەیف و قەداران[٢٠]
دەسدان وە خەنجەر، خەنجەر گوزاران[٢١]
پەیدا بێ شۆڕش بانگ واوەیلا
زاهیر بی دەعوای ڕەزم کەربەلا
تبپ عومەری ئیسلام بەرحەق
ئەوانیش جۆشان تایفەی ئەحمەق
خەنجەرو وەڕوەڕ ماوزەڕ بەکەف
خێزا واوەیلای (أضرب، لاتخف)
ئاغای عومەری غوڕا وە ڕووی قار
بەلەفظ عەرەب ئاما بەگوفتار
(أقتلوا سادات أهل العلومە
أنی مسؤول من الحکومە)[٢٢]
بەگوفتەی ئاغای عومەری میللەت
جۆشیان پەرێ شێخان وە هەڵمەت
نیشانەی مەحشەر چە ئێد ئیعلامەن
ئیسلامان نەقەسد ئەهل ئیسلامەن
نەچەهار جانیب خرۆشان وە قار
گرتن ئیحاطەی شێخان چون حەسار
نار عەداوەت چە مابەین گڕا
بەقووەی مەمسەک ئیفک و ئیفتیرا
ئەهل مووسڵی ئاوەردن هجووم
نیشانەی مەحشەر ئەو ڕۆژ بی مەعلووم

(٢٠) قەداران: کۆی (قەدارە)یە، غەدارە، جۆرە شمشێرێکی کورت و دەم پانە.
(٢١) خەنجەر گوزاران: خەنجەر بەدەستان، خەنجەر وەشێنەکان.
(٢٢) سەییدە زاناکان بکوژن و مەترسن، لە لایەن میرییەوە من بەرپرسم.



بەوێنەی تەگرک ڕەساس وە بێحەد
ڕێزان وە ئەندام زاتی (شێخ ئەحمەد)
نە تەرسان نە خەوف دیوان مەحشەر
گرتن وە نیشان ئەئیمەی ئەطهەر
چون تاو تەرزە نە فەسڵ بەهار
ڕێزنان ڕەساس تایفەی غەددار
دڵشان جۆشیان تایفەی مورتەد
کەردشان دەسڕێژ پەرێ (شێخ ئەحمەد)
هەرچەندە ڕەساس مەشانان بێحەد
تەئسیر نمەکەرد هیچ وە (شێخ ئەحمەد)
بەقووەی ئیعجاز سەیید سادات
چە یومن نفووس پیران پڕ ذات[٢٣]
یەکێ چەو ڕەساس نەبی کاریگەر
خەریک بێن چە کار مووسڵی کافەر
چەو دەم (شێخ ئەحمەد) وەبێ ترس و بیم
گرت وە دەستەوە کەلامێ قەدیم[٢٤]
ئاما بەمابەین کەردش ئیلتیجا
وە ڕووی (تەضەڕوع) فرێ کەرد ڕەجا
پەرێ دەفع شەڕ کەردش ئیلتیماس
فایدەش نەبی بەقەوم وەسواس
مێخ ئاهەنین نمەشۆ وەسەنگ
وە بێ مەغز چ سوود، مەفهووم فەرهەنگ[٢٥]
بەزەرب چۆماق ئاهەنین مێگبار
واران وە ئەندام شێخ سایەدار

(٢٣) ئەم نیو خشتە واتەکەی وایە، (بەسایەی نوفووس پیرانی پڕ زاتەوە).
(٢٤) کەلامێ قەدیم: مەبەست لە قورئانی پیرۆزە.
(٢٥) واتە: یەکێ مێشکی نەبێ هیچ زانیارییەک وەرناگرێ.

نەکەردن حیجاب چە (رب المعین)
چە ذات ڕەسوول (فخرالمرسلین)
نەترسان نەخەوف سی جزمەی مەجید
تایفەی ناکەس ناپاک پەلید
تیپێ خرۆشان چەو مەیدان کێن
قورئانشان سەند، کۆپان وە زەمێن
(شێخ ئەحمەد) چەنی، چەند نەفەر مەقبوول
بێ خەتاو گوناه کەردشان مەقتوول
واسڵ وە ڕەحمەت (رب المجید)بێن
داخل بەدەفتەر جەمع شەهید بێن
چە یومن نفووس سادات عەزیم
کەفت نە (مووسڵ) شار زایەڵەی پڕ بیم
چەندێ چە عەسکەر(سلێمانی) شار
موخلیس تەکیەی سادات کیبار
مەوجوود بێن نەو جا دیشان ئی فەساد
جۆشان خرۆشان ئامان وە ئیمداد
دەمار غیرەت ئەهل (گوڵعەنبەر)
مەغزو ئیستیخوان شێران سەروەر
جۆشیا پەرێ ئەخذ ئینتیقام
خرۆشان نەو دەم شێران پڕ سام
مووسڵی چەنی زەبتیەی عەسکەر
ئامان وە هەمدا[٢٦] مدران بەرابەر
نە هەردوو جانیب جۆشا نار جەنگ
شریقەی بەگلق، تەراقەی تفەنگ
بی وە زایەڵەی زەلزەلەی مەحشەر
یا موحارەبەی ڕەزم (هەفت لەشکەر)

(٢٦) ئامان وە هەمدا: هاتن بەیەکا.



ئەهالی چەنی عەسکەر ستێزا
لاشە نە مەیدان چون گەڵا ڕێزا
نەخەوف ئەو جەنگ پڕ خەوف و ستەم
(والی) بی پەنهان نە گۆشەی حەرەم
(کاتب، نوفووس) لە گیان بی بێزار
(قایمقام) لوا وە بێخ عەممار
لە خەوف و دەهشەت مەلەرزا چون بید
(ئەمر ئێتدی قاپو ئۆلۆنسون کلید)[٢٧]
(نۆبەچی دورسون دامدەن یوقارو)[٢٨]
قۆیمیون کیمسە چقسون دیشارو)[٢٩]
(ئەجەل موسڵی، قوساق تک قیردی[٣٠]
بینباشی قاچدی دۆڵابە گیردی)[٣١]
(یوزباشی)[٣٢] فیرار لوا وە ئیمام
(جەزارەئیسی)[٣٣] شی پەرێ حەمام
(مودەعی عمووم دیوار یۆق مینە )[٣٤]
(دەهشەتدەن گیردی بیر) زێر زەمینە[٣٥]
قازی لە قورنەی زوقاق شاران
پەنهان بی لەترس خەنجەر گوزاران

(٢٧) ئەمە بەتورکییە، واتە فەرمانی دا دەرگا دابخرێ و کلیل بدرێ.
(٢٨) واتە: با پاسەوانەکان لەسەر خانووەکە ڕاوەستن.
(٢٩) قۆیمیون = (قویمایون): مەهێڵن، دیشارو. دەرەوە، واتە: مەهێڵن هیچ کەسێک دەرچێتە دەرەوە.
(٣٠) ئەجەل: مردن، کۆتایی بەتەمەنی هەرگیاندارێک، قوساق: ڕشانەوە، نەخۆشی ڕشانەوە، تک: وەکو، قیردی: شکاندن، واتە: نەخۆشی ڕشانەوە تووشی موسڵاوییەکان بووە و شکاون.
(٣١) بینباشی: ئەفسەری تاجدار (ڕائید)، کە سەرکردایەتی هەزار سەرباز دەکا، واتە: ئەفسەرە تاجدارەکە هەڵات و لە دۆڵابدا خۆی هاشاردا.
(٣٢) یوزباشی: ئەفسەری سێ ئەستێرەدار (نەقیب)، کە سەرکردایەتی سەد سەرباز دەکا.
(٣٣) جەزا رەئیسی: (رئیس محكمة الجزاء)، سەرۆکی دادگای سزاکار.
(٣٤) مودەعی عمووم: (مدعی عام)، داواکاری گشتی. یۆق: نییە، مینە(مێن) سوار بوون.
(٣٥) دەهەشەت: بەتاو، بەپەلە، سەر لێشێواو، گیردی: چوونە ژوورەوە، بیر: یەک، ژمارەی(١)، زێر: ژێر، واتە: واسەری لێشێوا چووە ژێر زەمینێکەوە.

فەقێ مەرگ وێش مەواست وە ئاوات
وەفێس قرمزان نەمەند دەسەڵات
ئیمام و خەتیب نە گۆشەی مەسجید
مەشغووڵ بین بە زیکر پادشای مەجید
دایرەی ڕەدیف سینف ئەفەندی
وێشان پەنهان کەرد لە پشتی کەندی
ئەو ڕۆژ ڕۆژێ بێ کەس نەبی وەکەس
برا وە برا نەبی فەریاد ڕەس
دوو سوپای عەزیم داخل بین وەهەم
بی وە ڕەستاخێز نەوینی وە چەم
هەرچەند بۆڕی زەن(ئاتەش گەش)[36] بەجۆش
مەدا لە بۆڕی، کەس نەشنەفت بەگۆش
فرزەند وە ئیمداد پدەر نە یاوا
گوللەی مارتلی جگەر مەشکاوا
جای هاناو هاوار دەست بڕەس نەوی
بگیر و بکوش کەس وە کەس نەوی
کەس نەبی وە کەس چون ڕۆژ مەحشەر
برا چە برا نەبی باخەبەر
شریقەی[37] بەگلق، تەراقەی میگبار
گیزەی[38] ماوزەڕ نەو مەیدان کار
قاژەی[39] مەکەنزی نەو مەیدان جەنگ
نە موڵک (مووسڵ) چون تۆپ مەدا دەنگ
لەشڵپەی[40] خەنجەر دەبان دوو دەم
غەرق مەبی نە جەرگ مەرد مەکەرد عەدەم

(٣٦) ئاتەش گەش: ئاتەش: ئاگر، ئاگری گەش، زووتر بۆ نیشانەی شەڕ یا جەژن یا ڕەمەزان لەشوێنێکی بەرزدا ئاگرێکی گەشیان بەرپا دەکرد، لە دەسنووسێکدا نووسراوە (ئاتەش گەس).
(٣٧)،(٣٨)،(٣٩)،(٤٠) شاعیر بەجۆرێ وا باسی جەنگ و دەسنیشانی گیزەی گوللە و دەنگی چەکەکانی کردووە دەڵێی خۆی سەرباز بووە و لە دەیان جەنگدا بەشداری کردووە.



مەغلووبە کریا هەر کەس پەرێ وێش
داخل بین وە یەک وێنەی گورگ و مێش
رووی هەوا چە دوود باroot بی سیا
چەند قەیسەری و کۆشک بی وە توتیا
بی وە هەی بگیر دەنگ قال و قیل
چمان کە ژەنیا (سوور ئیسرافیل)
ئەو ڕۆژ تا وە عەسر جەنگ و کوشتار بی
چون دەعوای (یەزید) ئال ئەطهار بی
(مووسڵ) مەهجووم بی، بی وە نەینەوا
بی وە قەتلگای ئال (مستەفا)
ئەو ڕۆ بەفەرمان حەیی (لاتخف)
دوو سەد کەس مەقتوول نە هەردوو تەرەف
تایفەی سادات مەحزوون و مەقتوول
یا رەب ئی زوڵمە چۆن مەبۆ قبووڵ
داشان لە بۆڕی ڕاحەت دوور سەدا
دوو سوپای عەزیم لە یەک بین جودا
چە دەنگ پایدۆست هەم (عەرشدەن گیری)[41]
لوان وە قشڵە عەسکەری میری
تایفەی شێخان نەوەی نێکنام
تەدبیرشان کەرد پەرێ ئینتیقام
هەر چەند ئیستیدعا داشان بە والی
وە (شێخ الأسلام)، وە(باب عالی)
فایدەش نەبی هیچ نە دین چارە
نە وە ڕەجای (جیدد) نە قووەی پارە
عاسی بۆ میللەت ئاغەو ئەهالی
نەدارۆ دەسەڵات (موشیر) و (والی)

(٤١) عەرشدەن گیری: واتە – دەنگی گەیشتە عەرش.

خۆ حوکم ڕۆمی نە عام دییارەن
مەغدووران پامال دەور غەددارەن
(عوسمانیلەرن بودر ئیکرامی
نەشەرتی واردر وە نە کەلامی)[٤٢]
(یۆقدر ئیجرائات) تا (باب عالی)
نە لەسەر عەسکەر نەخۆ لە والی[٤٣]
(ئۆغروندە یاپ فەتح هەزارە
یا بیر ئافەرین یا بیر سیغارە)[٤٤]
(بین ئافەرین گوندەر بازارە
ئۆن گوین گیز دیرسە و ئیتمەز بیر پارە)[٤٥]
تەحسین بۆ پەرێ حوکمەت عەجەم
عاسی فەنا کەرد بەقامەی دوودەم
بەحوکم قورئان مەکەران عەمەل
زەڕڕەێی چە شەرع نەداران خەلەل
حوکمش لە عالەم بییەن ئاوازە
سەر وە قەنارە، لەش وە دەروازە
کۆتا کەین سوخەن پەرێ مەعلومی
دادمەن چە دەس حوکمات ڕۆمی
ئاخر سیلسیلەی سادات ئەعزەم
ئەتباع ئەولاد ڕەسول ئەکرەم
دیشان ئیجرائات نییەن چە حوکمەت
ناچار دەخالەت بەردن وە عەشرەت

(٤٢)،(٤٣)،(٤٤)،(٤٥) ئەم خشتانە بەتورکین، واتە: ئەمەیە چاوتێری عوسمانییەکان خاوەنی قسە و پەیمانی خۆیان نین و هیچ کارێک بەڕێناخەن، تەنانەت سەر عەسکەرو پارێزگارو سەرکردەکانیشیان وان، ئەگەر بێت و بۆ بەرژەوەندی ئەوان هەزار کاری قورس و گرنگ ڕاپەڕێنی، یا ئافەرینێکت دەکەن، یا تاکە جگەرەیەکت دەکەن بەخەلات، جا ئەگەر هەزار ئافەرین بەریتە بازاڕو دە ڕۆژیش گڕیدەی کەس تاکە پوولێکی پێنادا. لەشێوەی ئەم خشتە شیعرانە لە داستانی نێرە گورگەکە و ئەو چامە شیعرەشی کە داوای ژن دەکا هەمیسان هاتووە.



نامەیێ نویسنان وە (تالەبانی)
کۆچ کەردن نە مولک (مووسل) مەکانی
نامەیێ نویسنان وە لای (شێخ حەمید)[٤٦]
نامەیێ بۆ ذات (محەممەد خورشید)[٤٧]
نامەیێ دیگەر پەرێ (هەمەوەن)
نەسل کەیانیان نەوەی فیلەتەن

(٤٦) شێخ حەمید: کوڕی شخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانییە، لە دێی (ئاوباریک) دانیشتووە، سوارێکی ئازاو چاونەترس بووە، بەیەکێ لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی کوردی دەڤەری گەرمیان ناسراوە، لە ساڵی (١٩٢١ی ز.) کۆچی دوایی کردووە، لە پاش خۆی شێخ عەبدولوەهابی کوڕی جێگای گرتۆتەوە، ئەم زاتە لە کاتی پاشایەتیدا ئەندامی پەرلەمان بووە، جا جگە لە میرزا خەلیل منەووەر شێخ ڕەزای تاڵەبانیش باسی ئازایی و جوامێری شێخ حەمید دەکاو دەفەرمێ: (حەیدەری کەڕڕارە یاخود خالیدی ئیبنی وەلید ڕۆستەمێکە ڕۆژی دەعوا بەینی بەینەڵڵا حەمید). بڕوانە ل (٦٩)ی دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی - عەلی تاڵەبانی/ ١٩٤٦ی ز. بەغدا.

(٤٧) محەمەد خورشید (١٨٧٦ - ١٩٢٥ی ز.) کوڕی محەمەد باقری داودییە ناسراوە بە(میری دوڕاجی)، لە دەڤەری گەرمیان لە دێی (دوڕاجی) دانیشتووە، یەکێکە لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی داودە، جگە لە زمانی دایکی فارسی و عەرەبی و تورکی بە قسە و نووسین زانیوە، وەکو دەگێڕنەوە پیاوێکی نیشتمانپەروەر و کورد دۆست بووە، دژ بەڕژێمی عوسمانی و ئینگلیزی داگیرکەر بووە، کاتی خۆی عوسمانییەکان هێرشیان کردۆتە سەر و قەڵاکەیان لە ئاوایی (دوڕاجی) داوەتە بەر تۆپ، ناچار خۆی و جەنگاوەرەکانی هەڵدێن و خۆیان لە چیای (بەمۆ) هاشار دەدەن، شایانی وتنە لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەیەکی لە گوندەکەیاندا دروست کردووە و مامۆستای بەرزی بۆ هێناوە وەکو مامۆستای بەناوبانگ (کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا)، هەروەها دۆست و یاوەری شێخ مەحموودی حەفید بووە، لە بواری شیعریشدا تا ڕادەیەک شارەزایی هەبووە و بەرهەمیشی لە پاش بەجێماوە، ئەمەش کۆپلەیەکە لە شیعرەکانی:

ڕۆژگارێکە ئەکەم بەندی گرووی بێباکی خۆم
واسەرم سورما لە رووی ئیدراکی خۆم
ئەموت ئایا گفتی نەرمم نابڕێ پۆڵای دڵان
یا لە شێوەی میهرەبانی بێ بەهایە و کەم بڕشت
یاخود پیشەی خزمە گوێ ناداتە خزمی (فی المثل)
خزمی تۆ سەرکردەیان قاروونە وا ئەیوت بەقەوم
لەم خوای مووسایە هەرگیز نابێ ترس و باکی خۆم
لە گوێرەکەی خۆماڵی ناگیرێ بەگای چالاکی خۆم

قورب یەک هەفتە دوو هەزار سوار
ئامان وە ئیمداد شێخان سالار
موهەییا بین شێران سەرحەد
پەرێ ئینتیقام خوون (شێخ ئەحمەد)
(شێخ مەحموود)[٤٨] وێنەی (فلامەرز زەڕ)
جۆشیا پەی خوون قیساس پدەر
سوب سەحەر نە وەقت شوعای شەفەق گوون
وە (سلێمانی) شار داشان شەبەیخوون
گرتن ئیحاطەی شار (گوڵعەنبەر)
شریقەی مارتلی عالەم مەکەرد کەڕ
هاڕەی (هۆرتمان) نە مەیدان جەنگ
سەدای (مەکەنزی) چون تۆپ مەدا دەنگ
ناڵەی (ماوزەڕ) نیشت وە ڕووی فەلەک
(الحذر) مەوات چە سەما مەلەک
ڕۆستەمانەوار وە تووران دیار
شار (گوڵعەنبەر) کەردن بەختەسار
بی وێنەی ڕۆژێ چون ڕۆژ مەحشەر
برا چە برا نەبی با خەبەر
ناڵەی مەردو زەن نیشت وە ڕووی سەما
زریکەی تیفلان بانگ واوەیلا
شەیتان شەڕجۆ حازر بی چە بەین
چون جەنگ زەریر پەی خوون حووسەین

(٤٨) شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی کاک ئەحمەدی شێخە، لەساڵی (١٨٨٤ی ز.) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، زۆرجار بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای کورد بەلەشکرێکی زۆرەوە چووە بەگژ ڕژێمی عوسمانی و پاشایەتیدا، لە ڕۆژی (٩/ ١٠/١٩٥٦ی ز.) لە نەخۆشخانەی حەیدەری لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و بەجەماوەرێکی زۆرەوە تەرمەکەیان هێناوەتەوە سلێمانی و لە مزگەوتی گەورەدا لە پەنای باوک و باپیرەیدا سپاردەی خاک کراوە. لە داستانەکەی جەنگنامەی سەفەر بەردا بەدرێژی باسی ژیانیمان کردووە.



مەحەللەی توجاڕ (سلێمانی) شار
سەدو پەنجا نەفس چە گیان بی بێزار
لاشەی بەد گۆیان کەفت وە ڕووی زەمین
قرمز بی گەڕەک (کانی)[٤٩] و (دەرگەزێن)[٥٠]
خوون بەد بەختان جاری بی لە ئەرز
شار (گوڵعەنبەر) لەرزییان وە لەرز
لە (کانی ئاسکان) تا وە (سەرشەقام)[٥١]
ڕەش بی لە بارووت ئەرز و (سەطح) و بام
کارێ کەردشان وە هەرمێ خۆران
مەر جەنگ ڕۆستەم لە (مازیندەران)
دوو مەحەللەی خاس لە کەنار شار
سۆزان وە ئاهیر چە سەرتا بەوار
عالەم هەراسان پەشێویا نە خاب
چون جەنگ (ڕۆستەم) با (ئەفراسیاب)
یەک بولوک نیزام سوار بی پەرێ جەنگ
چەنی عەشایر دەسدان وە تفەنگ
تا وە دوو ساعەت نە بەردو جەنگ بی
مەعرەکەی مەساف شێرو پلەنگ بی
بەئەمرو فەرمان ئەو سالار ڕۆم
داشان لە بۆڕی کەردشان هجووم
نە هەردوو جانیب (الأمان) خێزا
گوللەی مارتلی چون تەرزە ڕێزا
ئاخر عەشایر پەرێ دەفع کار
لە خەوف حوکمەت کەردشان فیرار

(٤٩)،(٥٠)،(٥١) کانی ئاسکان و دەرگەزێن و سەرشەقام: سێ گەڕەکن لە شاری سلێمانی، وا دەردەکەوێ شاعیر ئاشنایی لە گەڕەکەکانی سلێمانیش هەبووە.

راهی بین وه ڕاه شێران سەرحەد
یەک وه سەد سانان خوون (شێخ ئەحمەد)
ئەمما هەر شەوێ مەخسوس نیهانی
مەیان وه شەو دەرپەی (سلێمانی)
چارو پەنج توجارِ مەکەران مەقتوول
چه یومن نفووس سادات مەقبوول
هەرچەند ئەهالی مەکەران فەریاد
تەل پەی (ئەستەموولّ)، داد پەرێ (بەغداد)
فایدەش نییەن کەس داد پرس نییەن
(تایف الملوک) کەس وه کەس نییەن
دوو مەحەللەی خاس له سلێمانی
له (سەرشەقام) نام (کانی ئاسکانی)
هەر یەک یەک قوللە نوقتەدان قەرار
نیزام نۆبەچی چه سوب تا ئێوار
ئەمن و ئاسایش بڕیان نەو ئەتراف
هەر ڕۆژ ئیستیدعا، کوتوب، تەلغوراف
پارەی توجاڕان تەمام بی تاراج
دان وه تەلغوراف، هیچ نەوی عیلاج
هەرکەس چاه کەن بۆ پەی ئەهل ئیسلام
وێش مەگنۆ وه چاه ئاخر سەرئەنجام[٥٢]
کێتان دی وێلّ بۆ نه ڕاگەی ڕاسی؟
هیچ گوم نمەبۆ خراپی و خاسی
بەوێت ڕاجیعەن شەڕ بۆ ئەو سەواب
ئاتەش ئەفروزەن وێش مەکۆ کەباب[٥٣]

(٥٢) ئەمه پەنده و واتاکەشی وایه: (ئەوەی چالّ هەلّکەنێ بۆ برای موسلّمانی له ئەنجامدا خۆی تێی دەکەوێ)، پێشینان لەم بارەیەوه وتوویانه: (چالّ هەلّکەن هەمیشه له چالّایه)، یان (هەرکەسێ چالّ بۆ یەکێ هەلّکەنێ خۆی تێیدەکەوێت).

(٥٣) ئەم خشتەش پەنده که دەلّێ: (چاکه و خراپه بۆ خۆت دەگەڕێتەوه، ئەوەش بەئاگر یاری بکات هەر خۆی دەسووتێ و دەبێته کەباب).



مەسەلێ واتەن پێشینان پێش
مەیۆ وه ڕاگەش هەر کەس کەردەی وێش[٥٤]
یاران، هامسەران، سیا بەختە وێم
گرفتار دەست ئێبنولوەختە وێم
تەمام کاسبان بێ کەسب و تەعتیل
دەور یەئجووجەن، (سوور ئیسرافیل)
دەوران (دەججال)، (دابة الأرض)ەن[٥٥]
هەر ڕۆژ بەنەوعێ عەلامەت بەرزەن
ئینقراز سالّ، فیتنه زهوورەن
دەور ئاخرەن (ینفخ الصور)ەن
چه گشت ئەترافێ هەر فەتارەتەن
هەر حەرب و زەربەن قەتل و غارەتەن
کاروانچی و کاسب مەعتەلّن نه کار
تەیر نه ڕووی هەوا نه دارۆ گوزار
دارا و نه دارا وێنەی یەک ماتەن
دنیا نه عالەم زەنگ و زولّماتەن
چه خەوف عەشرەت (طايف الملوك)
مەر نیزام وه ڕاه بشۆ وه بولووک
ئەویش وه قووەی تۆپ کارخانه
عەسکەر وه کاروان ببۆ ڕەوانه
مەرباد بێجان[٥٦] بشۆ وه ڕاهان
ئەمین بۆ نه دەست گرۆی گومڕاهان

(٥٤) ئەمەش پەنده که دەلّێ: (هەرکەسێ کردەوەی خۆی دێته ڕێگەی).

(٥٥) دابه الأرض: وڵاخی سەر زەوی.

(٥٦) باد بێجان: بای بێگیان، واته: تەنیا با دەتوانێ بێپەروا بڕوات و له دەستی سەربازەکانی عوسمانی ڕزگاری ببێ.

وەرنە وە هیچ ڕەنگ نەداران عیلاج
هەم ماڵ وە تاڵان، هەم سەر وە تاراج
وەرنە هیچ میللەت نەدارۆ هونەر
تەنها وە ڕاگە بکەرۆ گوزەر
یا حەق، یا عومەر پەرێ عەدل و داد
یا عەلی پەی جەنگ دوشمن کەر ئیجاد[٥٧]
یا مەهدی و عیسا زود بکەر ئیظهار
ڕەواجدەن وە دین (ئەحمەد موختار)[٥٨]
وەرنە دین باتڵ، ئیسلام پامالەن
نیشانەی (سوفیان)، چەرخ (دەجالەن)[٥٩]
بەتەوفیق حەق پادشای ئەحەد
تەمام بی کیتاب (قەتل شێخ ئەحمەد)
بەر نوور جەماڵ (رسول الأنام)
هەزاران هەزار سەڵات و سەلام
یە (میرزا) واتەن دەور زوڵماتەن
شەکوا خوان ساڵ دەور نەهاتەن
هەروەها بەدەست تایفەی پەلید
شەهید بی نەودەم ذات (شێخ سەعید)
کەفت وە ڕووی زەمین ئەو زات مەقبوول
بێ خەتاو گوناهـ کەردشان مەقتوول
ڕوحش داخل بی بە ڕەوزەی ڕیزوان
بی وە هامنشین حووران و غیلمان
لازمەن شینێ بکەرۆن پەی تۆ
مەرحووم مەقتوول (شێخ سەعید)م ڕۆ

(٥٧)،(٥٨)،(٥٩) ئەم سێ خشتەیە لە چامەی دەمە تەقێی میرزا خەلیل و پارەدا دووپات کراوەتەوە، مانەوەیان زیانی نییە.



سالار سەروەر سەعیدانم ڕۆ
شەهزادەی شەریف شەهیدانم ڕۆ
خانەدان زادەی ڕۆی ئەییامم ڕۆ
مەنشوور مەعلووم میسر و شامم ڕۆ
سادات بێ ساحێب تەکیەی غەوسم[٦٠] ڕۆ
مەقتوول دوشمن وە بێکەسم ڕۆ
خادیم علووم، عەلەمدارم ڕۆ
ساحێب ئەرکان ڕۆژگارم ڕۆ
دوچار بەڵای بێ عەدەدم ڕۆ
(شێخ سەعید)م داد (شێخ ئەحمەد)م ڕۆ
ساحێب کەرامات پڕ ئەسرارم ڕۆ
موخبیر چە باطین، هەم ئیزهارم ڕۆ
(أبو المساكين) پڕ ئیشفاقم ڕۆ
(أظهر من شمس) ڕووی ئافاقم ڕۆ
سەیید سادات پڕ تەعەبم ڕۆ
عیززو شەرەف بەخش پڕ ئەدەبم ڕۆ
زات (شێخ ئەحمەد)، نامدارم ڕۆ
مەقتوول مەحزوون (مووسڵ) شارم ڕۆ

***

(٦٠) غەوس (غوث): دەسنیشانە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە بەغەوسی گەیلانی ناوبانگی دەرکردووە.

## داستانی جەنگنامەی سەفەربەر[١]

ئەلبیسەی (ساری)[٢] یەک ڕەنگ پۆشاشان
قۆندەرەی سیاو کەردن وە پاشان
ئەسوەد و ئەبرەش عەشەم و ڕەنگ زەرد
مات و بی دەسەڵات کێشان ئاە سەرد
پەی (سەفەربەلک) جیهاد بین جەلەب
تەمام شین وە شکل مەیمون (حەلەب)
تیپ تەگە ڕیش گشت بین وە سادە
ڕەوان بین وە ڕاە سوار و پیادە
زیرەی خاتوونان وە بانگ و ئاواز
بێکەس بێ دەسەڵات بێ سایە و بێ ناز
(توففاحە)و[٣] (سومحە)[٤]، (ئەستێرە)و[٥] (دینە)[٦]
وە شین و زاری داشان چە سینە
(گوڵخونچە)و[٧] (حەچڵە)[٨]، (ساراو)و[٩] (لیلۆ)[١٠]
وە (شالۆم)[١١] شێرە، وە (شولوومی)[١٢] ڕۆ
وە چۆپی و چەمەر نازک نەمامان
کافر وە حاڵشان مەوی موسڵمان
یاران لازمەن دەوران تەمام بۆ
کێ دی (موسایی) فەقیر نیزام بۆ؟
کێ دی (مەنیشی) دەس دۆ وە تفەنگ
وێنەی (هەمەوەن) ڕوو بنۆ بەجەنگ؟
کێ دییەن (ناحووم)[١٣] جەولان دۆ فەرەس
تفەنگ ماوزەڕ بگێرۆ وە دەس؟
کێ دی (شولوومی) چەشەڕ نە کۆ خۆف
هجووم دۆ بەتیپ ئینگلیز و مسقۆف؟
ئی حوکم جەبری کێ دیش نە ئەییام
جوهوود جەنگ کەرۆ پەی ئەهل ئیسلام
بەئەمر فەرمان پادشای جەببار
جیهاد ئەکبەر چە عام بی ئیظهار
وە (سەفەر بەرلک) جیهان گرفتار
بی وە ڕەشبگیر سیغار و کیبار
غیرەت غایب بی چە غیرەتداران
مەرگ موفاجات خێزا چە شاران
هیمەت هەوا بەست پەی ئەوج ئەفلاک
مەردان بێ هیمەت زەنان سەر نە خاک
تەلیسم غیرەت مەردان بی نیگوون
نوقم نیهان بی چون گەنج قاروون
(ئەفلاتوون) ئیدراک چەلاش بی فیرار
(لوقمان) چە حیکمەت عەقڵ وێش بێزار

(١) بەداخەوە شیعرەکە لە پێش و پاشەوەی زۆری لێ بزر بووە، بەدووروودرێژی باسی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دەکا کە لەساڵی (١٩١٤ی ز.) بەرپا بووە و لە ساڵی (١٩١٨ی ز.) کۆتایی پێهاتووە. شاعیر شیعرەکەشی بەشێوەیەکی هونەری بەزمانێکی سادە داڕێژراوە، بەهەقیقەت داستانێکی مێژوویی بەنرخ و بەسوودە بەتایبەتی بۆ شاری کەرکووک و دەوروبەری کە ئەمە بۆ یەکەمجارە لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە، بێ گومان شاعیر ڕووداوەکانی ئەو جەنگەی لە دەڤەرەکەدا بەچاوی خۆی بینیوە و بەوردی نیگاری بۆ کێشاوین، لێرەدا دەتوانین بڵێین شاعیر دەوری پەیامنێری بینیوە. شاعیر جگە لەم داستانە داستانێکی تریشی دەربارەی کارەسات و ڕووداوەکانی ئەو جەنگە بەناونیشانی (داستانی ڕەشبگیر)ەوە داناوە.

(٢) ساری: وشەیەکی تورکییە، ڕەنگی زەرد، ئەلبیسەی ساری: بەرگی زەرد، بەرگی سەربازەکانی عوسمانییەکان زەرد بووە.

(٣)،(٤)،(٥)،(٦)،(٧)،(٨)،(٩)،(١٠) ئەمانە کچ و ژنی جووەکان بوونە لە دێی(عەرەبکۆیی) لە دەڤەری (داقووق)، کاتێ باوک و براکانیان بۆ بەرەکانی جەنگ بردووە ئەمان شینیان بۆ گێڕاون و بەکوڵ بۆیان گریاون.

(١١)،(١٢)،(١٣) شالۆم و شولوومی و ناحووم سێ بابای جوو بوونە لە دەڤەری (داقووق) لە ئاوایی (عەرەبکۆیی).

(حاتەم) سەخایی بەرشی چە یادش
یاوا بەفەلەک داد و بێ دادش
هەرکەس پەرێ وێش کەفتە چارەسەر
بێزار چە حەیات وەطەن دەربەدەر
نەمەند ئیعتیبار نە ڕووی سەرزەمین
نە ڕەحم سیلە نە دین و نە زێن
چە خەوف ئیعدام قەتل وەی خەبەر
خێزا چە عالەم فیزاع (الأکبر)
فەنغوارف فەوت بی نەتۆی چایخانە
بییەن وە لانەی ماڵە دێوانە
بی بەڕەستاخێز عەیش و نۆش بەتاڵ
ئێدەن ئیبتیدای خروج دەجال
تیپ (قورالدین) چایی و عەرەق نۆش
فیرار بین چە شار وێنەی بادەقۆش
چە خەوف حوکمەت کەردشان فیرار
چە قەریە و دێهات گرتشان قەرار
فەقیر فیرار بی لووا پەی هەردان
شەریک شیوەن هەناسە سەردان
فەللاح فەنا بی کاروانچی بێکار
بەرپا بی نەهات فەقیر و هەژار
گوشاد بی دەرگای زوڵم و زەلالەت
نیهان بی نومرەی عەدل و عەدالەت
سەراسەر عالەم کەفت وە زاری و شین
بی وە (یوم المحشر) نە ڕووی سەر زەمین
بێ داد و بێشۆ خێزا (الأمان)
سەد فەریاد چە دەست حوکم (ئەڵەمان)



مسکین و فەقیر تەمام بی مەلوول
یارەب چە دەرگات یە چۆن بۆ قبوول؟
توجاڕان تالآن دوکانان دەربەس[١٤]
بی وەشا گەردان کەس نەبی وە کەس[١٥]
ئەسەردا چە عام جەبر و زوڵم و زوور
خانەی فەقیران تەمام بی خاپوور
فەرهوودو یەغما سەراسەر ماڵان
بەوێنەی چەپا و بەردشان وە تالآن
زایەڵەی زاری فەقیر و مسکین
یاوا بەگەردوون چەرخ هەفتەمین
یەک مەردێ نەوی بەیۆ وە ئینساف
پەی (باب عالی) بدۆ تەلغوراف
بەڵکە وە ئەڵطاف پادشای ودوود
ڕەحمێ چە سوڵتان باما بەوجوود
وەی تەورە بەرباد نمەبی میللەت
نمەیی ڕەزیل ئەهالی و عەشرەت
نمەز وە کۆ کەفت ئەو قوڕڕەت دینان
(قۆیناغ ئیچانلەر)[١٦] قەنەف[١٧] نشینان
(حاتەم) سیفەتان سەخی تەبیعەت
قانوون شوناسان شێران شەوکەت

(١٤) دەربەس: لە دەسنووسەکەدا نووسراوە(دەربەست) ئێمە ئەوەمان بەجوانتر زانی کە لە دیوانەکەدا تۆمارمان کردووە.

(١٥) کەس: لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (کەسب)، ئێمە ئەمیانمان بەپەسەندتر زانی.

(١٦) قۆیناغ: ناوی جۆرە عەرەقێکی ڕووسیە، ئیچان: وشەیەکی تورکییە واتە: (نۆش)، خواردنەوە، هەوایە فۆلکلۆری کوردیمان هەیە لە ناوچەی کەرکووکدا لە ساڵەکانی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆر باوی هەبوو بەناوی (هەی ئاغە و ئاغە و ئاغە ... بۆم تێکە لەو قۆیناغە).

(١٧) قەنەف: قەنەفە.

دایاغ داد پرس جەمع هەژاران
موتەغەللیبەی قاتل قورتاران
ئاغا و ئەفەندی مەردان مەنشوور
لیرە مەبەخشان جاران چوون مەنقوور
ساحێب دیوانان موڵک (کەرکووک شار)
هیمەت هەڕاجدان چە (قاری بازاڕ)[18]
ئەوەڵ هەر یەکێش چون (ڕۆستەم زاڵ)
ئیمڕۆ گوزەشتەن چە عەرز و جەماڵ
چە ترس ئیعدام بەدڵ پڕ ئەندێش
دەست نییا هەرکەس وە ڕووی تاج وێش[19]
حکومەت چون گورگ میللەت بی وە مێش
زاهر بی بازاڕ سەودای کەشا کێش
زوڵم و زەبتیە ڕەواج ئەییام
حوکم (قەرەقوش) مەنمانا وە عام
جەندرمە جەللاد (قابض الارواح)
غەنیم مسکین فەقیر و فەللاح
زابت زبانی[20] شار بی وە شەهر
عەشایر سەرسام پەتیاک و زەرەر
پارەی لباد و تلّوغ و گورێس
یەکسەر سەندشان پەی غوڕای ئینگرێز
نە چەهار ئەتراف بی وە زەلزەلە
سەدای ڕەشبگیر ڕۆڕۆ و وەلوەلە

(١٨) قاری بازاڕ: ئەمە بەزمانی تورکییە، یانی: (بازاڕی ژنان)، بازاڕێکی میللییە لە شاری کەرکووکدا.
(١٩) ئەم نیو باڵە لەو پەندەوە هاتووە کە دەڵێ: (دەست بگرە بەکڵاوی خۆتەوە با نەیبا)، واتە: هەقت بەسەر هیچەوە نەبێ و بێدەنگ دانیشە، ئەم پەندە لە کاتی بێدەسەڵاتیدا دەوترێ.
(٢٠) زابت زوبانی: واتە تەنیا بەناو ئەفسەرەو لە ناوەڕۆکدا هیچ نییە، ئەمە بەئەفسەرێکی نەزان و گەلحۆ دەوترێ.



(یوز باشی (غەنی)، چەپاغ پارەسی
عەشایر فیرار یۆقدر چارەسی)[21]
حوکم ئاڵەمان عالەم کەرد بەرباد
حوکمەت چە پارەی ڕیشوەت بی دڵشاد
(فێس قرمز دێدی بودر دیرلک
کاشکە طول چیکسیون بو سەفەربەرلک)[22]
(ئایلق)[23] و مەعاش ئێمە بی قەلیل
سەندووق پڕ بکەین چە پارەی بەرتیل
نەکەردن حەیا چە حەیی جەببار
پەی قەتل فەقیر بێن وە کەلب هار
ئەوەن کەردن غەدر فەقیر و هەژار
پارەی ڕیشوەتی ناما وە شومار
(مووشی)[24] عەتار بی بایع بی بەسیر
بی وە باش چاوەش چەتیپ عەسکەر
(ئیسحەق)[25] بۆیاغچی نام شاران بی
ئینتیزار وە ڕای کورد و کاران بی
کریا وە عەسکەر (ئۆنجە ئیش گۆردی)[26]
زابتەن چە نام (ئاڵتنجی ئۆردی)[27]
(کبریل)[28] چون گەماڵ چە سەر دوکان بی
چەمەڕای هێلکەی بێوەژنان بی

(٢١) چەپاغ: (جیبایە)، خەرج و باج، سەرانە، ئەم خشتەیە بەتورکییە، ئەمەش واتاکەیەتی: (لەترسی نەقیب(غەنی) و وەرگرتنی خەرج و باج، ناچار خەڵکی هەڵاتن.
(٢٢) ئەم خشتەش بەتورکییە، واتە:فێس قرمز وتی:(ئەمە نەمرە، خۆزگە ئەم سەفەربەرە درێژەی دەکێشا). (٢٣) ئایلق: مانگانە.
(٢٤)، (٢٥) مووشی و ئیسحەق: دوو کابرای جوو بوونە.
(٢٦) ئۆنجە ئیش گۆردی: ئەمە بەتورکی یانی: (ئەوەندە ئیشی بینی)
(٢٧) ئاڵتنجی ئۆردی: بەتورکی یانی (سوپای شەشەم).
(٢٨)کبریل: بابایەکی جوو بووە.

ئێستا دوو نیشان دیارەن چە باڵش
یوز باشی (وارن)[٢٩] نییەن ئەمسالش
(قۆڵ ئەغاسی (موردەخائی) و[٣٠] (باروخ)[٣١]
ئیسلامی سوێگەر کەلب ئیبن تاتوخ)[٣٢]
(مووشی) ماوزەڕ مەگێرۆ وە دەس
چە شۆن (زمال، یرکب بالفرس)
گیزەی دوور ئەنداز مەشنەوۆ بەگۆش
بەرمەشۆ چەلاش تەمام عەقڵ و هۆش
چە کونج خەیمە وێش مەکەرۆ مات
دەخیل یا (عوزێر) هاوارەن (تەورات)
یا سەیفە توڕڕەی[٣٣] ئەبو کەرامات
( أحفظني من الرصاص الافات)
(شوعه)و[٣٤](ئەلیەشاع)[٣٥]،(هاروون)و[٣٦](سەیوون)[٣٧]
ساحێب مەسنەدن (ئەلیاه) و[٣٨] (ساسوون)[٣٩]
(لۆقا) و[٤٠] (یۆحەنا)[٤١]گشت بین وە چاوش
سادق دەوڵەت چە قوڕنەی قاوش
(ئامیرئامرن هم ساحێب فلووس)[٤٢]
پەوکە خرووج کەرد (ئینگرێز) و (ئەرووس)

٢٩) یوز باشی وارن: یوز باشی (نەقیب)، وارن ناوی ئەفسەرەکەیە، واتە: نەقیب وارن بێ هاوتایە.
(٣٠)،(٣١) موردەخائی و باروخ: ئەمانە (جوو) بوونە و هەردووکیشیان سەرتیپ بوونە لە سوپای عوسمانییەکاندا، باڕوخ کوڕی (تاتوخ)ە.
(٣٢) واتە: کبریل و موردەخائی و باروخ جنێوی خراپ بەموسڵمانەکان دەدەن.
(٣٣) سەیف: شمشێر، شیر، توڕڕە: مۆر، داخمە، واتە: خاوەنی شیری داخمەدار کە دەسنیشانە بۆ ئیمامی عەلی و زولفەقارەکەی، شاعیر داوا لە حەزرەتی عەلی دەکات لە دەرد و بەڵا و ئازار و ئەشکەنجە بیپارێزێ.
(٣٤)،(٣٥)،(٣٦)،(٣٧)،(٣٨)،(٣٩)،(٤٠)،(٤١) ئەمانە هەر هەموویان (جوو) بوونە و لەو سەردەمەدا بوونەتە کاربەدەست لە ڕیزی سوپای عوسمانیدا.
(٤٢) ئەمە واتای نیو خشتەکەیە: (گەورەی فەرماندەکە ساحێبی پارەوپوولە).



کافیران ئیسلام دین وێنەی یەئجووج
پەوکە چوار دەوڵەت وەنەش کەرد خرووج
ئیمرۆ بجۆشۆ زەبتیەی دەمزڕ[٤٣]
بشۆ پەرێ حەرب تیپ چاکەت شڕ
ئیمرۆ مەکتەبلی نەکەرۆ گورێز
برارۆ دەمار مسقۆف و ئینگرێز[٤٤]
ئیمرۆ تەقاعود بخرۆشۆ بەجەنگ
مەیدان وە کوففار باوەران وە تەنگ[٤٥]
با ئیمرۆ (مووشی)[٤٦] بەو میزانەوە
(ئیسحەق)[٤٧]بەو (دووگەج)[٤٨] بۆیاغخانەوە[٤٩]
(باروخ) بەو چە کوش ئالتونچییەوە
(کبریل) بەو ئەرشوون بەزازچییەوە
بکەران فەتحێ نە ڕاگەی جیهاد
ئاسار کوففار بدەران وە باد
خەزێنە خاڵی بەرباد بی قووەت
عەساکر فیرار فەنا بی هیمەت
کار بی .... پڕکار ئیجرا کەرد[٥٠]
موحتاج بی وەخەیر ئیعانەی میللەت
ئینە سەڵتەنەت سل......ن[٥١]
زومرەی فەقیران تەمام ناشادەن

(٤٣) دەمزڕ: ئەمە ڕەوانبێژییەکی فۆلکلۆرییە بەیەکێ دەوترێ بەقسە زاڵ بێ بەسەر کەسێکی تردا.
(٤٤)،(٤٥) شاعیر لێرەدا داوا لە خوێندکاران و فەرمانبەرە خانەنشینەکان دەکا دژ بەئنگلیز و داگیرکەران ڕاپەڕن.
(٤٦)،(٤٧) موشی و ئیسحەق: ئەمانە جوو بوونە، لە ڕیزی سوپای عوسمانییەکاندا دامەزراون.
(٤٨) دووگەچ: وشەیەکی تورکییە (گەڵا کوت، گەڵاکوتک).
(٤٩) بۆیاغخانە: خمخانە، لە کاتی ڕەنگ کردنی کەلوپەلدا خمچییەکان بەگەڵا کوت دەیکوتن بۆ ئەوەی بەچاکی ڕەنگ بگرێ.
(٥٠)،(٥١) ئەو شوێنانەی کە نوختە دانراون شاعیر خۆی بە بەتاڵی هێشتوویەتیەوە.

غەنی پڕ طەمع موفلیسان هالیک
بەگلەران بەرشین چە ڕەویە و سالیک
فەللاح فەقیر وە پوولێ مالیک
حۆقەی حەیسسیەت[52] وە یەک مەتالیک[53]
سەرداران گوزەشت گشت چە سەروەری
باتمان غیرەت وە نیم قەمەری
حەمیەت فیرار ناموس بی پامالّ
دەوران بی وە دەور یەئجووج و دەججال
عەشایر موحتاج وە خورمای زەهدی
ئێدەن نیشانەی ظهوور مەهدی
کاسبان تەمام بێ کەسب و تەعطیل
نزدیکەن وەعدەی (صوور أسرافیل)
سەوق بی عەشایر ئەستر سواران
ئەلبیسە زەردان[54] چون بادو باران
وە حوکم جەبری بێ گونا و تەقسیر
(تەحصیل ئێتدیلەر)[55] ئەستر و بارگیر
بەرپا چە عەشرەت بارگیر و ئەستر
(بونلەر سەقەتدر جەبری ساغ ئیستەر)[56]
نەهار بی وە لەیل بەهار وە زنار
ئابادی بەهەشت جەهەننەم بی شار

(٥٢) حەیسییەت (حەیثییەت): حەیا، ئابڕوو.
(٥٣) مەتالیک: پارەی هەرە بچکۆڵەی دەورانی عوسمانی.
(٥٤) ئەلبیسە زەردان: زەردپۆشەکان، بەرگ زەردەکان.
(٥٥) تەحصیل ئێتدیلەر، بەدەستیان هێنا.
(٥٦) خشتە شیعرەکە بەتێکڕا ماناکەی وایە: (ئەم هێستر و بارگیرانە ئیفلیج و کەنەفتن دەبێ هی ساخ و چاک پەیداکەن).



نەمەند چە عەشرەت قسراغ و بارگیر
ئیمجار چە عەرەب سەندشان بەعیر
نە بەعیر هاستن نە دهن و سەخەڵ
فەرز بی پەی عەرەب ئیعلان...[57]
(روبێزە)و[58] (بنعێز)[59]،(عێس) و[60] (ئەلعەزە)[61]
تەمامی سەرسام ئامان بەلەرزە[62]
واتن فیراری پەرێمان فەرزە
(ولَك أهزموا جاكُمْ مَفْرزَة)[63]
(سائر عَلَينا حَرام هَلْ ديرة
يا قَومِ أهزموا علي الجزَيرة)[64]
(ماقال من جد شيوخ الأرشاد
يجى سَلْطَنَت مَلكُ الرَشاد)[65]
(يُسيُر مَحْشَر وَيلٌ للعباد
ظهور الفِتنة كثير الفساد)[66]
تەدبیر عەرەب وەی تەور بی نەکار
ئیمجار بێین وە بەحس غەدر (کەرکووک) شار

(٥٧) ئەو شوێنەی نوختەمان داناون شاعیر خۆی بەبەتاڵی هێشتویەتیەوە.
(٥٨) ڕوبێزە (روبێضە): گوندێکە دەکەوێتە باشووری قەزای (داقووق)ەوە بەبیست کیلۆمەترێک، دانیشتوانی عەرەبن لە هۆزی (بەنی عز).
(٥٩) بنعێز: گوندێکە بەناوی هۆزی (بەنی عز)ەوە ناو نراوە دەکەوێتە خوارووی (داقووق) لەدەڤەری گەرمیاندا، زووتر دانیشتوانی (کاکەیی) بوون و پێیان دەوت (سمماقە).
(٦٠) عێس (عێث): هۆزێکی عەرەبن لە ناوچەی تکریت و سامەڕا نیشتەجێن، ناوچەکەیان دەشتێکی ڕاستی لماوییە.
(٦١) ئەلعەزە: هۆزێکی عەرەبن (ئەلبومحەمەد)یشیان پێ دەڵێن لەم شارانەدا بڵاو بوونەتەوە: (بەغدا، بەعقووبە، مووسڵ، حیللە، ڕەمادی، کەرکووک).
(٦٢)،(٦٣)،(٦٤)،(٦٥)،(٦٦) ئەم خشتانە بەعەرەبی ئەمە دەگەیەنن: (دانیشتوانی ڕوبێزە و بنعێز و هۆزی ئەلعەزە وتیان: لە دەس زوڵم و زۆر و تاڵان و بڕۆی ڕژێمی عوسمانی با لەم ناوچەیە دوور بکەوینەوە و بەرەو جەزیرە بڕۆین، ژیان و گوزەرانمان تاڵ و ناخۆش بووە، ئەو ڕابەرانەی کە =

(کەرکووک) بی مەرکەز پەی ئۆردی جەدید[67]
سەوق بی عەساکر چە شاران شەدید
مزگەفت و خانان قشلە و سەرا پڕ
نەمەند چە عەمار یەک چاکەتێ شڕ
فێس وە بێ گوڵەنگ دریا وە عەسکەر
پانتۆڵێ نەمەند بکەریەو نەوەر
ئوربەی سەد ساڵە وەخت (تقی الدین)[68]
کۆنەی دارزیای نە عانی وەرین
دریا وە عەسکەر بەوێنەی خەڵات
وە ڕوبع عەسکەر نەکەرد کیفایات
ئیمجار مشوورەت پەی چەپا و شار
تاقمێ عەسکەر پۆلیس و موختار
تەوق زەرد نەمل قانوون چاوشان
بەرشین وە باسغون یانەی دڵڕێشان
ئەوەڵ پەی (قۆریە)[69] قەرار دان تەدبیر
هجوم دان وە ماڵ زەنگین و فەقیر
بازاڕ و قۆناخ (کەرکووک) بی وێران
یەغما چون چەپاو سەرحەد ئێران

=ڕێنموونیان کردین بەدروستی و ڕاستی پێیان ڕانەگەیاندین کە(مەلیک ڕەشاد)بێتە سەرحوکم دەبێتە ڕۆژی حەشر چونکە فیتنە و ئاژاوە و ستەمکاری بەرپا دەبێ - ئا ئەمە بوو تەگبیر و ڕای عەرەبەکان).

(٦٧) وا دەردەکەوێ مەلیک ڕەشاد کە (٣٥)ەمین پاشای سەردەمی عوسمانییەکان بووە و لەساڵی (١٩٠٨ی ز. لە پاش سوڵتان عەبدولحەمید دەسەڵاتی حوکمی گرتە دەست کەرکووکی کردۆتە مەڵبەند بۆ سەربازەکانی تورک، جا خەلیل منەووەر دژی ڕژێمی عوسمانی بۆگەن بووە بۆیە هەمیشە دژیان ڕاوەستاوە و ناوەناوەش بەشیعرەوە هێرشیان دەکاتە سەر.

(٦٨) تقی الدین: سەردارێکی کۆنی تورک بووە، لە ساڵی (١٢٩٣ی ک.) ئەم و عومەر پاشای دیاربەکر هۆزی ئاکۆیان تاڵان کرد.

(٦٩) قۆریە: گەڕەکێکی کۆنی شاری کەرکووکە.



چەند ئەسپ و ئەستر چەند قاپ و قاچاغ
دۆشەگ و یۆرغان گڵێم قازاخ
جوندی و عەسکەر سەراسەر ماڵان
وە حوکم جەبری بەردن وەتاڵان
عالەم چە شادی وێش بی نا ئومید
سەد خۆزگە بەحوکم (پادشای حەمید)[70]
شادی و شیوەن یە دەوران غەمەن
غەم پەی فەقیران وە خەروار جەمەن
جیهان گشت سەرسام چەمەری و کۆسەن
شاران مونتەظەر ئەمر پایدۆسەن
پایدۆست چە ئەگەر ئەشعار ئاخر
عەسکەر جەم کەردەن بەوێنەی ناخر
نە قەید قیوود نە ئازادی بی
نە سەدای شەوق و نە دڵشادی بی
مەگێلان وێنەی گاو بێ گاوان
بێ نان و تەعین بێ گوناو تاوان
یەکسەر سەرسەری چون گاو ڕەمە
هەر یەک یەک داغێ[71] دریان چە مەمە
نە تەدبیر عەقڵ نە جای فیرار بی
نە خاب و ڕاحەت نە شەو قەرار بی
چە بەعد یەک ماه خەریک و خەجڵ
عەسکەر سەوق (ئۆڵدی)[72] پەی شار مووسڵ

(٧٠) پادشای حەمید: سی و چوارەمین پاشای سەردەمی عوسمانییەکانە، لە ساڵی (١٩٠٨ی ز. لەسەر حوکم دابەزی و مەلیک ڕەشاد جێگای گرتەوە.

(٧١) داغ: مۆری داخدار.

(٧٢) ئۆڵدی: وشەیەکی تورکییە، واتە: بوو.

وەبی زەخیرە و تفاق و ئەرزاق
چون تەیر موفلیس زەلیل بۆ نەفاق
وە برسی و لوختی وە (ئاج) و[٧٣] موحتاج
یاوان بە(مووسڵ) گشت وە ناعیلاج
ڕۆژێ وە دوو نان پەرێ ئیدارە
یەکێ پەی سەباح[٧٤] یەکێ ئێوارە
چەند ڕۆژ وەی دەستوور وە عەسکەر ئیحسان
تاکە تەمام بی ئەو ئەرزاق و نان
ئەوسا چەو دما چەند گونییە تەحین[٧٥]
مەند پەی عەساکر سوپای موسلمین
زابتان[٧٦] زانان زیاد وریا نان
تەدبیرێ دیگەر کەردن دەرمەیان
(ئیدارە ئێتمەز ئێتمەک وە تەحقیق
هەر بیر ئەفرادە بیر ئاوج دەقیق)[٧٧]
(بۆیلە ئۆڵمەزسە ئێتمەز ئیدارە
یاخود ویرەلوم بیر غروش پارە)[٧٨]
(ئەمر نا لایق شایع وە عەسکەر)
(قوماندە) دریا پەی جەمع نەفەر[٧٩]
زابت وە بۆڕی[٨٠] کەردن ئیشارەت
شادی بی وە شین پەی ئی بەشارەت

(٧٣) ئاج: وشەیەکی تورکییە، واتە: برسی.
(٧٤) سەباح (صەباح): بەیانی، سبەینێ.
(٧٥) تەحین (طەحین): ئارد.
(٧٦) زابتان: کۆی زابت – ئەفسەر.
(٧٧)،(٧٨)،(٧٩) ئەم خشتانە بەتورکین ئەمەش واتاکانیانە: (هەریەکێ یەک قسناخ ئاردیان پێدرا، بەڕاستی ئەمە بەشیان ناکات، هیچ نەبێ دەبێ پارەشیان بدرێتێ، ئەگینا ئیدارەی پێناکرێ، ئەم فەرمانە ناڕەوایە لە ناو سەربازەکاندا بلاو بووەوە کە دەیانەوێ خەڵکی بۆ سەربازی کۆبکەنەوە).
(٨٠) بۆڕی: بۆقی.



هەر ڕۆژ مشتێ ئارد ئەهل هەق نەناس
بەوێنەی قاویت[٨١] زات (خدر ئەلیاس)
داشان وە عەسکەر نە جاگەی ئەرزاق
بولوک و[٨٢] تاقم دەمش مەند بەتاق[٨٣]
تەدبیرشان کەرد موجەممەع عەسکەر
هەرشەو فیرار بی (یوز ئەللی نەفەر)[٨٤]
دەشت گرتن نەوەر وێنەی عەنکەبووت[٨٥]
خەلاّس بین چە ڕزق قووت لا یەمووت
هەر یەک یەک نامە مەنویسان وە تاب
پەرێ زابتان عیتاب و خیتاب
وە لەفز تورکی مەنویسان بێجا
چە نام خەیمە مەگوزاشتن بە جا
(ئیستحقاقن ئاز عەساکرن چۆخ
سەفەربەرلکە ئیقتیدارمز یۆخ)[٨٦]
(چرووک سوێزنسز وەزەن ئێدەر یوز ئۆخ)[٨٧]
قەبر باوکتان پڕ ئەکەین چە پۆخ[٨٨]
ئێمە وەی حاڵە نەدارین قەرار
زابت مزگانی گشت کەردین فیرار

(٨١) قاویت خدر ئەلیاس: قاویت (قاوت) ئاردی دانەوێڵەی برژاو، جاران لە کوردەواریدا نەریت وابوو بۆ مرازو گەیشتن بە ئاوات قاویتیان دەکرد و بە ناوی قاویتی خدر ئەلیاسەوە بە سەر دۆست و دراوسێدا دەیانبەخشییەوە، خدر ئەلیاس یەکێکە لە پێغەمبەران، لەلای کورد بەخدر زندە ناسراوە، لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە.
(٨٢) بولوک: تاقم، دەستە.
(٨٣) تاق: والاّ، واز (تاک).
(٨٤) یوز ئەللی نەفەر: تورکییە واتە: سەدو پەنجا نەفەر(کەس).
(٨٥) عەنکەبووت: جاڵجاڵۆکە، کاکڵە مووشان.
(٨٦)،(٨٧) ئەم خشت و نیوە بەتورکی داڕێژراوە واتە: (ئێمە توانای سەفەربەرمان نییە (جیهاد)، سەد جار بلێییت و بۆیان بخوێنی، قسەی قەڵب و بێ نرخ بەلایانەوە ڕەواجدارترە.
(٨٨) پۆخ: وشەیەکی تورکییە واتە:(گوو) پیسی مرۆڤ.

ئینه مەنویسان یەکسەر نە چادر
تا زابت ببۆ شکستە خاتر[٨٩]
چە زەرف[٩٠] دە ڕۆژ، نەفەر دوو هەزار
چە مولّک مووسلّ چە ڕاه بین فیرار
نوسفێ چە تەشنە چە ڕاه بین شەهید
نوسفێ هەم نەجووع چە ڕۆح نا ئومید
چەند کەس وە ڕەساس کریا سەرنیگون
چەندێ چە غوربەت شاران توون وەتوون
بولوک و تاقم، تابوور مەند خالی
داد چە زابتان تیپ عوسمانلی
داد چە خائینان حورمەی ئەستەمبووڵ
چلّماس و قەشمەر زەوزەوات مەقبوول
ساحێب بابووج دیشداشە پەمە
چیت عەزیزیە بەیاز مەرحەمە
(پەقلەواو فڕنی قەسڵیە ئیچان
دەوڵەتە خائین دۆشەگە سیچان)[٩١]
(مەئموور مییللەت مەزهەبن ئاتار
ئیمانن بیریوک قارپوزە ساتار)[٩٢]
وەسیەتم ئێدەن چەلای خاس و عام
کەس وە(فێس قرمز)[٩٣] نەواچۆ ئیسلام

---

(٨٩) شکستە خاتر: دلّزویر، خەمبار
(٩٠) زەرف: ماوە.
(٩١)،(٩٢) ئەم خشت و نیوە بەزمانی تورکی وتراوە ئەمەش واتاکەیەتی:(پاقلەواو فڕنی و قلیان ئاوییەخۆرە خائینەکان، میز بەسەر دۆشەگەکانیان دەکەن. دەم سپیەکانی میللەتیش مەزهەب و ئاینیان فڕێداوە و ئیمانیشیان بەکۆڵێ شووتی فرۆشتووە).
(٩٣) فێس قرمز: تەقیلەیەکی سووری درێژە لە بەرگنی ساویاو ئامادەکراوە، تورکان لەکاتی عوسمانییەکاندا لەسەریان دەکرد، واتە: کەس بەعوسمانییەکان نەڵێ موسڵمان.



نە حەرف ئینساف نە مەیل مروەت
نییەن چە لاشان سیلەی مەرحەمەت
مەنیشین چە نام سەرایی چون سەگ
وە ڕووی لە تیفە مەواچن وە یەک
(ئەفەندم ئەگەر بنیادم یۆقدر
ئەغام ئەگەر بەن غیرەتم یۆقدر)[٩٤]
(گوێزم وەلەوکن گوێتم شلۆقدر
بەس دەگیل قوربان غروشم چۆقدر)[٩٥]
(تەحصیل ئموور جەبرەن یا پەرەم
دەعوا بیتورمەم پارە ئیستەرەم)[٩٦]
زومرەی زابتان ساحێب شمشێرن
چەنام بازاڕ وە فەقیر فێرن
غەنیم فەللاح بێ دەسەڵاتەن
زیکر و فیکرشان هەر باقیاتەن
خۆ باقیاتشان نمەبۆ تەمام
دەک ڕووسیا بان چە (یوم القیام)
داد چە زابتان سەرمەست ڕیشوەت
خائینان دین دەوڵەت و مییللەت

---

(٩٤)،(٩٥)،(٩٦) ئەم خشتانە بەزمانی سەربازێکی عوسمانییەوە بە تورکی وتراون: (ئەفەندم هەرچەندە بەدڕەوشت و بێ غیرەت و بێ بناخەم بەڵام هەرچی فەرمانێکم لە فەرماندەوە پێ بگا دەستبەجێ پێی هەڵدەستم، بەدەعوا هەڵناسم و پارەیشم دەوێ).

**ڕۆیشتنی هۆزە کوردەکان بۆ بەرگریکردن لە نیشتیمان دژ بەئینگلیزی داگیرکەر لە ناوچەی بەسرە و فاو‌دا**[٩٧]

ئەمیر دین عەسکەر نەمەند چە قووەت
ئیمجار پەی ئیمداد نویسنان وە عەشرەت
توورڕەی تەلغوراف (بۆیلە چالّندی)
(عەشائیر ئیمداد بەسرە ئالّندی)[٩٨]
نە جەمع عەشرەت تەڵەب بی (تەوفیق)[٩٩]
(میر داودە) جەناب (نامیق)[١٠٠]
بی وەسەر دەفتەر جەمع عەشرەتان
بخێزۆ بەحەرب میللەت میللەتان
ئاما بە(کەرکووک) ئەمر و تەلغوراف
(قورلّدی مەجلیس هەیئەت و کەشاف)[١٠١]
خەبەردار کەردن سەردار عەشرەت
نەوەی (عەلی ئاغا)[١٠٢] شێر پڕ شەوکەت

(٩٧) شاعیر ئەم ناونیشانەی بەفارسی وا تۆمار کردووە، (بەجهاد رِفتن عشایران)، واتە: (ڕۆیشتنی هۆزەکان بۆ جەنگ کردن لە پێناوی ئاین)دا.

(٩٨) واتە: میری سەربازەکان لە شاری بەسرەوە بروسکەیەکی نارد تا هۆزەکان بەفریایان بکەون، چونکە سەربازەکانیان لە بەرەی جەنگ بەرامبەر بەسوپای ئینگلیز هەرەسیان هێنا).

(٩٩) تەوفیق: کوڕی مەنسوور کوڕی محەمەد عەلییە، لەساڵی ١٩٠٥ز. لە ئاوایی حەوتەغاری مەنسوور هاتووەتە جیهان، یەکێک بووە لە سەرۆک هۆزە بەناوبانگەکانی هۆزی داودە، پیاوێکی نیشتمانپەروەر و سوارێکی بەجەرگ بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ی ز. ئەمری خوای کردووە، لەپاش خۆی مەدحەتی کوڕی جێگای گرتەوە، ئەمیشیان لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٥ی ز.) دا کۆچی دوایی کرد.

(١٠٠) نامیق ئاغا: کوڕی عەلی ئاغای داودییە، لە ساڵی ١٨٤١ی ز. لە دایک بووە، یەکێکە لە سەرەک هۆزە ناسراوەکانی داودەی باشوور، لە دێی حەوتەغاری عەلی دادەنیشت لە دەڤەری (داقووق)، ئەم زاتە وەکو باسی لێوە دەکەن پیاوێکی چاوتێر و سوارێکی ئازا و بەجەرگ بووە، لە ساڵی (١٩١٥ی ز.) لە جەنگی جیهانی یەکەم بەشداری کردووە و لە شعێبە لە خوارووی شاری بەسرە شەهید کراوە.

(١٠١) واتە: بروسکە و فەرمان بەکەرکووک گەیشت و کۆڕێکیان بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە بەست و سەرەک هۆزەکانیان ئاگادار کردەوە.

(١٠٢) عەلی ئاغا: باوکی نامیق ئاغای شەهیدە.



پەوسەدا جەواب (أضح)وە حوکمەت
(ئاوەت ئیستەرەم یەدی گوین موهلەت)[١٠٣]
بسازۆن تفاق عەشرەتم مەوجوود
(حەربەگیدارغ بیعەون مەعبوود)[١٠٤]
یە ڕاگەی بەهەشت کەی ڕای نەهاتەن
ئەرس[١٠٥] شەهادەت وە نەم خەڵاتەن
هەرکەس ئیسلام بۆ ئوممەت ڕەسووڵ
فەرموودەی ڕەسووڵ مەکەرۆ قبووڵ
چە حەج ئەفزەڵتر پڕ فەیزو ڕەحمەت
فەرزەن پەی غەزا نەقڵ و حەرەکەت
مەمنوونم وە حەرب (بالرأس والعين)
پەرێ ئینتیقام (ئیمام حوسەین)
مەسمووع بی گوفتار مەرد پڕ ئسووڵ
ئەهالی و مەجلیس کەردشان قبووڵ
ئەوسا چەو دما ڕەئیس سالار
کەردش تە دارەک پەی غەزای کوففار
جەنگی سواران دریا نە دەفتەر
شێران شەڕجۆی پڵنگ ئەژدەر
موهەییا کەردش پیادە و سووار
بارخانەی ئەرزاق چەندێ ئەستربار
چەند خەیمەی سفید ئەلبیسەی گران
چەند ئەسپ نەجدی چەندێ مادیان
ناڵبەندی کەردش عەشرەت موکەممەل
پەرێ غەزای دین بێ باک نە ئەجەل

(١٠٣) ئەم نیوە باڵە شیعرە بەتورکییە، واتە:(نامیق ئاغا داوای ماوەی حەوت ڕۆژی لێکردووە بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات تا بەچەند سوارێکەوە لەو جەنگەدا بەشدار بن.

(١٠٤) واتە: خوا یار و یاوەر بێ بەرەو بەرەکانی جەنگ دەڕۆین.

(١٠٥) ئەرس(ئەرث): میرات.

ئەوسا چەو دما چون (کەیخوسرەوشاه)
یەک یەک خەرج ڕاه بەخشا وه سوپاه
حازر بی شێران شەڕجۆی پڕ هیمەت
مونتەزر وه ئەمر فەرمای حکومەت
ئەوەڵ تیپ سوپای (داوده) زبان
سەردارش (نامیق عەلی ئاغا) عەیان
ڕەئیس عەشرەت وێنەی (کەیخوسرەو)
فەرما کە (شەوڕەنگ) زین کەران وه دەو
(حسب الفرمودە)ی زات زەمانە
(شەوڕەنگ) برکێشان جە تەویلەخانە
ئاوەردن وه بەر ئەسپ[١٠٦] بەحریوار
زین زەبەرجەد کەردن ئوستوار
موکەمەل یەراق کەردشان تەیار
ئاوردن وه پێش ڕەئیس سەردار
پادا نە ڕیکاب سوار بی وه زین
بەردش نام پاک (رب العالمین)
رزەن ماوەزەڕ دەردەم بەست چەپشت
کارخانەی فەڕەنگ حازر کەرد نە مشت
جەنگی سواران ئازموودەیی کار
سوار بین وه زین دوو پەنجا سووار
پەنجا پیادەی شاتر تیژ ڕەو
موکەممەل سیلاح کەفتن نە جیلە و
زرڕەی زەنگ زەرد بارخانەی ئەرزاق
مەیاوا بەگۆش بێستوون ڕیواق
بەیداغ ئەخزەر کەردشان وه پا
مەکتووب وه ئایەت (نصر من الله)

---
(١٠٦) ئەسپ بەحری وار: جۆرە ئەسپێکی زۆر جوان و نایابی دەریایی خەیاڵییە.



(نصر من الله وفتح قریب)[١٠٧]
حەق فەتح جیهاد بکەرۆ نەسیب
راهی بین وه ڕاه وه تەعجیل و تاو
پەی ڕەزم بەسرە و موحارەبەی فاو
ژەنیا (تەپڵیباز) هورگرتن عەلەم
سەدای سەڵەوات یاوا وه هەفتەم[١٠٨]
دووهەم تیپ لەشکر(رفعەت بەگ)[١٠٩] مەنشوور
شێران شەڕجۆ مەردان پڕ زوور
تەمام موسەللەح گشت خەنجەر گوزار
جەنگی دلێران هەفتاد نامدار
سوار بی وێنەی فلامەرز یەل
بێ خەوف نە دەعوا بێ باک نە ئەجەل
جەولاندا وه ئەسپ ئەژدیهای پڕتاو
پەی ڕەزم (بەسرە)و موحارەبەی (فاو)
جەنگی دلێران عەرسەی کارزار
سووار بین لووان شێران شکار
دوو تیپ سەردار شێران پڕ قین
راهی بین وه ڕاه پەی (بەغداد) زەمین

---
(١٠٧) ئەم شیعرە دەستنیشانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە (وأخرى تحبونها نصر من الله وفتح قريب) سورة الصف الآية(١٣)
(١٠٨) هەفتەم: مەبەست لە حەوت تەبەقەی ئاسمانە.
(١٠٩) ڕفعەت بەگ (١٨٩٥ - ١٩٦١/٧/١٢ی ز.) کوڕی ئیسماعیل بەگ کوڕی ئیبراهیم ئاغای داودییە. یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی داودە لە دەڤەری کەرکووکدا، لە جەنگی جیهانی یەکەم لە شعێبەو لە شۆڕشی بیست (١٩٢٠) بەشداری کردووە، یەکێکە لە یاوەرانی خەلیل منەووەر، لە دێی (ئەلبوسەباح) دادەنیشت، لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیدا دۆستایەتی هەبووە، پیاوێکی پیاوانە و سەر ڕاست و نیشتمانپەروەر بووە لەساڵی (١٩٢٠ی ز.) لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە گوندەکەیانیان سووتاند لەبەر ئەوەی لەشۆڕشی بیست بەشداری کردووە و هەمیشە دژی ئینگلیزی داگیرکەر بووە.

سە ماه وەرنە جەمع جیهادی ئیسلام
(نامیق) و (رفعت) بێ سەبرو مەدام
مەنزڵ بەمەنزڵ نەگرتن قەرار
تاکە داخل بین بە(مەرکەز)[110] دییار
یاوان بەو مەحاڵ جای سفید حەسار[111]
فەوج فەوج تیپ تیپ پەیا بین بەوار
خەیمەی سفید ڕەنگ وە پا[112] کەردشان
بەیداغان نە دەور چادر بەردشان
پەی ڕەزم کوففار تەمام ئامادە
قەرار گرتشان تیپ بەگزادە
ئیمجار چە (کەرکووک) بەیان کەم خەبەر
خێزا پەی غەزا سوپای (هەفت لەشکەر)
سووەم تیپ لەشکر (خانەقا ) مەنشوور
سەردار(سەی ئەحمەد)[113]مەعرووف و مەذکوور
جەنگی سواران تەمام سلاحدار
مەردان نەبەرد دوو پەنجا[114] سوار

(١١٠) مەرکەز: مەڵبەند، مەبەستی لە شاری بەغدایە کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا مەرکەزی ئیدارەی عێراق بووە.
(١١١) سفید حەسار: دیوار، دیواری دەوری قەڵا، شوورە، مەبەست لە شوورە دێرینەکەی شاری بەغدایە، سفید حەسار شوورە و دیوارێکی خەیاڵییە لە شانامەی فیردەوسیدا ناوی هاتووە.
(١١٢) وەپا: بەرپا
(١١٣) سەیید ئەحمەد: (١٨٦٧-١٩٥٢ی ز.) کوڕی شێخ حوسەین خانەقای ئال سەردارە، لە بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجییە، لە شاری کەرکووک دادەنیشت، پیاوێکی وریا و ژیرو ئازا و چاو تێر و نیشتمانپەروەر بووە، لە خواترس و بەئاین بووە، هەر لە کەرکووکدا خانەقای هەبووە کە تائەمڕۆ ئەو خانەقایە ماوە، لەناو کۆمەڵدا بەسەید ئەحمەد خانەقا ناسراوە، یەکێکە لەناودارە کوردەکانی ئەو ڕۆژگارەی کەرکووک، لەساڵی ١٩١٥ی ز لە شەڕی شعێبە بەشداری کردووە لەخوارووی عێراق دژ بەئینگلیز بەرپا بووە، سەر بەشۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر بووە و دۆستایەتیشی لەگەڵدا بەتین بووە، لەپاش خۆی شێخ حوسێنی کوڕی(١٩١٢-١٩٨٤ی ز.) جێگای گرتووەتەوە.
(١١٤) دوو پەنجا سوار: واتە سەد سوار.



(ئاڵتمش)[115] پیادەی چالاک تیژ دەو
کەفتن نە جیلە و ئەو عالی نەسە و
سوار بی سەیید بەرزنجە نەسەب
مەنشوور ئەییام بەو (الأفقر لقب)
وێنەی (ئەسکەندەر) بشۆ بەزوڵمات
جەولاندا وە ئەسپ پەی ئاب حەیات
راهی بی وەراه وە تەعجیل و تاو
پەی ڕەزم (بەسرە)و موحارەبەی (فاو)
ژەنیا تەپڵیباز هورگرتن عەلەم
سەدای سەڵەوات یاوا وە هەفتەم
چارەم تیپ لەشکر سادات سەنگین
نەسڵ بەرزنجە (شێخ حوسامەددین)[116]
سوار بی وێنەی (سەعد بن وەققاس)
سەیید سەروەر پاکیزەی ئیخلاس
پەنسەد پیادەی موئمین موتتەقی
کەفتن نە جیلە و پەی غوڕڕای شەقی
راهی بین وە ڕاه دلێران دین
یەکسەر ڕوو نیان وە (بەغداد) زەمین

(١١٥) ئاڵتمش: وشەیەکی تورکییە واتە: شەست، ژمارەی (٦٠).
(١١٦) شێخ حوسامەددین (١٨٨٩ - ١٩٦٦ی ز.) کوڕی عومەر کوڕی کەوسەری بەرزنجییە، دانیشتووی شاری کەرکووک بووە، سۆفییەکی بەناوبانگی ڕۆژگاری خۆیەتی، خاوەنی تەکیەی قادری و بەدەیان خەلیفە و دەروێشی هەبووە، پیاوێکی نیشتمانپەروەرو چاوتێرو میوان دۆست بووە، لە ژیانیدا ئەم سێ کتێبەی لەبواری سۆفیگەریدا بەزمانی تورکی داناوە: (مناقب الطالبانية، رسالة حول التصوف، مدائح الدرويش)، لەپاش خۆی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە چاپی داون، شەش کوڕی هەبووە، تەنیا شێخ سەفا و شێخ بورهان لە ژیان ماون و لە کەرکووک دەژین خوا دەست بەباڵیانەوە بگرێ، وەکو لەشیعرەکەدا هاتووە شێخ حوسامەددین بە(٥٠٠) دەروێشەوە لە جەنگی جیهانی یەکەم لەشەڕی شعێبە بەشداری کردووە.

ژەندن تەپڵ و دەف هورگرتن عەلەم
سەدای سەڵەوات یاوا وە هەفتەم
پەنجەم تیپ لەشکر نەوەی(شێخ سەعید)[١١٧]
(شێخ مەحموود)[١١٨] وێنەی (خالد بن وەلید)
پادا نە ڕیکاب سوار بی وە زین
چەنی نەوەت مەرد دلێران دین
راهی بی وە ڕاهـ بەور بێ نەزیر
وە سەدای تەهلیل غەلغەلەی تەکبیر
ژەندن تەپڵ و دەف هورگرتن عەلەم
سەدای سەڵەوات یاوا ٠وە هەفتەم
نەکەردش ......... ......... .........[١١٩]
... ... ... ... ... ...
دەعوای تاج و تەخت چە هەفت کیشوەرەن
ئیبلیس ئاشووب وەی وە پا کەرەن

(١١٧) شێخ سەعید: باوکی شێخ مەحموودی حەفیدە.
(١١٨) شێخ مەحموود: کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی کاک ئەحمەدی شێخە، لەساڵی (١٣٠٢ی ک.) بەرامبەر بە(١٨٨٤ – ١٨٨٥ی ز.) هاتووەتە جیهان، زانست و زانیاری لە چەند زانایەکی ئەو سەردەمە وەرگرتووە، فارسی و عەرەبیشی زانیوە، لەساڵی (١٩١٩ی ز.)دا حکوومەتی کوردی لە سلێمانی بۆ ماوەی حەوت مانگێک دامەزرا و شێخ مەحموود پاشای بوو، لەهەمان ساڵدا دژ بە سوپای ئینگلیز وەستاو دیسانەوە شەڕی لەگەڵ ئینگلیز کردو لە دەربەندیخان بریندار کراو بەدیل گیراو دوور خرایەوە بۆ هیندستان، لەدوای سێ ساڵ ئاوارەیی و دوور خراوەیی گەڕاندیانەوە سلێمانی و حوکمدارییان بۆ ماوەی پچرپچڕ پێ بەخشی، لەساڵی (١٩٣٠ی ز.) دا شۆرشێکی تر بەسەرکردایەتی شێخ بەرپا بوو لە ئەنجامدا لە ١٩٣١/٥/٣١ی ز. شێخ بۆ شاری ناسریە دوورخرایەوە و لەساڵی (١٩٣٣ی ز) گوێزرایەوە بەغدا، لەساڵی ١٩٤٨ی ز. دا ڕووی لەگوندەکەی خۆی (دارەکەلی) کردو هەر لەوێ مایەوە، تا لە بەرواری (٩/ ١٠/١٩٥٦ی ز.)دا لە نەخۆشخانەی حەیدەری لە بەغدا ئەمری خوای کرد و تەرمەکەیان هێنایەوە سلێمانی و لە مزگەوتی گەورە سپاردەی گڵ کرا ... خوا لە گوناهی خۆش بێ و بەبەهەشتی بەرین شادی بکات.
(١١٩) بەداخەوە دەڵێم دەفتەرە دەسنووسەکە لێرەوە چەند لاپەڕەیەکی لێ ون بووە، ئایا چەندی لێ ڕۆیشتووە ئەوە مەگەر هەر خوا خۆی بزانیت...



فەلەک چە فەتوای فەرمان سەرەن
دنیا چون دادای[١٢٠] دێو ئەخزەرەن
زەمانەی زەبوون زوڵم زۆر بەرەن
دەوران ئاخر ئاشووب و شەڕەن
شادی بێ دینان شەهد شەککەرەن
زەوق دینداران کوورەی ئەخگەرەن
هەدم سەد زەبت شای (ئەسکەندەرەن)
ئەو سەددە وە ڕووی ( یەئجووج) سەنگەوەن
فەتوای (محێدین)[١٢١] شێخ سەروەرەن
دەمێوەن دنیا وەبێ لەنگەرەن
وە ئەمر فەرمان (علام الرموز)[١٢٢]
زوڵم (زوحاک شا)، جە عامدا برووز
چە تەئریخ ساڵ (ئوچ یوز ئۆتوز)[١٢٣]
حیساب ڕۆمی چە نوسف تەمووز
ئیمداد ئیسلام بی وە (ئاڵەمان)
چە ڕوبع مەسکوون بی وە (الآمان)

( ١٢٠) دادای دێو ئەخزەر: نەنک، یان: دایکی دێو و درنجی شەڕ خواز.
(١٢١) شێخ محێدین (١١٣٣ – ١١٩٣ی ک.) کوڕی شێخ حەسەن گڵە زەردەیە و لەبنەماڵەی ساداتی بەرزنجییە، لەپاش مردنی باوکی ماڵی گوێزراوەتەوە بۆ ئاوایی (قوولە) لە (بازیان) لە دەڤەری (چەمچەماڵ) و لەوێ دوو ساڵ ماوەتەوە، ئینجا چووە بۆ ناحیەی (قەرەحەسەن) و لە دێی (تەیمەز ئاوا) دانیشتووە، لەپاش سێ ساڵ ماڵی گوێزاوەتەوە بۆ شاری کەرکووک و ئیتر بەتەواوی لەوێ نیشتەجێ بووە، شێخ محێدین سۆفی و کوردێکی بەناوبانگی شاری کەرکووکە، پیاوێکی داناو ڕۆشنبیر بووە، لە ژیانیدا (٧) کتێبی لە بواری ئایندا داناوە کە تا ئەم ڕۆژگارە دەسنووسن و لە چاپ نەدراون، لەساڵی ١١٩٣ی ک فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە (کەرکووک) سپاردەی خاک کراوە.
(١٢٢) علام الرموز: ئەو زانایەی کە لە ڕەمز تێدەگا و شی دەکاتەوە، ئەوەی لە ڕەمز و نهێنی شیعر تێدەگا و بەئاسانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک شی دەکاتەوە و بەجوانی ماناکانی لێک دەداتەوە،
(١٢٣) ئوچ یوز ئۆتوز: ئەمە بەتورکی واتە سێسەدو سی، ژمارەی (٣٣٠)، ساڵی (٣٣٠) ڕۆمی، ئەمە حیسابێکی تورکییە و ناسراوە بە(السنة المالية).

چە سوب تا ئێوار کێشیا تەلغوراف
زیڕەی مەکینە پەرێ گشت ئەتراف
عەسکەر عەتیق سابیق (بەدەل) دەر
(بەقایا) و (موعین)[124] دریا نە دەفتەر
تیپ (موستەحفیظ)[125] چەنی ئیستبدال[126]
ئیحتیات ڕەدیف قەید بی وە دەرحاڵ
(سن یگرمی)[127] تا وە چل و پەنج
یەکسەر گرفتار بادو دەردو ڕەنج
بێ موعایەنەی[128] سەقەت و چرووک
سەوق بی سەراسەر بەشار (کەرکووک)
نە (بەدەل) قبووڵ نە خود (ئیسترجا)
نە ڕیشوەت نە ڕەحم سیلەی ئیلتجا[129]
ئاسار ئادەم چە عام هورکەینا
بێ عەفو موعین پەی عەسکەر سەنیا
نە پەرسان چە عەرض چە حاڵ مەغدوور
چەندین خانەدان یانەش بی خاپوور
زیڕەی نازداران چە یانە بێکەس
بێ قووت و قنیات چون تەیر قەفەس
واوەیلای تفلاڵن تەمام خاک وەسەر
مەگرەوان نە هەجر باب و برادەر

(١٢٤) موعین: یارمەتیدان، ئەو سەربازەی کە بۆ دایک و باوکی تاقانەیە و لە خزمەتی سەربازیدا عاف دەکرێ.
(١٢٥) موستەحفیظ: پارێزگاری کردن.
(١٢٦) ئیستبدال: گۆڕینەوە، گۆڕینەوەی هەر شتێ بەشتێکی تر.
(١٢٧) سن یگرمی: تورکییە، واتە: لەتەمەنی بیست ساڵییەوە تا (٤٥) کران بەسەرباز.
(١٢٨) موعایەنە: ئەوەی بەچاو دەبینرێ.
(١٢٩) ئیلتجا: پەنابەر، یەکێ پەنا دەباتە لای گەورەیەکی خۆی.



نەچەهار ئەتراف خێزیا چەمەر
بی بەڕەستاخێز چون (یوم المحشر)
سی و پەنج دەوڵەت بەغەیر ...[130]
نیشتن نە ڕووی تەخت وە عەدل و وە داد
هیچ کام وێنەی ئەو نەکەرد گومڕاهی
بێ ڕائی و دانش نەکەردەن شاهی
کار بێ پڕ کار ئاوەرد وە مەیان
وە سایەی مەجلیس میر مەبعوسان[131]
وەختێ کە (ڕەشاد) نە تەخت کەرد جلووس
ڕێزا چون (حاتەم) پەی شوهرەت فلووس
تیپ مەکتەبلی فیرقەی بێ خێران
پوشت و ئەدەبسز (ئیبن و گوێت وێران)
(قزقیافەتلی)[132] لووتی و لەگامان
قڵنج نە گەردن پیرەزەن سامان
هەر یەک دە لیرە تەعین کەرد مەعاش
ئەلبیسەی چۆخە ئەرزاق وە بەلاش
وە سە مەجیدی قۆندەرە چە پاش
قۆندەرەش نە دییەن ئەجداد و باباش
زەبتییەی پیادەی خوبزەی بێ عەمەل
دایەی (ئاڵ) و (جین) کۆرو کەڕو شەل
تەعین کەرد (ئایلق) سیانزە مەجیدی
بەتاڵ کەرد بازاڕ (عبدالحمید)ی

(١٣٠) شوێن خاڵەکان شاعیر خۆی بەبەتاڵی هێشتوویەتییەوە.
(١٣١) مەبعوسان: کۆی (مەبعووث): نوێنەر
(١٣٢) قزقیافەتلی: ئەو کوڕانەی کە جل و بەرگی کچان دەپۆشن، زووتر زۆر شوورەیی بوو کوڕێک بەرگ یان کراسی کچان بپۆشێ.

خۆری ولاتان خویزه و غەواره
بێ ڕەسم و نوفووس کەرد وە سەییاره
فەرماندا پەرێ زەبتیەی سواره
(ئایده ئاڵسونلەر دۆرت لیره پاره)[١٣٣]
زابت تەقاعود گوفتەی بێ دەسەڵات
موحتاج موفلیس لات ئیبن لات
نیشتن وە ڕاحەت چە یانەشان مات
سەندن پەی وێشان مەعاش وە دوو قات
کۆر سلێمانی چە کونج یانە
وێنەی بادەقوش ئەکل ئیعانە
دوو قات ئەلبیسەی (یازلق)[١٣٤] زمستان
کیانا پەرێ چە بادە مەستان
وە کۆنە عەسکەر (عبدالحمید)ی
ئیحسان کەرد (ئایلق) روبع مەجید
عەسکەرەن قووەت میللەت ئیسلام
عەسکەر ها نە حەرب چە سوب تا وەشام
زەبتیە ڕاحەت، ها نە سای سێوەر
زەکەر مەتەقنۆ[١٣٥] چە شام تا سەحەر
چایخانەو قاوە یاتاغشانەن
نۆشان شەراب ناو با غشانەن
ئەوان کەران قەبز (ساری) لیرەی زەرد
عەسکەر بکێشۆ جەفاو جەنگ و دەرد
یە کەی بی بەشەرت ئینساف مەعدوول
یا حەق نە دەرگات یە چۆن بۆ قبوول؟

---

(١٣٣) ئەم نیو باڵە بەتورکییە، واتە: (مانگی چوار لیرە پارە وەربگرن)
(١٣٤) یازلق: هاوینە.
(١٣٥) زەکەر مەتەقنۆ: کێر دەتەقێنێ، کینایەیە بۆ مرۆڤی تەمبەڵ و نەکارا.



چل ملوێن فیشتەر پوول جەدیدی
گشت تەمغازادەی[١٣٦] (عبدالحمید)ی
پەوسەدا فەرمان ... ... پاد[١٣٧]
سوزان وە ئاهیر گەردش شی وە باد
سککەی عەتیقش مەنسووخ کەرد چەنام
ئەمر حورڕیەت ڕەواجدا وەعام
زەربدا نەورەشۆ مەعدەن سفید
بەعەکس عادەت، (شا عبد الحمید)
دمای حورڕیەت کەردش ئینتیزام
جوولەکە و کافر کریا وە نیزام
قەید بی نە دەفتەر تایفەی یەهوود
(مووشی)و (مەنشی) ، (دانیال) و (داود)
(سلێمان)و (ساسۆن)، (حیقل)و (حایم)
( شاهول) و (شوعە)، (فیر) و (فیرایم)
(ئەبرام) و (ئیسحەق)، (شلومی) و(شالووم)
یەکسەر جەم کەردن گشت چەنی (مالووم)
پسکوول کەبیران چیت بازک پۆش
بەزازو عەتار جەمع شەراب نۆش
وە حوکم شەدید ئەمر بینباشی
بەردن بەقشلە (ڕێزان گوێزیاشی)[١٣٨]
بەوێنەی ناخر جهوود دان نەوەر
ئاوردن وە جەخت ئۆستادێ بەربەڕ
پەی عار عیبرەت قەلب قەڵاشی
زوڵفشان بڕین ڕیششان تاشی

---

(١٣٦) تەمغازادە: مۆردار، داخمەدار.
(١٣٧) شاعیر خۆی شوێن خاڵەکانی بەبەتاڵی هێشتووەتەوە.
(١٣٨) گوێز یاشی: چاوی تەڕی فرمێسکاوی.

هەر نە ئەختـــيـــار مـــەجـــهـــوول و ناشی
یـە هـوودان كــــــــەردن نـيـــــــزام تـراشـی
ئـاب ئـەنـزەڕووت وە ڕووشـــــــان پـاشـــــــان
بيــــغــــشـــــان قــــەڵەم ســــەقڵ تراشـــــان
لـــيـــــــــــــبـــــــــــــاس ... ... ... (١٣٩)

... ... ... ...

***

(١٣٩) بەداخەوە لێرەوە دەسنووسـەكە ناتەواوە و چەند لاپەڕەیەكی لێ ون بووە و بڕێ لە شیـعـرەكەشی لەگەڵدا فەوتاوە.



## داستانی ڕەشبگیر، یان، سەفەربەر[١]

هەڤـــدەی ڕەمـــەزان (أشـــرف الشـــهـــور[٢])
خـــێـــزا چە (تاوغ) زەلزەلەی (في الصـــور)

(١) لە ساڵی(١٩١٤ی ز.) جەنگی جیهانی یەكەم دەستی پێكردووە و لە ساڵی(١٩١٨ی ز.) كۆتایی پێهاتووە، كارەسات و ئەنجامـەكانی ئەم شەڕە دڵتەزێنە هەمـوو جیـهـانی گرتـووەتەوە و بووەتە هۆی ئاڵوگـۆڕی جـۆرا و جـۆری گـەورە لە ژیانی زۆربەی گـەلاندا بەتایبـەتی وڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، سوپای داگیركەری ئینگلیز لە خوارووی شاری بەسرەوە بەرەو عێراق كەوتنە ڕێ كە ئەوكاتە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكاندا بوو، توركەكان نەیانتوانی بەرامبەر بەلەشكری بەریتانیا خۆیان ڕابگرن، ناچار ڕۆژی ٢ی ئابی ساڵی (١٩١٤ی ز.) بەناوی ئیسلامەوە جاڕی جیـهادیان دا، وا (سـەفەربـەر) دەستی پێكرد ئەوەی سەربازە با چەک هەڵبگرێت، دەوڵەتی عـوسمانی ڕەشبگیـریان كرد واتە ئەو نێرینەیەی مووی ڕیش و سـمێڵی ڕەش بوایە دەیانكرد بەسـەرباز و چەكیـان دەدایێ و بەرەو مەیدانی جەنگەكان ڕەوانەیان دەكرد بەمەیشەوە نەوەستان هەر شەوێ دەیاندا بەسەر گوندێكدا یان گەڕەكی شار و شارۆچكەیەكدا هەرچی ئازووقە و خواردەمەنی بوایە بەزۆری چەک لە خەڵكیـان دەسەند و بۆ سەربازەكانی خۆیانـیان دەبرد چونكە ئازوقەیان لێبڕابوو، جا ئەم كارە نالەبارەیان بووەتە هۆی مردنی بەهەزاران كەس لە پیر و لاو و منداڵی بێ تاوان، لەم داستـانەدا وا دەردەكـەوێ عـیـسا ئەفـەندی كـاربەدەســتـێكی توركی زاڵم بووە، بەرەبەیانی ١٧ی ڕەمـەزانی سـاڵی (١٩١٥ی ز.)بەجەندرمـەیەكی زۆرەوە ئابڵۆقەی گوندی (عـەرەبكۆیی) و (ئەلبومـحەمەد)یان داوە و (١٥٠) كەسیـان لە هەردوو گوندەكـە گرتووە و لە دیوەخانەكەی سـەیید ڕۆستەم ئاغـادا بەندیان كردوون بەو نیـازەی بەرەو بەرەكـانی جەنـگ ڕەوانە بكرێن، تەنانەت خـەلیل منەووەرشی گـرتۆتەوە، جـا سـەیید ڕۆستەم ئاغا زانیویە ناتوانێ لە ڕێگای جەنگەوە بەرگرییان لێ بكات و ڕزگاریان بكات، بۆیە پەنای بردۆتە بەر دبلۆمـاسییەت و خـواردنێكی زۆریشی بۆ نیوە ڕۆژەی ئەوان و زیندانییەكان ئامادەكردووە لە ئەنجامدا لەبەر خاتری خۆی و سەیید خەلیل ئاغا و سەیید وەڵەد ئەفەندی و ڕەمزی بەگ و مەجید ئەفەندی بەفـەرمـانی عـیـسا ئەفەندی هەرهەمـوو زیندانییـەكان ڕزگـار دەكرێن. شـاعـیـرمـان جگە لەم داستـانەی كە لە ناوچەی (داقووق)دا بووە و دایناوە لە داستانە شیـعرێكی تریشـدا باسی ئەو جەنگە و ڕووداوەكـانیـمـان بەوردی بۆ دەگێـڕێتەوە، هەروەها حـەمـدوونی شـاعـیـر و مـەلا فـەتۆشی كـاكـەییش شیعریان لەسەر كارەساتەكانی ئەو جەنگە و سەفەربەر داناوە.

(٢) أشرف الشـهـور: (مـانگی ڕەمـەزان) كە پیـرۆزتر و مـەزنترین مـانگە، چونكە قـورئانی پیـرۆزی تێدا دابەزیوە بۆ حەزرەتی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)

ئیرادەی سولّتان شای ساحیّب سەریر
پەیدابی گولّبانگ سەدای ڕەشبگیر
ئیعدام عیّراق بەرشی بەر قەرار
پەی سەوق و دەردەست پەی قەتل و کوشتار
مەئموور میللەت (عیسا ئەفەندی)
ساحیّب مەفرەزەی دەولّەت پەسەندی
وەکیل دەردەست عەشرەتان بیّداد
نە مولّک (کەرکووک) تا قەشقەی (بەغداد)
هەر شەو نا غافلّ پەی بەخت نەگبەت
شەبەیخوون مەدا وەسەر یەک عەشرەت
چوار دەور قەریە مەداشان حەسار
مەکەردشان زولّم، فەقیر و هەژار
شەویّ بیّ خەبەر پەی ڕەنجەڕۆیی
شەبەیخوونشدا وە (عەرەبکۆیی)
یاوەر بی چەنیش سەد نەفەر سوار
جەندرمەی جەللاد بەد بەخت غەددار
ئەتراف قەریە گرتن چون حەسار
وەر لە سوب سەحەر یەک سەعات شەوگار
چەکوڕڕەی ئەستر شەحنەی مادیان
چە مەکر و حیلەی بەدی عادیان
ئەهالی قەریە بیّ خەبەر چەکار
دیشان ئی بەلاّو ماجەرای بسیار
تیپیّ چە کادان تیپیّ چە عەمار
تیپیّ چە ژیّر خان ویّشان کەرد پیّوار
تیپیّ پشقلدان تیپیّ چە باخچە
تیپیّ چە خەرمان چە پاخواو قرچە



یەکسەر پەنهان بین وە چار نا چار
بی وە هەی بگیر کیریفت و فیرار
پەیدا بی سەدای ڕۆ ڕۆی وەلوەلە
فەریاد و فەغان بانگ و زەلزەلە
سواران ئەتراف قەریە گرت مەحکەم
پیادەش هجوم وە زولّم و ستەم
داخل بین وە نام قەریە بیّ قەرار
بی وە ئەلئامان سیغار و کیبار
یەک (طرفة العین) پەی ڕەنجەڕۆیی
سەد نەفەر گرتن چە (عەرەبکۆیی)
وە سەترە و[٣] چۆماغ قۆناخە تفەنگ
دنیا وە مەزلّووم ئاوردن وە تەنگ
وە زەرب قرپاچ دار و دەگەنەگ
ڕۆڕۆی فەقیران یاوا وە فەلەک
فەریاد و زاری فەقیر و مسکین
یاوا بەگەردووون چەرخ هەفتەمین
وە ئەمر فەرمان ئەو ئەبو قلیج
کۆر و کەچەلاّن سەقەت و ئیفلیج
سەبیلچی و بەقالّ حایج[٤] و هەللاج
گاوان و شوان ڕەنجبەر و موحتاج
نەجاڕ و توجاڕ سەراج و سەپان
بەگ و بەگزادەی مسکین میللەتان
تفلّ نەو ڕەسید گەنج و ئەختیار
قۆلّ بەست بین تەمام نەکەران فیرار

(٣) سەترە: لە دەسنووسەکەی سەیید وەهابدا نووسراوە: زەرب
(٤) حایج: جۆلاّ، لە دیوانەکەیدا بەهەلّە نووسراوە چایچی.

(دۆم) و (زوڕناچی)، (عەجەم) و (عەرەب)
مەحبووس بێن تەمام وە خەشەم و غەزەب
(کورد) و (تاوغلی) قەوم و بێگانە
سەوق کەردن تەمام پەی دیوانخانە
(ئەلبو محەممەد) هەم بی[5] یەختەسار
پەنجا نەفەرشان کریا گرفتار
ئەوانیش ئامان وە برا ڕۆیی
داخل بێن تەمام وە (عەرەبکۆیی)
قاپی دیوانخان مەحکەم کەردن بەست
نۆبەتچی مدرا تفەنگ نە ڕووی دەست
یاساغ کەردشان نۆش ئاب و نان
دیوانخان گەرم بەوێنەی زیندان
هەڵم هەناسەی (عەرەب) و (کراد)
بی وە گەردەلوول نمەبەردش باد
چە دوود دوخان جغارە و سەبیل
مەحبووسان مەلوول چون کۆر و زەلیل
ڕوخسەت نەوی کەس سەر بارۆ وە بەر
وەقت بی چە گەرما شەق بەرۆ بەشەر
زەبتیەی زاڵم چون (تەکو ئۆغڵی[6])
غوڕان وە مەحبووس(هایدی کەلب ئۆغڵی[7])
مەواتن چاوەش ڕوخسەت (ئید کەرەم)
(دێدی ئەنانز بیر سیکەرەم)[8]

(٥) بی: لە دەسخەتەکەی سەیید وەهابدا نووسراوە کریا
(٦) تەکو ئۆغڵی: ناوی کاربەدەستێکی عوسمانی بووە.
(٧) هایدی کەلب ئۆغڵی: تورکییە، یانی: یاڵڵا دەی کوڕی سەگ.
(٨) ئەم خشتە بەکوردی و بەتورکی تێهەڵکێش کراوە، واتە، بەچاوەشیان وت مۆڵەتمان کەرەم کە، ئەو بەجنێوی خراپ وەڵامیانی داوەتەوە.



وە زەرب قەمچی مەدان چە مەحبووس
پا ماڵ بی حەیاو ئابڕوو و نامووس
(کیمسە گوێرمەدی بوغەدر فەندی)[9]
ئەلئامان چە دەست (عیسا ئەفەندی)
چە (عەرەبکۆیی) پەیدا بی مەحشەر
ئایل و ژەنان خاک مەکەرد وە سەر
ریشوەت و ڕەجا هیچ ناما وە کار
بەغەیر چە ڕۆ ڕۆی فەریاد و هاوار
زایەڵەی مەحبووس پەشێوی خەرا و
کێشیا شەربەو کونە و جام و ئاو
نان ئاما پەرێ حەبس ڕەشبگیر
تەندیری و ساجی هەڵاتی و فەتیر
چە حەڵق هیچ مەرد نان نەلوا بەوار
مەگەر ئەدەبسز یەتیمچە و بێ عار
سەد خۆزگە مەوات چۆخە ئیپەگان
پەرێ عەجەمان کڵاو دیبەگان
(ئەڵڵا دۆندرسون ئەشبو دەورانی
کاشکە ئۆلسایدغ بزدە ئیێرانی)[10]
(سەی ڕۆستەم) فەرما وە تەعجیل و تاو
باران وە مەجلیس یاپراخ و پڵاو
نە (کورد) نە(عەرەب) نەوی نە مەیدان
نمەکەفت وە دەست پەی ئەجزای دەرمان

(٩) ئەم نیو باڵە بەتورکییە، واتە: هیچ کەسێک ئەم غەدر و زوڵمەی نەپرسی.
(١٠) ئەم خشتە بەتورکییە، واتە (لە خوام دەوێ ئەم دەورانە سەرەو خوار بکا، خۆزگە ئێمەش ئێرانی بووینایە)، چونکە لەکاتی ڕەشبگیردا ئێرانییەکانیان نە دەبردە بەرەکانی جەنگ بۆیە شاعیر خۆزگەی بە ئێرانییەکان خواستووە.

تیپ عەجەمان وە کەیف و دەماغ
حازر بین پەی سەوق پلاو و یاپراخ
وە سینی و سەحەن مەکێشان پلاو
جەرگ مەحبووسان ڕۆمی بی وە ئاو
سێسەد جار هاشا چەی زیندەگانی
خۆزگە وە (سوێن، حەمە کەیانی[11])
هەردوو سەرئازاد نیمە بەدەل بین
هەردوو باش فەڕاش (زەبتییە) گێڵ[12]بین
من هەم پەریشان ئەحواڵ موکەڕەڕ
بێداد بێ ئیمداد بێ چارەی ئەفقەر
فیرار بیم چەنی چل و دوو نەفەر
زەلیل بیم وە دەست زابت و عەسکەر
خۆزگە فەوت بیام چە (حەسەن قەتیف[13])
یا (جەراد)[14] بیام ئەمرۆ یا (نەسیف[15])
عەمارێ حونتە یا تاخم بییا
وێنەی (جەمشیدشا) دەماغم بییا
یا سەقەت بییام یا کە ڕیش سفید
وەی تەور چە دنیا نەویان نا ئومید
فیکرێ چە دەروون کەردم موکەڕەڕ
کیانام زود ئاما پەرێم یەک مێزەر

(١١) سوێن حەمە کەیانی: کابرایەکی جوو بووە لە دێی عەرەبکۆیی دادەنیشت.
(١٢) گێڵ: لە دەسنووسێکی مەلا عەباسدا نووسراوە (کول)
(١٣) حەسەن قەتیف: ناوی گوندێکە لە گەرمەسێردا.
(١٤) جەراد کوڕی عەجیل ناوێکە، کابرایەکی عەرەبی پیر و کەنەفت بووە، یەکێک بووە لە دانشتوانی ئاوایی عەربکۆیی.
(١٥) نەسیف: کابرایەکی عەرەبی پەک کەوتوو بووە لە ئاوایی عەرەبکۆییدا.



مێزەرێ سفید بە وێنەی مەڕمەڕ
ئیسمش (مەجیدی) مەشهوور وە جەنگەر
چەنی جەمانی مێزەر کەردم جفت
تەمام شیم وە شکل سۆفی چە مزگفت
وە سەر سفید بیم وە بەدەن بۆربیم
سۆفی سلێمانی ساف مەردەشۆر بیم
ساعەتێ چە خەوف ئەڕواح ئازیز
مەحکەم سەر بەستم بەو دەعبای تەمیز
وێنەی دەروێشان نە دەستم تەسبیح
مەشغووڵ بیم وە زیکر وە تۆبەی فەسیح
تەمام مەحبووسان سیغار و کیبار
قەهقەهەی خەندە ئاوردن وەکار
دوود دەروونم بەرمەشیا چە داغ
مێزەر چە سەرم چون بەردە چەخماخ
یەک شەخسێ واتش: ئەی (میرزا خەلیل)
یە پەی چێش ئیمرۆ عەقڵت بی قەلیل؟[16]
وەی زاتە ماچان (عیسا ئەفەندی)
ئینسافش نییەن چە ستەممەندی
ئەر باچی ڕەفیق وەحی جبریلم
وە (رجال الغیب) چلتەن دەلیلم[17]

(١٦) ئەم نیوخشتە لە دەسنووسەکەی سەیید وەهابدا بەم جۆرە داڕێژراوە: (پەی چێش تۆ ئارۆ عەقلت بی قەلیل).
(١٧) دەڵێن: گوایە چل پیاوی چاک هەن هەمیشە لە غەیبدان، هەرهەموویان لە یەک شێوەدان، ئەگەر مرۆڤی بەئیمان لە ڕۆژی تەنگانەدا هاناو هاواریان بۆ بەرێ بەئەمری خوا فریای دەکەون و بەنهێنی دەستی بەزەیی و یارمەتی بۆ درێژ دەکەن، لەناو شارۆچکەی (تاوغ) نەزرگایەکیان هەیە بەناوی (نەزرگای چلتەن)، خەڵکی ئەو شارە و دەوروبەری دەچنە تەوافی و باوەڕیان پێ هەیە.

ئەر باچی نائیب واعظ تەعلیم
ئەولادەی ڕەسووڵ زات ئەسیلم
سی جزمەی قورئان بکەری ئەزبەر
بوانی چە پێش ئەمیر عەسکەر
ببی بە وەلی تۆ وە کەرامات[18]
فائیدەش نییەن نە داری نەجات
مێزەر بکیانە تۆ پەرێ حەرەم
فەقەت حەولێ دە پەی تەپلەی عەجەم
تەپلە وە تەنیا بنەرە وە سەر
نمەیۆ وە کار سەد هەزار مێزەر
مێزەر بوینۆ چە سەرت (عیسا)
ئینسافش مەلۆ وە تۆی (کلیسا)
دووهەزار مێزەر سۆفی بکەر جەم
ببۆ وە قوربان یەک تەپلەی عەجەم
ها واتم وە تۆ ئەحوالان تەمام
ئەختیار وە تووەن (باقي والسلام)
(من کە شنەفتم لە لەفظ ئەو پیر
چمان هەردوو پام دریا لە زنجیر)[19]
من کە شنەفتم ئی لەفظ دەغڵ
مێزەر پێچنام نیام وە بەخەڵ
چە خەوف ڕۆحم عەقڵم ببی کەم
زود کیانام وە ماڵ (سەی عەلی زەمزەم)[20]

(١٨) ئەم نیو باڵە لە دەسنووسەکەی مەلا عەباسدا وایە: (وە هەزار ئەنواع بکەی کەرامات).

(١٩) ئەم خشتە لە دەسنووسەکەی سەیید وەهابدا نادیارە.

(٢٠) سەیید عەلی زەمزەم: کوڕی سەیید وەلی کوڕی سەیید مستەفای کاکەییە و ناوی دایکی (زەمزەم)ە، لە نەوەی میری سوورە، ئێستا نەوەکانی لە شاری کەرکووک نیشتەجێن.



خەڵاسم کەرۆ نی جای ستەمی
بکیانۆ پەرێم تەپلەی عەجەمی
دەستم دامانت داد هەر ئیمجارەن
مێزەر فەوتیان تەپلە وە کارەن
ئاغای ئێرانی نە کەردش قسوور
کیانا پەرێم یەک کڵاوی بوور
کڵاو نەرم و ساف وێنەی (ئیپەک)بی
قەدیم و قەوی قوول چون دیبەگ بی
کۆڵکن و چڵکن چینک و جوناخ بی
پەرێ گەنم و جۆ یەک نیم قسناخ بی
وە شادی و فەرەح زەوقم خرۆشا
کڵاو نییام وە سەر دوو گۆشم پۆشا
چمان کە شووشەی گوڵاو بیم شاپان[21]
تەمام شیم وە شکل لۆتی (کرماشان)
تورانی تەپلە بنۆ وە رووی سەر
ڕەنگش مۆ تەبدیل وەک قازانپاککەر
ئێرانی (داڵفێس) بنۆ وە کەللە
چمان عەنتەرەن[22] ها نە تۆی گەلە
ئیمجار بێین وە بەحس (ئاغە سەی ڕۆستەم)[23]
عاجزوو مەحزوون دەروون پڕ نە غەم

(٢١) شاپان: لە کوردیدا ئەم واتانەی هەیە، زللە، شەپەڵاخ.، (٢) داردەستی ئەستوور.، .ژاپوون، ڕەنگە شاعیر ئەمەیانی مەبەست بێ، واتە:گوڵاوی کارخانەی ژاپوونی.

(٢٢) عەنتەر: کوڕی مام هەیاسی کاکەییە، دانیشتووی ئاوایی (عەرەبکۆیی) بووە، هەمیشە شوانکارە و خاوەنی مەڕومالات بووە، برای دەروێش نەزەری کاکەییە(مام نەزەر).

(٢٣) ئاغە سەی ڕۆستەم: ئاغای دێی عەرەبکۆیی بووە، لە شوێنێکی تردا باسی سەرگوزەشتەیمان کردووە.

قەرارش نەوی مەگێلا دەم دەم
گاهێ چە ئافتاب گاهێ چە حەرەم
گاە چە دیوەخان گاە چە سای سێوەر
راحەتش نەوی دەروون موکەددەر
ساعەتێ مەنشت چە لای قوماندان
گاە فیکر عەمار گاە قەهر زیندان
گاهێ مەواتش: یا (رب القدیر)
چۆن مەبۆ ئەنجام ئی کار و تەدبیر
تیپ تیپ ڕەجاچی مامان وە خزمەت
مەکەردن ئیلحاح ئیسترجا و مننەت
ئاغە موکەددەر دەروون پڕ چە دەرد
جەمع ڕەجاچی یەک یەک گرد مەکەرد
(رەمزی بەگ)[24] چەنی (ئاغا سەی خەلیل)[25]
پەی حاڵ عەشرەت سەرسام و سەفیل
بەهجەت و[26] وەهاب[27]چەنی حوسێن بەگ[28]
دەماغ بەردشان وە ئەوج فەلەک
(مەجید[29] ئەفەندی بن جومعە ئاغا)
وەخت بی مەحبووسان کەرۆ وە زاخا
(رەمزی) دیش ئاغە تەمام غەمبارەن
بێ ئیستراحەت هەم بێ قەرارەن
مەقهوورەن چە قار زەمانەی سەفیل
ئەکل و شورب ئەو بییەن وە سەبیل

(٢٤) ڕەمزی بەگ: کاربەدەستێکی میری سەردەمی عوسمانییەکان بووە.

(٢٥) ئاغە سەی خەلیل(١٨٥٦-١٩٣٢ی ز.) کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیبراهیم ئاغایە، لە دێی تۆپزاوە دادەنیشت، سەرەک هۆزی کاکەیی بووە لە سەرتاسەری عیراقدا.

(٢٦)،(٢٧)،(٢٨)،(٢٩) بەهجەت، وەهاب، حوسێن بەگ، مەجید جومعە ئاغا: ئەمانە لەو سەردەمەدا فەرمانبەری میری بوونە.



هیچ عەشرەت وێنەی (عەرەبکۆیی) نام
تەسلیم نەویەن لێش (بوقەدەر)[30] زەلام
رەئیس عەشرەت بێ گفتە و کەلام
وە بێ ئیسترجا ئیلحاح و ئیبرام
قەطع ئولفەت کەرد نەجەمیع مەئموور[31]
مات و موکەدەر نیشتێ وە مەقهوور
(مودیر ڕەمزی بەگ) تەمام تەواسا
روو کەرد وە جانب (ئەفەندی عیسا)
(عەرز ئێتی بەگم بو خانداندر
بو بەخشی زاتدر سانمە یەماندر)[32]
رەئیس عەشیرەت ئەسلەن سادادتر[*]
ئەولاد ڕەسوول پڕ (موعجیزاتدر)[33]
(سەخاوەت میثلی بو عیراقتە یۆق
شوهرەت ئیسمی هەر مەوقیعدە چۆق)[34]
رەئیس زەڕ بەخش (حاتەم ثانی)[**]
شەجیع و شەفیق (یۆقدر ئەقرانی)[35]
(ئەبولمەساکین ساحب کەرەمدر)
مەشهوور و مەعلووم ڕۆم و(عەجەمدر)[36]
(بەشقە ڕەئیس ئیله بو دەگیل قیاس
باق هیچ زاتندەن ئەیلەر ئیلتیماس)[37]
(قیر قزانندە قەینات عەشرەتتەن
ئاتەشدە یاندر قومو میللەتتەن)[38]

(٣٠) بوقەدەر: تورکییە، واتە(ئەوەندە).

(٣١) ئەم نیوخشتە لە دەسنووسەکەی سەیید وەهابدا وا هاتووە:(قطع الفکر کەردن نەجەمیع مەئموور)

(٣٢)، (٣٣)، (٣٤)، (٣٥)، (٣٦)، (٣٧)، (٣٨)، (٣٩)، (٤٠)، (٤١)، (٤٢)، (٤٣)، (٤٤)، (٤٥)، (٤٦)، (٤٧)، (٤٨)، (٤٩)، (٥٠) ئەم خشتانە بەزمانی تورکی وتراون =

(مەخدومن گرفت قریەسن ئەسیر
قەتعییەت ئۆڵمەز زاتندەن دڵگیر)[٣٩]
(واجبدر سەنە تەرک ستەمی
عاجز ئەیلەمە ئاغە ڕوستەمی)[٤٠]
(عەدلەن ئیجابەن حەقانیەتلە
شەرعەن ئسولەن ئینسانیەتلە)[٤١]
(عەدلەن ئەمر ئێت یا عالی جەناب
نە شیش ئازلسون نە یانسون کەباب)***[٤٢]
(عەدلەن هەر یەردە ئۆڵمشدر زهور
نە دەوڵەت زەرەر نە میللەت مەغدور)[٤٣]
ساکە ئێد شنەفت (عیسا ئەفەندی)
(ئەشبو تەدبیری چۆق چۆق بەگەندی[٤٤]
روو کەرد وە جەناب (مەجید جەباری)****
واتش ئەی کاتیب چە عام دیاری[٤٥]
تۆ کاتیبەنی نە عام خەبەردار
(بیلرسون ئسول مەغدور و غەددار)[٤٦]
تەفریق کەر یەک یەک مەکتووم و فیرار
بەقایاو ڕەدیف گەنج و ئەختیار[٤٧]
هایدی گێت چابوک ئال ور قەلەمە
بەیان ئەیلەگیل ئاغە ڕوستەمە)[٤٨]
(موژدەی بیشارەت قەلبنە دۆڵسون
مەعلووم ئەختیار بیر بیر عاف ئۆلسۆن)[٤٩]
توکز جوجوقلەرعمووم مەعافدر
ئانجاق بو قەدەر بو ئینسافدر[٥٠]

=ئەمەش ماناکانیانە: (ڕەمزی بەگی فەرمانبەر بەعیسا ئەفەنی فەرمو گەورەم ئەم ئاغایە سەییدێکی خانەدان و سەرەک هۆزە، هیچ گومانێکی خراپەی لێ بەدی ناکرێ، نەوەی پێغەمبەرە و خاوەنی موعجیزاتە، لەچاوتێری و بەخشندەییدا نموونەیان لە عیراقدا زۆر کەمە، ناوبانگی هەموو



(مەجید ئەفەندی) کەردش تەمەننا
(سمعا وطاعاً) سەرش چەمننا
ئاما وە دما دەسدا وە کاغەز
واتش (سەی ڕۆستەم)، (هیچ ئۆڵمەعاجز)[٥١](*****)
وە حەقانیەت بێ عەیب و قسوور
جودا مەکەری غەددار چە مەغدوور(******)
ئێد واتو دەردەم کاتیب مەعلووم
نویسنا فیرار بەقایاو مەکتووم

شوێنێکی گرتۆتەوە، لە دەهندەیی و چاوتێریدا حاتەمی دووەمە، لەئازایی و میهرەبانیدا بێ هاوتایە، خاوەنی بەخشش و باوکی هەژارانە، لە عەجەم و ڕۆم دا (ئێران وتورکیا) ناسراوە، بڕوانە: ئەو بەهیچ جۆرێک نا پارێتەوە، پێم وایە هەموو هۆزەکەی لەناو مەنجەڵی قیردا بکوڵێنی و بەئاگریش هەموو خەڵکی بسووتێنی و نۆکەر و دانیشتووانی گوندەکەی بەدیل بەری ئەم لێمان دڵگیرو زویر نابێ، مادامێ وایە بیلاوێنەوە و دڵزویری مەکە و دەس لە ستەمکاری هەڵگرە، بەپێی هەقیقەت و مرۆڤایەتی و شەرع وعەدالەت دەبێ فەرمان بدەی نەشیش بسووتێ و نەکەباب، تۆ لە هەرشوێن و دەڤەرێکدا دەسەڵاتت بووە کارێکی وات ئەنجام داوە نەدەوڵەت زەرەرو زیانی لێ کەوتووە نەیش میللەت مەغدوورو ستەمی بینیوە، عیسا ئەفەنی ئەم تەکبیرو ڕایەی زۆر بەدڵ بووە، بۆیە ڕووی کردۆتە بەڕێز مەجید جەباری و فەرموویەتی: تۆ نووسەرێکی شارەزاو ناسراوی، ئاگات لە کە سانی ستەمدیدە و ستەمکار هەیە، دە زووکە دەس بدە قەڵەم و پیر و لاوە گیراوەکان و هەڵهاتووەکان ئازاد کە، موژدەیش بدە بەئاغا ڕوستەم و ئاگاداری کەرەوە کەوا منداڵ و گەورە ئازادبوون.

(*) ئەسڵەن سادادتر: لەدەسنووسەکەی سەیید وەهابدا نووسراوە (ئەولاد ئەطهاردر).

(**) ئەم نیوخشتە لە دەسنووسێکی مەلا عەباسدا نووسراوە: (ساحێب دیوەخان حاتەم سانی)

(***) ئەم پەندە لە کوردیدا بەم جۆرانە هاتووە:

کارێ بکە نەشیش بسووتێ نە کەباب.

کارێ بکە هەر بۆ سواو.. نەشیش بسووتێ نە کەواو.

(****) مەجید جەباری: نووسەری لەشکرەکەی عیسا ئەفەنی بووە.

(٥١) هیچ ئۆڵمە عاجز: تورکییە، واتە(هیچ زویر مەبە).

(*****، ******) ئەم دووخشتە شیعرە لە دەسنووسەکەی سەیید وەهابدا نادیارە.

تەفریق کەرد تەمام گەنج و ئەختیار
ئێرانی ئازاد توران[٥٢] گرفتار
مەلوول و سەقەت تەمام بی ئازاد
فەقیر و هەژار[٥٣] چە غەم بی دڵشاد
هەشت نەفەر فەللاح وەبێ دەرد و غەم
ئەو رۆژ خەڵاس بین وە تەپلەی عەجەم
ئەو ڕۆژ چەو دما نەگرتش قەرار
(عیسا ئەفەندی) شی پەی (تاوغ) شار[٥٤]
نە پەرسا چە خەوف سوجاغ و ساوغ
تەشریف خێرش یاوا وە (تاوغ)
تەمام مەحبووسان دەست بەستەی زەلیل
پەی مولک (تاوغ) ئەو بەردش وە دیل[٥٥]
ئەوەڵ وە سایەی پادشای جەببار
ثانی چە نوفووس ڕەسوول موختار
ثالث چە هیممەت (ساحێب زوالفقار)
دامادعەزیز ڕەسوول نازدار
رابع چە فەیز زات هەشت و چوار[٥٦]
هەر دوانزەش ئازاد نە ڕۆژ شومار
خامس وە سایەی ئەفەندی چە شار
یەعنی (سەی وەڵەد)[٥٧] رەئیس سەردار

(٥٢) توران: مەبەست لەوانەیە کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە ژێر دەسەڵاتی تورکیادا بوون.
(٥٣) هەژار: لەدەسنووسەکەی سەیید وەهابدا نووسراوە(مسکین).
(٥٤) ئەم نیو باڵە لای سەیید وەهاب بەم جۆرە دارێژراوە: (عیسا ئەفەندی داخل بی وەشار).
(٥٥) ئەم نیوخشتە لە دەسخەتەکەی سەیید وەهابدا بەم جۆرە هاتووە: (بەردن پەی تاوغ چون کۆروسەفیل)
(٥٦) هەشت و چوار: مەبەست لە دوانزە ئیمامی مەعسوومینە کە ئەمانەن: (ئیمامی عەلی، حەسەن کوڕی عەلی، حوسێن کوڕی عەلی، زەینە لعابەدین، محەمەد باقر، جەعفەر سادق، مووسا کازم، عەلی ڕەزا، محەمەد جواد، عەلی هادی، حەسەن عەسکەری، مەهدی مونتەزەر).
(٥٧) سەی وەڵەد(١٨٥٠–١٩١٧ی ز.) یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی کاکەیی، لەئاواییی(زەنقڕ) دادەنیشت، لەشوێنێکی تر لە داوێنی ئەم دیوانەدا باسی سەر گوزەشتەیان کردووە.



سادس چە غیرەت میر شەوکەتدار
یەعنی (سەی خەلیل) ئاغای سایەدار
سابع چە هیممەت زات غیرەتدار
یەعنی (سەی ڕۆستەم) میر پڕقەرار
ثامن وە ڕەجای میر وەفادار
یەعنی (رەمزی بەگ) مودیر سالار
نۆهەم بەگوفتەی (مەجید ئەفەندی)
کاتیب مەنشوور حوکمەت پەسەندی
(عیسا ئەفەندی) بەر لوا چە قار
میرزا خەلیلش چە بەند کەرد قورتار
هەزار ئافەرین وەی حوکم و فەرمان
تەحسین بۆ وە ئەمر زات قوماندان
سەد بارەکەڵڵا وەی زۆر و شەوکەت
ئافەرین مەئموور دەوڵەت و میللەت
یا شا تا خەیلێ وە شاد بمانی
وە عومر طەویل وە جاویدانی
تا چەند موددەتێ شاد و خەندان بای
وێنەی (ئەسکەندەر) ساحێب قڕان بای
(یَوماً فَیوماً) ڕوتبەت کەبیر بۆ
موحتاج دەرگات میر و وەزیر بۆ
باڵ جبرائیل سایەبانت بۆ
(أنا فتحنا)[٥٨] وە قەڵخانت بۆ
تا خەیلێ زەمان وە شاد بمانی
بڕانی دەوران وە کامەرانی
یە (خەلیل) واتەن وە دڵ پەسەندی
مەدح ناعیلاج (عیسا ئەفەندی)

(٥٨) أنا فتحنا:دەسنیشانە بۆ ئەو ئایەتەی کە دەفەرمێ:(انا فتحنا لك فتحا مبینا)–سورة الفتح –الآیة١.

## داستانی جەنگی نێوان داوەدە و تاڵەبانی[1]

ئیبتیدا بەنام حەیی (ذوالجلال)
ئاگادار چە غەیب ڕۆژ و ماهو ساڵ
قادر قەیووم بینای لایەزال
پادشای شاهان بێ میسل و میسال
حاکم عادل بەخشندەی گونا
واحد یەک زات حەیی بێ هەمتا
رازق ڕەززاق موتڵەق لارەیب
(رحیم الرحمان) پادشای بێ عەیب
ئەمجار بە تەوفیق حەیی لایەنام
گۆش دەن بەداستان دنیای نا تەمام
بەڵێ هەی یاران ساحێب عەقڵ و هۆش
داستانێ ماچۆم لاری بدەن گۆش

(١) شاعیر ناونیشانی شیعرەکەی بەفارسی وا داڕێژاوە: (شَهنامەء داوده با تالبانی) واتە: شانامەی داوەدە و تاڵەبانی... ئێمە ئەو ناونیشانەمان بەجوانتر زانی کە خۆمان بەکوردی بۆمان داناوە.
لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا وا دەردەکەوێت هۆی بەرپابوونی جەنگ لە نێوان داوەدە و تاڵەبانیدا دەگەڕێتەوە سەر تاقمێ تالانچی لە هۆزی داوەدە کەچەند مێگەلێکی ئاوایی(ئاوبارێک)یان بەتالان بردووە کە دانیشتووانی سەر بەشێخ حەمیدی تاڵەبانی بوونە، ئەوانیش دەستیان داوەتە چەک و بەدوایانا ڕۆیشتوون لە پاش جەنگ و تەق و تۆق ئاژەڵەکانیان وەرگرتووەتەوە بۆیە شاعیر خۆی پێی نەگیراوە و جڵەوی لە دەست دەرچووە و لە شیعرەکەیدا هەندێ جار بەتوندی هێرش دەکاتە سەر هۆزی داوەدە چونکە خەتاکە لەمان بووە، ئێمە لە کاتێکدا ئەم داستانە شیعرە دەقاودەق وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە مەبەستمان خزمەتکردنی کەلەپووری نەتەوایەتی و دەربڕینی توانا و هونەری خەلیل منەووەری شاعیرە لە داستان نووسین و داڕشتنی باس و ڕووداوی مێژوویی لە چوارچێوەی شیعردا ئەگینا لە هەڵچوون وتووڕەیی و تیر و توانج و زیادەڕۆییدا پشتگیری شاعیر ناکەین، شایانی وتنە هۆزی داوەدە و ئەو هۆزەکانی تری کورد چ لە گەرمیان و چ لە کوێستان خاوەنی مێژووی پڕ لە خەباتی خۆیانن دژ بەداگیرکەرانی کوردستان، ڕۆڵەی وایشیان تێدا هەڵکەوتووە ناویان لە لاپەڕە بێ گەردەکانی مێژوودا تا هەتا هەتایە بە پڕشنگداری دەمێنێتەوە.



مەدح شەهنامەی شێخی (تاڵەبان)
چەنی (داوەدە) بکەرین بەیان
بکەرین تەعریف شێران بێباک
جەنگ (تاڵەبان) (داوەدە)ی ناپاک
خەبیس مەغروور بێ پەروا چەحەق
راگەی حەق نەناس کەرو کەللەڕەق
بێ پەروا چە خەوف ئایەی قورئانی
مەشغووڵ فیتنە چەی دنیای فانی
رەئیس سالار ئەو (سمایل بەگ)[2]
گومڕای حیلەباز شووم بەد نمەک
دایم ها نە فیکر ئاشووب و فەساد
تاکە (تاڵەبان) بدەرۆ وە باد
تا نەبۆ ڕەزای پادشای جەببار
وەڵگێ نەدرەخت نمەیۆ بەوار[3]
ئاخر (سمایل) فیتنە کەرد وە پا
تەڵەب کەرد دەردەم فراوان سوپا
هەر لە (هەفتە غار) تا وە (زندانە)
تەڵەب کەرد لەشکر خوێش و بێگانە

(٢) سمایل بەگ: کوڕی برایم بەگ کوڕی سمایل بەگی داوەدەیە، سەرەک هۆزی داوەدە بووە، لە دێی (تەپە چەرمگ) ی سەر بەشارۆچکەی (خورماتوو) دانشتووە، شەش کوڕی هەبووە: (فوئاد، مەجید، مەحموود، ڕفعەت، حوسێن، حەسەن) لە پاش خۆی ڕفعەت بەگی کوڕی جێگای گرتەوە.
(٣) ئەم شیعرە لە فۆلکلۆری کوردیشدا بەم جۆرە هاتووە:

بێ ئەمر خودا نمۆ هیچ کارێ
وا نمەوەرۆ وەڵگێ نە دارێ

ئەم شیعرانە لەو ئایەتە قورئانەوە وەرگیراوە کە دەفەرمێ:
(وما تَسقُط من ورقةٍ الا يَعلَمها ولا حَبةٍ في ظُلَمات الأرض ولا رطبٍ ولا يابس ألا في كتابٍ مُبين) سورة الأنعام - ئایەتی/٥٩.

ئەوەڵی (ساڵح)[٤] ئەو (لوتفی) ئاغا
پەرێ (تاڵەبان) دەروون پڕ داغا
دووهەم (گەنجەبەگ)[٥] مەرد نا سەفا
لۆتی سووەمین (ئەحمەد مستەفا)
(مووسا) و[٦] (عەزیز)[٧] ئەو (عەباس ئاغا)[٨]
بەڵکەم (تاڵەبان) بکەن وە زاغا
دووسەدو پەنجا سووار بەلی
هەفتاد پیادە دەست وە مارتلی
تیپ تیپ خرۆشان ئەهل بەگزادە
ئامان وە هەمدا سوارو پیادە
کەردن وە شەبخوون وەر لە نیمەشەو
سوار بین وە ئەسپ سەگلاوی و عەبەو
پۆشان بەرگ جەنگ یەکا یەک بەقار
تا وە (ئاوباریک) نە کەردن مەدار
سە ڕان چەقەریەی (گل) و (ئاوباریک)
بەردن وە تالان بەو شەو تاریک
ویتێ (شێخ حەمید)[٩] تەمام بی وە پەن
مەردانە دەستوور حەق خۆمان سەن

(٤) ساڵح کوڕی لوتفی کوڕی ناسر ئاغای داودەیە، لە دێی (لوتفی ئاغا) دادەنیشت کە سەر بەشارۆچکەی (نەوجوول) ە لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا، بەداودەی ژوور دەژمێردرێت، ئەم ئاواییە کاتی خۆی لوتفی ئاغای باوکی بەناوی خۆیەوە ئاوەدانی کردۆتەوە، ساڵح ئاغا لە دەوروبەری ساڵی (١٩٠١ی ز.) ئەمری خودای کردووە، سێ کوڕی لە پاش بەجێ ماوە (مەنسوور، ناسر، کەریم) لەپاش خۆی مەنسووری کوڕی جێگای گرتەوە.

(٥) گەنجە بەگ: کوڕی برایم بەگ کوڕی سمایل بەگی داودەیە، لە ئاوایی (شۆراو) ی محەمەد غەریب دادەنیشت، خاوەنی دیوەخان و قۆناخ بووە، بەسوارێکی ئازاو بەجەرگ ناسراوە، لە دەوروبەری ساڵی (١٩٠٣ی ز.) کوژراوە، دوو کوڕی لەپاش بەجێ ماوە(بەهجەت، محەمەد)، لە دوای خۆی ئینجە بەگی برای جێگای گرتەوە.

(٦)، (٧)، (٨) مووسا، عەزیز، عەباس ئاغا: ئەمانە وەچەی ئاغاکانی داودەن.

(٩) شێخ حەمید: کوڕی شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانییە، لە دەڤەری گەرمیان لە =



ڕوونییان وە ڕاە مەردان مەنشوور
یاوان وەجائێ مەزرەعەی مەزبوور
چونکە گرتەبین ئەو ڕاگەی نەهات
دیشان نەو دەشتە فراوان زوڕات
چون ساڵ (یۆسو) گرانی و قەحات
مەشغووڵ بین تەمام وە ئەکل زوڕات
ماڵ تالانی کەردشان نەویر
وەربین لە زوڕات بەگزادە و فەقیر
نەودەم قاسدێ پڕ جەورو سزا
خەبەر بەرد وەلای (عەزەی شێخ ڕەزا)[١٠]
واتش کە یا شێخ سەردار عەشرەت
ئومێد ئیمداد مەرد پڕ غیرەت
خەبەرت نییەن وەی شەو تاریک
بەردن وە تالان ڕان (ئاوباریک)
چە وەرم (شێخ عەزیز) شنەفت ئی خەبەر
دوودش خێزیا چە کاپۆڵ سەر
مەردانە دەستوور نەکەردش درەنگ
سواربی وە ئەسپ دەسدا وە تفەنگ
چەنی (شێخ مەجید)[١١] سوار بی وەقار
ڕوو نیان وە ڕاە بەو تاریکە تار
شۆن ستووران ڕچ سوواران
هورگرتن لوان چون بادو باران

= دێی (ئاوباریک) دادەنیشت، لە داستانەکەی شەهید بوونی سەیید ئەحمەدی بەرزنجی بەدرێژی باسمان لێوە کردووە.

(١٠) عەزەی شێخ ڕەزا: (عەزیز کوڕی شێخ ڕەزا کوڕی عەبدولعەزیزی تاڵەبانییە) برازای شێخ حەمیدی تاڵەبانییە، لە ناوچەی بنارگل دادەنیشت.

(١١) شێخ مەجید کوڕی شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولعەزیزی تاڵەبانییە، لە ناوچەی (بنارگل) دادەنیشت.

وەختێ(شێخ عەزیز) نیگا کەرد چە دوور
دیا دی وە چەم (داودە) ی مەغروور
هیچ نەبین وە تەنگ ڕای هاتو نەهات
مەشغووڵ بین تەمام وە ئەکل زوڕات
ساکە ئێدش دی شێخ پڕ هونەر
چون شێر جەنگی ڕوو کەرد وە لەشکەر
پەیاپەی تفەنگ ئاوردش وە کار
ئاهیر باران کەرد دلێر نامدار
نە چەپ و نە ڕاست لەشکردا وە هەم
وەست وە(داودە) غەوغای پڕ ستەم
گاه وە مەکەنزی کارخانەی زەمان
گاهێ وە قرمەی(عەلی ئەکبەر خان)[١٢]
ئاهیر باران کەرد نەو مەیدان جەنگ
دنیا وە دوشمن ئاوردش وە تەنگ
ئەهل(داودە) سەرسام بین چەکار
هەریەک پەی وێشان وەزین بین سوار
دەستدان وە تفەنگ نەڕووی دەست و برد
خواردن زورات بی وە قوزەلقورد
داشان وە هەمدا نەو مەیدان کار
کەللە چون تەرزە ڕێزنان بەوار
خێزا چکا چاک چون ڕۆژ غەزا
(داودە) چەنی(عەزە) ی(شێخ ڕەزا)
ناڵەی مارتلی نیشت وە ڕووی گەردوون
بی وە نەفخ سوور نەو مەیدان دوون

(١٢) عەلی ئەکبەرخان: یەکێکە لە سوارە بەجەرگەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی، وەکو باسی دەکەن پیاوێکی ئازاو چاو نەترس بووە.



یەک چە(تاڵە بان) لەرزیا چون بید
دەردەم خەبەر بەرد وەلای(شێخ حەمید)
ماجەرای ئەحواڵ چەپا تاوەسەر
عەرز کەرد بەخزمەت سالار سەروەر
نەودەم(شێخ حەمید) سالار سەرهەنگ
کەردش ئیرادەی هەوای ڕەزم جەنگ
نامەیێ نووسنا وە جەخت و دەوان
رەوان کەرد وەلای سەرداران خان
قاسدێ هەنی وە خاتر خواهی
پەرێ (شێخ لەتیف)[١٣] دەردەم کەرد ڕاهی
قاسدێ هەنی ئەوشێخ(تاڵەبان)
پەرێی (شێخ مەحموود)[١٤] بکەردش ڕەوان
بەتەوفیق حەق پادشای عەتووف
نامەیێ هەنی پەرێ (شێخ مەعرووف)[١٥]
بە ئەمر فەرمان سالار سەرهەنگ
حازر بین دەردەم مەردان ڕووی جەنگ
ئەوەڵ بی (ئەمین قادر زلێخا)[١٦]
چەنی ئەو (ساڵح)[١٧] شێر کینەخوا
هەردوو مەنشوور بین نەو مەیدان جەنگ
یەکێ ئەژدیهاو یەکێ چون پڵەنگ

(١٣) شێخ لەتیف کوڕی شێخ سەمەد کوڕی شێخ عەزیزی تاڵەبانییە.
(١٤) شێخ مەحموود سەنگووری: ئاغای دێی سەنگوور بووە لە دەڤەری گەرمیاندا.
(١٥) شێخ مەعرووف: یەکێکە لە شێخەکانی تاڵەبانی.
(١٦) ئەمین قادر زلێخا: یەکێکە لە سوارە ئازا و بەجەرگەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی لە ئاوایی (بنارگل) دا.
(١٧) ساڵح کوڕی غەفووری زاڵە، یەکێکە لە جەنگاوەرەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی.

سووەم ئەو (فەرەج)[١٨] ئەولادەی (ئەمین)
نادیرەی زەمان ساحێب قاروقین
چەهارەم مەنشوور ئەو (حەمە ڕەزا)[١٩]
دایم هانەکار ئاشووبەو قەزا
پەنجەم مەعلووم بی (ئەوڕەحمان تەمر)[٢٠]
مەرد کەللەڕەق بەوێنەی دەمر
شەشەم نامدار بی هەم (ئوستاد کاکە)[٢١]
نە ڕۆژ دەعوا خەیلێ بێباکە
هەفتەم بی (جاسم)[٢٢] نەوەی (فلاموٚرز)
حازر بی نەو جا چون کوٚه ئەلبورز
چەنی فرزەندان (عەزیز) و[٢٣] (غەفوور)[٢٤]
(محەمەد ڕەشید)[٢٥] شێرانە دەستوور
دەهەم (شێخ لەتیف) چەنی (شێخ عەزیز)
(شێخ مەحموود سەنگوور) مەرد شەڕ ئەنگیز
(شێخ قادر)[٢٦] چەنی ئەو (شێخ محێددین)[٢٧]
هەم (کاکە حەمە)ی[٢٨] ئەژدیهای پڕقین

(١٨) فەرەج کوڕی ئەمینە: یەکێکە لە جەنگاوەرەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی.
(١٩) حەمە ڕەزا: یەکێکە لەسوارەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی.
(٢٠) ئەوڕەحمان تەمر: یەکێکە لە سوارە بەجەرگەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی.
(٢١) ئوستاد کاکە: یەکێکە لە سوارەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی.
(٢٢) جاسم فلامەرز: یەکێکە لە چەکدارەکانی شێخ حەمیدی تاڵەبانی.
(٢٣، ٢٤) عەزیز و غەفوور کوڕی جاسم فلامەرزن، یەکە پیاو و جەنگاوەری شێخ حەمیدی تاڵەبانی بوونە.
(٢٥) محەمەد ڕەشید: جەنگاوەرێکی تاڵەبانییە.
(٢٦) شێخ قادر کوڕی شێخ عەبدلڕەحمان کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانییە، ئەم زاتە ڕووناکبیر بووە و گەلێ شیعری بەزمانی تورکی وتووە.
(٢٧) شێخ محێدین کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانییە.
(٢٨) کاکە حەمە کوڕی کەریم ئاغای تاڵەبانییە.



چەند مەرد دیگەر مەنشوور مەیدان
نەزانام ئیسمش بکەرۆن بەیان
سوار بین وەئەسپ یەکایەک وەقار
وە تاو تەعجیل کەردشان یەلغار
یەک (ترفە العین) چون باد قەزا
یاوان وە ئیمداد (عەزەی شێخ ڕەزا)
دیشان سەف بەستەن ئەو سوپای عادی
ئاهیر بارانەن چەدەشت و وادی
چە ناڵەی تفەنگ چە هاژەی فەرەس
بوکش بوکشەن کەس نییەن وە کەس
(شێخ عەزیز) بێکەس وە تەنها مەندەن
دوشمن ئیحاتەی ئەترافش سەندەن
بەڵێ (شێخ لەتیف) نیگای لەشکر کەرد
کێشا نە دەروون هەناسان سەرد
ئەسرش ئەسەر کەرد خرۆشا وەقار
ئاما وە یادش (تاها) و[٢٩] (شێخ جەبار)[٣٠]
واتش: خودایا چ تەورەن کارت
هەردەم پەی یەکێ هەنەن بازاڕت
کوانێ (شێخ تاها) کوانێ (شێخ جەبار)؟
کوانێ (شێخ سەعید)[٣١] شێرکارزار؟
شوکرانەم بەتۆ پادشای بێباک
هەر سە نامراد سپاردی وە خاک
دایم کار تۆ هەر جەفاو جەورەن
بوینە حاڵم ئیمرۆ چ تەورەن

(٢٩)، (٣٠) تاها و جەبار بران و کوڕی شێخ سەمەد کوڕی شێخ عەزیزی تاڵەبانین لە (بنارگل) دانشتوون کە سەر بەناحیەی قادر کەرەمە.
(٣١) شێخ سەعید: کوڕی شێخ سابیر کوڕی شێخ مارفی تاڵەبانییە لە ناوچەی (بنارگل) ژیاوە.

سوپای (داوده) پۆشان دەشت و دەر
ئەهل (تاڵەبان) خامۆشەن یەکسەر
ئێد بی گفتوگۆش نەوەی (شێخ ئەحمەد)[٣٢]
پەنا بەرد وە زات (واحد الاحد)
گاه زاری مەکەرد وە دیدەی نەمبار
گاهێ مەناڵا نە دەرگای جەببار
نەو دەمدا (ئەمین قادر زلێخا)
مەرد ڕووی نەبەرد شێرکینە خوا
واتەی (شێخ لەتیف) شنەفتش بەگۆش
ڕەم کەردش چەلاش یەکسەر عەقڵ و هۆش
واتش: (شێخ لەتیف) مەزانی چێشەن؟
قەسەم وە یەزدان بێ هەمتا وێشەن
سەرم هانەڕای (شێخی تاڵەبان)
جان فیدا مەکەم وە دیدە و وەگیان
مەگێرە حەرەج چە تەقدیر حەق
کارش وەی تەورەن پادشای موتڵەق
زەهر فیراقش وەکێ نە نۆشا ؟
بەرگ قەڵاخیش وەکێ نەپۆشا ؟
فایدەش نیەن ئی شین و زاری
ئی زایەڵەی سەخت ئی بێ قەراری
مەعلووم بۆ وە تۆ مەرد پڕ هونەر
فایدەش نیەن دەعوا چە سەنگەر

(٣٢) شێخ ئەحمەد (١٧٨٠-١٨٤١ی ز.) کوڕی مەلا مەحموودی زەنگنە کوڕی یوسفە لە دێی (تاڵەبان) لە ناوچەی چەمچەماڵ دانیشتووە، خاوەنی تەکیە بووە، باپیرە گەورەی بنەماڵەی تاڵەبانییەکانە.، لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (حمد)، ئێمە پێمان وایە نووسەرەکە ئەلفەکەی لە یاد کردبێ، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە نووسیومانە.



بۆ تا چەند کەسێ مەرد سەهمناک
مەرد ڕووی مەساف چەند سووار چالاک
بشین وە دمای ئەو ماڵ و تالان
با نەوین وە پەند عیبرەت سالان
بەڵکەم بەتەوفیق فەرد فەریاد ڕەس
ئەو ماڵ و تالان باوەرین وەپەس
نەودەم (شێخ لەتیف) شنەفتش خەبەر
قینش جۆش ئاورد نەکاپۆڵ سەر
هەی کەرد بەمەرکەب ئەسپ سیاڕەنگ
غورِا وەیاران سالار سەرهەنگ
واتش ئەی یاران ئیمجار نەبەردەن
ئیمڕۆ دیارەن کامین کەس مەردەن
مەردی و نامەردی ئیمڕۆ دیارەن
مەردان جەنگی ئیمڕۆ وەکارەن
ئێد کە شنەفتن مەردان ڕووی جەنگ
دەست بەردن پەرێ مارتلی تفەنگ
ئەوەڵ (شێخ لەتیف) شێر کینەخوا
دوهەم ئەو (ئەمین قادر زلێخا)
سووەم ئەو (ساڵح) وێنەی شێرنەڕ
چەهارەم (فەرەج) مەرد پڕ هونەر
نەجائێ هەنی ئەو (ئوستا کاکە)
نام شەجیعش نە عالەم تاکە
هەم (حەمە ڕەزا) خەیلێ چەو بەتەر
نەوەی (فیلەتەن) یەعنی شێر نەڕ
شەش نەفەر سوار هەر یەک چەلائی
حەملە بەردشان چون ئەژدیهائی

ئەهل (تاڵەبان) شەش نەفەر سوار
داخل بین وە ڕەزم (داودە) بەقار
ئاوردن وە کار تفەنگ ماردەم
کەفت وە ڕووی مەیدان غەوغای پڕستەم
نە هەردوو تەرەف هەی بوکش خێزا
کەللە چون تەرزە وە زەمین ڕێزا
خێزا ڕەستاخێز چون (یوم المحشر)
کەسێ چە کەسێ نەبی با خەبەر
نەودەم (شێخ لەتیف) خرۆشا پەی کین
روو نییا پەی تیپ (داودە) بەقین
وێنەی (جیهانبەخش) قینش جۆش ئاورد
دەست بەرد پەی تفەنگ دڕندەی نەبەرد
کێشا نە دەروون نەعرەتەی گران
سەرسام بین چە سام (داودە) ی دەمان
وە بانگی بڵند (شێخ تاڵەبان)
واتش: ئەی یاران لێتان بۆ عەیان
منم (شێخ لەتیف) مەرد پڕ هونەر
جەللاد قاتل (داودە) یەکسەر
ئەهل (داودە) شنەفتن خەبەر
خرۆشان پەی جەنگ بەرشین لە سەنگەر
روو نیان پەی جەنگ هەر یەک چەلائی
کەردشان دەعوای ڕووم (الغزائی)
گرتن چوار ئەتراف (شێخی تاڵەبان)
خێزا گرمەگرم ئەو ڕۆ لە مەیدان
ناڵەی مارتلی عالەم شکاوا
سەدای هەی بوکش بەگەردوون یاوا



(شێخ لەتیف) چون شێر دڕندەی شکار
پەیاپەی تفەنگ ئاوردش وەکار
روو نییا پەی جەنگ وێنەی شێرمەست
سەحراو کەش و کۆ یەکسەر بەرد نەبەست
قیژەی مارتلی عالەم کەردش کەڕ
شێران چە بێشە مەشکاوا جگەر
نە تۆزو غوبار نە گرمەی پا ناڵ
چە ناڵەی شێران بی وە قیل و قال
نەودەم پەیدا بی سالار سەرهەنگ
یەعنی (شێخ حەمید) ئەژدیهای ڕووی جەنگ
دیاردا چەنی هەردوو فرزەندان
(عەزیز) و[٣٣] (جەلال)[٣٤] چون باد و باران
سە مەرد جەنگی یەک چە یەک بەتەر
دوو تەن پسەر بی یەکێ هەم پدەر
نەو دەم (شێخ حەمید) شێر پڕ کەمال
واتش فرزەندان (عەزیز) و (جەلال)
بکەن تەماشای (داودە) ی ناپاک
سەدای مارتلیش مەشۆ وە ئەفلاک
رووی هەوا پۆشان نە تۆز و غوبار
برا چە برا نییەن خەبەردار
بابۆتان فیدا ئەژدیهای بێباک
رەوان بۆن چەنی چەند مەرد چالاک
کاریێ بکەرن وە زەرب تفەنگ
دنیا وە دوشمن با وەرن وە تەنگ
وەی تەور بجۆشن نە ڕووی کارزار
هەر شەهنامە بۆ نە ڕووی ڕۆزگار

(٣٣، ٣٤) عەزیز و جەلال کوڕی شێخ حەمیدی تاڵەبانین.

ئێد کە شنەفتن چە لەفظ پدەر
هەی کەردن وە ئەسپ دوو شێر پسەر
یەکێ (جەلال) بی نەوەی تەهمەتەن
یەکێ هەم (عەزیز) وێنەی (رۆبیتەن)
روو نیان پەی تیپ (داودە) بەقار
تفەنگ ماردەم ئاوردن وەکار
ئەوەڵ بەتەوفیق بینای لایەزال
بکەرین تەعریف مەردی[٣٥] (شێخ جەلال)
(فلاّمەرز) دەستوور ڕوو کەردش پەی جەنگ
دەست بەردش پەرێ فیشەک و تفەنگ
کارخانەی فەرەنگ ئاوردش وەکار
ئاهیر باران کەرد وێنەی بەرق تار
تیپ تیپ سوپا شکەستش وەهەم
گاهێ وە قرمە گاهێ وە ماردەم
گاهێ وە قرمەی (عەلی ئەکبەر خان)
ئاهیر باران کەرد چون شێر غوڕان
ئەسلاّ نە ترسا چە خەوف گەلە
(داودە) ڕفنا ملە وە ملە
چە مەیدان کار بی وە زەلزەلە
نە سام (جەلال) بی وە وەلوەلە
نە یەکلای هەنی (عەزیز شێخ حەمید)
دوشمن چە خەوفش لەرزا وێنەی بید
وە تەنها سوار ڕوو کەردش پەی جەنگ
ئاوردش وەکار تەڵیعەی فەڕەنگ
لە عەرسەی مەیدان هەر چەند مەجۆشا
دوشمن لە دەستش شەربەت مەنۆشا

(٣٥) مەردێ: لە دەسنووسەکەدا نووسراوە (مەرد) لەم حاڵەتەدا کێش و مانای شیعرەکە لەنگ دەبێ.



گاهێ مەکێشا نەعرەتەی گران
گاهێ نە مەیدان ئەسپ مەدا جەولان
هەرچەند لە سەنگەر مەشانا تفەنگ
ئەهل (داودە) مەبی خاتر تەنگ
سنحش وە دەساڵ فیشتەر نە یاوا
دوشمن چە ڕەزمش جەرگش مەشکاوا
کارێ نمانا ئەو ڕۆژ نە مەیدان
هیچ کەس نە کەردەن تا دنیا بنیان
ئافەرین (عەزیز) بەچەی شێر ئەژدەر
نەوەی (فیلەتەن) شێر پڕ هونەر
کارێ نمانان (جەلال) و (عەزیز)
وەخت بی (داودە) بکەران گوریز
یەکسەر دان وە باد تیپ بەگزادە
چەلاشان هیچ بی سوار و پیادە
(داودە) واتن: چون بی ئی بەلاّ
رای نەجات نیەن وەڵلاّ وە بیللا
یەک وە یەک واتش عەشرەت غیرەتەن
نیەن ڕای گوریز وادەی سیرەتەن
نەوەی (شێخ حەمید) کارێ نمانا
حەق کۆنەو نۆ یەک یەک ستانا
مەجروحان هیلاک کەس نیەن وەکەس
نێکی نامان بەرشی وە عەبەس
بۆ تا هەر کەسێ بۆرین سەوگەند
وە یەزدان پاک یەکتای خوداوەند
نە هەر چوار ئەتراف ئیحاتەش کەرین
بەڵکەم بەنەوعێ چارەش بوەرین

سەوگەند واردشان تەمامی کول جەم
حەملەدان پەرێ تفەنگ ماردەم
نە هەر چار جانب خرۆشان وە قار
گرتن ئیحاتەی (جەلال) چون حەسار
کارخانەی فەرەنگ ئاوردن وە کار
وارا وە ئەندام شێر کارزار
(جەلال) بەو دەستوور ڕوو نیبیا وە جەنگ
ئاوردش وەکار مارتلی تفەنگ
خرۆشا پەی جەنگ ئەژدیهای سەرکەش
زەمینش پڕ کەرد چە دوود ئاتەش
چە دوود دوخان کارخانەی فەرەنگ
هەوا بی تاریک وێنەی سیا ڕەنگ
چون شەو دەیجوور کەس نەبی وە کەس
برا وە برا نەبی فەریاد ڕەس
نەو دەم (شێخ حەمید) ئێدش دی وەچەم
غورا وە یاران وە توند و ستەم
واتش ئەی یاران هیچ مەکەن تەقصیر
بەڵکەم (داودە) باوەرین وە گیر
یاران شنەفتن دەستدان وە تفەنگ
حەملە کەردشان بەوێنەی پڵەنگ
داخل بین بەجەنگ (داودە) ی ناپاک
چە زەرب مارتلی بی وە چکا چاک
نەودەم (شێخ حەمید) ڕوو کەردش وەسەف
خێزا تراقە نە هەردوو تەرەف
سەدای مارتلی نیشت وە ڕووی گەردوون
گۆڕەی مەکەنزی عالەم کەرد زەبوون



چە گۆڕەی فیشەک مەردان پڕ کین
ئاما وە لەرزە سەحراو سەر زەمین
ئەهل (داودە) چەکار (حەمید)
نە قار غیرەت لەرزان وێنەی بید
سەغیر و کەبیر هورێزان نە جا
هجووم بەردشان نە ڕووی عەرسەگا
یەکسەر جڵەوڕێز تەمام وە یەکجار
گرتن چوار ئەتراف (حەمید) چون حەسار
وەستن نە ئەعزاش بەرق ئاتەشبار
دنیا وە (حەمید) بی وە تەنگ و تار
(شێخ لەتیف) نەو دەم ئێدش دی وەچەم
چە قار دوشمن سیا بی چە غەم
غورا وە یاران شێر کینەخوا
تەڵەب کەرد وە پێش (ئەمین زلێخا)
نە یەک لای هەنی (سالح) وێنەی شێر
هەم (فەرەج ئەمین) زندەی دلێر
هەم (حەمە ڕەزا) و ئەو (ئوستا کاکە)
نە ڕۆژ دەعوا یەکجار چالاکە
(ئەوڕەحمان تەمر)[٣٦] ئەویش بەو دەستوور
حازر بی پەی جەنگ شێرانە دەستوور
ڕاهی بین پەی جەنگ شەش تەن هونەرمەن
مدران موقابل وە سوپای دوشمەن
نەهەر چوار ئەتراف کەردشان هجووم
ئاوردن وەکار جبەخانەی ڕووم
بی بەواوەیلای بانگ بێ شومار
کەللە چون تەرزە ڕێزیا بەوار

نە جائێ هەنی مەردی (شێخ حەمید)
دوشمن چە سامش لەرزا وێنەی بید
نە جائێ هەنی (شێخ مەحموود سەنگوور)
(عەزیز شێخ ڕەزا)، (ڕۆستەمی) دەستوور
نە جائێ هەنی ئەو (شێخ محێدین)
هەم ئەو (شێخ قادر) ساحێب بوغزوقین
نە لائێ هەنی ئەو (کاکە حەمە)
نە یەک لا (حەسەن)[٣٧] هەم (مەحموود ئامە)[٣٨]
ما باقی مەردان ئەهل (تاڵەبان)
جۆشیان پەی جەنگ (داودە) ی دەمان
ڕوو کەردن پەی جەنگ تەمام وە یەکجار
گرتن چوار ئەتراف (داودە) بەقار
بەرق خۆش ئاهیر تفەنگ ماردەم
سەداش وییارا نە چەرخ هەفتەم
یەکێ یەک مەردێ داودەی دەمان
نە عەرسەگای جەنگ ئەسپشدا جەولان
وە (حەمە کووچە)[٣٩] مەنشوور بی چە عام
خەبیس مەغروور گومرای نا تەمام
نە جۆش جەنگ بی بەد خووی کینەخوا
دی وە چەم (ئەمین قادر زلێخا)
دەست بەرد وە تفەنگ (داودە) ی دەمان
(ئەمین زلێخا) ش ئاورد وە نیشان
ئاهیردا وە نەش کەردش سەرنیگوون
(ئەمین) سەلامەت ئەسپش بی زەبوون

(٣٦)، (٣٧)، (٣٨) ئەوڕەحمان تەمر، حەسەن، مەحموود ئامە جەنگاوەری شێخ حەمیدی تاڵەبانین.
(٣٩) حەمە کووچەی داودی: پیاوێکی ئازاو نیشان شکێن بووە، یەکێکە لە جەنگاوەرانی هۆزی داودە، لەم شەڕەدا بەدەستی ساڵح غەفوور زاڵ کوژراوە.



وێش چەنی مەرکەب غەڵتان بی نەخاک
مەند وە پییادە ئەو کورد سوار چالاک
(ساڵح) ئێدش دی قەهرش جۆش ئاورد
هەی کەرد وە فەرەس چون شێر نە بەرد
نە کەردش درەنگ مەرد بێ ئەندێش
کەللەی ماردەم هەوادا پەرێش
کارخانەی فەڕەنگ نە کەردش خەتەر
نیشت وە ڕووی کەللەش چەولاش کەرد گوزەر
غەڵتان بی چە خاک نوتفەی (الخناس)
گیاندا وە داوەر بەزەرب ڕەساس
چەو دما (ساڵح) شێر بێ ئەندێش
ئەسپ و ئەسلیحەش ئاوەردش پەی وێش
سەر تا پا عوریان کەفت وە ڕووی مەیدان
ئەهل (داودە) خرۆشان بەگیان
نە هەر چوار جانب هجووم کەردشان
پەی (تاڵەبانی) حەملە بەردشان
خێزا گرمە گرم ناڵەی کارخانە
ئاهیر کەفت نە جەرگ خوێش و بێگانە
ناڵەی مەکەنزی عالەم کەرد خاپوور
خێزا واوەیلا وێنەی نەفخ سوور
نە گوڕەی ڕەساس بی بە واوەیلا
کەس وە کەس نەبی چون ڕۆی (کەربەلا)
نەجۆش جەنگ بین ئەهل (تاڵەبان)
ناگاه پەیدا بین سەرداران خان
تیپێ چە سوار تایفەی خانچی
مەردان نامدار سوار و تفەنگچی

ئەوەڵ بی (حەمە) ی ئەو (کەریم ئاغا)
پەرێ (داودە) دەروون پڕ داغا
دووهەم بی (عەزیز) سووەم بی (غەفوور)
(محەممەد ڕەشید) شێرانە دەستوور
پەنجەم بی (قادر) ئەولاد سەرهەنگ
نە ڕۆژ مەیدان بەوێنەی پڵەنگ
شەشەم بی (ساڵح) ئەو (غەفوور زاڵە)
چەلای خوداوەند بوڵەند ئیقباڵە
شەش مەرد جەنگی چون شێر بێباک
داخل بین وە ڕەزم (داودە) ی ناپاک
بەتاوو تەعجیل نە کەردن درەنگ
دەست بەردن پەرێ فیشەک و تفەنگ
ماباقی مەردان ئەهل (تاڵەبان)
روو نییان پەی جەنگ (داودە) ی دەمان
نە هەر چوار جانب حەملە ئاوردن
تیپ بەگزادە ئیحاتە کەردن
بی بەواوەیلای بانگ بێ شومار
کەللە چون تەرزە مەرێزا بەوار
چەناڵەی ماردەم کارخانەی فەڕەنگ
دنیا بی زوڵمات وێنەی شەوەزەنگ
چەگورەی فیشەک مەکەنزی بێڕام
ئادەم و حەیوان مەکەرد قەتل و عام
قیژەی عەرووسی خەیلێ چەو بەد تەر
مەرد نەرووی مەیدان مەشکاوا جگەر
نە عەرسەی مەیدان بی وە ڕستاخێز
ناگاه (داودە) یەکسەر کەرد گورێز



مسکین و فەقیر تیپ بەگزادە
فیرار بین تەمام سوار و پیادە
هەرچەند حەیوانات ئەهل (تاڵەبان)
بەزۆر بەردەبین (داودە) ی دەمان
چە فەزڵ خالق فەرد فەریاد ڕەس
ئەهل (تاڵەبان) ئاوردن وە پەس
هورگێلان وە پەس بەفەتح و دڵشاد
تایفەی دوشمن عومرش شی وە باد
تەمام بی داستان جەنگ (تاڵەبان)
بەگفتەی مەلا (شاعر الزمان)

***

میرزا سکاڵای خۆی لای ئاغە ڕۆستەمی کاکەیی[1] دەکا و دەردە دڵی خۆیی لە لا هەڵدەڕێژێ.. ١٣٣٦ک. بەرامبەر بەساڵی ١٩١٨ی ز.

## داستان

سەیید ئەکرەم.. سەیید ئەکرەم
سیلسیلەی سادات ڕەسوول ئەکرەم
نەتیجەی نەسەب (حوسێن) ئەزڵەم
پێشەوایی پیر شای (ڕۆم) و (عەجەم)
سەردار سالار سەدر ئەسکەندەر
دایاغ داد پرس نی بەندەی کەمتەر
چراغ جەدید چە کۆگای عەتیق
شەهزادەی شەریف شەجیع و شەفیق
مەقبوول مەجلیس جەمع بەگلەران
هامنشین بەزم والی و سەروەران
(روستەم ثانی) ساحێب تیغ و ڕەخش
(حاتەم) دەوران ڕەئیس زەڕ بەخش
خانەدانزادەی نەجابەت ئەتوار
مەنشوور مەعلووم نە ڕووی ڕۆزگار
(ئەفلاتوون) ئیدراک (ئەرستۆ) عقوول
جای مەلجاو پەنای مسکین و مەلوول

(١) ئاغا ڕۆستەم (١٨٥٧-١٩١٩ی ز. کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیبراهیم)ی کاکەییە، لەگەڵ سەییدەکانی بەرزنجیدا یەک دەگرنەوە، بە یەکێ لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی کاکەیی دەژمێردرێت، لە ئاوایی (عەرەبکۆیی) دادەنیشت، پیاوێکی بەجەرگ و ئازاو نەترس بووە، دەستەی شاعیران و مەلاو ڕۆشنبیرانی خۆش ویستووە، لە ساڵی (١٩١٥ی ز.) لەتەک شۆڕە سوارەکانی شێخ مەحموودی حەفیدی خزمیدا لە جەنگی شعێبە لە خوارووی عیراق دژ بەسوپای بەریتانیای داگیرکەر بەشداری کردووە، دۆستی خەلیل منەووەر بووە.



(لوقمان) مەعریفەت(کەیخوسرەو) هیممەت
مەرد ڕۆی ئافاق پرسام و هەیبەت
عالەم دوعاگۆی سفرەو خوانتەن
(باب العشایر) دیوەخانتەن
جوانمەرد جەمع جوملەی جیهانی
(اظهر من شمس)[2] نە ڕووی زەمانی
بابۆی مسکینان زات خانەدان
وە (أبو الفقیر) مەشهوور نەجیهان
یارەب شەوکەتت دائیم تا سەر بۆ
سەردار عەشرەت هەر بێ زەرەر بۆ
تیغت موسەڵڵەت فەرق ئەعدا بۆ
فەتح و نەسرەتت بەمووددەعا بۆ
(یوما فیوما)[3] ڕوتبەت کەبیر بۆ
موحتاج دەرگات میرو وەزیر بۆ
فەتح دوشمنان لێت بۆ موبارەک
ئاگادارت بۆ ئایەی (تەبارەک)[4]
نامت وە سەر مەشق مەرد مەیدان بۆ
دەستگیرت نوفووس شاهـ مەردان بۆ
وجوودت سیحەت خاترت شاد بۆ
دوشمنت وە بەرق بەڵا بەرباد بۆ
نەوینی زەرەر نی دنیای فانی
بڕانی دەوران وە کامەرانی

(٢) أظهر من شمس: واتە: لە ڕۆژ دیارتر.
(٣) یوماً فَیوْماً: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ.
(٤) تەبارەک: دەستنیشانە بۆ ئایەی (تَبارك الله)، واتە پاک و پرچ، خوا ئەم وشەیەی بۆ ستایش و سەرسوڕمان فەرمووە.

تا خەیلێ زەمان هەر سایەدار بای
پەرێ مەزڵومان[٥] تۆ پایەدار بای
باڵ (جبرەئیل) سایە بانت بۆ
دوعای گەنجەلعەرش[٦] وە قەلغانت بۆ
دوعای ئی بەندە وە ئامین ئامین
قبووڵ بۆ چە باب (رب العالمین)
ئێدەن ئیشتیکای ئی بەندەی زەلیل
عەرز ئیستیدعای ئی بەندەت (خەلیل)
بەتەقدیر حەق گەردوون گەردان
حەرەمم فەوت بی مەندم سەرگەردان
چەنی سە ئەتفال مەندەنم بێکەس
بەغەیر چە زاتت نییەن فەریاد ڕەس
کافر بوینۆم وەی حاڵ حەزین
ئیمان ئیسلام مەکەرۆ تەلقین
بیست و یەک ماهەن هام چە خزمەتت
مەمنوون ئیحسان لوتف و شەفەقەتت
شەفیعت ڕەسووڵ (یوم الجزا) بۆ
حەیی بێ زەواڵ چەنت ڕەزا بۆ
بەرلووام چە قەهر مات و مەئیوسات
ئەحیا بیم چە ئەکل شورب و مەلبوسات
مەمنوون مەشکوور موعطی مننەتم
دوعاگۆی ڕەئیس ئاغای عەشرەتم
چەی بیست و یەک ماه چە (عەرەبکۆیێ)
یاوام وە سەفا غەمانم ڕۆیی

(٥) مەزڵومان: کۆی مەزڵوم، لە دەسنووسێکی مەلا عەباس نووسراوە (فەقیران).
(٦) دوعای گەنجەلعەرش: لە دەسنووسێکی مەلا عەباس نووسراوە (أنا فَتحنا).



ئینە یەک ماهەن غەم شادیم ماڵان
تەشت و سفرەی من کەفت وەدەر ماڵان
هەر ڕۆژ یەک ماڵێ نەراگەی یەزدان
پەرێ ئەتفاڵان بەندە مەکەن نان
قەریە بێزار بی چە سوخرەی ئێمە
خێر کەردەن نی جا وێنەی جەریمە
ئەجرو سەوابەت نی جاگە دوورەن
جیهان نە دیدەم (ینفخ الصورەن)
زار زەبوونم بێ چارەی زەلیل
پەرێ یەک ژەنێ مەندەنم تەعتیل
تۆ ئاغای ڕەئیس چە حاڵ ئامادە
حەیفەن سواران ببان پیادە
ئیستیدعام ئێدەن چە کارسازی
چە (ماچۆ) زبان ژەن پەیم نەوازی[*]
دووساڵەن بەندە ئامام وەی وە تەن[٧]
نەدیم یەک مێردێ بخورۆ وە ژەن
نەدیم یەک مێردێ بخرۆشۆ بەجۆش
فیزاع ژەنێ نەشنەفتم وە گۆش
ژەنشان وێنەی خاتوون شار دیم
ژەن نە ئیسراحەت مەرد هەم نەکاردیم

ـ میرزا لەم بارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ پیرەمێردێکدا دەکات و دەڵێ:
پەرسام چە پیرێ ئینە چ حاڵەن
عەیش سەفای مەرد ئی جاگە تاڵەن؟

(*) نەوازی: لە دەستنووسەکانی مەلا عەباس و سەیید وەهاب نووسراوە بوازی.
(٧) ئەم نیو باڵە لە دەسنووسێکی مەلا عەباس حیلمی بەم جۆرە دارێژراوە: (ئینە دوو ساڵەن ئامام پی وەتەن).

مەردان بێ دەنگەن ژەنان گوریزەن
مەردان چون ڕوبا ژەنان دەنگوزەن
مامە تۆ بەعەشق ئەنبیاو ئیمام
خاس حاڵیم بکەر (باقي والسلام)

پیرە مێردەکەش بەم جۆرە وەڵامی میرزا دەداتەوە:

پیردا جەوابم چە کام وڵاتی
چمان کە غەریب ئی سەر بیساتی؟
واتم: ئەی مامە سەرمایەی جانم
سابیق من ساکن (کفری) مەکانم
واتش: ئەی فرزەند بشنەوە خەوەر
ئەحواڵ ئەتوار ئی جاگە یەکسەر
پەرێت بواچۆن تەمام موکەڕەڕ
عیبرەت بگێرە پەی ڕۆژ خەتەر
دوختەر پەی شەوهەر مەندەن نا ئومید
مەحرووم مەغدوور پرچشان سفید
تەمام جاهێڵشان پەی ژەن بییەن فل
عومرشان یاوان وە (تەئریخ) چل
ئەهل موقتەدر مەر ژەن بوازۆ
فەقیر پەرێ ژەن مەندەن تامەزرۆ
ئەر وە کەرامات ببۆ بەوەلی
مەبۆ بنەراش وە (ساج عەلی)
خاترو ڕەجا ئیلحاح خەسارە
مەبۆ پەیداکەی بیست لیرە پارە
بدەری وە ژەن یانەت کەی بەتاڵ
بگێری وە دەس یەک عاسای سواڵ
نیشانەی سنعەت گشت کناچەشان
بواچۆن پەرێت عەلامەتشان



کناچەش خەیات فەقیرەن بێ فەن
چەنش سوزنەن نەیش تاڵێ بەن
خەیاتی ئەویش چە نیمەڕۆی شەق
مەر سۆی سوزن ئەوسا کەرۆ فەرق
چە ساڵی جارێ پەرێ کەیف وەشی
پەی ورێس ئاو پل مەدۆ تەشی
چە تەرتیب تەون ئەو بێ خەوەرەن
ماچۆ: پەرێ نوور چەمم زەرەرەن
بلۆ وە (حاوی دێرەکان)[٨] ئارۆ
ئاقەرەی هەرێ کوڵ ورمەدارۆ
بێ تیق و فاقەن یەکجار هەژارەن
پەی بابۆش ڕەنجبەر هەم هیتیارەن
عومرش نە تەئریخ سە سیازدە ساڵەن[٩]
بلووغ نەوییەن یەکجار منالەن
واوێلە تەڵ تەڵ پرچش کەرد چەرمە
یەکجار فەقیرەن پڕ حەیاو شەرمە
پەی چەنەبازی ماچی بولبولەن
مائین موعەننەک کیسە چە ملەن
خەریک خەرمان خزمەت گوزارەن
هەرکەس بوازۆش تاڵحش یارەن
خولاسەی کەلام وە بێ چڕ و فڕ
یانەی ئەو زاما مەگیران چە قوڕ

(٨) حاوی دێرەکان: دەشتێکی ڕاستییە دەکەوێتە نێوان ئاوایی (تۆپزاوە) و (عەرەبکۆیی)ەوە لە خۆرئاوای (داقووق) بە(١٠ کم) ە، نزرگایەکی لێیە بەناوی (ئیمام سەرڕاجە)، ناوەکەی لەم زاتەوە هاتووە، چونکە (دێر) لەزمانی گاوردا ئیمام، یان: شەخس دەگەیەنێ، زووتر تا هەفتاکانی سەدەی پێشوو ئەم حاوییە تەنیا بۆ لەوەڕگای ئاژاڵ تەرخان کرابوو.

(٩) سە سیازدە ساڵ: = (٣٩) ساڵ.

تا هەزار قڕان مەستانان چە ئەو
ڕۆژش مەکەران وە شەوگار شەو
چە یانەی بابۆ دوختەر بۆ جییا
پەی زاما مارۆ سە عەدەد ئەشیا
ئەوەڵ یەک جاجم نیمداشت کوڵکن
یەک بزن قسر نماوەی چڵکن
چە ئێد زیاتر یەک قروش پارە
نمەدۆ وەنەش ئەو بێ کردارە
ئی هەرسە ئەشیا وە بازاڕ بەرە
هەرسە نمێژۆ یەک عەدەد لێرە
هەنی کافییەن ئینە پەی زاوا
دەک زاوا یانەت هیچ نەبۆ ئاوا
زاوا کە حاڵش وەی ڕۆژە یاوا
چ قادر چەنی ژەن کەرۆ داوا
یەک دەفعە نریان وە (ساج عەلی)
ئەر جاران هار بۆ ئێستە مۆ وەلی
چ قادر تەڵاق بەیۆ وە زوانش
قەدرش مەگێرۆ مۆ وە قوربانش
سەبەبش ئێدەن ئەگەر هۆشیاری
ژەن سەلامەتەن نە ڕووی دارکاری
ها واتم وە تۆ حیکایەت تەمام
ئەختیار وە تووەن (باقي والسلام)
من کە شنەفتم چە لەفظ ئەو پیر
چمان هەردۆ پام دریا لە زنجیر
تا وە دوو ساعەت شیم نە فیکر ویر
سەرسام بیم چە کار ئی دام و تەزویر



ئەر بییام ساحێب سە دوخت دڵگیر
نەسیبم مەوی ئی لۆتکە و هەنجیر
بەرمەشیم یەکجار نە جامەی فەقیر
چە (عەرەبکۆیی) مەویم بە وەزیر
بەڵێ چ فایدە من دەستە پارچەم
بێ واڵێ و بێ ژەن هەم بێ کناچەم
وە ئیفتادەی حاڵ وە دیدەی پڕ نەم
دە خاڵەتم کەرد وە ئاغە ڕۆستەم
بەوێنەی خەستە یەکجار بێ حاڵم
بێ پارەو بێ پوول بێ ئاقچە و ماڵم
چە قەهر فەلەک کارم تەمامەن
ژەن واستن پەی من نی جا حەرامەن
روخسەتم بدۆ وە لوتف و کەرەم
چەنی دوو ڕەفیق بشۆم وە عەجەم
داخل بۆم وە مولک ماوای ئێرانی
ژەنێ بوازۆم وە بیست تەهرانی
ئەر بێوەژن بۆ نەو جا هەرزانەن
دیدە چون ئاهوو بالا بەرزانەن
سە جان ئەلجیم هان چە تۆی یانە
ناکەسان چەنیم هان چە بەهانە
حەیاو عیسمەتم لوا وە تالان
موحتاج قاری قەڵتاخ سالان
گیایی بەخت من بییەن سە پەلکە
مەعشووقم (هەمین[١٠] مام ئەحمەد وەلکە)

(١٠) هەمین: وا دەگێڕنەوە خاتو هەمین بێوەژنێکی بەتەمەن بووە، حەزی کردووە شوو بەمیرزا بکات بەڵام ئەم نەیویستووە.

ژەنێ بێکەس بۆ بێ دایە و باوک
فێر بۆ وە نەغمەی(قەتار) و[١١] (لاوک)[١٢]
بچرۆ وێنەی چریکەی چەکاوک
لایق وە (خەلیل) پەی (یەسو ساوک)[١٣]
هەنی ئەو لایق نەبۆ وە هیچ کەس
دەک فەلەک قاپی یانەت بۆ دەروەس
پەی شەخسێ هەنی بیم وە موشتەری
چە (عەلیسەرا)[١٤]، (ئامۆژن پەری)[١٥]
بالا چون بەیداغ سوورەت لەنگەری
سە ئایل دارۆ پەی ڕەنج بێوەری
وارسش نیەن سە تفل زەلیل
وە ناخێر (پەری) دریا وە (خەلیل)

(١١) قەتار: مەقامێکی کوردی دەڤەری گەرمیانە، سۆزێکی بەتین و پڕ لە بڵێسەیە بۆ دڵ و دەروونی ئەویندارانی سەرمەست، مۆری ڕەسەنایەتی فۆلکلۆری کوردی پێوە دیارە، بەڕەچەڵەک دەچێتە سەر مەقامی (حیجاز)، پاشکۆی مەقامی (ئەڵڵا وەیسی)یە.

(١٢) لاوک: بریتییە لە چەند مەقامێکی خۆش و دڵگیر، تایبەتە بەکوردی باکوورەوە، بەزۆری دەربارەی شەڕو شۆڕش و نیشتیمانپەروەری دەدوێ.

(١٣) یەسوساوک (١٨٣١-١٩٠٩ی ز.) ناوی یوسف کوڕی جەمال کاکەییە، ناسراوە بە(یەسوساوک)، شاعیرێکی دڵتەڕی ئەو ڕۆژگارە بووە، کۆمەڵێ شیعری بەشێوەزاری ماچۆ (گۆران) لە پاش بەجێ ماوە، لە پارچە شیعرێکدا وتوویەتی:

ئازیز چە پەنیر شیعرم وەشترەن
نەشەهدو شەککەر هەم شیرینترەن
نە چیگەی عوسمان بەقیمەترەن
نە خونچەی وەهار هەم ناسکترەن

(١٤) عەلیسەرا: گوندێکی کاکەیی نشینە، دەکەوێتە خۆرنشینی شارۆچکەی داقووقەوە بە(١٢) کیلۆ مەترێک.

(١٥) پەری: کچی جاسم بەرزنجییە، بەبێوەژن کۆشی منداڵەکانی بەخێوکردووە، دایکی شاعیری میللی بەرزۆری پەرییە، ئەم ژنەیان داوە بەمیرزا خەلیل بەڵام ئەو نەیویستووەو بەئامۆژنی خۆی زانیوە واتە (مامۆژن)



ئی چوار ئا چوار جەمعەن مە بۆ هەشت
دەک (خەلیل) ئیقبالێ بەختت بۆ بەرگەشت
مەگەر (سەی ڕۆستەم) نیمەی ئەملاکش
وە داڵیەو خەرمان وە ئاب و خاکش
ببەخشۆ وە نەت تەمامی یەکسەر[١٦]
پەرێ نەفەقەی نان هەشت نەفەر
وەرنە تۆ چە کۆ ئی سەودا چە کۆ
ئی مامەڵەی مەزاق نا پەیدا چە کۆ
چەند مەعشوق هەنی پەی من زەروورەن
بەعزێ چە نزیک بە عزێ چە دوورەن
چونکە من شەربەت ئیقباڵم شۆرەن
یا قاری قەڵتاخ یا دیدە کۆرەن
یا تەرک دنیان یا خود جڵفڕەن
یا قاری قەدیم قوڵڵار قڕانەن
یاخود جەربەزەن یا کاسو وڕەن
یا خود قایشباز کووپە گرانەن
یا چەرخ فەلەک (بو لانقوچ بووران)
یا قەدیم قەواد قاپودە دووران[١٧]
(یا سورمەلی گوێز کاغەد بۆیاغی
ئەبو طەنطەنە بازاڕ ئەیاغی)[١٨]
(چلێس چلماس قاپولەر چناغی
فەرق ئێلمیان یاقون ئیراغی)[١٩]

(١٦) ئەم نیوخشتە لە دەسنووسەکەی سەیید وەهابدا نووسراوە: (ببەخشۆ وەنەم وە بێ دەردەسەر).

(١٧)، (١٨)، (١٩)، (٢٠)، (٢١)، (٢٢)، (٢٣)، (٢٤)، (٢٥) ئەم خشتە شیعرانە بەتورکی وتراون تیایاندا بەکورتی گلەیی لە بەختی خۆی و ئاغا ڕۆستەم دەکات و دەڵێ لەم دەڤەرەدا ژنێکی چاک و زەریفم بەدەست ناکەوێ کە بەدڵی خۆم بێ و ببێ بەهاوسەرو هاوژیانم، پیرە ژنێکی پەک کەوتووی وام دەدەنێ کە خۆی پێ خزمەت نەکرێ، یان ژنێکی کوێر و شەل، یان منجرو چەقەچناوە، یان: گڕ=

(فەلەگ بەختمە)[*] ئورمش بەرداغی
چا شورتمش بەنا صول ئێلە صاغی)[٢٠]
(ئۆرد و گیتردی گێوگیلن ئیراغی
قەطع ئۆڵدی بەنا بیر ئێو دەیاغی)[**][٢١]
(نەسیب قیسمەت ساحب کەرەمدەن
هیمەت شەفەقەت ئاغا ڕۆستەمدەن)[٢٢]
(کاتب ئەزەڵ یازسە قەلەمدەن
ئۆڵورسە ((خەلیل)) چقار بو غەمدەن)[٢٣]
(شادمان ئۆڵور نەیلی حەرەمدەن
مەمسەکدر[***] ئەلدە مولک عەجەمدەن)[٢٤]
(قاری ئاساری قەطع ئۆڵدی غەمدەن
هیچ قەحات دەگیل چەقەڵ بو چەمدەن)[****][٢٥]
ساکن بەر (خەلیل) چەنی دەرد وێت
چەنی ناکەسان وێت مەکەر وە شێت
ئەو کەس کە خانەی تۆش کەردەن خاپوور
هەم موقتەدیرەن بکەرۆش مەعموور
چ وەقت شادی زوڕنا و پیکتەن
چمان نەوشاتر نە تۆی سیکتەن
هەنی کافیەن نام کەس نا چی
زبانت بوڕ بەمەودای قاچی

= خۆری زەرەرمەندی بێ کەڵکم بۆ دەسنیشان دەکەن، تەنیا مەگەر ئاغا ڕۆستەم بتوانێ کێشەکەم بۆ چارەسەر بکات و ژنێکی پوختەم بۆدابین بکات، ئەگینا ناچار دەبم بچمە ئێران و لەوێ ژنێ بخوازم.

(*) بەختمە: لە هەردوو دەسنووسەکەی مەلا عەباسدا نووسراوە: (بفریمە).

(**) ئەم نیوخشتە لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس بەم جۆرە هاتووە: (ازدی ارندی کوکلمک یاغی).

(***) مەمسکدر: لە دەسنووسەکەی سەیید وەهاب نووسراوە (مکرر).

(****) ئەم خشتە دەسنیشانە بۆ ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ (چەم بێ چەقەڵ نابێ).

(٢٦) عیسمەتت: لە دەسنووسەکەی سەیید وەهابدا نووسراوە (عیسمەتم).



ئەر بێ دەنگ نەوی ڕیشت مەپاچی
زەم ژەن مەکەر وێنەی زوڕنا چی
حەیاو عیسمەتت[٢٦] لوا وە تالان
موحتاج قاری قەڵتاخ سالان
(قاریلەر سۆیللەر بەختمز یۆقدر
خەلیل ئەیودر ئوشاغی چۆقدر)[٢٧]
(ئەگەر ئۆڵمازدی بو ئوچ ئوشاغی
گوروردی بزدەن قوجاغ سیجاغی)[٢٨]
(ئەمما بێ فائیدە بیلدمز ئیراغ
کیمدر بیسلسون بیر ناخر ئوشاغ)[٢٩]
ئینە مەواچان قەڵتاخان دێ
چمان کە خەلیل بی وە فەحل شی
(ئەگەر زەکەرمە چاڵسە یوز ئاری
ئەگەر ئەکمەکم ئۆڵورسەداری)[٣٠]
ئەگەر قۆناغم گیدرسەکاری
بوندەن بەتەری یا پارسە قاری)[٣١]
(زەمهەریر ئێدەر بەنا بەهاری)
حاشا وە لیللا چەی نەوعە قاری[٣٢]
ژەن ئی زەمانە گشت بنیاد پۆخەن
ماچان فلان کەس فرزەندش چۆخەن
مەعلووم لایقشان تەلاق و شەقەن
بابۆکۆی ئاهن دایە مەفرەقەن

(٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢) ئەم خشتە شیعرانە بەتورکی دارێژراون ئەمەش واتاکانیانە: (ژنەکان لە نێوان خۆیاندا دەڵێن: خەلیل پیاوێکی چاکە بەڵام خاوەنی گاگەلێ منداڵە، هیچ ژنێ ناتوانێ هەڵسێ بەخزمەتکردنیان، ئەگەر وانەبوایە شوومان پێ دەکرد و باوەشیمان گەرم دەکردەوە، وا دەزانن خەلیل بووەتە ئەسپەشێ، جا من زەردەواڵە بچزنێ بەزەکەرمەوە و نانیشم شامداری بێ و میوانیش بیبەری تفتم بۆ بێنێ، ژنانیش لەمە زیاترم پێبکەن و بەهاری شادیشم لێ بکەن بەدۆزەخ من لەو جۆرە ژنە بێ کەڵک و پڕ و پووچانە ناخوازم).

خودایە خەلیل ئەوە نەوینی
ئەر موسڵمانە حاشا لە دینی
سەرمایەی عومرت ئی سە ئەولادەن
زەڕەی خاترت وە ئەوشان شادەن
یەکێشان ئیمان یەکێ دینتەن
یەکێشان قیبلەی سەر زەمینتەن
تەئریخ عومرت یاوان وە چل ساڵ
دیت وە دیدەی وێت دوو ژەن و دوو ماڵ
وە ئەمر قودرەت[٣٣] حەیی بێ زەواڵ
ژەنان فەوت مەوت مەندەن سە مناڵ
یەکێشان سەقەت یەکێشان دوختەر
یەکێشان دوو ساڵ تفڵێوەن شیر وەر
مادەر و پدەر برادەر بی ساخ
ئی سە تفڵم هەن چەنی دەرد و داخ
قاریم پەی خزمەت ئێشان لازمەن
چ وەقت وەعدەی عەیش و نازمەن
ئەر ژەنێ ئەسیل مەکەری تەڵەب
نا پەیدان تا شام[٣٤]، یەمەن و حەلەب
ئەر قیمەتش کەی وە پارەو (ذەهەب)
چە دوو عەشیرەت پەیت مەبۆ سەبەب
ئەوان ئەسیڵن ئەشهەدم بیللا
خانەدان حوورِ بەینی بەینەڵڵا
یا دوختەر دۆم وە یاکە چاوەش
وە زەرب پارە بگێر چە باوەش

(٣٣) قودرەت: لە دەسنووسەکانی مەلا عەباسدا نووسراوە (فەرمان)
(٣٤) شام: لە یەکێ لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس نووسراوە (شار).



هەنی کافییەن[٣٥] مەکەر قاڵ و قیل
نییەن چە دنیا زەعیفەی ئەسیل
ئەر هەنی چە توخم (خدر منەووەر)[٣٦]
هەر ڕەنجێ مەدی چەنی ئێشان دەر
چەی دوو ئەسنافە مەوینی پایە
ئینشائەڵڵا ڕەنجت نمەلۆ وە زایە.

***

(٣٥) کافییەن: لە دەسنووسەکانی مەلا عەباس نووسراوە (موشکڵەن).
(٣٦) منەووەر ناوی دایکی باوکی شاعیرە، واتە دایە گەورەیەتی، دەڵێن کاتێ دایکی دەمرێ شاعیر منداڵ بووە و نەنکی بەخێوی کردووە بۆیە بە(خەلیل منەووەر) ناسراوە، هەروەها باوکیشی بە (خدر منەوورەر) ناسراوە، چونکە ئەویش بە منداڵی باوکی دەمرێت.

## داستانی گورگە هارەکە[1]

ئیمجار بێین وە بەحس سنف ئەمیران
نێرە گورگ هار (کفری) کەرد وێران
چە فەوق گونبەد[2] (بابا شاسوار)[3]
قزلەر قەلعەسی مەنشوورەن حەسار
چە ناڵەی سەدای تۆپ قایەچی
چە دوود دوخان کوورەی گۆزەچی
چە مەشق مەیدان تەعلیم نیزام
چە مابەین شار (شاسوار ئیمام)
چەم وێنەی چەناغ بەرقان کەردەوە
چنگ دەهانش سۆهان بەردەوە
نەعرەتەی نەهەنگ کێشا وە دەرحاڵ
شاهێن شەشدانگ چون باد شەماڵ
دەمدا وە هەمدا زیڕنا وە زار
هەرەکەتش کەرد وە قین و وە قار
ئاما وە زەمین چە فەوق کۆهسار
پڕ تاف پادا چون باد باڵدار
هجووم هاوەرد وە حەمڵەی پڵەنگ
چەم کاسەی پڕ خوون ناخوون ئەڵماس ڕەنگ

(١) لەسەردەمی عوسمانییەکان و پێش جەنگی جیهانی یەکەم بەچەندساڵێک نێرە گورگێکی هار لەسەر شاخەکانەوە هێرشی کردووەتە ناو شاری (کفری)یەوە و زەرەر و زیانێکی زۆری بەخەڵکەکە داوە، میرزا خەلیل ئەو کارەساتەی بەوردی لە چوارچێوەی ئەم داستانە شیعرەدا تۆمارکردووە.
ئەم داستانە شیعرە لەسەر دەسنووسێکی سەیید وەهاب و دوو دەسنووسی مەلا عەباس حیلمی وەرگیراوە.

(٢) گونبەد: گومەز.

(٣) با با شاسوار، یان: باوە شاسوار: پیاو چاکێکی کوردی کاکەییە. لە دەوروبەری سەدەی نۆیەمی کۆچیدا ژیاوە، ئارامگاکەی ها بەسەر لوتکەی چیای باباشاسوارەوە لە کفری.



وە شەوکەت چون شێر وە سەر چون بزاو
وە هەیبەت چون ورچ وە قامەت چون گاو
کلک چون کەڵاف درفش وێنەی سیخ
دندان چون خەنجەر ئینگلیزیی تیخ
هەوا بەست وە هەی گورگ کۆهستانی
تا باب سوقاق ڕوویی سلێمانی
چە وەخت سەحەر شوعای (زوڵمتار)[4]
پڕ تاف پا دا نێرە گورگ هار
یەک (طرفة العین) وە حەملەی ئەوەڵ
وە یەرد چە خانەی ئەو(سەفەرە شەل)[5]
وە حەملەی دووەم تاودا وە تاوش
وە یەرد چە خانەی ئەو (عەلی باوش)[6]
وە حەملەی سێهەم ئەودەعبای دیجلە
وە یەرد چە خانەی تەکیەی (میم نەخلە)[7]
وە حەملەی چوارەم چون تیر و باران
یا باد باران[8] یا ئاهەنگەران
بروسکەی غەزەب غەزای سەد هەزار
تەشریفش یاوا وە مەیانەی شار
زیڕنا وە زار قرمز بی چاوی
ئیمجار بێین وە سەیر ئەو (عەباس واوی)[9]
بێلێ بۆستانچی گرتەوی وە دەست
ئاما پەرێ گورگ وێنەی فیل مەست

(٤) زوڵمتار (ظوڵمتار): تاریک و نووتک.

(٥)،(٦) سەفەرە شەل و عەلی باوەش، لە دانیشتوانی شاری کفری بوونە.

(٧) میم نەخلە: ژنێکی سەیید بووە و خاوەنی تەکیە بووە لە شاری کفریدا.

(٨) باران: لای مەلا عەباس نووسراوە: (باڵدار).

(٩) عەباس واوی: بابایەکی جوتیار بووە لە دانیشتوانی شاری کفری، بەهۆی بێڵەکەیەوە چوار پەنجەی گورگەکەی قرتاندووە.

شێرانە ئاسا وە غەزەب خوڕی
بێڵێ هەوادا چوار پەنجەی بڕی
وە ڕجل مەجروح کلک کەرد کڵاف
وێنەی مەوباریز مەدرا چە مەساف
دوو[10] نەفەر چە ئەهل وڵات مووسڵ شار
یەک یەک زامدار کەرد نێرە گورگ هار
سە نەفەر سەیید ساحێب کەرامات
دەف ژەن و شێش ژەن چە تایفەیی لات
هەر سە وە یەردن چە ڕاگەی بازاڕ
وە دەست بەڵای گورگ گ بێن گرفتار
قاوو قەوا قووی[11] قورت و غولغولە
چە شار (کفری) بی وە وەلوەلە
(قاری و ئوشاق قاچدیلەر دامە
کیمی جامیعە کیمی حەمامە)[12]
(قورد قۆرقسندەن کیمسە ئەیاقدە
(دورە بیلمازدی بیرەز سوقاقدە[13]
قائیمقام بەگە ئێرشدی خەبەر)
(مەعلوموز ئۆڵسون ئەی عالی نەزەر[14]
بیر قودورمش قورت ئۆڵمش ئاشکار)
چەند نەفەر ئیسلام (ئێتمش زەخمدار)[15]
(عیلاجی یۆقدر عیجل چاغردور
بەرازە بەنزەر میسل سغر دور)[16]

(١٠) دوو: لە دەسخەتەکەی سەیید وەهاب نووسراوە: (دە).
(١١) قاو و قەوا قووی:هەراو هۆریا ،غەڵبەغەڵب. لەدەسخەتەکەی سەیید وەهاب نووسراوە:قاوە قاوی.
(١٢)،(١٣)،(١٤)،(١٥)،(١٦)،(١٧)،(١٨)،(١٩) ئەم خشتانە بەزمانی تورکی هۆنراونەتەوە، بەکورتی ئەمەش واتاکانیانە:
(گەورە و بچووک نەوێران لە بازاڕ بمێننەوە لە ترسی گورگەکە هەڵاتن هەندێکیان خۆی لە مزگەوت=



(بەگ ئەمر ئەیلەدی چاغرسون دەڵاڵ
هەر کیم بو قورتی ئەیلەرسە قیتال)[17]
(هەم شوهرەت ئۆڵسون گیندینە بو ئیش
قائیمقام بەگدەن بیر لیرە بەخشیش)[18]
(گیەلسون قەبز ئێتسون یازم ژورن ئالی
بەڵکە قورتولسون بوندەن ئەهالی)[19]
وە ئەمر ئامر جارچی کەفت وە شار
عالەم خرۆشا پەرێ گورگ هار
گورگ پەرێ بازاڕ پێچنا کلک
یاوا وە دوکان ئەو بەقاڵ خلک[20]
هەوجاڕێ چە دەرب دوکانش قەرار
هەوادا پەرێ نێرە گورگ هار
کەفت لە گەردنش تا پشت شانش
هەنجنا دەمار گۆشت و سوقانش
نەبی کارگیر نە کەفت وە ڕووی ئەرز
بەقاڵ بازاڕ تەمام نیشت وە لەرز
نەعرەتەی نەهەنگ کێشا وە ڕووی حاڵ
شاهێن شەشدانگ چون باد شەماڵ
(عەلی مەحەممەد)[21]، ئەو عەجەم کەیال[22]
بێ خەبەر چە کار هەم (فارغ البال)

= هاشار داو بەشێکیشیان بەرەو گەرماو(حەمام) ڕۆیشتن، ئەم هەواڵەیان بە(قائیمقام) ڕاگەیاند و پێیان وت: ئەم گورگە بەڵایەکە بۆ خۆی، ئەمەندە زلە دەڵێی نۆکەڵە بەراز، یان:گایە، ئەویش فرمانی دا دەڵاڵیان ئامادە کرد و لە بازاڕدا جاڕدرا ئەوەی گورگەکە بێ گیان بکات ئازاییەکی گەورە دەنوێنێ و لیرەیەکیشی دەکەین بەخەڵات.
(٢٠) خلک: لە بازاڕی کفریدا دوکانی بەقاڵی هەبووە، ئەمیش بۆ کوشتنی گورگەکە هەوڵی داوە و هەوجاڕێکی داوەتە ناو شانیا بەڵام کاریگەر نەبووە و نەیکوشتووە.
(٢١) عەلی محەمەد عەجەم: دەڵێن گوایە دوکانێکی عەللافی هەبووە بۆ کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە لە ناو بازاڕەکەی کفریدا، گورگەکە برینداری کردووە.
(٢٢) کەیال: جۆرە پێوانێکی دارینی خڕە بۆ کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە بەکاری دێنن.

گورگ شکاری یاوا وه عەجەم
دەستش چون تەوان دەردەم بەرد وەدەم
چە ئەو گوزەر کەرد چون ئاهەنگەری
تا یاوا وه لای ئەو (خدر بەدری)[٢٣]
ئەویش مەجروح کەرد ئەو دڕندەی هار
یاوا وه فرزەند ئەو (ئەحمەد تەیار)[٢٤]
ئەر نمەناسیش (ئەمیر) چاوش بی
زەبتیەی پیادە قوڕنەی قاوش بی
ئەویش مەجروح کەرد گورگ قرمزی
(هیتەی[٢٥] ئەحمەدەن) بیر کوچک قزی
(سوقاق ئیچندە)[٢٦] مەکەردش بازی
گورگ زامدارش کەرد پەی بەچەبازی
چە ئەو گوزەر کەرد وه داد و دەوان
یاوا وه دوختەر (کودرین)[٢٧] باخەوان
وه چنگاڵ چنگ وه زەرب ناخوون
گۆنای گوڵنارش قرمز کەرد چە خوون
(قەمبەر جولحەنین، بیر کوچک قزی
بۆیننده مونجوخ کوملەک قرمزی)[٢٨]

(٢٣) خدر بەدری: یەکێکە لە دانیشتوانی کفری گورگە هارەکە برینداری کردووه.
(٢٤) ئەحمەد تەیار باوکی(ئەمیر چاوەش)ە، چاوەش زووتر لە ڕیزی پۆلیسدا پلەی (عەریف) بووه، لە شیعرەکەدا وا دەردەکەوێ گورگەکە ئەمیشی بریندار کردووه.
(٢٥) هیتە کچی ئەحمەد ناوێکە، بە تەمەن منداڵ بووە و لە کۆڵاندا بۆ خۆی لەگەڵ دەستە خوشکەکانیدا یاری کردووه لە پڕ گورگە دڕندەکە دێ بەسەریاناو برینداری دەکات.
(٢٦) سوقاق ئیچندە: لە ناو کۆڵان.
(٢٧) کوردین: لە کفریدا نێرە گورگە هارەکە کچی ئەمیشی زامدار کردووه.
(٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦) ئەم خشتە شیعرانە بەزمانی تورکی داڕێژراون و =



(ساچندە ساجیاغ باشە تیل قورمە
کوێسکندە سوخمە باشندە تورمە)[٢٩]
(قۆڵندە قۆڵباق ئەلندە بورمە
یەناقدە ئاولک گوێزندە سورمە)[٣٠]
کەمەربەند باریک چون توول عەرعەر
(ئەیاغدە خڕخاڵ) چە سیم ئەنوەر[٣١]
دەست (وه بیلازک، بۆین) وه خشڵ
قامەت وه قەبای قرمزی و (یەشیل)[٣٢]
(ئۆڵاشدی ئۆنە) گورگ (بەرازی)
دەست (غەزەبیلە طوتی بوغازی)[٣٣]
(حەلقومن طوتی ئەیلەدی مەجروح
یەرە قۆینجە ئەیلەدی بێ روح)[٣٤]
(وەفات ئەیلەدی ئۆنازک بەدەن
قورت طوتی ئۆ گوین سێ مەرد و دوو ژەن)[٣٥]
(کیمن باشندە کیمن ئەلندەن
کیمن بوغازدەن وه سەقالندەن)[٣٦]
ناگا پەرێ بەخت شووم نا شەریف
سەعید ئەفەندی کاتیب ڕەدیف[٣٧]
(چارشوە گیەلدی خەبەرسز) چە کار
حەملە بەرد پەرێش نێرە گورگ هار[٣٨]
گرت لە کەمەربەند کاتیب سەرا
زەلزەلە خێزا وه هەرا هەرا[٣٩]

=لەگەڵ کوردییەکەدا تێهەڵکێشی کردووە ئەمەش بەکورتی ماناکانیانە: (قەمبەر جولحە کە دانیشتووی کفری بووە، کچێکی بچکۆڵانەی زۆر جوانی هەبووە، ئەو ڕۆژە ئەم کچۆڵەیە بەجوانترین بەرگی ئاڵا و واڵا و بازنگ و خڕخاڵ و ملوانکە و تارای ڕنگامە و سوور و سپیاو ڕازابووەوە، گورگە هارەکە دڕندانە ملی ئەو ناسک و نازدارەی برد بەدەما و لە شوێنی خۆیدا بێ گیانی کرد، هەر لەو ڕۆژەدا سێ پیاو و دوو ژنی تریشی بریندار کرد).
(٣٧)،(٣٨)،(٣٩)،(٤٠)،(٤١)،(٤٢)،(٤٣)،(٤٤)،(٤٥)،(٤٦) هەمیسان ئەم خشتە =

ئەفەندی سەرسام وەی کار و خەبەر
ئەل بەرد (بێلندە بولەدی وەڕوەڕ)(٤٠)
ئەل وردی باقدی یۆقدور خەنجەر
ئەمما سەعات وار(نەیلە سون زەرەر)(٤١)
(فەقەت جغارە قوتوسی مەوجوود
توج قەڵەم دویت بێلندە مەفقود)(٤٢)
سەرسام بی (دێدی بو قورت تر یا ئیت)
(قۆناغدە قاڵدی توج قەڵەم دویت)(٤٣)
(چاڵدم بونن ئاغزی ئیچنە
لایق کوێریردم گیندی سوچنە)(٤٤)
(بیرسیی دێدی بونە سۆیلەرمی
ئەفەندم بونە دویت نیلەرمی)(٤٥)
(بو بیر بەلادر هەق ئێتمش کەرەم
نە یاپار بونە بیر دویت قەڵەم(٤٦)
وە قوربانم بای (ئەستەنبووڵ)
خانم ئەفەندی زەوزەوات مەقبووڵ
ساحێب بابووج دیشداشە پەمە
چیت عەزیزیە بەیاز مەرحەمە
پەقلەوا فڕنی (قەسلیە ئیچان)(٤٧)
وە قوربانم بای (دیوارە سیچان)(٤٨)

=شیعرانەی بەتورکییەکی سادە و ئاسان وتووە و دەفەرمێ: (سەعید ئەفەندی کە لە فەرمانگەی میریدا نووسەری یەدەک بووە، بێ ئەوەی لەم کارەساتە ئاگا بێ لەوێ بەدشداشە و بابوج بەبێ چەک ئامادە بووە، لەپڕ گورگەکە هێرشی بۆ دەبات و دەکا بەناو قەدیا، خەڵکی بەهەراوهوریا ڕزگاری دەکەن، ئەویش تەنیا قەڵەمدان و کاتژمێر و قوتوویەکی جگەرەی پێ بووە، جا لە ترس گیانی خۆی قەڵەم حبرەکەی تێ گرتووە و بەغار هەڵاتووە، خۆی و فێسە قرمزەکەی دەکەونە ناو قوڕ و چڵپاوەوە،. خەلیل منەووەر بەتەوسەوە هەندێ هەجووی دەکات.. هتد.

(٤٧) ئیچان: خواردنەوە.

(٤٨) دیوارە سیچان: میزکردن بەقەد دیواردا، کە نەریتی سەگە.



خولاسەی کەلام ئەفەندی گەزی
(چاموورە دوشدی)(٤٩) فێس قرمزی
یەک دەست و یەک ڕان ئەفەندی جایی
پلکیا لە قوڕ وەک مانگای زایی
چە زەرب هەیبەت سەگسار سەفدوڕ
فێس ئەفەندی کەفت وە ناو قوڕ
(ئوربەئەیلەدی)(٥٠) لە پرش قوڕاو
غولغولە خێزا وەک بەرازە ڕاو
(سلێمان زوڵفە)(٥١) ئاما چە سەردا
گورگش دی وە چەم دەس چە دەم وەردا
مەردانە دەستوور بێ خەوف و جگەر
(ئۆلاشدی قورتە چاڵدی بیر خەنجەر)(٥٢)
(چاڵدی بێلنە ئویچ زەرب زەرەر)(٥٣)
سە زەرب کاری یەک لە یەک بەتەر
ئەعزاو ئەندامش چە یەک هورووەشان
پشت و پەهل و و پا، دەست و دەفەو شان
وە مەودای خەنجەر جەرگش هوردڕێ
ریشەی بەند جەرگ وە مەودا بڕی
کەردن ئافەرین ئەهالی بازاڕ
ئافەرین بۆ پەیت هەزاران هەزار

(٤٩) چاموورە دوشدی: کەوتە ناو قوڕەوە.

(٥٠) ئوربەئەیلەدی لە پرش قوڕاو، واتە: کەلوپەلەکەی بوو بە قوڕاوەوە و ڕاچەڵەکا.

(٥١) سلێمان زوڵفەی دەلۆ: خەڵکی شاری کفری بووە، وا دەگێڕنەوە پیاوێکی ئازا و بەجەرگ بووە، خەلیل منەووەریش ئەم شایەتیەی بۆ دەدا، بەهۆی خەنجەرە دەبانە کوردییەکەیەوە مەردانە گورگە هارەکەی لە ناو بازاڕی کفریدا کوشتووە و خەڵکەکەش بەوپەڕی ڕێزەوە سوپاس و ئافەرینیان کردووە و بەپیاوێکی ئازا ناویان بردووە.

(٥٣،٥٢) گەیشت بەگورگەکە و بەهەموو توانایەکییەوە سێ خەنجەری کاریگەری ئاڵکاندووە بەپشت و ناوشانیا.

مەردی(سلێمان) مەنشوور بی نەعام
بی وە خەڵات پۆش چەلای قائیمقام
ئەووەڵ موژدە بێ(لیرە) ی نەویدی[٥٤]
(ئاخر ویردیلەر ئیکی مەجیدی)[٥٥]
(عوسمانیلەرن بودر ئیکرامی
نە شەرتی واردر وە نە کەلامی)[٥٦]
(ئۆغروندە یاپ فەتح هەزارە
یا بیر ئافەرین یا بیر جغارە)[٥٧]
(بێن ئافەرین گوندەر بازاڕە
یوز ئیل گیزدیرسەو ئێتمەز بیر پارە)[٥٨]
(بونلەردەن غەیری یۆقدر ئیکرامی
نە والیسندە نە قائیمقامی)[٥٩]
(سلێمان) مەنشوور نە(کفری) شارەن
قاتل وەحشی دڕندەی هارەن
یە(خەلیل) واتەن مات و غەمگینەن
ئیسکان وەتەن(کفری) زەمینەن.

(٥٤) نەویدی: موژدە، لە دەستخەتەکەی سەیید وەهاب نووسراوە (نەویندی).
(٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩) ئەم خشتە شیعرانەش بەزمانی تورکی وتراون ئەمەش پوختەی ماناکانیانە، (عوسمانییەکان لە پێشا موژدەیان جاڕدا ئەوەی نێرە گورگە هارەکە بکوژێ لیرەیەکی دەدرێتێ، کە کوژرا لە جیاتی لیرەکە دوو مەجیدیان کردووە بەخەڵات، ئەمەیە پەیمان و دەهەندەیی ڕژێمی عوسمانی، نە شەرتیان هەیە و نەیش پەیمان، ئەگەر لە پێناویاندا هەزار کاری گرنگ ڕاپەڕێنی، یان : ئافەرینێکت دەکەن، یان: تاکە جگەرەیەکت دەکەن بەخەڵات، ئەگەر سەد ساڵ بگەڕێی تاکە پولێک ناکات لەمەیش زیاتر پیاوەتی و چاوتێریان لێ نابینرێت نە لە قایمقام نەش لە پارێزگار). بەهەقیقەت خەلیل منەووەر زۆر چاک ئەو ڕژێمە بۆگەن و چەپەڵەی ناسیوە کە نزیکەی سێ سەد ساڵ هەموو گەلانی عیراقیان چەوساندووەتەوە بەتایبەتی گەلی کوردمان، ئەم چەند خشتە لەو چامە شیعرەشدا دووپات کراوەتەوە کە بەناونیشانی (خەلیل منەووەر داوای ژن دەکا) داڕێژراوە.



## داستانی چاوەشەکان و کۆخا ئەوڕەحمانی دەلۆیی[١]

کۆخا چەند چاوەش.. کۆخا چەند چاوەش
ئیمڕۆ دیم وە چەو پەنج وشەش چاوەش
تیپێ وە هەرا تیپێ وە خامۆش
گڵێم و جاجم گرتوین وە باوش
تیپێ وە زوڕنا تیپێ وە دەهۆڵ
یەک تیپێ وەک خرس ئەکرد بۆڵەبۆڵ

(١) ئەوڕەحمان (عەبدولڕەحمان): کوڕی سلێمان کوڕی ئەحمەدی دەلۆیە، وەکو خزم و کەسوکارەکەی دەگێڕنەوە پیاوێکی نەترس و جوامێر، چاوتێر و کورد دۆست و نیشتیمانپەروەر بووە، کوێخا و ڕیش سپی دێی (کارێز) بووە، شەش کوڕی لە پاش بەجێماوە (فەرمان، سالار، سالح، سەمەد، محەمەد، حەمید)، حەمیدیان لە شۆڕشی بیست بەشداری کردووە لە کفری لە جەنگدا شەهید بووە. دێی کارێز (١٥٠)ماڵێک دەبوون، دەکەوێتە ڕۆژئاوای قەزای کفرییەوە بەپێنج کیلۆمەترێک، ئاوەکەیان لە کارێزەوە هەڵدەقوڵێ و بەناوی دێیەکەدا تێدەپەڕێ بۆیە ئەم ناوەیان لێی ناوە، هەر هەموو دانیشتوانی لە هۆزی دەلۆن، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەعسییە ئەفلەقییەکان کاوڵیان کرد، لە پاش پرۆسەی ئازادی لە ساڵی ٢٠٠٣ی ز. شوکر ئاوەدان کرایەوە لە ساڵی (١٣٢٦ی ک.) بەرامبەر بە(١٩٠٨ی ز.) لەسەر دەسەڵاتداری لە ناوچەکەدا ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هۆزی دەلۆ و تیرەی گەڵاڵی (جەلالی) جافەوە، کوێخا عەبدولڕەحمان فەرمان بەدانیشتوانی (کارێز) دەدا بۆ ئەوەی هەر نێرینەیەک کە تەمەنی لە (١٨) ساڵان تێپەڕیوە تا(٦٠) ساڵان تفەنگ هەڵگرێ ئەوەش چەکی نییە دەبێ بەزووترین کات بەدەستی بێنێ، لە ئاواییەکەدا چەند هونەرمەندێکی کوردی هەژار و بێ نەوا هەبوون لە کوردەواریدا بە(چاوەش) ناسراون، لە شایی و زەماوەندەکانی کفری و ئەو گوندە و تێکڕای دەڤەرەکەدا دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ خەڵکی دەژەنی، جا ئەم تاقمە چاوەشانەش وەکو دانیشتوانی ئاوایی کەوتنە بەر شاڵاوی تفەنگ کڕین ئەگینا دەبێ لە ئاواییدا کۆچ بکەن ئەمەش ناوەکانیانە (سمایل، کازم، عەزیز، سالح) ئەمانیش وا بەچاک و پەسەند دەزانن بچنە (کفری) و هاوار و شکاتی خۆیان بەرنە لای مەلا خەلیلی شاعیرو دەردی دڵی خۆیانی بۆ هەڵڕێژن بۆ ئەوەی چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە شاعیرمان لەگەڵ کوێخا عەبدولڕەحماندا پەیوەندی و دۆستایەتییەکی بەتینی هەبووە.. مەلا خەلیل بەو هونەرمەندە ڕەشو ڕووتانە گەلێ دڵی دەسووتێ و بەزەیی پێیاندا دێتەوە و کێشە و بەرەکەشیان هەر لەو ڕۆژەدا لە چوارچێوەی چیرۆکە شیعرێکی ڕەنگامەی مێژووییدا داڕێژاوە و بۆ کوێخای ناردووە، ئەویش بەخوێندنەوەی ئەم شیعرە گەلێ دڵ خۆش دەبێ و لەبەر خاتری شاعیر لەچەک کڕین لێیان خۆش دەبێ.

واتم: ئەلسەلام تیپ چاوشەل
زوڕنا کێر خەر دەهۆڵ کاسەکەل
وتم: قەومەکان بۆچی غەمبارن؟
تەشریف سەفەر ڕای (کفری) شارن
ئیمڕۆ چ خێرە نییە دەماختان؟
چمان شەوڕنگ نشتیە لە باختان
واتشان: (خەلیل) شوعەرای زەمان
دادمان لە دەست کۆخا ئەوڕەحمان
لەی وەختە لێمان بییە وە وڕک
یەقەمان گرتییە وەکو تودڕک
وە حوکم جەبری دڵمان تەنگ کەت
لێمان ئیدعای ئەخذ تفەنگ کەت
ئەوشت وەی ساڵە خۆتان قەردار کەن
تفەنگ ناسێنن لە (کارێز) بارکەن
ئیمجار نەهاتی بەخت ڕەشمانە
بۆیە لەی ڕێگە پەنج و شەشمانە
ئیتر نازانین چ خاک وەسەرکەین؟
دەس وە ڕووی دامان کام ڕەنج بێوەر کەین
هەناسە سەردین ئیمجار بەردەڵبەرد
ئێستە کێ پێمان مەدەرۆ دەسقەرد؟
یە چەند وەختێکە سوور و مۆر نییە
نە لە نزدیک و نە لە دوور نییە
سەگ حاڵی لە حاڵ ئێمە خۆشترە
ئیشمان لە بەڵم کاجۆ بۆشترە
کەمێ هاو ماڵی بێ خەرجی پارە
(قوت لا یمُوت) ئەکەین ئیدارە



ئەگەر بار ئەکەین ئەوین وە بەدنام
ئەوین وە ڕیشخەند واتەی خاس و عام
ئەگەر بار ناکەین بنیشین بێدەنگ
پارەمان نییە بدەین وە تفەنگ
وەی تەورە ئێمە گشت سەرگەردانین
غەرق پەژارەی بەحر دەردانین
خۆ تۆ ئەزانی ئێمە (دەلۆ)[2] نین
خەبەردار لە کار ئی تان و پۆ نین
نە (تاڵەبانی) لە عام مەنشوورین
نە (زەنگە)، نە (جاف) نە خود (جبوور)ین
نە (دۆم)، نە (تورکمان) نە خود (بەیات)ین
بێدەنگ و بێسەنگ لە (کارێز) ماتین
نە جەهەنەمیین نە خود جەنەتی
نە لە ڕەحمەتین نەخود لە عنەتی
چاوەش فەقیر سەر و پاپەتی
مسکین و مەزڵووم هەفتاد میللەتی
سەرو کەرمان هەس ئەڕای ڕۆژ تەنگ
بدەین وە لیرە بۆ پارەی تفەنگ
لیرە لە بازاڕ (کفری) ورد بکەین
تاوستان قرچە وە چە گرد بکەین؟
بازاڕمان کەساس سەرمایە سەنگەن
زوڕنامان فیشەک، دەهۆڵ تفەنگەن
(سمایل) وات: خەلیل، گۆشدەر وە حاڵم
ئی تەنها گلێمە، بی لە ناو ماڵم

(٢) دەلۆ: هۆزێکی کوردن، لە کفری و دەوروبەریدا نیشتەجێن، لە (١٠) تیرە پێک هاتوون بۆیە ئەم ناوەیان بۆ داناوە.

ئینە سەر ئەنداز ژێرو بانم بی
دۆشەک و یۆرغان زمستانم بی
هەنی پەرێ چێش دڵم نەبۆ تەنگ؟
بەمەی وە (کفری) دەمەی وە تفەنگ
کێ قبووڵ ئەکا ئی زوڵم عەزیم؟
ئانجاخ هەر بکا هەفت قڕان و نیم
منالەکان بمرن با لە سەرمایی
دادمان لە دەس کۆخای ئاوایی
لە زەرب سەرما پشتیان بوت ڕەق
ئەڵبەت دوعایان گەت وە قاپی حەق
کافر بوینۆم وەی حاڵ حەزین
ئیمان ئیسلام مەکەرۆ تەڵقین
تا ئێستە ئی ڕەنگ نامان وە ڕێمان
هیچ کەس ئی زوڵمە نە کەردەن پێمان
چاوەش فەقیر (دیلەنجی) زەلیل
یە کەی مروەتەن ئەی (میرزا خەلیل)؟
بێ چارەی مەزلوم بێ دەنگ و سەدا
قۆخا وە ئێمە ئەکەت تەعەددا
(یوخسولو) قەردار فەقیر و گەدا
ناتوانین کە قەرز خۆمان کەین ئەدا
لە ڕێگەی (دەلۆ) گیان ئەکەین فیدا
کۆخایش وە ئێمە ئەکەت تەعەددا
ئەڵبەت خوداوەند حەیی لامەکان
حەقمان ئەسێنی لە (عبدولڕەحمان)
وە شکارتەی (خدر ئەلیاسم)[3] بکە
لە دەست ئی غەدرە خەلاسم بکە

(٣) خدر ئەلیاس: یەکێکە لە پێغەمبەران، لە ناو کوردەواریدا بە(خدر زندە) ناوی دەرکردووە، زووتر جوتیارەکان شکارتەیەکیان بۆ دەکردو لەپاش هەڵگرتنی خەلەوخەرمان ئەو شکارتەیە کە بەزۆری =



کازم وەت هەسم ماخەرێ وە فاڵ
خواردگ و خەفتگ چوار پەلی خڕناڵ
ڕەفیق هامڕاز ڕاگەی چۆڵمە
حەممال زوڕناو هەم دەهۆڵمە
نە جاگەی ئاسیاو موڵک و باخمە
هەم مینەجاخ و[٤] سیکە جاخمە
لە ترس کۆخا لەی ئاشوب جەنگ
هاوردم لە شار بیدەم وە تفەنگ
دەهۆڵ هەڵگرم پشتم ببۆ ڕێش
داد بوەم وە باب بینای بێئەندێش
لە قورسی دەهۆڵ ناوشانم بوت شەق
ئەڵبەت دوعای من گەت وە قاپی حەق
دەروێش عەزیز وەت: ئەی یار غەمخوار
دارۆن لە دنیا سە بزن و سە کار
لە خەوف کۆخا پەی نامووس و نەنگ
لازم بفرۆشم بۆ پارەی تفەنگ
دامەیان لەبەر وە چارو نا چار
ماڵ و منالم کردن شین و زار
کەفتن وە شۆنم وە باوە دەخیل
حەتا وە ئاسیاو ئەو (حاجی خەلیل)[٥]
وە ئاهو زاری خاک کەردن وە سەر
زایەڵەی فەغان وە چۆپی و چەمەر

=گەنم بوو بەسەر هەژاران دەیانبەخشییەوە، ئەم نەریتە بۆ ئەوە ئەنجام دەدرا تا خوا لەبەر خاتری خدری زندە بەزەیی بەو خەڵکە دابێت و باران بباریێ و ساڵەکەی هات بێ.

(٤) مینە جاغ: تورکییە، سواربوون.

(٥) حاجی خەلیل: کابرایەکی ئاشەوان بووە، ئاشەکەش نزیک دێی کارێز بووە.

(عوێشه)[٦]ی نازکه ئاڵتوونه (ئینجی)[٧]
وەک بەچکه بەراز لەناو کونجی
وه ئاهو زاری بزن لاونان
جەرگ سەرزەمین گەردوون تاونان
باوه بێ بزن شین و ڕۆمانه
لەم تاوستانه دەم و دۆمانه
تۆ بزن ئەوەی ئەیفرۆشی له شار
ئێمه وه بێ دۆ ئەوین دەغەزار
وتم: ئەی ڕۆڵه بچن وه دما
فایدەی نییه شین و واوەیلا
بابۆت وه قوربان کۆخای دەلۆیی
ئێوه (کول)[٨] بمرن گشت له بێ دۆیی
لەم تاوستانه دەمتان بوت ڕەق
ئەڵبەت دوعاتان گەت وه قاپی حەق
ساڵح وەت: چەبکەم نییه عیلاجم
دارۆن له حەردەم سه کۆنه جاجم
وەزات یەزدان پادشای کەریم
هەریەکێی ناکا پەنج قڕان و نیم
چڵکن و کوڵکن پیس و پەلاسن
بێ قەدرو قیمەت بۆ پەتک خاسن
له ترس کۆخا له فرتەنەی جەنگ
لازم بفرۆشم بۆ پارەی تفەنگ
مناڵێل بمرن با له سەرمایی
دادمان لەدەست کۆخای ئاوایی

(٦، ٧) عوێشه و ئینجی: ناوی کچەکانی دەهۆڵ ژەن عەزیز چاوەشە.
(٨) کول: هەموو، گشت.



فەسڵ زمستان حاڵمان بوت شەق
ئەڵبەت دوعامان گەت وه قاپی حەق
ساڵەی[٩] سەعید وەت: ساحێب کەشکۆڵم
من هیچ شک ناوەم غەیر له دەهۆڵم
چەنی یەک زوڕنای خەنجەر پشتم
سەبەب وه ڕزقم هەم خەرجی مشتم
(الحکم لله واحد القهار)
هەڕاجیان ئەکەم ئیمڕۆ له بازاڕ
من خوڵک کۆخا نایەرم وه تەنگ
هەردوو ئەفرۆشم بۆ پارەی تفەنگ
با کەوچک شکیاو کاسەمان کەل بوت
رزق و ڕۆزیمان وه باڵ مەل بووت[١٠]
لەم غەدر ناحەق دڵم کەردەن تەق
ئەڵبەت دوعای من گەت وه قاپی حق
ئەڵبەت خوداوەند حەیی لامەکان
حەقمان ئەسێنێت له (عەبدولڕەحمان)
وه شکارتەی (خدر ئەلیاسم) بکه[١١]
لەی غەدر ناحەق خەلاسم بکه
واتم: ئەی یاران بەس بکەن فەغان
من ئەچم وەلای کۆخا (عەبدولڕەحمان)
بی دەنگ بن هەنی دڵتان نەبۆ تەنگ
خەلاستان ئەکەم نەسێنن تفەنگ
بەڵێ بەشەرتێ حاڵداشم بکەن
له شایی تورکمان شاباشم بکەن

(٩) ساله: کورت کراوەی ناوی (ساڵح)ە، یەکێکه له چاوەشەکان.
(١٠) ئەمه بەیەکێکی هەژار دەوترێ کەوتبێته سەر ساجی عەلی.
(١١) واته: لەبەر خاتری شکارتەی خدری زنده ببەخشه.

واتشان: (خەلیل) قۆچ و قوربانیم
هەر چی تۆ باچی بەندە فەرمانیم
هەرچی بفەرمای قبولّ مەکەرین
ئەمرۆ فەرمانت بەجا ماوەرین
خزمەتکارەنیم وە ڕووی ئیلتیجا
فەقەت بۆ ئێمە خاس بکە ڕەجا
وتم: بنیشن ئیتر مەخرۆشن
حەتتاکە من تێم ئەشیا مەفرۆشن
دەردەم هورێزام خودام کەرد وە یاد
چووم وە لای کۆخا وە داد و بێداد
چە تەقدیر حەق کۆخا لە شار بی
دەرد چاوشێل ئەو ڕۆژ تیمار بی
لوام بەخزمەت کۆخای پڕ نەسەب
سەلامێ کەردم وە ڕەسم ئەدەب
عەلەیکدا جەواب کۆخای پڕ فەهام
قیام کەرد فەرما بەو بنیش چەلام
نشتم لە خزمەت مەرد ئەحیبا
کەردش تەواضع لوتف مەرحەبا
واتش کە خێرەن ئەی (میرزا خەلیل)؟
ئەی تەشریف تۆ نییەن بێ دەلیل
واتم: ئەی کۆخای حەقدار فەرزم
مەقسودێ دارۆن گۆشدەر وەعەرزم
دەست تەعەددات ئاوەردەن وە تەنگ
وە زۆر لە چاوەش ئەسێنی تفەنگ
ئی زولّم و زۆرە کی ئەکا قبوولّ؟
نەجاتت بدا خودا هەم ڕەسوولّ



کێ چاوەش دییە وە تفەنگەوە
شێرانە بچێ وە ڕووی جەنگەوە؟!
کێ چاوەش دییە وە سەنگەرەوە
لە ڕۆژ مەیدان وە خەنجەرەوە؟
کێ چاوەش دییە وە سلاحداری
لە ڕۆژ دەعوا خەنجەر گوزاری؟
کێ چاوەش دییە کەوش وەپاشەوە
چاوەش شیرینە وە شاباشەوە؟
چاوەڕێی قرۆش شایی و فەڕاشن
وە تەمای خۆراک ملّومۆی ئاشن
بۆ خەرجی شایی دەروون چون قاون
چاوەڕێی لوقمەی تورشی و پلاّون
تفەنگ دەستشان تەحقیق دەهۆلّەن
خەر مائینشان لە ڕێگەی چۆلّەن
خەنجەر قەدشان زوڕنا چون سیکەن
فیشەگلغشان هەم وردە پیکەن
تەمەلّ و لۆتی دەور زەمانە
کێ لۆتی دییە وە جبەخانە؟
ئومێدم ئێدەن عافیان بکەی
یازوغەن تالاّن سافیان بکەی!
چون ئەوان وە من کەردن ئیلتیجا
منیش وە جەناب تۆ مەکەم ڕەجا
ڕەجای من ئێدەن دلّت نەبۆ تەنگ
مەسێنە لێشان تۆ وە زۆر تفەنگ
هاواتم وە تۆ عەرزو ئیستیدعام
(الامر منك باقي والسلام)

کۆخا وات: چونکە مەکەی ئیلتیجا
پەرێ چاوەشان تۆ مەکەی ڕەجا
نیازم ئێد بی سافیان بکەم
لازم ئی دەفعە عافیان بکەم
ئەر چاوەش غەددار ئەگەر زەلیل بۆ
عافشان پەی خاتر (میرزا خەلیل) بۆ
ئامام وە گوفتار واتم ئەی کۆخا
خەڵاتم کەردی دوو عەبای چۆخا
ئافەرین بەتۆ هەزار (ماشاالله)
(حاتەم سانی) سەد (جزاك الله)
عومرت بەشادی و فەرەح تەویل بۆ
دۆستانت دڵشاد عەدوت زەلیل بۆ
باڵ جبرائیل سایەبانت بۆ
(انا فتحنا ) وە قەڵخانت بۆ
(یوما فیوما ) ڕوتبەت زیاد بۆ
دوشمنت وە بەرق بەڵا بەرباد بۆ
نەوینی زەرەر جە دنیای فانی
بڕانی دەوران وە کامەرانی
دوعام کەرد بەزات کۆخای زەمانی
واتم بمانی بەشادمانی
ئامام وە دما من بەخەندانی
واتم چاوەشان بدەن مزگانی
نەخۆش بین دەرمان (شافیتان) کەردم
من چە لای قۆخا عافتان کەردم
چاوشێل ماین.. چاوشێل ماین
ئیتر مەسێنن تفەنگ و ماین



موترب مەغروور چە خۆتان باین
دایم وە طەمع تیکەی خۆڕاین
تفەنگ پەی یەکێ چەکەس نەترسۆ
ئەحواڵ شایی تورکمان نەپرسۆ
خواردگ و خەفتگ سێوەران سەنگ
کێ ئێوە دییە لە مەیدان جەنگ؟
لە ناو ئێوە هەر کازم خاسە
سوار ماخەر سەر وە قەڕاسە
ماکەر کەوە چوار پەلی ناڵ کەن
هێمان شەو مایە شەڵتە بەتاڵ کەن
ئێوە مەیلتانە وە کۆرو کزی
فێرن گشت شەوێ وە قرچە دزی
شەڵتەکەت بێرە بنە وە بەرم
دوکان قورست وە قوین خەرم
شەڵتەکەت بێرە بنەم وە بانی
دەمت وە بن گون جەوەل خسیانی
وە زیڕەی زوڕنای زەرورتان قەسەم
وە شاباش چڕین مەنقورتان قەسەم
وە ماڵ غارەت چۆڵتان قەسەم
وە سەدای سوب خێز دەهۆڵتان قەسەم
ئەر ئێوە ئیمداد پشت (کارێزن)
لە قەزاو بەڵای دنیا پارێزن
(گەڵاڵی) بوینێ چاوەش وە تفەنگ
ئیتر ڕا ئەکا فرسەنگ بە فرسەنگ
(کاولی) لەلاتان فرە وە حەیایە
ئەر وەک و (دۆم) بن، خێری خودایە

ئەر چون (قەرەج) بان کەمێ خاسترەن
وەک بێژنگ کەر بان بێ وەسواسترەن
قۆخا وازبێرە عافیيان بکە
مەئموور مەیدان جافیيان بکە
ئەو ڕۆژ کە بینای جەنگ شێران بۆ
ناڵەی (مارتلی) دەنگ دلێران بۆ
(دەلۆ) و (گەلاڵی) نە مەیدان جەم بۆ[12]
با لە ڕووی مەیدان چاوشێل کەم بۆ
گشتشان جەم کەر وێنەی تیپ قاز
هەر دەهۆڵ لێدەن وێنەی تەپڵباز
بدەن لە دەهۆڵ لە مەیدان شەڕ
سەر خۆش بۆ شێران لە ناو سەنگەر
وە زەمزەمەی حەرب بدەران لە کووس
زەمین چون ئاتەش هەوا ئابەنووس[13]
خرۆش (دەلۆ) بدەران پەی جەنگ
عافشان بکەر نەسێنن تفەنگ
تایفەی چاوەش نە دەور ئەیيام
بێ باکن لە خەرج وێرگی هەم نیزام
زات شاهانە عافشان کەردەن
تەمەتتوع نادەن تا ڕۆژ مەردەن
نە (خەرج خەرمان) میری و مولکانە
نە (سوبع) و[14] (روبع)[15] تاپۆی زەمانە

(١٢) لەم خشتە شیعرەدا وا دەردەکەوێ ناکۆکی لە نێوان هۆزی دەلۆ و تیرەی گەلاڵی جافدا پەیدابووە، بۆیە دەلۆییەکان کەوتوونەتە خۆیان بۆ چەک کڕین.
(١٣) ئابەنووس (عەبەنووس): دارێکی ڕەش و ڕەقی بەنرخە، واتە: زەمین وەک ئاگر و بایەکەشی ڕەش هەڵگەڕێ (ڕەشەبا) بەتاو و پڕ لە دووکەڵ.
(١٤) سوبع: لە حەوت یەک.
(١٥) ڕوبع: لە چوار یەک.



نە (ڕەسم ئەغنام)، جەزای (سەرانە)
نە (شەخسیە)ی شەڕ ئەخز (کەرانە)
بێ خەوف و باکن لە خەرج میری
هەر لە یەک ساڵی تا مەرگ و پیری
عافن مەعافن سفرن هەلیسن
وەک گاوموسا[16] وێشان مەلێسن
بی باکن لە لەوم لە تیرو تانە
کەردەی عالەمەو بەردەی ئەوانە[17]
لە کونیەی نوفووس تەزکەرەی عەسکەر
قەید نییەن سفرەن چاوەش لە دەفتەر
کەسێ کە لە قەید سولتانی نەبۆ
خەرج بدەی دەوڵەت عوسمانی نەبۆ
(خارج المیللەت) ڕووی سەرزەمین بۆ
کێ بۆ چەنیشان وە هامقەرین بۆ
ئەگەر بیاوان وە ڕوتبەی شاهی
هەر هان لە خەیاڵ شەوق گەداهی
هەرکەس چەنیشان کەرۆ ئیستینطاق
وێش مەکۆ وە پەن نەدەور ئافاق
تۆ تەمەعداری وەی شێوە، وەی ڕەنگ
وە زۆر لە چاوەش بسێنی تفەنگ
هیچ گەوهەر وێت مەدەرە وەسەنگ
چاوەش لە حەشرا ناسێنی تفەنگ

(١٦) گا و مووسا: دەسنیشانە بۆ گایەکەی مووسا و بەنی ئیسرائیل کە لە قورئاندا دەفەرمێ :(واذ قال موسی لقومة ان الله یامرکم ان تذبح بقرة قالوا اتتخذُنا هُزُواً أعوذُ بالله ان اکون من الجاهلین) الآیة\٦٧، سورة البقرة.
(١٧) ئەم نیو خشتە پەندی پێشینانە، واتە دەستەیەک ئیش دەکەن و ماندوو دەبن خێر و بێرەکەیان بەر تاقمێکی تر دەکەوێ بێ ئەوەی تیایدا ماندوو بن.

زەحــمــەتەن زۆرەن ئی حــوکم و فــەرمــان
مــــومکین نمەبۆ تا ئاخــــر زەمــــان
هاواتم وە تۆ عـــەرزو ئیـــســـتـــیـدعـــام
(الامـــــــر منـك بـاقـي والســــــلام)
(كــاتب الحــروف) مـــيـــرزا خـــەليلم
پەی غــــەدر چاوەش یەکـــجـــار زەلیلم

***



## داستانی کۆخا حەسەن سلێمان غەفوور گەڵابادی[1]

کـۆخـای هونەرمـەن.. کـۆخـای هونەرمـەن
کـــۆخـــای حـــەق پەرست نەوەی هونەرمـــەن
دانای دورِ شـــــوناس داد دڵپـــــەســــەن
دامــــەندەی شــــێـــران چە هەزار و هەن
خـــانـەدان زادەی تایفــــەی شــــێـــران
مــەنشـــور مـــەعلوم (ئێـــران)و(توران)
(عەرەب)چەنی(تورک)،(کورد)و (وەن)[2]زبان
(موشـبـەع) چە ڕزق مـیـوەی سفـرەو خـوان
عــالەم دوعــا گــۆی ســفــرەو خــوانتــەن
(باب العـــشــــايـر) دیوەخـــانتـــــەن[3]
دەروێش مـــوخـــڵس خـــودا شـــوناسی
بێ لەوم و غـــــەیبـــەت عـــەوام و ناسی
وێت پارێز مــــەکـــــەی چە ڕزق حــــەرام
شــــەب و ڕۆژ نە زیکر (حـــەیی لایەنام)
یارەب دەروێشی (حــەســەن) تاســـەر بۆ
سلێــــــمـــــــــان زادە دوور لە زەرەر بۆ

(١) کۆخا حەسەن کوڕی سلێمان کوڕی غەفوور دادوەی گەڵابادییە، کۆخا و دەمڕاستی دێی (گەڵاباد) و (قەواڵی) بووە، ئەم دوو گوندە دەکەونە دەڤەری زەنگابادی (کفری)یەوە، دەگێڕنەوە ئەم پیاوە ئاشتیخواز و هەمیشە لایەنگری هەژاران بووە، ڕووخۆش و زوبان شیرین، دژ بەپیاوکوژ و دز و درۆزن بووە، دوو کوڕی لە پاش بەجێماوە (ئەحمەد، ئیبراهیم). شاعیر ئەم داستانەی لە ساڵی (١٣٢٦ی ک.) بەرامبەر بەساڵی (١٩٠٨ی ز.) داناوە، سەرباسەکەشی بەفارسی بەم جۆرە داڕشتووە: (داستان کۆخا حەسەن گلابادی داودە قوالی پسر سلیمان غفور منشور أست)، واتە: داستانی کۆخا حەسەن گەڵابادی داودەی قەواڵی کە بەکوڕی سلێمان غەفوور بەناوبانگە.

(٢) وەن: کورتکراوەی ناوی هۆزی (هەمەوەن)ە، شاعیر لە شوێنێکی تردا دەڵێ: (یەعنی جەنابی ئەمین ئاغای وەن).

(٣) واتە: دەرگای دیوەخانەکەت هەمیشە لە ڕووی میوان واڵایە.

وە شادمانی عومرت زیاد بۆ
دوشمنت وە بەرق بەلاّ بەرباد بۆ
بالّ جبرائیل سایەبانت بۆ
(انا فتحنا)[٤] وە قەلّخانت بۆ
نەوینی زەرەر چە دنیای فانی
بڕانی دەوران وە کامەرانی
(بَعْدَهُ) ئێدەن ئیستیدعای سوخەن
ئامام بەخزمەت تۆ (کۆخا حەسەن)
پەنج شەب و پەنج ڕۆژ من وانام کیتاب
نە دیوەخانەت ئەی عالی جەناب[٥]
بەلوتف و کەرەم ئینعام ئیحسان
فەرمات سەبر کەر تا بەیەو کاروان
کاروانیش ئاما هیچ نەدیم خەلاّت
(احسان الجدید)[٦] کاوڕێ چەلات
قبولّەن چیزێ عەتای (حەسەن) بۆ
بەلّێ بەشەرتێ هەر دلّپەسەن بۆ
بە وێت فەرمانت ئەی زات ئەسیل
کاوڕێ لایق حەقەن پەی (خەلیل)
ئەر ئیکرام ئەکەی کاوڕێ خاس بۆ
مەعلوم مەنشور با عالەم ناس بۆ
نەوا چلوسیای ساحێب ئازار بۆ
دەماغ و دەم گەڕ[٧]، دم[٨] دەغەزار بۆ

(٤) أنا فتحنا: دستنیشانە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە (أنا فَتَحنا لَك فَتَحاً مُبيناً)، بڕوانە سورة الفَتح الآية/١.
(٥) عالی جەناب: ئەی جەنابی پایەبەرز.
(٦) أحسان الجدید: بەخشینی نوێ، خەلاّتی نوێ.
(٧) گەڕ: بچووک، خراپ.
(٨) دم: کلک، دمەی مەڕ (دونگ)



چلّێس و چلّمن لە گیان بێزار بۆ
قاورمەش موحتاج ڕۆن بازاڕ بۆ
تازە گۆج کریای هەم ناوک تەڕ بۆ
بێ بەرەگن بۆ بەغایەت لەڕ بۆ[٩]
وەرە سمکولی تاعون دەرچوی بۆ
گۆشت وێنەی ڕێوی بێ پیم و دوی[١٠] بۆ
چە ڕاگە گورگان لێم ببان پارێز
وە سەلامەتی نەشۆ وە (کارێز)
بەنام هەن[١١] کەرۆش وە بەختەی دانی
مەتلّەبم ئێدەن کۆخای زەمانی
خزمەتش کەرۆن بەخاتر خەستان
پەرێ قاورمەی ڕۆژ زمستان
خوریش بکەرۆن وە بەتیەی نازک
یەک تەختەی سفید یەک تەختە بازک
پیمش وە سابون ڕەوغەن کورختە
بکیانی پەرێم کاوڕێ بەختە
نەسەب مەعلوم بۆ وەک ئەسپ عەبەو[١٢]
ئالکش بکیان نۆزدە حۆقە جەو
کاوڕ وە بێ جەو من ئەڕای چەمە[١٣]
بێ شعیرییەن قاورمەم کەمە
خۆتو ئەزانی من کەی ئەمیرم؟
نە باش کاتبم وە نە مودیرم

(٩) ئەم خشتەیە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نییە.
(١٠) دوی: دونگ.
(١١) بەنام هەن: نیازم وایە.
(١٢) عەبەو: ناوی جۆرە ئەسپێکی ڕەسەن و چاکە.
(١٣) ئەڕای چەمە: بۆ چیمە.

کاسبکارم مەلای فەقیرم-[١٤]
(دایم المدام) هەر های نە ویرم
شاعیرێ بێ شەوق هەم بێ شەعیرم
بی ڕان و مایین هەم بێ بەعیرم
وەنەت مەعلوم بۆ کۆخای زەمانی
کاوڕو شەعیر هەردۆ بکیانی
من (میرزا خەلیل) کفری مەکانم
دوعا گۆی دەوڵەت ئەو خانەدانم

***

بەگەیشتنی ئەو چامە شیعرە بەدەستی کوێخا حەسەنی گەلاّبادی، یەکسەر کاوڕێک دەکا بەخەڵاتی میرزا و بۆی ڕەوانە دەکات، لە ئەنجامدا وا دەردەکەوێت (میرزا خەلیل) ئەو کاوڕەی بەدڵ نەبووبێت بۆیە جارێکی تر بەشیعرەوە دەفەرمێ:

هامسەران[١٥]وە پەن.. هامسەران وە پەن
بزانن ئیمساڵ من چۆن بیم وە پەن
چۆن بیم وە داستان لە دۆست و دوشمەن
چۆن خەڵاتم کەرد ئەو کۆخا (حەسەن)
بەختەیێ دا پێم یەکجار دانی بی
چون تەختەی مەڕمەڕ شلکەی ڕانی بی
دوی قەوی هەراش شگێر شایین
قاتر نەیەگرت مەگەر وە مایین
بەسلەمەی بەهار هەم گوورێس بڕ بی
پەنج حۆقەی[١٦] (کفری) (قۆریغ)ی[١٧]خڕ بی

(١٤) ئەم نیو باڵە لە دیوانەکەیدا تۆمار نەکراوە، دووەم باڵیشی بەنارێکی لە چاپدراوە.
(١٥) هامسەران: کۆی هامسەر -(١) هاوسەر- بریتییە لە ژن و مێرد، (٢) دۆست، یار، لێرەدا مەبەست لە واتای دووەمە.
(١٦) هۆقەی کفری: دەکاتە یەک کیلۆ و چارەگێک کە هۆقەی ئەستەمبوڵی پێ دەڵێن.
(١٧) قۆیریغ: وشەیەکی تورکییە، دونگ.



بەسەد دەردەسەر هاوردم وە شار
لە بێ خەرجێتی بردم وە بازاڕ
وتم ئەیفرۆشم سەڵتەم نەمایە
زاتەن هەرقیمەت سەڵتە و عەبایە
نەودەم ئەفەندی دەلاڵێ چڕی
(گیەل بونی گێزدر)[١٨]وە تورکی خوڕی-[١٩]
حازربین نەودەم جەمع دەلاّلان
گردبین نە دەورم ساحێب کەمالان
هەر چوار دەلاّلان یەک چە یەک بەتەر
(سوڵتان) و (سەلمان)،(سەفەر) و (قەمبەر)
دوو کەس لە دما دوو کەس کەفتە پێش
بەختە دان نیشان بەردن کێشای کێش
تاکە بەردشان وە ناو بازاڕ
وە سەد ڕەزالەت وە چار نا چار
هیلاک بین نەمەند تاب و توانا
هەرچوار وە جارێ (لاحول)شان وانا
جەمین چە عەرەق تەمام قرمزی
چڕین لە مەیدان (گیەلدی بیر قوزی)[٢٠]
(هەر کیمن واردر جورئەت نەشئەسی
بوندەن ئەعلا یۆق قش زەخیرەسي)[٢١]
ئیمجار بەقاڵێ خێزا چە دوکان
بۆ بەختەی دانی ئەوەڵ دا تەکان

(١٨) گیەل بونی گێزدر: تورکییە وەرە ئەمە گڕبدە.
(١٩) لێرەوە لاپەڕەیەک لە دەسنووسەکە فەوتاوە لە گەڵیا نزیکەی (١٣- ١٤) خشتی لێ ون بووە.
(٢٠) گیەلدی بیر قوزی: ڕستەیەکی تورکییە، واتە: وا بەرخێک هات.
(٢١) ئەم خشتە بەتورکییە واتە (هەرکەسێک جورئەتی هەیە بابیکڕێ لەمە باشتر نییە بۆ ئازووقەی زستان) یانی بۆ قاورمە کە زووتر لە کوردەواریدا ئەنجام دەدرا.

سەیر کەرد بەو شگێر شەک شەممەری[22]
(دێدی بەن وێردم سەکیز قەمەری)[23]
وتم: نایفرۆشم تالاَن و بادە
شەکە نێرەکەی دێی (گەلاَباد)ە
بەوێنەی تانجی ئەرقەم ڕەسەنە
خەلاَت و ئیکرام کۆخا (حەسەنە)
یا خودا خۆشیم بوت وە چەمەری
ئەر ئی بەختە بەم وە هەشت قەمەری
دووبارە دەلاَلْ چڕی بەفریاد
مالْ فەقیرەن کێ دارۆ زیاد
چون ئەهل بازارِ شنەفتن ناو زەم
جەم بین چە دەورم جوولەکە و عەجەم
چون موقاتەعەی قەریەی (بەیات) بی
یا ئیجارەی زەم دێی (زەنگابات) بی
موشتەری سەف سەف جەم بەستن چەلام
من بیم وە ئاغا ئەوان چون غولاَم
ناگاه عەتارێ موسایی مەزهەب
یەعنی جوولەکەی بێ دین و ئەدەب
خێزا چە دوکان ئاما وە زەمین
نامش مەنشوور بی (شوعەی بنیامین)
ئاما وە زەمین چە فەوق دوکان
چڕی وە دوو کەس بەلەفز عومران–[24]

(٢٢) شەممەر: ناوی هۆزێکی کۆچەری عەرەبە، بەزۆری گوزەرانیان لەسەر بەخێوکردنی ئاژەلْە.
(٢٣) واتە: من هەشت قەمەریم پێداوە.
(٢٤) ئەم خشتە لە دیوانەکەیدا تۆمار نەکراوە.



(أذا... ... اربع ساعات–[25]
أني يوَدْي خَروف بِتَورات)[26]
(ئەیلەر گیەلدی یاغلّی موشتەری
هذا الخروف آني يشتری)
(تعالوا مورتەقای[27]، ساسۆن[28] حورە
شوفو هل تلّی ماهو عنصورە)
(أذا معلم قال مو عنصوري
اني اعطيهم تسع قمری)
جوولەکە واتش، ئەرجم ها چەلات
بەختە کەرەم کەر بووەم وە تەورات
ئەر مالوم وتی بۆ ئێمە خاسە
نۆ قەمەری خشت[29] لە من بناسە
وتم نایفرۆشم تالاَن و بادە
شەکە نێرەکەی دێی (گەلاَباد)ە
لە بیست و پەنج ڕان ئەمە پەسەنە[30]
خەلاَت ئیکرام کۆخا حەسەنە

(٢٥) ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەدا ڕوون نییە و بۆمان ساغ نەبووەوە بۆیە لە شوێنەکەیدا نوختەمان داناوە، خشتەکەش بەتێکڕایی لە دیوانەکەیدا نەهاتووە.
(٢٦) ئەم خشتەیە تێهەلْکێشی تورکی و عەرەبییە، واتە: کڕیارێکی دیت بۆ هات و دەلْێ ئەم مەڕە من دەیکڕم.
(٢٧)، (٢٨) مورتەقای و ساسۆن: ناوی دوو کابرای جوون و هەردوو خشتەکە بەعەرەبییەکی ساکار داڕێژراون واتە: (وەرن مورتەقای و ساسۆن ئێوە ئازادن ئەم بەرخە ببینن. ئەگەر مامۆستا فەرمووی ئەمە بەرخێکی خراپ نییە من نۆ قەمەریتان پێ دەبەخشم.
(٢٩) خشت: ڕێکوپێک، بێ کەم و زیاد.
(٣٠) لەم خشتەدا وا دەردەکەوێ کۆخا حەسەن خاوەنی مێگەل بووە.

ئەیکەم وە کەشکەک بۆ (شیخ الکرخي)[٣١]
قەتعەن نایفرۆشم من وە دوو چەرخی[٣٢]
دام وە جوولەکە بەردش وە تەورات
وەختێ کە ئا ما (ئوچ بچوق سەعات)[٣٣]
(سۆیلەدی میرزا چقدی گومانی
بۆ عونسورەدر ئیستەمەم ئانی)[٣٤]
واتش برادەر جەرگ ڕێشمەن
یە خۆ تەریفەن[٣٥] پەرێ چێشمەن
ئەرگا شیر[٣٦] بییا جینس[٣٧] عونسری[٣٨]
ئێستا ئەمدا پێت بە نۆ قەمەری
فایدەی نەوی ئەوەندە وسیام
ماڵم کاول بی مردم و پسیام
دووبارە دەڵاڵ ئاما بە فەریاد
ماڵ فەقیرەن کێ دارۆ زیاد
ناگاه عەجەمێ جەعفەری ئەرکان
شیعە مەزهەبێ ئەسڵ (لوڕستان)[٣٩]

(٣١) شیخ الکرخي (شیخ مەعرووف الکرخي) ئەبو مەحفوض مەعرووف بن فەیروز، یا (فەیرووزان)ە، دەرگەوانی ئیمامی عەلی کوڕی موسا ڕەزا بووە، لە ساڵی (٢٠٠ی ک.) ئەمری خوای کردووە و لە بەغدا لە گەڕەکی (کەرخ) بەخاک سپێردراوە.
(٣٢) چەرخی: جۆرە پولێکی کۆنە.
(٣٣) ئوچ بچوق سەعات: بەتورکییە واتە سێ سات و نیو.
(٣٤) ئەم خشتە بەتورکییە، واتە: (وتی میرزا ئەمە گومانی لێ دەکرێ کە چاک نەبێ)
(٣٥) تەریف (طریف): ناسک، تازە، نوێ.
(٣٦) گاشیر: مانگای شیردار.
(٣٧) جینس: ڕەگەز.
(٣٨) عونسر (عنصر): لەشی لاواز، ئەسڵ.
(٣٩) لوڕستان: هەرێمێکە لە کوردستانی ئێران، دانیشتوانی کوردی لوڕین، زۆربەیان شیعە مەزهەبن، هەندێکیشیان ئەهلی هەقن (کاکەیی).



ئاما بەگوفتار واتش برادەر
نەزرێ کردمە تۆ بکەر باوەڕ
کاوڕێ لایق دووتۆپ جاود
ببەخشم وە خێر (دوکان داود)[٤٠]
ئەگەر کەرەم کەی ئەجرێ عەزیمە
پارەم تەهرانی سفید چە سیمە
بەختە یەک قڕان پڕ پۆستییە
حەزرەت (داود) عەجەم دۆستییە
وتم نایفرۆشم تاڵان و بادە
شەکە نێرەکەی دێی گەڵابادە
چون ئەسپ بە دەو[٤١] زنجیر کە بەنە
خەڵات و ئیکرام کۆخا حەسەنە
پەی ساڵێ هەنی مەبۆ وە بەران
ئێستە چۆن بیدەم من وە یەک قڕان
دیسان هەم دەڵاڵ چڕی بەفریاد
ماڵ فەقیرەن کێ دارۆ زیاد
ناگاه نەو دەمدا ئاشپەزێ خێزا
حاجی کفتەچی وە تاو هورێزا
واتش: ئی بەختە چییە چ باسە؟
کەللەی بۆ گیپەی دەست من خاسە
بەس بدەر بەوێت تۆ ڕەنج عەزیم
بستانە چە من دە قەمەری و نیم

(٤٠) دوکان داود: داود – ناودارێکی پایەبەرزی سۆفیگەری ئەهلی هەقە (کاکەیی)، نەزرگاکەی ها بەلاپاڵی چیایەکەوە دەکەوێتە ژووری سەرپێڵ زەهاوەوە بەچەند کیلۆمەترێک، ساڵانە بەهەزاران کاکەیی لە عێراق و ئێرانەوە دەچنە زیارەتی، وا دەردەکەوێ کابرای شیعە مەزهەب ویستوویەتی لە ڕێگای ئەم زاتە مەزنەوە دڵی خەلیل منەووەری کاکەیی نەرم بکا تا کاوڕەکەی بە هەرزان پێ بفرۆشێت.
(٤١) ئەسپی بەدەو: ئەسپی خێرا و تیژڕەو.

کەللەو جگەری ئەکەم وە مەحشی
ماباقی گۆشتی ئەکەم وە تورشی
سەحۆقە سومماق ئەچێ لە کیسە
ئانجاغ ئەخورێ ئەی گەڕ پیسە
منیش فەقیرم کاسبم موحتاج
بەڵکە دوو بێچوو[٤٢] لێی بکەم قازانج
نەودەم وە حاجی ئاما بەزەییم
ئەخز کەردم لێش دە قەمەری و نیم
بەختە دام وەنەش ئەو ڕۆژ بی وە سەیر
واتم: (هاك ودی هم شایف الخیر)[٤٣]
چوار قەمەری و نیم دام وە دەڵاڵان
ما[٤٤] شەش قەمەری قرۆش سالاّن
من چەنی (جەلیل)[٤٥] وە تەعجیل و تاب
ئەو شەش قەمەری دامان وە کەباب
سە نانیش سەنین لە پارەی وێمان
وە سەرت قەسەم ئانجاغ تێر بیمان
ئەلیاس[٤٦] برام زاری کەرد یەکسەر
پەنجپارە[٤٧] نەما بدا وە شەکر
یازوغم پەی تۆ کۆخای گەڵابە
وە زەهرم بیا من ئی کەبابە
نەهاتام وە لای حاتەمێ چون تۆ
هەنی چەی دما هەر نەسیحەت بۆ

(٤٢) بێچو: جۆرە پولێکی سەردەمی شاعیرە.
(٤٣) ئەمە بەعەرەبییە واتە: (ها ببیە و خێری لێ ببینی).
(٤٤) ما: مەند، مایەوە.
(٤٥، ٤٦) جەلیل و ئەلیاس: برای خەلیل منەووەرن.
(٤٧) پەنجپارە: جۆرە پارەیەکی ئەو ڕۆژگارەیە.



(هرکس بە خانەء زاتت بیاید
تەوبە بکند دیگر نَیایَدْ)[٤٨]
ئافەرین کۆخا هەر یە کەرەمە
کەرەم وەک کەرەم خان عەجەمە
مەگەر (هەمەوەن)[٤٩]، (شوان) و[٥٠] (جەباری)[٥١]
(دزەیی) و[٥٢] (پشدەر)[٥٣] ئاغای دیباری
(کەوەڵە) و[٥٤] (زەنگنە)[٥٥]، تا وە (شێخانی)[٥٦]
(بەرزنجە) و[٥٧] (بیبان)[٥٨]، تا (تاڵەبانی)[٥٩]
لە موڵک (کفری) تا (سلێمانی)
(بەغداد) و (بەسرە)، تا (هەمەدانی)
کەرەمێ وەها ئەکەن حەساوی
قوڕ وە (گەڵابە) تۆ های لە ناوی
نە نەوع بەشەر نە خود قەوم جن
ئی دەردەسەرە کەس نەدا وە من
دڵت نە تەمع دنیایی غەرقەن
شەب چەنی شەکەر چەلات یەک فەرقەن
هەفت ساڵەی (یوسو)[٦٠] لێت نەدابی سەر
کەرەم کەردی پێم بەچکە تانجی گەڕ
خۆ کەللەی بارگیر نەویە سەد قڕان
گرانی نەویە خەلە بوت گران

(٤٨) ئەم خشتە بەفارسییە، واتە: (ئەو کەسەی تەشریفی بێتە ماڵەکەتان ئیتر تۆبە دەکات و ببڕای ببڕ ڕووتان لێ ناکات.
(٤٩)،(٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩) ناوی هۆز و تیرەی بنەماڵەی کوردن لە کوردستانی عیراق.
(٦٠) یوسو - کورتکراوەی (یووسف)ە، هەفت ساڵەی یوسو: دەسنیشانە بۆ ئەو گرانی و نەهاتییەی کە لە کاتی یووسف پێغەمبەردا حەوت ساڵی خایاند، واتە بەکۆخا حەسەن دەڵێ بۆ ئەوەندە دەسنووقاو و چاوچنۆکی دەڵێی گرانی و نەهاتییەکەی سەردەمی یووسف پێغەمبەرت هاتۆتە سەر. ؟

له چوار سهعات ڕێ من وه چکاچهک[٦١]
ئهزیهتم کێشا چهنی توتکه سهگ
لاغر و لاواز بێ خوری و بێ کهڵک
سهرتاپا (مهلیان)[٦٢] له گهنه و له چڵک
دهست و پا باریک له قوڕاو مهنده
له شاری (کفری) هیچ کهس نهسهنده
ڕهنج فهرهادی خانهم خهراب بی
سهرمایهی ڕهنجم نان و کهباب بی
شهرت بۆ لهی دما تا وه ڕۆژ مهرگ
(شههنامه) خوانی من بکهرۆن تهرک
برنج بکوتم بکهم قوڕکاری
گاوانی بکهم چهنی جفتیاری
تهوبهی نهسوحی باوهرۆن وه دهم
هەنی تهرک کهرۆن (شههنامهی ڕۆستهم)
واتم خانهدان کۆهنهی ئهعزهمی
وه بهخشندهیی وێنهی حاتهمی
من خۆ مهزهننهی (سلێمانم)[٦٣] وات
خانهدان ئیبن خانهدانم وات
من واتم وێنهی کۆخا (غهفووری)[٦٤]
پهی عالهم (حاتهم) پهرێ من کووری[٦٥]
قهمهری پدهر قڕان براتهن
مهجیدی له شۆن گشت ئهقریباتهن

(٦١) چکاچهک: کێشاکێش، ڕاکێشانی ههرشتێک بههیلاکهت.

(٦٢) مهلیان: وشهیهکی عهرهبییه واته پڕ.

(٦٣) سلێمان کوڕی غهفووره و باوکی کۆخا حهسهنه که شاعیر داستانهکهی بۆ نووسیوه.

(٦٤) غهفوور: باپیرهی کۆخا حهسهنی گهڵابادییه.

(٦٥) ئهم خشته شیعره له دهسنووسێکدا وا داڕێژراوه: (میرزا مهزهندهی کۆخا غهفوور کهرد... بۆیه بهدوو دهست چاو وێش کۆر کهرد).



بهزات بێچوون (حی ذو الجلال)
تهئریخ عومرم یاوان وه سی ساڵ
نهو ڕۆژ که کهفتم وهی دهور پیسه
پارهی جهنابت نهنیام له کیسه
(حهسهن) چون (حاتهم) له عام دیار بی
وه فیتنهی یهکێ پهرێش بێکار بی[٦٦]
بهفیتنهی فهساد بهگوفتار خهڵک
له ههن[٦٧] میرزا بی وهدار پهڵک[٦٨]
ههنی کافیهن (خهلیل) نهوانۆ
قهدر زهڕ خاس، زهڕگهر مهزانۆ[٦٩]
یه (خهلیل) واتهن وه پهشێو حاڵی
پهی (کۆخا حهسهن) کۆخای (قهواڵی)

***

(٦٦، ٦٨) ئهم دوو خشته له دیوانهکهیدا تۆمار نهکراوه.

(٦٧) ههن: ئاست.

(٦٩) ئهم نیوباڵه پهنده، واته: قهدری زێڕی چاک ها بهلای زێڕینگهرهوه، ئهم پهنده له فۆلکلۆردا وایش وتراوه :(قهدری زێڕ بهلای زێڕینگرهوهیه).

# ئەو شاعیرانەی شیعریان بۆ میرزا خەلیل نوسیووە،
# یان لە بەرهەمەکانیاندا ناویان یاد کردووە

## نامەی سالّح دەردوونی(*) بۆ میرزا خەلیل

خەلیل منەووەر.. خەلیل منەووەر
(سلام علیک) خەلیل منەووەر
هیچ خەوفت نییەن چە (یَومَ المحشَر)
چە نرکەی نیران نا ئیرەی سەقەر
قسەی (شۆخێ) و (فەرەج)ەکێر میخ
هەجوو زەمشان کەردەبیت دریخ
مەکەری غەیبەت مەخلوقات یەکسەر
ریسواشان مەکەی نە دنیا وەدەر
یازوغەن پەی تۆ (نەسیم)ی سیففەت
وە موسلّمانان مەکەری غەیبەت
تەواضع بکەر تۆ نەڕای خودا
تا ڕۆی قیامەت نەبی ڕوسیا

(*) سالّح دەردوونی: لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا وا ڕوون دەبێتەوە خەلیل منەووەر بەشیعرەوە زۆر بەتوندوتیژی هەجوی شۆخێ خان و فەرەج ناوێک و ئەم و ئەوی کردووە بۆیە سالّح دەردوونی لەم شیعرەیدا ئامۆژگاری دەکات تا لەو جۆرە شیعرانە دەست هەڵگرێت، بەڵام بەداخەوە تا هەنووکە نە وەڵامەکەی مەلا خەلیل بۆ سالّح دەردوونی و نەش ئەو شیعرەمان بەرچنگ کەوتووە کە هێرشی کردووەتە سەر شۆخێ و فەرەج، هەروەها سەرگوزشتەی ئەم شاعیرەشمان بەلاوە شاراوەیە، ئێمە پێمان وایە خەڵکی دەڤەری گەرمیان بووبێ و لە دەوروبەری شارۆچکەی (کفری)دا ژیا بێ. شایەنی وتنە چەند شاعیرێکی تریشمان بەم ناوەوە هەیە بەڵام نازناوی (دەردوونی)یان هەڵنەگرتووە، ئەمەش ناوی ئەو شاعیرانەیە :
- مەلا سالّحی ئاهی (١٢٦٢- ١٣٢٤ی ک.).
- مەلا سالّحی تەرەماری (( ١٢٦٥-١٣٤٠ی ک.).
- مەلا سالّحی حەریق ( ١٢٧١- ١٣٢٧ی ک.).
- مەلا سالّحی حەیدەری (١٢٧١-١٣٤٠ی ک.).
- مەلا سالّحی مەلا ئەحمەدی سورنج (١٢٧٢-١٣٢٠).
- مەلا سالّحی سەلارەوەند - ئەمیان ئەهلی هەق بووە و خەڵکی کوردستانی ئێرانە.



موناجاتێ کەر تە ڕووی پێغەمبەر
دا شیفات وازۆ چە (یوم المحشر)
منیش نە ئەوەڵ غەیبەت مەکەردم
تەوبەی ئیخلاسی وە یەقین کەردم
چە کەردەی وەرین من پەشیمان بیم
غەیر چە نەدامەت مەحسولێ نەدیم
نەسیحەت واجب پەرێ (کل) ئیسلام
عەرز کەردم وە تۆ (میرزا)ی خۆش کەلام
گرفتار گیر چنگ گەردوونی
بشناسە بەندە (سالّح دەردوونی)

***

## نامەی مەلا خەلیل بۆ بەندکراو سەیید ئەمین شەوقی لە بەندیخانەی کەرکوک

### خەندانم زوبێد

خەندانم زوبێد.. خەندانم زوبێد
کەلیم کان گوڵ، خەندانم زوبێد
سەردار سەرتیپ ڕەندانم زوبێد
فەرەح بەخش کۆی زیندانم زوبێد
شیرین ئەرمەن فەرهادم زوبێد
غەمخوار داد پرس فەریادم زوبێد
بینایی دیدەی دنیاو دین زوبێد
قیبلەی سولالەی (فخرالدین) زوبێد
ئومێد دنیا و قیامم زوبێد
باعیس وە سوجدەی سیامم زوبێد
دڵ گوشاد کەیف گریانم زوبێد
کۆی دەروون پڕ هوون بریانم زوبێد
ئەی خاس خاسان خاڵخاسم زوبێد
ئەی هامدەم دەرد دوڕناسم زوبێد
ئەی وەفا پەزێر زەمانم زوبێد
ئەی ڕەوشەنی عەین چەمانم زوبێد
ئەی کاغەز کیشوەر پێم یاوان زوبێد
ئەی سەوڵ ساوای سەراوان زوبێد
ئەی موژدە چوون وەحی خەللاقم زوبێد
لاتەشبیە خورشید ئافاقم زوبێد
ئەی من فیدات بام هەزار جار زوبێد
هەر سوب هەر زەمان تا ئێوار زوبێد
چوون یاوا کاغەز کەلامت زوبێد
چون وەحی نازڵ ئیلهامت زوبێد



بۆسام وە دوو لەب شادان بیم زوبێد
غەم ڕەفتەی ڕەهای بادان بیم زوبێد
هەم ئەو ڕۆ مەجنوون سیفاتم زوبێد
عەبد دوعاگۆی وەفاتم زوبێد
بالاّ سەوڵ ساف زەمانم زوبێد
باعیس تەفریق غەمانم زوبێد
ئەی من جام کام پەروێزم زوبێد
شیرین ئەسحاب شەودێزم زوبێد
ئەی من وە قوربان خاڵانت زوبێد
بەفیدای هەرشەو ناڵانت زوبێد
ئەی دیدەم حەیران دیدارت زوبێد
ئەی قەهرم قەیران ئەفکارت زوبێد
ئەی نەجای قەومان خوێشانم زوبێد
ئەی هامدەرد دڵ ڕێشانم زوبێد
ئەی من شادی و زەوق ئیقرارەن زوبێد
مەحبووس کەرکووک هەژارەن زوبێد
ئەی من............... ئەمین[١]
نازدارم نازکێش عەزیزم ئەمین
ئەرستۆ عقوول تەمییزم ئەمین
سوخەن چە شەککەر لەزیزم ئەمین
بالاّ نەونەمام نەوهاڵم ئەمین
نە جاگەی ئەوراد خەیاڵم ئەمین
مەجنوون غەمخوار دوجەیلم ئەمین
شەیدای شەوق و شین پەی لەیلم ئەمین
فەرهاد سانی[٢] شای چینم ئەمین
شەیدای شۆڕو شەوق شیرینم ئەمین

(١) ئەو شوێنانەی نوختەمان داناوە لە دەسنووسەکەدا ئاڵۆزاوە و بۆمان نەخوێندرایەوە
(٢) سانی (ثانی): دووەم.

جانی جان دادەی جەمینم ئەمین
شەیدای بانووان (هەرسین)م ئەمین
قیبلەگای وەڕاست یەقینم ئەمین
باعیس ئیمان و هەم دینم ئەمین
شەمع و شەوچرای دیوانم ئەمین
باعیس تەفریق غەمانم ئەمین
(قره العیون) چەمانم ئەمین
نادیرەی دەوران زەمانم ئەمین
کاتیب نوسخەی خاڵانم ئەمین
هەر شەو نە هیجران ناڵانم ئەمین
دڵ پڕ چە میحنەت ڕۆزگار ئەمین
چە بەند کەرکووک گرفتار ئەمین
بێ تۆ نەمەندەن قەرارم ئەمین
لاجیوەرد بییەن ڕوخسارم ئەمین
بێ تۆ شەب و ڕۆژ غەمبارم ئەمین
بێ تۆ چە حەیات بێزارم ئەمین
ڕەوشەنی قەلبم غوبارەن ئەمین
قالب ئەعزام بیمارەن ئەمین
تەعام نە دەهەن چوون ژارەن ئەمین
نەجم نەحسی چەرخ دەووارەن ئەمین
زوبێدە زویر مات و غەمینم
دایم دوعاگۆی سەیید ئەمینم

***



**گریانی[1] لە کونجی بەندیخانەدا دەردە دڵی خۆیی بۆ میرزا هەڵدەڕێژێ...**

مەر مروەت چەلاش بار کەردەن خەلیل
سەیلاب دیدەم جار کەردەن خەلیل
بێ خەبەر چە ئاه واوەیلم خەلیل
بێ ئاگاه وە ئاه پەی لەیلم خەلیل
من دەست بەست تەوق زیندانم خەلیل
وە دیدەی ئەعدا خەندانم خەلیل
(گریانم) کۆی بەزم ناشادم خەلیل
(قاف چە قەلعەکی بەغدادم خەلیل)[2]

***

(١) گریانی: ئەم شاعیرە خەڵکی دەوروبەری (کفری)یە، ماوەیەک لە ئاوایی (زەرداو) دانیشتووە وەکو خۆی دەفەرمێ: «چونکە من بەدبەخت تاڵع سیاو بیم.. دەستاودەست کەفتەی موڵک (زەرداو) بیم»، ئەم شاعیرە ناوی (عەلی کوڕی یوسف)ە، بەناوی گریانییەوە شیعری داناوە، وەکو میرزا خەلیل لەم نیوباڵە شیعرەدا وتوویەتی (سەرمەشق دەفتەر عەلی گریان بۆ)، جگە لە کوردی بەتورکی و فارسیش شیعری داناوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە بەندیخانەی کەرکووک و بەغدادا زیندانی کراوە، بەڵام تا ئەمڕۆ هۆی بەندکردنەکەیمان بۆ ساغ نەبووەتەوە، شایانی باسە لە گۆشەی یەکێ لە بەندیخانەکانی بەغدادەوە چەند نامە شیعرێک بۆ میرزا خەلیل دەنووسێ و تیایاندا بەکڵپەی دەروون و بەهەستێکی بەتینەوە باسی ئێش و ئازارەکانی خۆی دەکات و دەردە دڵی بۆ هەڵدەڕێژێ و داوای ئەوەشی لێدەکات خەمی ڕزگار بوونی بۆ بخوا چونکە خەلیل منەووەر وەکو لە پێشا ئاماژەمان بۆکرد بەلای ناوداران و پیاوماقووڵانی ئەو ڕۆژگارەی دەڤەری گەرمیانەوە ڕێز و حورمەتی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆیە عەلی گریانی پەنای بۆ بردووە، بەداخەوە تا هەنووکە سەرگوزشتەی ئەم شاعیرەمان بۆ ڕوون نەبووەتەوە کە لە سەردەمی خەلیل منەووەردا ژیاوە و دۆستایەتیشیان بەتین بووە.

(٢) واتە: منیان قاف کرد و لە بەندیخانەی قەڵای بەغدادا بەندکراوم.

**میرزا خەلیل دەیەوێ بەنزا و پاڕانەوە لە حەزرەتی عەلی، گرتووەکان لە بەندیخانەی کەرکووک ڕزگار بکات[١]:**

یا شاه مەردان شای دولدول سوار
حەیدەر کەڕرارِ ساحێب زولفەقار
قەشەمشای[٢] دلێر، سەبع سوبحانی[٣]
دەرکێشای قەلعەی خەیبەر مەکانی
موعجیزات مەنشوور بن ئەبو تالب
یا ئەسەدوڵڵا[٤] ئەمیر غالب
(أبو الحسنين)[٥] خواجایی قەمبەر
داماد[٦] نازدار زات پێغەمبەر
(قاتل الکفار) وەلیوڵڵاهی
چە دەرگای خودا ڕەجا ڕەواهی
بەعەشق ڕەسول نەبیی مەننان
ڕەجا کەر نە باب عەزیم سوبحان
پەی تەخلیس بەند زومرەی بەندییان
ئەحباب و دۆستان چە کەرکووک مەکان
ڕەهابان چە قەید زیندان ناری
دوعات چە دەرگای خودا بۆ کاری

***

(١) شاعیر سەردەستەی شیعرەکەی بەتورکی وا تۆمار کردووە: (محبوسلر ایچون سویلدیکم مناجاتدر) واتە: وتارەکەم دوعا و نزایە بۆ بەندییەکان
(٢) قەشەمشا: پاشایەکی ئازاو دلێری کۆنی ئێرانە، لە شانامەدا ناوی هاتووە.
(٣) سەبع سوبحانێ: شێری خوا، نازناوە بۆ حەزرەتی عەلی
(٤) ئەسەدوڵڵا: شێری خوا، نازناوە بۆ ئیمام عەلی.
(٥) حسنین: دەسنیشانە بۆ حەسەن و حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلی، ابو الحسنین: (بابی حەسەن و حوسێن) واتە ئیمامی عەلی.
(٦) داماد: زاوا.



**جارێکی تر گریانی لە بەندیخانەوە داد و هاوار بۆ میرزا دەبات:**

با چە یادت بام.. با چە یادت بام
میرزا گاه بە گاه با چە یادت بام
با قەریب قەهر شوهرەی ئادت بام
تا ڕەسید شەوق شین و دادت بام
وە نامەی نەواز فەرحەواریکەر
دەوای ئاه وە ئاه دەردەکاریکەر
تەسەللا وە تاو هیجران واریکەر
قەترە پائی بەزم سۆزەی ناریکەر
دەخیل میرزا با چە یادت بام
قەریبەن یاوای شین و دادت بام
ئینشائەڵڵا چە تەرح (بیژەن) زەمانی
ڕەها بۆم چە فەرق زار زیندانی
قەسەم وە قووەی شێر یەزدانی
مەستانۆن ئیحقاق (میرزا) و (گریانی)
میرزام وە قوربان غەریب دادت بام
قەریبەن یاوای شین و دادت بام

***

## گریانی و میرزا خەلیل و بەندیخانە

میرزای ئەفرادان[1].. میرزای ئەفرادان
فەتوای ئەفزەڵ فام ئاه فەریادان
شەهد شیرین شەوق (شاپوور)ی زادان
بێ خەبەر چە حاڵ فەنا (فەرهادان)
فیدای دیدەت بام میرزا خەلیلم
چیزێ مەرحەمەت زارو زەلیلم
شەوق مەحرووم موهر بەزم کامانەن
مەحرووم دیدار لەیلێ فامانەن
دڵ تەقەللای ئاه کۆنە زامانەن
سەیلاب دیدەم جار دامانەن
ئەرێ هەی غەددار میرزا خەلیلم
چەند ساڵەن مەحبووس[2] زارو زەلیلم
قاف قەلعەی قەهر نییەن نیهایەت
نەدارۆن تاقەت شەرح حیکایەت
لازمەن عەفوم (فیها وجنایت)
غەیر چەتۆ پەی کێ کەرۆن شیکایەت
کافییەن ڕوحم میرزا خەلیلم
چە فەرق زیندان زارو زەلیلم
من واتم تووەنی جان و جگەر پار
زیکرت مەوانام هەر سوب تا ئێوار
نامەی نێک و بەد ئیعلان و ئەسرار
فاش کەردم پەرێت باتن و ئیزهار

(١) ئەفرادان: کۆی (فەرد)، تاک.
(٢) شاعیر ئەم شیعرەی لە کونجی بەندیخانەدا تۆمار کردووە و تیایدا ڕوونی دەکاتەوە کە لەو کاتەدا بۆ چەند ساڵێک لە بەندیخانەدا ماوەتەوە.



دەبا وەس بۆ زوڵم میرزا خەلیلم
من حەبس زیندان زارو زەلیلم
لازمەن میرزام زەمان سازم بای
شەوق و شەرەفواز ڕێزەی ڕازم بای
ئەنیس و موونس کۆی مەجازم بای
کامل و حامل کێش نازم بای
گۆشدەر وەی گوفتار میرزا خەلیلم
زەلیل زیندان زارو زەلیلم
ئینشائەڵڵا ڕەهای کۆی ئەفغان مەبۆم
شاد شەوق و زەوق وە جانان مەبۆم
فەرەح فەزاوار هەم فەرحان مەبۆم
چون زادەی[3] (کەنعان)[4] وە خەندان مەبۆم
(گریان) و بوریان زارو زەلیلم
موشتاق میلان[5] میرزا خەلیلم

***

(٣) زادە: ڕۆڵە، منداڵ، دەستنیشانە بۆ حەزرەتی یوسف.
(٤) کەنعان: شوێن و زێدی حەزرەتی یەعقوب پێغەمبەر و کوڕەکانییەتی (د.خ) کە فەلەستینی ئێستا دەگرێتەوە.
(٥) میلان: ١- دیدار، چاوپێکەوتن ٢- ماڵدار.

**له گریانی شاعیرەوە بۆ میرزا خەلیل...**

خەلیل یا کەریم.. خەلیل یا کەریم
مەحفوز بای بە ئیسم یا خودای کەریم
بەشق شایی شاهان (رحمن الرحیم)
دوور بای نە ئافات هەم نە خەوف و بیم
تا چەندێ ئەییام عومرت دراز بۆ
نیشانەی شادیت هەر وە دڵواز بۆ
ئومێد هەن بەزات یەکتایی بی هەمتا
مەحفووز بای نە چەرخ چەواشەی دنیا
ئیسم شەجیعت نە عالەم بەرز بۆ
هەردەم وە ڕەنگێ، ڕەنگێ سەد تەرز بۆ
حەرفت موسەڵڵەت فەرقت ئەعلا بۆ
دایم مەدح تۆ بەموددەعا بۆ
تاڵعت نە بورج سلێمانی[1] بۆ
سلێمان سیفەت جاویدانی بۆ
شادیت چەنی زوڵف نازک نەوحاڵ بۆ
شەمامەی دەستت دوو لیمۆی کاڵ بۆ
ئەولیا دەستە گیر پیر ڕەهنمات بۆ
(سبع المثاني)[2] حیفز باڵات بۆ
تەئریخ عومرت بیست[3] و نۆ حەرف بۆ
بەڵێ نە تەقواو تاعەتدا سەرف بۆ

(١) سلێمان(٩٧٠-٩٣٥پ.ز)کوڕی داودە،لەسەدەی پێش زایین بووەتە پێغەمبەر، زۆر ژیر و دانا بووە.
(٢) سبع المثاني: دەستنیشانە بۆ (سورة الاخلاص) کە بریتییە لە (٧) ئایەتی پیرۆز.
(٣) بیست و نۆ حەرف: ژمارەی پیتەکانی عەرەبی (٢٨) پیتە نەک (٢٩)، بەگوێرەی پیتی هیجا لە پیتی ئەلفەوە هەر پیتێک ژمارەیەکی بۆ دانراوە، بۆ نموونە پیتی ئەلف ژمارە (١)ە، ئینجا هەر پیتێک (١) ژمارە دەڕواتە سەرەوە تا دەگاتە پیتی (ی) کۆی ژمارەکان دەبنە (١٠)، ئینجا لێرە بەدواوە هەر پیتێک (١٠) ژمارەی دەخرێتە سەر تا دەگاتە (١٠٠)، ئینجا هەر پیتێ (١٠٠) ژمارەی دێتە سەر تا دەگاتە (١٠٠٠).
واتە: شاعیر ئاوات دەخوازێ تەمەنی میرزا خەلیل لە هەزار ساڵ تێپەڕ بێت.



بەعدەهو ئێدەن میرزای دوڕ شوناس
داناو مودەببیر گشت عەوام و ئەلناس
ئایا نەزانام حاڵت چ تەورەن
کەیفت دڵشادەن یاخود نەجەورەن
ئەگەر بەتاقی چاخەن[4] دروستی
(ئەندوەوَغَم شفایات هستی)[5]
تاکە ئی بەندە (مسرور القلب) بۆ
جەواب بکیانە وە خزمەت جەلب بۆ
بەعدەهو میرزای کان فەرد کەماڵ
(ئامینە)ی[6] بەندەی شیرین ماه جەماڵ
هاشتەن بەجاگە دنیای بێ وەفا
ماچان کۆچش کەرد پەی (دار البقا)
ئینە سە ڕۆژەن وە ئەمر حەکیم
نازدار باوان گیان کەردەن تەسلیم
ئیستیدعاش ئێدەن بەندەی کەمتەرین
بەحورمەت پاک (ختم المرسلین)
کان کەماڵ فەرد سلامەتکار بۆ
مەحفووز نە ئافات ڕووی ڕۆزگار بۆ
منیش شوکرانەی (رب الجلیل)م
ئەر سەد نی دەمدا زارو زەلیلم

***

(٤) جاخ: کەیف خۆش، بەزەوق.
(٥) ئەندوە: خەم، پەژارە، شیفایات: کۆی شیفا، هەست بوون، نیوباڵەکە بەفارسییە، واتە: ئەگەر کەیف خۆش و بەختەوەر بی، بێ خەم و لەش ساغ دەبی.
(٦) ئامینە: شاعیر لە شیعرەکەیدا باس لە مردنی ئەم خانمەش دەکات کە ٣ ڕۆژە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ڕوونی نەکردۆتەوە ئایا خزمییەتی یا خۆشەویستی بووە.

**گریانی لە بەندیخانەدا پەژارەی خۆی بۆ میرزا خەلیل دەردەبڕێت:**

زبان کۆتاهم.. زبان کۆتاهم
(خەلیلم) زەلیل زبان کۆتاهم
زەبوون و زەعیف واوەیلا و واهم
مەحبووس مەزلووم (ئوچ قەلعە)ی[1] چاهم
ساعەتم سالێ سالم سەد سالەن
مورغ شەفافم بێ پەڕو بالەن
ئومێد ئیمداد بەزمم بەتالەن
پەی عەرز ئەحوالّ زبانم لالەن
وەرنە فیدات بام من دادگاهم
مەحبووس مەزلوم (ئوچ قەلعە)ی چاهم
مورغ ............................[2]

(١) ئوچ قەلعە: ئەمە بەتورکییە واتە: (سێ قەلا)، ناوی بەندیخانەیەکی بەغدایە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا.
(٢) لێرەوە دەسنووسەکە زۆری لێ ون بووە و لە گەلێدا گەلێ شیعری فەوتاوە.



**دیسان لە گریانی شاعیرەوە بۆ میرزا خەلیل:**

برای ئەییام.. برای ئەییامم
................ دوڕ ئەییامم[1]
بێ ڕەحم و مروەت نەدادەی کامم
نە یاوای فەریاد وەعدەی مەرامم
وە دەم برادەر وە دڵ ئەغیارم
بێ خەبەر چە ئاه هانا و هاوارم
قەمەری ئەحباب چەرخی دۆستتەن
قڕان سەڵتەنەت بەرگ و پۆستتەن
مادییان نە جای دڵسۆزانتەن
گۆشدار ئاهەنگ کۆی هۆزانتەن
ئینە گشت چە داغ هیجران و غەمەن
هەرچی مەواچی هێمان پێش کەمەن
رووتم عوریانم بەند زنجیرم
خەریک شەریک نالەی نەفیرم[2]
چونکە جای ئومێد هەم فەریادمی
فەرەح فەزا بەخش کۆی بێدادمی
بەزمم بەراتم شەوقم نیگوونەن
لیباسم خەرجم هەرسە سەمووتەن
بکەر عیلاج، گشت دەردانم بای
وە سەردار زەوق هامفەردانم بای
تاکەی (گریانم) بەند زیندانم
دوعای دەوڵەتخوان برای زەمانم

***

(١) ئەو شوێنانەی نوختەمان داناون لە دەسنووسەکەدا کوێربوونەتەوە.
(٢) نەفیر: ١- نالە و شیوەن، ٢- کەڵەشاخ بۆ تێ توڕاندن.

**میرزا وەڵامی گریانی دەداتەوە:**

برا وەسەنگ بای.. برا وەسەنگ بای
غەددار هەی بەدبەخت وە سیا سەنگ بای
بێ ئینساف تۆنی دڵ تار و تەنگ بای
گیروەردەی گەرداب ڕۆم و فەڕەنگ بای
حەواڵە وە ئاه حەپس چاهم بای
زەلیل زنجیر واوەیلاهم بای
گرفتار زار (ڕەحمە)[*] خانم بای
گیروەردەی گریەی کۆی جانانم بای
دەک وەسفتەی ساف نا دییاری بای
وێنەی من چە کۆی بێ قەراری بای
خۆ من چوون مەحبووس وە زیندانەوە
دڵ ئاه وە ئاه (ڕەحمە) خانەوە
زاڵمێ چوون تۆ یادم بکەرداری
وە یەک فاتیحە شادم بکەرداری
من تۆم وە ئەعلای کول قەومان زانام
فەریادم، دادم وەلات کییانام
من کەردی وە کۆی ئاه نەدامەت
دەک شەرمندە بای تا ڕۆی قیامەت
شەب و سوبح و شام کارم گریان بۆ
تا مەحبوبەی وێم وە کۆی بریان بۆ.

***

(*) ڕەحمە: بۆمان ساغ نەبووەوە ئایا ئەم خانمە ژن یا کچی شاعیر گریانییە.



**خەلیل منەووەر بۆ بەندکراو گریانی و تێکڕای گرتووەکانی کەرکووک لاڵە و نزا دەکا[١]**

یا غەوس گەیلان شێخ عەبدولقادر
سەردار شێخان کەرامەت زاهر
یا گەوهەر کان دوڕ بێ هەمتا
بەگرۆی خاسان هەر تۆی پێشەوا
(تاج العارفین)[٢] قوتب هەر تەریق
(غوث الأعظم)[٣] دوڕ دەریای عە قیق
نەسڵ محەمەد پیر دەستەگیر
سەیید و سوڵتان خواجایی فەقیر
ماهو خورشید و فەلەک حەیرانتەن
عەرش حەق مەنزڵگەی جەولانتەن
چەو شەو میعراج نەبییی هودا
چە حەد سنوور (سدرة المنتها)[٤]
خیتاب کەرد وەنەت سالار کەونەین[٥]
واتش ئەی فرزەند غەوس (ثُقَلَین)[٦]

(١) شاعیر ناونیشانی شیعرەکەی بەتورکی بەم جۆرە داڕێژاوە (تکرار میرزا خلیل طرفندن مناجات)، واتە: دووپاتکردنەوەی دوعا و نزای میرزا خەلیل.

(٢) تاج العارفین (تاج): کڵاوی پاشایان، واتە تۆ گەورەی زانا و داناکانی.

(٣) غوث الأعظَمُ: فەریادڕەسی مەزن، دەسنیشانە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

(٤) سدرة المنتها: لە دەستنووسەکەدا بەهەڵە نووسراوە (صدر المنتها): ئەمە دەستنیشانە بۆ (میعراج) کە محەمەد پێغەمبەر (د.خ) لە تەک جبرائیلدا بەرەو بارەگای پەروەردگار ڕۆیشتن، کە گەیشتە ئەوێ پێغەمبەر چووە ژوورەوە و جبرائیل لە بەردەرگا وەستا و فەرمووی ئەمە سنوورمە، ئەگەر بێمە ژوورەوە بەنووری خودا گڕ دەگرم، جا بەو سنوورە دەڵێن (سدرة المنتهی) هەروەها ناوی درەختێکیشە لە بەهەشتدایە، یا لە لای ڕاستی عەرشە.

(٥) (سالار کەونەین): (سالار: گەورە، کەونەین: دنیا و ئاخیرەت) مەبەست لە پێغەمبەرە (د.خ) کە گەورە و ڕابەری موسڵمانانە لەم دونیا و لە ڕۆژی ئاخیرەتدا.

(٦) غەوس (ثقلین): غەوس: (فەریادڕەس.، ثقلین: مەبەست لە ئینس و جننە، واتە مرۆڤ و جنۆکە.

بۆسا جەبینت وات یا وەلەدی
دۆشدەر وە قەدەم نوور سەرمەدی
دۆشت بەمەحمیل[7] قەدەم نەببی
قەدەمت شامل دۆش هەر وەلی
پەی ڕەهای ئەرواح زادەی پیرە زاڵ
ئامای نەخرۆش پەرواز دای وە باڵ
لوای بەحزوور عیزرائیل تەمام
چە هەفتەمین عەرش ئامای وە کەلام[8]
سەندووق قابیز شکنای وە قەدەم
سەد هەزار ئەرواح بەبێ زیاد و کەم
بەحوکم فەرمان شای (رب العباد)
یەک یەک ئەرواحان چە بەند دای ئازاد
نەتیجەی حوسێن[9] ستوون بەغداد[10]
وەخت تەنگمەن بیاوۆم وە داد
ئەولادەی نەسەب (رسول الله) هی
چە دەرگای خودا ڕەجا ڕەواهی
بەعەشق ڕەسول حەبیب سوبحان
ڕەجا کەر نە باب ڕەحیم و ڕەحمان

(٧) مەحمیل: بارهەڵگر.
(٨) واتە: (یا شیخ تۆ توانیت بچیتە حەوتەم تەبەقەی ئاسمان و گیانی سەد هەزار بەندی لە چنگ حەزرەتی ئیزرائیل ئازاد بکەی، بۆیە داوات لێ دەکەم گریانی و سەرجەم بەندییەکانی کەرکوک ڕزگار بکەی)، وەکو ئەوەیە بڵێت: تۆ ئەو هەموو گیانەت لە دۆزەخدا ئازاد کرد، ئەی بۆ ناتوانی ئەمانەمان لە گرتووخانەدا بۆ ڕزگار بکەی؟
(٩) حوسێن: لە دەستنووسەکەدا نووسراوە (حەسەن) لە ڕاستیدا حوسێنە، چونکە شیخ عەبدولقادری گەیلانی لە نەوەی حەزرەتی حوسێنە نەک حەسەن.
(١٠) ستوون بەغداد: ستوون: ئەستوون، کۆڵەکە، دەستنیشانە بۆ شێخ عەبدولقادر کە ئارامگەکەی لە شاری بەغدایە.



پەی تەخلیس بەند زومرەی بەندییان
ئەحباب و دۆستان چە کەرکووک مەکان
ڕەها بان چە قەید زیندان زاری
دوعات چە دەرگای خودا بۆ کاری
دوعای هەردۆتان وە ئامین ئامین
قبوول بۆ چە باب (رب العالمین)
یە (خەلیل) واتەن (کفری) ئیسکانەن
دوعا گۆی تەخلیس ئەهل زیندانەن.

***

**هەمیسان لە گریانییەوە بۆ میرزا خەلیل:**[1]

تەنها دانەیێ پەی بەخت چەمەری
ناگاه کەفت وە نام بار موشتەری
لایق بیم وە بار لوام شار وە شار
عومر عەزیزم ئیمجار بی خەسار
چونکە من بەدبەخت تاڵع سیاو بیم
دەستاو دەست کەفتەی موڵک (زەرداو)[2] بیم
چونکە تاڵع ڕەش ئەوقات تاڵ بیم
خەریک عەمار (فارس بەقاڵ) بیم
بەوێنەی ئەسیر دەست بەستەی دیل بیم
لایق وە نەزەر (میرزا خەلیل) بیم

***

(١) ئەم شیعرە لە پێشەوە زۆری لێی فەوتاوە.
(٢) زەرداو: دوو ئاوایی بەم ناوەوە هەیە (زەرداوی ژوور، زەرداوی خواروو)، دەکەونە نێوانی (قەرەتەپە) و (کفری)یەوە، دانیشتوانیان کوردن، وا دەردەکەوێ گریانی ماوەیەک لە یەکێ لەم گوندانەدا نیشتەجێ بووە.

### گریانی بەفارسی ستایشی خەلیل منەووەر دەکات:

روشنی چشم جــهــــانم أه خليـل أست خليـل[*]
خــــانـهء أمنُ أمــــان مـن خليـل أست خليـل
كــوه كـافــوكـيف شــوقــو شـورشــو شـاد حـزين
زوقـــو طوق جــوئى جــان من خليـل أست خليل
رحم اخـــواني وقـــورباني خــصــوصــا الفــتم
دفتر صافي صفاهاي زمان من خليل أست خليل
گــريه كن (گــريان) وەشكوا أز خليـل خـالويت
عــاقــبت گــوهر كـيـانى من خليل أست خليل.

***

### گریانی بەزمانی تورکی لەگەڵ خەلیل منەووەردا دەدوێ:

خليلم دو خليل بين عـەداوت عدوي جـار أولمز
خيـال أيتمة خراب أولسـة خليلم يار غـار أولمز
فــروغي أتش أبو أگــر يـوز جلجلوت گلســة
أيكيـسن جمع أيدوب هر دايلة بردم مدار أولمز
رجامز مصلحت أيلر كوگل سيـواني سُلطاندر
حقوقي فكر أيدن أدم شرعا عـيب عـار أولمز
دروغـليـــــه أيدن أه أي بـرادەر فـكروة يـانـدم
نهـان أولمز أو حـيلة گـوزلرندن أشك جـار أولمز
(گرينى) كوي كوكلندن سيـون برجان جاناني
أنـك شـــتم شكوفـندن خلـيـلم خلقـــدار أولمز

***

(*) هەروەکو خۆی بەشکستەی فارسی تۆمارمان کردن بۆ ئەوەی خوێنەری ئەو زمانە لێی بگات.



### نامەی میرزا خەلیل بۆ شەوقی شاعیر[*]:

(كـاتب الاشـعـار)..(كـاتب الاشـعـار)
كـان كـۆی كـەمـال (كـاتب الاشـعـار)
برای پڕ فــــەهیم زەكـــیی و وەفــــادار
ســـەرمــــەشق جــــەدوەل ڕەزم ڕۆزگـــــار
نەتیــجـــەی نەســەب ســەیید ســادار
بـەعــــــیـــــــد نـە باڵای زوبـەید نـازدار
ئیــمــــڕۆ چە قـــووەی تـولّووع ســەحــەر
چە وەقت (ضـوحـا) چەنی یەک عـەسكەر
كـــیــانایی پەی من شــیــرین نامــەیێ
مــەزمــوون مــەرقــووم چون شــەمــامــەیێ
تەحـــریر تەمـــــهــیـــر تار تەنبــووروار
گــرفــتم بەدەست نامـــەی پڕ ئەشــعـــار
خــەیلێ مــوتاڵەی مــەزمــوونش كــەردم
شنەوای حــرووف مــەتعــوونش كــەردم
وانام ســــەراســــەر وە جــــەرگ پڕ زام
چۆكــدام وە زانوو بێ گــفــتــەی كــەلام
مــەحــزوون مــەحــرووم سـینف بەشـەر بی
تەقــدیم بە دەعـــوای ڕۆژ مــەحــشــەر بی
خـــوســــووس ئی بەندە وە نائومــــێــدی
یەعنی مــوحــتــاجــەن پەرێ مــەجــیـدی
وە یاخــود مــەدیوون مــەرد مــەئیــووسـەن
یەكـجـار ئیـحـتـیـاج پارەی مـەحـبـووسـەن

(*) شەوقی: ناوی سەیید ئەمین کوڕی سەیید سەمینە، خەڵکی (کفری) بووە، لە سەردەمی خەلیل منەووەر ژیاوە، شیعری بەدیالیکتی گۆران وتووە، نازناوی (شەوقی) بووە.

ئازیز! بفکرە یە ڕەفتار نییەن
یە ڕەفتار وەخت سوب ئێوار نییەن
یەعەقڵ نەزان نوقسانیش ئازتر
یەعنی (سەی ئەمین)، گیەندرسون کەرتر
ساحێب پارەدر ئەبو فلووسدر
مەنشوور مەعرووف هەم پڕ نامووسدر
بزورگ بەخشندەی ئاباو ئەجدادەن
(دایم المدام) مەردیش وە یادەن
خوسووس کە بابۆش سەیید سەمینەن
وە بەخشندەیی چە عام موبینەن
دەست سەخاوەت کەردەن وە کەرەم
شییەن نە مەقام حیکمەت حاتەم
بابۆت ئەو کەسەن شوهرەت شیعارەن
دوکانش چە نام کفریی بازاڕەن
وە بەخشندەیی چە عام دییارەن
زیکر و فیکر ئەو نام بینش پارەن
وەختێ بواچۆ مەتالیک هانی
جاری مەبۆ ئاو دەمش چون کانی
قەمەریی پدەر، قڕان براشەن
مەجیدی لە شۆن گشت ئەقریباشەن
تەهرانیی لە شۆن دین موبینش
مەجیدی لە جای سەیید ئەمینش
لە زڕڕەی مەنقوور خودا شوکرشەن
بێچوو لە تەنخوای زیکر و فیکرشەن
شەخسێ چە نەوەی بەقاڵزادە بۆ
چەمش وەحیلەی عالەم نادە بۆ



یەک سەوزێ نیمداشت بوەسۆ وەسەر
پەرێ ئیعتیبار عالەم سەراسەر
سەییدی پەرێ یەک یارم قڕان
سەد قەسەم خۆر بۆ بەخودا و قورئان
تەشبیە بۆ وێنەی لۆتی کرماشان
مەچەک عالەم بوڕۆ چەشان
ئەفعالش وەیتەور نە ئافاق تاق بۆ
شەقیی و شەقاوەت شۆن ئەرزاق بۆ
گورگ پسەرش چون بەخشندە بۆ!
یەعەجەب عالەم پێش نە خەندە بۆ
ئەو بەقاڵزادە نا لایەق وە حەرف
نا مەقبووڵ چەنیش ئەوقات کەری سەرف
جینس وێت بشناس من جینس تۆ نیم
ئینس وێت بشناس من ئینس تۆ نیم
ئەبو مەجیدیی من موحتاجت نیم
نەوەی جەدیدی من لە باجت نیم
ئەی تازەکیسە من ڕەفیقت نیم
عەقڵت خەسیسە من شەفیقت نیم
ئەی عەقڵ تاراج من چە ئەوان نیم
خۆراک (بولاماج!) من چە ئەوان نیم
ساحێب کەرەم من چە ئەوان نیم
ئەی لۆتی عەجەم من چە ئەوان نیم
ئەی عەتادادە من هامفەردت نیم
ئەی بەقاڵزادە من هامدەردت نیم
ئەی عەقڵ قەلیل من چە ئەوان نیم
ئەی پدەر ڕەزیل من چە ئەوان نیم

ئەی نەگبەت دەلیل من چە ئەوان نیم
غەمخوار (خەلیل) من چە ئەوان نیم
مەحرووم مەئیووس من چە ئەوان نیم
مەحکووم مەحبووس من چە ئەوان نیم
بەخشندەی فلووس من چە ئەوان نیم
ساحێب نامووس من چە ئەوان نیم
من چە ئەوانەم ئەی (قرة العين)
تەکەللوم مەکەن وە زەوج (خصيتين)
من چە ئەوانەم نامشان دییارە
ئەسڵەن موحتاج نیم وە ئاقچەو پارە
خەرجیی ئی بەندە مەخسووسەن وە یەک
وە زاتی وێنەی میر سوڵتان بەگ
وە زاتی وێنەی ڕەئیس عەشرەت شوان
عەتای کەرەمم فەرزە بەئەوان
نەک بەوێنەی تۆ کیسە جەدیدی
وێت نیشان مەدی وە یەک مەجیدی
وە ساحێب کەرەم نامش نیهادە
خۆتۆ مەعلومی ئەی بەقاڵزادە
(کاتب الحروف) چە زەوق بەعیدی
یە نووسنا لە داخ عەتای مەجیدی.

# فەرهەنگۆک

لەبەر ئەوەی شاعیر گەلێ وشەی (ماچۆ) و لوڕی و کرمانجی دەڤەری گەرمیانی بەکارهێناوە کە زۆربەیان لەم سەردەمەدا بەکار ناهێنرێن و بەلای خوێنەری ئەمڕۆوە نامۆن و لێی ناگەن، هەروەها گەلێ وشەی عەرەبی و تورکی و فارسیشی تێدایە کە خوێنەری ئەمڕۆی کورد بەئاسانی لێیان ناگەن، ناچار هاتووین ئەم فەرهەنگۆکەمان بەم قەوارەیە بۆ ئامادە کردووە، ئێمە لێرەدا نەهاتووین هەموو مەعنایەکی وشەکان لێک بدەینەوە، تەنیا ئەو مانایانەمان تۆمار کردووە کە شاعیر لەم دیوانەدا مەبەستی بوون، دەستنیشانی ئەوەشمان نەکردووە ئاخۆ ڕەسەنی وشەکە خۆماڵییە، یان: لە ڕەسەنێکی ترە، بەپێویستیشمان زانی هەندێ وشە، یان: شیعرمان لە داوێنی کتێبەکەدا لێکداوەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی عەرەبی یان تورکین.

## (ئـ)

ئا: ئەو

ئاب: (١) ئاو، (٢) مانگی ئاب، یەکێکە لە مانگەکانی ساڵی زایینی.

ئابادی: ئاوایی.

ئاب حەیات: ئاوی ژیان، ئاوی خدری زندە، گوایە هەر کەسێک نۆشیکا ئیتر بۆ هەتاهەتایە دەژی.

ئابەنووس، (عەبەنووس): دارێکی ڕەش و ڕەقی بەنرخە.

ئات: (١) ئەسپ، (٢) فڕێدان.

ئاتەش: ئاگر، ئاور، ئاهیر.

ئاتەش ئەفروز: ئەوەی بەئاگر یاری بکا، ئاژاوەگێڕ.

ئاج: برسی.

ئادەم: یەکەم مرۆڤ، باوکی نەوەی مرۆڤ، باوە گەورەی هەموو مرۆڤ.

ئارۆ: ئەمڕۆ.

ئاری: زەردەواڵە.

ئازموودە: تاقیکراوە، (ئەزموودە)، تەجرەبەکراو.

ئاسا: وەکو.

ئاستانە: دەرگا، قاپی.

ئەستاموول: (ئەستەمبوول): شارێکی گەورەیە لە تورکیا، زووتر پایتەختی ئەو وڵاتە بووە، ئاستانەشیان پێ وتووە، لە ساڵی ١٩٢٢ی ز. شاری ئەنقەرە لە جیاتی ئەمیان بووە بەپایتەخت.

ئاش: (١) چێشت، (٢) ئاسیاو.

ئاشپەز: چێشتلێنەر.

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە.

ئاغاز: سەرەتا، دەسپێکردن.

ئافات: دەرد و ئازار، بەڵا و پەتا.

ئافاق: (١) ئاسۆ، (٢) وڵات، مەملەکەت.

ئافتاب: ڕۆژ، هەتاو، خۆر.

ئافتاو: ڕۆژ، هەتاو.

ئاقچە: سککەی لە زێڕ دروستکراو، پارچەی زێڕ.

ئاقەرە: ئەوەندە، هەندە.



ئال: خێزان، خانەدان.

ئالک: جەمە جۆی وڵاخی یەک سم.

ئالوودە: گیرۆدە.

ئاڵ: ئەو فریشتە شەڕ خوازەیە کە ژنی زەیستان دەخنکێنێ، جا خزم و کەس و کاری ژنەکە لە ترسی ئاڵ ئێشکی بۆ دەگرن.

ئاڵا: (١) بەیداغ، (٢) بەرگی بووکەڵەی مناڵان.

ئاڵچاغ،(ألچاق): پیسکە، نزم.

ئام: هاتن، (ئام وەی وەتەن)، یان: (ئامۆشۆت ناکەم).

ئاما: هات.

ئامات: هاتنت.

ئاماج: (١) نیشان، (٢) ئامانج.

ئانە: ئەوە.

ئانی: ئەوە.

ئاوباریک: ناوی گوندێکە دەکەوێتە ئەو پەڕی بناری گلەوە، سەر بەشارۆچکەی (قادر کەرەم)ە لە دەڤەری کەرکووک، یەکێکە لە گوندەکانی تاڵەبانی، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەعسییەکان وێرانیان کرد.

ئاور: ئاگر.

ئاورائی: ئاورایی، برسێتی.

ئاورزەنفیشەک: فیشەکبەند، فیشەگلغ.

ئاوەردش: هێنای.

ئاوێزە: هەڵواسین، چلچرا، هەر شتێکی هەڵواسراو.

ئاهو: ئاسک، مامز.

ئاهەن: ئاسن.

ئاهەنگەران: کۆی ئاهەنگەر، ئاسنگەر.

ئاهەنگەری: ئاسنگەری.

ئاهەنین: ئاسنین، هەر شتێک لە ئاسن دروست کرابێ.

ئایل: منداڵ

ئایلق: مانگانە

ئایینە: ئاوێنە

ئوتلاغ: لەوەڕگا، میرغوزار، مێرگ.

ئوحد: ناوی چیایەکە دەکەوێتە باکووری شاری مەدینە بە(٤کم)ە، لە ساڵی (٦٢٥ی ز.) شەڕێکی تیا بەرپابووە لە نێوان موسڵمانەکان و بێ باوەڕەکانی بەنی قوڕەیش.

ئۆخ: بخوێنە

ئوربە: کەل وپەل

ئۆرتاغ: شەریکی، هاوبەشی لە ماڵدا.

ئورمش: لێدراو

ئوستوار: مەحکەم

ئولکە: مەڵبەند، مەیدان

ئویز: ڕوخسار، ڕوو.

ئەبرەش: ئەسپی ڕەنگ سوور کە خاڵی سپی تێدابێ.

ئەبو بەکر: (أبوبكر الصديق): عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی قوحافەی قوڕەیشە (٥٧٣ - ٦٣٤ی ز.) یەکەم خەلیفەی ڕاشدینە و یەکەم کەس بووە کە باوەڕی بەئاینی موسڵمان هێناوە، لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە.

ئەبوسوفیان: باوکی خەلیفە (موعاویە)یە، لە پێشا دژ بەموسڵمانان بووەو زۆریش لە

ڕوویان ڕاوەستاوە و بەجەنگ هاتووە، لە ئەنجامدا بووەتە موسڵمان، لەساڵی (٦٥٢ی ز.) مردووە.

ئەبو طەنطەنە: فیشاڵکردن، سینە ڕاپەڕاندن.

ئەتقیا: کۆی (تەقی)یە، پارێزکردن، دوورە پەرێزی لە خراپە و حەرام خواردن.

ئەتوار: ڕەوشت و کردەوە.

ئەجزا: کورتکراوەی ئەجزاخانەیە، دەرمانخانە.

ئەجناس: کۆی (جینس): ئەو شتەیە کە لە چەند جۆرە شتێک پێک هاتبێ وەکو: جینسی گیاندار کە بریتییە لە ئادەمیزاد و هەموو خاوەن گیانێک.

ئەحقەر: بچووکتر، نزمتر

ئەحمەد ئاغا: (١١٠٠ - ١١٧٠ی ک.) ئەم شاعیرە ناوی میر ئەحمەد کوڕی سمایل بەگی زەنگنەیە، خەڵکی ئاوایی (قەیتوول)ی سەر بەشاری (کەرکووک)ە، بەرهەمەکانی بەدیالیکتی (گۆران) داڕێژاوە.

ئەحمەد کۆر: ناوی ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەدی موکریانییە، بەئەحمەد کۆر ناسراوە، لە ساڵی (١١٩٣ ی ک.) لە دەوروبەری (شنۆ) لە دایک بووە و لە ساڵی (١٢٧٨ی ک.) لە تەمەنی (٨٥) ساڵیدا لە دەوروبەری بۆکان کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (عەیناره)دا بەخاکیان سپاردووە، شیعرەکانی بەشێوەزاری کرمانجی خواروو وتووە.

ئەحمەق: نەفام.

ئەختەر: (١) ئەستێرە، (٢) بەخت و چارەنووس.

ئەخگەر: سکڵ، پارچەی ئاگر.

ئەدغەم (ئەدەهەم): ئەسپی ڕەش.

ئەدەبسز: بێ شەرم.

ئەڕا: بۆ (ئەڕای ڕۆژ تەنگ).

ئەراگێڵ: هەڵوەدا، ئاوارە، هەردەگێڕ، هەردەوێڵ.

ئەرث: یاسا.

ئەرج: نرخ، پلەو پایە، حورمەت.

ئەرژەنگ: ناوی دێوێکی جادووگەری ئەفسانەییە، گوایە لەگەڵ ڕۆستەمی زاڵدا ژیاوە و لە ئەنجامدا ڕۆستەم کوشتوویەتی.

ئەرستۆ: کوڕی تالیسە، فەیلەسووفێکی یۆنانییە، بەزیرەکی و وریایی ناسراوە، فەلسەفەکەی لەگەڵ ئایندا دەگونجێ.

ئەرقەم: ماری بازک، ماری بەڵەک، ماری ڕەش و سپی، ماری پڵپڵباز.

ئەرووس: ڕووسیا، وڵاتی ڕووس

ئەرەج: مەچەک، جومگە

ئەزەڵ: هەمیشەیی، ئەوەی سەرەتاو دوایی نییە، هەر بووەو هەر دەبێ، پێشینەترین.

ئەژدەر: ئەژدیهایەکی خەیاڵییە، گوایە ئاگر لە دەمی دەردەچێ...!

ئەژدیهای سەرکەش: ئەژدیهای یاخی، کینایەیە بۆ سواری ئازا و بەجەرگ

ئەستر: هێستر، قاتر.

ئەستەنبوول، یان ئەستەموول: بڕوانە ئاستاموول.

ئەسحاب کەهف، (أصحاب الكهف): حەوت



کەسی بت پەرست بوون لە پاشاندا باوەڕیان بەعیسا پێغەمبەر هێناو هاتنە سەر ئاینی مەسیح، لەبەر زوڵم و زۆری دەقیانووس (داقیوس) ئیمپراتۆری ڕۆمانی - سەدەی سێیەم لە ئەشکەوتێکدا خۆیان شاردەوە و نووستن و لە دوای (٣٠٠) ساڵ لە خەو هەستان، سەگێکیشیان لەگەڵدا بوو ناوی (قیمتیر) بوو، ئەم ڕووداوە لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە.

ئەسحاب: کۆی (ساحب): خاوەن، یار، دۆست.

ئەسر: فرمێسک

ئەسرین: فرمێسک

ئەسفەهان: پارێزگایەکە لە وڵاتی ئێران

ئەسفیا: پاک، چاک، بێ گوناه.

ئەسکەندەر: کوڕی فیلیپۆسی ئیمپراتۆری مەکەدونیا بووە، بەلەشکرێکی چل هەزار کەسییەوە هێرشی بردە سەر دەوڵەتی دارا لە (٣٣١)ی پێش زایین، لە جەنگی گۆگامیل لە نزیک هەولێر سەرکەوتوو دەوڵەتی ئێرانی ڕووخاند و ئاگری لە ئەستەخر بەردا بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کۆندا زاڵ بوو تا گەیشتە ڕووباری سەند لە هیندستان.

ئەسناف: کۆی (سنف)ە، جۆر، شێوە.

ئەسنافی: باج، زەریبە.

ئەشک: فرمێسک.

ئەشەگ: کەر، گوێدرێژ.

ئەغوا: ڕێ لێ ونکەر، ئەوەی سەر لە خەڵکی دەشێوێنێ و ڕێورەسمیان لێ تێکدەدا.

ئەغیار: بێگانە، بیانی.

ئەفراسیاب: کوڕی پەشەنگە، لە سەردەمی کەیانیەکانی ئێراندا پاشای توران بووە، بەفەرمانی ئەم سیاوەحش کوژرا.

ئەفزەڵ (ئەفضەل): باشتر، چاکتر، بەرزتر لە زانیاریدا.

ئەفشار: زۆرکردن، تەقەللاکردن.

ئەفغان: فەریاد، ناڵە، زاری، ئاه.

ئەفلاتوون: فەیلەسووفێکی بەناوبانگی سەردەمی یۆنانییەکان بووە، بەزیرەکی و وریایی ناسراوە.

ئەڵڵادۆست: سواڵکەر، دەرۆزەکەر

ئەلبورز: ناوی زنجیرە چیایەکی بەناوبانگە لە ئێران.

ئەلبو سەباح: گوندێکە دەکەوێتە ژووررووی خۆرئاوای شارۆچکەی (خورماتوو)وەوە بە(٧کم)ە، زۆربەی دانیشتوانی داودەن.

ئەلبو محەمەد: گوندێکی کورد نشینی کاکەییە، دەکەوێتە خوارووی قەزای (تاوغ)ەوە بە(١٨) کیلۆمەترێک، بڕێ خێزانی عەرەبیشی لێ نیشتەجێیە، لە هۆزی (ئەلبو عەززە)ن.

ئەلقاء: نیازێ کە دێتە خەیاڵ و زەینی کەسێک، خستنەڕوو.

ئەڵوەدا: هەڵوەدا، سەرگەردان و ئاوارە.

ئەنار: هەنار.

ئەنداز: وەشاندن، یەکێ شتێ بۆ یەکێ بوەشێنێ، یان: تێی بگرێ وەکو: گوللە، تیر، بەرد... هتد.

ئەندام: لەش.

ئەندۆ: خەم، پەژارە، کەسەر

ئەندێش: (١) بیرکردنەوە، (٢) ترس.
ئەندێشە: بڕوانە ئەندێش.
ئەنشاس: ڕاگەیاندن.
ئەنف: لووت، کەپوو.
ئەنکیر و مونکیر (نەکیر و مونکەر): دوو فریشتەن لەسەر گۆڕی هەر مردوویەک ئامادە دەبن و پرسیار لە مردووەکە دەکەن لە کار و کردەوەی سەر دنیای دەپرسن.
ئەنگوشتەر: ئەنگوستیلە.
ئەوشان: ئەوان.
ئەوشت: دەڵێ.
ئەولاد: کۆی (وەلەد)ە، منداڵ، ڕۆڵە.
ئەولیا: کۆی (وەلی)یە، پیاو چاک، پیاوی خوا.
ئەیووب: یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل، بە ئارامی و سەبر و خۆڕاگری ناسراوە بەرامبەر بەنەخۆشی و لە دەسدانی ماڵ و سەروەتەکەی.
ئەیی: چاک، باش.
ئی: ئەمە.
ئیبرام: تکاو پاڕانەوە.
ئیبراهیم: (ئیبراهیم خەلیل)، لە پێناوی خواو ئایندا ویستی ئیسماعیلی کوڕی بکا بەقوربان و سەری ببڕێ، خوا بەزەیی پێدا هات و بەحەزرەتی جبرائیلا بەرانێکی بۆ نارد لە جیاتی کوڕەکەی سەری ببڕێ، نەمروودی ستەمکار خەرمانێ دار و هێزمی کۆکردەوە و ئاوری تێبەرداو ئیبراهیمی فڕێدایە ناوی، بەئەمری خوا ئاگرەکە بوو بەباخچە و گوڵزار.
ئیبن و سەعد: ناوی عومەر کوڕی سەعدە، سەرکردەیەکی سەربازی بووە لە سوپای موعاویەی کوڕی سوفیان، بەفەرمانی ئەم حەزرەتی حوسەین بەدەستی شمر کوژراو سەرەکەیان بۆ یەزیدی کوڕی موعاویە برد.
ئیپەگ: ئاورێشم
ئێتمش: کردوویەتی.
ئێتمەز: ناکا
ئیجتیناب: دوورکەوتنەوە.
ئیحاطە: ئابلۆقە
ئیحسان: چاکە کردن، بەخشین.
ئیحقاق: داوای هەق کردن.
ئیحیا: کۆی (حەی)یە، زیندوو، زیندووکردنەوە.
ئێد: ئەمە.
ئیراغ: دوور.
ئیراق: عێراق، وڵاتی عێراق.
ئیرەم: ئەو باخچەیەیە کە شەدداد کوڕی عاد بەناوی بەهەشتەوە دروستی کرد.
ئیزهار (أظهار): دەرخستن، ئاشکرا کردن.
ئیسان، (ئینسان): مرۆڤ.
ئیسپەر: زرێ، زرە، سەرکەوای لە ئاسن هۆنراو، لە کاتی جەنگدا لەبەر دەکرێ.
ئیسترجا: تکا، پاڕانەوە.
ئیستیخارە: داوای چاکە و خێرکردن.
ئیستیخوان: ئێسک، ئێسقان.
ئیستخوار: بڕوانە ئیستیخارە.
ئیستینطاق: دەمەتەقێ، دیالۆک.
ئیسحاق: کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەرە (د.خ).



ئێشان: ئەمانە.
ئێشانەن: ئەمانەیە.
ئیغماز (ئیغماض): چاو چوونە خەو، بێ هۆش، دەبەنگ.
ئیفتادە: پیری پەککەوتوو.
ئیفتیرا: بەدرۆ تاوان بۆ کەسێک دروست بکرێ.
ئیفک (الأفک): درۆ.
ئیقبال: (١) بەخت، تاڵح، (٢) پێشوازیکردن.
ئیلتیجا: پەنابردن، خۆ هاویشتنە بەخت بۆ ڕزگار بوون لە کارەساتێک.
ئیلتیماس: تکا، داوا، خۆزگە.
ئێلجاڕ: گەلەکۆمەکی، هەرەوەزی خزمان، هەماهەنگی.
ئیلحاح: زیاد لە پێویست داوای شتێک کردن.
ئینساف: بەرپابوونی دادپەروەری.
ئینعام: بەخشین، خەڵات، مووچە.
ئینقراز (ئینقراض): بنبڕ، قڕ، شوێنەوار بڕاو.
ئینە: ئەمە.

## ب

باب: (١) باوک، (٢) دەرگا.
بابا: (١) باپیرە، باوە گەورە، (٢) بەتورکیش مانای (باوک) دەگەیەنێ کە شاعیر بەکاری هێناوە.
بابان: بنەماڵەیەکی ناسراوی ڕەسەنی کوردن.
بابۆ: باوک.
باتمان: کێشانەیەکە بەرامبەر بەشازدە کیلۆ و نیو.
باطیل: بێ کەڵک، ناڕاست، ناهەق.
باطین: نهێنی، شاراوە.
باج: (١) پیتاک، خەرج، ئەو پارەی کە پیاوی میری لە خەڵکی دەسێنێ، (٢) سەرانە.
باجگیر: باجئەستێن، باجوەرگر.
باچە: بڵێ.
باد: (١) با، هەوا، (٢) ببێ (موبارەکش باد) واتە: پیرۆزی بێ.
بادان: بەباکردن.
باد سەرسەر: بای ساردی بەتەوژم، بای تیژ و بەهێزی ساردوسڕ.
بادە: شەراو، مەی.
بادەقوش: بەیانقوش، کونە پەپوو، کوندە بوو.
بارۆم: بهێنم.
باری: بهێنم؟
باریم: بهێنین؟
باز: مەلێ ڕاوچی بەناوبانگە، بازی بێریان.
بازک: بازگ، بەڵەک، دوو ڕەنگ.
بازی: یاری، کایە.
بازیان: شارۆچکەیەکە سەر بەشاری سلێمانی، دەکەوێتە سەر شەقامی سلێمانی و کەرکووک، (٢٤کم) لە سلێمانییەوە دوورە.
باسغون: هێرشی کتوپڕ.
باصدوقە: کووپەی گڵێنە، گۆزەی ڕۆن و دۆشاو و ترشی.
باشقە: بێ وێنە.
باشقەی ئوستادان: مامۆستای مامۆستایان.
باعیس: هۆ، سەبەب.
بالە: شتومەکی ئامادەکراو، تایە لەبار.

باڵین: سەرین.
بام: (١) ببم، (٢) بان، سەربان.
باما: بهاتایە.
بانوو: خانم.
باوە: (١) تیرەیەکی وەجاخزادەی ناسراوی کاکەییبیە، (٢) باوک.
باوەرین: بێنین.
باوە شاسوار، یان (بابا شاسوار): ئارامگای پیاو چاکێکی کوردی کاکەییبیە، ها بەسەر لوتکەی کێوێکەوە بەسەر شاری کفریدا دەڕوانێ بەلای ژووریەوە، لە دەوروبەری سەدەی نۆیەمی کۆچی ژیاوە، لە داوێنی شاخەکەدا گۆڕستانێ هەیەو لەژێر پێیشیدا (قشلە)ی پۆلیس هەیە، هەروەها لەسەر لوتکەکە ئاسەواری سەنگەرێکی مێژوویینە بە(قزلەر قەلعەسی)، ناوبانگی دەرکردووە، واتە: قەڵای کچان.
باهوو: بازوو، باڵ.
بای: ببی.
بایی دەو: بای پرهێز، بای شەماڵی تیژ
بئس المصیر: خراپترین شوێن و جێگا لە دۆزەخدا.
بدۆ: بدا.
برادەر: برا.
برمارا: دەردەکەن.
برێژنەش: ببرێژە.
بزاو: گوێرەکە.
بستانم: بستێنم.
بسیار: زۆر.
بشۆ: بڕوا.
بشۆم: (١) بڕۆم، (٢) بشۆرم.
بکەرۆم: (١) بمکا، (٢) بکەم؟
بکەرەش: بکە.
بگێر: بگرە.
بگێرۆت: بتگرێ.
بگێلۆ: بگەڕێ، وەرگەڕێ.
بگێلی: بسوورێم؟
بلمێ: بڕۆین.
بلۆ: بڕوا.
بللوور: جۆرێ شووشەی جوانی ئەستوورە.
بلە: بڕۆ.
بلی: بڕۆم؟
بڵێزە: بڵێسە، گڕی ئاگر.
بمانم: بمێنم.
بمانی: بمێنی.
بنغاز: شارێکە لە وڵاتی لیبیا.
بنەرە: داینێ.
بوازۆن: بخوازێ، داوابکا.
بوانان: بخوێنن.
بواندێ: بخوێنن.
بوت: ببێ.
بۆتە: دەفرێکی بچکۆلانەیە زێرگەرەکان زێری تێدا دەتوێننەوە.
بوخارا: شارێکی گەورەیە لە ناوەڕاستی ئاسیای ناوەڕاستدا کە شاری ئیمامی بوخارییە.
بودێ: ببن.
بوور: (بۆر) ڕەنگی سپی ئامال زەرد، ڕەنگی شەککەری، دەسنیشانە بۆ ڕەنگی تەپلەی عەجەم.



بوران: دۆزینەوە.
بوڕدێ: ببڕن.
بوریان: برین، زام.
بۆرین: بخۆین.
بوزورگ: مەزن، گەورە.
بۆس: ماچ.
بو عەلی سینا: ئەبو عەلی حوسەین کوڕی عەبدوڵڵا (٩٨٠- ١٠٣٧ ی ز.) فەیلەسووف و پزشکێکی موسڵمان بووە، زیاتر لە (١٠٠) بەرهەمی جۆراوجۆری لە یاساو فەلسەفەو پزیشکیدا هەبووە، لە یەکێ لە دەسنووسەکاندا لە جیاتی (بو عەلی سینا) نووسراو (عبو علینا).
بوڵان: لێڵکردن.
بولوک: دەستە، تاقم، بڕێ.
بوڵەند: بڵند، بەرز.
بوهتان: بوختان، بوختیان.
بوەرین: (١) بکەین، (٢) ببەین.
بووەزەش: فڕێیدە.
بۆیاغ: (١) ڕەنگی دەرمان، (٢) گۆبەن، ئاژاوە گێڕان.
بۆیاغخانە: خمخانە، ئەو شوێنەی بەن و کەل و پەلی تێدا ڕەنگ دەکەن.
بۆیلە ئۆڵمەزسە: وانەبێ.
بەتەر: خراپتر.
بەتیە: پارچەیەکی ناسکە بۆ عەبای هاوینە بەکاردێ.
بەجەڕ: (١) گولمێخ، بزماری بەپێچ، (٢) برین، تاشین، هەرشتێکی نووک تیژی کاریگەر.
بەچە: بێچوو، بەچکە
بەچەبازی: منداڵی چەتوون و ناڕەحەت.
بەحر بێدەر: دەسنیشانە بۆ مرۆڤی بێ پەناو بێکەس.
بەحس (بەحث): باس.
بەد: خراپ.
بەدرە: قەزایەکە لە شاری (کووت) نزیک بەسنووری ئێرانە، بەرامبەر بەشارۆچکەی (مەهران)ی ئێرانە.
بەدکار: مرۆڤی خراپ، ئەوەی خراپە دەکا.
بەدنام: بەدناو، ئەوەی ناوی بەخراپە دەردەچێ.
بەدەن: لەش.
بەرئاوەرد: دەربهێنا.
بەرڕاق: بریقەدار.
بەراو: زەوی ئاوی، بەرامبەری دێم.
بەربەر: سەرتاش.
بەرق: برووسکە، چەخماخەی هەور.
بەرزنجە: شارۆچکەیەکە سەر بەشاری سلێمانی، سەییدە بەرزنجییەکان لەم شارۆچکەیەوە نازناوی (بەرزنجی) یان بەدەست هێناوە کە شوێن و زێدی شێخ عیسێی باپیرە گەورەیانە.
بەسرە: پارێزگایەکی گەورەیە لە خوارووی عێراق، لە بواری نەوت و خورمادا دەوڵەمەندە.
بەرشی: دەرچوو.
بەرگەشت: کڵۆڵ، بەدبەخت.
بەرلووا: دەرچوو، ڕزگاری بوو.
بەرلووای: دەرچووی؟
بەرۆم: ببەم؟

بەرەش: ببیە.
بەرهەق: ڕاست و دروست، ڕەوا.
بەری: ببەم؟
بەزم: شادی و کەیف.
بەسلەمە: ئاژەڵی دابەستە.
بەعیر: وشتر.
بەگلق: جۆرە چەکێکی جارانە.
بەل: بەڵکەم.
بەڵخ: شارێکە دەکەوێتە ئەو پەڕی ئێرانەوە.
بەلی: (١) بەڵێ، (٢) ئازا، بەجەرگ.
بەغـدا: ناوی شـارێکی گـەورەیە، لە سـاڵی (٧٦٢ ی ز.)، خەلیفەی عەبباسی ئەبو جەعـفـەری مـەنسـوور لەسـەر ڕۆخی ڕووباری دیجلە دروسـتی کـردووە، لە پاش جـەنگی جـیـهـانی یەکـەم بوو بەپایتەختی دەوڵەتی عێراق.
بەقا: مانەوە، هەمیشەیی.
بەمەی: دەیبەم.
بەندە: عەبد، غوڵام.
بەو: وەرە.
بەهانە: بیانوو، پەڵپ.
بەهر: (١) هۆ، سەبەب، (٢) دەریا.
بەهرام: بەنمەد پۆش ناسـراوە، عـاشـقی گـوڵە ندامی چین بووە، جـا لە عـەشـقی ئەو لبادی پۆشیوە و ڕووی لە دەشت و بیابان کردووە.
بەهرام گـۆر: پانزەمین پاشـای بنەمـاڵەی ساسانییە بەڕاوکردنی گۆر- واتە کەوی کـێـوی بەناوبانگە، بۆیە پێـیـان وتووە: (بەهرام گۆرگیر)
بەیات: هۆزێکی عـەرەبە، بەشـێکیـان لەدەورو بەری (سلێـمـان بەگ) لە دەڤـەری (خورماتوو) نیشتـەجێن و بەتورکمانی ئاخافتن دەکەن.
بەیاتە: ڕۆنی هەڵکزاوی بەز و دونگ.
بەیان: بێن، وەرن.
بەیان نەجم: ئەستێرەی بەیان.
بەیدێوە: وەرنەوە، بێنەوە.
بەیغوش: کوندەبوو.
بەینەت: وەفا، ئەمەگ.
بەیۆ: بێت.
بێبار: بێبەر.
بَیْت الحَرامْ: کەعبە، سحابە، ماڵی خوا.
بَیْتُ المَعْمُور: بالاخـانە، یا: مـزگـەوتێکە لە ئاسمان لە سەرووی کەعبەوە.
بێچوون: بێهاوتا.
بێخ: بن و ڕیشە.
بیـد: درەختی بی، جۆرە درەخـتـێکی بێ بەری کێوییە، لەسەر ڕۆخی چەم و ڕووبارەکان دەڕوێ.
بیر: یەک، ژمارەی (١).
بیـژەن: پاڵەوانێکی ناودارە لە بەرەی داسـتـان، خوشکەزای ڕۆستەمی زاڵ بووە، عاشقی کچی ئەفراسیاب بووە، کە ئەفراسیـاب پێی دەزانێ لە چاڵێکی تاریکا بەندی دەکـا تا ڕۆسـتـەمی زاڵ ئاگـادار دەبێ و ڕزگاری دەکا.
بیس: بیست، ژمارەی (٢٠)
بیسات: زەوییەکی فرەوان.
بێش: فرەوان، زۆر.



بێشۆ: لە ڕادەبەدەر، زیاد لە ئەندازە.
بێ شوبهە: بێ گومان، بێ شەک.
بێشە: مێشە، دەحل، دارستانی درەختی بی لە ڕۆخی چەم.
بیغ: سمێڵ.
بیلازک: جۆرە بازنێکی کۆنی پانە.
بیلدمز: ئەوەی دەیزانین.
بیلە: پێکەوە.
بیم: ترس.
بینباشی: (نەقیب)، ئەفسەری سێ ئەستێرە، ئەفسەری هەزار کەسی.
بێ نەزیر: بێ هاوتا.
بێوە: بێوەژن.
بێهوودە: بێ سود، بێفەڕ، بێ بەهرە.
بیا: بیوایە.
بییا: وەرە.
بییابین: هاتبوون.

## پ

پابۆس: پێ ماچ کردن، داوێن گرتن، تکا کردن لە یەکـێکی گـەورە بۆ ئەوەی کـارێکی بۆ ڕاپەڕێنێ.
پاتشای کەرەمدار: شای دەهندە، خوا.
پاتشای بێچوون: شای بێ هاوتا، خوا.
پاتشای سـەمـەد: (اللّٰهُ الصَمَدْ)، خوا کە هیچ ناتەواوییـەکی نیـیـە و پێـویسـتـیـشی بەکەس نییە.
پاتشای غەفوور: شای بەخشندە، خوا.
پار: پارچە، لەت.
پارە: (١) پارچە، لەت، هەلا، (٢) پوول.
پاسا: وەکو.
پاکیزە: خاوێن، تەمیس.
پاڵانی: (١) هۆزێکی کوردن لە دەڤـەری کفـری دادەنیشن، (٢) ناوی گوندێکی کوردە.
پاماڵ: لە بەین چوو، تەرتوتونا.
پایدۆست: دەس لەکار هەڵگرتن، زایەڵەی دەس لە کار، یان: لە جەنگ هەڵگرتن.
پدەر: باوک، باب.
پرتاف: پرتاو.
پۆخ: گوو، پیسی مرۆڤ.
پوشت: نێری حیز، پیاوی گاندەر
پەتیـارە: (١) بەلا، (٢) ناشیـرین، (٣) فـێڵ (٤) خــوێڕی، (٥) بێ عــار، (٦) بەرەڵڵا.
پەتیـاک: تەکیـا، بەکـەسـێک دەوترێ مـاڵ و سـامـانێ زۆری هەبووبێ و بەهۆی تالان کردنەوە کەوتبێتە سەر ساجی عەلی.
پەرحە: پەچە، سەرپۆش.
پەرسام: پرسیم.
پەراگەندە: ئاوەکی، دوورکەوتنەوە.
پەروا: باک، ترس، سڵکردن.
پەرواز: باڵە فڕێ، فڕین.
پەروێز: کـوڕی کـیـسـرای نەوشـیـروانە، لە شانامەی فیردەوسیدا ناوی هاتووە.
پەرهێز: پارێز.
پەرێ: بۆ.
پەرێشان: بۆیان.
پەرێم: بۆم.
پەزێر: قبووڵکەر.
پەس: دوا، پاش.

پەلاس: پارچە بەرەی کۆن، پارچە ڕەشماڵی بێ کەڵک.
پەڵک: درەختێکی کێوی بێ بەرە، لەسەر ڕۆخی چەم و ڕووبار دەڕوێ.
پەلید: پیس، ناپاک، چڵکن.
پەنجپارە: جۆرێکە لە پارەی کۆن.
پەند: (١) ئامۆژگاری، (٢) فێڵ، کەڵەکبازی.
پەنم باچە: پێم بڵێ.
پەنهان: نادیار، پێوار.
پەهلو: لا، کەناری سینگ و زک.
پەی: بۆ.
پەیاپەی: (١) بێ پسانەوە، (٢) هەمموو، گشت.
پەیت: بۆت.
پەیتان: بۆتان (پەیتان باری)، واتە: بۆتان بهێنم؟
پیچ: پووچەڵ، هیچ و پووچ.
پیر: (١) پیری تەریقەت، (٢) مرۆڤی بەتەمەن.
پیران: کۆی پیر، بڕوانە پیر.
پیرۆزە: بەردێکی ڕەنگ ئاسمانی بەنرخە، لە مەعدەن دروست دەکرێت، بەزۆری بۆ نەقیمی ئەنگوستیلە بەکار دەهێنرێ.
پیسەر: ڕۆڵە، منداڵ
پێوار: نادیار

## ت

تاب: (١) هێز و توانا، (٢) لار، خوار
تابوور: تیپ، ڕیز (فیرقە).
تابیع: پێڕەو، ئەو کەسەیە کە سەر بەکەسێکی ترە.
تاپۆ: قەباڵە، قەواڵە.
تاتە: باوک، باب.
تاجی: تاژی، تانجی.
تار: (١) ئاوارە، (٢) تاریک، (٣) ئامێرێکی مۆسیقایە، (٤) تاڵەموو.
تاراج: تاڵان، چەپاو.
تار و مار: تێک و پێک، لەناوچوو.
تاعوون: ناوی جۆرە درمێکە تووشی مرۆڤ دێ.
تاعەتگوزاران: کڕنۆش، ئەوانەی ملکەچی ڕێ و ڕەسمی ئاینن.
تاڵاو: دەرد و خەم و پەژارەی زۆر.
تاڵع: بەخت، تاڵە، ئیقباڵ.
تاڵە: بڕوانە تاڵع.
تاڵەبانی: تاڵەبان، گوندێکی بچووکە دەکەوێتە پشت ڕووباری (ڕۆخانە)وە لە ناوچەی (چەمچەماڵ)، شێخەکانی تاڵەبانی لەم گوندەوە هاتوون و بە ڕەگەزیش دەچنەوە سەر مەلا مەحمودی زەنگەنە، بنەماڵەی تاڵەبانی لە شاری کەرکووک و دەڤەری قادر کەرەم و داقوق و خانەقی و کفری و قەرە حەسەن و کۆیەدا نیشتەجێن.
تاوس: مەلێکی ڕەنگاوڕەنگی جوانە.
تاوغ (داقووق): قەزای داقووق سەر بەشاری کەرکووکە.
تاها (طه): یەکێکە لە ناوەکانی حەزرەتی محەممەد پێغەمبەر (د.خ).
تایف الملوک (طایف الملوک): ئەو داروەدەستەیەی کە سەر بەپاشان.
ترخێنە: دۆینە.
تفەنگچی: (١) چەکدار، (٢) تفەنگساز.



تۆپراغ: خاک، خۆڵ.
تۆپز- ئاوا: (تۆپزاوە) - گوندێکی کاکەیی کوردنشینە، دەکەوێتە خۆرنشینی داقووقەوە بە(٩کم)ە، لە ساڵی (١٩٠٣ی ز.) ئاوەدان کراوەتەوە.
توتیا: کل، خۆڵی زۆر ورد.
توخم: تۆو، تۆم.
توور: کوڕی فەرەیدوون کوڕی جەمشید شایە، ناوی لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە.
توران: وڵاتی تورکیا، زووتر ئەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە پێیاندەوت - توران.
تۆربە (تۆربا): توورەکە.
تورفە: هەر شتێکی تازە پێگەیشتوو.
تورمە: تارا، جۆرە سەرپۆشێکی ئاورێشمی زۆر تەنکە دەدرێ بەسەر بووکا.
توڕڕە (طوڕڕە): (١) نەخش و نووسینی سەر دراو، (٢) نیشانە.
تۆشە: تویشە، تویشوو، نان و زادی ڕێگە.
تووکسز: بێ موو.
تولووع (طلوع): دەرچوون، هەڵاتنی ڕۆژ.
تومەن: تومان، پارەی ئێرانییە.
تون وەتون: توناوتوون، بەیەکجاری فەوتان و ئاسەوار نەمان.
تەبەسسوم: بزە، بزەی سەرلێو.
تەپلە: کڵاوی لباد، جۆرە کڵاوێکە هەڵلاجەکان لە بەرەگن ئامادەی دەکەن، زووتر بەزۆری ئێرانییەکان بەکاریان هێناوە بۆیە لە وڵاتی ئێمەدا بە(تەپلەی عەجەم) ناو دەبرێ.
تەحقیق: لێپرسینەوە.
تەخڵیس: پاک و بێ گەرد کردنەوە.
تەدارەک: تەداروک، تەدارک، ئامادەکردن، شتێک لە جیاتی شتێکی تر دابنرێ.
تەڕاڵ: تەمبەڵ، سست و بێکار.
تەرجیع بەند: لە زاراوەی زانیاری و جوانی و ڕازاوەییدا شاعیر لە شیعرەکەیدا خشتێک، یان نیو باڵ دووپات دەکاتەوە.
تەرس: قەستەقوڵ، قەرسەقول، پیسی یەک سم.

تەرفەتولعەین (طرْفَةُ العَيْنْ): چاو پورکاندن.
تەریف (طریف): ناسک، تازە و نوێ.
تەزەڕوع (تَضَرُعْ): ملکەچی و پاڕانەوە.
تەسبیح: (١) تەزبیح، (٢) وتنی (سُبْحانَ اللّه)، یاد کردنی خوا، زیکر و پاڕانەوە لە خوا.
تەسەللا: سەبووری.
تەشریف: خۆ بەزل پیشاندان، خۆ دەرخستن.
تەشنە: تینوو.
تەق: (١) دیق، نەخۆشی سیل، (٢) دەنگی ڕەق وە ڕەق کەوتن، دەنگی تۆقین وەک تەققەی گوللە، (٣) شەق (تەق ئەوەم).
تقي الدين: سەردارێکی کۆنی تورک بووە، لە ساڵی (١٢٩٣ی ک.) ئەم و عومەر پاشای دیاربەکر هۆزی ئاکۆیان تاڵانکرد.
تەگرک: تەرزە.
تەل: تەلەفۆن.
تەڵا: زێڕ.
تەڵاش: کۆشش، ڕەنجدان بۆ بەدەست هێنانی شتێک.

تەلغوراف: برووسکە.
تەلقین: بیر و هۆشدان بەئاخافتنی کەسێک.
تەلەغار: ئاواییییەکە سەر بەشاری کەرکووک، دەکەوێتە باشووری شارۆچکەی (تازە خورماتوو)ەوە بەچەند کیلۆ مەترێک، زووتر زۆربەی دانیشتوانی کاکەیی بوون.
تەلیسم: نوشتە و جادوو.
تەن: لەش، بەدەن.
تەنخوا: کوتاڵ، ماڵی بازرگانی، دەسمایە.
تەواسا: تاساو، وڕوگێژ
تەوان: توانا، هێز.
تەوبەی نەسووح: دەسهەڵگرتن و پاش گەزبوونەوە لە گوناه و کاری خراپەکردن بۆ یەکجاری.
تەور: جۆر، شێوە، ڕەوشت، ئەنداز.
تەورات: ئەو کتێبە پیرۆزەیە کە خوای مەزن بۆ مووسا پێغەمبەری دابەزاند.
تەوفیق: سەرکەوتن، سەرخستن.
تەوەس: ناوی جۆرێکە لە تووتن.
تەهران: شارێکی گەورە و پایتەختی ئێرانە.
تەهرانی: پولێکی کۆنی ئێرانییە.
تەهمینە: کچی میر (سەمەنگان)ە، دایکی زۆرابە و ژنی ڕۆستەمی زاڵە، لە شانامەی فیردەوسیدا ناوی هاتووە.
تەهمەتەن: نازناوی ڕۆستەمی زاڵە کە لە شانامەی فیردەوسیدا بەقارەمانێکی زەبەردەست ناوی هاتووە.
تەی: گەڕان و سووڕانەوە.
تیر ئەنداز: تیر ئەناز، تیر هاوێژ، کەسێ کە تیر لە کەوان دەهاوێ.
تینگ: تینوو.

## ج

جا: شوێن.
جابر: (١) ستەمکار، زاڵم، بێ مروەت، (٢) ئێسک سووک.
جاری: ڕەوان، هەرشتێک لە ڕۆیشتندا بێ.
جاف: هۆزێکی بەناوبانگی گەورەی کوردە، زووتر کۆچەری بوون.
جاگە: جێگە، شوێن.
جالینۆس: (١٣١- ٢٠١ی ز.) زانایەکی پزشکی بەناوبانگی یۆنانییە، لە شاری ڕۆما مردووە.
جام: (١) شووشە، (٢) ئاوێنە، (٣) کاسە.
جاماسی (جاماسب): فەیلەسوفێکی ئێرانییە، لە هەندێ ریوایاتا بەکووڕی دانیال پێغەمبەری ناو دەبەن، کتێبێکی بەناوبانگی لە بواری پەندا هەیە بەناوی (جاماسبنامە).
جان: گیان.
جانی: زانایەکی جادوگەری بەناوبانگی شیرازییە.
جاو: جانگ، تەنراوی جۆڵا لە دەزووە لۆکە.
جاوید (جاویدان): مانەوە، پایەدار.
جاهێڵ: لاو، نەوجوان.
جبرائیل: ئەو فریشتەیەی کەوا قورئانی پیرۆزی هێنایە خوارەوە بۆ حەزرەتی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، سەرۆکی هەموو فریشتەکانە.
جبوور: ناوی هۆزێکی عەرەبە.
جربە: ناوی گوندێکی کۆنە لە ناوچەی کفریدا.
جفید: (١) کابرایەکی جوو بووە لە دەڤەری



شارۆچکەی (داقووق)، (٢) بێ باوەڕ، بێ ئیمان، زەندیق.
جک: جگ، میچ، قاپ.
جلفر: شێتۆکە، گەلحۆ، مرۆڤی هیچ وپووچ، گوێ نەدەر بەهەموو شت.
(جَنَةُ المأوْى): یەکێکە لە بەهەشتەکانی خوای گەورە.
جوانمەرد: (١) جوامێر، ئازا، (٢) چاوتێر.
جوجوقلار: منداڵەکان.
جۆق جۆق: تیپ تیپ، پۆل پۆل.
جوققە: نەقشی سەر زێر، نەقش و نیگاری سەر دراو.
جوهوود: جوو، یەهوودی.
جۆش: کوڵ، قوڵتی ئاوی گەرم.
جوناخ: چەناغ، بریتییە لە دەفرێکی گلێنەی بچووک، پیشەی گۆزەکارەکانە.
جەراد: کوللە.
جەرد: ئەو زەمینەی کە گیای لێ ناڕوێ.
جەزووع: بێتاماڵ، بێ حەوسەڵە.
جەفا: بێهوودە، بێ نرخ، بەتاڵ، هەرشتێک کەڵک و سوودی نەبێ.
جەلابی: ناوی (ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی عوسمان کوڕی ئەبو عەلی)یە، یەکێکە لە نووسەران و زانایانی سەدەی پێنجەمی ئێرانی.
جەلد: چاپووک.
جەم: کۆ.
جەمشید جەم جام: جەمشید کوڕی تەهمووسە، یەکێکە لە شاهە ئەفسانییەکان، چوارەمین شاهەنشای پێشدادییەکانە، بەپێی شانامە حەوت سەد ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، جەژنی نەورۆز لەلایەن ئەوەوە بنیادنراوە، جامێکی ئەفسانەیی هەبووە گوایە ئەم جامە نەخشەی هەموو جیهانی تێدابووە، یان: هەموو جیهانی لەناو ئەو جامەدا دیوە جا لەبەر ئەوەیە (جامی جیهان نوما) و (جامی جیهان بین)یشیان پێ وتووە.
جەمشیدشا: بڕوانە جەمشید جەم جام.
جەمجەمە: کۆکردنەوە، هۆی کۆکردنەوە.
جەمع: کۆ.
جەمین: توێڵ، ناوچەوان.
جەندرمە: پۆلیسی تورکان.
جەنگی: جەنگاوەر.
جەو: جۆ، یەو.
جەور: ستەمکردن، گومڕا، لە ڕێگەی ڕاست لادان.
جەولان: تاو، سوڕخواردن بەهەر چوار دەوردا.
جەیحوون: ناوی ڕووبارێکە درێژیی (٢٥٤٠کم)ە، لە شاخی پامیر لە هیندستان هەڵدەقوڵێ و بەناو ئاسیای ناوەڕاستی وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا تێدەپەڕێ و دەڕژێتە ناو دەریای ئوراڵ، ئێستا (ئەمودەریا)ی پێ دەڵێن.
جیدد: کۆشش، ڕاستی و هەقیقەت.
جیرە: مووچە، بەشە نان و بژیوی ڕۆژانە.
جیفە: لاشەی گەنیو، دەستنیشانە بۆ تەماح و ماڵی دنیا.
جیلوە: (١) دەرخستن، پیشاندان، نواندن، (٢) ناز و عیشوە.

جیلەو: پێشەنگ، پێشڕەو.
جینان: کۆی (جەننەت)ە، بەهەشت.
جیهان ئەفرووز: (١) ڕووناک کەرەوەی جیهان، خۆر، (٢) ناوی شۆڕە ژنێکی ئەفسانەییە.
جیهانبەخش: پاڵەوانێکی سەردەمی کۆنی ئێرانە، لە شانامەی فیردەوسیدا ناوی بەئازایی و نەبەردی هاتووە.

## چ

چاخ: ساز و ئامادەکراو.
چار: چوار، ژمارەی (٤).
چارتە: شکارتە.
چامر: قوڕ.
چان: چەند باوەشێ گیای مارگیر، یان کوناریان دەهێنا و دەیانچەسپاند بەسەر یەکدا، ئنجا بەگوریس و چەند پارچە دارێک دەیانبەست، بەهۆی دوو گا، یان گوێ درێژ جوتیارەکان خەرمانیان پێ گێرە دەکرد و دەیانکوتا.
چاوچەرخ: خێل.
چاوشەیل: چاوشێل، چاوشەکان.
چاھ: چاڵ.
چاھ غەبغەب: چاڵی چەناگە.
چخ: چخە، وشەیەکە بۆ دەرکردنی سەگ بەکاردێ.
چراغ: (١) چرا، (٢) بەتورکی مانای (شاگرد) دەدا، شاعیر بەکاری هێناوە.
چرکن: چڵکن، پیس.
چڕ و فڕ: بیانوو، هیچ وپووچ.
چرووک: قەڵب، بێ نرخ.

چکاچاک: دەنگی بەیەکاچوونی چەک وەکو شمشێر و خەنجەر و گورز لە کاتی جەنگ یان مەشقدا.
چڵماس: چڵێس، چاوچنۆک بۆ خواردن، نەوسن.
چلوسیا: بێ هێز و لاواز، لاوازی بەهۆی نەخۆشییەوە.
چڵێس: چڵێز، نەوسن.
چمان: چما، بۆچی، لەبەرچی؟
چنگاڵ: قولاّبی لە ئاسن.
چۆخ: زۆر.
چۆغان: گیایەکە وەک ئەسپۆن کەف دەکا، جاران وەکو ساوین کەل وپەلیان پێ دەششت.
چۆماغ: کوتەک، مێکوت.
چۆماق: کوتەک.
چوونەن: چۆنە.
چە: (١) جە، لە، ژە، (٢) چی، کاکەیی لە عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی بەنووسین و ئاخافتن (چە) بەکاردێنن نەک (جە) هەروەها شاعیریش لە دەستنووسەکەیدا ئەمەی ڕەچاو کردووە.
چەمچەماڵ: قەزایەکی کوردنشینە، سەر بەشاری کەرکووکە.
چەپاو: تالان.
چەپگەڕ: ئەوەی بەخواروخێچی دەگەڕێ، دەسنیشانە بۆ ئەم دنیای بێ وەفایە.
چەتوون: ناڕاست و تووش، دڵ ڕەق، زەحمەت.
چەرمە: سپی، چەرموو.
چەشم: چاو.



چەقماقچی: تفەنگساز (چەخماخچی).
چەکاوک: پەلەوەرێکی دەنگخۆشە، کلاوکوڕە.
چەکمە: جزمە، کەوشی تا ئەژنۆ.
چەل: دەست هەڵنەگرتن، یەکێ دەستی بشکێ بەپەتێک یان پارچە قوماشێک دەیبەستن و هەڵیدەواسن تا چاک دەبێتەوە.
چەڵە: کورت کراوەی (چەلاک)ە، داری میوە تەکاندن.
چەم: (١) چاو، (٢) کانی، (٣) چەماو، خوار.
چەمچە: کەوچک.
چەمدان: چەوت بووەتەوە، لار بووتەوە.
چەمەری: جۆرە ئاوازێکی لاواندنەوەی فۆلکلۆرییە بەدەهۆڵ و زوڕناوە پێشکەش بەمردوو دەکرێ لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتنیدا.
چەن: (١) دەرزی، (٢) چەند.
چەناغ: دەفرێکی گڵێنەی بچووکە، پیشەی گۆزەکارەکانە.
چەناق قەڵا: (جنان قلعە)، شارێکە دەکەوێتە سەر تەنگەبەری دەردەنیل لە وڵاتی تورکیا، لە کاتی خۆی شەڕێکی گەورە لەم شارە بەرپا بووە لە نێوان ئینگلیزەکان و تورکەکان، کوشتاری ئەم جەنگە گەیشتە سەد هەزار سەرباز، لە ئەنجامدا تورکەکان سەرکەوتن.
چەنگ: چنگ.
چەنەت: لێت.
چەنی: (١) لەتەک، (٢) چۆن؟
چەنیم: لەتەکم، لەگەڵم.

چەو: چاو.
چەهار: چوار، ژمارەی (٤).
چەهارەم: چوارەم.
چەهرە: چارە، ڕوخسار.
چێر: ژێر.
چیز: شت، هەرشتێکی بێ گیان.
چیزێ: شتێک.
چێش: (١) چی، (٢) چییە.
چێشەن: چییە.
چیگەی عوسمان: لیرەی عوسمانی، زێڕی سەردەمی عوسمانی.
چینک: چینی، جۆرە دەفرێکی قوڕینی جارانە.

## ح

حاتەم تەی: کوڕی عەبدوڵڵای تائییە، ناودارێکی عەرەب بووە، لە دوا ساڵەکانی پێش ئیسلامدا ژیاوە، بەچاو تێری و دەهندەیی ناوی دەرکردووە.
حاجەت: پێویستی، نیاز، شتێک کە پێویست بێ.
حافز (حافظ شیرازی): ناوی شەمسەدین محەممەدە، یەکێکە لەکەڵە شاعیرەکانی ئێران، بەرهەمەکانی شاکار و مەزنن، لە ساڵی (٧٩١ ی ک) لە شیراز کۆچی کردووە و هەر لەوێیش سپاردەی گڵ کراوە، ئێستا ئەو شوێنە پێی دەڵێن (الحافظیة).
حایج: جۆڵا.
حوب: دۆست، عەشق.
حوجب: پۆشین، دەبەرکردن.
حورمە: ئافرەت، ژن.

حورمەت: ڕێز و قەدر.
حوسکە: جۆرە تفەنگێکی جارانە.
حوسە: کورت کراوەی ناوی (حوسێن)ە.
حوسەین: حوسێن کوڕی حەزرەتی (عەلی)یە – (٦٢٥- ٦٨٠ ی ز.) لە شاری کەربەلا سپاردەی خاک کراوە، لەسەر خیلافەت لەگەڵ یەزیدی کوڕی موعاویە تێک چوون، لە ئەنجامی جەنگێکی خوێناوی سەخت و خۆڵ لە کەربەلا ڕووی دا حوسێن بەدەستی شمر کوژرا و یەزید بەخەلیفە مایەوە.
حونەین: شیوێکە دەکەوێتە نێوان مەککە و تائیفەوە، لە سەردەمی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) تیایدا جەنگ لە نێوان موسڵمانان و بێ باوەڕەکاندا ڕوویداوە، لە ئاکامدا موسڵمانەکان سەرکەوتن.
حەدیدی: بنەماڵەیەکی عەرەبن لە کەرکووک دادەنیشن، زووتر گامێشیان بەخێو دەکرد.
حەدیس ئەقدەس: حەدیسی قودسی کە فەرمایشی محەمەد پێغەمبەرە (د.خ).
حەرا: کراوە، پان و پۆڕ.
حەریق: (١٨٥١- ١٩٠٧ی ز.) ئەم شاعیرە ناوی سالح کوڕی مەلا نەسروڵلای (زێویە)یە، زێویە ناوی گوندێکە لە ناوچەی شاری سلێمانی.
حەریم: کەیبانۆ، ژن.
حەسار: حەوش، شوورە.
حەسەن: کوڕی ئیمامی (عەلی)یە، لە (مەدینە) بەخاک سپێردراوە، لە ساڵی (٤١ ی ک.) لە پاش کوشتنی باوکی بوو بەخەلیفەی موسڵمانان بۆ ماوەی (٦) مانگ و (٥) ڕۆژ، لە پاش ئەو موعاویە بوو بەخەلیفە.
حەسەن کەنۆش (میرزا حەسەن جنوونی): بەنەتەوە کوردە لە هۆزی (دەلۆ)یە، لە ساڵی (١٨٤٠ ی ز.) لە دایک بووە لە ساڵی (١٨٩٤ ی ز.) مردووە، شاعیرێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە، کچێکی هەبووە بەناوی (پیرۆز)، جگە لەوەی شاعیر بووە، ئافرەتێکی ژیر و وریا بووە، ئەم خانمە لە ساڵی (١٩١١ی ز.) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.
حەق: (١) خوا، (٢) ڕاستی.
حەلەب: پارێزگایەکە لە وڵاتی سوریا.
حەنا: خەنە.
حەی: (١) زیندوو، (٢) مار.
حەیی بێ زەواڵ: خوا کە هەر خۆی نەمرە.
حەیدەر: نازناوی حەزرەتی ئیمامی عەلییە، چوارەم خەلیفەی موسڵمانان.
حیرس: ڕک و تووڕەیی.
حیلم: حەوسەڵە، تامڵ، سەبر.
حیللە: شارێکە دەکەوێتە خوارووی عێراق.

## خ

خاب: خەو.
خاتر تەنگ: دڵ تەنگ، زەبوون.
خاتر خواهی: (١) بەئارەزووی خۆم، (٢) ئەویینداری.
خاتر غەم: خەمبار، دڵزویر.
خاج: خاچ، سەڵیبی مەسیحییەکان.



خار: (١) چقڵ، درک، (٢) بێگانە.
خاس: باش، چاک.
خاسان: کۆی خاس: چاک.
خاسیران: کۆی (خاسر): دۆڕاندن.
خاکستەر: خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە.
خالد بن وەلید: خالد کوڕی وەلید کوڕی ئەلموغیرەی ئەلمەخزومییە، لە ساڵی (٢١)ی کۆچی بەرامبەر بە (٦٤١- ٦٤٢ ی ز.) مردووە، یەکێکە لە ئەسحابەکانی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، پێغەمبەر نازناوی (سیف الله)ی داوەتێ لەبەر ئەوەی سوارێکی ئازاو نەترس بووە.
خالس: شارۆچکەیەکە سەر بەشاری (بەعقووبە).
خانای قوبادی: (١٠٨٣- ١١٦٨ ی ک.) زانایەکی ئاینی و شاعیرێکی پایە بەرزی کوردە، بەرهەمەکانی بەزۆری بەشێوازی (گۆران) لە قاڵبی چیرۆکدا داڕێژاوە وەکو:
(خوسرەو و شیرین، یوسف زلێخا، لەیلا و مەجنوون، ئەسکەندەر نامە، حەوت بەندی خانا، دیوانی خانا)، لە ساڵی (١١٥٣ ی ک.) دەستی بەنووسینی بەرهەمە شاکارەکەی (شیرین و خوسرەو) کردووە.
خانە: ماڵ، کەیل.
خانەقا: تەکیە، سۆفیگە.
خاوێر: خەو بردنەوە، نێوان بێداری و خەو.
خایە: خایی، هێلکە.
ختوور: کۆی (خەتەر): بڤە.
خدر ئەلیاس: ناوی یەکێکە لە پێغەمبەران، بەناوبانگە بەخدری زندە، لەلای موسڵماناندا پێغەمبەرێکە هاوڕێی مووسا بووە، قورئان ناوی هێناوە، لەلای سۆفییان و دەروێشان پایە و پلەیەکی بڵندی هەیە.
خدێ: خوو، ڕەوشت، ئاکار.
خرس: (١) ورچ، (٢) یەکانەی بەراز، (٣) لاسار و گوێ نەبیس.
خرووس: کەڵەشێر، کەڵەباب.
خرۆش: هاوار، هەراوهوریا.
خرێنە: کشتەکی سێ یا چوار تاڵی، دەمی جەواڵی پێ دەبەستن.
خواجا: مامۆستا، مەلا، گەورە.
خواردگ و خەفتک: خواردن و خەوتن، بۆ مرۆ، یان: وڵاخی تەمبەڵ بەکاردێ.
خوارزار (خوارسار): زەبوون، کز و لاواز، زەلیل.
خوتەن: ناوچەیەکە لە تورکستانی سەروو، بەناوبانگە بەجۆرە ئاسکێکی زۆر جوان.
خوردە: (١) بچووک، (٢) خواردن.
خورماتوو: ناوی قەزایەکە لەسەر ڕێگای کەرکووک و بەغدا، (٩٥ کم)ە لە کەرکووکەوە دوورە، بە(دووز) (دووز خورماتوو)یش ناو دەبرێ، زۆربەی دانیشتوانی کوردن.
خۆر نەوەزان: کێوی خۆر نەوەزان لە نێوان هۆزی داودە و تاڵەبانیدایە، دەکەوێتە خوارووی ئاوایی (قەواڵو) بە (١کم)ە، لەسەر

ڕۆخی زێی (ئاوه سپی)یه، بەهاوینان خۆش و فێنکه.

خوسرەو: خوسرەوی دووەم، یا خوسرەوی پەروێز، نەوەی نەوشیروانی داد پەروەرە، پاشایەکی خاوەن شکۆ بووه، له سەردەمی محەمەد پێغەمبەر (د.خ) بووه، مێردی شیرینی ئەرمەنه، زۆر دەوڵەمەند بووه، خاوەنی خەزێنەیەکی گەورەی مجەوهەرات و زێڕ و پارەو پوول بووه.

خۆشخوان: دەنگخوش، گۆرانیبێژی دەنگ لەبار.

خۆشناب: ناوی جوان، ناودار.

خۆشناو: (١) ناوی هۆزێکی کورده له ناوچەی شەقلاوه و حەریر نیشتەجێن، (٢) ناوی جۆرێکه له تووتن، (٣) ناوی جۆرێ ترێی ڕەشه.

خولاسه: جەوهەری هەموو شتێک.

خوون: خوێن.

خونکار: خوێنڕێژ، پیاو کوژ.

خەبیس (خبیث): دەغەڵ، چەپەڵ، پیسکه.

خەدەنگ: تیر، ئەوەی بەکەوان دەیهاوێژی.

خەر: کەر، گوێ درێژ.

خەرامان چین: (١) ژنێکی زۆر جوان و نازدار بووه، خەڵکی وڵاتی چین بووه، له شانامه ناوی هاتووه.

(٢)خانمه شۆخ و شەنگه بەلارولەنجەکانی وڵاتی (چین) له فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کوردیدا بەخان و مان و شۆخ شەنگ ناویان هاتووه، که ژنانی ئەو وڵاتەمان بەرچاو کەوت بینیمان وانییه و ژنی کورد گەلێ لەوان جوان و شیرینترن.

خەرقه: باڵا پۆشی دەروێشی.

خەرمەن: خەرمان.

خەس: خاس، باش، چاک.

خەسته: نەخۆش، دەردەدار.

خەشم: تووڕەیی، قار، غەزەب.

خەفت: خەوت، نوست.

خەلیفه: ڕاسپاردەی شێخی تەریقەت له بریکاری شێخ.

خەم: (١) غەم، کەسەر، (٢) چەماو.

خەنا: پێکەنین.

خەندان: خەنین، پێکەنین.

خەیلێ: فره، زۆر.

خَیْرُ الأنامْ: باشترین خولقنده، مەبەست له محەمەد پێغەمبەره (د.خ).

خیردمەند: ئاقڵ، هوشیار، ژیر.

خیبیا: یخدانی وشتر.

خێز: خۆ ئاشکراکردن، خۆپیشاندان.

خێزا: هەڵسا، بەرزبووەوه.

خێزیا (خێزا): هەڵسا، بەرزبووەوه.

خیساڵ : کۆی (خَصْلَت)ه: باسی هەڵس و کەوتی کەسێک بەچاکه.

خێش: خوێش، خزم و قەوم وقیله.

## د

دائی ( دایی): خاڵۆ

دابی: دابوو

داج: شەوەزەنگ، زۆر تاریک.

داد خواه: داد بەر، ئەوەی له کەسێک یارمەتی دەخوازێ تافریای بکەوێ.



دارپەڵک: درەختێکی بێ بەره له ڕەگەزی چناران.

دارک: دەمار و لاسکه تووتن.

داروو: دەرمان.

دارۆ: هەیەتی.

دارۆم: هەمه، هەیەتم.

دارۆن: هەمه، هەیەتم.

دارەین: کینایەیه بۆ دنیاو ئاخیرەت.

داڵفێس: فێس، تەقیلەی درێژی سوور له بەرەگنی ساویاو، کڵاو سووری تورکان.

دام: داو، تۆڕ.

داماد: زاوا.

دامەنده: وەچه، پاشماوه.

دانش: دانایی و ئاگاداری، هەستکردن.

داوده: هۆزێکی کورده، دانشتووی گەرمەسێرن.

داوەر: دادوەر، کینایەیه بۆ خوا.

دایاخ: حەوسەڵه، ئارام، سەبر.

دائِمْ الأوْقاتْ: هەمیشه.

دایم المدام: هەمیشه، هەمیشه و هەردەم.

دراز: درێژ.

داری: گەنمەشامی (زوڕات).

درف: دروشم، نیشانه.

دروغ: درۆ.

دروغزەن: درۆزن، ئەوەی بەدەمی یەکێکی ترەوه درۆ هەڵدەبەستێ.

دڵگوشاد: دڵخۆش، خۆشی و شادی.

دڵواز: بەزەیی، میهرەبانی، ڕەحمدار.

دما: دوا، پاش.

دنیاری: ماڵداری، ئەوەی کۆشش و سەودا دەکا له پێناوی بەدەستهێنانی بژیو و سامان، دنیاداری.

دوازده بورج: دوازده بەش فەلەک که زەوی له دەوریان دەسووڕێتەوه، هەر کاتێک که زەوی یەکێکیان دەبڕێ مانگێکی خورشیدی تەواو دەبێ، بەم پێیه بورجەکان دوازدەن بەرامبەر بەدوازده مانگ: (بەرخ، گا، دوو پەیکەر، قرژاڵ، شێر، گوڵەگەنم، ترازوو، دووپشک، کەوان، کار، دوولک، نەهەنگ).

دوچار: گیرۆده، تووشبوو.

دوخت: کچ، دوێت.

دوختەر: کچ، کیژ.

دوود: دووکەڵ.

دورج: سندووقی بچووک، ئەو قوتووەی بۆ پاراستنی جەواهێر و خشڵ و گوڵاو و شتومەکی تایبەتی بۆ ئارایش کردنی ژنان بەکار دەهێنرێ.

دوڕسەنج: دوڕپێو، مرواری کێش.

دوڕشوناس: ئەوەی ئاشنایی و زانیاری هەبێ له مرواریدا.

دووز: (١) خورماتوو، ناوی قەزایەکه له ناوچەی گەرمیان، بڕوانه خورماتوو، (٢) خوێ.

دۆش: شان.

دۆشاب: دۆشاو، دۆشاوی خورما.

دوشنام: جنێو.

دوکان: شارۆچکەیەکه سەر بەشاری سلێمانی.

دووگەج: گەڵاکوتک، گەڵاکوت.

دوڵدوڵ: ناوی ئەسپەکەی حەزرەتی ئیمامی

عەلییە، چوارەم خەلیفەی موسڵمانان.
دوڵدوڵسوار: حەزرەتی ئیمامی عەلی.
دۆم: هۆزێکی کۆچەری کوردن، لە پیشەی کەڵاش چنین و ئامادەکردنی چەقۆ و بێژنگ و قاپ و قاچاخی دارینەدا دەستێکی ڕەنگینیان هەیە، هەمیشە لەبەر هەژاری دەوارەکانیان شڕۆڵەیە بۆیە وتراوە: (کارێکی پێ کرد با بەدەواری دۆمی نەکردبێ).
دوملّک: تەپڵی بچووک.
دوون: نزم، خوارەوە، سفلّە، بێفەڕ، بێ مایە، هیچ وپووچ.
دەبدەبە: دەنگی تەپڵ و دەهۆڵ.
دەبیر: نووسینگە.
دەججال: کەسێکی ئەفسانەیی درۆزنە، گوایە پێش ڕۆژی حەشر بەسواری کەرێکەوە دەردەکەوێ، گەلێ کەس باوەڕی پێ دەکا و دوای دەکەوێ لە پاشاندا محەمەدی مەهدی و حەزرەتی عیسا پەیدا دەبن و دەیکوژن.
دەر: (١) بدە، (٢) دەرگا.
دەرپە: لێدان.
دەردەست: دەسبەجێ.
دەرک: هەست، تێگەیشتن، فەهم.
دەرمەندە: داماو، داماک.
دەروەس: دەرگای داخراو.
دەست ئەفشار: شەربەتی دەستکرد لە میوە.
دەسبڕەس: فریاکەوتن.
دەسیسە: فێڵ.
دەغارا: شارۆچکەیەکە سەر بەشاری (دیوانیة)یە لە خواروی عێراق.
دەغدەغە: ترس و لەرز، ئاڵۆزانی هەست و نەست.
دەغەزار: دەردەدار، نەخۆشی، ناساخی
دەغەڵ: (١) دەغڵ و دانەوێڵە، (٢) گیای نامۆ لەناو دەغڵدا، (٣) فێڵباز، دەستبڕ، خراپ، نادروست.
دەقیق: ئارد.
دەگەنەگ: گەڵا کوت.
دەڵب: هەراو، بەرگ و پێڵاوی گوشاد.
دەلق: بەرگی دەروێشی.
دەلە: قۆری قاوە.
دەللی: شێت.
دەلیل: ڕابەر.
دەماغ: (١) زەوق، شادی، کەیف سازی، (٢) لووت.
دەمان: زەمان، وەختان.
دەمر: ئاسن.
دەمساز: دۆستی زۆر نزیک.
دەمەی: دەیدەم.
دەنگوز: بەراز، وەراز.
دەنی (دنیء): سووک، ناکەس.
دەو: ڕاکردن، غارکردن، بەتیژ ڕۆیشتن.
دەوان: چوست و چالاک.
دەوان دەو: ڕاکردن بەچوست و چالاکی.
دەهان: دەم، زار.
دەهر: ڕۆژگار، زەمانە.
دەهری: خودا نەناس، ئەو کەسەیە کە باوەڕی بەبوونی خوا نییە.
دەهندە: بەخشندە.



دەهەن: دەم، زار.
دەیاغ: گوڵتە، ئەوەی پشتی پێوە دەدەی.
دەیجوور: تاریک، شەوی تاریک.
دەیووس: بێ نامووس، ژن حیز، دویت.
دی: (١) دیتر، ئیتر، (٢) بدەم (قاوشان دی = قاویان بدەم).
دییار: وڵات، هەرێم.
دیبەگ: جۆرێ دنگی دارینە چەڵتووک و ساوەری پێ دەکوترێ.
دیجلە: ناوی ڕووبارێکە لە شاخەکانی کوردستانی تورکیای ئێستا هەڵدە قوڵێ بەدیاربەکر و مووسڵ و بەغدادا تێ دەپەڕێ لە قورنە لە خواروی عێراقدا لەگەڵ ڕووباری فوراتدا تێکەڵ دەبێ، ڕووبارەکانی زێی گەورە و زێی بچووک و سیروان و غازر و عزێم تێکەڵ بەدیجلە دەبن.
دیرایەت: زانا، دانا.
دێرخێز: سست، تەمبەڵ.
دیرەگ: دیرەک، ئەستوون.
دێز: ڕەنگی ڕەش، ڕەشی ئاماڵ بۆر.
دیگەر: هی تر.
دیلەنجی (دیلانجی): سواڵکەر، دەرۆزەکەر.
دین: (١) ئاین، (٢) دیتن.
دیوانخانە: دیوەخانە.
دێوانە: (١) بێ هۆش، شێتۆکە، (٢) جاڵجاڵۆکە.

## ڕ

رابعەی عەدەوییە: شاعیرێکی ناسراو و خواناس بووە، لە شاری (بەسرە) لە دایک بووە و هەر لە وێیش لەساڵی (٧٥٢ ی ز.) کۆچی دوایی کردووە، نازناوی شەهیدی عەشقی خواییان داوەتێ.
راز: وتووێژی دۆستانە.
راگە: ڕێگە.
رام: ئارام.
راویار: ڕێبوار.
راه: ڕێگە
راهی: ڕایی، کەسێ کەوتبێتەڕێ.
رَبُ القَدیرْ: خوای بەتوانا، یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوا.
رَبُ المَجیدْ: خوای مەزن و خاوەن شکۆ.
رَبُ المُعِینْ: خوای فەریاڕەس.
رزەن: فیشە گلغ.
رسووم: کۆی (رەسم) داب و نەریت، ڕێ و شوێن.
رفباز: فەنباز، فێڵباز، بەدناز.
رمووزن: مێردەزمە، دێوەزمە، جنۆکەی پیاو ترسێن، بۆ مرۆڤی دوو ڕوو و دوو زمانیش بەکاردێ.
رۆ: ڕۆژ.
روبا: ڕێوی.
روبع مەسکوون: چواریەکی ڕووی زەوی کە ئادەمیزادی تیا ئەژی، زانستی ئەمڕۆ وای دەرخستووە پێنج بەش لە حەوت بەشی کۆی زەوی ئاوە.
روبەن: ڕوبەند، پەچە، پێچە.
رۆبیتەن: پاڵەوانێکی جوامێر و نەبەرد بووە، لەگەڵ ڕۆستەمی زاڵا بەجەنگ هاتووە، لە ئەنجامدا ڕۆستەم ئەمی کوشتووە.

روپیە: دەکا (٧٥) پوولی سەردەمی پاشایەتی عێراق.
رۆز: ڕۆژ.
رۆزە: ڕۆژوو.
رۆستەم: کوڕی زاڵ کوڕی سام کوڕی نەریمانە، بەفیلەتەن و تەهمتەن و سەگزی ناسراوە، لە شانامەی فیردەوسیدا ناوی بەپرشنگداری و بەزەبەر دەستێکی بێ هاوتا هاتووە.
رووسیا: ڕوو ڕەش.
رۆم (رووم): (١) ناوی ولاتێکی بەناوبانگە لە سنووری شام، لە بناخەدا ناوی شارێکە لە ساڵی (٧٥٣- ٧٥٤)ی پێش زایین دروست کراوە، بەناوی ئەم شارەوە ئیمپراتۆرییەتێکی فراوان دامەزرا، (٢) لە کوردەواریدا بەولاَت و نەتەوەی تورکی عوسمانی دەڵێن.
رۆمات: کۆی (رۆم)، بڕوانە ڕۆم.
رۆهۆن: ڕۆن.
رۆیەک: ڕۆژێک.
رهۆن: ڕۆن.
رەخش: ناوی ئەسپەکەی ڕۆستەمی زاڵە، ئەسپی زۆر چاک و ڕەسەن.
رەدیف: (١) سەربازی یەدەک، (٢) ئەو کەسەیە کە لە پشت کەسێکی ترەوە سواری ولاخ بووە.
رەساس: (١) گوللەی تفەنگ، (٢) قورقۆشم، کانزایەکی نەرم و سپییە.
رەستاخێز: ڕاپەڕین، ڕۆژی حەشر.
رەسم: داب، ڕێ و شوێن.
رەسەندە: گەیشت.
رەسید: گەیشت.
رەشبگیر: هەموو کەس بۆ شەڕ ناردن، هەموو لاوەکان بۆ جەنگ ناردن کە مووی سەرو ریشیان ڕەشە.
رەفت: ڕۆیشت.
رەقاز: سەماکەر، هەڵپەڕکێکەر.
رەقاس: بڕوانە (رەقاز).
رەم: ڕەو، ڕاکردن، تۆران.
رەمەق: دوا هەناسەی ژین.
رەنجووری: ناوی مەلا عومەر کوڕی خالید بەگی کوڕی عومەر بەگی زەنگنەیە، نازناوی (رەنجووری)یە، خەڵکی دێی (گەڕاوێ) یە لە دەڤەری ناوچەی گەرمیانی کەرکووکدا، لە دەوروبەری ساڵی (١١٦٤ ی ک.) لە دایک بووە و لە دەورو بەری ساڵی (١٢٢٤ ی ک.) ئەمری خوای کردووە، دیوانە شیعرێکی لە پاش بەجێ ماوە، لە ساڵی (١٩٨٣ ی ز.) لەلایەن مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی)یەوە لە چاپدراوە.
رەند: (١) ژنی جوان و شۆخ و شەنگی مەرد، (٢) پیاوی پیاوانە، مێرخاس.
رەوغەن: ڕۆن.
رەها: بەرەڵڵا، ڕایی.
رەهرەوان دین: ئەوانەی ئاین دۆستن، ئەوانەی لەسەر ڕەسم و دەستووری ئاین سوورن.
رەهنما: ڕابەر، ئەوەی ڕێنموونی خەڵکی دەکا.
رەهوان (رەهوار): ئەسپ، یان: هێستری خۆش ڕەو.



رەیب: گومان، دوو دڵی.
ریجل: پێ.
رێز: ڕازاندنەوە، قەشەنگ.
رێزا: وەرین.
ریزوان: پاسەوانی بەهەشت.
رێش: برین، زام.
رێشخەند: گاڵتە پێکردن، پێ پێکەنین.
ریواق: (١) هەیوان. (٢) کینایەیە بۆ ئاسمان.

## ز

زابت (ضابط): ئەفسەر.
زاخ: ڕەنگی ڕەشی تۆخ.
زار: دەنگی گریان، پەریشان و لێ قەوماو.
زاڵ زەڕ: کوڕی سام کوڕی نەریمانە، باوکی ڕۆستەمی زاڵە، ناوی لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە.
زاغ: بڕوانە زاخ
زاما: زاوا.
زانوو: ئەژنۆ، زرانی.
زایف: لاواز، لەڕ.
زایە: ون، بزر.
زایەڵە: دەنگی شین و گریان، دەنگدانەوە، (زایلە)شی پێ دەوترێ.
زبیل: زبڵ.
زرانی: ئەژنۆ.
زرێبار: دەریاچە، گۆل.
زگار: زویر، کز و کەنەفت و دڵ بەخەم.
زڵ: تەقەڵلا، بریتی لە حاڵ پەریشانی
زننار: زینهار
زنج: چەناگە.
زندانە (زنانە): ناوی شارۆچکەیەکە لە باکوری ئاوایی (تەپەچەرمەگ)، سەر بەقەزای (کفری)یە، دانیشتوانی داودەن، زووتر دێ بووە، ناوەکەی لە (زیندان)ەوە هاتووە (بەندیخانە) کە ئاسەوارەکەی تاهەنووکە ماوە، لە ساڵی (١٩٨٨ ی ز.) بەعسی کاولی کردو دانیشتوانیشی ئاوارەبوون.
زنەشار: زەنگەباد، زەنگاوات، زەنگاباد.
زوبێد: کچی جەعفەرە و ئامۆزا و ژنی خەلیفەی عەبباسی هاروونە ڕەشیدە، ژنێکی شۆخ و شەنگ و خان ومان بووە، لە جوانیدا بێ هاوتا بووە، لە ساڵی (٨٣١ ی ز.) مردووە.
زووخ: کێم و خوێن تێکەڵاو.
زووخاڵ: خەڵوز.
زووخاو: بڕوانە زووخ.
زولفەقار: ناوی شمشێرەکەی حەزرەتی عەلییە کە پێغەمبەر پێی بەخشیوە، باشترین شمشێر بووە بۆیە وتوویانە (لا فَتی إلا عَلَی، لا سَیْفُ إلا ذُوالفَقارْ).
زولەیخای یەمەن: زولێخا، لە ئەفسانەی ئاینیدا ناوی ژنی پوتیغاری عەزیزی میسر بووە، ئەوەی یوسف پێغەمبەری بەپارە کڕی، زولەیخا عاشقی یوسف بوو بەلاَم یوسف مەیلی بۆی نەبوو، بۆیە لەلای مێردەکەی بوختانی پێکرد تاخستییە زندانەوە لە ئەنجامدا یوسف لە زندان ڕزگاری بوو لەوکاتەی زولەیخا پیر بوو بوو، ڕۆژێ لەسەر ڕێی یوسف دادەنیشێت و بەفرمێسک و پاڕانەوە

داوای لێ کرد کە لێی خۆش بێ و ئیمانیشی بەپێغەمبەرایەتی هێنا، یوسف دوعای بۆ کرد و گەنج بووەوە و شوویان بەیەکتری کرد، لە قورئاندا باسی ئەم ڕووداوانە کراوە.

زەب: تووکنی قژن.

زەبتیە (ضبطیة): بەندی کاتی (توقیف مؤقت).

زەبەرجەد: لە ڕەگەزی (ألومین- السید الومینیوم) حسێب دەکرێت، ڕەنگی زەرد، یان: سەوزە، هەرچەند گرانبەهایە بۆ جوانی گەلێ شتی لێ دروست دەکرێت یەکێ لەوانە: زینی ئەسپ و ماینە.

زەجر: تەریق کردنەوە، پەشیمان کردنەوە.

زەخم: برین، زام.

زەدە: نەنگ، عەیب.

زەڕ: زێڕ.

زەڕبافت: قوماشێک بەپوولەکەی زەردک، یان: زێڕ ڕازابێتەوە.

زەرداو: دوو دێ بەم ناوەوە لە ناوچەی (کفری) هەیە: زەرداوی ژووروو، زەرداوی خواروو، دانیشتوانی کوردن، لە نێوان (قەرەتەپە) و (کفری)دان لە نزیک شارۆچکەی جەبارە.

زەردەمار: مارێکی ژەهراوی کوشندەیە.

زەرع (ذراع): (١) باسک، (٢) گەز - جۆرە پێوانێکە بۆ کڕین و فرۆشتنی کوتاڵ بەکار دەهێنرێ.

زەڕکەش: بەئاوی زێڕ سواخدراو.

زەریر (ضەریر): نابینا، کوێر.

زەغەڵ: زرنگی فێڵباز، کەڵەکبازی ژیر و وریا.

زەققوم: درەختێکی زۆر تاڵە، لە دۆزەخدایە، دۆزەخییەکان لە بەرەکەی دەخۆن.

زەلاڵ: زولاڵ، ئاوی پاک و خاوێن.

زەلزەلە: بوومە لەرزە.

زەمابەر: لەسەر، بۆ.

زەمزەمە: دەنگ و ئاوازی خۆش.

زەن: ژن.

زەن شای ئێران (زەندشا): لوتفی خان کوڕی جەعفەر خانی زەندە (١٧٨٩- ١٧٩٤ ی ز.) هەشتەمین و دوا پاشای زەندەکان بووە، شاعیر و ئەدەب دۆست بووە.

زەننار: پشتێنێکە گاورەکان لە پشتی دەکەن.

زەنقڕ: گوندێکە دەکەوێتە خۆرئاوای قەزای (داقوق) لە دەڤەری کەرکووک بە (١٥کم)ە، دانیشتوانی کاکەیین، پێش کاکەییەکان زەندەکان لێی نیشتەجێ بوونە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دانیشتوانی تووشی نەخۆشی ڕشانەوە بوون، زۆربەیان گیانیان لە دەسداوە، ئەوانی تر لە ترساندا ڕەویان کردووە، خەڵکی دەوروبەری ئەم گوندە وتوویانە، (زەنەکان قڕبوون)، لە پاش چەند ساڵێک کاکەییەکان بەناوی (زەنقڕ)ەوە ئاوەدانیان کردۆتەوە.

زەنگ: تاریک، تاریک و نووتک (شەوە زەنگ).

زەنگاباد (زەنگاوات): دەڤەرێکی ئاوییە دەکەوێتە بەشی ناوەندی دەستە ڕاستی سیروان، سەر بەشارۆچکەی (قەرە تەپە)یە، خاکێکی بەپیت و بەرەکەتی



هەیە، نزیکەی چل ئاوایی کورد نشینی گرتۆتە ئامێز، گەورەترینیان (کولەجۆ)یە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای جەلەولاو کەلار، هۆزی زەند لەم ناوچەدا دەژین و لە نەوەو وەچەی کەریم خانی زەندن.

زەنگنە: هۆزێکی گەورەی کوردە، بە (ماچۆ) ئاخافتن دەکەن و لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا نیشتەجێن.

زەنەق: زەندەق، ورە.

زەوار: ئەوەی تەوافی شەخس و گۆڕی پیاو چاکان دەکا.

زەواڵ (زوال): نەمان، لاچوون، کورد وتوویەتی (زاڵم زەواڵێکت هەبێ).

زەوزەوات: ناوکە و میوە و هەرشتێ لەو بابەتانە.

زەهدی: جۆرێکە لە خورمای قەسب.

زەهر: ژەهر.

زیبا: جوان.

زێروزەبەر: وێران، کاول بوون، بریتی لە حاڵ پەریشان.

زیشت: ناشیرین، خراپ.

زێن: چاک، باش.

## ژ

ژاناس: زانایی، دانایی.

ژەن: (١) ژن، (٢) ژەنین، ڕاژەندن.

## ذ

ذوالجلال: خاوەن شکۆ، مەزنی و پایە بەرزی خوا.

ذي ڕوح: ئەوەی گیانلەبەرە.

## س

سا:سێبەر، پەنا.

ساج: سێڵ.

ساج عەلی: لە کوردەواریدا ڕەوانبێژییەک هەیە ئەمە دەقەکەیەتی (کەوتە سەر ساجی عەلی)، ئەمە بەیەکێکی دەڵێن لە مامەڵە و سەودادا زەرەرێکی زۆری کردبێ، بە ڕادەیەک سەرمایەکەشی لە دەس دابێ، یان: بەهەژارێکی دەڵێن خێر پێی ڕەوا بێ، جا ئەم ڕەوانبێژییە لەم ڕووداوەوە هاتووە: (ڕۆژێک حەسەن و حوسێن کە کوڕی ئیمامی عەلین نەخۆش دەکەون، پێغەمبەر بڕیار دەدا عەلی و فاتیمە و فەیزەی کارەکەریان (٣) ڕۆژ بەڕۆژووبن تا خوا شیفای نەخۆشەکانیان بدات، ئیمامی عەلی نەدارا و دەس نەڕۆ دەبێ بۆیە دەچێتە لای جوویەک و چارەکە کەوێنجێ جۆی لەلا بەقەرز دێنێ، فاتیمە بەدەستاڕ کردی بەئارد و کردی بە(٣) بەشەوە، هەر بەشێکی بۆ ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی بەڕۆژوو بوون سەر لە ئێوارەی یەکەم ڕۆژ ئەو بەشە ئاردە بەساج کردیان بەنان و پێنج کولێرەی لێ دەرچوو، پێش خۆرئاوا هەژارێک دای لە دەرگاو داوای نانی لێ کردن، ئەوانیش هەر پێنج کولێرەکانیان پێ بەخشی، ڕۆژی دووەم هەتیوێک هات و ڕۆژی سێیەمیش دیلێک، ئەو سێ ڕۆژە بەبێ پارشێو بەڕۆژوو بوون و لە سێڵەکە بەولاوە هیچیان بۆ نەدەمایەوە، بەئەمری خوا حەسەن و حوسێن چاک بوونەوە و

خــواى مــەزنیش ئەم ئایەتە قــورئانەى دەربارەى چاوتێرى و دەهێندەیى ئیمامى عەلى دابەزاند: (یُوفُون بالنَذْر وَیَخافون یَوماً كان شَرّهُ مُسْتَطیراً، وَیُطعمون الطَعام على حُبّه مسكیناً ویَتیماً وأسیرا، أنما نَطْعمَكُمْ لوجه اللّه لانرید منكم جزءاً ولا شكورا – سورة ألانسان – ئایەتى (٦، ٧، ٨).

ساچاغ: ساجاغ، گولێنگە و ڕیشووى زین و مشكى، ناوى جۆرێ تووتنى نایابە.

ساحێب: خاوەن، یاوەر، دۆست.

ساحێب زولفەقار: خاوەنى زولفەقار كە ئیمامى عەلییە «خوا لێى ڕازى بێت».

ساختە: درۆ، بوختان.

سارى: زەرد، ڕەنگى زەرد.

سارا: دەشت.

ساڵ یەسو: دەستنیشانە بۆ ئەو گرانى و نەهاتییەى سەردەمى حەزرەتى یوسف پێغەمبەر « خوا لێى ڕازى بێت» كە حەوت ساڵى خایاند.

سام: (١) ترسناك، (٢) كوڕى نەریمانە و باپیرەى ڕۆستەمى زاڵە، نازناوى گشتاسیە.

سانمە: گومان.

ساوغ: سارد.

سایەبان: چەتر.

سپە: سەگ.

ستاج: ئاوارە، ئەراگێل.

ستانا: سەندى، وەریگرت.

ستەمەندى: ستەمكارى.

ستەمناك: ستەمكار.

ستوون: ئەستوون، كۆڵەكە.

سرسر: زیندەوەرێكى ڕەنگ قاوەییە، بەشەوان هەر زیكەى دێ.

سغر: گا.

سغرى: بچووك.

سغرى جن: جنۆكەى بچووك.

سفتە: سووتاو.

سفید: سپى، ڕەنگى سپى.

سقڵەت: سخڵەت، سەرگەردان، داماو، دوو دڵ.

سككە: پارەى وردە كە لە كانزا دروست كراوە (دراو).

سلێمان: كوڕى داودە، لە سەدەى پێش زایین بووەتە پێغەمبەر، زمانى هەموو ئاژەڵ و باڵندەیەكى زانیوە، ئەنگوستیلەیەكى هەبووە (ناوى ئەعزەمى) لەسەر نووسراوە، هەموو گیاندارەكان لە پەلەوەر و ئاژەڵ لە ژێر فەرمانى ئەودا بوون، تەنانەت مێرووڵە و فریشتەكانیش.

سلێمانى: شارێكى قەشەنگە لە كوردستانى عێراقى فیدراڵ.

سمكولى: نەخۆشى سمى ئاژەڵ.

سنجەر: ناوى گوندێكى كۆنە لە دەڤەرى (كفرى)دا.

سنح: تەمەن.

سنەوبەر: درەختێكى باڵا بەرزە لە چنار دەكا، گەڵاى درشت و سەوزى تۆخە، بەرى لە شێوەى دڵى بەرخە.

سو: (١) ئاو، (٢) ڕۆشنایى، (٣) لا- لاكردنەوە.



سوب: بەیان، سبەینێ.

سوبحان: خوا، بەپاكى یادكردنى خوداوەند، وتنى (سُبْحانَ اللّه).

سوب خێز: خۆپێشاندان لە بەیانیاندا، هەستان لە خەو لە بەرەبەیاندا.

سوب سەحەر: بەرەبەیان، سپیدە.

سوجاغ: گەرم.

سوچیام: سووتام.

سوخەن: قسە، ئاخافتن.

سوور ئیسرافیل: شەیپووری ئیسرافیل، بەپێى ئەفسانەى ئاینى ئیسرافیل یەكێكە لە سەرۆكى فریشتەكان لەشێكى گەورە و چوار باڵى هەیە، لە لەوحدا هەموو ئیرادەیەكى خوا دەخوێنێتەوە، لە ڕۆژى قیامەتدا شەیپوور لێدەدا و مردووان هەموو هەڵدەستنەوە، سێ ساڵ پەیامنێرى نێوان محەمەد پێغەمبەر و خوا بووە و وەحى بۆ هێناوە، ئنجا جبرائیل هاتۆتە جێگەى.

سوور: (١) شایى و زەماوەند، (٢) ڕەنگى سوور.

سورخ: ڕەنگى سوور.

سوورداش: شارۆچكەیەكە سەر بەشارى سلێمانى، دەكەوێتە نزیك ڕێگەى سلێمانى و دوكان، (٤٠كم)ە لە سلێمانییەوە دوورە.

سوورومۆر: شایى و زەماوەند، وشەى (مۆر) لێرەدا تەنیا لەبەر سەرواو كێش بەكار هێنراوە وەكو: (كۆرومۆر، نان و مان، قەڵەم و مەڵەم)... هتد.

سۆز: (١) كەیف و خۆشى، (٢) تەزووى سەرما.

سۆغان: پیاز.

سوفیان: ئەبو سەخەر كوڕى حەرب بن ئومیەیە، یەكێ بووە لە بازرگانە گەورەكانى قورەیش و بزووتنەوەى دژ بەئیسلام، باوكى خەلیفە (موعاویە)یە كە دەوڵەتى ئەمەوى دامەزراند، لەگەڵ پێغەمبەر بەجەنگ هات لە جەنگەكانى (ئوحد) و (خەندەق)دا، لە پاشاندا بوو بەموسڵمان، لە ساڵى (٦٥٢ ى ز.)مردووە.

سۆقات: خەڵات، دیارى.

سوقاق: كۆڵان.

سوڵتان: (١) خوا، (٢) گەورە، سەركردە، فەرمانڕەوا.

سوڵتان سەرمەد: شاى هەمیشەیى، مەبەست لە خوایە.

سونگى: نێزە، كورتە ڕم.

سووەم: سێیەم.

سۆهان: مەوردە، بڕبەند، مەورە.

سویزتسز: ئاخافتن، قسە.

سۆیلەدى: وتى، فەرمووى.

سۆیللەر: دەدوێن.

سە: سێ، ژمارەى (٣).

سەبا: سپێدە، بەیان.

سەبعەى سەییار: حەوتەوانە، حەوبراڵە.

سەبووك: سووك، دژ بەقورس.

سەبوون: گڕە، شەرا، باى چللەى هاوینى گیاندار كوژ.

سەبیل: سبیل، ئامرازى تووتن كێشان.

سەپان: بەردەقانی، قەڵماسنگ.
سەحرا: دەشت.
سەحن: قاپ.
سەخڵ: گێسک.
سەخی: چاوتێر، بەخشندە، دەهندە.
سەدا: ئاواز، دەنگ.
سەدەف: جانەوەرێکی بچووکە لەناو ئاودا دەژی، لەشی لە چەند پارچەیەک پێک هاتووە، ئەم پارچانە سەدەفیان پێ دەڵێن، چاکترین سەدەف ئەوەیە کە سەدەفی مرواری پێ دەڵێن، ئەمە بریتییە لەوەی کە جانەوەرەکە لەناو زگیدا ماددەیەک پەیدا دەکا، ئەمە بەدرێژایی ڕۆژگار دەمەیێ و ڕەق دەبێ، قۆپچەی لێ دروست دەکرێ.
سەڕا: زەڕی، زەڕەی نێرەکەر.
سەڕاف: ئەوەی پارە و پوول دەگۆڕێتەوە.
سەرانە: باج، پیتاک لە هەر تاکێ لە مرۆڤ و ئاژەڵ.
سەر ئەفراز: سەرفراز، سەر بڵند، شانازی کردن.
سەر ئەنداز: سەرپۆش، بەرامبەر ڕایەخ.
سەرسەر: بای توندوتیژی سارد.
سەرکەش: یاخی.
سەقڵ: لووس.
سەڵەوات: کۆی (سەلات)ە، نوێژ و پاڕانەوە لە لایەن بەندەوە لە خوا، ڕەحمەتی خوا بۆ بەندەکان.
سەرمەد: هەمیشە، دایم.
سەرواز: (١) سەرباز، چەکداری دەوڵەت، (٢) سەر ڕێژ، (٣) سەر ئاواڵە.
سەریر: تەختی پاشایی.
سەعد بن وەقاس: سەعد کوڕی وەقاسە، سەرکردەیەکی ئازاو چالاکی ئیسلامە، دۆستێکی نزیکی محەمەد پێغەمبەرە (د. خ) لە زۆربەی جەنگەکاندا بەشداری کردووە، شەڕی قادسیەی بەناوبانگ لە ژێر فەرماندەیی ئەمدا ئەنجامدراوە.
سەفدر: نەترس، بەجەرگ، ئازا لە شەڕ.
سەفدوڕ: بڕوانە سەفدر
سەفەر بەلک (سەفەر بەرللک)، (سەفەربەر): کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد دەوڵەتی عوسمانی لە (١٩١٤/٨/٢ی ز.) جاڕی دا: ( وا سەفەربەر دەستی پێ کرد ئەوەی سەربازە با چەک هەڵبگرێت)، شاعیر لە دوو چامە شیعردا بەدووروودرێژی باسی سەفەربەر و جەنگی جیهانی یەکەم دەکات، ئەم وشەیە تێکەڵی زمانی کوردی بووە و بەمانای نەهامەت و چوونی بێ گەڕانەوە بەکاردێ.
سەقەر: دۆزەخ.
سەگسار: ناحەز، بیچم ناشیرین، جنێوێکە – واتە: وەک سەگ پیس.
سەگلاوی: ناوی جۆرە ئەسپێکی ڕەسەنە.
سەم: ژەهر.
سەمووت: پاشکۆی زین.
سەڵتەنەت: پاتشایی، حکومەت.
سەنێر: شیاکە، سنێر، ڕیخ.
سەوگەند: قەستەم، پەیمان.



سەومەعە: خانەقا، پەرستگا.
سەهان: تەپاڵە، ڕیخ.
سەهمناک: ترسناک.
سەییاد (صەییاد): ڕاوچی.
سەیید موختار: سەروەری هەڵبژاردە، مەبەست لە محەمەد پێغەمبەرە (د. خ).
سەیلاب: لافاو.
سیا: ڕەش.
سیاتار: ڕەشێکی تاریک، ڕەنگی ڕەشی تۆخ.
سیاو: ڕەش.
سیاوەخش: کوڕی کەیکاوس و باوکی کەیخوسرەوە، یەکێکە لە پاتشاکانی کۆنی ئێران، بەفەرمانی ئەفراسیاب کوژرا.
سیدق: ڕاست، ڕاستگۆیی، ڕاستی و دروستی.
سیرم: باریکەیەک لە چەرم، دۆم و خەڕاتەکان لە چەرم و ڕیخۆڵەی ئاژەڵ دروستی دەکەن و بێژنگ و سەرەن و شتی تری پێ ئامادە دەکەن.
سیرەت: ناوبانگ، سومعە، واتە: ئازایی و خۆڕاگری.
سێف: (١) شمشێر، (٢) سێو.
سیک: کێر، زەکەر.
سیلک: ڕەوشت.
سیم: زیو.
سینە: سینگ.

## ش

شاپوور: (١) وێنەگرەکەی نێوان شیرین و خوسرەوە، (٢) ناوی یەکێکە لە شارەکانی کۆنی ئێران.
شاتر: (١) نانەوایی، (٢) پیادەی زۆر بەپێ.
شاخنەبات: (١) ناوی ژنێکی خەیاڵی ئەویندارى جوانە، (٢) شەکری نەبات، جۆرە شەکرێکی مینایی ڕەنگە.
شارەزوور: ناوچەیەکی بەرفراوانە لە کوردستانی عیراق، سەر بەشاری سلێمانییە، خاکێکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە، ناوی بەشارەزەڕو شارە زویلیش هاتووە، کاتی خۆی تووشی گەلێ بوومەلەرزە و تەقینەوە بووە.
شارەزەڕ: بڕوانە – شارەزوور.
شارەزویل: بڕوانە – شارەزوور.
شافەغفوور: نازناوی پاشاکانی ئەشکانیەکانە لە ئێرانی کۆندا، پاشایەکی چینیش هەبووە بەم ناوەوە.
شافی: شیفا، چارەسەر.
شاگەردان: پاشا گەردانی، دنیای بێ یاسا و پڕ لە ئاژاوە.
شام: (١) وڵاتی سوریا، (٢) سەر لە ئێوارە، (٣) خواردنی ژەمی ئێوارە.
شامار: ناوی گوندێکە لە دەڤەری (زەنگاوات) لە نزیک کفری.
شانامە (شاهنامە): ناوی کتێبەکەی ئەبولقاسم حەسەن کوڕی ئیسحاق شەرەف شای فیردەوسی تووسییە (٩٤٠ – ١٠٢٠ ی ز.) باس لە داستانی ئەفسانەیی شاهەنشاهان و پاڵەوانی ئێران دەکات، چیرۆکێکی شیعری درێژە، نزیکەی شەست هەزار خشتە شیعرە، زمانی فارسی نوێ لەوەوە دەس پێدەکاو هەر

بەهۆی ئەوەوە زیندوو بووەوە.

شاور: ناوی جۆرێکە لە تووتن.

شاهباز: شاباز، بازی سپی.

شاه بێ ئەندێش: پاتشای بێ ترس، مەبەست لە خوایە.

شاه مەردان: دەستنیشانە بۆ حەزرەتی ئیمامی عەلی.

شاهێن: باز، مەلێکی سپی ڕاوکەرە.

شایی: پارەی وردە، پوول.

شای خیر ألانام: مەبەست لە حەزرەتی محەممەد پێغەمبەرە(د.خ).

شای نەجەف: مەبەست لە حەزرەتی علی بن ئەبی تالیبە کە ئارامگاکەی لە نەجەفدایە.

شرابا طهور: شەرابی پاک و خاوێن، شەرابی مەعنەوی، ئەو شەرابەیە کە لە دوڕۆژدا پێشکەش بە بەهەشتییەکان دەکرێ.

شکار: ڕاو.

شکەست: شکست، شکان.

شکەم: سک، ورگ.

شلکە: گۆشتی نەرم و شلک، گۆشتی ڕانی بەرخی نەرم و شلک.

شمر: کوڕی زیلجۆشەنە، ڕابەری سوپای موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بوو، ئەم حوسێنی کوڕی عەلی کوشت و سەری بۆ یەزید برد.

شمشاد: درەختێکی زۆر جوانە، گەڵاکانی هەمیشە سەوز و بریقەدارە، لە دارستانەکانی ژووورووی ئێران زۆری لێیە.

شنەفت: بیستی، گوێی لێ بوو.

شوولە: مەشخەڵ، تیشک، شەوق، ڕووناکی.

شووم: بێفەڕ.

شومار: ژمارە.

شوناس: ئاشنا.

شەب: (١) شەو، (٢) زاخ، (٣) ڕەنگی ڕەشی تۆخ.

شەبەیخوون: پەلاماری شەوان بۆ سەر دوژمن (شەبەخوون) و (شەبخوون)یشی پێ دەوترێ.

شەحنە: (١) حیلە، دەنگی ئەسپ و ماین، (٢) گزیر، بریکاری ئاغا، یان کوێخا دێ، ئەو کەسەیە کەوا شەقڵێ ها بەدەستەوە و جێزی دانەوێڵە شەقڵ دەکا.

شەداد بن عاد: پاتشای وڵاتی عادە، دروستکەری (باخچەی ئیرەم)ە کە وتوویەتی ئەمە باخچەی بەهەشتی ئیرەمە، لە قورئاندا ناوی هەیە.

شەڕانگێز: ئاژاوەچی، شەڕ بەرپاکەر.

شەراو: شەراب، مەی.

شەڕئەنگیز: شەڕانی، شەڕ هەڵگیرسێن.

شەڕجۆ: ئاژاوەگێڕ، شەڕهەڵگیرسێن.

شەرمەندەگی: شەرمەزاری.

شەرەفواز: زاراوەیەکی سۆفیگەرییە بەمانای دیوانی عاشقانی خوا دێ.

شەشدانگ: هەر گیاندارێکی بەهێز و توند و مندی بێ کەم و کوڕی، ئێستری پشت پان و چوار پەل قەوی.

شەعشەعە: پەراگەندە بوونی نوور و تیشکی ڕۆژ.



شەففاف: هەر شتێک لە چەشنی شووشە، یان: بەللوور کە لە ڕوویەوە ئەو دیوی ببینی.

شەفەقە: میهرەبانی، دڵسۆزی.

شەفیق: میهرەبان، دڵسۆز.

شەقی: بەدبەخت.

شەک: گومان.

شەڵتە: ڕەشکەی کاکێشان.

شەم: مۆم، چرا.

شەمس تەبریزی: ناوی شەمسەدین تەبرێزییە، یەکێکە لە زانایان و شاعیرە مەزنەکانی ئێران، مامۆستای جەلالەدینی ڕۆمی بووە، دیوانەکەی بەناوی خۆیەوە لە چاپدراوە، لە نیوەی سەدەی حەوتەمی کۆچی مردووە.

شەمسە: گوندێکی کورد نشینە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی (خورماتوو)وەوە بە(٥کم)ە، سەر بەکەرکووکە.

شەمێ: هەندێ، تروسکەیەک.

شەوچراغ: شەوچرا.

شەودێز: ناوی ئەسپەکەی خوسرەو شایە کە شیرینی ئەرمەن شەو بەسواری چووە دیدەنی فەرهاد لە کێوی بێستووندا.

شەوڕەنگ: شەوڕن.

شەوقی: بەپێی کەشکۆڵەکانی میرزا خەلیل ئەم شاعیرە ناوی سەییدئەمین بەهارییە، بەرهەمەکانی بەشێوەزاری (گۆران) داڕێژراوە، پێم وایە خەڵکی دەوری کفری بێ.

شەوکەت: شکۆ و پلەی بەرز، خاوەن جێگا و شان.

شەوهەر: شوو، ژنی مێردار.

شەهباز: بڕوانە – شاهباز.

شەهد: هەنگوین.

شەهریار: پارێزگار، گەورەی شار.

شەهنامەی ڕۆستەم: بڕوانە – شانامە.

شی: ڕۆیشت.

شێخ سەعدی شیرازی: یەکێکە لە ئەدیبە هەرە بەناوبانگەکانی ئیسلامی ئاین پەروەری ئێران، لە ساڵی (١٢٩١ ی ز.) کۆچی دوایی کردووە، لەناو خەڵکیدا بەشێخ سەعدی ناسراوە.

شێخ سەنعان: دڵدارێکە لە فۆلکلۆریدا دەڵێن: موسڵمانێکی خواناس بووە، لە پێناوی خۆشەویستیدا لە ئاینی موسڵمان پاشگەز بووەتەوە.

شێخ عەتار: شێخ فەریدەدین ئەبو حامد محەمەد کوڕی ئەبی بەکر عەتار ئەلنیشابورییە، شاعیر و ئەدیبێکی پایە بەرزی سۆفیگەری ئێرانییە، لە ساڵی (٦٢٧ ی ک.) لە غەزوی مەغۆل شەهید کراوە.

شێخ نیزامی: بەنەتەوە کوردە، ناسراوە بەنیزامی گەنجەیی، لە سەدەی دوازدەمی زایین ژیاوە، شاعیرێکی پایە بەرزی سەردەمی خۆیەتی، لە بەرهەمە شاکارەکانی (شیرین و خوسرەو)ە، یەکەم کەس بووە داستانی لەیلا و مەجنوونی بەفارسی لە چوارچێوەی شیعردا داڕێژاوە، لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی ئەبو موزەفەر شیروان شادا بووە، لە ساڵی (١١٨٩ی ز.) لە هۆنینەوەی بووەتەوە.

شیراز: شارێکە لە وڵاتی ئێران.

شێرانگیز: ئەوەی ڕاوی شێر دەکا، بۆ پیاوی ئازا و نەترس بەکاری دێن.

شێر ئەژدەر: شێر وەکو ئەژدیها، کینایەیە بۆ پیاوی ئازا و جوامێر.

شێر کارزار: شێری ئازا و نەترس، کینایەیە بۆ سواری ئازا و نەبەز.

شێر نەڕ: نێرە شێر.

شێری غوڕا: شێری بەجەرگ و نەترس.

شیروەر: شیر خۆر، ساوای بەر مەمکان.

شیرین: دڵبەری خوسرەوی پەروێز بووە، لە جوانیدا بێ هاوتا بووە، بەشیرینی ئەرمەن ناسراوە، عاشقێکی تریشی هەبووە بەناوی فەرهاد، خوسرەو فەرمانی بۆ فەرهاد دەرکرد کێوی بێستوون هەڵبکەنێ و کونی بکا، بەسەرهاتی ئەم عاشقانە لە ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە.

شیم: ڕۆیشتم.

شییەن: ڕۆیشتووە.

## غ

غارەت: تالان، چەپاو.

غازی: ئەوەی لە ڕێی خوا لە پێناوی ئاین شەڕ دەکا.

غالیب: (١) سەرکەوتوو، (٢) زۆربوون، زیادبوون.

غایەلە: پروپووچ، بیرکردنەوە لە هەر شتێکی خراپ.

غوتە (غوطە): نوقم، نوقم خواردن لە ئاودا.

غوڕا: خوڕین، لێ خوڕین.

غوسسە: خەم، پەژارە.

غولام ڕەزا: غولام ڕەزاخانی ئەرکەوازی، ئەم شاعیرە ناوی غولام ڕەزا کوڕی حەمەسەنی پشتکۆییە، لە ئاخروئۆخری سەدەی دوازدەهەمی کۆچی لە دێی (سەرجفتە)ی نزیک پشتکۆی لوڕستان هاتووەتە جیهان هەر لەوێیش ئەمری خوای کردووە، شیعرەکانی بەدیالیکتی گۆران وتووە.

غولغولە: هەراوهوریا، هاوارکردن بەدەنگی بەرز، دەنگی کوڵاندنی ئاو.

غەبغەب: چەناگە، زنج.

غەزاجۆ: شەڕی ئاینی.

غەزال: مامز، ئاسک.

غەفڵەت: بێ خەبەری، بێ ئاگاداری.

غەمخوار: خەمخۆر، خەمبار.

غەمناکی: ناوی محەمەد کوڕی ئەحمەد زەنگنەیە (١١٠٢ - ١١٩٧ ی ز.)، خەڵکی ئاوایی (قەیتوول)ی سەر بەشاری کەرکووکە، ئەم شاعیرە لەپێشا نازناوی زەبوونی بۆ خۆی هەڵبژاردووە لە ئەنجامدا گۆڕیویەتی بە(غەمناکی).

غەوارە: بێگانە، غەریب.

غەواس: ئەوەی لە بن دەریا سۆراخی شت دەکا.

غەوس: (١) فریاگوزاری، فەریادڕەس، (٢) نازناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە (١٠٧٧ - ١١٦٥ی ز.) مرۆڤێکی خواناس و سۆفییەکی پایە بەرز بووە، ڕێبازێکی سۆفیگەری و دەروێشی لە کوردستاندا بەناویەوە هەیە.

غەیب: نادیار، نهێنی.



## ع

عادی: ئاسایی، شتێ کە بەلای کۆمەڵەوە باوەو ناسراوە.

عار: نەنگ، شەرم، عەیب.

عارف: (١) دانا، زانا، خواناس، (٢) ناوی مەلا ئەحمەدی مەلا سەعیدی شاعیرە، نازناوی (عارف)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەدیالیکتی (گۆران) شیعری وتووە.

عاسیان: کۆی (عاسی): یاخی.

عاقیبەت: ئەنجام.

عان: کات (سبەی ئەم عانە دێمەوە لاتان).

عزرائیل: فریشتەی ڕۆح کێشان.

عُلَماء الأسْرار: زانایان و پیاو چاکانی خاوەن کەشف و کەرامات.

عِلْم لَمْ یَزَلْ: زانیاری هەمیشەیی، دەستنیشانە بۆ زانیاری و پایە بلندی خوای مەزن.

عورفی: ناوی جەمالەدین محەمەد کوڕی بەدرەدین شیرازییە (١٥٥٥ - ١٥٩٠ی ز.) شاعیرێکی پایە بەرزی ڕۆژگاری خۆیەتی، بەرهەمەکانی لە چاپدراون.

عورووس: وڵاتی ڕوسیا.

عوزێر: یەکێکە لە پێغەمبەرانی خوا.

عوسمان: کوڕی عەففان کوڕی ئەبی عاسی کوڕی ئومەییەیە، لە ساڵی (٥٧٧ ی ز.) لە مەککە لە دایک بووە، سێیەمین خەلیفەی ڕاشدینە لە پاش عومەر بووە بەخەلیفە، لە لایەن موسڵمانانەوە لە ساڵی (٦٥٦ی ز.) کوژراوە.

عوشرەت: دۆستایەتی، تێکەڵ بوون، ژیانی خۆش.

عوقبا: دوارۆژ، ڕۆژی حەشر.

عومەر: کوڕی خەتاب کوڕی نوفەیلی قوڕەیشییە، لە ساڵی (٥٨٤ ی ز.) لە دایک بووە، دووەم خەلیفەی ڕاشدینە، لە پێش ئەم ئەبوبەکری سدیق بووە بەخەلیفە، لە ساڵی (٦٤٤ ی ز.) بەدەستی فەیروزی ئەبولوئلوئەی ئێرانی کوژراوە.

عەباس: حەزرەتی عەباس چوارەمین کوڕی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، لە ساڵی (٦١ ی ک.) شەهید کراوە، مەزارگاکەی لە شاری کەربەلادایە.

عەبد: بەندە، غوڵام.

عەبداڵ: (١) ئەڵوەدا، سەرگەردان، ئەراگێڵ، (٢) مستەفا نەریمان لە کتێبی (ئیبراهیم خانی دەلۆ)دا - کە لە ساڵی (١٩٨٦ ی ز). لە بەغدا لە چاپیداوە، دەڵێ: (ئەم شاعیرە ناوی (خەلیل)ە و لە هۆزی داودەیە، بەشێ لە شیعرەکانیشم کۆکردۆتەوە)، وا دەگێڕنەوە ئەم شاعیرە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە دەڤەری (کفری) ژیاوە، شیعرەکانی بەشێوەزاری (گۆران) وتووە.

عەبلە: ئەبلە، نەزان، گەلحۆ، حۆل، گەمژە.

عەبەس: کاری بێ سوود، کردنی شتێک سوودی تێدا نەبێ.

عەبەو: جۆرە ئەسپێکی چاک و ڕەسەنە.

عەتا: بەخشش، پاداش، خەڵات.

عەجەم: کینایەیە بۆ وڵات و دانیشتوانی ئێران.

عەرش: تەخت، بارەگا، ئەو شوێنەیە کە پاشاو

سوڵتان لێی دادەنیشن، ئەو شوێنەیە کە خوا لێی نیشتەجێیە.
عەرعەر: دارێکی باڵا بەرزی جوان و شۆخ و شەنگە.
عەرسەگا: مەیدانی شەڕ.
عەرووس: (١) بووک، (٢) رووس، (٣) جۆرە تفەنگێکی ڕووسی کۆنە، لە کوردەواریدا پێیان دەوت سێتیر.
عەرەبکۆیی: گوندێکی خۆش و دڵگیری کاکەییە، دەکەوێتە خوارووی شارۆچکەی داقووقەوە بە (١٢کم)ە، بەعسییە ئەفلەقییەکان بەنیازی تەعریب کردنی لە ئاخروئۆخری هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بڕێ خێزانی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کردووە.
عەرەسات: کۆی (عەرەسە)یە، دەشتی مەحشەر، مەیدانی دوا ڕۆژ.
عەزم: مەبەست، بڕیاردان بۆ کردنی شتێک.
عەشەم: لەڕو لاواز.
عەفەج (عەفەک): شارۆچکەیەکە سەر بەشاری (دیوانیە) لە خوارووی عێراق.
عەلەمدار: خاوەن ئاڵا.
عەلی: کوڕی ئەبی تالیب کوڕی عەبدولموتەلیبە، لە ساڵی (٦٠٠ ی ک.) لە مەککە لە دایک بووە، ئامۆزا و زاوای محەمەد پێغەمبەرە، لە پاش کوشتنی عوسمان لە ساڵی (٦٥٥ ی ز.) بوو بەخەلیفەی چوارەم کە دوا خەلیفەی ڕاشیدینە، خاوەنی کتێبی (نهج البلاغە)یە، بە (حەیدەر) و (حەیدەرە لکەڕاڕ) و (عەلی کەڕاڕ) و (ئەبی الحسنین)یش ناسراوە، ساڵی (٤٠ی ک.) بەرامبەر بە (٦٦١ ی ز.) بەدەستی عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجەم کوژراوە، مەزارگاکەی لە شاری (نەجەف) دایە.
عەمار: ئەنباری دانەوێڵە.
عەمۆم: مامەم.
عەنقا: هەر شتێک بەدەگمەن، خاوەن داراییەکی زۆر وەکو (ملیانێر).
عەوج بن عەنەق: دەڵێن زەلامێکی ئەفسانەیی زۆر درێژ بووە، گوایە بەتیشکی ڕۆژ ماسی برژاندووە، بەکوردی پێی دەڵێن: (حەوج بەنی لەق).
عەیار: بەراوردکردن و بەرامبەر کردنی شتێک لەگەڵ شتێکی تر بۆ ئەوەی تەواوی و ناتەواوی یا کەمی و زۆری دیار بکرێ.
عەیران: دۆ.
عەیش: ژیان، شادی و خۆشی.
عیسا: کوڕی مەریەمە، پێغەمبەری خوایە ئینجیلی بۆ دابەزیوە.
عیسا ئەفەندی: ئەفسەر و کاربەدەستێکی عوسمانییەکان بووە لە دەڤەری (داقووق)دا، کابرایەکی نالەبار و خراپ بووە، خەڵکی ئەو ناوچەیەی فرە چەوساندووەتەوە، شاعیر زیاتر لە جارێ ناوی بەخراپە هێناوە.
عیسمەت: قەدەخەکردن، دووربوون لە گوناه و تاوان.
عیسیان: یاخی، ئەوەی تەرکی عیبادەتی خوای کردووە، ئەوەی لە میری، یان: باوک و دایک، یان: گەورەی خۆی یاخی بووە.
عیشرەت: دڵخۆشی، خۆشگوزەرانی.



## ف

فاتە: کورتکراوەی ناوی فاتیمەیە.
فاتیمەی زەهرا: کچی محەمەد پێغەمبەرە (د.خ) ناوی دایکی خەدیجە کوبرایە، ژنی حەزرەتی (عەلی)یە کە ئامۆزای پێغەمبەرە، دایکی حەسەن و حوسێنە، لە ساڵی (١١ ی ک.) لە مەدینە کوچی دوایی کردووە.
فاش: ئاشکرا، بڵاوکردنەوە.
فانی: نەبوون، لەناوچوون.
فاو: قەزایەکە لە باشووری شاری (بەسرە) نزیک بەسنووری (عێراق) و (کوێت)ە.
فراق: قاپ و قاچاخ، دەفر بەگشتی.
فرزەند: کوڕ، ڕۆڵە.
فرسەنگ بەفرسەنگ: قۆناخ بەقۆناخ.
فرنقە: پاوەن.
فروخت: فرۆشتن.
فرنی: جۆرە خواردنێکە لە شیر و ئاردە برنج ئامادە دەکرێ.
فرێ: زۆر، فرە.
فسان: پەراگەندە.
فشقی: پەین، زبڵ.
فل: بڵ، زۆر شەکەت و ماندوو.
فلامەرز: کوڕی ڕۆستەمی زاڵە، یەکێکە لەو پاڵەوانانەی کە لە شانامەی فیردەوسیدا ناوی هاتووە.
فەتحی: (١٨٠٢ – ١٨٨٣ ی ز.) ناوی مەلا عەبدولڕەحمانە و نازناوی (فەتحی)یە، خەڵکی شاری سلێمانی بووە، لە مەلاییدا مەلایە چاک بووە، جگە لە چەند غەزەلێکی زۆربەی بەرهەمەکانی فەوتاوە، لە شاری کفری مردووە.
فەتیل: فەتیلە.
فەخر: شانازی.
فەڕ: (١) بەکەڵک، (٢) جوانی، ڕەونەق، (٣) بەهرە.
فەڕاش: خزمەتکار.
فەرامۆش: لەبیرکراو، لەبیرنەماو.
فەردا: سبەینێ، دوا ڕۆژ، ڕۆژی حەشر.
فەرمان: فەرموویەتی.
فەرەس: ئەسپ.
فەرەنگ: وڵاتی ئەورووپا.
فەریاد ڕەس: بەداد و هاوار گەیشتوو.
فەریب: فێڵ، کەڵەکباز.
فەرەح: خۆشی، شادی.
فەرەیدوون فەڕ: شەشەمین پاشای زنجیرەی پێشدادییە کوڕی ئابتین و لەنەوەی (تەهمورس)ە، ئەم و کاوەی ئاسنگەر زوحاکیان لەناو بردووە.
فەزا: پانتایی، پان و پۆڕ.
فەزاوار: شوێنێکی بەرفەرەوانی دڵگیر، پانتاییەکی دڵگر.
فەغان: ناڵە، هاوار.
فەقێ عەبدولقادر: کوڕی ڕەسوول کوڕی جوامێری هەمەوەندییە، لە ساڵانی (١٢٤٦ – ١٢٤٧ ی ک.) لە دایک بووە، لە ساڵانی (١٣٠٧ – ١٣٠٨ ی ک.) مردووە، شیعری بەشێوەزاری گۆران وتووە، خەڵکی چەمچەماڵە، بەرهەمەکانی بەکۆششی خوالێخۆشبوان

مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم لە ساڵی (١٩٨٠ ی ز.) لە چاپدراوە.

فەلا: وەرزێر.

فەلاکار: بەو وەرزێرە دەوترێ کە هەمیشە خەریکی کاری کشتوکاڵییە.

فەلەکزەدە: ئەوەی لە ڕۆژگاردا گەلێ ئێش و ئازاری بینیبێ.

فەنغوراف: قەوان، گرامافۆن، ئامرازێکی تۆمارکەرە.

فەنەر: چرادان.

فەهام: (فەهم)، دەرک پێکردن.

فیردەوسی: ناوی ئەبولقاسم حەسەن کوڕی ئیسحاق شەرەف شای فیردەوسی تووسییە (٩٤٠ - ١٠٢٠ ی ز.) خاوەنی بەرهەمێکی شاکاری پرشنگدارە بەناوی (شانامە) بەشیعرەوە باسی شەڕوشۆڕ و پاشا و پاڵەوانەکانی ئێران دەکا.

فیرعەون: نازناوی شا کۆنەکانی میسرە (فیرعەونییەکان)، بۆ پیاوی زاڵم و ستەمکار بەکار دێ.

فیرقە: تیپ، کۆمەڵ، دەستەیە مرۆڤ.

فێس: تەقیلەی درێژی سوور لە بەرەگنی ساویاو، تەقیلەی تورکان، فێس قرمزیشی پێ دەڵێن.

فیشار: زۆر و قورساییەک بەرەو هەر شتێک بڕوات.

فیشتەر: زیاتر، پتر.

فیلەتەن: نازناوی ڕۆستەمی زاڵە.

## ق

قائانی: میرزا حەبیبەڵڵایە، لە شاعیرە هەرە پایە بەرزەکانی ئێرانە، دیوانە شیعرێک و کتێبێکی لەسەر پەخشان داناوە، لە ساڵی (١٢٧٠ ی ک.) بەرامبەر (١٨٥٣ ی ز.) کۆچی دوایی کردووە.

قابیل: شایستە.

قارسن: ناوی گوندێکە لە نزیک (قەرەتەپە).

قاروون: ناوی بابایەکی بەنی ئیسرائیلە، لە سەردەمی موسا پێغەمبەردا ژیاوە، دەڵێن چل خانووی پڕ لە زێڕ و جەواهێری هەبوو، موسا نەفرەتی لێکرد و هەموو خەزێنەکانی چوونە ناخی زەویدا، لە کوردەواریدا (گەنجی قاروون) ڕەمز و نیشانەی سامانی زۆر و داراییە.

قاری: پیرەژن.

قازاخ: زەریف، پەسەند، خاوێن.

قازانپاککەر: مسگەر، ئەوەی قاپ و قاچاخی مس پاک دەکاتەوە.

قاژ: برۆ، ئەبرۆ.

قاسد: نامەبەر، نامەوەر، پۆستەچی.

قاضي الحاجات: ئەوەی ئاوات و ئامانجی خەڵکی بەجێ دێنێ، واتە: خوا.

قاف: (١) کێوێکی خەیاڵییە، (٢) ناردنی خەڵکی بۆ سەربازی.

قاف تا وەقاف (قاف تا قاف): کینایەیە بۆ سەرتاسەری جیهان.

قاوش: شوێنی نوستنی بەکۆمەڵ، هۆڵی سەربازان.

قامە: جۆرە چەکێکی سادەیە لە ئاسن دروست دەکرێ، لە ڕەگەزی شمشێر و خەنجەرە.



قامەت داڵ: پشت کۆم، پشت چەماو لە چەشنی پیتی دال.

قاو: پووشووی دار.

قاو و قەواقووی: هەراوهوریا، غەڵبە غەڵب.

قایشباز: فێڵباز.

قڕان: جۆرە پوولێکی ئێرانییە بەرامبەر بەبیست شاهی.

قرپاچ: قەمچی.

قرچە: قرشە.

قرمز: ڕەنگی سوور.

قرووش: قرۆش، وردە پوول، پارەی وردە، ناوی پولێکی عوسمانییە، لە میسر و چەند وڵاتێکی دیکە ئێستاش بەکاری دەبەن.

قزلەر قەلعەسی: بریتییە لە ئاسەواری قەڵایەک لە سەر لوتکەی کێوی (باوە شاسوار) بەسەر قەزای (کفری)یەوە. وشەکە تورکییە، بەمانای (قەڵای کچان).

قزناخ: قسناخ، جۆرە پێوانێکە لە دار دروست کراوە، بۆ پێوانەی گەنم و جۆ و شتی تر بەکاریان هێناوە.

قسراغ: ماین.

قشڵە: سەربازخانەی تورکان.

قلنج: شمشێر.

قلنج ئیسلامی: ئەوانەی بەزەبری شیر بوونەتە موسڵمان.

قلیچ: شمشێر.

قوتب: پیری تەریقەتی زۆر گەورە، پیری تەریقەتی پایە بەرز.

قۆتر: پیس و چڵکن.

قۆچان: قەواڵە، قەباڵەی موڵک.

قودس: (١) پیرۆز، پاک، پاکی، بارەگای خوا، (٢) ناوی شاری ئیسلامی ئورشەلیمە.

قورالدین: خوا پەرستان، گرۆی ئاین پەروەران.

قورت: گورگ.

قورتار: قوتار، ڕزگار.

قورعە: نەسیب، بەش.

قۆز: گوێز.

قوش: پەلەوەر.

قوشچی: کۆترباز، ئەوەی پەلەوەر بەخێو دەکات.

قوڵ: بەندە، غوڵام.

قوڵئەغاسی: سەرتیپ، زاراوەیەکی لەشکری عوسمانییەکانە.

قولزوم: ناوی دەریای سوورە (البحر الأحمر).

قوماندان: سەرۆک.

قوماندە: فەرمان.

قومو: هەموو.

قۆیریغ: دونگ، دم.

قۆیننده: باخەڵ.

قەتران: ڕەنگی ڕەش، دەرمانێکی ڕەشە لە کوڵاندنی داری سنەوبەر بەدەستی دێنن.

قەتلگا: شوێن و مەیدانی کوشتن.

قەحات: نەهاتی، گرانی، نەبوونی.

قەددوس: یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوای مەزن.

قەڕاسە: گورێسی سەر بەئاڵقە بۆ بارکێشان.

قەرد: قەرز.

قەرەبلاغ: ناوی ئاواییەکە لە ژووروی قەرەخان (جەلەولا) بە (٢٥) کیلۆمەترێک، دانیشتوانی تاڵەبانین.

قەرەج: خێڵاتێکی گەڕۆکن لەسەر پیشەی دەفری دارین و بێژنگ و سەرەن و هەڵەک و کێرد گوزەران دەکەن، شێوازێکی تایبەتی خۆیان هەیە پێی ئاخافتن دەکەن.

قەرەخەرمان: قەرە خرمان، فەریکە گەنمی برژاو، دەکرێ بەچێشت و دەخورێ، خواردنێکی فۆلکلۆری کوردییە.

قەرەقوش: نازناوی پیاوێکی کاربەدەستی سەلاحەدینی ئەیووبی بووە.

قەزاتە: ڕۆژنامە.

قەست: نیازی کوشتن.

قەسد: بڕوانە: قەست.

قەسڵیە: قلیانئاوی (نەرگیلە).

قەسوەت دەروون: دڵڕەقی، بێ ڕەحم.

قەقنەس: (١) قەقنەز، باڵدارێکی خەیاڵییە دەڵێن دەخوێنێ و باڵ لێک دەداو ئاگر دەگرێ و دەسووتێ، (٢) بریتی لە شتی تەواو سووتاو، یان ڕەشی تۆخ.

قەڵاخ: قەڵاخی، ڕەشپۆش.

قەڵاش: (١) مرۆی سووک و بێکارە، (٢) قڵێش.

قەڵتاخ: پێستی ئەستووری دەباخدراو بۆ پینەی کەوش.

قەڵخان: ڕووپۆش و سنگ پۆشێکی ئاسنی کۆنە، زووتر جەنگاوەرەکان لە شەڕدا بەرگرییان پێدەکرد لە تیر و شیر و خەنجەر.

قەڵەم دویت: قەڵەمی حبر.

قەڵەمکەش: قەڵەمکێش، ئەوەی بەهۆی قەڵەم نەخش دەکرێ.

قەمەرناز: (١) دەسنیشانە بۆ مانگ، (٢) ناوی ژنانە، (٣) ناوی ئافرەتێکی خەیاڵییە.

قەمەری: پارەی ورد، قۆشە، پوول، شایی، فەتالی.

قەنادیل: باڵ، باڵی پەڵەوەر.

قەنارە: سێدارە، داری پێ خنکاندنی تاوانبار.

قەندەهار: شارێکی بەناوبانگی ئەفغانستانە.

قەندیل: چرا.

قەوالی: ئاواییەکە لە ناوچەی (خۆرنەوەزان)ی بنارگل، سەر بەقەزای (کفری)یە، ئاواییەکی خۆش و دڵگرە، دانیشتوانی کوردی داودەن، ئەم گوندە بە (قەوالوو)یش ناوی براوە.

قەوس: کەوان.

قەومەل: قەومێل، خزمەکان.

قەهار: (١) بەهێز، بەتوانا، (٢) یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوا.

قەهر: (١) زاڵ بوون، سەرکەوتن، بەزاندن، (٢) کەسەر، خەم و پەژارە.

قەهقەهە: قاقای پێکەنین، تریق تریق پێکەنین.

قەیتاز: ئارامگای پیاو چاکێکە لە قەزای خورماتوودا، دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە بە (قیتاز بەبە) ناوی دەبەن.

قەیران: (١) جەنگەی قۆخە و تیژی نەخۆشی (ئەم نەخۆشییە چوار ڕۆژ قەیرانیەتی)، (٢) سەرەمەرگ.



قەیس: دڵدارەکەی لەیلایە، بەمەجنوون لەیلا ناسراوە، بڕوانە مەجنوون.

قەینات: کولاندن.

قیساس: جەزا، سزا.

قیسمەت: بەش، نەسیب.

## ک

کارد: کێرد، چەقۆ.

کارێز: گوندێکە دەکەوێتە خورئاوای قەزای (کفری)یەوە، دانیشتوانی لە هۆزی دەلۆن، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەعس کاولی کرد.

کاسبان: کۆی (کاسب)، ئیشکەر، سەوداکار.

کاشکە: کاشکا، بریا، خۆزگە.

کاکە: (١) برای گەورە، (٢) وشەی ڕێز لە پیاوان، (٣) ماچۆ زمانەکانی لای خۆمان بۆ باوک بەکاری دێنن.

کاکەیی: ڕێبازێکی سۆفیگەرییە، لەناو جەرگەی کورد و موسڵمانەوە هەڵقولاوە و سەری هەڵداوە، لە چەند تیرە و بەرەبابێک پێک هاتوون، تیرە سەرەکییەکانیان ئەمانەن: (سەیید، باوە، مام، خەلیفە، یادگاری، شاهەیاسی، ئۆمی)، ئەمانەش هەریەکەیان بەدەیان لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە، ناوەکەشی تەنیا لە وشەی (کاکە)وە هاتووە، کە بۆ ڕێزلێنان بەبرا گەورە دەوترێ، کە هەریەکەیان بەوی تر دەڵێ: کاکە.

کاکەیی بەزۆری لە عێراق و ئێراندا هەن، لە عێراق نزیکەی پێنج هەزار خێزانێک دەبن و لەم شوێنانەدا دادەنیشن: (کەرکووک، داقووق و دەوروبەری، خورماتوو، کفری، کەلار، خانەقی و دەوروبەری، مەندەلی، قازانیە، بەغدا، سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید و دێی هاوار و حەوتماڵە، هەولێر، کەڵەک یاسین ئاغا و دێی سفێدە، مووسڵ و دەوروبەری و تەلعەفەر. ئەم هۆزە لە عێراقدا بەدەیان نووسەرو شاعیر و هونەرمەند و ڕووناکبیر و زانا و پیاو ماقووڵی تێدا هەڵکەوتووە و لە پێناوی کورد و کوردستاندا بەدەیان قوربانی و شەهیدیان داوە.

کالا: قوماش، بەرگ. (بضاعە)، شتومەک بۆ فرۆشتن.

کام: (١) ئاوات، ئارەزوو، (٢) کەس.

کامین: کام.

کاوان: شاخان، چیایان.

کاوج: قسناخ، کێڵ، پێوانەی دانەوێڵە لە دار، نزیکەی (٢٠کغم) گەنم دەگرێ.

کاولی: خێڵێکی کۆچەری عەرەبیی گەڕیدەن.

کاهێڵ: تەوەزل، بەفیز.

کرماشان: پارێزگایەکی کوردنشینە لە کوردستانی ئێران.

کفری: قەزای کفری، سەر بەشاری کەرکووکە، زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

کلافچە: سەرپۆشێکی ئاورێشمە دەپێچرێ بەسەرەوە.

کلچ: خورین لە تاژی و سەگ وەکو (چخە).

کلیسا: پەرستگای مەسیحیەکانە.

کنا: کچێ.
کناچە: کچ.
کۆپان: هاوێشتن، فڕێدان.
کۆتا: کورت.
کۆدە: (١) کورت کراوەی (کۆدەک)ە: منداڵ، ساوا، ئەوەی ئەقڵ و ڕەوشتی منداڵانە بێ. (٢) پووشانە.
کوردە ماڵان: ماڵە کوردەکان، ڕەشماڵ، سیاماڵ.
کۆڕنانی: ڕژد، دەسنووقاو، ڕەزیل.
کوڕڕە: دەنگی ئێستر و زەڕڕەی گوێ درێژ، ئەو دەنگ و شتەی بەلای مرۆڤەوە ناخۆش، یان: خراپە.
کووس: دەهۆڵ.
کۆسار: چیای زۆر، ناوچیا.
کوسکەش: دەویت، بێ ناموس، قوڕمساخ.
کۆکەن: نازناوی فەرهادە، دڵدارەکەی شیرینی ئەرمەن.
کۆگا: (١) خانەدان، (٢) دوکانی وردەواڵە بەسەریەکدا کراو.
کوڵاه: کڵاو.
کولێن: جێگەی ئازووقە لە ڕەشماڵدا.
کۆ: کێو.
کۆم: پشت کووڕ، پشت چەماو.
کۆهسار: بڕوانە: کۆسار.
کۆهەن: کۆنە.
کوێسک: سینگ.
کەڕ: (١) هێرشکردن بۆ سەر دوژمن، (٢) ئەوەی گوێی نابیستێ.
کەران: بکەن.

کەبۆتەر: کۆتر، کەمۆتر.
کەت: دەکا.
کەچ: خوار، ناتەواو، چەوت.
کەچبینان: ئەوانەی شتی ڕاست و دروست بەخوار و چەوت دەبینن، ئەوانەی ناڕاستن.
کەرامات: کردنی کاری ئەفسانەیی ئەوتۆ جگە لە پێغەمبەران کەس نەیکردبێ.
کەرانە: پیتاک لە هەر تاکێ لە گوێ درێژ.
کەربەلا: ناوی شارێکە لە خوارووی وڵاتی عێراقی فیدڕاڵ، لە ١٠ی موحەڕەمی (٦١ی ک.) بەرامبەر بە ١٠ی تشرینی یەکەمی (٦٨٠ی ز.)دا شەڕێکی خوێناوی لە لایەن لایەنگرانی ئیمامی عەلی و ئومەوی تیایدا ڕووی دا لە ئەنجامدا حوسێنی کوڕی عەلی و فاتیمەی زەهرا کوژران و هەر لەوێش نێژران، کەربەلا یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە.
کەرد: کردی.
کەردشان: کردیان.
کەرکووک (باوەگوڕگوڕ): شارێکی کوردنشینە، لە نەوتا زۆر دەوڵەمەندە، سەر بەکوردستانی عیراقی فیدراڵە لە دەڤەری گەرمیاندا، زووتر پایتەختی شارەزوور بووە.
کەرۆن: بکەم.
کەرەم: (١) چاوتێری، (٢) کەرەم و ئەسڵی دوو عاشقی تورکن، داستانێک بەناویانەوە هەیە و بۆ چەندین جار لە



چاپدراوە، لە ئەنجامدا هەر وەکو شیرین و فەرهاد بەیەک ناگەن و بەو ئاواتەوە سەر دەنێنەوە.
کەرەمدار: جوامێر، چاوتێر، خوا.
کەری: (١) بکەی، (٢) بکەم.
کەرێشان: کەرێش، جۆرێ قوماشی گەزییە.
کەش: کێشتن، ڕاکێشان.
کەشاکەش: کێشایکێش، ڕاکێشان، کینایەیە بۆ ئێش و ئازارو دەربەدەری و ناخۆشی و هەراوهوریا و چەقەچەق.
کەشاکێش: بڕوانە: کەشاکەش.
کەفتەکار: لە کار کەوتوو.
کەللەقەند: کەللە شەکر، شەکری پێکەوە چەسپاوی درشت.
کەللەشەق: سەرسەخت، کەللە ڕەق.
کەلیم: مەبەست لە حەزرەتی مووسا پێغەمبەرە کە لە هەر ڕۆژێکدا هەزارویەک وشە لەگەڵ خوادا دەدوا، خاوەنی تەوراتی پیرۆزە.
کەمتەر: کەمتر.
کەمەر: (١) پشتێن، (٢) بەرد.
کەمەر بەند: بەستنی پشتێن.
کەمینە: کەمایەتی، کەمایی.
کەندی: (١) خۆم، (٢) کەندوو.
کەنوی: کەندوو، لە کوردەواریدا ژنان لە قوڕی کاڵ دروستی دەکەن، بۆ پاراستنی ئارد و ساوەر.
کەنیز: کارەکەر، ئەو ژنەی کە ئەرکی خزمەتکاری دەبینێ.
کەوسەر: ناوی ڕووبارێکە لە بەهەشتدا.

کەوش: جۆرە پێڵاوێکی جارانە لە چەرم دروست دەکرا.
کەی: شا، نازناوی گەورەترین پاتشایە، پاشای هەرەگەورە.
کەیانیان: کۆی (کەی)یە، پاشا.
کەیخوسرەو: کوڕی سیاوەخشە، سێیەمین پاشای بنەماڵەی کەیانییە لەگەڵ ئەفراسیاب بەجەنگ هاتووە و کوشتوویەتی، لە هراسب لە ترسی هەڵات و چووە کێوی دەماوەن و خۆی هەشاردا.
کەیکاوس: دەیەمین پاشای زنجیرەی کەیانییە.
کەیل: خانوو.
کیبانا: ناردی.
کیانایی: ناردبووت.
کیرام: کۆی (کەرەم)ە، بەخشین، چاوتێر.
کیریفت: کەنەفت، پەک کەوتوو، کەلەلا.
کیسوە: بەرگ، پۆشاک.
کیشوەر: هەرێم، دەوڵەت.
کیبیل: ئارەزوومەند.
کیمیا: ئەکسیر کە بۆ ئامادەکردنی زێڕ و شتی بەنرخ بەکاری دێنن.
کیمیازان: زانای کیمیا، ئەوەی کیمیا دروست دەکا، لە کوردەواریدا بۆ مرۆڤی دەوڵەمەند و خوا پێداوان بەکاردێ.
کینە خوا: ڕقاوی، کینەدار.

## گ

گاڕان: گاڕام، داردەستی جوتیار.
گاه: جارێ.
گاه گاه: جار بەجار.

گاو: گا، نێرەی مانگا.

گرتەنم: گرتوومە.

گریانی: شاعیرێکی گەرمیانییە، لەدەوروبەری قەزای (کفری) لە سەردەمی میرزا خەلیل منەووەر ژیاوە، ماوەیەک لە بەندیخانەی بەغدا بەند کراوە، لە بەندیخانەوە چەند شیعرێک بۆ میرزا خەلیل دەنێرێ.

گفتە: بەڵێن، قسە.

گلاراو: ئۆقرە نەگرتن، بێ قەراری.

گل: ناوی هۆزێکی کوردە لە دەڤەری (بنارگل)ی گەرمیان نیشتەجێن.

گڵکۆ: گۆڕ، قەبر، کۆمەڵە خۆڵ.

گڵێم: بەڕە.

گورز: جۆرە چەکێکی کۆنە لە دار و ئاسن دروست دەکرا، سەرێ خڕیشیان بۆ ئامادە دەکرد، لە کاتی جەنگدا دەدرا بەسەر دوژمندا، ڕۆستەمی زاڵ گورزی هەبووە.

گورگین: یەکێکە لە پاڵەوانە کۆنەکانی ئێران، لە شانامەی فیردەوسییدا ناوی هاتووە.

گورێز: دوورە پەرێزە، کەنارەگیری.

گوزەر: تێپەڕبوون.

گوزەشت: تێپەڕبوون.

گوزیدە: هەڵبژاردوو، پەسەندکراو.

گوستاخ: (١) پوختە، (٢) ئازا و چاو نەترس، (٣) بێ شەرم.

گۆش: گوێ.

گۆشوارە: گوارە.

گوفتار: قسە، ئاخافتن.

گوڵئەندام: (١) ئەو ژنەی کە قەد و باڵای لە جوانیدا وەکو گوڵ دەنوێنێ، بۆ ستایش بەکاردێ، (٢) ناوی دڵبەرەکەی بەهرامی گۆرە، بڕوانە بەهرام.

گوڵبانگ: بانگی بڵند، دەنگی سەرباز لەکاتی جەنگ و شەڕ و شۆڕدا.

گوڵچیهرە: (١) ناوی خۆشەویستەکەی ئۆرەنگە.، (٢)ناوی ژنانە .،(٣) ئەو ژنەی ڕوخساری وەکو گوڵ گەش و جوان بێ.

گوڵشاد (گوڵشاه): (١) گوڵی گەش.، (٢) ناوی ژنانە (٣) ناوی جۆرە قوماشێکی کۆنی جوانە، مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە گوڵە گەشەکەیە کە بەڕوخساری یارەکەی شوبهاندووە.

گوڵعەنبەر: لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بە شارۆچکەی خورماڵ و تێکڕای شارەزووریان دەوت (گوڵعەنبەر)، زووتر کەرکووک پایتەختی شارەزوور بووە، شاعیر ئەم ناوەی بۆ شاری سلێمانی بەکار هێناوە.

گوڵگیری: (١) ئامرازێکە لە چەشنی قەیچی وایە، بەزمانەکەی مۆمی پێدەگرن.، (٢) ناوی جۆرە تووتنێکی هەڵبژاردەی نایابە.

گوڵنار: گوڵهەنار

گومبەر: گومبە، فەرمان بە دەرکردنی کەسێ.

گومڕا: ڕێ لێ بزر بوو، ئەوەی لە دامو دەستووری ئاسایی لایدابێ، ئەوەی باوەڕی بە ئاین و خوا نەبێ.

گوون: (١) دووڕوو.، (٢) گەون، گوێنی

گونبەد: گومەز



گوندک: گونک، ئەنگوتک.

گونڕەش: دەستنیشانە بۆ ئەو ڕەوانبێژییە فۆلکلۆرییەی کە دەڵێ: (تووشی گونڕەشی خۆی هاتووە)، ئەمە لە ڕێگەی گەپەوە بەیەکێکی دەڵێن کە تووشی ئێش و ئازارێک هاتبێ لە لایەن ستەمکارێکەوە.

گەت: دەگا.

گەدا: سواڵکەر، دەرۆزەکەر.

گەڕ: (١) بچووک.، (٢) خراپ.، (٣) جۆرە نەخۆشییەکە تووشی پێستی مرۆڤ و هەر گیانلەبەرێک دەبێ.

گەڕدی: گەشت، سۆراخکردن.

گەزاف: قسەی بێ تام و ناخۆش.

گەست: ناحەز، ناشیرین.

گەشتێڵ: گڕخۆر.

گەلاڵی (جەلالی): تیرەیەکن لە هۆزی جاف.

گەلە: مێگەل، ڕان.

گەلەوان: شوانی پەز و گاڕان.

گەنج: (١) لاو.، (٢)گنجینە، خەزێنە.

گەنجوور: خەزێنە دار، خاوەنی گەنجینە.

گەنجەلعەرش: جۆرە دوعایەکە وەکو بازووبەند وایە.

گەوهەر: هەموو بەردێکی بەنرخ وەکو ئەڵماس، یاقووت، پیرۆزە، مرواری و شتی تر.

گیپە: گیپا، کیپار.

گێچدر: درەنگە.

گیس: پرچ، کەزی، پەلکە.

## ل

لات: نەدار و هەژار.

لاجیوەرد: لاجوەرد، بەردێکی بە نرخ و زۆر سەختە، ڕەنگی ئاسمانییە، دەکرێتە قاشی ئەنگوستیلە، یان: دەیکەنە تۆز و لە ڕەسم کێشیدا بەکاری دەهێنن.

لارەیب: بێگومان، زاراوەیەکی زانستی فەلسەفەیە بۆ خوا بەکار دەهێنرێ.

لاری: (١) ناوی جۆرێکە لە تووتن.، (٢) خواری، چەوتی.

لاس: شیاکە، ڕیخ.

لاف: درۆ و فیشاڵ، خۆ هەڵکێشان.

لاقرتێ: گاڵتە وگەپ.

لاڵ: لال، بڕوانە لەعل.

لوام: ڕۆیشتم.

لوانا: ڕۆیشتم.

لوتف: ڕەحم و بەزەیی، ناسکی، نەرمی میهرەبانی، چاکی.

لۆتی: بەزمگێڕی بە زوڕنا و دەهۆڵ.

لۆدە: ئەنباری کا.

لوقمان (لوقمانی حەکیم): فەیلەسووف و بەندەیەکی حەبەشی بووە، کەوتۆتە وڵاتی فەلەستینەوە لە سەردەمی حەزرەتی داود پێغەمبەردا (خوا لێی ڕازی بێت)، لە قورئانی پیرۆزدا ناوی بەزیرەکی و زانایی هاتووە.

لۆمە: سەرزەنشت، سەرکۆنە.

لەب: لێو.

لەبان: کۆی (لەب): لێو.

لەبلەبی: نۆک.

لەتە: لەت، پارچە.
لەتیف: نەرم و ناسک، میهرەبانی.
لەتیفە: قسەی خۆش و پەسەند، قسەیە خۆشی و گەمەی تێدابێ.
لەتیفەخانە: ئەو شوێنەیە کە قسەی چاک و پەسەند و گەپ و خۆشی تێدا دەکرێ.
لەزیز (لذیذ): چێژ، تام، خۆش.
لەعل: لال، یەکێکە لە بەردە بەنرخەکان و ڕەنگی سوورە وەکو یاقووت.
لەفز: قسە، وتە.
لەمپا: جۆرە چرایەکی نەوتینی کۆنە.
لەنگ: شەل.
لەنگەر: خۆڕاگرتن و وەستان لە شوێنی سەخت و بەرزاییدا.
لەنگەری: (١) کەلەگەت.، (٢) سینی، قاپی درێژ و گەورە.
لەوح: تەختە.
لەیلا: بڕوانە لەیلێ.
لیرە: دراوی سککە لە زێڕ.
لێلاو: لێل، لێخن.
لیوا: (١) ناودار.، (٢) ئالا.، (٣) نیشانە.
لێوە: شێت، فێدار.
لەیلێ: کچی مەهدی عامرییە، ناوی ژنێکی عەرەبە، خۆشەویستی قەیسی عامری بووە کە ناسراوە بە (مەجنوون) بەلام باوکی ویستوویەتی بیدا بە کابرایەکی تر بە ناوی ئیبن سەلام، لەیلا شووی پێ نەکردووە و لە داخی مەجنوونی ئەویندار مردووە، لەپاش ئەو مەجنوونیش کۆچی دوایی کردووە.

## م

ماچان: دەلێن.
ماچۆ: (١) دەلێ.، (٢) لەناوچەی گەرمیاندا بە دیالێکتی (گۆران) دەلێن (ماچۆ) ئەم هۆزانەی کورد بەماچۆ دەدوێن: کاکەیی، زەنگنە، باجەلان، شێخانی، جەموور، شەبەک، ڕۆژبەیانی، هەروەها برا هەورامیەکانیشمان بەم شێوەزارە ئاخافتن دەکەن، شایانی باسە ئەم شێوازە لەگەرمە سێردا زۆر وشەی لوڕی گرتۆتە ئامێز.
ماچۆن: (١) دەلێم.، (٢) ماچۆ، واتە بە شێوەزاری ماچۆ ئاخافتن دەکا.
ماچە: (١) مەلێ.، (٢) ولاخی مێ.
ماچی: (١) دەلێی، (٢) دەلێم.
ماخەر: ماکەر، گوێ درێژی مێ.
مادەر: دایک.
مادیان: ماین، ئەسپی مێ، ئەسپی ماچە.
مارتلی: ماتلی، جۆرە تفەنگێکی جارانە.
ماردەم: جۆرە تفەنگێکی کۆنە.
مارزە: مەهێلە.
مارۆ: دەهێنێ.
مارووت: یەکێکە لەیاوەرانی هارووت لە بابل.
مازیندەران: ناوی ناوچەیەکە لە ژووری ئێران لە دەوروبەری دەریای (خەزەر)ە، ڕۆستەمی زال کە پالەوانێکی زەبەر وەدەستی ئێرانی بووە خەلکی ئەو ناوچەیەیە، لەشانامەی فیردەوسیدا ناوی هاتووە.
ماسەبەق: پێشوو، ڕابردوو.
مالام: مالتم.
مالوم: زانای ئایینی جوو.



مالە خێل: ڕەشمال، دەوارنشین.
ماما: دەهات.
مانگاقن: یەکەسێک دەوترێ قەلەو و کۆکی چوارشانە بێ.
مانگاو: مانگا.
مانەند: وەکو.
ماوزەر: جۆرە تفەنگێکی جارانە.
ماوەرین: دەهینین.
ماه: مانگ.
ماهی: ماسی.
محرم الأسرار: ئەوەی لە نهێنی غەیبی شارەزایە، خاوەنی کەشف و کەرامات، ئەوەی خوا زانایی ئایین و سۆفیگەری پێ بەخشیوە.
محەمەد: پێغەمبەری موسلمانان (٥٧١ – ٦٣٣ ی ز.) کوڕی عەبدوللا کوڕی عبدولموتتەلیب کوڕی هاشمە، لە مەککە لە پاش مردنی باوکی لەدایک بووە، لە تەمەنی چل سالیدا پەیامی خودای بۆ هاتووە، لە سالی (٦٣٣ی ز.) لەمەدینە ئەمری خوای کردووە.
محەمەد ئاغا: (١١٠٢ – ١١٩٧ی ک.) کوڕی ئەحمەد ئاغای زەنگنەیە، خەلکی ئاوایی (قەیتوول)ە لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا، نازناوی (زەبوونی) بووە، لە پاشا دەستی لەم ناوە هەلگرتووە و (غەمناکی) بۆخۆی هەلبژاردووە، بڕوانە غەمناکی.
مراز: ئارەزووی دل.
مروەت: ئینساف، کاری ڕەواکردن.
مزە: (١) مزئاش.، (٢) ئەو خواردنە کەمەیە کە مەی خۆران لەتەک مەیدا وردە وردە دەیخۆن.
مسقۆف: بێ باوەڕ، بێ دین.
ملۆمۆ: گەڕان و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیدا کردنی خواردن (ڕێوی ملۆمۆ دەکا).
ممدران: ڕاوەستاوە.
منالێل: مندالەکان.
مۆ: دەبێ.
موباح: ڕەوا، حەلال.
موبایەعە: کڕین و فرۆشتن بەیەکتری.
موتلەق: ئازاد، ڕزگار.
مودیر مال: بەڕێوەبەری دارایی.
موراعەت: پارێزگاری کردن لە شتێک.
مورغ: پەلەوەر.
موژگان: برژانگ.
مووژە: برژانگ.
موسافرکەش: قۆناغ، مالی زۆر بەمیوان.
موسایی: ئەوەی لەسەر ئایینی (مووسا) پێغەمبەرە، جوو.
مووسل: پارێزگایەکە لە ژوورووی عێراق.
موشبەع: تێر.
موشفیق: دلسۆزی و میهرەبانی.
موشیر: ڕاوێژکار.
موعەننەک: ناوی جۆرێکە لە ماین.
موقلاجی: کەلەکباز، فیلباز.
موکەدەر: مات و مەلوول، دلتەنگ و خەمبار.
موناجات: پاڕانەوە و نیاز لە دەرگای خوا، ڕازونیاز کردن.
مونافیق: دووڕوو.

مونتەفک: ناوێکی کۆنی شاری ناسریەیە کە دەکەوێتە خوارووی عێراق.
مونجخ: موروو، میرگ، موورگ.
مونکەر: کاری ناپەسەند، کاری نارەوا، کاری خراپ.
مونەججیم: ئەستێرەناس، کەسێک کە زانستی لە بواری ئەستێرەدا هەبێ.
مووەرژش: دەیخوا، نۆشی دەکا.
مووەرۆ (مۆرۆ): دەخوا.
مووەکیل: وەکیل، بریکار.
موهر: مۆر، داخمە.
موهەییا: ئامادە.
مەئاب: جێگەی گەڕانەوە، جێگەی هاتنەوە، ئەو جێگەیەی کە پێویستە بەسەری بکەیەوە و بچیەوە ناوی.
مەئجوور: بەکرێگیراو.
مەبۆ: دەبێ.
مەبۆسۆم: ماچی دەکەم.
مەبەستان: دەبەستن.
مەپاچۆ: دەپاچێ، پاچین بە قەیچی (مقەس).
مەپەرسۆ: دەپرسێ.
مەپەرسە: مەپرسە.
مەپێچم: دەپێچم.
مەتاع: سامان، کاڵا.
مەتالیک: پارەی هەرە بچکۆلەی دەورانی عوسمانی.
مەتاونۆ: دەتاوێنێتەوە.
مەتعوون: سەرزەنشت، تانە.
مەجنوون: ناوی قەیسی عامرییە، دڵدارەکەی لەیلای عامرییە کە ئامۆزایەتی، زۆر داوای کرد، بەڵام باوکی لەیلا ڕازی نەبوو، ئەویش لە داخانا کەوتە شیعر وتن و کەوتە بیابان، خاوەنی داستانێکی فۆلکلۆری خۆشن، دەڵێن لە ساڵی (٦٨٨ ی ز.) مردووە.
مەجیدی: پولێکی زەمانی عوسمانییە.
مەحاک: ئەمین مەحاکی داودەیە، مامۆستا عەلائەدین سجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێ: ئەم شاعیرە ناوی مەحموود کوڕی ئەحمەدە و لە ڕەچەڵەکدا زەنگنەیە، بەڵام بەداودە بە ناوبانگە، لە (١٨٧٥ی ز.) مردووە، مامۆستا مستەفا نەریمانیش لە کتێبی شۆڕشی برایم خانی دەلۆ – لە لاپەڕە (١١)دا – دەڵێ: مەحاک ناوی مەحموود کوڕی وەستا ئەحمەدی کوڕی دارشاڵەیە، نازناوی (فنوونی) بووە لە ڕەگەزدا دەچێتەوە سەر هۆزی زەند، لەناو داودە ژیاوە، لە ساڵی (١٢٩٥ی ک.) بەرامبەر بە (١٨٧٦ی ز.) لە ئاوایی (وارانی) مردووە.
مەحجووب: بەشەرم و حەیا.
مەحرەم: خزمی زۆر نزیک وەکو خوشک و دایک و پوور کە بۆ یەک مەحرەم بن.
مەحشی: جۆرە خواردنێکە لە گەڵێ شت پێک هاتووە وەکو: گۆشت، کەرەوز، نۆک، باینجان... هتد، هەروەها شێخ مەحشیشی پێ دەڵێن.
مەحفوز: بەختەوەر، بەختیار.
مەحمیل: ئەوەی لەجیاتی کەسێ شت هەڵدەگرێ.



مەدام: (١) هەمیشە.، (٢) ئارام، ئۆقرەگرتوو.
مەدان: دەدەن.
مەدۆ: دەدا.
مەدەرۆ: دەدا.
مەرتەبە: پلە و پایە.
مەرد: مێرد، پیاو.
مەردوود: هاتوچۆکردن.
مەدەریۆ: دەدرێ.
مەردەشۆر: مردووشۆر، ئەوەی مردوو دەشواتەوە.
مەرکەب: ئەوەی مرۆڤ لەئۆغردا سواری دەبێ وەکو: وڵاخ و ئۆتۆمبیل و کەشتی و فرۆکە.
مەرکەز: (١) مەڵبەند.، (٢) ناوی شارۆچکەیەکی کۆنە لە خوارووی عێراق.، (٣) ناوی دوو گوندی کوردنشینە سەر بە (خانەقی)نن، یەکەمیان– (مەرکەز پاشا حەموود)، دووەمیان (مەرکەز فوئاد) بە تەنیشت یەکەوەن لەسەر سنووری عێراق و ئێراندان لە نزیک (حەوشتەپە)، (٤) ناوی گوندێکە لە دەڤەری (خورماتوو) ناسراوە بە (قەڵخانلووی مەرکەز).
مەزار: گۆڕخانەی پیرۆز، زیارەتگا، مەرزەڵ.
مەزاق: (١) ئیشتیا، چێژە، (٢) گەمە، شۆخی.
مەزبوور: دەسنیشانە بۆ شوێنێک، یان: شتێک (ئا لەوێ).
مەسائی: دەساوی.
مەسان: مەسێنە، وەرمەگرە.
مەسانا: دەیکڕی، دەیخواست.
مەستە: پارچە شووشێکە سەرێکی تۆزێ پان کراوەتەوە، قاوەی پێ تێک دەدەن لە کاتی برشاندن لە تاوەدا.
مەسزۆ: دەسووتێ.
مەسعوود: بەختەوەر.
مەسیح: حەزرەتی عیسا پێغەمبەر ( خوای لێ ڕازی بێت) لە مەریەمی کیژدا خۆی نواندووە، لە تەمەنی سی ساڵیدا دەستی کردووە بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی هێز و توانای خوا، بۆ ئەم مەبەستە گەلێ موعجیزاتی هێناوەتەوە، لە سێدارە درا، بەڵام لە پاش سێ ڕۆژ هەڵسایەوە و دەستی کردووە بەبڵاوکردنەوەی پەیامی پێغەمبەری، کلیسەی دامەزراند، هەواڵی ژیانی عیسا و جەوهەری پەیامی پێغەمبەری لە ئینجیلدا نووسراوە.
مەساف: کۆی (مصف)ە، جێی ڕیزبوونی سەربازان و مەیدانی جەنگ.
مەشانان: دەوەشێنن.
مەشانۆ: دەوەشێنێ.
مەشکاوا: شکاندن، بڕین.
مەشی: (١) دەڕۆیشت، (٢) دەڕۆی؟
مەعدەل: جۆرە چەکێکی کۆنە.
مەغریب شار: دەستنیشانە بو وڵاتی (مەغریب).
مەفرەق: کانزایەکە مس و قەڵایی تێکەڵاو دەکرێ و حەوجۆشی لێ دروست دەکەن.

مەقدەمە (مَقْدَمْ): نیازی ئۆغرکردن، یان: لە ئۆغر گەڕانەوە، کاتی هاتن، کاتی پێ خستنە سەر زەوی.

مەقەڕ: جێگای سەقامگیر، ئەو شوێنەیە کە ئارامی تیادەگری، بارەگا.

مەکتووم: شاردنەوە، هاشاردان.

مەکەران: دەکەن.

مەکەرین: دەکەین.

مەکۆ: دەکا.

مەکۆشی: دەکۆشی.

مەککە: شارێکی پیرۆزی موسڵمانانە لە وڵاتی عەرەبی سعودییەدایە، محەمەد پێغەمبەر (د. خ) لەوێ لە دایک بووە، جێگایەکی بازرگانی گرنگ بووە، لە پێش ئیسلامدا، حەرەم کە بریتییە لە کەعبە و بەردی ڕەش، هەموو ساڵێک بەهەزاران موسڵمانی هەموو وڵاتان بۆ حەج ڕووی تێ دەکەن.

مەکەنزی: جۆرە تفەنگێکی جارانە.

مەکەی: دەکەی.

مەکیانۆ: دەنێرێ.

مەگرەوان: دەگرین.

مەگنۆ: دەکەوێ.

مەگوزەرۆ: تێدەپەڕێ.

مەگێڵا: دەسووڕا، دەسووڕایەوە.

مەلا پیرەوشەم: دەسنیشانە بۆ وەلی دێوانەی شاعیر (١١٦٠ - ١٢١٣ی ک.)، ناوی وەلیدە و بەتیرە میکائیلییە و لە هۆزی جافە، شەیدای (شەم) بووە، دیوانەکەی بۆ چەند جارێک لە چاپدراوە.

هەروەها شاعیرێکی تریشمان هەبووە بەناوی (مەلا پیرە)وە، شیعری بەشێوەزاری (گۆران) وتووە، مخابن کە تا ئەمڕۆ بەرهەمەکانی کۆ نەکراوەتەوە و سەرگوزەشتەیشی نادیارە.

مەلا فەتاح جەباری (١٨٠٦ - ١٨٧٦ی ز.) ئەم شاعیرە کوڕی سەیید مستەفا کوڕی سەیید ئیسماعیلی جانییە، بەرهەمەکانی بەدیالیکتی (گۆران) داڕێژراوە، دیوانەکەی لەلایەن هەردەوێڵ کاکەییەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ی . ز بڵاوکراوەتەوە.

مەلا وەڵەد خانی گۆران (١١٢٧ - ١١٩٠ی ک.) ئەم شاعیرە کوڕی مەلا شەهاوی گۆرانە، بڕێ چیرۆکی جوانی دڵداری بەشیعرەوە نووسیوە، بەرهەمەکانی زۆر تەڕ و پاراوو شیرین و ڕەوانن لە وانە: (شیرین و فەرهاد، یوسف و زلێخا، لەیلا و مەجنوون)، شیرین و فەرهادەکەی لە ساڵی (١١٥٠ی ک.)دا هۆنیوەتەوە.

مەڵۆ: بڕە باوەشێک لە دەخڵی دووراو.

مەلەک: فریشتە.

مەننان: (١) خوا، (٢) ئەوەی چاکە دەکا.

مەندە: مانەوە.

مەنقوور: جۆرە پارەیەکی کۆنە.

مەندەلی: شارۆچکەیەکی کوردنشینە، سەر بەشاری بەعقوبەیە.

مەنیجە: ئەویندارەکەی بێژەنە، ئەم دوو عاشقە داستانێکی فۆلکلۆری بەناویانەوە هەیە و لە چاپپیشدراوە.



مەنیشی: هۆزێکی کوردە، زۆربەیان لە دەڤەری (کفر ئاوەر)ی سەر بەشارۆچکەی ئیسلامئابادی ئێران نیشتەجێن، بەشێکیشیان لە دەوروبەری شارۆچکەی خانەقی کۆبوونەتەوە.

مەمە: مەمک.

مەواتت: دەتوت.

مەواچ: مەڵێ.

مەواچن: دەڵێن.

مەواچۆ: دەڵێ.

مەواچی: (١) دەڵێی، (٢) دەڵێم.

مەواست: دەخواست.

مەوانۆم: دەخوێنم.

مەوانە: مەخوێنە.

مەوت: دەبێ.

مەورۆشان: دەفرۆشن.

مەورەشە: مەفرۆشە.

مەوی: (١) دەبی، (٢) دەبوو.

مەهدی: ناوی محەمەد مەهدی مونتەزەر کوڕی حەسەنی عەسکەرییە، یەکێکە لە چواردە ئیمامی مەعسوومین، بەناوبانگە بەمەهدی ئاخر زەمان، گوایە ڕۆژی پەیدا بوونی (دەجال)ی درۆزن ئەم و عیسا پێغەمبەر پەیدا دەبن و لە ناوی دەبەن.

مەهمان: میوان.

مەینەتان: دەرد و ئازار، خەم و پەژارە.

مەیۆ: دێت.

مێراو (میحراب): جێگەی پێشنوێژ لە مزگەوتا.

میرزا: خوێندەوار، مەلا.

میر سمایل: دامەزرێنەری میرنشینی قەیتوولە، لە سەردەمی سوڵتان موورادی سێیەمدا، ناسراوە بەمیر سمایل زەنگەنە، کاتێ هاوسەرەکەی دەمرێ شاعیرێکی نەناسراوی ئەو ڕۆژگارە بەپارچە شیعرێکی خۆش دڵی دەداتەوە و سەرخۆشی لێ دەکات، ئەمەش کۆپڵەیەکە لەو شیعرە:

*میر سمایل وەغەم... میر سمایل وەغەم*
*بەشق شای شاهان وێت مەدەر وەغەم*
*(سەر بکێش وە دیار زایەڵەو حەرەم*
*ماچان چە باخچەت گوڵێ بییەن کەم*
*سەر تۆ خۆش بۆ وە قەندیل کۆوە*
*نەجای ئا گوڵە سەد گوڵ مەبۆوە.*

***

میرلوا: پلەی (لیوا) لە سوپای عوسمانیدا.

میزان: ترازوو، ئەو ترازووەی کە لە دوارۆژدا چاکە و خراپەی هەر مرۆڤێکی پێ دەردەکەوێت.

مێزەر: شاشک، سەروپێچ، پێچی سەر.

میسر: وڵاتی میسری عەرەبی.

میسل (مثل): وەک.

مێش: مەڕ.

میقراز: نینۆکبڕ، قەیچی، قاچی، مقەس.

میکائیل: یەکێکە لە فریشتە خێرخوازەکان.

میگبار: کوتەک، تۆپز.

مێمان: میوان.

میهمان: میوان.

## ن

ناب: شتی ڕێکوپێک، پاک و خاوێن، بێ غەش.

ناپلیار: ناپوختە.

ناچیز: خوێڕی، ناجسن.

ناخر: (١) ڕەوەی شەو بەکێو، (٢) گاگەل، گاڕان، گایەل.

ناحووم: کابرایە جوو بووە لە دێی عەرەبکۆیی لە ناوچەی (داقووق) دادەنیشت.

نادیر: نایاب.

نازر (ناظر): سەرکار، سەرپەرشت، پاسەوان.

ناسوور: ناسۆر، برین و دوومەڵی تەشەنە کردوو.

ناف: ناوک.

ناگا: ناکاو، کتوپڕ.

نالی: (١٨٠٠ – ١٨٥٦ ی ز.) ناوی مەلا خدر کوڕی ئەحمەد کوڕی شاوەیس میکائیلییە، لە گوندی (خاک و خۆڵ) لە شارەزوور لە دایک بووە، شاعیرێکی بلیمەت و پایە بەرزی کوردە، دیوانەکەی بۆ چەندین جار لە چاپدراوە.

نام: ناو.

نامای: (١) نەهاتی، (٢) نەیەی.

نامدار: ناودار.

نما: نوێژ.

نمارۆ: ناهێنێ.

نماز: نوێژ.

نمانا: کردی، ئەنجامی دا.

نماوا: نماوە، لباد.

نماوە: لباد.

نمز: نازانم.

نمشۆ: ناڕەوا.

نمشی: (١) ناڕۆی، (٢) ناڕۆیی.

نمک: خوێ.

نمکەرۆ: ناکا.

نمکۆش: نایکا، ناکا.

نملۆ: ناڕوا.

نمیان: نایەن.

نمیاوی: ناگەی، پێناگەی.

نمیۆ: نایەت.

نمێژۆ: ناهێنێ.

نوقرە: زێو، زیو.

نەبۆ: نەبێ.

نەخش: ڕەنگ و شێوەی دروستکراو بەدەست.

نەخل: (نەخیل): داری خورما.

نەدارۆن: نیمە، نیەتم.

نەدۆ: (١) نەدا، (٢) نەدەم.

نەزانۆ: نەزانێ.

نەزد: لا، ناو، وەنەزد، وە ناو.

نەزلە: نزلە، هەلامەتی زۆر سەخت، سەرما بردووی زۆر بەهێز.

نەزم: شیعر، قسەی کێش و سەروادار.

نەزیر: وەک، بەرامبەر، هاوتا.

نەزیری (نەظیری نەیشابووری): محەممەد کوڕی حوسەینە لە شاعیرەکانی سەدەی پانزەهەمی کۆچی ئێرانییە، بۆ وڵاتی (هند) کۆچی کرد و ستایشی ئەکبەر و جیهانگیری کرد، لە هەندێ شیعرەکانیدا بەرهەڵستی عورفی کرد، دیوانەکەی بۆ چەند جارێک لە هند لە چاپدراوە، لە



ساڵی (١٠٢١ هـ. ق.) ئەمری خوای بەجێ هێناوە.

نەژنەفتەن: (١) نەتبیستووە، (٢) نەیبیستووە.

نەسل: نەوە، وەچە، وەچ.

نەسحەت (نصیحە): ئامۆژگاری.

نەسەو: نەسەب، ڕەگەز، ڕەگ.

نەسیمی: عیمادەدینی نەسیمی (٧٧١ – ٨٢٠ی ک.) مرۆڤێکی ئازادی خوازی ئازەربایجانی بەجەرگ و نەترس بووە لە شاری (حەلەب) زۆرداران بەزندویتی پێستیان گردووە.

نەحس: شووم، بەدفەڕ.

نەسیب: بەخت، ئیقباڵ، تاڵح.

نەغام: نەفام.

نەفرین: لەعنەت، جنێو، دژ بەئافەرین.

نەکەریم: (١) نەکەین، (٢) نەمکەی.

نەم: شیدار، تەڕ، دڵۆپە، نم.

نەمانۆ: نەمێنێ.

نەمروود: پاشایەکی سەردەمی کۆنە، دەیوت:
من خوام مەنجەنیقی بۆ ئیبراهیم خەلیل
بەرپاکرد، بە ئەمری خوا ئاگرەکە بوو
بەگوڵزار، لە ئەنجامدا مێشوولەیەک
چووە کونە لووتی و بوو بەهۆی مەرگی.

نەوا: دەنگ و ئاواز.

نەواتەن: نەیوتووە.

نەواچان: نەڵێن.

نەوادار: هەر شتێ دەنگ بداتەوە، یان: سەدای هەبێ.

نەواز: ناز، نازونووز.

نەوازی: نەخوازی.

نەواهی: کۆی نەهی، ڕێ لێگرتن، ڕێنەدان.

نەوانێ: نەبن.

نەوجوول: ناوی شارۆچکەیەکە لە دەڤەری گەرمیان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای (خورماتوو)ەوە بە (٢٠) کیلۆمەترێک.

نەوڕەس: تازە هەڵچوو، نەوجوان، توولەک.

نەوڕەسید: تازە پێگەیشتوو، هەرزەکار.

نەوشاتر: نۆشاتر، کانزایەکی سپی زۆر تیژی گەرمە، مسگەرەکان لە مس پاککردنەوەدا بەکاری دێنن.

نەوشیروان: پاشایەکی بەناوبانگی ئێران بووە لە دوا شاکانی بنەماڵەی ساسانی.

نەوییان: بەرپابوون، دامەزراندن.

نەویدی: موژدە، مزگێنی.

نەی: (١) دەزوو، (٢) قامیش، (٣) نەیەی.

نەیجە: نەی، قامیش.

نەینەوا: شارێکی کۆنی سەردەمی ئاشوورییەکانە و (تغلانفلاسر) پایتەختیان بووە، تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە کە دەکەوێتە سەر گردی (قوینجیق) بەرامبەر بەشاری (مووسڵ) لە کتێبی موقەددەسدا ناوی هاتووە، هەنووکە نەینەوا بووەتە نازناوی شاری (مووسڵ).

نی: لەم (نی جاگە = لەم جێگایە).

نیسار (نیثار): (١) پەراگەندەیی، پەرش و بڵاوی، (٢) ئەو شتانەیە کە بەسەر بووک یا هەر کەسێکی تردا دەکرێ لە سەردەمی خۆشی و بەختیاریدا لە

شیرینی و پارە و شتی تر.
نیعمەتوڵڵای فارس (نیعمەتوڵڵای کیرمانی): ئەمیر نورەددین نیعمەتوڵڵای کوڕی میر عەبدوڵڵایە، شاعیر و شێخێکی بەناوبانگی سۆفیگەرییە، بەرهەمەکانی بریتین لە شیعری سۆفیگەریتی، ڕێبازەکەی تا بەئەمڕۆ لە ئێراندا ماوە و خەڵکی پێڕەوی دەکەن، لە ساڵی (٨٣٤ ه. ق.) مردووە.
نێک: چاک، پوختە.
نێکنام: ئەوەی ناوی بەچاکە دەرچێ، ناوی جوان و چاک.
نیگوون: سەرەونخوون، سەرنخوون.
نیگەهدار: ئاگادار، خەبەردار.
نیل: خم.
نیمچە: نیوچە، ناتەواو.
نیهاڵ: درەختی تازە هەڵچوو، کینایەیە بۆ باڵا و قەدی کچانی تازە هەڵچوو.
نیهان: پەنهان، شاراوە، نهێنی.
نیهانگیر: نانگیر، بەسەگێک دەوترێ لەپڕ بەنهێنی پەلاماری مەردم بدات.
نییەن: نییە.

## و

وات: وتی.
واتش: وتی.
واتم: وتم.
واتە: قسە، واتا، گوتن.
واتەن: وتوویەتی.
واچ: بڵێ.
واچۆن: بڵێم.
واچی: بڵێم.
وار: خوار، باشوور.
وارا: باری.
وارۆ: دەبارێ.
وازۆ: بخوازێ.
واسع: فرەوان.
وارس: میراتگر.
وافر: زۆر، بێشومار.
والا: (١) دەمکراوە، ڕووکراوە، (٢) بەرگی بووکێنی، هەر قوماشێکی تەنک.
والی: پارێزگار.
واڵێ: خوشک.
وامەندە: (وامانده)، بەجێماو، دەردەدار.
واوڕ: شڕۆڵ، شڕوپڕ، خراپ.
واوێڵە: نەخۆشی باداری.
واهم: مەلوول، زەبوون.
وتەن: خەوتووە.
ورمەدارۆ: هەڵدەگرێ.
وڕک: پەڵپ، بیانووی مناڵ.
وڕیا: بڕا.
ورێس: گوریس.
وساڵ: ناوی میرزا محەمەد شەفیع شیرازییە، ئەم شاعیرە بەمیرزا کوچەک ناوی دەرکردووە، گەلێ شیعری جوانی هەیە کاریگەرە بەشێخ سەعدی و حافزی شیرازی، لە ساڵی (١٢٦٢ی ک.) مردووە.
وسڵە: پارچە قوماش.
وڵکە: مەڵبەند.



وەپا: بەرپا.
وەت: وتی.
وەخیم: سەخت، دژوار.
وەحل: قوڕوقوڕاو.
وەحە: خوڕین لە گا و مانگا و گوێرەکە و گامێش.
وەردان: بەرداوە.
وەردە: خواردن.
وەردەنی: خواردنەوە.
وەرز: بەرز، بڵند.
وەرم: خەو.
وەڕوەڕ: دەمانچە.
وەرە: بەرخ.
وەڕەس: وەڕس، بێزاری.
وەرین: پێشین.
وەزنە: جۆرە کێڵێکە بۆ دانەوێڵە بەکاردێ کە ئەکاتە یەک جەواڵ.
وەس: بەس.
وەسان: لە کارکەوتن، ماندووبوون.
وەسەن: بەسە.
وەش: خۆش.
وەققاز (وەققا): قورس، کێشانەیەکە بەرامبەر بەهەزارو سەدو هەشتاو سێ گرام.
وەکۆ: وەکوێ.
وەلوەلە: دەنگ و هەراوهوریا.
وەنەش: پێی.
وەوی: بووک.
وەی: (١) بەم، (٢) ئازار، بەڵا.
ویارا: تێپەڕی، گوزەری کرد.
ویت: تاقم، گرۆ.
وێت: خۆت.
ویر: بیر، یاد، فیکر.
ویرد: نزا و تکا، لە خوا پاڕانەوە لە ژێر لێوانەوە.
وێردە: تێپەڕبوون، ڕابردوو.
وێرگی: باج، سەرانە.
وێرەگا: ئێوارە.
وێش: خۆی.
وێم: خۆم.
وێمان: کۆی (وێم): خۆم.

## ه

هارووت: یەکێکە لە خوا پێداوانی کۆنی بابل، هاوڕێی مارووت بووە.
هاز: هێز.
هاست: هێشت.
هالە: خەرمانەی مانگ.
هامان: وەزیری فیرعەون بووە، بەکابرایەکی زاڵم و ستەمکار ناسراوە.
هامراز: دۆستی زۆر نزیک، ئەو دۆستەیە کە نهێنی دڵی خۆتی بۆ دەڵێیتەوە.
هامسا: دراوسێ.
هامسەر: هاوسەر، بریتی لە ژن و مێرد.
هامفەرد: هاوڕێ، دۆست.
هامقەرین: دۆستی گیان بەگیانی.
هاملۆ: یاوەر، هاوڕێ، هاوتا.
هاموون: بیابان، دەشتوچۆڵ.
هانا ڕەس: بەداد و هاوار گەیشتوو، ئەوەی فریای یەکێ دەکەوێ و دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکا و لە تەنگانە ڕزگاری دەکا.

هۆڕ: ئاغەڵ، جۆرە جەواڵێکی گەورەی یەکتایە.
هورتمان: جۆرە چەکێکی جارانە.
هۆرتومان: کزن، دانەوێڵەیەکە بژێوە، گای پێ قەڵەو دەکەن.
هوردڕی: هەڵدڕی.
هورکەنیا: هەڵکەندرا.
هورگرتن: هەڵیانگرت.
هورگیریان: هەڵگیراوە.
هورێزام: هەستام.
هورێزن: هەستن، ڕاپەڕن.
هوروەشان: هەڵوەشان.
هورێزان: هەستان.
هورێزاین: هەستاین.
هۆقە: حۆقە، سەنگێکە بۆ شت پێ کێشان.
هۆڵە: گێرە.
هەمەیلا (هومای): ناوی دڵدارەکەی (هەمایۆن)ە، داستانێکی خۆش بەزمانی فارسی بەناویانەوە هەیە، لە ئێران چاپ کراوە، لە شانامەی فیردەوسیش ناوی هاتووە.
هوون: خوێن
هووناو: خوێناو.
هووەیدا: ئاشکرا، ئەوەی بەچاکی دەبینرێ.
هوین: خوێن.
هەجر: کۆچکردن، وازهێنان.
هەر: (١) کەر، (٢) تەنیا، (٣) هەمیشە.
هەڕ: قوڕ.
هەراس: هەراسان.
هەردە: (١) زۆرکان، دەشتی بەگەردولکە، (٢) بیابان، دەشتوچۆڵ.
هەرزەلاف: وتنی بێ سوود.
هەرەس: فرمێسک.
هەزاروهەن: دەڵێن: گوایە لە ساڵی هەزار و هەندێک دنیا کۆتایی پێ دێ و دەبێتە ڕۆژی حەشر.
هەس: هەیە.
هەشتو چوار: مەبەست لە دوانزە ئیمامی بێ گوانایە، (١٢) ئیمامی مەعصومین کە ئەمانەن: ئیمامی عەلی، حەسەن کوڕی عەلی، حوسەین کوڕی عەلی، زەینەلعابەدین، محەمەد لباقر، جەعفەر سادق، مووسا کازم، عەلی ڕەزا، محەمەد جواد، عەلی هادی، حەسەن عەسکەری، مەهدی مونتەزەر.
هەفت لەشکر: داستانێکی شیعرییە بەناوی شانامەی هەفت لەشکر، باسی شەڕوشۆڕی، پاڵەوانەکانی کۆنی ئێران دەکات، یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەبولقاسم حەسەن کوڕی ئیسحاق شەرەف شای فیردەوسی تووسی (٩٤٠ - ١٠٢٠ی ز.) ژیاوە.
هەفتەغار - (حەوتەغار): پانتاییەکە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی داقووقەوە بە(٣٠) کیلۆمەترێک، سێ گەورە دێی گرتۆتە ئامێز، حەوتەغاری دارا، حەوتەغاری عەلی، حەوتەغاری تۆفیق، زۆربەی دانیشتوانی ئەم ئاوایییانە داودەن.
هەرکۆ: هەرکێ.
هەفتاو دوو تەن: واتە (٧٢) کەس،



دەستنیشانە بۆ ئەو (٧٢) سوارەی کە لەگەڵ حەزرەتی حوسێندا لە (کەربەلا) شەهید بوون.
هەڵەخەن: پێکەنین بەتەڵفیسی، گەمەکردن.
هەڵەواش: هیچ و پووچ، سەرەڕۆ، چەقەچناوە.
هەمانە: هەنبانە، لە پێستی خۆشەکراوی پەس ئامادە دەکرێ، بۆ تەپڵ و دەهۆڵ و پاراستنی شتومەک بەکاردێ.
هەمتا: هاوتا.
هەمەوەن: هۆزێکی بەناوبانگی کوردە، بەزۆری لە دەوروبەری چەمچەماڵ نیشتەجێن.
هەن: هەیە.
هەنجار: هەموار، ڕێکوپێک.
هەنەن: هەیە.
هەنی: ئیتر.
هەولێر: شارێکی کۆنە لە کوردستانی عێراقی فیدراڵ.
هەیاس خاس: (هەیاس دورناس)یشی پێ ئێژن، وەزیری سوڵتان مەحموود بووە، بەزیرەکی و دانایی و وریایی بەناوبانگە، دەڵێن گوایە کورد بووە، سوڵتان مەحموود تورک و پاشایەکی کۆنی تورکستانە.
هەیکەرد: خوڕی.
هیت: جووت، کێلانی زەوی.
هیتیار: جوتیار.
هێمان: هێشتان.
هیندستان: وڵاتی هیندستان.

## ی

یاپەرەم: دەیکەم.
یاتاغ: پێخەف.
یار: دۆست، ئاواڵ، دڵبەر، گوڵ.
یارم: نیو.
یازلق: هاوینە.
یازوغ: مخابن، حەیف.
یاس: پرسە، تازیە.
یاساغ: قەدەخە.
یاسین: (١) ناوی سورەتێکە لە قورئانی پیرۆز، (٢) یەکێکە لە ناوەکانی محەمەد پێغەمبەر (د. خ).
یاغ: ڕۆن.
یاقون: نزیک.
یاکە: یان، یاخود.
یانگە: جێگە.
یانە: (١) ماڵ، (٢) ئەمانە.
یاوا: گەیشت.
یاونۆت: بتگەیەنێ.
یخ: فەرمانە بۆ ڕووخاندن.
یۆخسوڵو: نەدارا، دەسنەڕۆ.
یۆرغان: پێخەف.
یوز: سەد، ژمارەی (١٠٠).
یوزباشی: نەقیب، ئەفسەری سێ ئەستێرە.
یوسف: کوڕی یەعقووب و ناوی ڕاحیلەیە، لە سەدەی (١٣)ی پێش زایین ژیاوە، بەپێی (تەورات) براکانی فرۆشتوویانە بەهەندێ بازرگان، لە پاشانا بوو بەوەزیری فیرعەونی میسر و بەڕێوەبەری ئازووقە لە برسییەتییەکەدا بەپێی

قورئانیش براکانی خستیانە بیرێکەوە بەهۆی هەندێ کاروانچییەوە ڕزگاری بووە، بردیانە میسر و فرۆشتیانە (پۆتیفار) واتە عەزیز میسر، زلێخای ژنی عەزیز گیرۆدەی عەشقی یوسف بووە، بەڵام یوسف دەستی لە گەڵدا تێکەڵ نەکرد، لەبەر ئەوە زلێخا، لای مێردەکەی بوختانی پێکرد و خرایە زیندانەوە، لە ئەنجامدا لە زیندان دەرچوو، بوو بەوەزیری فیرعەون و یارمەتی یەعقووب و بەنی ئیسرائیلی دا کە سینا بکەن بەمەڵبەندی زندەگانی.

یوک: کۆڵێ.

يَوْمُ الجَزا: ڕۆژی ئاخیرەت.

یوم العرصات: ڕۆژی حەشر، دوارۆژ، گۆڕەپانی ڕۆژی قیامەت.

یوم القیام: ڕۆژی ڕاپەڕین، دوارۆژ، ڕۆژی حەشر.

یوم الممات: ڕۆژی مردن، ڕۆژی حەشر.

یومن: هیمەت، سایە.

یون: پوول، دراو.

یە: ئەمە.

یەختەسار: کاول، وێرانە، خاپوور.

یەراق: چەک وەکو: شیر و خەنجەر و تیرکەوان و تفەنگ، تەنانەت بەرگ و زینی ئەسپیش دەگرێتەوە.

یەزید: کوڕی موعاویەیە، لەسەر خیلافەت لەگەڵ حەزرەتی حوسێنی کوڕی عەلیدا تێک چوون و لە ئەنجامی جەنگێکی خوێناویدا لە ساڵی (٦٨٠ی ز.) حوسەین کوژراو یەزید بوو بەخەلیفە.

یەسرب (يَثْرِبْ): ناوێکی کۆنی مەدینەی منەووەرەیە، لە پاش هیجرەتی محەمەد پێغەمبەر (د. خ) ناوی گۆڕاوە بەم ناوەی ئێستای.

یەعقووب: یەکێکە لە پێغەمبەرەکانی خوا، باوکی یووسف پێغەمبەرە.

یەغما: تالان.

یەگانە (ییگانە): تاقانە، بێ وێنە.

یەل: پاڵەوان.

یەمان: خراپ.

یەمەن: وڵاتی یەمەنی عەرەبی.


يَنْفَخْ الصُورْ: ڕۆژی حەشر کە ئسرافیل فوو بەکەڵە شاخەکەیەوە دەکا و بەدەنگی مردووەکان زندوو دەبنەوە چاکەکان بۆ بەهەشت و خراپەکانیش بۆ هەتاهەتایە لە دۆزەخ دەمێننەوە.



## بۆ ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگۆکە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


* فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە – هەژار– تەهران / ١٩٩١ی ز.
* فەرهەنگی عەمید – حەسەن عەمید – تەهران/ ١٩٨٢ی ز.
* فەرهەنگی شیرین – فازڵ نیزامەدین – سلێمانی / ٢٠٠١ی ز.
* المنجد فی اللغة والأعلام – بیروت / ١٩٨٦م.
* المعجم الفارسي الكبير – المجلد (١، ٢، ٣) – فارسی – عەرەبی – دكتور أبراهيم الدسوقى شنا – بیروت / ١٩٩٢م.
* فەرهەنگی دیوانی نالی – د. مارف خەزنەدار – بەغدا / ١٩٧٧ی ز.
* فەرهەنگی ماچۆ – هاشم کاکەیی و هەردەوێڵ کاکەیی – دەستنووسە.
* هەروەها لە لێکدانەوەی وشە تورکمانییەکان سوودم لە شاعیر سەیید محەمەد دارتاشی کاکەیی وەرگرتووە، کە زمانی تورکمانی بەنووسین و ئاخافتن زۆر بەچاکی دەزانێ.

# دەستنووس و وێنە



– دەستنووسی ژمارە (١)





-١٠-

ئیسلام و یەهوود گەبر و مەجووسان    عەلی جەی شادی قەید مەحبووسان
ئالای نیظام تفەنگ وەدەستان    جە دەور قشلە طابوور مەبەستان
طەوق بەیداغان ڕەنگ ڕەنگ ئاراستان    تەعلیم عەسکەر هۆهۆی سەرمەستان
صەدای گرمەی طۆپ کەپەناو کووسان    عەلی جەی شادی قەید مەحبووسان
جۆوق جاهیلان هەڵەی ڕشەبەلەک    زڕەی پۆیلەی ژن مەشۆ بەفەلەک
زرمەی تفەنگان مشۆ وەسەمەک    نە عەرش عەظیم سەیر مکۆمەلەک!
زومرەی بەندیان مات و مەئیووسان    عەلی جەی شادی قەید مەحبووسان
(خەلیل) هەم وەی ئەشک دوو دیدەی ئەسرین
وەی حەسرەت کێشی وەی دڵەی غەمگین
بێ سەیر و سەیران لە کنجی زەمین    دوور لە ئەقرباو گۆشەی غەمنشین
عەلی ئاغای تەرجیل فەهمش قامووسان    حەیفەن جەی شادی قەید مەحبووسان


*** ***

مامۆستای بەڕێز
سڵاوێکی گەرمی دڵسۆزانە
وا بەپێی تەوصیەکەتان ئەمانەم ڕوونووس کردەوە بۆت
هیوادارم جێی ڕەزامەندیتان بێت.

دڵسۆزتانە
فاتح عبدالکریم
٩٧٨/٨/٢٧


– دەستنووسی ژمارە (٢)

– دەستخەتی فاتیح مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس.




- دەستنووسی ژمارە (٣)
- دەستخەتی مەلا عەباس حیلمی کاکەیی.






- دەستنووسی ژمارە (٤)
- دەستخەتی مەلا عەباس حیلمی کاکەیی.



– دەستنووسی ژمارە (٥)


– دەستخەتی سەیید وەهاب کاکەیی.





– دەستنووسی ژمارە (٦)

– دەستخەتی سەیید وەهاب کاکەیی.




یا شیخ بو بعشق غوث گیلانی	بحاجتی ذات شیخ ولیانی
بآیهٔ کلام جزء قرانی	بعشق صورت سبع المثانی
چونکه اولادهٔ رسول اللهی	جم قاپی خدا رجا دواهی
بعشق رسول حبیب سبحان	رجا کم نه باب پادشای یزدان
ضعیف مظلوم ببو دلشاد	هم نجات غم هم حاصل مراد

یه خلیل واتن مات غبارن
دعاکوی مرشد قره چیوارن

هامله زادیوشین	من پی برای ویم ها ملزار یوشین
وذات بیچون رب العالمین	خاولیم حرامن نروی بزمین
قومان جا احمد نداران خبر	خداوند سورش کردن وجمر
محمد حسین امر خداش کرد	احمد مکیشو هناسان سرد
من پی برای ویم تیرم بجرکن	پی برام سیاه لباسم برکن
هی قومان بیان وزاریوه	وی کوس کفتهٔ دیاریوه
محمد حسین سرکرداتم کرد	نی دنیای فانی مال ویرانم کرد
برای

– دەستنووسی ژمارە (٧)




بلایه و شین سرو خاکوه	بیانک فریاد ستم نالکوه
وان دن یا شیخ هانا صد هانا	داد برس فریاد نمند توانا
او خدر عزیز چون رستم خری	ریش علانیت وخنجر بری
ناموس بی پامال ندی تلعفار	با او دانیشی ایمه مکین بار
سا که اید شفقت او شیخ زمان	وت شور با خوران تکیهٔ طالبان
چند مرد منصور هوریزن وکار	تیان هل بدن تا و تلعفار
من ولات پرسی نیم بوناعلاج	تیان هل بدن شق کرما بجی
بصد رزالت طایفهٔ احمق	طردشان کردن ورشنام شق
وزجرد شنام تعدای زلیل	چه دی تلعفار کردشان زلیل

یه خلیل واتن شعرای روزگار
پری علانیت کوخای تلعفار


ایل ردیف‌ده بوریند برنجی یوز باشی فضلو ولی النعم
افندم درویشه افقف حضرتدرنه
قوتدر
معروضه

– دەستنووسی ژمارە (٨)




– دەستنووسی ژمارە (٩)





– دەستنووسی ژمارە (١٠)


– دەستخەتی میرزا خەلیل منەووەر.



– دەستنووسی ژمارە (١١)


– دەستخەتی میرزا خەلیل منەووەر.





– دەستنووسی ژمارە (١٢)


– دەستخەتی میرزا خەلیل منەووەر کاکەیی.



– دەستنووسی ژمارە (١٣)

– دەستخەتی محەمەد چۆبانی کاکەیی.






– دەستنووسی ژمارە (١٤)



شێخ مستەفا نەقیب



شێخ مەعرووفی نەقیب (مارفەکەڕ)








١- ئەمین ئاغای شەریف فەرەنگیزی هەمەوەندی.

٢- محەمەد فەیسەڵ داغستانی - والی مووسڵ.


لەگـەڵ چەند کـەسایەتیـیـەکی هۆزی هەمـەوەند. وێنەکـە لە سـەردەمی عوسمانییەکان لە سەرەتای سەدەی پێشوودا گیراوە.



سەیید وەهاب کاکەیی




کوێخا سەلیم قۆچاغلی




دێی تۆپزاوە







خەلیل منەووەر




ناوەندی رۆشنبیری خەلیل منەوەر



منارەکەی داقوق




سەیید عەلی ڕۆستەم ئاغای کاکەیی






سەیید وەڵەد ئاغای کاکەیی



هەردەوێڵ کاکەیی




شاعیر مەلا عەباس حیلمی کاکەیی



سەیید خەلیل ئاغای کاکەیی






شێخ ڕەزای تاڵەبانی



شێخ مەحموودی نەمر



سەیید ئەحمەدی خانەقا



دانیشتوان لەلای ڕاستەوە: جەمیل بەگ پاشای بابان، کابتن ار. اف. جارین
دادوەری سیاسی کفری، شێخ حەمید تاڵەبانی.
ئەوانەی وەستاون لەلای ڕاستەوە: کەریم بەگی جاف، فارس بەگی بەیاتی،
مەحموودی بەگی دادوەر.
وێنەکە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو گیراوە.

# پێڕست


پێشـەکی ... 5
سـەرەتایەک ... 15
چۆن بەرهەمەکانی شاعیرمان بەدەست هێنا ... 16
چی دەربارەی خەلیل منەووەر بڵاوکراوەتەوە ... 23
سەرگوزشتەی شاعیر ... 27
شیعرەکانی شاعیر ... 65

**ئەویینداری** ... 65
چە کوردە ماڵان ... 67
بۆ کچە کوردێک ... 69
میرزا بەسەر ئازیزەکەیدا هەڵدەدا ... 70
شاعیر و مەنیجەخانی دڵداری ... 72
شیرین ئەرمەن دیم ... 75
شیرین جەماڵت ... 78
میرزا و شاعیرێکی تر بۆ ژنێک شیعر دەنووسن ... 81
چەی شوعلەی شەمە ... 81
خەندانم جەمە ... 82
لەیل بێ وەفا ... 84
خۆشەویستی ... 85
بۆ گوڵنازی دڵخواز لە سەلاحیە ... 86
نامەی شاعیر بۆ یارەکەی ... 88
وەسەر سەراوێ ... 89
دووربینی و پێشبینی ... 92
میرزا خەلیل بەم جۆرە پێشبینی لە ئایندە دەکا ... 92
دوڵگە ... 94
پرسەنامە ... 94





پرسەو کۆچکردنی فەقێ قادری هەمەوەندی ... 98
لاواندنەوەی شاعیر بۆ مەنیجەی ژنی ... 102
جارێکی تر شیوەن بۆ مردنی مەنیجەخان ... 104
بۆ پیشەساز خورشیدی کارگەچی و شیوەنی حەنیفی ژنی... 106

**ستایش و نەورۆز** ... 113
میرزا موژدەی بەهار و نەورۆز بەخەڵکی ڕادەگەیەنێ... 115
ستایشی چایی ... 117
میرزا خەلیل ستایشی تووتنەکەی دەکات ... 118
ستایشی کۆخا ڕەمەزان ... 120
ڕۆیشتنی میرزا خەلیل بۆ خزمەتی خەلیل کارگەچی... 121
میرزا خەلیل ستایشی پیشەسازەکان دەکا ... 123
ستایشی عەزیز ڕەمەزان و قادر ڕەنجبەر ... 126

**نزاو شیعری ئایینی** ... 129
موناجات بەدەرگاهی (قاضي الحاجات) ... 131
میرزا بۆ حاڵی خۆی لە خوا دەپاڕێتەوە ... 136
ستایشی حەزرەت ئیمامی عەلی ... 138
میرزا نامەیەک بەناوی خانمێکەوە بۆ شێخێکی تەریقەت دەنووسێ ... 139
وەڵامی شێخ بۆ خاتوومەلەک جادر ... 143

**کۆمەڵایەتی** ... 155
وەسیەتنامە و ئامۆژگاری شاعیر ... 157
گلەیی لە خزم و خوێش ... 159
شاعیر گلەیی لە بەختی خۆی دەکا ... 161
مەبەر بەنۆکەر ... 162
دەمەتەقێی شاعیر لەگەڵ مردوویەکدا ... 163
میرزا خەلیل ڕۆن دەکرێ ... 164
یاران وەبێ غەم ... 165
نامەی میرزا خەلیل بۆ سەیید سەمین ... 166
میرزا داوای قەرە خەرمان دەکا ... 169

گلەیی و هاواری میرزا لە دەست خانووەکەی ... 171
میرزا داوای خەلات دەکا ... 177
بۆ ئەوانەی دانا و هۆشیارن ... 179
پیرۆزی ڕۆژەکانی هەفتە ... 181
لە فیشەک هەڵوەس ... 182
چوار خشتەکییەکان ... 183
شاعیر لە بەندیخانەدا ... 187
میرزا خەلیل کەشکۆڵێک پێشکەش بە ئەمین ئاغای هەمەوەندی دەکا ... 189
میرزا خەلیل لە دەستی ڕۆژگار سکاڵا دەکا ... 195
جەنگنامەی عەلی تیت و عەلی خدرەلەک ... 196
نامەی میرزا خەلیل بۆ سەیید حەسەنی قەرەچێوار ... 203
نامەی مەلا خەلیل بۆ سەیید وەلەد ئاغای کاکەیی ... 206
نامەی مەلا خەلیل بۆ جەنابی ئەمین ئاغای هەمەوەندی ... 212
نامەی میرزا خەلیل بۆ بەندکراو عەلی ئاغای تەرجیلی لە بەندیخانەی کەرکووک... 216
نامەی میرزا خەلیل بۆ عەزیز عەلی ئاغا ... 220
نامەی مەلا خەلیل بۆ بەندکراو سەعید ئاغای داودە لە بەندیخانەی کفری ... 223
نامەی میرزا خەلیل بۆ کۆخا ئیبراهیم ... 227
نامەی خەلیل منەووەر بۆ عەلی ئاغا ... 229
نامەی میرزا خەلیل بۆ سمایل ئاغای داودی لە دێی ئەلبوسەباح... 233
میرزا خەلیل نامەیەک بەناوی حوسێن ناوێکەوە دەنووسێ... 239
نامەی مەلا خەلیل بۆ وەستای کەلاشکەر ... 243
تاکە شیعرێک ... 246
داشۆرین (هەجوو) ... 247

**هەجوکردن** ... 247
هەجووی دانیشتوانی دێی عەرەبکۆیی ... 248
هەجووی شەحنەو نۆکەرانی ئاغا ... 251
هەجووی خالۆ مستەفای نەوتچی ... 253
دەمەتەقێی نێوان چایی و قاوە ... 254
شاعیر هەجووی ئینگلیز و بەرگری لە هەژارەکان دەکا ... 257





هەجووی خانووەکەی لە دێی عەرەبکۆیی ... 258
هەجووی حەمەگاوان ... 260
هەجووی سەیید ئەحمەد ... 262
هەجووی تفەنگەکەی شاواز ... 263
دەمەتەقێی نێوان میرزا خەلیل و پارە ... 265
شاعیر هێرش دەباتە سەر پارە و ئەوانەی هەڵپە بۆ پارە دەکەن.. ... 275
هەجووی حاجی جەمیل و عیسا ئەفەندی ... 276
دەمەتەقێی میرزا خەلیل و پیرەژن پەری ... 278
هەجووی حەکیم محەمەد نوری ... 281
میرزا هەجووی سەییدێک دەکات ... 283
هەجووی حەمە مەردانی ئاشەوان ... 286
میرزا گلەیی لە هۆزەکەی و هەجووی ژنەکەی دەکا... 288
شاعیر گلەیی لە ڕۆژگار و هەجووی هۆزەکەی دەکا... 291
سەر بەرزی و نەفس پاکی شاعیر ... 307
میرزا خەلیل هەر بۆ گەپ هەجووی ژنان دەکا ... 309
ئاخر زەمانەن ... 312
هەجووی چەنعان ناوێک ... 321
تاکە شیعرێک ... 322
خەلیل منەووەر و شێخ ڕەزای تاڵەبانی ... 322
شێخ ڕەزا لە ڕێگای خەلیل منەووەرەوە هەجووی کاکەیی دەکا... 323
نامەی میرزا خەلیل بۆ شێخ ڕەزا ... 326
نامەی شێخ ڕەزا بۆ خەلیل منەووەر ... 327
وەڵامی خەلیل منەووەر بۆ شێخ ڕەزا ... 328
خەلیل منەووەر جارێکی تر هەجووی شێخ ڕەزا دەکا... 330
داستانە شیعر ... 331
داستانی شەهید بوونی سەیید ئەحمەدی بەرزنجی ... 333
جەنگنامەی سەفەربەر ... 353
داستانی ڕەشبگیر، یان: سەفەربەر ... 382
داستانی جەنگی نێوان داودە و تاڵەبانی ... 397
میرزا سکاڵای خۆی لای ئاغە ڕۆستەمی کاکەیی دەکا و دەردە دڵی خۆی لەلا هەڵدەڕێژێ ... 417

داستانی گورگە هارەکە ........ 431
داستانی چاوەشەکان و کۆخا ئەورەحمانی دەلۆیی ........ 440
داستانی کۆخا حەسەن سلێمان غەفوور گەلآبادی ........ 454
ئەو شاعیرانەی شیعریان بۆ میرزا خەلیل نووسیوە... ........ 467
نامەی سالّح دەردوونی بۆ میرزا خەلیل... ........ 469
نامەی مەلا خەلیل بۆ بەندکراو سەیید ئەمین شەوقی لە بەندیخانەی کەرکووک... ........ 471
گریانی لە کونجی بەندیخانەدا دەردەدلّی خۆی بۆ میرزا خەلیل هەلّدەڕێژێ... ........ 474
میرزا خەلیل دەیەوێ بەنزاو پاڕانەوە لە حەزرەتی عەلی گرتووەکان لە بەندیخانەدا ڕزگار بکات ...... 475
جارێکی تر گریانی لە بەندیخانەوە داد و هاوار بۆ میرزا دەبات... ........ 476
گریانی و میرزا خەلیل و بەندیخانە ........ 477
لە گریانی شاعیرەوە بۆ میرزا خەلیل ........ 479
گریانی لە بەندیخانەدا پەژارەی خۆی بۆ میرزا خەلیل دەردەبڕێت... ........ 481
دیسان لە گریانییەوە بۆ میرزا خەلیل ........ 482
میرزا خەلیل وەلآمی گریانی دەداتەوە ........ 483
خەلیل منەووەر بۆ بەندکراو گریانی و تێکڕای گرتووەکانی کەرکووک لالّە و نزا و تکا دەکا ........ 484
هەمیسان لە گریانییەوە بۆ میرزا خەلیل ........ 486
گریانی بەفارسی ستایشی خەلیل منەووەر دەکا ........ 487
گریانی بەزمانی تورکی لەگەلّ خەلیل منەووەردا دەدوێ... ........ 487
نامەی میرزا خەلیل بۆ شەوقی شاعیر ........ 488
فەرهەنگۆک ........ 493
ئەو سەرچاوانەی بۆ فەرهەنگۆکەکە کەلّکی لێ وەرگیراوە... ........ 552
دەستنووس و وێنە ........ 554